

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

تاوان و سزا

وەرگێڕانی: ڕەووف بێگەرد

ئەم کتێبە بەرهەمی خۆمانە
و تا ئێستاش لە هیچ شوێنێك
نەکراوە بە pdf

تایبەتە بە پەیجی
کتێبەکان بە pdf

غەزەلنووس

تاوان و سزا

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

ڕەووف بێگەرد

لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی

غەزەلنووس

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی کتێب ٤٠

تاوان و سزا

ڕۆمان
فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

ڕەووف بێگەرد
لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی

- بەرگ: ئازاد سوورخی
- ڕێنووس: ئەکبەر حەسەن
- چاپ: دووەم- ٢٠١٤
- چاپخانە: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ١٧٠٠٠ هەزار دینار
- بڵاوکار: ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ١٧٢٣ی ساڵی ٢٠١٤ی پێ دراوە.

تاوان و سزا

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

ڕەووف بێگەرد

لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی

پێشەکی

ڕەووف بێگەرد

نووسین لەسەر دۆستۆیڤسکی کارێکی ئاسان نییە، نەك هەر ئاسان نییە، بەڵکو گەلێك گرانیشە، لەبەر ئەوەی ئەم نووسەرە گەورەیە چ وەك خۆی و چ لەسەر ئاستی بەرهەمە زۆر و گرنگەکانی بووەتە مایەی گەلێك مشتومڕ و ڕەخنە و سەرنج و تێڕوانینی جۆراوجۆر و تەنانەت دژبەیەکیش. لە کاتێکدا کە ئێمە بەرهەمەکانی وەك کاری هونەری لەبەرچاو دەگرین و بە تاموچێژی خوێنەری ڕۆمانەوە ئامادەگیی بۆ دەکەین و هەڵیدەسەنگێنین، کەچی لەناکاوێکدا دەکەوینە ناو دنیایەکی فرە جەنجاڵی لێکدانەوەی فیکری و فەلسەفیی قووڵ و چەندوچوونێکی سەختی کێشە هەرە سەرەکییەکانی بوون و نەبوون، ژیان و مەرگ و هەقیقەت و ناهەقیقەت. ئەوەی مرۆڤ هەڵیدەبژێرێت و ئەوەی بەسەریدا دەسەپێت، هەموو ئەو چەمك و مانا و دژواریيانەی لەوانەوە سەرچاوە دەگرن و مرۆڤ دەکێشنە ناو ماڵێکی جاڵجاڵۆکەئاسا و ڕێگەیەکی دەرنەچووەوە، چونکە دۆستۆیڤسکی تەنیا هونەرمەندێکی ڕووت نییە، بەڵکو بیریارێکی مەزنیشە. بێجگە لەوەی کە ڕای جیاواز لەسەر خۆی و ئەو تێزانە هەیە، کە لە ڕێگەی ڕووداو و کەسایەتیی ناو ڕۆمانەکانییەوە ڕۆیان دەنێت و دەبنە مایەی سەختگیریی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی گەلێك جیاواز لەیەکتری. لە کاتێکدا کە هەندێك ڕەخنەگر و لێکۆڵەر و نووسەر ڕۆمانی دۆستۆیڤسکی بە تاقیگەی تاوانی کوشتن و نەخۆشخانەی نەخۆشیی دەروونی و کاری پۆلیسی لە قەڵەم دەدەن،

لای کەسانی دی خوێندنەوەیەکی تەواو پێچەوانە هەیە، کە دۆستۆیڤسکی بلیمەتێکی سەدەی نۆزدەیە، تا ئێستا کەسی تر نە لە پزیشك و نە لە پسپۆڕیی بواری سایکۆلۆژی و ڕۆحی هەڵنەکەوتووە بە ئەندازەی ئەو لە گەوهەر و سروشتی مرۆڤ تێگەیشتبێت و بە قووڵی چووبێتە ناخییەوە و ختوورەکانی بەرجەستە کردبێت، بەتایبەتی مرۆڤی ڕووسی. هەندێکجار دۆستۆیڤسکی بە پێغەمبەری مەسیحیەتی نوێ ناوزەد کراوە، کە موژدەی ئایینەدەی پێیە. بۆیە ئەو کەسەی بیەوێت قسە لەسەر ئەم نووسەرە بکات، وەك ستیڤان زڤایج دەڵێت: "دەبێت پێوانەی تازەی لا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی و مەزنایەتی و ئەو مەودا بەرینانە هەڵبسەنگێنێت، کە ئەم نووسەرە هەیەتی"[1].

تێکڕای ڕۆمانی دۆستۆیڤسکی هەڵگری پرسیارن، هەڵگری توانای بیرکردنەوە و گۆڕینی یەقینەکانن. ئەو بەردەوام لەسەر ئاڵۆزی و نائارامیی ڕۆحی مرۆڤەکان دەوەستێت و تۆیکارییان تێدا دەکات. هەمیشە لە ڕۆنانی بیروباوەڕە جیا و دژ بەیەکەکاندایە، لەوپەڕی بڕواوە بۆ ئەمسەری گومڕایی و نەهلیستیەت، لەوسەری دڵڕەقی و شێلگیرییەوە تا ئەمسەری سۆز و خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی. هەندێکجار لە بەردەم شەڕئەنگێز و بەدڕەگەزێکی دووفاق و تۆقێنەردا ڕات دەگرێت (بۆ نموونە لۆژین لەم ڕۆمانەدا) جاری تریش لە پێشی مرۆڤێکی سادە و پاکیزە و خۆنەویستدا (بۆ نموونە سۆنیا). مرۆڤ لای دۆستۆیڤسکی بوونەوەرێکی ڕاڕا و

---

[1] بناة العالم: ستیڤان زڤایج.

بەگومانە، تەنیا مووییەك لە خودا و ئەهریمەنی جیا دەکاتەوە، گرتنی ئەو هەستەیش، یان ئەو ڕەگەزە ئاسان نییە و هەندێکجار هەر لە نهێنیدا دەمێنێتەوە. جار هەیە لە نێو دوالیزمی کەسایەتییەکاندا کە یەکێکە لە سەرەکیترین ڕەگەزی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە، خوێنەر تووشی سەرەگێژە دەبێت و ڕەنگە دەم بکاتەوە و بپرسێت: ئەرێ ئەم نووسەرە دەیەوێ چی بڵێت؟ دەشێت مرۆڤی لەم بابەتانە هەڵگری ئەلف و بای ماناکانی ژیان بن؟ دەکرێت لە نێوان چەند دێڕێکی لێکدانەوەی مێشکی ئەم کەسەدا و لە چرکەساتێکدا ئەم هەموو دژایەتییانە هەبن و بە ئاسانی جێگایان ببێتەوە! پرسیار لەسەر چارەنووس و ئایینده‌ی مرۆڤ، پرسیار لەسەر ئەو یاسا و نەریت و چەمکانەی کە بوونەتە یەقینی باو و ئەم دەیانکات بە گومان، پرسیار لەو هەقیقەتانەی هەزاران ساڵە مرۆڤیان کردۆتە کۆیلەی بێبزاوت و وەستاوی خۆیان و لە ڕاستیشدا بەرگەی سروەیەکی لەسەروەستان و قسەکردن ناگرن، پرسیار لەسەر خود و ئیرادە و دادوەری. وەستان لەسەر کێشە هەرە ئاڵۆزەکانی ناوەوەی مرۆڤ کە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنیان گەلێك ئەستەمە.

دۆستۆیڤسکی لە بەرجەستەکردنی حاڵەتە جیاجیاکانی مرۆڤدا، لە خەون و ئاواتە بەنهێنی و بەژاروژەنگەکانیدا، لەو کێشانەدا کە تەنیا ڕۆح لەسەر لێواری مانەوە و لەناوچووندا ڕادەگرن، هونەرمەند و بلیمەتێکی بێوێنەیە. ئەو دەزانێت لە کوێدا کەسەکانی دەپەیڤن و لە کام چرکەساتدا ناخیان دەتەقێتەوە. کەی پەردەپۆشی دەکەن و لە چ ساتێکدا دەبن بە هاوار. وێنای دۆستویڤسکی بۆ دنیا و کۆمەڵگا و تاکڕەهەندەکان وێنایەکی خەیاڵی نییە، کە هونەرمەندێك کردبێتی، بەڵکو ڕەگاژووی زەمینە و دنیابینیی

بیرمەندێکی مەزنە، کە توانای سووسەکردن و پەیبردن و ئەنجامگیریی هەیە. نیکۆلا بردیاییڤ لەم بارەوە دەڵێت: دۆستۆیڤسکی تەنیا هونەرمەندێکی مەزن نەبووە، بەڵکو بیرمەندێکی گەورە و خاوەن دیدێکی مەزنە."[1]

لە بەرهەمی دۆستویڤسکیدا بیر دەوری سەرەکی دەبینێت. بیر لە بوون و نەبوون، ژیان و مەرگ، چاکە و خراپە، بیر لە ئازادی، لە داڕشتنەوەیەکی تری تازەی دنیا، بیر لە میتافیزیکای ڕۆح و ڕەهەندە فراوان و بێسنوورەکانی، بیر لەو ختوورە ساتەوەختییانەی بە هەناوی کەسێکدا دێن و بڕیاری چارەنووسسازی پێدەدەن. بیر لە یاسا دەستکردەکانی مرۆڤ و ویژدانییە خۆڕسکەکان، بیر لەو ئاکار و ڕەوشتە باوانەی چەندان تاوانیان بە ناوەوە کراوە و لە چاکترین حاڵەتیاندا بێماناترین چالاکیی مرۆڤن، ئەم بیرانە لە مرۆڤەکاندا بەرجەستەن، واتا هەموو کەسایەتییەکی ئەم نووسەرە بیرێکە بۆ خۆی. لای دۆستۆیڤسکی بەتایبەتی لەم ڕۆمانەدا نە تاریکییەکی بەردەوام هەیە و نە ڕووناکییەکی هەمیشەیی، تەواو وەك ئەو پەیوەندییە دیالەکتیکییەی سروشت و ژیانی پێکەوە بەستووە. ئەوەندەی نائومێدی لە ڕۆحی مرۆڤدا خۆی حەشارداوە، ئەوەندەش خۆشنوودی و درەوشانەوەی تێدایە، ئەوەندەی ملکەچی و خۆبەدەستەوەدان هەیە، ئەوەندەش یاخیبوون و خۆگریی لە مەکۆدایە.

---

[1] رؤية دوستويفسكي للعالم: نيكولا بردياييف.

مرۆڤ لە شەڕی مانەوە و بەرگریدا بوونەوەرێکی چەند زرنگ و بوێرە، ئەوەندەش گێل و دەستەپاچە و ترسنۆکە، چەند ڕاستگۆیە، درۆزنیشە. لای دۆستۆیڤسکی شەڕئەنگێزترین و تاوانبارترین کەس خاڵی نییە لە تۆوی پاکژی و ڕووناکی، دیارە پێچەوانەکەیشی ڕاستە. بۆیە زۆر لە کاراکتەرەکان لە نێوان هەردوو چەمکی چاکە و خراپە، ڕواڵەت و جەوهەردا سەرەگێژەیانە، هەرگیز بە ڕەهایی نەکاراکتەری بێتاوان هەیە و نە تاوانبار، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە وەك ئەنجام کام لەو دوو هەڵوێستە هەڵدەبژێرێت و چارەنووسی خۆی لەسەر دیاری دەکات. لەگەڵ هەموو پاساوەکانیشدا، ئەو کەسانە هەندێکجار دەبنە قوربانیی دەستی قەدەرێکی پشت ئیرادەگەرا، قوربانیی بڕیاری ئەو چرکەساتەی کە تیایدا دەژی و لەوەوپێش چاوەڕوانیی لێنەکراوە (بۆ نموونە، سڤیدریگایلۆڤ لەم ڕۆمانەدا) قوربانییەك دەشێت دەستێکی نهێنی لەودیو هەستییەوە کارامانە ئەنجامی دابێت. بۆیە کەسایەتییەکانی دۆستۆیڤسکی لە نێو دژواریی بیرکردنەوەکانیاندا هەمیشە ماندوون. لەگەڵ خۆیان و دەوروبەریاندا لە هەڵبەزودابەزی نێوان گەیشتن بە هەقیقەت و شکستخواردندان. بەرەو ڕێگەیەك دەڕۆن سەری لێ دەرناکەن، بۆیە نیگەران و هەراسانن، شپرزە و بێزراون، تالێهاتوو و ڕەنگپەڕیوون. بەڵام تێکڕای کاراکتەرەکان بریسکەی بیرێکیان تیا دەدرەوشێتەوە، کە دەتوانن چەندوچوونی لەسەر بکەن و هۆشیاریی خۆیانی تیادا نمایش بکەن. چێژ لەو خەم و ئازارانەیان وەردەگرن و ناتوانن دەستبەرداری بن. ئەمەیش لە خۆیدا بۆچوونێکی مەسیحییانەی دۆستۆیڤسکیە، کە خاوەن بڕواکان دەبێت هەمیشە ئازارچێژ بن. وەك ستیڤان زڤایج بە زمانی ئەوانەوە دەڵێت: "من ئازار

دەچێژم، کەواتە هەم" تەنانەت کەسەکان هەندێکجار بەو ڕەفتار و ئاکارانەوە لە سنووری واقیع دوور دەکەونەوە و نزیك دەبنەوە لە مرۆڤی خەیاڵی و ئەوانەی لە وەهمی نووسەرەکەیدا هەن، واتا خوێنەر لە ژینگەکەیدا ناتوانێت نموونەی لەو شێوانە پەیدا بکات یان بیانناسێت. بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەو کەسانە مرۆڤی ڕاستەقینەی سەدەی نۆزدەی ڕووسیان. بە تەواوی بیر و ڕۆح و سایکۆلۆژیەتیانەوە. زڤایج دەڵێت: "ناتوانیت کاراکتەرەکانی دۆستۆیڤسکی بناسیت ئەگەر بیر لەوە نەکەیتەوە کە ئەوانە ڕووسین، ڕۆڵەی گەلێکن دوای بێئاگایی هەزاران ساڵەی بەربەریەت کەوتوونەتە ناو شارستانیەتی ئەورووپاوە، لەبەر ئەوەیش کە خۆیان لە دەسەڵاتی شارستانیەتی کۆنی پەتریارکی دابڕیووە و لەگەڵ شارستانیەتی نوێیشدا ڕانەهاتوون، ئیتر لە ناوەڕاستی ڕێگەدا چەقیوون، واتا لەسەر دووڕیانێك وەستاون. هەستی هەر یەکێك لەو کەسانە لە نەبوونی ئاسوودەیی و دڵنیاییدا هەستی تەواوی هەموو گەلی ڕووسیایە. . . مرۆڤە ڕووسیەکەی دۆستویڤسکی، ئەو کوختەی تیایدا دەژیا و بەرهەمی سەردەمی کۆنی بوو، سووتاندوویەتی. وەلێ تا ئێستا ماڵێکی نوێی بۆ خۆی دروست نەکردووە، میللەتێکن لە ڕەگەوە هەڵکێشراون و شوێن نییە ڕووی تێبکەن، تا ئێستا توانای لاوێتییان تیادا ماوە، توانای بەربەریەتیان لە نێو چنگدایە. . کەسایەتییەکانی دۆستۆیڤسکی لە بەسەرهات و ململانێدا بەشێکن لە چارەنووسی گەلی ڕووسی. ڕووسیای ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە نازانێت بەرەو کوێ بچێت، بۆ

خۆرئاوا یان خۆرهەڵات، بۆ ئەورووپا یان ئاسیا، بۆ پتروزبورگی شارستانیەت یان جارێکی دی بەرەو کێڵگەی کشتوکاڵی و دەشتە وشك و قاقڕەکان. "[1]

دۆستویڤسکی لە ڕێگەی ئەدەبەوە ڕووسیای بە دنیا ناساند، بە قووڵی چووە ناو هەست و نەستی مرۆڤەکانییەوە، ئەو زۆر بە بێزاریەوە لە شارستانیەتی ڕووکەشی ئەورووپای دەڕوانی، بەردەوام دەگەڕایەوە سەر بەها و ئاکارە ڕەسەنەکانی مرۆڤی ڕووسی، کە شکۆمەندی و پایەی مانەوە و ژیانیان بۆ ئەو گەلە هێشتۆتەوە. نیکۆلا بردیاییڤ دەڵێت: "دەڵێن هەموو بلیمەتیەك پێویستە لە خۆیدا نەتەوەیی بێت، بەتایبەتی بە ئەندازەی مرۆڤایەتییەکەی، لەم لایەنەوە دۆستویڤسکی ڕووسیەکە تا سەر ئێسك، بەڵکو لە تەواوی نووسەرەکانی تری ڕووسیا ڕووسیترە، لە هەمان کاتیشدا لە هەموویان مرۆڤانەترە، چ لەسەر ئاستی خۆی یان ئەو بابەتانەی کە هەڵیاندەبژێرێت. "[2]

خودی دۆستۆیڤسکیش لە نامەیەکیدا بۆ مایکۆف دەڵێت: "بە ڕاستی من ڕووسییەکی هەمیشەییم. "

دۆستۆیڤسکی لە کتێبی -یادەوەریی نووسەرێکدا- بە ئاشکرا هێرش دەکاتە سەر دوو بۆچوونی جیاواز، کە لە ڕووسیای ئەوسادا باو بوون، یەکەمیان ئەو ڕووسییانەی خۆرئاواییانە بیریان دەکردەوە و شەیدای شارستانیەتی ئەورووپا بوون. یەکێك لە هەرە دیارەکانیان نووسەری ناودار (تۆرگنیڤ) بوو، چونکە بە لای دۆستۆیڤسکیەوە ئەوانە ڕووسیایان لە ڕەسەنایەتیی مێژووی دێرینی

---

[1] کتێبی بناة العالم: ستیڤان زڤایج.

[2] رؤیة دوستویفسکي للعالم: نیکولا بردیاییف.

دابڕیووە و کردوویانەتە پاشکۆی ئەورووپا. دوەمیان خەتی سلاڤییەکان بوو، کە توندڕەوییان لەسەر کولتووری ڕووسی ئەرتودوکسی دەکرد و ڕقی زۆریان لە ئەورووپا بوو، بە لای دۆستویڤسکییەوە ئەمانە ڕووسیایان کردۆتە ئەفسانە، کە بێجگە لە خۆی پەیوەندیی بە هیچی ترەوە نییە. دۆستۆیڤسکی لەم نێوانەدا ڕێگەی ناوەڕاستی هەڵبژاردبوو: نە کۆیلایەتی بۆ خۆرئاوا و نە کۆیلایەتی بۆ ڕابردوویش.

لە یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی شاعیری گەورەی ڕووسیا "پووشکین" کە لە ١٨٨٠دا لە مۆسکۆ سلاڤییەکان سازیان کرد، دۆستویڤسکی دوای وتاری "تورگنیف" وتارێکی خوێندەوە، لە ڕاستیدا وتارەکە پەیامی ڕاستەقینەی گەلی ڕووس بوو بۆ هەموو دنیا، پەیامی ئاشتبوونەوەی گشتی بۆ ئایندەی هەمووان، لەوێدا پووشکین نموونەیەکی هەرەزیندوو و بەرجەستەکراوی گیانی ڕووسیایە، دۆستۆیڤسکی ئەوەی ڕاگەیاند کە پووشکین لەبەر ئەوە ڕووسیەکی ڕەسەنە، چونکە لە هەمان کاتدا ئەورووپاییەك و جیهانییەکی ڕاستەقینەیە. ئەو کەسەی ڕووسییەکی ڕاستەقینە بێت، دەبێت برای هەموو گەلانی سەرزەوی بێت، پووشکین بەو ڕەهەندەوە ڕووسییەکە ڕۆحێکی گشتگیری هەیە.

هۆڵەکە بەدەم چەپڵەڕێزان و دەستخۆشیلێکردنی ئامادەبووانەوە هاتە لەرزین. تەنانەت تورگنیڤیش کە لە بیرورادا و بەتایبەتی لەو مەسەلەیەدا زۆر لە دۆستویڤسکی جیاواز بوو، بەدەم چەپڵەلێدانەوە لەبەر دۆستویڤسکی هەستا. کە دۆستویڤسکی وتارەکەی تەواو کرد و هاتە خوارێ، خەڵکەکە پەلاماریان داو بەسەر دەستوپێیدا کەوتن و تەنانەت خوێندکارێکیان تیادا بوورایەوە. دوای

ئەویش وتاربێژەکانی دی وازیان لە خوێندنەوەی وتارەکانیان هێنا، چونکە دۆستویفسکی وتەیەکی بۆ نەهێشتبوونەوە کە بیڵێن.

دۆستویڤسکی لە ڕیزی نووسەرە گەورەکانی وەك تۆڵستۆی و پووشکین و تورگنیڤە لە ڕووسیادا، لەسەر ئاستی ئەوروپاش ناوی لەگەڵ شکسپیر و سۆفۆکلیسدا دێت. چونکە لەو نووسەرانەیە، کە بابەتی تازەی هێنایە ناو دنیای ئەدەبەوە، کە پێشتر دەستی بۆ نەبرابوو، بۆیە بوو بە سەرچاوەی گەلێك باس و بابەتی فیکری لای ڕەخنەگر و بیرمەندان، بەتایبەتی لای زانایەکی گەورەی وەك سیگمۆند فرۆید، کە خاوەن قوتابخانەی دەروونشیکارییە و هەموو دینامیکیەتی کار و ئارەزووە جوڵێنەرەکان لە (نەست-لاشعور)دا کۆ دەکاتەوە. ئەمەیش بەشێکە لە ئاڕاستە بنەڕەتییەکانی دۆستویڤسکی لەسەر ئاستی کەسایەتییەکانی، بەتایبەتی لە کوشتنی باوکدا، کە فرۆید دەیکاتە بنەمای کاری خۆی. هەروەها فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی "هایدگەر" لێکدانەوەیەکی وا دەداتە بەرهەمەکانی دۆستویڤسکی، کە لەگەڵ فەلسەفەکەیدا بگونجێت.

لە خۆرئاوادا تا ئێستا ئەوەندەی لێکۆڵینەوە و باس لەسەر ئەم نووسەرە کراوە، لەسەر کەسی تر نەکراوە، هەنووکەیش پەیبردن بە کار و بۆچوونی تازە لەسەر دۆستۆیفسکی هەر بەردەوامە.

* *

فیودۆر میخائیلوفیچ دۆستویڤسکی لە یانزەی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٢١، لە نەخۆشخانەیەکی هەژارانی مۆسکۆدا لەدایك بووە. خێزانەکەی تا ڕادەیەك هەژار و باوکی پزیشکی سەربازی بووە. دۆستویڤسکی دوای میخایلی

برای دووەم منداڵی خێزانەکەیە، کە پێنج برا و خوشکی تر بوون. باوکی هەمیشە سەرگەرمی ڕابواردنی خۆی بووە لەگەڵ منداڵەکانیدا دڵڕەق بووە. پاشان باوکیان بە ناچاری و لەژێر گوشاری نەبوونیدا شار بەجێ دێڵێت و ڕوو لە ناوچەیەکی گوندنشین دەکات. نەبوونی و هەڵوێستی زبری باوکی کاریگەریی دەروونی لەسەر دۆستویڤسکی هەبووە و بەرەو تەریکی و دوورەپەرێزیی بردووە، بێبەش بووە لە هاوڕێ و خۆشگوزەرانی و تێکەڵابوونی دنیای دەرەوە. بۆ قەرەبووکردنەوە پەنای بۆ خوێندنەوە و کتێب بردووە، بەتایبەتی بەرهەمی دیکنز، ولتەرسکۆت، شکسپیر، گۆتە، بلزاك، جۆرج ساند، هۆگۆ. پاشانیش نووسەری ناوداری ڕووسی "گۆگۆل"، کە لە نووسینە سەرەتاییەکانیدا کاریگەریی ئەم نووسەرە بە کارەکانییەوە دیارە، هەر خۆیشیەتی لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئێمە هەموومان لە پاڵتاوەکەی گۆگۆلەوە هاتووینەتە دەرەوە."

ساڵی ١٨٣٧ ماریا فیۆدۆرڤنای دایکی دۆستویڤسکی دەمرێت. مردنی دایکی ئەوەندەی تر دەروونی ئازار دەدات، چونکە ئەو پشتوپەنایەکی چاکی بووە. لەو ماوەیەدا کە قوتابیی سەربازگەیەك بووە، گەلێکجار داوای یارمەتی لە باوکی دەکات و ئەو داواکانی ڕەت دەکاتەوە. لە نامەیەکیدا بە باوکی دەڵێت: بەپەلە شتێکم بۆ بنێرە، بەوە لە دۆزەخ ڕزگارم دەکەیت، ئای! چی لە نەبوونی ناخۆشترە!! جارێکی تریش بۆی دەنووسێت: باوکە گیان، وا مەزانە لە زیادە داوای یارمەتیت لێدەکەم. . . من سەر و باسکم هەیە، ئەگەر ئازادبوومایە، داوای کوپیکێکم لێ نەدەکردیت. . خۆم لەسەر نەبوونی ڕادەهێنا، بەڵام باوکە گیان، ئێستا بە مانای وشە لە خزمەتکردندام، بۆیە

بمەوێت یان نا، دەبێت لەگەڵ ڕێسای ئەو کۆمەڵەیەدا ڕابێم، کە تیایدا دەژیم. ژیانی سەربازگە بە لایەنی کەمەوە بۆ هەر قوتابییەك ٤٠ ڕۆبڵ پێویستە (من بۆیە هەموو ئەمانەت بۆ دەنووسم، چونکە تۆ باوکمی). ئەمە بێجگە لە خەرجیی شەکر و چا، هەرچەند کەسیش ناتوانێت دەستبەرداری ئەو شتانە بێت، یەکێك لەژێر خێوەتێکدا تا سەرئێسك باران تەڕی کردبێت، یان لە مانۆڕێکی سەختەوە بگەڕێتەوە و لەسەرماندا هەموو گیانی بەستبێتی و چایەکیش نەبێت بیخواتەوە، بێگومان ئەو کەسە نەخۆش دەکەوێت. . . من پار ئەمەم بەسەرهات. بەهەرحاڵ، ئەوە دەزانم تۆ دەستت کورتە، بۆیە واز لە چاخواردنەوە دەهێنم، من تەنیا داوای شتە هەرە پێویستەکانت لێدەکەم، دەمەوێت جوتێك پێڵاوی ئاساییم بۆ بکڕیت. " بەڵام باوکی گوێی لێناگرێت و سەرکۆنەی دەکات، کە چۆن دەبێت لە ڕووی ئەودا بوێرێت قسە بکات. خۆیشی دەکەوێتە سکاڵا کە لە تەنگژەیەکی ئابووریدا دەژیت و تاقەفلسێکی نییە بیداتێ. لە نامەیەکی تریدا کە بە تەواوی نائومێدیەوە بۆ میخایلی برای نووسیووە: "برا، بێهیوا ژیان کارەساتە، کە لە بەردەمی خۆم دەڕوانم، لە ئایندەم دەتۆقێم، لە ناو سەهۆڵبەندانێکدام تیرێژێك هەتاوی بەرناکەوێت. . . دەمێك لە ئیلهام دابڕاوم. . . لەوە ناچێت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم خەمۆکییە بەرم بدات، بیرم لە پڕۆژەیەك کردۆتەوە. . . شێت بم. "[1]

ساڵی ١٨٣٤ کە دۆستۆیڤسکی و میخایلی برای ماوەی سێ ساڵ لە قوتابخانەیەکدا بوون، "کاجنوفسکی"ی هاوڕێیان لەبارەی ئەو قۆناغەی

---

[1] داستایفسکی: قصە گویی مصائب بی خدایی. مستەفا رستگاری.

ژیانی نووسەرەوە دەڵێت: بەردەوام دۆستۆیڤسکی مۆن و بە قووڵی بیری دەکردەوە، گوێی بە یاریکردن نەدەدا و هەموو کاتی خۆی دابووە کتێبخوێندنەوە.

ساڵی ١٨٣٩ باوکی دەمرێت، پێدەچێت ئەو جووتیارانە کوشتبێتیان، کە لە ناوچەکەدا کاریان بۆ کردووە. فرۆید گومان لەوە دەکات کە پەیوەندی لە نێوان کوشتنی باوك لە ڕۆمانی -برایانی کارامازۆف- و چارەنووسی باوکی دۆستۆیڤسکیدا هەبێت.[1] مردنی باوکی خەمێکی تازەی بۆ دۆستۆیڤسکی دروست کرد، ئیتر لەو ساڵەوە تووشی نەخۆشیی پەرکەم هات، کە بە درێژایی تەمەنی لێی نەبووەوە و ئازاری زۆری پێگەیاند.

ساڵی ١٨٤٣ لە پتروزبورگ پەیمانگەی ئەندازیاری تەواو دەکات و دەبێتە ئەفسەر، لە بەشی ئەندازیاریی وەزارەتی جەنگدا دەست بە کار دەکات. بەڵام دوای ساڵێك ناچاری دەکەن دەست لە کار بکێشێتەوە، کە خۆی زۆری پێ خۆش دەبێت، ئیتر دەست بە نووسین دەکات و یەکەم ڕۆمانی لە ساڵی ١٨٤٥ دا بە ناوی (هەژارەکان)ەوە بڵاو دەکاتەوە، نیکراسۆفی شاعیری گەورەی ڕووسیا لە دوای ئەم بەرهەمەوە ناوی (گۆگۆڵی نوێ)ی لە دۆستۆیڤسکی نا.

ساڵی ١٨٤٩ دادگای سەربازی فەرمانی کوشتن بەسەر دۆستۆیڤسکیدا دەدات، بە تۆمەتی ئەوەی بەشداریی لە ڕێکخراوێکی لاوانی ئازادیخوازدا کردووە بە ناوی کۆمەڵەی پتروشفسکی، فەرمانی گرتنەکەی بەم جۆرە بوو:

---

[1] دۆستۆیڤسکی و تاوانی باوککوژی- سیگموند فروید.

"ئەفسەری ئەندازیاری خانەنشین، فیۆدۆر دۆستویڤسکی تەمەن ٢٧ ساڵ، لەبەر ئەوەی بەشداری لە پیلانێکدا کردووە و نامەی ناپەسەندی لەبارەی کڵێسا و دەستەڵاتی بەرزی وڵاتەوە نووسیوە و بەیانی دژی ڕژێم بڵاو کردۆتەوە، بۆیە فەرمانی گوللەبارانکردنی بەسەردا در."

لە ٢٢ دیسامبەری ئەو ساڵەدا دۆستویڤسکی و ٢١ کەس لە ئەندامانی کۆمەڵەکە لە بەردەم تیپی گوللەباراندا ڕادەگیرێن، دوای خوێندنەوەی فەرمانەکە و کراسی سپی لەبەرکردن و بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی ئاینی، بە فەرمانی نیکۆلا بڕیارەکە هەڵدەوەشێتەوە و دەگۆڕێت بە زیندانیکردن و ناردنیان بۆ سیبریا و کاری قورس پێکردن. ماوەی پێنج ساڵ دۆستۆیڤسکی لە زیندانی سیبریادا لەگەڵ پیاوکوژ و ڕێگر و دز و سەربازی ڕاکردوو و خەڵکانی بێتاواندا دەمێنێتەوە، تاقەکتێبێك کە لەوێ لای بووە و خوێندویەتییەوە، ئینجیل بووە (ئەم ڕووداوە بە تەواوی لە ڕاسکۆڵنیکۆڤی پاڵەوانی سەرەکی ئەم ڕۆمانەدا بەرجەستەیە). ئەزموونی ئەو ساڵانە ڕۆمانێکە بە ناوی (یاداشت لە ماڵە مردووەکانەوە) کە لە دوای ئەو بەرهەمەوە وەك نووسەرێکی مەزن ناودێر کرا.

ساڵی ١٨٥٧ کە هێشتا هەر لە تاراوگەی سیبریا مابووەوە و خزمەتی سەربازیی دەکرد، دۆستۆیڤسکی ماریا دیمیتری فنایسان دەخوازێت، کە پێشتر ژنی پیاوێکی تر بووە و منداڵێکی لێی بووە. دوای دە ساڵ ئاوارەیی دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ و پاشان بە یەکجاری بۆ پتروزبورگ. لەوێ خولیای ڕۆژنامەنووسی لێی دەدا و دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری (کات)ی سیاسی، کە ساڵی ١٨٦١ میخاییلی برای دایمەزراند. یەکەمین کاری لە

گۆڤارەکەدا بەزنجیرە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (زەلیل و ڕسواکراوەکان) بوو، کە بەشێك لە ژیانی خۆیی تێدایە. گۆڤارەکە سەربەخۆ بوو، لەبەر ئەوە دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمە حەزیان پێنەدەکرد، تا وتارێکی (ستراخوف)ی ئەندامی دەستەی نووسەرانیان لەسەر ڕاپەڕینی پۆڵۆنیا کرد بە بیانوو و ساڵی ١٨٦٣ بۆ دواجار دایانخست. ساڵی ١٨٦٤ گۆڤارێکی تر دەردەکات بە ناوی (سەردەم)ەوە و کتێبی (نووسینە قەدەغەکانی) بە زنجیرە تیادا بڵاو دەکاتەوە، کە بە لای ڕەخنەگرانەوە کارێکی ناوازە بوو.

هەر لەو ساڵەدا ماریای ژنی و دوای چەند مانگێك میخایلی برای خۆشەویستی دەمرن. لە دەستدانی ئەو دوو هاوکارەی لەناو گێژاوی ڕۆحی و نەبوونیدا شپرزەی دەکات، خۆی دەڵێت ئەوە ناخۆشترین قۆناغی ژیانی بووە. ئیتر توانای کاری ڕۆژنامەنووسیی نامێنێت و لە شوباتی هەمان ساڵدا گۆڤاری (سەردەم) لە بڵاوکردنەوە دەوەستێت.

لە ساڵی ١٨٦٦دا ڕۆمانی (تاوان و سزا) لە ماوەی ساڵێکدا دەنووسێت و بە زنجیرە بڵاوی دەکاتەوە و ساڵی ١٨٦٧ دەکرێت بە کتێب.

دۆستۆیڤسکی پێش مردنی ماریای ژنی پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی یاخیدا هەبووە بە ناوی (ئاڤلینار یاسولسفار)، کە خەڵکانی شۆڕشگێڕی لا خۆشەویست بووە، لەبەر ئەوەی دۆستۆیڤسکی پێنج ساڵ لە زیندانی سیبریادا بووە، خۆشی ویستووە. بەڵام خوازبێنیکردنی لە ڕووسیا سەرناگرێت. کە دۆستۆیڤسکی دەچێت بۆ ئەوروپا، لە پاریس یەکتر دەبیننەوە و بڕیاری هاوسەرێتی دەدەن. بەڵام دۆستۆیڤسکی هەرچی پارەیەکی دەبێت، لە قومار دا دەیدۆڕێنێت و ئیتر سولسفار بە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ڕووسیا و

واز لە دۆستۆیڤسکی دەهێنێت. لە مارتی ١٨٦٧دا دۆستویڤسکی ژنی سێیەم دێنێت کە ناوی (ئانا گریگوریڤنا)یە. ئانا کچێکی لێهاتووی بواری نووسینەوەی کارەکانی دۆستویڤسکییە. بە هۆی هاتوچۆکردنی ماڵی نووسەرەوە بە تەواوی شارەزای ڕۆحی شپرزە و پەرێشانی دەبێت. بۆیە دەتوانێت بە ئاسانی کارەکانی بۆ ئەنجام بدات. بەڵام کەسوکاری نووسەر بەتایبەتی نیکۆلای بەدمەستی برای و ژن و منداڵی میخایلی برای دژی ژنهێنانەکە دەوەستن. بۆیە بە ناچاری دۆستۆیڤسکی و ئانا پتروزبورگ بەجێ دێڵن و ڕوو لە ئەوروپا دەکەن. بەتایبەتی بۆ وڵاتانی سویسرا، ئیتاڵیا، فەڕەنسا، ئینگلتەرا. بەرهەمی ئەو ساڵانەی تاراوگە ڕۆمانی (گەمژە) و (ئەهریمەن) و (مێردی هەمیشەیی)ن.

لەم سەفەرەیشیدا هەرچییەکی پێدەبێت و ئەو پارانەی لەسەر کتێبەکانی وەریگرتوون، بە قومار دەیاندۆڕێنێت، تا گەیشتە ئەوەی خشڵی ئانایش بفرۆشێت. دۆستۆیڤسکی لەبارەی قومارەوە کە زۆری حەز لێبووە ڕای وایە لە یاری ڕۆڵێتدا بەختی باشە و دەباتەوە. بەڵام دوای دۆڕانی بەردەوام و نابووتی بەهانەی بۆ ئانا ئەوە بوو، کە مێشکی ماندووە و توانای ڕامانی زۆری نەماوە.[1]

ئانا لە یاداشتەکانیدا زۆر لەسەر سەفەرەکەی ئەوروپایان وەستاوە، لەسەر قوماری بەردەوامی نووسەر و بێدەرامەتی و ئاژاوەی نێوانیان و

---

[1] زۆربەی ئەم زانیارییانە لە کتێبی داستایفسکی قصە گوی مصائب بی خدایی–نوسینی– مستەفا رستگاری وەرگیراوە.. –ی–

پەشیمانبوونەوەی چەندجارەی دۆستۆیڤسکی لە قومارکردن و دیسان گەڕانەوە سەری.

مردنی یەکەم کچیان -سۆنیا- لە تەمەنی سێ مانگیدا کاری دەروونی لە دۆستۆیڤسکی دەکات (سۆنیا ناوی کەسایەتیەکی هەرەپاکیزەی ناو ئەم ڕۆمانەیە) وەك دۆستۆیڤسکی لە نامەیەکیدا بۆ مایکۆف و لە یاداشتەکانی ئانای هاوسەریدا دەردەکەوێت، ئەو کارەساتە تاڵترین ڕووداوی نێو ژیانی هەردووکیان بووە.

ساڵی ١٨٦٩ کچێکی تر و دوای ساڵێکیش کوڕێکیان بوو. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ئەورووپا و بڵاوبوونەوەی کارە ناوازەکانییەوە دۆستۆیڤسکی لەسەر ئاستی هەموو ئەورووپا وەك نووسەرێکی گەورە ناسرا، لە ڕووسیاشدا بە شانازی و شکۆمەندییەوە سەیریان دەکرد. بۆیە لەگەڵ ئانادا بڕیاریاندا ئاهەنگی لەدایکبوونی کوڕەکەیان لە وڵاتی خۆیاندا ساز بکەن.

لە ڕێبەندانی ١٨٧١دا بە یەکجاری بۆ پتروزبورگ گەڕانەوە. ئیدی ئانا خۆی کەوتە سەرپەرشتیکردنی لە چاپدانی بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکی بەبێ ئەوەی بەرەو ڕووی دەزگا و بنکەی بڵاوکردنەوەکانی بکاتەوە. لەو دەمەوە تا چل ساڵیش هەر خۆی بەرهەمەکانی چاپ دەکردەوە.

لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا چەند بەسەرهاتێکی گرنگ ڕوویان دا، یەکەمیان مەرگی (ئەلیوشا)ی کوڕی بوو، کە زۆری خۆش دەویست و برینی مەرگی سۆنیای بۆ تازە کردەوە. ڕووداوی گرنگی دووەمیش نووسینی ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف) بوو، کە بە سێ ساڵ تەواوی کرد

و شاکارێکی هەرە ناوازەی ئەم نووسەرەیە. یەکێك لە کەسایەتییە هەرە خۆشەویستەکانی ناو ڕۆمانەکە بە ناوی (ئەلیوشا)ی کوڕیەوەیەتی.

برایانی کارامازۆف پوختەی بیروڕا و لووتکەی داهێنانی دۆستۆیڤسکییە. لە ٢٨ی ڕێبەندانی ساڵی ١٨٨١دا، دوای ڕۆژێکی گەلێك جەنجاڵ و ڕۆحی ئاڵۆزی ئەو نووسەرە، شەوەکەی تووشی نەخۆشی خوێنبەربوونی سییەکانی بوو. داوای قەشەی کرد و دانی بە ڕاز و نیازەکانی خۆیدا نا. سێیەم ڕۆژ داوای لە ئانا کرد ئەو ئینجیلەی بۆ بهێنێت، کە لە سەردەمی لاوێتیدا چەند ژنێکی گوندیی لە سیبریا پێیان دابوو. دوای ئەوەی کردیەوە و داوای لە ئانا کرد لاپەڕەکەی بۆ بخوێنێتەوە، ئەویش بە دەنگی بەرز ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە: "عیساییش وەڵامی دایەوە: ئێستا کەمێك بوەستە، چونکە هێشتا ئێمە شایستەی ئەوەین بە تەواوی دادپەروەریی بگەیەنینە جێگای شیاوی خۆی."

دوای چەند سەعاتێك، بۆ دواجار فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی زۆر بە هێوری پێڵووی چاوەکانی لێك نان.[1]

ڕۆمانی (تاوان و سزا) بەرهەمی ئەزموون و بیروباوەڕی دۆستۆیڤسکییە، کە دوای دە ساڵ ژیان لە سیبریا، زیندان و کاری قورس و پاشان دەستبەسەربوون و مانەوەی لەوێدا، لە ساڵی ١٨٦٦دا نووسیوویەتی، زۆربەی بیروڕا فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییەکانی ئەو سەردەمەی ڕووسیا، کە چینە جیاوازەکان و لاوانی ئەوسای سەرقاڵ کردبوو، لە ڕێی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.

کەسایەتی و بەسەرهاتەکانەوە دەرخراون. بەتایبەتی لە کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەدا، کە تەوەری کێشە و ڕەهەندە فرەلایەن و بۆچوونە جیاوازەکان (راسکۆڵنیکۆڤ)ە. ڕادیون ڕاسکۆڵنیکۆڤ لاوێکی خوێندکاری زانکۆی پتروزبورگە، هۆشیار و ڕووناکبیرە، زۆرجار دەم لە مەسەلەی فیکری دەدات و دەنووسێت. لە بڕیاردانا توندوتیژە. بەیارمەتیی دایك و خوشکێکی دەژی، کە لە شارۆچکەیەکی زۆر دوورەوە پارەی بۆ ڕەوانە دەکەن، بڕی پارەکە زۆر کەمە و دایك و خوشکی لە دەمی خۆیانی بۆ دەگرنەوە. ڕاسکۆڵنیکۆڤ هەمیشە گیرفانی خاڵییە، ژوورێکی بەکرێ گرتووە لە کون دەچێت و کرێی چەند مانگێکیشی لەسەرە و ناتوانێت بیدات. نە خۆراکی باشە و نە جلوبەرگ، تەمەنی بیستوسێ ساڵە. وازی لە خوێندن هێناوە و نایشزانێت چی بکات. خاوەنی کەسایەتیی خۆیەتی و سەر دانانەوێنێت. زۆر بڕوای بە خۆی و بیروڕاکانی هەیە. ئاگاداری شەپۆلی بیری خۆرئاوا، سۆشیالیستی، شۆڕش، نەهلیستیەت، سلاڤچییەکانی لای خۆیانە، کوڕێکی هەمیشە خەمبار و بێدەنگ و خەمۆکە، لە ئەتەکێتی بۆرژوا بێزارە و مرۆڤی خۆپەسەندی خۆش ناوێت. پەیوەندیی سەرمایەداری بە هۆی پیسبوونی ڕۆحی مرۆڤ دەزانێت. بڕوای بە زۆر لەو یاسا و ڕێسا و نەریتە باوانە نییە، کە کۆمەڵگا پەیڕەوییان لێدەکات.

دۆستۆیڤسکی لەم ڕۆمانەدا باسی تاوانی کوشتنێك دەکات، کە ڕاسکۆڵنیکۆڤ ئەنجامی داوە. کوشتنێك نە فاکتەرێکی قەناعەتپێکەری لە دواوەیە و نە ئاقارێکی فیکریی گونجاو. تاوانەکە ئەوەندەی سروشتێکی ڕۆحی و فشاری دەروونیی تیا بەرجەستەیە، ئەوەندە لە ڕوانگەی

کۆمەڵایەتی و سزای یاساوە بایەخی پێنەدراوە. واتا ئەو مەودا فراوانەی لە دوای کوشتنەکەوە بۆ پرسیار و مشتومڕ و ئازار و مەنەلۆژیی ناوەوەی کەسێك ڕەخسێنراوە، کە کۆمەڵیك کێشە و دیدی فیکری و ئەخلاقی دەوروژێنێت، ئەوەندە بەستێنی یاسایی نییە، کە ئاسایی تاوانکارییەك بێت و لە ڕێگەی دادگاوە بە ئەنجام بگات.

ڕاسکۆڵنیکۆڤ بەبێ هیچ پێشبینیەك، بیر لە کوشتنی پیرێژنێکی سووخۆر دەکاتەوە، کە چەند جارێك چووە بۆ لای و بارمتەی لاداناوە، لای خۆیەوە، بۆ پاکانەی کوشتنەکە، بە -ئەسپێ-ی دەچوێنێت، چونکە ئەمیش خوێنی مرۆڤ دەمژێت. بەڵام دوای ئەنجامدانی کارەکە ڕاسکۆڵنیکۆڤ چەواشە دەبێت و نازانێت بۆ کوشتوویەتی. چونکە وەك لەدواییدا بە (سۆنیا) دەڵێت، ئەو نازانێت لە برساندا ئەمەی کردووە، یان بۆ هاوکاریکردنی دایکیەتی؟ بۆ ئەوەیە لاسایی ناپلیۆن بکاتەوە یان تاقیکردنەوەی ئیرادە و بوێریی خۆیەتی؟ یان بەپێی ئەو تیۆرەی جەختی لەسەر دەکات، هەر کەسێك توانایەکی ئەقڵی و ڕۆحیی گەورەی هەبێت، ڕەوایە بۆی هەرچییەك بە بەرژەوەندیی دەزانێ، ئەنجامی بدات تەنانەت ئەگەر خوێنڕشتنیش بێت. کەچی هەر خۆیشی لەدواییدا لای سۆنیا دان بەوەدا دەنێت کە کوشتنی مرۆڤێکە و دەشێت ئەم خۆی ئەسپێ بێت. سەیر ئەوەیە دوای کوشتنی پیرێژن و لیزاڤێتای خوشکی، ئەو پارە و زێڕانەی لەناو کیفی پیرێژندان و دەستی ئەم دەکەون، هیچ سوودیان لێنابینێت، تەنانەت نازانێت پارەکە چەندە. هەمووی لەژێر بەردێکدا دەشارێتەوە و ئیتر بەدوایدا ناچێت.

شاری پتروزبورگیش که شانۆی ڕووداوەکەیە، ڕەگەزێکی سەرەکیی ناو چیرۆکەکەیە و جووڵەیەکی دینامیکیی لەگەڵ ڕووداوەکاندا هەیە. تا ڕادەیەکی زۆر ئەویش دیمەنێکی تاریك و شێواوی لەخۆ گرتووە. کووچە و کۆڵانی بۆگەن و پڕ لە هەراوزەنای ڕێبوار و کڕیار و دەزگێرە. شارێك ناخۆشترین گۆرانیی تیا دەوترێت، لە کاباریەکاندا سۆزانیی ڕسوا و گۆرانیبێژی سووك کار دەکەن. پڕە لە دز و بێکار. شارێکی دڵڕەق و بێبەزەیی و بەئاژاوە، لەپڕێکدا دروست بووە و ڕەگاژوویەکی مێژوویی ڕەسەنی نییە. دانیشتووەکانی هەمیشە بێئارام و ناسەقامگیرن. خومیاکۆف پێی دەڵێت: "شارێکی لەبەرد دروستکراو. نەك تەنیا خانووەکان، بەڵکو داروەرەخت و مرۆڤەکانیشی هەر لە بەرد دروست کراون."[1]

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا سەرنج لە زەمینەی فیکری و ژیانە تایبەتییەکەی ڕاسکۆڵنیکۆڤ بدات، پاشان بگەڕێتەوە سەر کەسایەتی و ژیاننامەی خودی دۆستۆیڤسکی، بۆی دەردەکەوێت کە لایەنێکی ڕاسکۆڵنیکۆڤ خودی کاراکتەری دۆستۆیڤسکییە. بەتایبەتی ژیانی سیبریا لەناو دز و پیاوکوژ و کەسانی نابووت و بێبڕوادا. ڕاسکۆڵنیکۆڤ تەنیا کەسێك کە لە سیبریا ئارامیی پێبەخشیووە و خۆشەویستی ژیانی فێر کردووە -سۆنیا-ی بەناهەق سۆزانی بووە، ڕەنگە بۆ دۆستۆیڤسکیش -ماریا-یەك بووبێت، کە ژنی مێردار بووە و منداڵی هەبووە و ئەم زۆری خۆش ویستووە و پاشانیش بووە بە هاوسەری.

---

[1] کتێبی دوستویفسکی، وتاری فیلیپاراڤ.

لەم ڕۆمانەدا هەردوو کاراکتەری سەرەکی (ڕاسکۆلنیکۆڤ و سۆنیا) هەریەکە و لە ئاقارێکەوە تاوانبارن، تاوانبار نەك بە مانا ویژدانییەکەی، بەڵکو بە مانای بەزاندنی یاسا و ئەخلاقی باوی کۆمەڵگا. یەکەمیان مرۆڤی کوشتووە و دوەمیان سۆزانییە. وەلێ هۆکاری ئەم دوو تاوانە چین؟ غەریزەن؟ حەزی هەردووکیانە لەپێناوی بەدیهێنانی دەستکەوتێکی گەورە و بێوێنەدا؟ یان ستەمێکی کۆمەڵایەتییە، کە لە دەرەوەی ویستی خۆیانەوە سەری هێناوەتە ناو ژیانیانەوە و ئەوانیش بەبێ بەرگریکردن پێشوازییان لێدەکەن! هۆکاری کارەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤ لە ڕەهەندێکی فیکرییەوە گەلێك لێکدانەوە هەڵدەگرێت، کە تەوەری ڕۆمانەکە لەسەر ئەوە بنیات نراوە.

بەڵام سۆنیا دوور لە ئارەزووی خۆی، یان تەواو بە پێچەوانەی حەزی خۆیەوە دەبێت بە سۆزانی. بۆ ئەوەی ژیانی چەند خوشك و برایەکی سەروپێچکەی خۆی دابین بکات، کە تەنیا لە باوکین و دایکیان جیایە. تەنانەت ئەم هەڵوێستەیشی لە قەناعەت و هەستی تایبەتی خۆیەوە نەبووە. بەڵکو لە ئەنجامی ئەو سەرکۆنەکردن و دنەدانەوەیە کە کاترینا ئێڤانۆڤنای باوەژنی دەیکات و لە بەردەم پرسیارێکی سەرسامکەردا ڕایدەگرێت کە ئایا کچێنی و ئابڕووی سۆنیا لە ژیانی منداڵەکانی ئەو ئازیزترن، کە خەریکە لە برساندا دەمرن! ئەم پرسیارە لە کێشی کیبریا و کەسایەتیی سۆنیا دێنێتە خوارێ و لە پێناوی ژیانی خێزانەکەیدا لە نووسینگەیەکی تایبەتیدا وەك سۆزانییەك خۆی ناودێر دەکات. ئەو بڕە پارەیەش کە پێشەکی وەریدەگرێت، بە خڕی دەیکاتە چنگی کاترینەوە و بۆ لەوەودوایش هەروا دەکات.

* *

من زۆر دەمێك بوو خەونم بە وەرگێڕانی ڕۆمانیٰ تاوان و سزاوە بۆ زمانی کوردی دەبینی، نەك تەنیا وەرگێڕانی خۆم، بەڵکو یەکەم ڕاستەوخۆ لە زمانی ڕووسییەوە و دوەم لە لایەن قەڵەمێکی بەتوانا و کارامەی پڕ لە عەشقەوە. لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابوردوودا کە بۆ یەکەمجار وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەی ڕەوانشاد سامی درویبیم خوێندەوە، نەمتوانی چەند جارێکی دی دووبارەی نەکەمەوە و هەموو جارێکیش لە جاری پێشوو سەرسام و بەئەنگێزەو لێوانلێو نەبم لە هەتەری ڕۆح و تای ئەندێشە و بۆ ماوەیەکیش سامداگرتن و بێدەنگی. هەندێکجار وەك ڕاسکۆڵنیکۆڤ لە بەردەم سۆنیای ئەوین و ئازاری هەموو مرۆڤایەتیدا بەچۆکدا دەهاتم و داوای لێبوردنم لە خودای نووسین دەکرد، جاری تریش لە ئاست مەستی و جەستەی بەخوێن شەڵاڵی مارمیلادۆڤدا ڕۆحی ئەفسوردە و پەرێشانم کرنووشیان بۆ هەناسەی حەسرەت و چاوی بەجووڵە و سووسەکەری پێش گیانەڵای دەبرد. ئەوە ئەو کاتانە بوو کە منیش وەك ڕاسکۆڵنیکۆڤ بەدوای خۆمدا دەگەڕام، نەمدەزانی بۆ تاوانی خوێندنەوە و نووسینم بۆ خۆم هەڵبژارد، کێ فێری کردم و بۆ؟ نەمدەزانی بۆ دەبێت هەمیشە لە شەوانی پڕ لە کوێرەوەری و کارەساتی ئەم بستۆکە زەویەی ناو دڵ و ڕۆحمدا خەمی هەموو گەردوون هەڵبگرم، هەناسەم تەنگ ببێت و فرمێسکی درشت بڕێژم! بۆ لەم بستۆکە زەویەی دەوروبەرمدا کە تیری چاوێکی بە ئەندێشە بە ئاسانی ئەمسەر و ئەوسەری دەکات، دۆستۆیڤسکی پێم بڵێت: گێلە، تۆ هەزارانی وەك سۆنیا و مارمیلادۆڤ و کاترینات لە بەردەمدایە، دراوسێتن، لەگەڵیاندا دەخۆیت و دەخۆیتەوە، هەموو شەو و ڕۆژێك دەیانبینیت، ئەی بۆ نایانناسیت؟ ئەمە کارەساتە هاوڕێیان، لە کارەساتەکانی ئۆدیب و هاملێت بەسوێترە، کارەساتی نووسەری گەمژەی خۆنەناس و کەسنەناس، ئەوانەی

نزیکترین کەسی لای خۆیان نابینن و لە دوورەوە، لەوپەڕی بێکۆتایی دەریا و نەدیویی ئاسۆکانەوە، پەیامبەرەکانی داهێنان ئاماژەیان دەدەنێ. تومەز (هەرچەندە ئەمەیش درەنگتێگەیشتنە) هەموو بستۆکە زەویەکانی سەر ئەم ئەستێرەیە قەڵای سەخت و زیندانی هەستی پاکیزە و ئومێدەکانی مرۆڤایەتین، مرۆڤەکانیش -دواجار- لە گەروویەکەوە هاوار دەکەن و بە سییەك هەناسە دەدەن. ئیتر هەر کەسەو لە ناو ئەم وێڵگەیەدا بەتەمای فریادڕەسێکە، تاقە فریادڕەسی من چەند پەڕەیەکی نێو ئەو بەرگانە بوون، کە تا دوا تەڕایی شیرینیی تاڵیان پێدەچێشتم، قیژەیەکی بێدەنگیان لە گەروومدا گیر دەدا و خوداو ئەهریمەنیان لە پێکهاتەیەکی کیمیاویدا تێکەڵ بەیەك دەکرد و دەیانوت: فەرموو، خۆت جیایان بکەرەوە، نە بە قسەی ڕابوردوو بکە و نە ئێمەیش.

سیحری داهێنانەکەی دۆستۆیڤسکی لەوەدا نییە، کە تۆ چیرۆکێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی و بەساتوپاتی ڕووداوی خرۆشان و کەمەنکێشی دەخوێنییەوە. یان دوو مرۆڤی بێتاوان کوژراون و تۆ بەدوای تۆڵەدا بڕگە بە بڕگە و لاپەڕە بە لاپەڕە چاوەڕێی سزایەکی خودایی یان مرۆییت، نا، بەڵکو لەوەدایە کە ویژدانی مرۆڤانەی تۆ دەکەوێتە شەقژن و لە بەدحاڵیبوونەکانت وەئاگا دێیت، تێدەگەیت مرۆڤەکەی ناوەوەی تۆ مردووە، لە نێو بەستێنی بێدەنگیدا بەردێکی ساپ و لاکەوتەیە، چاوی دنیابینیت کز و نزیك بەکوێرییە. لەوە بەئاگا دێیت کە تەواوی ئەم گەردوونە لەژێر گوشارێکی سەختی پرسیار و گوماندایە، بەردەوام لەبەر پلووسکی ڕازگەلێکدا تەراتێنی گەیشتن و نەگەیشتنیەتی، گەیشتن بە هەوارێك کە ئاسوودەیی مرۆڤی تیا مەحاڵە و نەگەیشتنیش هەلاهەلابوونێکی بەردەوام. تۆ لە وەهمی هەقیقەت تێدەگەیت و لە پووچیی ڕواڵەتە

چاوخەڵەتێنەکان. لە توێی دەموچاوە گەش و بێگەردەکاندا ئەو پەڵەڕەشانە دەبینیت، کە شوێنەواری ئاوڵەی ڕق و خمخۆرکی ئێستای کرمێبوونن.
بە داخەوە ساڵ بەرەبەرە گڵۆڵەی تەمەنی پێچایەوە و ئەو وەرگێڕانەم نەدی. لە حەزی خۆیشم بەولاترەوە، هەستم بە گەلێك لەو نیگا شەرمنانە کرد، کە بێجگە لە زمانی دایکیان چ زمانێکی تر نازانن، هەر لەبەر ئەوەیە تا ئێستا لایان وایە کۆشك و تەلاری فەرهەنگی ئێمە سەری لە نێو هەوردایە و ڕووباری بیر و داهێنانمان دەتوانێت ئاودێریی گەلێك لە زەوییە دێم و قاقڕەکانی خەڵکی تر بکات. بۆیە دەبێت لە ڕێی ئەم شارە بە ئاو و ئاوەدانانەوە تێبگەن ئێمە لە چ وێرانەیەکداین و گوندی ئەفراندنی ئێمە بە درەخت و مرۆڤیشیانەوە چەند لە خشتی کاڵا دەچن. ئەمە نائومێدی نییە، بەڵکو هەقیقەتێکی تاڵە.
دوای ئەو چاوەڕوانییە تەمەندرێژەی گەیشتبووە سنووری نائومێدی، دیسانەوە تاسەی ئەو دیدارە لە گیانمدا جۆشی سەندەوە، بەتایبەتی پاش خوێندنەوەیەکی تری تاوان و سزا و برایانی کارامازۆف لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤دا، ئەو وەرگێڕانانەی لەبەر دەستمدا بوون، بریتی بوون لە وەرگێڕانە عەرەبیە دڵگیرەکەی د. سامی دروبی کە لە فەرەنسیەوە ساڵی ١٩٨٥ کردبووی. وەرگێڕانە عەرەبیەکەی فایز کم نقش کردی کە لە ئینگلیزییەوە ساڵی ١٩٧٩ کرابوو لەگەڵ دەقە ڕووسییەکەیشدا بەراورد کرابووەوە. وەرگێڕانی سێیەم بۆ زمانی فارسی ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن مهری ئاهی ڕاستەوخۆ لە دەقە ڕووسیەکەوە کرابوو، من ئەمەیانم پەسەند کرد لەبەر ئەوەی یەکەم لە دەقە ئەسڵییەکەوەیە، دووەم وەرگێڕان لە زمانی فارسیەوە بۆ کوردی خۆشترە و ڕەوانتر دێتە دەست. بەڵام دوای هەندێك بەراورد زانیم هەردوو وەرگێڕانە عەرەبییەکەیش، بەتایبەتی وەرگێڕانەکەی د. سامی دروبی گەلێك درەوشاوەن و

ویژدانی ئەدەبی خۆیان و ڕۆحی دۆستۆیڤسکیان شاد کردووە. بۆیە نەمتوانی دەستبەرداریان بم، چونکە بە ئەزموونی خۆم لە وەرگێڕاندا گەلێك جار لە نێوان دەقێکی دوو وەرگێڕدا جیاوازی ترسناکم دیووە و منیش لەڕادەبەدەر بەو کارەساتە دڕدۆنگ و قەڵس دەبم. بۆیە ئەوەم بە چاکتر زانی. -هەرچەندە کاتی زۆری لێگرتم و ماندووتریشی کردم- کە بەردەوام لەگەڵ هەر فەسڵ و بەشێکدا، بۆ تەواو دڵنیابوون لە ڕۆحی دەقەکە پەنایان بۆ بەرم، بەتایبەتی وەرگێڕانەکەی دروبی کە وەك بیستم، لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتی کە لە مۆسکۆ بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ دەقە ڕووسییەکەدا دروست کراوە، زۆریان پێ پەسەند بووە. هەرچەندە من جیاوازی زۆرم بەدی نەکرد، بەڵام هێشتا هیچیان لەوە خاڵی نەبوون کە پەرەگرافیان تێدا پەڕیبێت، مانا لە هەندێکیاندا شاراوەتر و ئەمیان لەوی دی ڕەوان و بەداروبارتر بێت.

بێگومان من پشتم بە دەقە فارسییەکە بەستووە و سەرچاوەی سەرەکیمە، بەڵام دەشێت بەو دەقانەی دی دەوڵەمەند و خۆشدەستتر هاتبێتە گۆ.

وەرگێڕانەکە لە خەرمانانی ٢٠٠٤وە تا پووشپەڕی ٢٠٠٦ی خایاند. هێشتا گومانی ئەوەم هەیە کە درز و بۆشایی تێنەکەوتبێت، چونکە ئەوەی شارەزای دنیای وەرگێڕان بێت، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت. بەتایبەتی بۆ ئێمەی کوردی کەمئەزموون و کەمپسپۆڕ لە بواری وەرگێڕاندا. هەرچۆنێك بێت، ئەمە لەو کارانەیە کە بەدڵ خۆشم دەوێت و بەدیهێنانی خەونێکمە، دڵسۆزترین کەسیش ئەوەیە کە نایەوێت خەوش لە خۆشەویستیی هاوڕێکەیدا هەبێت و بۆ جوانترکردنی خەوشەکانی لادەدرکێنێت.

ڕەووف بێگەرد
پووشپەڕی ٢٠٠٦

بەشی یەکەم

١

لە ئێوارەیەکی گەرمی یەکێک لە ڕۆژە بەراییەکانی مانگی گەلاوێژدا لاوێک لە ژوورە چکۆڵەکەی خۆیدا، کە لە کۆڵانی (س) بە کرێی گرتبوو، هاتە دەرێ، هەنگاوی نایە ناو کۆڵانەکە و ئینجا سەبرۆکە سەبرۆکە و بە دوودڵییەوە بەرەو پردی (گ) کەوتە ڕێ.

کە لەسەر پلیکانەکانەوە دەهاتە خوارێ، چاک بوو لووتی بە لووتی خاوەن ماڵەکەیدا نەتەقی. ژوورە بچکووکەکەی ڕاست لەژێر سەربانی باڵەخانەیەکی بەرزی پێنج نهۆمیدا بوو، زیاتر لە کونێک دەچوو تا ژوورێک کە تیایدا بژی، ئەم ژوورە بچووکەی بە خواردن و خزمەتەوە بە کرێ گرتبوو، خاوەن ماڵەکەی لەژێر پلیکانەکانی ئەودا، لە نهۆمێکی تردا دەژیا، دەبوو لاوەکە هەموو جارێک بۆ ڕۆیشتنە سەر شەقامەکە بە ناچاری بە پاڵ موبەقی خاوەن ماڵەکەدا تێبپەڕێت. هەمیشە دەرگای موبەقەکەیش ڕووبەڕووی پلیکانەکان لەسەر پشت بوو.

هەر جارێک کە بەوێدا تێدەپەڕی، هەستی بە ترس و نارەحەتییەکی زۆر دەکرد و شەرم دایدەگرت، ئەو هەستە سیمای دەموچاوی بە جارێ دەگۆڕی. لاوەکە قەرزێکی زۆری ژنە خاوەن ماڵەکەی لەسەر بوو، بۆیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەترسا، ئەمە نەک لەبەر ئەوەی زۆر ترسنۆک و کەمڕوو بێت، بەڵکو تەواو پێچەوانەی ئەوە ڕاست بوو، تەنیا ئەوەندە هەبوو، کە لە پێش ماوەیەکی کەمەوە تووشی حاڵەتێکی زووهەڵچوون و جۆرە بێزارییەکی وا هاتبوو، کە لە خەمۆکی دەچوو، هێند خۆی دەخواردەوە و لە خەڵکی دوورەپەرێز بوو، کە نەک تەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی خاوەن ماڵەکەدا، بەڵکو لە هەموو دیتنێکی تریش هەر دەترسا، نەبوونی و کەمدەرامەتی بە تەواوی هاڕیبوویان، هەرچەندە بەو دووایيە تەنانەت نارەحەتییەکەیش ئیتر ئازاری نەدەدا، ئەو هەرگیز فریای پێویستییەکانی ژیانی خۆی نەدەکەوت و نەیشیدەویست بکەوێت. لە ڕاستیدا ئەو لەوە بێباکتربوو کە لە هیچ خاوەن خانوویەک بترسێت، تەنانەت ئەگەر خاوەن خانووەکە خەیاڵی پیلانگێڕانیشی لە دژی هەبێت. وەلێ ئەو هەر وای پێ باش بوو کە وەک پشیلە هەڵێت و کەس نەیبینێت، نەک لە ناوەڕاستی پلیکانەکاندا بوەستێ و گوێ لەو قسە هیچوپووچانە بگرێت، کە ئەسڵەن پەیوەندییان بەوەوە نییە، وەک داواکردنی قەرز و هەڕەشە و شکاتلێکردن، ئینجا ناچارکردنی لەسەر فێڵ و پۆزشهێنانەوە و درۆکردن.

بەڵام ئەمجارەیان ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ژنە خاوەن قەرزەکەیدا، لەو کاتەوەی کە چووە کۆڵانەکەوە، هەر بەرۆکی بەرنەدابوو. بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە ماناوە بە خۆی وت: "دەمەوێت چ کارێک ئەنجام بدەم وا لە بێمانایيەکەی دەترسم، هم؟ بەڵێ.. هەموو

شتێک لە نێو دەستی مرۆڤدایە، وەلێ ناتوانێت کەڵک لە توانای خۆی وەربگرێت، چونکە ترسنۆکە.. ئیدی ئەمە ئاشکرایە.. بەڕاست، مرۆڤ زیاتر لە چی دەترسێت؟ لە هەموو شتێک زیاتر لە هەنگاوی نوێ و وتەی جوان و داهێنانی خۆی دەترسێت.. بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم کە من زۆر دەڕێسم و زۆروتنیش مانای بەئەنجامنەگەیاندنی کارە.

یان ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە کارێک ناکەم، تووشی زۆر بڵێی هاتووم، زۆر بڵێی لەم دوامانگەدا فێربووم کە شەووڕۆژ لە سووچێکدا کەوتووم و بیر.. لە هەموو شتێک و لە هیچیش دەکەمەوە. باشە، ئێستا من بۆ چ شتێک دەچم؟ ئایا دەتوانم بیکەم؟ ئایا "کارەکە" جیدیە؟ نا، هیچ جیدی نییە، بیر و ئەندێشەیەکی بێهودەیە، دڵی خۆم خۆش دەکەم، کاتی پێ بەسەر دەبەم، بەڵێ، دەشێ هەر بە ڕاستی بۆ کات بەسەربردن بێت".

گەرمایەکی ترسناک، هەناسەتەنگی و هەراوزەنا، گەچ و شیشی خانوو، خشت و تۆز و خۆڵ تەواوی شەقامەکەیان داگیر کردبوو، بۆگەنێکی تایبەتیشی تێکەڵ ببوو، بۆگەنێک بوو ئاشنا بە لووتی هەر پترزبورگییەک کە توانای بەکرێگرتنی ماڵێکی لە زۆزان نەبێت. هەموو ئەمانە مێشکی جەنجاڵی لاوەکەیان ئەوەندەی تر هەژاندبوو. بۆگەنی ناخۆشی مەیفرۆشان کە بەتایبەتی لەو شوێنەی شاردا بێژمارەن و ئەو سەرخۆشانەی تەنانەت لە ڕۆژە ئاساییەکانی هەفتەیشدا هەر لەوێ دەبینرێن، زیاتر دیمەنەکەیان قێزەون و دزێو دەکرد.

لە چرکەساتێکدا هەستی بێزارییەکی قووڵ بە دەموچاوی جوانی لاوەکەوە دەرکەوت (دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە لاوەکە زۆر دەلال بوو، چاوی تۆخ و زۆر جوان و قژی زەرد، باڵای لە میانە بەرزتر و قەدی باریک و ڕێک بوو) وەلێ زوو کەوتە نێو خەیاڵێکی قووڵەوە،

بابڵێم کەوتە نێو جۆرێک لە فەرامۆشی و ئیتر بەبێ ئەوەی ئاگای لە دەوروبەری بێت یان خۆی بیەوێت ئاگادار بێت، کەوتەوە ڕێ، تەنیا هەندێکجار لەژێر لێوەوە ورتەورتێکی لەگەڵ خۆیدا دەکرد. ئەم قسە لەگەڵ خۆکردنەی ببووە نەریتێک و خووی پێوەگرتبوو، خۆیشی دانی پێدا دەنا، هەر لەو کاتەیشدا ئەوەی دەزانی کە بێهێزیەکی زۆر گەمارۆی داوە و بیروبۆچوونەکانی تێکەڵوپێکەڵ دەکەن. نزیکەی دوو ڕۆژیش بوو هیچی نەخواردبوو.

جلەکانی بەری ئەمەندە کۆنوپواو بوون، کە کەسێکی تری ئاسایی بەو جۆرە بەرگە شرەوە لە ڕووی نەدەهات بە ڕۆژی نیوەڕۆ ڕوو لە کۆڵانان بکات، بەڵام جلوبەرگ لەو گەڕەکەدا هەرچۆنێک بووایە، کەمتر خەڵکی سەرسام دەکرد.

نزیک بە مەیدانی (سننایا)[1] شوێنێکی دیاری پڕ لە دەزگا و دووکانە، دانیشتووەکانی کە زیاتر بە کاری پیشەیی و کارگەرییەوە سەرقاڵن. تێکڕا ڕژاونەتە ئەو کووچە و کۆڵانانەی ناوەڕاستی پترزبورگەوە. دیمەنێکی هێند ڕەنگاڵەییان بەو شوێنە داوە، کە کەس سەری بە کەسێکی سەیر سوور نایەت. بەڵام دڵی لاوەکە ئەوەندە لێوانلێوی نەفرەت و کینە بوو، لەگەڵ هەستی ناسکی لاویەتییەکەیشیدا، ئێستا و لە ناوەڕاستی شەقامەکاندا، لە هەر شتێک کەمتر شەرمی بە بەرگە کۆن و شرەکانی خۆی دەهات. هەڵبەتە گەیشتن بە هەندێک دۆست و هاوڕێی کۆن، کە ئاسایی بینینیانی پێ ناخۆشبوو، مەسەلەیەکی تر بوو. لەگەڵ ئەمانەیشدا سەرخۆشێکی دنگ کە کەس نەیدەزانی لەو کاتەدا بۆچی و بۆ کوێی دەبەن و بۆ سواری ئەرەبانەیەکی گەورە و

---

[1] sennaya

خاڵیان کردووە کە ئەسپێکی کەتە و بەهێز ڕایدەکێشێ، لە شەقامەکەدا دەیانسووڕاندەوە، نەیزانی بۆ بە دەست ئاماژەی بۆ ئەم کرد و هاواری لێکرد: "هێی، کڵاودرووی ئەڵمانی!" لاوەکە زوو وەستا، شڵەژاو دەستی بۆ کڵاوەکەی برد، کڵاوەکەی بەرزو خڕ، بێلێوار و لە کەلوپەلەکانی پێشانگای بەناوبانگی "زیمەرمان"[1] بوو، تەواو کۆن و سوورێکی کاڵەوەبووی کون کون و پڕ لە پەڵە و لایەکیشی بە یەکجاری داتەپیبوو. شەرم لاوەکەی دانەگرت، بەڵکو شتێکی لە بابەتی ترس سەرتاپای لەشی داگیر کرد، بە ناخۆشییەوە کەوتە ورتەورت: "دەمزانی، بیرم لەمەیش دەکردەوە، ئەمە لە هەمووی گەنترە! شتێکی تورەهاتی وا، بێنرخێکی ناچیز، دەتوانێت هەموو نەخشەکە تێک بدات: بەڵێ، ئەم کڵاوە زۆر لەبەرچاوە.. پێکەنینهێن و سەرنجڕاکێشە.. لەگەڵ ئەم جلە کۆنانەدا دەبێت یان کاسکێتێک یان شەو کڵاوێکم هەبێت. نەک ئەم کڵاوە بەدشێوەیە، کەس ئەم جۆرە کڵاوە لەسەر ناکات، لە دووری فەرسەخێکەوە سەرنج ڕادەکێشن و لەبیر ناچنەوە.. لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە پاشان لەبیر ناکرێن و دەکرێنە بەڵگەیەکی تەواو، لە باری وادا پێویستە شتەکان سەرنجڕاکێش نەبن.. ئەم شتە بچووکانە لە هەموو گرنگترن.. هەر ئەم شتە گچکانەن بەردەوام هەموو شتێک تێک دەدەن..".

لاوەکە ڕێی دوور نەبوو، تەنانەت دەیزانی تا دەرکی ماڵەکەی چەند هەنگاوە: حەوتسەد و شەش هەنگاوی ڕێک، ڕۆژێک کە زۆر کەوتبووە بیر و خەیاڵەوە، هەنگاوەکانی ژماردبوو، تەنانەت خۆیشی لەو کاتەدا هێشتا باوەڕی بەو خەیاڵە نەبوو، بەڵکودڵی خۆی بە

---

[1] *zimmerman*

بوێرییەکی فریوودەرانەی شووم خۆش دەکرد، وەلێ ئێستا، دوای مانگێک، وردەوردە باری سەرنجێکی تری پەیدا کرد، لەگەڵ هەموو ئەو قسە تاقەتپڕوکێنەدا کە لەبارەی بێتوانایی و ڕاڕایی خۆیەوە دەیکرد، ئیدی کارە "شووم"ەکەی، بە زۆر یان بە خوایشت بە کاری خۆی دەزانی. هەرچەندە هێشتا تەواو بڕوای بە خۆی نەبوو، تەنانەت ئێستایش بۆ پرۆڤەکردنی ئەو شتە دەچوو، کە لە ئەستۆی خۆیی گرتبوو. هەر هەنگاوێکیش کە هەڵی دێنا، زیاتر هەڵچوون و شڵەژانی پێوە دەردەکەوت.

لاوەکە بە دڵەتەپێ و پەشۆکاوییەوە گەیشتە ساختمانێکی زۆر گەورە، یەکێک لە دیوارەکانی بەسەر ڕووبارێکدا دەیڕوانی و ئەوی تریان بەسەر شەقامەکەدا، ساختمانەکە لە چەند ئاپارتمانێکی بچووک پێک هاتبوو، دانیشتووەکانی بریتی بوون لە کارمەندی بچووک و هەمەجۆر لە پیشەوەرانی ڕووسی و ئەڵمانی، زۆربەیان بەرگدروو، دارتاش، چێشتکەر و ئەو کچانە بوون، کە بە لەشفرۆشی خۆیان دەژیاند. هاتوچۆکەران لە دوو دەرکی هاتنە ژوورەوەوە دەروژووری حەوشەی ساختمانەکەیان دەکرد، سێ چوار دەرگاوانیشیان هەبوو. لاوەکە زۆر بەوە دڵخۆش بوو، کە لەگەڵ کەسیاندا ڕووبەڕوو نەبوو، بێدەنگ و خێرا لە دەرگای هاتنەژوورەوەدا بەرەو لای ڕاست تێی کێشا و بە خێرایی لە نەردەوانەکان سەرکەوت، ڕێی نەردەوانەکان تەنگ و تاریک بوو، ڕێی هاتوچۆی بەردەستەکان بوو، وەلێ ئەو هەموو ئەمانەی دەزانی و فێریان ببوو، پێیشی خۆشبوو، چونکە لەو تاریکییەدا تەنانەت بینینی کەسێکی چاودڕاویش مەترسی نەبوو. کە گەیشتە قاتی چوارەم، بێئیرادە بۆ خۆی بیری کردەوە: "من کە ئێستا لێرەدا وا دەترسم، ئەی ئەگەر بە ڕاستی کارەکە ئەنجام بدەم چۆن؟"

لەوێدا ئەو بارهەڵگرانەی سەربازی خانەنشین بوون و مۆبیلیاتی یەکێک لە ئاپارتمانەکانیان دەهێنایە دەرێ، ڕێگەکەیان لێگرت. ئەو پێشتر دەیزانی لەو ماڵەدا ئەڵمانییەک لەگەڵ خێزانەکەیدا دەژیا، کە کاری ئیدارِیی دەکرد، بە خۆی وت "لەوە دەچێت ئێستا بگوێزێتەوە، کەواتە لە قاتی چوارەم و ئەم ناوەدا بۆ ماوەیەک تەنیا ماڵی پیرێژنەکە بە ئاوەدانی دەمێنێتەوە.. زۆر چاکە.. فرسەتە.." هەر بەدەم بیرکردنەوەوە لە زەنگی ماڵی پیرێژنی دا، دەنگی زەنگەکە کز بوو، وەک ئەوەی لە تەنەکە دروست کرابێت نەک لە مس، زەنگی ئاپارتمانە بچووکەکانی ئەم جۆرە خانووانە تا ڕادەیەک هەموویان وان. وەک ئەوەی لاوەکە دەنگی زەنگەکەی فەرامۆش کردبێت و ئێستا هەر ئەو دەنگە شتێکی کتوپڕی بەیاد هێنابێتەوە و لەبەرچاویدا بەرجەستەی کردبێت.. سڵەمییەوە. ئەمجارەیان بە تەواویی دەماری لە ژەنگوژاری دابوو. دوای کەمێک درزێکی چکۆڵە کەوتە دەرگاکە، خاوەن ماڵ بێمتمانەکردن لە پاڵ دەرگاکەوە تەماشای میوانە ناوەختەکەی کرد، لەو تاریکییەدا تەنیا چاوە بچووکە درەوشاوەکانی دەبینرا، وەلێ کە لە بەردەم پلیکانەکاندا کۆمەڵێک خەڵکی زۆری بینی، غیرەت گرتی و دەرگای بە تەواوی کردەوە. لاوەکە بەردەمی دەرگاکەی بڕی و پێی نایە ناو ئەو ژوورە تاریکەوە، کە پەردەیەک جیای کردۆتەوە و ئەودیوی موبەقە. پیرێژن بێدەنگ وەستابوو، بە نیگایەکی پرسیارئامێزەوە لێی دەڕوانی.

ژنێکی لاوازی وشکەڵاتوو، تەمەن شەست ساڵ، چاوی تیژ و شەڕانی، لووتی باریک و بچووک و قژی پاکژ و نارِێک بوو، پرچی سپی و چاک ڕۆن کرابوو. شاڵێکی بە دەوری ملە بەرزو باریکەکەیدا کە لە قاچی مریشکی دەکرد، ئاڵاندبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە دنیا گەرم

بوو، کەوڵێکی دابووە بە سەرشانیدا کە لە کۆنیدا زەرد هەڵگەڕابوو. پیرێژن بەردەوام دەکۆکی و دەینالاند، پێدەچوو لاوەکە تەماشایەکی سەیری پیرێژنەکەی کردبێت، چونکە لەناکاوێکدا دیسان چاوی پڕ بووەوە لە گومان و بێمتمانەیی.

لاوەکە کە ئەوەی بەیاد هاتەوە دەبێت لەگەڵیدا میهرەبان بێت، بۆی نوشتایەوەو بەپەلە پێی وت:

- بەندە ڕاسکۆلنیکۆڤم[1]، قوتابیم، مانگێک لەمەوبەر هاتمە لات.

پیرێژن کە نیگای پرسیار ئامێزی لە ڕووی لاوەکە نەدەکردەوە، بە نقەنق پێی وت:

- لە بیرمە، بەڕێز، هاتنەکەتم باش ل یادە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە کەمێک لە نادڵنیاییەکەی پیرێژن دڵگران و هەراسان بوو، لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- بەڵێ.. ئێستایش هەر بۆ هەمان کار..

هەستێکی ناخۆشی تێگەڕا و بیری کردەوە: "ڕەنگە هەمیشە وا بێت و جاری پێشوو من هەستم پێی نەکردبێت".

پیرێژن بێدەنگ بوو، وەک بیر بکاتەوە وا بوو، پاشان خۆی لادا و ئاماژەی بۆ لای دەرگاکە کرد، میوانەکەی دایە پێش و وتی:

- فەرموو بەڕێز.

کوڕەکە چووە ناو ژوورێکی چکۆڵەوە، کە دیوارەکانی بە پەڕە کاغەزی زەرد داپۆشرابوون، پەردەی سەر پەنجەرەکان ناسک و لە بەردەمیشیاندا گوڵدان دانرابوو. هێشتا ژوورەکە بە تیشکی خۆری دەم کەل تەواو ڕووناک بوو "تۆ بڵێی لەو کاتەدا خۆر هەر ئاوا

---

[1] Raskolnikof

بدرەوشێتەوە!" بەم بیرۆکەیەوە کە کتوپڕ بە زەینی ڕاسکۆلنیکۆڤدا تێپەڕی، تەماشایەکی خێرای هەموو شتی ناو ژوورەکەی کرد، تا چەند بکرێت زیاتر لە باری ژوورەکە بزانێت و لەبیری نەکات، وەلێ ژوورەکە شتی تایبەتمەند و سەرنجڕاکێشی تیا نەبوو، هەموو مۆبیلیاتی ناو ژوورەکە کە زۆر کۆن و لە داری زەرد دروست کرابوون، بریتی بوو لە قەنەفەیەکی پشتداری گەورە و کووڕ، مێزێکی شێوە هێلکەیی کە لە بەردەم قەنەفەکە دانرابوو، مێزتەوالێتێکی ئاوێنەدار، کە کەوتبووە نێوان دوو پایەی ژوورەکەوە، چەند کورسییەک لە پاڵ دیواردا و دوو سێ تابلۆی هەرزانبەها بریتی بوون لە کچانێکی ئەڵمانی کە باڵندەیان لەسەر دەستە و لە چوارچێوەیەکی زەردهەڵگەڕاودا بە دیوارەکەوە هەڵواسراون. هەموو کەلوپەلەکان بریتیبوون لەمانە، لە سووچێکدا، بەرانبەر پەیکەرە چکۆلەیەکی پیرۆز، مۆمدانێک دەسووتا، هەموو شتێک زۆر پاکژ دەهاتە بەرچاو، زەویی ژوورەکە و شتومەکەکانی ناوی هێند چەور کرابوون، دەبریقانەوە.

لاوەکە ئەوەی بە بیرداهات کە ئەمە کاری لیزاڤێتایە[1]، لە تەواوی ماڵەکەدا تۆز و خۆڵ بەدی نەدەکرا، ڕاسکۆلنیکۆڤ کەوتەوە بیرکردنەوە: "تەنیا لای پیرە کچانی شەڕانی و بەدکار ئەم جۆرە پاکوخاوێنییە دەبینرێت". ڕاسکۆلنیکۆڤ دزەچاوی خستە سەر ئەو پەردە قوماشەی بەرانبەر بە دەرگای ژوورێکی بچووکی دی دادرابووەوە، ئەو ژوورە قەرەوێڵەی نووستن و دۆڵابی پیرێژنەکەی تیا بوو، کە ئەم تا ئەو کاتە هەرگیز نەیدیبوون، هەموو ئاپارتمانەکە بریتی بوو لەم دوو ژوورە.

---

[1] *Elizabet*

کە پیرێژن چووە ژوورێ، وەک پێشوو بەرانبەر بە لاوەکە وەستا تا چاک لێی بڕوانێت، دڵکارانە لێی پرسی:

- چیت دەوێت؟

- بارمتەیەکم هێناوە، ئەمەیە..

ئەمەی وت و سەعاتێکی تەخت زیوینی لە گیرفانی دەرهێنا، کە وێنەیەکی گۆی زەوی بە پشتەکەیەوە بوو، زنجیری سەعاتەکە پۆلا بوو.

- ماوەی بارمتەکەی پێشوویشت تەواو بووە، سێ ڕۆژ بەسەر مانگەکەدا تێپەڕیووە.

- قازانجی مانگێکی ترت ئەدەمێ، سەبرم لێبگرە.

- ئەوەیان پەیوەندی بە منەوە هەیە بەڕێز، ئەتوانم بیهێڵمەوە یان بیفرۆشم.

-ئەلینا ئیڤانۆڤنا[1] بۆ ئەم سەعاتە زۆرم دەدەیتێ؟

- جەناب، تۆ هەمیشە لەو شتە ناچیزانەم بۆ دێنی، کە چ نرخێکی نییە.. جاری پێشوو دوو ڕۆبڵم لە بارمتەی ئەنگوستیلە گچکەکەتدا دایتێ، لە کاتێکدا هەموو کەسێک دەتوانێت لای زەرەنگەر ئەنگوستیلەیەکی تازەی لەو جۆرە بە ڕۆبڵ و نیوێک بکڕێت.

- باشە، چوار ڕۆبڵم بدەرێ، ئەویان لە بارمتەیی دەردێنم، سەعاتەکە لە باوکمەوە بۆم بەجێماوە، بەم زووانە پارەم پێدەگات.

- گەر پێت خۆشە، ڕۆبڵونیوێکت دەدەمێ و سوودەکەیشی لە پێشەوە وەردەگرم.

لاوەکە هاواری لێ هەستا:

---

[1] *Alina Ivanovna*

- ڕۆبڵۆنیوێک!

پیرێژن سەعاتەکەی بۆ درێژ کرد و وتی:

-مەیل، مەیلی خۆتە.

لاوەکە سەعاتەکەی لێ وەرگرت و ئەمەندە ڕق گرتی ویستی بڕوات، وەلێ زوو هاتەوە سەرخۆی، بیری کەوتەوە کە شوێنی تر نازانێت و لەم هاتنەیشیدا مەبەستێکی تری هەیە. بە ڕقەوە وتی:

- بمدەرێ.

پیرێژن دەستی بە گیرفانیدا کرد و کلیلەکەی دەرهێنا، لە پشت پەردەکەوە چووە ژوورەکەی دی. لاوەکە کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بە تەنیا مابووەوە بۆ سووسەکردن، گوێقوڵاغ بوو، بیری کردەوە، گوێی لە دەنگی کردنەوەی دوڵابەکە بوو، بە خۆی وت: "بێگومان چەکمەجەی سەرەوەیە.. دیارە کلیلەکەیش دەخاتە گیرفانی لای ڕاستییەوە.. هەموو کلیلەکان بە ئەڵقەیەکی پۆڵاوەن، کلیلێکیان لە هەموویان گەورەترە.. سێ قات لەوان گەورەترە و ددانەدارە، هەڵبەتە ئەوەیان کلیلی دۆڵابەکە نییە.. کەواتە چەکمەجەیەکی دی یان سنوقێکی چکۆڵەی تر هەیە، ئەمە گرنگە کە هەموو داخراوەکان لەو کلیلەیان هەیە.. بەڵام بە ڕاستی هەموو ئەم کارانە قێزەونن!"

پیرێژن گەڕایەوە و وتی:

- فەرموو جەناب، ئەگەر هەر ڕۆبڵێک لە مانگێکدا دە کوپیک[1] سوود بێنێت، لە مانگێکدا بۆ ڕۆبڵۆنیوێک دەکاتە پانزە کوپیک. بەو پێیە لە دوو ڕۆبڵەکەی پێشوویش بیست کوپیک دادەشکێت. هەمووی دەکاتە

---

[1] *kopeyka* بچووکترین دراوی ڕووسییە و یەکسانە بە فلسێک.

سیوپێنج کوپیک، کەواتە بۆ سەعاتەکەتان ڕۆبڵێک و پانزە کوپیکتان بەردەکەوێت، فەرموو، بیگرە.
- چۆن.. یەعنی تەنیا ڕۆبڵێک و پانزە کوبیک!
- بەڵێ، وایە.
لاوەکە بەبێ چەندوچوون پارەکەی وەرگرت، لە پیرێژنەکە ڕاما و پەلەی ڕۆیشتنی نەکرد، وەک بیەوێت شتێکی تر بڵێت یان کارێک بکات، وەلێ لەوە دەچوو خۆیشی نەزانێت چی بکات..
- ئەلێنا ئیڤانۆڤنا، ڕەنگە ڕۆژانی داهاتوو شتێکی باشتر بهێنم.. تەپڵەکێکی جگەرەی زیوین.. هەر کە لە هاوڕێکەمم سەندەوە، بۆتی دێنم..
پاشان بە جاڕزی بێدەنگ بوو.
- چاکە ئازیز گیان، کە هێنات قسەی لێدەکەین.
ڕاسکۆلنیکۆڤ چووە ڕاڕەوەکە، ئەوەندەی پێی کرا، بێدەربەستانە وتی:
- خوات لەگەڵ.. تۆ هەمیشە لێرەدا بە تەنیایت؟ ئەی خوشکەکەت؟
- چ کارێکت پێی هەیە، بەڕێز؟
- نا، هیچ، هەروا پرسیم، تۆ ئێستا.. خوات لەگەڵ ئەلێنا ئیڤانۆڤنا.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە جاڕزییەکی زۆرەوە چووە دەرێ، تا دەهات وەڕزییەکەی زیاتر دەبوو. کە لە پلیکانەکان هاتە خوارێ، وەک سەری لە شتێک سووڕمابێت، چەند جارێک وەستا، پاشان هەر کە هەنگاوی نایە سەر شەقامەکە، بە دەنگی بەرز وتی:
- خودایا، گشت ئەم کارانە چەندە قێزەونن.. ئایا دەکرێت.. دەکرێت.. کە من..
پاشان بە دڵنیاییەوە لەسەری ڕۆشت:

- نا، ئەمە کارێکی خراپ و گەوجانەیە! تۆ بڵێی بیرێکی وا ترسناک پەیی بە مێشکم بردبێت؟ بە ڕاست دڵی من هێند پۆخڵی هەڵدەگرێت! بەڵێ، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، کە ئەمە کارێکی قێزەون و دزێوە، بەڵێ دزێوە.. منیش هەموو ئەم مانگە..

وەلێ نەبە وشە و نە بە دەنگ نەیتوانی هەموو بێزارییەکەی خۆی دەربڕێت. ئەو وەڕزی و پەستییە بێکۆتاییەی کە لە کاتی ڕۆیشتنیدا بۆ لای پیرەژنەکە سەرودڵی گرت، ئەوەندەی تین بۆ هێنابوو، نەیدەزانی چۆن خۆی لەو دڵتەنگییە ڕزگار بکات. لەسەر شۆستەکە وەک سەرخۆش هەنگاوی دەنا، بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت، خۆی بە ڕێبوارەکاندا دەکێشا. تەنیا لە شەقامەکەی دواتردا هاتەوە سەرخۆی، کە سەیری دەوروبەری خۆی کرد، زانیی لە پاڵ مەیخانەیەکدایە، پلیکانەیەک لە شۆستەکەوە دەچووە ناو مەیخانەکە، واتا قاتێکی ژێر زەوی. هەر لەوێدا دوو سەرخۆش کە پاڵیان دابووە یەک و جوێنیان دەدا، لەو پلیکانانەوە هاتنە سەر شەقامەکە. ڕاسکۆلنیکۆڤ زۆری بیر لێنەکردەوە و لە پلیکانەکانەوە چووە خوارێ. تا ئەو ساتە هەرگیز سەری بە مەیخانەیەکدا نەکردبوو، وەلێ وا ئێستا سەری گێژ دەخوات و تینویەتی بەتەنگی هێناوە، حەزی لە نۆشینی بیرەیەک بوو، بەتایبەتی کە هۆی ئەم بێهێزیە کتوپڕەی خۆی بە برسیەتی دەزانی.

لە سووچێکی تاریک و چەپەڵدا، لە پشت مێزێکی بچووکەوە دانیشت، داوای بیرەی کرد و یەکەمین پەرداخی بە تاسەوە هەڵدا، دڵی هاتەوە سەرخۆی و بیریشی هەندێک ڕووناک بووەوە، ئومێدی دایە خۆ و وتی: "ئەمانە هیچ نین، پێویست ناکات خۆتیان بۆ ناڕەحەت بکەیت، تەنیا لەشداهێزانە، پەرداخێک بیرە و پارچەیەک پسکیت بەسە بۆ ئەوەی یەکسەر عەقڵت کۆک و بیرت ڕوون و ویستت پایەداربێت! ئاه.

هەموو ئەمانە چەندە ڕسوان!" وەلێ لەگەڵ ئەم وتە نەفرەتییانەیشدا، وەک لەپڕا لە بارێکی گران و ترسناک ڕزگاری بووبێت، ڕووی کرایەوە و تەماشایەکی دۆستانەی ئەو کەسانەی کرد، کە لە دەوروبەریدا بوون، بەڵام تەنانەت لەم کاتەیشدا بە جۆرێکی نادیار هەستی بەوە کرد کە ئەم حاڵەتەی ئێستایشی جۆرە نەخۆشییەکە بۆ خۆی.

لەو ساتەدا خەڵکێکی کەم لە مەیخانەکەدا مابوون، بێجگە لەو دووانەی لەسەر پلیکانەکان پێیان گەیشت، کۆمەڵێکی پێنج کەسیی تریش بە ئوکۆردیۆن و لەگەڵ کچێکدا چوونە دەرێ، دوای ئەوان مەیخانەکە هێور و ئاسوودەتر بوو. بێجگە لە پیاوێکی مەست، کە هێشتا تەواو سەرخۆش نەبووبوو، بیرەیەکی لە بەردەمدا و لە فرۆشیاری ناوبازاڕ دەچوو، هاوڕێکەیشی زۆر بە خۆوە و قەڵەو و تەواو سەرخۆش بوو، ڕیشی سپی و چاکەتێکی ئەستووری لەبەردا و لەسەر کورسییەکەی وەنەوزی دەدا، جارەناجارێک، وەک لە دنیای خەونیدا چەقەوانەی بێتێ، لەپڕا هەردوو باڵی دەکێشایەوە و بەبێ ئەوەی لە شوێنەکەی هەڵسێت، لەشی بەرەو ژوور ڕادەنا و لەژێر لێوەوە شتێکی بێمانای دەوت، دەیویست ئەو شیعرانەی بیر بکەوێتەوە، کە لەم بابەتە بوون:

"ساڵێکی تەواو ژنەکەمم لاواند

ساڵێکی تەواو ژنەکەمم لا.. واند"

یان لەپڕا بە ئاگا دەهاتەوە و دەیوت: "بە پادیاچیسکدا[1] تێدەپەڕیم، دۆستە دێرینەکەمم دۆزییەوە".

---

[1] *Padyachesk* ناوی شوێنێکە.

بەڵام هیچ کەسێک هاوبەشی خۆشییەکەی نەبوو، تەنانەت هاوڕێ بێدەنگەکەی بە ڕق و بێزارییەوە لە هەموو ئەو جموجووڵە کتوپڕانەی دەڕوانی. یەکێکی تریشی لێبوو، پێدەچوو کارمەندێکی خانەنشین بێت، بە شێوازێکی تایبەتمەندانە لە بەردەم پێکەکەیدا دانیشتبوو بە دەگمەن قومێکی لێدەدا و تەماشای ئەملاوئەولای دەکرد. دەتوت ئەویش نیگەران و شپرزەیە.

٢

ڕاسکۆلنیکۆڤ حەزی بە تێکەڵبوونی خەڵک نەدەکرد، وەک پێشتریش وتمان، بەتایبەت لەم دووابییەدا خۆی لەو تێکەڵییە دەدزییەوە. بەڵام ئێستا لە خۆوە شتێک بەرەو لای خەڵکیی بەکێشی دەکرد، وەک ئەوەی گۆڕانێکی تازەی تیا ڕوودابێت و لەو نێوانەدا حەزی بەرەو لای خەڵک چوونی تیا زۆر بووبێت. ئەمەندە لەو مانگەدا دڵتەنگییەکی زۆر و بێزارییەکی پڕ لە خەمی چەشتبوو، دەیویست هەر چۆنێک بێت، لە دنیایەکی تردا – هەر دنیایەک بێت- هەناسەیەکی تازە هەڵکێشێت. بۆیە چەندە مەیخانەکە پیسوپۆخڵ بوو، بە ئارەزوویەکی تەواو پڕەوە تیا دانیشت. مەیخانەچییەکە لە ژوورێکی تر بوو، وەلێ زۆرجار لە شوێنێکی نادیارەوە بە پلیکانەکاندا بۆ هۆڵەکە دەهاتە خوارێ، پێش ئەوەی خۆی دەربکەوێت، جزمە بریقەدار و گەورە و سوورەکانی دەردەکەوتن. پاڵتۆیەکی درێژ و هێلەکێکی ئاوریشمینی ڕەشی زۆر ئەستوور و پیسی لەبەر دەکرد و بۆینباخی نەدەبەست. دەتوت وەک قفڵێکی ئاسن دەموچاویان بە زەیت چەور کردووە. لە پشت پێشخوانەکەوە منداڵێکی چواردە ساڵە وەستابوو، لە پاڵیا کوڕێژگەیەکی لەو منداڵتر بوو، ئەگەر مشتەری شتێکی بویستایە،

دەیدانێ. لەسەر پێشخوانەکە خەیارە چەمیلە و پسکیتی ڕەش و ماسی پارچەپارچەکراو دەبینران، بۆنێکی ناخۆش لە هەموویان دەهات. هەواکەی هێند خەفەکەر بوو، بەرگەی دانیشتنت نەدەگرت، شتەکانیش ئەوەندەیان بۆنی مەی گرتبوو، دەتوت هەر بەو هەوایە بە پێنج دەقیقە مەست دەبیت.

هەندێکجار، تەنانەت لە نێوان چەند کەسێکی تەواو نەناسراودا، ڕێکەوتێکی وا دێتە پێشێ، کە پێش ئەوەی وشەیەک بدرکێنن، هەر بە یەکەم نیگا، هەستی لێکترنزیکبوونەوە دەکەن. وا ئێستا ڕاسکۆلنیکۆڤیش لە بینینی ئەو مشتەرییەی دوور لەمەوە دانیشتبوو و لە کارمەندێکی خانەنشینی دەکرد، ئەو هەستە بۆ دروست ببوو.

لاوەکە لەوەودوا زۆرجار ئەو یەکەمین کاریگەرییەی وەبیر خۆی دێنایەوە، بە جۆرێک لە سرووش یان هەستی دەروونیی دەدایە قەڵەم. تەواو چاوی لە کارمەندەکە بڕیبوو، لەبەر ئەوەی کارمەندەکەیش بە قووڵی لەمی دەڕوانی، دیار بوو دەیەوێت دەرگای قسەی لەگەڵدا بکاتەوە. ئەوانەیش کە لە مەیخانەکەدا بوون، تەنانەت خودی مەیخانەچییەکەیش، کارمەندەکە بە چاوی ئاسایی و تا ڕادەیەک سەرزەنشتکەرانە تەماشای دەکردن. ڕوانینەکەی تێکەڵ بوو لە بایەخپێنەدانێکی بێباکانە، وەک بڵێی ئەوان لە چینی خوارەوەی کۆمەڵدان و ئەم قسەیەکی پێنییە لەگەڵیاندا بیکات. وا دەرئەکەوت تەمەنی پیاوەکە لە پەنجا ساڵ زیاتر بێت، باڵای مامناوەند و تا ڕادەیەک لەشی بەخۆوە بوو. قژی ماشوبرنجی و زۆرێک لە سەری ڕووتابووەوە. دەموچاوی بە هۆی مەستییە بەردەوامەکەیەوە ئاوساو و زەرد و تەنانەت بە لای سەوزیدا دەیڕوانی، پێڵووی پفدراو و لەژێریدا چاوە چکۆلە و سوور و بێحاڵەکانی وەک دوو کونی ورد

دەدرەوشانەوە. لەو دەموچاوەدا شتێکی نائاسایی بەدەردەکەوت: لە ڕوانینیدا جۆرێک لە ڕاکێشان و تەنانەت هزر و زیرەکیان تیا دەبینرا، لەگەڵ ئەمانەدا هەندێک ئاسەواری شێتیشیان تیابوو. جلەکانی بەری بریتی بوو لە "فراک"کێکی ڕەش، کە هەمووی دڕاو و قۆپچەکانی کەوتبوون. تەنیا قۆپچەیەکی مابووەوە، کە جلەکانی پێ دادەخست و دەیویست ئەوە دەربخات، کە مرۆڤێکی بەئەدەبە. کراسە ڕەقهەڵاتوە پیسووچڵکن و لەکەدارەکەی لەژێر هێلەکە دەزووەکەیەوە هاتبووە دەرێ. شێوەی دەموچاوی لە مووچەخۆری دەکرد، بەڵام چونکە ماوەیەک بوو ڕیشی نەتاشیبوو، مووە سپی و زبرەکانی کە لە مووی شاڵ دەچوون، بە دەموچاویەوە دەرکەوتبوون. ڕەفتارە بەویقارەکەیشی هەر لە هەڵسوکەوتی کارمەندی دەکرد. بەڵام بێئارام دەینواند، قژی سەری گڤ و هەندێکجاریش غەمگینانە سەری لە نێو هەردوو دەستی دەنا، ئانیشکی کە لە قۆڵە دڕاوەکەیەوە هاتبوونە دەرێ، لەسەر مێزە چەسپ و بەبادەخووساوەکە دادەنا. پاشان ڕاست چاوی لە نێو چاوی ڕاسکۆلنیکۆڤ بڕی، بە دەنگی بەرز و پتەو پێی وت:

- گەورەی ئازیز، ئایا دەتوانم بەڕێزەوە ڕووی قسەت تێبکەم؟ هەرچەند دیمەنەکەت زۆر ئاساییە، بەڵام بەپێی ئەزموونی خۆم دەزانم تۆ مرۆڤێکی باش پەروەردەکراویت و زۆریش لەگەڵ خواردنەوەدا سەروساختت نییە، من هەمیشە ڕێز لەو پەروەردەیە دەگرم، کە لە دڵەوە هەستی تیایە، بێجگە لەمە، من کارمەندی دەوڵەت بووم و ناوبانگم مارمیلادۆڤای[1] ڕاوێژکارە.. دەتوانم بپرسم کە جەنابیشت هەر کارمەندی دەوڵەت بوویت؟

---

[1] *marmaladof*

لاوەکە لەو قسە بە پێچوپەناو لەو پرسیارە ڕوون و بێدەربەستانەیە سەری سوڕما و وای وەڵام دایەوە:
- نەخێر.. خوێندکارم.
هەرچەندە کەمێک پێشتر حەزی بە هاودەمیی کەسێک بوو، کەچی ئێستا لەگەڵ یەکەمین ڕستەدا کە پیاوەکە وتی، لەناکاوێکدا هەمان هەستی ناخۆش و ڕک و نەفرەتییەکەی تێگەڕایەوە، کە ئاسایی لە نزیککەوتنەوەی هەر کەسێکی نەناسراو یان لە سەروبەندی یەکدیناسیندا هەستی پێدەکرد.
کارمەندەکە بە دەنگی بەرز وتی:
- کەواتە تۆ یان خوێندکاریت یان پێشتر خوێندکاربوویت.. منیش هەروام بیر لێدەکردەوە، ئەمە ئەزموونە، گەورەی ئازیز، ئەزموونێکی بەردەوام.
وەک دەستخۆشی لە زرنگیی خۆی بکات، دەستی نایە سەر تەوێڵی.
- خوێندکار بوویت، یان تەنیا ڕشتەیەکی زانستیت دەخوێند! یارمەتی هەیە؟
لەسەر جێگاکەی هەستا، لارەلارەی بوو، قاپی مەزە و پەرداخەکەی هەڵگرت و کەمێک لەولای کوڕەکەوە دانیشت، مەست بوو، بەڵام زۆر ئاقڵانە و بەکاوەخۆ دەدوا. تەنیا هەندێکجار قسەی لێدەشێوا و زۆربڵێی دەکرد.
بە تاسەیەکی زۆرەوە ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد، دەتوت مانگێکە قسەی لەگەڵ کەسدا نەکردووە، بە دەنگێکی تا ڕادەیەک خۆنمایشکارانەوە وتی:
- گەورە و ئازیز، هەژاری تاوان نییە و ئەمە هەقیقەتێکی سەلماوە. ئەوەیش دەزانم سەرخۆشییش کارێکی چاک نییە. بەڵێ، ئەمەیش باش

دەزانم، بەڵام داماوی بەڕێزەکەم، داماوی شوورەییە، تۆ ئەگەر پارەیشت نەبێت، دەتوانیت ناموس و هەستی ڕەسەنی خۆت بپارێزیت. بەڵام کە داماو بوویت، هەرگیز کاری وات پێناکرێت، لە ناو کۆبوونەوەدا مرۆڤی داماو بە دار دەرناکەن، بەڵکو بۆ زیاتر سووکایەتیپێکردنی بە گسک دەریدەپەڕێنن و هەقیشیانە، چونکە کە داماو بوویت، پێش هەر کەسێک تۆ خۆت سووکایەتیت بە خۆت کردووە.. مەیخواردنەوەیش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. گەورەی ئازیز، مانگێک پێش ئێستا جەنابی لێبێزیاتینکۆف[1] تێر لە ژنەکەمی دا، بەڵام ژنەکەم لەگەڵ مندا جیاوازە، تێدەگەیت؟ مۆڵەتم بدە هەر وەک خۆ تێهەڵقورتاندن پرسیارێکت لێبکەم: ئایا لە بەلەمێکدا کە تەرخان کرابێت بۆ کاکێشان لەسەر ڕووباری "نیڤا"[2]، هەرگیز شەوت ڕۆژ کردۆتەوە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی دایەوە:

– نا، تووشی شتی وانەبووم، وەلێ چیت مەبەستە؟

– باشە، بەڵام من لەوێوە هاتووم و پێنج شەویشە کە..

لەو ساتەدا کارمەندەکە پێکەکەی پڕ کرد و بەسەریەوە نا و خەیاڵ بردیەوە، لە ڕاستیشدا پەڕەکا بە جلوبەرگ و قژییەوە بوو. زۆر پێدەچوو پێنج ڕۆژی ڕێک بێت جلی دانەکەندبێت و دەست و دەموچاوی نەشتبێت، بەتایبەتی دەستی پیس و چەور و سوور و نینۆکی ڕەش داگەڕابوو.

---

[1] *lebezyatnikof*

[2] *neva*

لەوە دەچوو قسەکانی سەرنجی هەموویانی -تا ڕادەیەک- ڕاکێشابێت. ئەو کوڕانەی لە پشت پێشخوانەکەوە وەستابوون، کرکەکرکی پێکەنینیان بوو. مەیخانەچییەکە وەک بە ئانقەست هاتبێت، لە ژووری سەرەوەوە هاتبووە خوارێ تا گوێ لە قسە بە "تام"ەکان بگرێت، هەرچەندە بە تەمەڵییەکی ویقارئامێزەوە باوێشکی دەدا، لە سووچێکدا دانیشت. وا دیار بوو ئەوان لە دەمێکەوە مارمیلادۆڤایان لەوێدا ناسیبوو، ڕەنگە ئەو جۆرە گفتوگۆیانەی لەبەر ئەوە پێخۆش بێت، چونکە بەردەوام لە مەیخانەدا و لەگەڵ نەناسەکاندا بەو قسانە ڕاهاتبوو. ئەم نەریتی قسەکردنە لای هەندێک مەیخۆر، بە تایبەتی لای ئەوانەیان کە لە ماڵی خۆیاندا ڕوویان نادەنێ و مامەڵەی ناخۆشیان لەگەڵدا دەکەن، دەبێتە پێویستی، بۆیە لە دانیشتنی مەینۆشاندا ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە هەوڵی ئەوەیانە هەق بەخۆ بدەن و چەندیش بتوانن ڕێز بەدەست بێنن.

مەیخانەچییەکە بە دەنگی بەرز وتی:

-قەشمەر! ئەی بۆ کار ناکەیت؟ ئەگەر کارمەندی، بۆ ناچیتە سەرکارەکەت؟

مارمیلادۆڤا چۆن ڕووی دەمی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ بوو، هەروەک ئەویش پرسیارەکەی لێکردبێت پێی وت:

- بۆ کار ناکەم، گەورەی بەڕێز، بۆ کار ناکەم؟ بۆ دڵم ناسوتێ کە ئەوەندە بێهودە خۆم کەساس و بچووک دەبینم؟ بۆ مانگێک لەمەوبەر کە جەنابی لیبێزیاتینکۆف لە ژنەکەی دام و منیش بە سەرخۆشی کەوتبووم، ئازارم پێنەدەگەشت؟ ڕێگەم بدە، کوڕی ڕەند، ئایا تۆ ئەوەت پێش هاتووە کە.. هوم.. کە بەبێ ئەوەی هیچ ئومێدێکت هەبێت، داوای قەرز بکەیت؟

- دەشێت.. بەڵام مەبەستتان لە بێئومێدی چییە؟
- یەعنی هەر تەواو نائومێد، پێشتر لەوە دڵنیایت کە هیچ ئەنجامێکت لەم کارە بۆ بەدەست نایەت. با بڵێین تۆ لەوەوپێش و بە چاکی ئەوە دەزانیت، کە ئەو کەسە، ئەو پیاوەی بێکۆتایی خۆشباوەڕ و سوودبەخشە، بە هیچ جۆرێک پارەت ناداتێ.. چونکە، دەمەوێت بپرسم، ئاخر بۆ بتداتێ؟ ئەو دەزانێت من قەرزەکەی نادەمەوە، ئەی بەزەیی پیامدا بێتەوە؟
بەڵام جەنابی لیبزیاتینکۆف کە ئاگاداری بیری تازەیە، ماوەیەک لەمەوبەر ئەوەی ڕوون دەکردەوە کە لەم سەردەمەی ئێمەدا بەزەیی پیاداهاتنەوە تەنانەت لە باری زانستیشەوە قەدەغەیە، لە ئینگلستان کە زانستی ئابووری باڵادەستە، ماوەیەکە پەیڕەویی لەم تیورە دەکرێت.. باشە کەواتە من لە تۆ دەپرسم ئاخر بۆ پارە بدات؟ لەگەڵ ئەوەیشدا کە تۆ پێشتر ئەوە ئەزانیت هیچت ناداتێ. کەچی هەر دەچێتە لای و..
- جا بۆ دەچیتە لای؟
- چونکە کەسی تر نییە، ناتوانیت ڕوو لە شوێنێکی دی بکەیت، ئاخر هەر کەسێک دەبێت جێگایەکی هەبێت پەنای بۆ بەرێت، چونکە پێشهاتی وات دێتە ڕێ، کە پێویستە مرۆڤ بتوانێت بۆ جێگایەک، هەر جێگایەک بێت.. بڕوات.. کچەکەی من ژیانی خۆی لەگەڵ بلیتی زەردا[1] بەسەر دەبات (مارمیلادۆڤا ئەم قسانەی بە زەبوونییەوە دەکرد و چاوی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ بڕیبوو) هیچ نییە..
کە دوو مێردمناڵەکەی لە پشت مێزەکەوە بینی پێی پێدەکەنن و خاوەنی مەیخانەکەیش زەردەی دێتێ، بەپەلە، بەڵام لەسەرخۆ وتی:

---

[1] بلیتی زەرد جۆرێک لە بەڵگەنامە بوو دەدرایە ژنە لەشفرۆشەکان.

- هیچ نییە، گەورەی ئازیز، هیچ نییە، من بەو سەرڕاوەشاندنانە قەڵس نابم، چونکە ئیدی خەڵکی هەموو شتێک دەزانن و.. هەموو نهێنییەکانیش دەردەکەون و.. من لەم مەسەلەیەشدا هەست بە بێزاری ناکەم، بەڵکو پێی قایلم. باشە، با وابێت. مرۆڤ وایە، ڕێگەم بدە، کوڕی باش، ئایا دەتوانیت.. بەڵام دەبێت چاکتر و ڕوونتری بڵێم: ناڵێم دەتوانیت، دەبێت بڵێم دەوێریت ئێستا کە تەماشام دەکەیت، بە ڕاستی پێم بڵێیت کە من بەراز نیم؟

لاوەکە وەڵامی نەدایەوە.

کابرای قسەکەر دوای ئەوەی بە هەموو ویقارێکییەوە چاوەڕێی کرد تا دەنگی حیلکەحیلکەکە لە ژوورەکە بڕا، لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

-باشە.. باشە.. با بڵێین من بەرازم.. بەڵام ئەو خانمە، من لە ئاژەڵ دەچم، وەلێ کاترینا ئیڤانۆڤنا[1]ی هاوسەرم کەسایەتییەکی ڕووناکبیرە و کچی سەرهەنگە، وا من کەسێکی نابووتم، خۆ ژنەکەم هەم گیانێکی بەرزی هەیە و هەم هەستێکی پڕ، ئەمانەی بەرئەنجامی پەروەردەی خانەدانیەتییە و لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا.. خۆزگا ئەو دڵی بە من بسووتایە، گەورە و ئازیز، بەڕێز گیان، ئاخر پێویستە هەر مرۆڤێک لایەنی کەم کەسێکی هەبێت دڵی بۆی بسووتێت، کاترینا ئیڤانۆڤنا هەرچەندە ژنێکی چاکە، بەڵام بێویژدانە.. ئەگەرچی من خۆم لەوە گەیشتووم کە ئەگەر قژیشم لەبن هەڵکێشێت، لە ڕووی دڵسۆزییەوەیە.

لەبەر ئەوەی جارێکی تر گوێی لە پێکەنین بوو، زۆر بە ڕێز و سەنگینییەوە وتییەوە:

---

[1] *Katerina ivanovna*

- بەڵێ گەورەی ئازیز، بەبێ تەریقبوونەوە ملی بۆ دەدەم، کە مووەکانم دەرکێشێت و دەیشیکات، بەڵام خوا گیان، چی دەبوو ئەگەر تاقەجارێک.. بەڵام نا، هەموو ئەمانە بێهودەن و شیاوی باسکردن نین، شیاو نین.. چونکە ئەوەی من دەمویست، زۆرجار ڕووی داوە و گەلێک کەڕەت بەزەییان پیامدا هاتۆتەوە. بەڵام.. ئیتر ئەمە لە تایبەتمەندییەکانی منە و منیش لە خۆمدا ئاژەڵێکم.

خاوەن مەیخانەکە بەدەم باوێشکدانەوە وتی:

- وایە.

مارمیلادۆڤا مشتەکۆڵەیەکی توندی بە مێزەکەدا کێشاو وتی:

- ئەمە سروشتی تایبەتی منە، دەزانیت، ئایا دەزانیت، گەورەم، من تەنانەت گۆرەوییەکانیم فرۆشت و بە پارەکەی شەرابم کڕی؟ خراپ تێنەگەیت، پێڵاوەکانیم نەفرۆشت، چونکە ئەگەر پێڵاوەکانیم بفرۆشتایە، ئەوەندە سەیر نەدەبوو، من گۆرەوییەکانی، گۆرەوییەکانی ئەوم دایە خواردنەوە، لەچکەکەی سەریشی کە لە کورکی نەرم دروست کرابوو و پێشتر بە دیاری دابوویانێ، ماڵی خۆیشی بوو، نەک ماڵی من، ئەویشم دایە خواردنەوە. بێ لەمانە ئێمە لە ژوورێکی ساردا دەژین ، لەم زستانەدا سەرمای بووە و ماوەیەکە کۆکەکەی خوێنی پێوەیە، سێ منداڵی بچووکمان هەیە و کاترینا ئیڤانۆڤنا لە بەیانییەوە تا ئێوارە کار دەکات، دەشوا و دەسڕێ و منداڵەکان پاک دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی لە منداڵییەوە بە پاکژی ڕاهاتووە، وەلێ بە سنگی لاوازەوە کە ڕەنگە سیلی گرتبێت و من چاک هەست بەمە دەکەم، بۆ من بێهەستم؟ چەند زیاتر بخۆمەوە، زۆرتر هەست دەکەم، هەر لەبەر ئەمەیە دەخۆمەوە. چونکە خەم و ئازار لە خواردنەوە دەبینم.. دەخۆمەوە، چونکە دەمەوێت ئازار بچێژم.

بەدەم ئەم قسانەوە نائومێدانە سەری خۆی بەسەر مێزەکەدا شۆڕ کردەوە، پاشان دیسانەوە سەری بەرز کردەوە و کەوتەوە قسەکردن:
- کوڕی چاک، لە ڕووتدا جۆرە خەم و ڕەنجێک دەبینم، هەر کە هاتیتە ژوورەوە، هەستم پێکرد، هەر لەبەر ئەوەیش بوو زوو لەگەڵتا کەوتمە قسەکردن. مەبەستم لە باسکردنی ژیانی خۆم بۆ ئێوە بۆ ڕسواکردنی خۆم نییە لە بەردەم ئەم بێکارانەدا، بەهەرحاڵ، ئەمانە بەبێ وتنی خۆیشم لەوە ئاگادارن، من بەدوای کەسێکی هەستیار و خوێندەواردا وێڵم. ئەوە بزانە ژنەکەم لە قوتابخانەیەکی ناوچەیی گرنگی ئۆروستوکراتییەکاندا خوێندویەتی و لە ئاهەنگی دەرچوونیشیدا لە بەرانبەر پارێزگار و ئەوانی تردا سەمایەکی شالی[1] کردووە و بەو بۆنەیەوە میداڵێکی زێڕ و ڕێزنامەیەکی دراوەتێ، میداڵ.. ئیدی میداڵەکەمان فرۆشت.. ماوەیەکە.. هوم.. بەڵام ڕێزنامەکە هێشتا لە سندووقەکەیدایە. لەم ماوەیەدا پیشانی خاوەن ماڵەکەی دەدا، ئەگەرچی لە نێوان ئەو و خاوەن ماڵەکەدا هەمیشە کێشەیەکی زۆر هەیە، بەڵام لە دواییدا دەیویست لە بەردەم کەسێکدا شانازی بە خۆیەوە بکات و باس لە ڕۆژە خۆشەکانی ڕابووردووی بکات. من ئەم کارە بە سووک نازانم، نا، هیچ بە سووکی نازانم، چونکە ئەوە تاقە شتێکی یادەوەریی ڕابووردووە کە بۆی مابێتەوە، هەموو شتەکانی تری بەبا چووە. بەڵێ، بەڵێ، ژنێکە زوو خوێنی دەجۆشێت،

---

[1] سەمای شال" ماریا کونستانتی ژنی یەکەمی دوستوفیسکی شانازیی بەوەوە کردووە کە لە ئاهەنگی دەرچوونیدا لە "پەیمانگای ستراخان" سەمای شالی کردووە. "سامی الدروبی" وەرگێڕی عەرەبی. لە فارسییەکەدا دەڵێت سەمای بە شال کرد و ئێمە عەرەبییەکەمان پێ چاکتر بوو.

بە خۆی دەنازێ و سەرسەختە، خۆی ناو ژوورەکە دەشوا و بە نانی ڕەق قایلە، بەڵام ڕێ بەوە نادات کەس بێڕێزیی پێبکات، هەر لەبەر ئەوە بوو نەیویست لە شەڕئەنگێزیەکەی جەنابی لیبیزیاتینکۆف بێدەنگ بێت، بۆیە کە جەنابی لیبزیاتینکۆف لێی دا، ئەو زیاتر لە داخا لەسەر جێ کەوت، نەک لەبەر ئازاری لێدانەکە. کە من هێنام، بێوەژن بوو، سێ منداڵی هەبوو، یەک لەوی دی بچووکتر، لەگەڵ شووی یەکەمیدا کە ئەفسەری پیادە بوو، بە خۆشەویستی پێک گەیشتبوون و لە ماڵی باوکی هەڵاتبوو.. مێردەکەی زۆر خۆش ویستووە، بەڵام ئەو دەستی داوەتە قومارکردن، تا گەیشتۆتە دادگاییکردنی و مردووە. لە دواییشدا زۆری لە ژنەکەی داوە، هەرچەندە کاترینا ئیڤانۆڤنایش کەمی پێنەکردووە، من ئەمە بە بڕواو بەڵگەوە دەزانم، بەڵام تا ئێستایش کە مێردە کۆنەکەی دێتەوە یاد، فرمێسک لە چاویا قەتیس ئەمێنێت و بۆ ئەو سەرکۆنەی من دەکات، من پێم خۆشە، بەڵێ، پێم خۆشە، چونکە لە خەیاڵی خۆیدا بەختەوەرییە لەدەستچووەکەی دیسان دەبینێتەوە.. دوای مێردی پێشووی، خۆی و سێ منداڵی بچووکی لە شارۆچکەیەکی دوور و پڕ لە مەترسیدا دەژیان، منیش ئەوسا لەوێ بووم، ئەو لە کەساسییەکی هێند بێئومێدانەدا دەژیا، کە هەرچەندە من گەلێک پێشهاتی زۆر ناخۆشم دیووە، بەڵام ناتوانم وەسفی ئەوەی ئەو بکەم، هەموو خزمەکانی پشتیان لێ هەڵکردبوو، بێجگە لەوەی خۆیشی لەخۆبایی بوو، لە خۆباییبوونەکەی لەڕادەبەدەر بوو.. لەو ماوەیەدا گەورەی بەڕێز، لەو ماوەیەدا، منیش ژنەکەم مردبوو، کچێکی پانزە ساڵەم لێی هەبوو، داوام لێکرد شووم پێبکات، چونکە لە بەردەم ئەو ئازارەدا خۆم بۆ ڕاگیر نەدەکرا. ژنێکی

بەتەربیەتی ڕووناکبیر و لە خێزانێکی ناودار، ئامادە بێت ببێتە ژنم، ئیتر ئەوە خۆتان بڕیار بدەن کە دەبێت لە چ بەدبەختییەکدا بووبێت!
بەڵێ، شووی پێکردم، بەدەم گریەوزارییەوە، لەتاوا دەستی هەڵدەگڵۆفت. بوو بە ژنم، چونکە چ پەنایەکی تری نەبوو، تێدەگەیت جەناب، تێدەگەیت بێپەنایی مانای چی؟ نا، تۆ هێشتا تێی ناگەیت.. ساڵێکی تەواو بە دڵسۆزی و بڕواوە کاری خۆم بەجێ دەهێنا و دەستم بۆ "ئەمە" نەبرد (مارمیلادۆڤ لێرەدا ئاماژە بۆ قاپی مەیەکە دەکات) چونکە من مرۆڤێکی پڕ لە سۆزم، بەڵام بەم کارەیشەوە نەمتوانی دڵی بەدەست بێنم، لە کارەکەیشم دەرکرام بەبێ ئەوەی گوناهێکم هەبێت. تەنیا لەبەر ئەوەی دەیانویست ئاڵوگۆڕ لە کارمەنداندا بکەن. ئیتر لەو کاتەوە دەستم پێکرد.
ساڵ و نیوێک لەمەوبەر، دوای گەلێک سەرگەردانی و بەدبەختی، لەم پایتەختە جوانەدا گیرساینەوە کە بە پەیکەری بێئەژمار ڕازاوەتەوە، لێرە کارم پەیدا کرد، پەیدام کرد و دیسان لەدەستم دایەوە، تێدەگەیت؟
ئەمجارەیان کارلەدەستدانەکەم سووچی خۆم بوو، چونکە ئیدی سروشتە ڕاستەقینەکەی خۆم زاڵ ببوو.. وا ئێستا لە سووچی ماڵێکدا دەژین، ژنەکە ناوی ئامالیا فیودوروڤنا لیپڤیگزڵە[1]، بەڵام بە چی دەژین و چۆن کرێی ژوورەکە دەدەین، نازانم.. بێجگە لە ئێمە خەڵکی تری زۆر لێیە، شارە سامناکەکەی لووتە! هوم.. بەڵێ، کچەکەیشم گەورە بوو، کچی ژنی یەکەمم، ئەم کچە داماوە تا گەورە بوو، چ بەڵایەکی لە باوەژن بینی، ئەوە باس ناکەم. چونکە ئەگەرچی کاترینا ئیڤانۆڤنا

[1] *Amalia Fedorovna Lippevekhzel*

لێوانلێوە لە هەستی گەورەیی، بەڵام ژنێکی زۆر تووڕەیە و زوو هەڵدەچێت.. بەڵێ، وەلێ بەیادهێنانەوەی ئەو شتانە تازە چ سوودی هەیە! سۆنیا، خۆتان چۆنتان دەوێت وای وێنا بکەن. پەروەردە و خوێندنی بە خۆیەوە نەدی، چوار ساڵ لەمەوبەر ویستم خۆم جوگرافیا و مێژووی دنیای فێر بکەم، وەلێ لەبەر ئەوەی شارەزاییەکی باشم لەو زانستانەدا نەبوو، ڕابەرێکی چاکیشم هەر نەبوو، نەمتوانی. ئاخر من کۆمەڵێک کتێبم هەبوو، هوم.. ئەو کتێبانەیشم نەمابوون، بۆیە نەمتوانی هیچ فێری کچەکەم بکەم، لەسەر کۆرشی پاشای فارس وەستاین.. پاشان کە تەمەنی گەیشتە باڵقی، چەند ڕۆمانێکی خوێندەوە، تازەیش بە هۆی جەنابی لیبزیاتینکۆفەوە کتێبی ژیانزانیی "لیوییس". ئایا بەو کتێبە دەزانیت؟ بە وردی خوێندیەوە و تەنانەت هەندێکیشی بۆ باس کردین، ئەمە هەموو خوێندنەکانیەتی، ئێستا گەورەی ئازیز، بەرەو ڕووی پرسیارێکی تایبەتیت دەکەمەوە: ئاخۆ بە ڕای ئێوە کچێکی هەژار و خانەدان دەتوانێت بە ڕێگەیەکی شەرافەتمەندانە پارەیەکی زۆر پەیدا بکات؟ چەندییش خۆی بڕەتێنێت، ئەگەر شەریف بێت و بەهرەی تایبەتی نەبێت، هێشتا ڕۆژیی پانزە کوپیک پەیدا ناکات. ئەو قەموورە، ئیڤان ئیڤانۆڤیچ[1] کە نازانم ناویت بیستووە یان نا، نەک تەنیا پارەی دوورینی شەش کراسی قوماشی هۆڵەندی خۆی بە بیانووی ئەوەوە کە یەخەی کراسەکان لارن و باش نەدوراون تا ئێستا نەداوە، بەڵکو و کەوتۆتە سووکایەتیپێکردن و پێی بە زەویدا کێشاوە و تێر جوێنی کردووە و سۆنیای ڕاو ناوە. منداڵەکانیش برسییان بوو.. کاترینا

[1] *Ivan Ivanovich*

ئیڤانۆڤنایش لە داخ و خەفەتا دەستی هەڵدەگڵۆفت و بە ناو ژوورەکەدا هەر دەهات و دەچوو، پەڵە سوورەکانی سەر ڕوومەتیشی کە هەمیشە لەگەڵ ئەو نەخۆشیەدان، دەردەکەوتن. وەک ئەوە وابوو کە بیەوێت بە سۆنیا بڵێ: "تۆی تەمەڵ لای ئێمە دەژی، دەخۆیت و دەخۆیتەوە و سەرمات نابێت" بەڵام چ خواردن و خواردنەوەیەک! جاری وا هەبوو منداڵەکان بە سێ ڕۆژ تیکەیەک نانیان نەدەبینی. من لەو کاتەدا خەوتبووم.. بڵێم چی؟ خەوێکی مەستانە، لەپڕێکدا گوێم لە سۆنیاکەم بوو (ئەو گەلێک کەساس و هێورە و دەنگێکی شەرمنانەی پێوەیە، قژی زەردە، هەمیشە ڕەنگی دەموچاوی پەڕیووە و لاوازە". دەیگوت: "باشە، کاترینا ئیڤانۆڤنا، ئایا لای تۆ ڕەوایە من کاری وا بکەم؟" با ئەوەیش بڵێم، داریا فرانسوڤنا[1] کە ئافرەتێکی بەدڕەوشت بوو و پۆلیس باشیان دەناسی، سێ جار هاتبووە لای خاوەن ماڵەکەمان و هەواڵی سۆنیای پرسی بوو. کاترینا ئیڤانۆڤنا بە تەوسەوە وەڵامی سۆنیای دایەوە و وتی:

- ئەی بۆ؟ چ سوودێکت لە پاراستنی ئەم گەنجینەیە دەست دەکەوێت؟

- بەڵام، گەورە و ئازیز، لۆمەی مەکە، نا، لۆمەی مەکە، ئەو قسانەی لە حاڵخاسیدا نەوتووە، بەڵکو لە کاتێکدا کردوونی، کە تەواو پەرێشان و نەخۆش بووە، ئەو کاتە ئەو قسانەی دەکرد، کە گوێی لە گریانی منداڵە برسییەکانی دەبوو، ئەو قسانەی بەڕاست نەبوو، بەڵکو تەنیا بە تەوسەوە دەیوتن، چونکە ئەوە خووی کاترینا ئیڤانۆڤنایە، هەر کە منداڵەکان بگرین، ئەگەر لە برسانیشا بێت، یەکسەر دەست بە لێدانیان

---

[1] *Daria Fransovna*

دەکات. ئەو کاتە لە دەوری سەعات شەشدا سۆنیای ئازیزم بینی هەستا، سەرپۆشەکەی هەڵگرت و چاکەتەکەی لەبەر کرد، لە ماڵ چووە دەرێ و سەعات نۆ گەڕایەوە، ڕاست چوو بۆ لای کاترینا ئیڤانۆڤنا و لەسەرخۆ سی ڕۆبڵی نایە بەردەستی، تەنانەت وشەیەکی نەوت، خۆزگا هیچ نەبووایە تەماشایەکیشی بکردایە، نا، پەتووە ئاوریشمە سەوزەکەمانی هەڵگرت (ئەو پەتووەی هەموومان بە کاری دێنین) سەروچاوی خۆی پێداپۆشی، ڕووی لە دیوارەکە کرد و لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشا، تەنیا لەرزینی شانە چکۆڵەکانی و لەشیمان دەبینی.. من هەروەک جاران ڕاکشابووم، ئەو کاتە بینیم، لاوی بەڕێز، بینیم، بەڵێ، کاترینا ئیڤانۆڤنام بینی بەبێ ئەوەی وشەیەکی بەدەمدا بێت، چووە نزیک جێگاکەی سۆنیا گیانەوە و بە درێژایی ئەو شەوە لەبەر پێیدا چۆکی دادا، ماچی دەکرد و نەیدەویست هەستێت، پاشان هەردووکیان لە ئامێزی یەکتردا خەویان لێکەوت.. هەردووکیان.. پێکەوە.. بەڵێ.. منیش بە سەرخۆشیی لێی کەوتبووم.

مارمیلادوڤ بێدەنگ بوو، وەک دەنگی بڕا بێت، وابوو، لەپڕا و بەپەلە کەمێک بادەی لە پەرداخەکە کرد و هەڵی دا، نالاندی و دوای کەمێک بێدەنگی کەوتەوە قسە:

- لەو کاتەوە، گەورەم، لەو کاتەوە، بە هۆی ڕووداوی ناخۆش و لە ئەنجامی بوختانی خەڵکانی خراپەوە –بە تایبەتی داریا فرانسڤنا بە بیانووی ئەوەوە کە ڕێزیان لێنەگرتووە، ڕقی هەڵگرتبوو– لەو کاتەوە، سۆنیا سیمیونوڤنای کچم ناچار بوو کارتی زەرد هەڵبگرێت و ئیدی نەیدەتوانی لای ئێمە بمێنێتەوە، بێ لەمەیش ئامالیا فیودروڤنای خاوەن ماڵیشمان قایل نەبوو بە مانەوەی، هەرچەندە پێشتر خۆی هاوکاریی داریا فرانسڤنای کردبوو، هەروەها جەنابی لێبێزیاتینکۆف.. هوم..

ئەوەی لە نێوان ئەو و کاترینا ئیڤانۆڤنا ڕووی دا، لەسەر سۆنیا بوو، لە سەرەتادا دەیویست خۆی لە سۆنیا نزیک بکاتەوە، کەچی لەپڕێکا فیزی هاتێ و وتی: "چۆن دەبێت، کەسێکی وەک منی بەڕەوشت و زانا لەگەڵ ژنێکی ئاوادا لە شوێنێکدا بژیم؟" کاترینا ئیڤانۆڤنایش بەسەر سووکایەتیپێکردنەکەیەوە نەچوو.. لایەنی سۆنیای گرت.. ئیتر ئەوە ڕووی دا، کە ڕووی دا. ئێستا سۆنیا گیان زیاتر بە شەو سەرمان لێدەدات و یارمەتیی کاترینا ئیڤانۆڤنا دەدات، ئەو پارەیەی بە خوێنی دڵی دەستی دەخات، بۆ ئێمەی دێنێ.. ماڵەکەیشی لای کاپەرناومۆڤی[1] خەیاتە، ژوورێکی لێ بە کرێ گرتووە، کاپەرناومۆڤ شەلە و لاڵەپەتەیە، هەموو منداڵەکانی لاڵەپەتەن و ژنەکەیشی هەر لاڵەپەتەیە.. هەموویان لە ژوورێکدان، سۆنیایش ژوورێکی تایبەتی و گەنجینەیەکی بچووکی هەیە. هوم، بەڵێ، کەسانێکی کەساس و لاڵەپەتە.. بەڵێ، بەیانی ڕۆژی دوایی هەستام، جلە دڕاوەکانمم لەبەر کرد، دەستم بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و چوومە لای جەنابی ئیڤان ئافاناسیڤیچ[2]، ئایا تۆ جەنابی ئیڤان ئافاناسیڤیچ دەناسیت؟ نا؟ کەواتە تۆ خەڵکانێکی ڕوولەخوا ناناسیت، مۆمێکە بەرانبەر وێنەی خودا، وەک مۆم دەتوێتەوە، دوای ئەوەی گوێی لە هەموو شتەکانم گرت، فرمێسک لە چاوی گەڕا و فەرمووی:

-باشە مارمیلادۆڤا، جارێک فریووت دام و ئەوەی چاوەڕێم لێدەکردیت، نەتکرد، جارێکی تریش بەرپرسیارت دەکەم و داتدەمەزرێنمەوە –ڕێکوڕەوان وای وت– ئەمەت لە بیر نەچێت، بڕۆ.

---

[1] *kaper naoumof*

[2] *Ivan Afanasivich*

من بە خەیاڵ خاکی بەرپێیم ماچ کرد، چونکە بە ڕاستی ئەو ڕێگەی بە کاری وا نەدەدا، لەبەر ئەوەی پیاوێکی پایەبڵند و بیری سیاسی و پەروەردەیەکی نوێی هەبوو. گەڕامەوە ماڵێ و هەر ئەوەندەی پێم وتن دیسان گەڕاومەتەوە سەر کار و مووچە وەردەگرم، خوا دەزانێت لە خۆشیا چییان کرد!

مارمیلادۆڤا دیسانەوە بە ناڕەحەتییەکی زۆرەوە قسەکانی خۆی بڕی، لەڤ کاتەدا کۆمەڵێک مەیخۆر، کە هەموویان تەواو مەست بوون، لە کۆڵانەکەوە هاتنە ناو مەیخانەکەوە، هەر لەبەر دەرگاوە، دەنگی ساز و ئاواز و دەنگی ناسکی منداڵێکی تەمەن حەوت ساڵە کە گۆرانیی "کۆڵیتە بچووکەکە"ی دەوت، بەرز بووەوە، مەیخانەکە بوو بە ژاوەژاو، خاوەنەکەی و کارگوزارانی بەرەوپیریان چوون، مارمیلادۆڤایش بەبێ ئەوەی گوێ بە تازەهاتووەکان بدات، لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆی بەردەوام بوو، وا دەهاتە بەرچاو کە بە تەواوی تێک چووبێت، بەڵام چەند زۆرتر سەرخۆش بوایە، ئەوەندە زیاتر قسەی دەکرد، پێدەچوو یادی کارە سەرکەوتووەکەی ماوەیەک لەمەوبەری هێنابێتیەوە سەر خۆی، بە جۆرێک، کە درەوشانەوەیەکی تایبەتی بە ڕوویەوە دەبینرا.

ڕاسکۆلنیکۆڤ باش گوێی بۆ گرتبوو.

- ئەم ڕووداوە، گەورەم، پێنج هەفتە لەمەوبەر بوو.. بەڵێ، هەر ئەوەندەی کاترینا ئیڤانۆڤنا و سۆنیا گیان پێیان زانی.. خودایا، دەتوت گوێزرامەوە بۆ ئاسمان، جاران وەک ئاژەڵ دەکەوتم و تەنیا جوێنم دەخوارد، وەلێ هەنووکە هەموویان لەسەر نووکی پەنجە دەڕۆیشتن، منداڵەکانیان هێور دەکردەوە کە "سمیون زاخارڤیچ"[1] ماندووە،

[1] semyon zakharovich

دەحەسێتەوە، وس" وای لێهاتبوو پێش چوونە سەر کار قاوەیان دەدامێ، شیریان گەرم دەکرد و سەرتوێژەکەیان دەدامێ، سەرتوێژی ڕاستیان بۆ پەیدا دەکردم، گوێت لێمە؟ چۆن توانییان یانزە ڕۆبڵ و پەنجا کوپیک کۆ بکەنەوە، نازانم؟ پێڵاو، کراس و یەخەی ناسکی زۆر باش، بەرگی فەرمی، هەموو ئەمانەیان بە یانزە ڕۆبڵ و پەنجا کوپیک بە شێوەیەکی زۆر شایستە دروست کردبوو، ڕۆژی یەکەم کە لە کار گەڕامەوە، بینیم کاترینا ئیڤانۆڤنا دوو جۆر خواردنی دروستت کردووە: سوپ و خواردنێک لە گۆشتی بەراز لەگەڵ سوسێکی تایبەتی لە ڕەگی خەرتەلە، کە تا ئەو کاتە هەرگیز بیریشمان لێنەکردبووەوە، لە ڕاستیا کاترینا هەر جلی نەبوو، یەعنی هیچی نەبوو.. وەلێ لەو ڕۆژەدا، وەک بیەوێت بڕواتە میوانداری، بەرگی گۆڕی، ئەویش نەک بەرگی ئاسایی! ئەو دەتوانێت لە هیچ هەموو شتێک دروست بکات، قژی شانە کرد، یەخەیەکی پاک و چکۆڵە بۆ گەردنی و سەردەستێکی جوانیشی فەراهەم هێنابوو، بەگشتی مرۆڤێکی تر دەرچووبوو، گەنجتر و جوانتریش، سۆنیا گیانیش، کۆترە چکۆڵەکەم، تەنیا بە پارە کۆمەکی دەکردین، دەیگوت:

- تاماوەیەکی تر باش نییە من زۆر بێمە لاتان، مەگەر لە شەودا کە کەس نەمبینێت.

- گوێت لێیە؟ گوێت لێیە؟ هاتم دوای نانی نیوەڕۆ بنووم، چیت بە بیردا دێت؟ کاترینا ئیڤانۆڤنا لەوە زیاتر خۆی بۆ نەگیرا، هەرچەندە پێش هەفتەیەک لەگەڵ خاوەن ماڵەکەماندا، ئامالیا فیودورڤنا بەشەڕ هاتبوو، بەڵام داوەتی قاوەخواردنەوەی کرد، دوو سەعات پێکەوە دانیشتن و بە گوێی یەکدیدا چرپاندیان کە:

- بەڵێ، وا ئێستا سمیون زاخارڤیچ لەسەر کارە و مووچە وەردەگرێت، خۆی بە شەخسی چووەتە لای بەڕێوەبەری بەڕێز و ئەویش خۆی بە پیرییەوە هاتووە و دەستووری داوە هەموو ئەوانی دی چاوەڕێ بن. بە تەنیا دەستی سمیون زاخارڤیچی بە بەرچاوی هەمووانەوە گرتووە و بردوویەتە ژووری کارکردنی خۆیەوە.

(ها گوێت لێمە؟) هەروەها پێی وتووە: بێگومان سمیون زاخارڤیچ، من کارەکانی تۆ لەبیر ناکەم، هەرچەندە تۆ لە بێدەربەستیی خۆتەوە تووشی لاوازییەک دێیت، بەڵام کە ئێستا وا بڕیارت داوە نەگەڕێیتەوە سەر ئەو سەرەڕۆییانە، بێجگە لەوەی کە کاروبارمان بەبێ تۆ لا سەنگ بووە (گوێت لێمە، چاک گوێت لێمە؟) لەبەر ئەوە، ئێستا کە سوێندت بە شەرەف خواردووە، هیوادارم بەڵێنەکانت ببەیتە سەر.

با پێتان بڵێم کاترینا ئیڤانۆڤنا هەموو ئەمانەی لە خۆوە دروست کردبوو، وا نەزانن ئەمانەی لە بێفیکری یان بۆ خۆهەڵنان کردووە، نا، خۆی بڕوای بە هەموو ئەمانە هەیە، بە خودا دڵی خۆی بە خەیاڵەکانی خۆش دەکات. منیش لێی ناگرم، نەخێر ئەوە بە خەوش دانانێم، کاتێک شەش ڕۆژ لەمەوپێش یەکەم مووچەم، واتا بیست و سێ ڕۆبڵ و چل کوپیکم دایە، ناوی لێنام ماسیە چکۆڵەکە، دەیوت:

- تۆ ماسییەکی چکۆڵەیت:

کە بە تەنیا بووین، ئەم قسەیەی کرد، تێدەگەیت؟ ئاخر چ جوانییەک لە مندا هەیە، چ جۆرە مێردێکم؟ نا، تەنانەت ڕوومەتی گرتم و وتی:

- ئای! چ ماسیەکی چکۆڵەیت؟

مارمیلادۆڤ لە قسەکردن وەستا، ویستی زەردەخەنەیەک بکات، وەلێ چەناگەی لەرزی، هەرچۆنێک بوو، خۆی گرت، ئەم مەیخانەیە، ئەم ڕەنگ و دەموچاوە شپرزەیە، چیرۆکی پێنج شەوی کە بەسەر

کەشتیی بارهەڵگرەوە بووە، ژیانی لەگەڵ ئارەقدا، ئەو خۆشەویستییە نائاساییەیشی کە بۆ ژن و خێزانەکەی هەیەتی، هەموو ئەم شتانە بە تەواویی ڕاسکۆلنیکۆڤیان سەرسام کردبوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە قووڵی، بەڵام بە هەستێکی نامۆوە گوێی بۆ قسەکانی گرتبوو، لەوەیش بێتاقەت بوو، کە ئەسڵەن بۆ هاتۆتە ئێرە، مارمیلادۆڤ هاتەوە سەرخۆی و وتی:
- گەورەی ئازیزم، ڕەنگە پێکەنینت بە هەموو ئەم شتانە بێت، وەک چیرۆکی تریش، ڕەنگە بەم هەڵبزڕکاندن و وردەشتە هیچوپووچانەی ژیانی خێزانیم هەراسانم کردبیت، بەڵام هەرگیز ئەمانە من ناهێننە پێکەنین، چونکە لە ناخەوە هەستم دەجووڵێنن.. بە درێژایی ئەو ڕۆژە بەهەشتییەی ژیانم و هەموو شەوەکەیشی، خۆم بەسەر باڵی خەیاڵەوە دەبینی: واتا بیرم لەوە دەکردەوە چۆن گشت کارەکانم ڕێک بخەم، چۆن منداڵەکانم پۆشتەوپەرداخ بکەمەوە، چۆن ژنەکەم ئاسوودە و دڵنیا بکەم، چۆنیش کچە تاقانەکەم لە ناو ئەو شوورەیی و شەرمەزارییەدا ڕزگار بکەم و بیخەمەوە ناو ئامێزی خێزانەکەمەوە، خەونم بە زۆر شتی تریشەوە دەبینی.. زۆر شتی تر.. هەموویان ڕەوان، گەورەم..
لەپڕا مارمیلادۆڤ موچرکێکی پیاهات، سەری بەرز کردەوە و لە گوێگرەکەی خۆی ڕوانیی.
- باشە، بەڵام ڕۆژی دوایی، پاش ئەم هەموو ئارەزووانە، تەواو هەر پێش پێنج شەو و ڕۆژ لەمەوبەر، بە ڕاووڕێویەک، وەک دزی شەو کلیلی سندوقی کاترینا ئیڤانۆڤنام فڕاند و چی لە مووچەکەم مابووەوە هەڵمگرت، چەند بوو، نازانم، ئێستا تەماشام بکەن، تەواو بوو! پێنج ڕۆژە لە ماڵ هاتوومەتە دەرێ و ئەوان بە دوامدا دەگەڕێن. کارەکەم

تەواو و جلە ڕەسمییەکەیشم لە مەیخانەیەکی نزیک بە (پردی میسر) ماوەتەوە و لەباتیی ئەو ئەم جلە شڕانەیان داومەتێ.. هەموو شتێک تەواو بوو!

مارمیلادۆڤا مستێکی بە تەوێڵی خۆیدا کێشا، لێوی کرۆشت، چاوی نووقاند و بە هەموو توانایەوە ئانیشکی دادایە سەر مێزەکە، بەڵام دوای چرکەساتێک لەپڕا دەموچاوی گۆڕا، بە ڕوویەکی ساختەو فێڵاوییەوە تەماشای ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد، پێکەنی و وتی:

- ئەمڕۆیش لای سۆنیا بووم، تا لەبری وازهێنان لە بەدمەستییەکەم پارەی لێوەرگرم، ها، ها:

یەکێک لەوانەی تازە هاتبووە ژوورێ و لە سووچێکا دانیشتبوو هاواری لێهەستا:

- جا بڵێی پارەی دابێتێ؟

زۆریش پێکەنی.

مارمیلادۆڤا تەنیا ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و وتی:

- ئەم نیو قاپەم لە پارەی ئەو کڕیووە، سی کوپیکی دەرهێنا.. بە دەستی خۆی، دوا پوولی بوو، چی پێبوو دایمێ، خۆم بینیم.. هیچی نەوت، تەنیا بێدەنگ لێی ڕوانیم.. کەس لەم دنیایەدا کاری وا ناکات، تەنیا لە ئاسمانەوە بەزەیی وایان بە خەڵکا دێتەوە و لەبری سەرزەنشت و لۆمە، بۆی دەگرین، ئەمەیان ناخۆشە، زۆر ناخۆشترە ئەگەر سەرکۆنەت نەکەن.. سی کوپیک، بێگومان خۆی ئێستا پێویستیەتی، ها؟ تۆ دەڵێی چی؟ گەورەی ئازیز، ئاخر دەبێت ئێستا ئەو ئاگای لە پاکوخاوێنیی خۆی بێت، پاکوخاوێنیی تایبەتیش پارەی گەرەکە، تێدەگەیت، تێدەگەیت؟ بێ لەوە ئەو پێویستی بە عەتر و سووراوە، تەنوورەی ڕێک و پێڵاوی جوانی دەوێت تا لە پەرینەوەی

قوڕ و چڵپاودا بتوانێت قاچ درێژ بکات و دەرییبخات. جەناب تێدەگەیت، تێدەگەیت مانای پاکوخاوێنی چییە؟ باشە، وا من، منی باوک، سی کوپیکەکەم بۆ بەدمەستی لێ فڕاند و وا ئێستا خەریکی خواردنەوەم، هەموویم دایە ئارەق، تەواو بوو، باشە، کێ هەیە بەزەیی بە یەکێکی وەک مندا بێتەوە؟ ها؟ تۆ دڵت پێم دەسووتێت؟ بیڵێ جەناب، دڵت پێم دەسووتێت یان نا؟ ها، ها، ها.

ویستی پێکێکی تر بکات، بەڵام هیچی تیا نەمابوو، بوتڵەکە خاڵی بوو. مەیخانەچییەکە کەلایان دانیشتبوو، گەزارەی لێکێشا:

- جا بۆ بەزەییان پیاتدا بێتەوە؟

دەنگی پێکەنین و تەنانەت جوێنیش بەرز بووەوە، پێکەنین و جوێنی گوێگران بوو، هی ئەوانەیش کە گوێیان لە هیچ نەگرتبوو، بەڵکو تەنیا بۆ تەماشاکردنی هەیکەلی کارمەندە خانەنشینەکە هاتبوون.

مارمیلادۆڤا لەناکاوێکدا کاتێک کە دەستی بۆ پێشەوە درێژ کرد، بە دەنگی سرووشئامێزەوە، وەک ئەوەی تەنیا چاوەڕوانی ئەم وشانە بووبێت، نەڕاندی:

- بەزەیی؟ بۆ دڵتان پێم بسووتێ؟ تۆ دەڵێی بۆ بەزەییان پێتا بێتەوە؟ بەڵێ، هیچ هۆیەک بۆ بەزەیی پیاهاتنەوەم نییە، هەق وایە لە خاچم بدەن، خاچ، نەک بەزەییان پیامدا بێتەوە، کەواتە لە خاچی دە، ئەی قازی، لە خاچی دە و دوای ئەوە بەزەیت پیایدا بێتەوە، ئەوسا من خۆم بۆ لە خاچدان دێمە بەردەمت، چونکە من تینووی خۆشی نیم، بەڵکو تینووی خەم و فرمێسکم، تۆ ئەی ئارەقفرۆش، وا دەزانیت ئەم نیو قاپەی تۆ خۆشیم پێدەبەخشێت! من لەناویا بۆ خەم و ئازار دەگەڕێم، خەم و فرمێسک و چەشتیشم. دەستم کەوت، بەڵام ئەو کەسە دڵی بە من دەسووتێت، کە دڵی بۆ هەموو کەسێک بسووتێت.

ئەو کەسەی لە هەموو کەسێک و لە هەموو شتێک تێگەیشت، ئەوە تاقەکەس و هەر ئەویش دادوەرە. لە ڕۆژی قیامەتدا دێت و دەپرسێت: "ئەو کچە لە کوێیە کە بۆ باوەژنی زاڵم و سیلاوی، لەبەر منداڵی بێگانە و ساوا، خۆی فرۆشتووە؟ ئەو کچە لە کوێیە کە بۆ باوکەکەی سەرزەمینی، کە سەرخۆش و بێکارەیە، بەبێ ئەوەی ترسی لە ئاژەڵیەتییەکەی باوکی هەبێت، بەزەیی پێبەخشی؟" دیسانەوە دەڵێت: "وەرە، جارێک تۆم بەخشی، جارێک بەخشیمیت.. وا ئێستایش لە هەموو گوناهەکانت دەبوورم، چونکە تۆ میهرەبانیت" ئینجا لە سۆنیای من دەبوورێت، دەبوورێت، دەزانم دەبوورێت، من ئەو کاتەی لای بووم، ئەم هەستە لە دڵم گەڕابوو.. خودا داوەریی هەموویان دەکات و دەیانبەخشێت، چاکەکان و خراپەکان، عاقڵ و نەزانەکان، کە کاری هەمووی تەواو کرد، ئەوسا بە ئێمە دەڵێت: "ئێوەیش وەرنە دەرێ، وەرنە دەرێ، سەرخۆشەکان، وەرنە دەرێ لاوازەکان، وەرنە دەرێ گوناهکاران!" ئێمە هەموو دێینە دەرێ و دەوەستین، ئەو دەڵێت: "ئێوە بەرازن، لە حەیوان دەچن، بەڵام ئێوەیش هەر وەرن". ئەوسا داناکان دێنە دەنگ، هزرمەندانیش دێنە دەنگ کە: "خودایا، لەبەر چی پێشوازی لەمانە دەکەیت؟" ئەو دەڵێت: "پێشوازی لەمانە دەکەم، ئەی دانایان، پێشوازییان لێدەکەم، ئەی هزرمەندان، چونکە هیچ یەکێک لەمانە هەرگیز خۆی بە شایستەی ئەم بەخشینە نەزانیووە". ئینجا خودا دەستی بۆ لای ئێمە درێژ دەکات و ئێمەیش ماچی دەکەین.. دەگرین و تێدەگەین، ئەوسا لە هەموو شت دەگەین.. هەموو تێدەگەن.. تەنانەت کاترینا ئیڤانۆڤنا.. ئەویش تێدەگات، خودایا با فریشتەکانت زووتر بگەن!

مارمیلادۆڤا بەبێ ئەوەی تەماشای کەس بکات، بەبێ هێز و توانا کەوتە سەر قەنەفەکە، وەک دەوروبەرەکەی فەرامۆش کردبێت، کەوتبووە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، وتەکانی کاریگەر بوون، چرکەساتێک هەموو کڕ بوون، بەڵام زۆری نەبرد دەنگی پێکەنین و جوێنەکانی پێشوو کەوتنەوە بەر گوێ.

- داوەرییەکی باش!

- بەسەریەکیا ترشاند.

- ئیتر کارمەندە!

چی و چی تریش.

مارمیلادۆڤا لەپڕا سەری بەرز کردەوە و بە ڕاسکۆلنیکۆڤی وت:

-با بڕۆین گەورەم.. بمگەیەنە.. ماڵی کوزیل[1]ی ناو حەسارەکە، ئیدی دەبێت.. بگەڕێمەوە لای کاترینا ئیڤانۆڤنا..

دەمێک بوو ڕاسکۆلنیکۆڤ نیازی ڕۆیشتنی بوو، هەر لە خۆیشیەوە ئەوەی لەبیردا بوو هاوکاریی ئەم پیاوە بکات، کە کەوتنە ڕێ، دیار بوو هەنگاوەکانی مارمیلادۆڤا لە توانای قسەکردنەکەی بێهێزتر بوو. لەبەر ئەوە توند پاڵی بە لاوەکەوە دا، هەموو ڕێگەکە دوو سەد، سێ سەد هەنگاو زیاتر نەبوو، چەندە لە ماڵەکە نزیکتر بکەوتنایەتەوە، زیاتر ترس و نارەحەتی بەرکی پیاوە سەرخۆشەکەی دەگرت، بە نیگەرانییەوە لەژێر لێوەوە وتی:

- من لە کاترینا ئیڤانۆڤنا ناترسم، لەوەیش ناترسم چۆن قژم ڕادەکێشێت، قژ چییە؟ هیچ نییە، من ئەمە دەڵێم، ئەسڵەن چاکتر وایە قژم پێوە نەهێڵێت، من لەوە ناترسم.. من.. لە چاوی دەترسم.. بەڵێ..

---

[1] kozel

لە چاوی.. لە پەڵە سوورەکانی سەر ڕوومەتی دەترسم و هەروایش.. لە هەناسەی دەترسم.. ئایا ئەو جۆرە نەخۆشانەت دیووە چۆن هەناسە دەدەن.. بە تایبەتی کە تووشی هەڵچوون دێن؟ لە گریانی منداڵەکانیش دەترسم، چونکە ئەگەر سۆنیا خواردنی نەدابێتنێ.. نازانم چی ڕووی داوە، نازانم، بەڵام لە لێدان ناترسم، گەورەم بزانە، کە ئەو جۆرە لێدانانە بۆ من ترسناک نین، بەڵکو چێژم پێدەبەخشن، چونکە بەبێ ئەوە هەرگیز کارم ڕایی نابێت.. ئەمیان باشترە، لێگەڕێ لێم بدات و داخی دڵی بڕێژێت، ئەمیان باشترە.. باشە، ئەمەیش ماڵەکە، ماڵی کوزیل، دارتاشی دەوڵەمەندی ئەڵمانی.. بابڕۆین..

لە حەوشەوە چوونە ژوورێ، سەرکەوتنە قاتی چوارەم، چەند زیاتر بە پلیکانەکاندا سەربکەوتنایە، تاریکتر دەبوو، سەعات نزیکەی یانزە بوو، هەرچەندە لەم وەرزەدا پترزبورگ شەوی ڕاستەقینەی نییە، بەڵام سەر پلیکانەکان زۆر تاریک بوو، دەرگایەکی بچووکی دووکەڵاوی، لە سەرەوە، لە کۆتایی پلیکانەکاندا کرابووەوە، لە ناوەوە مۆمێک ژوورێکی زۆر گەنیلەی ڕووناک دەکردەوە، کە درێژیەکەی دە هەنگاو بوو. هەموو ژوورەکە لە هەیوانەکەوە دەبینرا. هەموو شتێک، بە تایبەتی پەڕۆ و پیتاڵی کۆنەی منداڵانە لەو ناوەدا کەوتبوون. لە سووچی ئەوپەڕی ژوورەکەدا پەردەیەکی کون کون ڕاکێشرابوو، زۆر لەوە دەچوو پشتەوەی قەرەوێڵەیەکی نووستن بێت. هەر لە ناو ژوورەکەدا تەنیا دوو کورسی، قەنەفەیەکی شکاوی پەڕپووت، کە قوماشێکی چەوری بەسەردا درابوو، مێزێکی کۆنی موبەق کە لە دارێکی خراپی بۆیەنەکراو بەبێ ئەوەی سفرەی بەسەرەوە، بێت بەرانبەر بە قەرەوێڵەکە دەبینرا، لە سووچێکی مێزەکەدا پاشماوەی مۆمی ناو مۆمدانێکی فافۆن دەسووتا، دیار بوو و مارمیلادۆڤا لە

خودی ژوورەکەدا نیشتەجێ بوو، نەک هەموو بەشەکەی گرتبێت. ژوورەکەی سەرەڕێ بوو، ئەو دەرگایەی دەچووەوە سەر ژوورەکان، یان باشتری بڵێم لانەکانی تر و خانووەکەی ئامالیا لیپە و ڤخزلی پێک دەهێنا، نیوەی کرابووەوە و لەوێوە گوێت لە هەراوزەنا دەبوو، پێدەکەنین، لەوە دەچوو یاری کاغەزێن بکەن و چا بخۆنەوەو هەندێک اریش قسەی قۆڕی بێسەرەوبەرە بکەن.

ڕاسکۆلنیکۆڤ زوو کاترینا ئیڤانۆڤنای ناسی، ژنێکی زۆر لاواز و باریک و تاڕادەیەک باڵابەرز و ڕێک، قژێکی زەردی هێشتا زۆر جوان، ڕاست بوو بەسەر ڕوومەتیشییەوە دوو لەکەی سوور هەبوون، کاترینا ئیڤانۆڤنا دەستی نووساندبووە سنگییەوە، لە ژوورە بچووکەکەی خۆیدا هاتوچۆی دەکرد، لێوی وشک و هەناسەبڕکێی بوو، چاوی وەک تالێهاتوویەک دەدرەوشایەوە، بەڵام ڕوانینی تیژ و بێتروکە بوو. دەموچاوە سیلاوییەکەی، لەبەر ڕووناکیی دواتروسکەی مۆمە تەواوبووەکەدا نەخۆش دەینواند.

بە لای ڕاسکۆلنیکۆڤەوە تەمەنی سی ساڵان بوو، بەهەق نەدەبوو هاوسەری مارمیلادۆڤا بێت. ژنەکە بە هاتنیانی نەزانی و دەنگی نەبیستن، دەتوت لە جۆرە بێهۆشییەکدایە، کە نەدەبیستێ و نەدەبینێ، هەرچەندە هەوای ژوورەکە خەفەکەر بوو، کەچی بەوەیشەوە پەنجەرەی نەکردبۆوە، لە پلیکانەکانەوە بۆگەنێک دەهات، وەلێ ئەو دەرگایەی دەچووە سەر پلیکانەکان، دانەخرابوو، لە ژوورەکانی تەنیشتەوە، لە دەرگا نیوەکراوەکەوە شەپۆلی دووکەڵی جگەرە دەهاتە ژوورێ، ژنەکە دەکۆکی و کەچی دەرگای دانەدەخست، بچووکترین کچۆڵەیان کە تەمەنی شەش ساڵ دەبوو، بە چیچکانەوە کزۆڵەی کردبوو، سەری نابووە کورسییەکەوە و لەسەر زەویەکە خەوی

لێکەوتبوو، کوڕێک کە پێدەچوو ساڵێک لەو گەورەتر بێت، لە سووچێکدا دەلەرزی و دەگریا، دەتوت تازە لێی دراوە، کچە گەورەکە کە تەمەنی نۆ ساڵ و باڵای بەرز و وەک دەنکی شقارتە باریک بوو، باڵاپۆشێکی کۆنەی دابووە سەر شانە ڕووتەکەیدا، کە دیار بوو دوو ساڵ لەوەوبەر بۆیان دروو بوو، چونکە ئێستا نەدەگەیشتە سەر ئەژنۆی، کچە لە پاڵ برا بچووکەکەیدا، لە سووچێکدا وەستا بوو، دەستە درێژ و مژانئاساکەی توند ئاڵاندبووە ملی براکەی، گوایە بێدەنگی دەکات، شتێکی بە گوێیدا دەچرپاند و هەوڵی دەدا جارێکی دی منداڵەکە نەکەوێتەوە هەنسکدان، لەگەڵ ئەوەیشدا بە چاوە زۆر گەورە و تێرەکانی کە بە دەموچاوە لاواز و هەڵبزڕکاوەکەیەوە گەورەتر دەردەکەوت، بە ترسەوە لە دایکی دەڕوانی و چاودێریی دەکرد، مارمیلادۆڤا بەبێ ئەوەی بڕواتە ژوورەکەوە، لە بەردەم دەرگاکەدا کەوتە سەرچۆک و ڕاسکۆلنیکۆڤی بۆ ژوورەوە ڕادا، ژنە کە چاوی بەو پیاوە غەریبە کەوت، بەسەر سوڕمانەوە لە ڕوویدا وەستا، دوای کەمێک هاتەوە سەرخۆی و دەتوت بیری لێکردۆتەوە کە ئەو پیاوە بۆ هاتۆتە ژوورێ؟ زۆر زوویش وای لێکدایەوە کە ڕەنگە بۆ ماڵی تر هاتبێت، چونکە ژوورەکەی سەرەڕێی ئەوانی ترە، هەر بەو بیرەوە بەبێ ئەوەی گوێ بە پیاوەکە بدات، ژن بەرەو ڕارەوەکە چوو تا دەرگاکە دابخات، لەپڕا کە مێردەکەی بینی لە بەردەم دەرگاکەدا چۆکی داداوە، هاواری لێهەستا، زۆر بە توڕەییەوە وتی:

- ها.. گەڕایتەوە! شەیتان، حەیوان، پارەکان کوان؟ چیت لە گیرفاندایە. پیشانم بدە، جلەکانیشت گۆڕاوە، کوا ئەوەی خۆت؟ پارەکان کوان؟ دەی قسە بکە...

یەکسەر کەوتە پشکنینی گیرفانی مێردەکەی، مارمیلادۆڤا زوو خۆی بۆ شل کرد و دەستی بڵاو کردەوە و بە تەنیشتی خۆیدا درێژی کردن تا بە ئاسانی گیرفانەکانی بپشکنێت، تەنانەت کوپیکێکی تیا نەمابوو، ژنە هاواری لێهەستا:

- ئەی پارەکە کوا؟ خودایا، یەعنی هەمووت بەبا دا! ئاخر هێشتا دوانزە ڕۆبڵ لە سنووقەکەدا مابووەوە..

لەناکاودا بەوپەڕی تووڕەییەوە دەستی لە قژی گیر کرد و بەرەو ناو ژوورەکە ڕایکێشا، مارمیلادۆڤا بۆ ئەوەی ژنەکەی ماندوو نەکات، ملی بۆ دا و لەسەر ئەژنۆ کەوتە دوای و لە کاتی قژڕاکێشانیدا یەک دوو جار سەری بەر زەوی کەوت، مارمیلادۆڤا ڕوو بە هاوڕێکەی بە دەنگی بەرز دەیگوت:

- گەورەو بەڕێز، ئەمە خۆشیم پێدەبەخشێت، ئەمە ڕەنج و ئازار نییە، بەڵکو شادی و خۆشییە..

کچە منداڵەکەی کە لەسەر زەویەکە نووستبوو، لە خەو هەستا و کەوتە گریان، کوڕەکەیش کە لە سووچێکدا وەستابوو، ئۆقرەی نەگرت، لەرزی، هاواری کرد و بەترس و لەرزێکەوە کە نزیک بوو لە فێلێهاتن، خۆی دایە پەنای خوشکی، کچە گەورەکە لەتاو بێخەویی وەک گەڵا دەلەرزی، ژنە داماوەکەیش بە نائومێدیەوە هاواری دەکرد:

- خواردتەوە! هەمووت هەڵدا!.. جلەکانیشت ئەوانەی خۆت نین! بە دەستیشی کە لە داخا وای هەڵدەگۆفتن نزیک بوون لە شکان، ئاماژەی بۆ لای منداڵەکان کرد:

- برسییانە، برسی! هەی دڕندەی نەفرەتلێکراو.

لەپڕا پەلاماری ڕاسکۆلنیکۆڤی دا و وتی:

- ئەی تۆ؟ تۆ تەریق نابیتەوە کە لە مەیخانەوە دەگەڕێیتەوە؟ تۆ لەگەڵ ئەودا دەتخواردەوە، تۆیش لەگەڵ ئەودا ئارەقت خواردەوە، دەی بۆ دەرەوە!

لاوەکە بەبێ ئەوەی قسەیەک بکات، پەلەی ڕۆیشتنی کرد، لەو کاتەدا دەرگایەک کە ڕێگەکەی دەچووەوە سەر ژوورەکانی دی، تەواو کرایەوە، دەموچاوی چەند کەسێکی ماتیگر دەرکەوت، چەند سەروگوێلاکێک کە قسەی ناشرینیان دەکرد، بە پێکەنین و جگەرە و سەبیل بەدەم و شەوکڵاو بەسەرەوە بەرەو ژوورەکە ڕیزیان بەستبوو، جلێکی هەراوی ماڵەوەیان لەبەردا بوو یان بە بەرگێکی هاوینەی بێشەرمانەوە خۆیان داپۆشیبوو، هەندێکیان کاغەزی قوماریان بە دەستەوە بوو، بەتایبەتی کاتێک پێدەکەنین کە قژی مارمیلادوڤ ڕادەکێشرا و ئەو خۆی بە زەویەوە دەنووساند و هاواری دەکرد و دەیوت: "ئەمە خۆشیم پێدەبەخشێت" هەندێکیان وردەوردە هاتنە ناو ژوورەکەوە، تا سەرئەنجام دەنگێکی شووم هاتە بەر گوێ. دەنگی خودی ئامالیا بوو، کە دەهات و ڕێگەی بۆ خۆی دەکردەوە، بۆ ئەوەی بە شێوازەکەی دۆخەکە بێنێتەوە سەر خۆی و بۆ سەدەم جار ژنە داماوەکە بترسێنێت و هەڕەشەی ئەوەی لێبکات کە دەبێت بەیانی ژوورەکە چۆڵ بکات. ڕاسکۆلنیکۆڤ لە کاتی ڕۆیشتنیدا دەرفەتی بۆ ڕەخسا تا دەست بە گیرفانیدا بکات و هەر پارەیەکی مسینی مەیخانەکە، کە لە باقیاتی ڕۆبڵێک وەری گرتبووەوە دەریبهێنێت و بێ ئەوەی کەس پێبزانێت، بیخاتە بەردەم پەنجەرەکە، وەلێ لەسەر پلیکانەکان لە کارەکەی پەشیمان بووەوە و خەریک بوو بگەڕێتەوە. بە خۆی وت: "ئەم کارە خراوە چی بوو کردم، ئەوان سۆنیایان هەیە و من خۆم پێویستم بە پارەیە" بەڵام کە زانیی تازە

ئەو پارەیەی دەست ناکەوێتەوە – بەبێ ئەوەیش هەرگیز ئەو پارەیەی نەدەویستەوە– شانی هەڵتەکاند و بەرەو ماڵەکەی کەوتە ڕێ.

کە بە شەقامەکەدا دەڕۆشت، کەوتەوە دوای بیرۆکەکانی و بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە وتی: "ڕاستە سۆنیا پێویستی بە سووراوە.. ئەو پاکیزەیەتییە پارەی دەوێت، هوم.. بێگومان ئەمڕۆ سۆنیا خۆیشی نابوود دەبێت و هیچی دەست ناکەوێت، ئەمەیش هەر هەمان قوماری هەمیشەییە و مەترسیدارە، وەک ڕاوەئاژەڵ و گەڕان بە دوای زێڕدا وایە، بەیانی ئەگەر ئەو پارەیەی من نەبێت، هەموویان لە برساندا دەمرن.. ئاه.. سۆنیا! چ کانزایەکیان هەڵکەندووە! سوودیان لێ دیووە، بێگومان سوودیان لێ دیووە و تازە خوویشیان پێوە گرتووە. کەمێک گریاون و ئێستا ڕاهاتوون، مرۆڤ ڕسوایە و خوو بە هەموو شتێکەوە دەگرێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ دیسانەوە بیری کردەوە. لە ناکاوێکدا، بێئیرادە هاواری کرد: "جا کێ دەڵێت من ڕاست دەکەم و لەسەر هەقم؟ ئەگەر لە ڕاستیدا مرۆڤ، مرۆڤ بەگشتی، یەعنی هەموو ڕەگەزی مرۆڤ ڕسوا نەبن، کەواتە شتەکانی تر، هەموو شتەکان، دەبنە هیچ و ترسێکی خەیاڵی. هیچ بەربەستێکیش بۆ ئەمە نییە، نابێت هەبێت!"..

٣

ڕۆژی دوایی، پاش خەوێکی ناخۆش، تا ڕادەیەک ڕاسکۆلنیکۆڤ درەنگ لە خەو هەستا. لەگەڵ ئەوەیشدا خەوەکە چ توانا و ئاسوودەییەکی تێنەگێڕابوو. کە هەستا، تووڕە و بێزار و ڕکن بوو، بە بێزاریەوە لە ژوورە قێزەونەکەی خۆیی ڕوانی، ژوورەکەی قەفەزێکی

زۆر چکۆڵە بوو، درێژییەکەی شەش هەنگاو، دیوارەکانی بە کاغەزێکی گەردلێنیشتووی زەرد داپۆشرابوو، کاغەزەکە لە هەموو لایەکەوە لە دیوارەکە کرابووەوە. بنمیچەکەی هێند نزم بوو، دەبوو یەکێکی کەمێک بە باڵا لەوە بترسێت سەری لێی بدات، دیمەنەکەی تەواو نالەبار بوو، کەرەستەکانی ناو ژوورەکە لەگەڵ ئەو دیمەنەدا چاک ڕێک کەوتبوون، سێ کورسیی کۆنی شەقوشڕ، لە سووچێکدا مێزێکی زەیتکراو کە چەند دەفتەر و کتێبێکی لەسەر بوو، هێند تۆز و خۆڵ لەسەر کتێبەکان کەڵەکە ببوون، کە دەتزانی ماوەیەکی زۆرە دەستی کەسیان بەرنەکەوتووە، قەنەفەیەکی زەبەلاحی بەدڕووخسار، کە نزیکەی درێژیی دیوارەکە و بە پانییشی نیوەی ژوورەکەی داگیر کردبوو، ڕۆژانێکیش پارچەقوماشێکیان دابووە سەریدا، کە ئێستا هەمووی دڕاوە، تەختەخەوی ڕاسکۆلنیکۆڤ بوو، زۆرجار ئەم لاوە بەبێ ئەوەی خۆی بگۆڕێت، هەر بە جلەکانیەوە لەسەری دەخەوت، لەباتیی مەلافە، پاڵتاوە کۆنەکەی، پاڵتاوە خوێندکارییەکەی بەسەر خۆیدا دەکێشا، تاقە سەرینەکەیشی ئەوەندە گچکە بوو، کە هەموو جلکە پاکوپیسەکانی خۆی لەژێر دەنا تا ژێرسەری کەمێک بەرزتر بێت، بەرانبەر قەنەفەکە مێزێکی چکۆڵە دانرابوو. چ ژیانێک لەمە ناخۆش و بەدتر هەیە! وەلێ ڕاسکۆلنیکۆڤ بەو بارە دەروونییەوە کە هەیبوو، قایل دەهاتە بەرچاو، تەنانەت پێدەچوو چێژی لێوەربگرێت. وەک کیسەڵ خزابووە قاوغەکەیەوە و بە تەواوی لە دنیا دابڕابوو، تەنانەت بینینی کارەکەرەکە کە دەبوو سەر لە ژوورەکەی بدات و خزمەتی بکات، تووڕە و بێزاری دەکرد، ئەمە حاڵەتی زۆرێک لەو کەسانەیە، کە نەخۆشن و بیری خۆیان تەنیا لەسەر یەک مەسەلەی تایبەتی دەچەسپێنن.

خاوەن ماڵەکەی دوو هەفتە دەبوو کە ئیتر خۆراکی بۆ نەدەنارد، بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ هەرچەندە بە سکی برسی سەری دەنایەوە، کەچی بیری لەوە نەدەکردەوە بچێتە لای و لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵدا بکات.

ناستاسیا[1]ی تاقە چێشتکەر و کارەکەری خاوەن ماڵ تا ڕادەیەک لەو بارە دەروونییەی کرێگرتەکە ڕازی بوو، بە تەواوی لە چوون و ڕێکوپێککردنی ژوورەکە دەستی هەڵگرتبوو، تەنیا هەفتەی جارێک، بە ڕێکەوت گسکەکەی لە دەست دەگرت. وا ئەمڕۆ بەسەر سەری لاوەکەوە وەستا و لە خەو هەڵیساند، هاواری لێکرد:

- هەستە، بۆ نوستوویت؟ سەعات لە نۆ تێپەڕیوە، چام بۆ هێناویت، حەز لە چا دەکەیت. ها؟ چەندە لاواز و بێگیان بوویت! کرێگرتە چاوی کردەوە، سڵەمییەوە و ناستاسیای ناسی. پاشان بە ڕوویەکی دەردناکەوە لەسەر قەنەفەکە دانیشت و لەسەرخۆ لێی پرسی:

- چای خاوەن ماڵەکەیە؟

- بەڵێ، هی ئەوە.

ئەوسا قۆرییە قوپاوەکەی بە چا کۆنەکە و دوو کڵۆ شەکری زەرد هەڵگەڕاوەوە خستە بەردەمی.

ڕاسکۆلنیکۆڤ دوای ئەوەی گیرفانەکانی خۆی باش پشکنی هەر بەو جۆرەی بە جلەکانییەوە نوستبوو – هەندێک پارەی ئاسنی دەرهێنا و وتی:

---

[1] *Nastasia*

- وەرە، ناستاسیا، تکایە بەم پارەیە نانم بۆ بکڕە و لای کالباسفرۆشەکانیش[1] کەمێک کالباسم بۆ بکڕە، بەڵام هەرزانترینیان.
- هەر ئێستا نانت بۆ دێنم، بەڵام لەباتیی کالباس، شۆربای کەلەرمت ناوێت؟ شۆربایەکی خۆشە، هی دوێنێشەوە، لە دوێنێشەوەوە بۆم هەڵگرتوویت، وەلێ تۆ دوێنێ درەنگ هاتیتەوە، شۆربایەکی باشە.
کە شۆرباکەی هێنا و لاوەکە کەوتە نانخواردن، ناستاسیا لەسەر قەنەفەکە لە پاڵیا دانیشت و کەوتە هەڵەوەڕی، ژنێکی لادێی زۆر چەنەباز بوو.

- پراسکوفیا پاڤلۆڤنا[2] دەیەوێت لای پۆلیس شکاتت لێبکات.
کوڕە ناو چاوی بەیەکدا دا و وتی:
- لای پۆلیس؟ بۆچی دەوێت؟
- کرێ نادەیت، ماڵەکەیش چۆڵ ناکەیت، ئیدی دیارە چی دەوێت.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەژێر لێوەوە وتی: نەفرەت لە شەیتان، هەر ئەمەم کەم بوو، نا، ئەمە ئێستا بۆ من خراپە.
پاشان بە دەنگی بەرز لەسەر قسەکانی ڕۆشت:
- گەلحۆیە، من ئەمڕۆ سەری لێدەدەم و لەگەڵیا دەپەیڤم.

---

[1] کالباس وشەیەکی ڕووسییە، بریتییە لە گۆشتی گا یان بەراز کە لە کارگەی تایبەتیدا پوخت دەکرێت و دەخرێتە ناو ڕێخۆڵەی حەیوانەوە (فەرهەنگی عەمید). لای خۆمان پێی دەوترێت پاستورمە – وەرگێڕ.

[2] *Praskofia Pavlovana*

- بۆ گەلحۆیی گەلحۆیە، وەک من، وەلێ ئەی تۆ چۆن، ئاقڵیت، وەک تووڕەکە هەڵا ژیاویت و خێرت نییە؟ تۆ دەڵێیت پێشتر وانەت بە قوتابی وتۆتەوە، ئەی بۆ ئێستا هیچ ناکەیت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە نابەدڵی هاتە قسە و بە شێوازێکی وشک وتی:

- بۆ، من کار دەکەم.

- چی دەکەیت؟

- کار..

- کاری چی؟

کوڕە دوای کەمێک بێدەنگی بە جەخت لەسەر کردنەوە وتی:

- بیر دەکەمەوە..

ناستاسیا دایە پێکەنین، لەو پێکەنینانەی هەندێکجار لەسەر شتی ناقۆڵا دەیگرت، ئەوەندەیش بێدەنگ پێدەکەنی، هەموو گیانی دەهاتە لەرزین، تا دەکەوتە هێڵنجدان، پاشان بە زەحمەت لێی پرسی:

- باشە بیرکردنەوە پارەی زۆری دەست خستوویت؟

- ناکرێت پێڵاوت لەپێدا نەبێت و وانە بە قوتابی بڵێیتەوە، تف لە هەموو شتێک.

- چاک نییە تف لە کانی ڕۆبکەیت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەک ئەوەی وەڵامی بیر و بۆچوونی خۆی بداتەوە، بە نابەدڵی گوتییەوە:

- بۆ وانەوتنەوە بە قوتابی، پارەی ئاسن دەدەن ، بە پارەی وردەیش هیچ دەکرێت؟

- پێت ناخۆش نییە ئەگەر یەکسەر پارەیەکی زۆرت بدەنێ؟

لاوەکە تەماشایەکی سەیری کرد، دوای کەمەکێک بێدەنگی، بە سووربوونەوە وتی:

- بەڵێ، پارەیەکی زۆر..
- باشە، کەمێک لەسەرخۆ تر بڕۆ نەک بکەوی، ئاخر زۆر ترسناکە، بەڕاست بچم بۆ نانەکە یان نا؟
- ئارەزووتە.
- بەڕاست لە بیرم چوو، دوێنێ کە لێرە نەبوویت، نامەیەکت بۆ هات.
- نامە، بۆ من، لای کێوە؟
- نازانم لە کێوە، لە گیرفانی خۆیشم سێ کۆپیکم دایە پۆستەچییەکە، دەمدەیتەوە؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ زۆر شڵەژا و هاواری لێکرد:
- بڕۆ بیهێنە، بۆ خاتری خودا بیهێنە، خودا هاوار!
دوای چەند چرکەیەک نامەکە گەیشت، وەک خۆی دڵی لێی دابوو، نامەکە لە دایکییەوە بوو لە ناوچەی "ر". هەر بە نامەوەرگرتنەکە ڕەنگی پەڕی، ماوەیەک بوو نامەی پێنەگەیشتبوو، وەلێ ئێستا لەپڕا شتێکی تریش دڵی گرت.
- ناستاسیا بڕۆ، تووخوا بڕۆ، ئەمە سێ کوپیکەکەت، بۆ خاتری خودا زوو بڕۆ.
نامەکە لە دەستیا دەلەرزی، نەیدەویست لە پێش چاوی کارەکەرەکەدا بیکاتەوە، حەزی دەکرد خۆی بە تەنیا لەگەڵ نامەکەدا بێت، کە ناستاسیا چووە دەرێ، بەپەلە نامەکەی لە زاری نزیک خستەوە و ماچی کرد، پاشان بۆ ماوەیەک لە ناونیشانەکە ڕاما، لە خەتە ورد و لارەکەی دایکی خۆشەویستی ڕاما، کە دەیناسییەوە، خەتی دایکی کە ڕۆژانێک فێری خوێندن و نووسینی کردبوو، لە کردنەوەی نامەکە ماتڵیی دەکرد وەک ئەوەی لە شتێک بترسێت، لە دواییدا کردییەوە،

نامەیەکی دووروودرێژ بوو، دوو لاپەڕەی بەروپشتی بە خەتی ورد پڕ کردبووەوە، دایکی نووسیبووی:

"رووديای ئازیزم، زیاد لە دوو مانگە بە نووسین هیچم لەگەڵدا باس نەکردوویت، ئەمە زۆری ئازارداوم و هەندێک شەو خەو لە چاوم نەکەوتووە و هەر بیرم کردۆتەوە، وەلێ بێگومان تۆ لەو بێدەنگییەم دەبووریت کە بە دەستی ئانقەست نەبووە، تۆ دەزانیت چەندم خۆش دەوێیت، من و دونیا[1] هەر تۆمان هەیە، تۆ هەموو شتێکی ئێمەیت، هەموو ئومێد و بڕوای ئێمەیت، نازانیت چیم بەسەر هات کاتێک لەوە بەئاگا هاتم کە چەند مانگێکە لەبەر نەبوونی وازت لە زانکۆ هێناوە و وانەوتنەوە و سەرچاوەکانی تری ژیانت لەدەست داوە. ئەی من دەمتوانی بە سەدوبیست ڕۆبڵی ساڵانەی خانەنشینی هاوکاریت بکەم؟ ئەو پانزە ڕۆبڵەی چوار مانگ لەمەوپێش بۆم ناردیت، وەک خۆت دەزانیت، هەر لەسەر ئەو مووچەی ساڵانەیە بە قەرز لە ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ ڤاخروشینی[2] بازرگانی لای خۆمانم وەرگرتبوو. ڤاسیلی پیاوێکی میهرەبانە و هاوڕێی باوکت بووە، بەڵام کە کردمە وەکیلی خۆم بۆ وەرگرتنی مووچەکە، ناچار بووم چاوەڕێ بم تا قەرزەکە تەواو دەبێت، ئەمەیش تازە بەئەنجام گەیشتووە، بۆیە بە درێژایی ئەم ماوەیە نەمتوانیووە هیچت بۆ بنێرم، وەلێ ئێستا ڕەنگە لە سایەی خواوە بتوانم دیسان پارەت بۆ ڕەوانە بکەم، تێکڕا دەتوانین ئێستا لە بەختی خۆمان ڕازی بین و ئەمەیش مەسەلەیەکە حەز ئەکەم زوو پێتی ڕابگەیەنم:

---

[1] *Dounia*

[2] *Vasili Ivanavich Vakhroushin*

یەکەم، ڕودیای ئازیز، دەتەوێ بزانیت کە نزیکەی مانگ و نیوێکە خوشکت لەگەڵ مندا دەژی و ئیدی لە یەکتر جیا نابینەوە؟ سوپاس بۆ خودا، کۆتایی بە خەم و ئازارەکانی هات، وەلێ دەمەوێت یەک بە یەکت بۆ باس بکەم بۆ ئەوەی بزانیت کارەکە چۆن ڕووی داوە و تا ئێستا چیمان لە تۆ شاردۆتەوە.

کاتێک دوو مانگ لەمەوبەر بۆت نوسیبووم لە یەکێکت بیستووە دونیا لە ماڵی سڤیدریگایلوف[1] تووشی مامەڵەیەکی زۆر ناخۆش بووە، تۆیش لەو بارەیەوە داوای ڕوونکردنەوەی وردت لێکردبووم، من لەو کاتەدا دەمتوانی چ وەڵامێکت بدەمەوە؟ ئەگەر هەموو ڕاستییەکانم بۆ بنووسیتایە، بێگومان گشت کارەکانت دەخستە لاوە و هەر بەپێ دەگەیشتیتە لامان – چونکە من ڕەوشت و هەستت دەناسم – و نەتدەهێشت دڵی خوشکت بڕەنجێنن. من خۆیشم لە نائومێدییەکی ترسناکدا دەژیام، وەلێ چیم بۆ دەکرا؟ تەنانەت ئەوسا خۆیشم تەواوی ڕاستییەکانم نەدەزانی. گرنگترین کێشە لەوەدا بوو کە دونیا کاتێک دوو ساڵ لەمەوپێش بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکان لەو ماڵەدا دەستبەکار بوو، لە پێشەوە سەد ڕۆبڵی لێوەرگرتبوون، تا لەوەودوا هەموو مانگێک، هەندێک لە مووچەکەی ببڕن، بۆیە نەیدەتوانی پێش دانەوەی سلفەکە واز لەو ماڵە بهێنێت، ئەو ئەو پارەیەی.. (ئەتوانم ڕودیای ئازیز هەموو شتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە) زیاتر بۆ ئەوە وەرگرتبوو، تا شەست ڕۆبڵی بۆ تۆ بنێرێت، تۆ لەو کاتەدا زۆرت پێویست پێبوو، ئەوە ئەو پارەیە بوو، کە تۆ پار بە دەستت گەیشت، ئەوسا تۆمان بەوە فریوو دا کە بۆمان نووسیت ئەو پارەیە

[1] *Svidrigailov*

پاشەکەوتی پارە کۆنەکانی دونیایە، بەڵام وا نەبوو، ئێستا تەواوی ڕاستییەکەت بۆ دەنووسم، چونکە شتەکان هەموو ڕوو لە چاکین، دەبێت تۆیش ئەوە بزانیت تا چ ڕادەیەک دونیا تۆی خۆش دەوێت و چ دڵێکی بێوێنەی هەیە. لە ڕاستیدا جەنابی سڤیدریگایلوف لە سەرەتادا زۆر لەگەڵیا دڵڕەق بووە و جۆرەها قسەی ناخۆش و گاڵتەئامێزی لەسەر نانخواردن پێوتووە، بەڵام کە ئێستا هەموو شتێک کۆتایی پێهاتووە، نامەوێت بچمە ناو وردودرشتی گشت شتەکانەوە. بۆ ئەوەی بێهودە تۆیش ناڕەحەت نەکەم. بە کورتی، مارفا پتروڤنا[1]ی ژنی سڤیدریگایلوف و تەواوی کەسەکانی تری ماڵەکە ڕەفتاریان لەگەڵ دونیادا باش و خۆشەویستانە بووە، بەڵام کە بەڕێز سڤیدریگایلوف هەر لەسەر ڕەوشە کۆنەکەی کە لە سەردەمی سەربازییەوە بۆی مابووەوە، دەکەوتە ژێر کاریگەریی "باخوس"ی خودای شەراب و مەستییەوە. ئیتر زۆر بە سەختی کات بەسەر دونیادا دەگوزەرا. وەلێ دەزانیت ئەنجام چۆن شکایەوە؟

بیر لەوە بکەرەوە کە ئەم پیاوە زۆرداره ماوەیەکی زۆر چاوی بڕیوەتە دونیا، ئارەزووی خۆی لەژێر دەمامکی دڵڕەقی و نەفرەتدا بەرانبەری شاردۆتەوە. ڕەنگە لەبەر ئەوەی پیاوی گەورەی ماڵ بووە و بەو تەمەنەوە و ئەو ئارەزووە نامەردانەیەوە، هەستی بە شەرم و ترسێک کردبێت، هەر لەبەر ئەوەیش بەبێ ویستی خۆی ڕقی لە دونیا بووبێتەوە، یان ویستبێتی بەو ڕەفتارە زبر و گاڵتەئامێزەی خۆی ڕاستییەکە لە خەڵکی تر بشارێتەوە. بەڵام سەرئەنجام خۆی نەگرتووە و پڕکێشیی کردووە کە بەبێ پەردە پێشنیازی خراپ بۆ دونیا بکات و

---

[1] *Marfa Petrovna*

بەڵێنی جۆربەجۆری بداتێ کە هەموو شتەکان لە بەرژەوەندیی دونیادا دەبێت، لەبەر ئەو واز لە زۆر شت دێنێت، دەچێتە گوندێکی تر یان تەنانەت بیبات بۆ دەرەوەی وڵات. بێگومان تۆ ئێستا دەتوانیت لای خۆتەوە ڕەنج و کەسەری دونیا بەرجەستە بکەیت. دونیا کە وازی لەو ماڵە نەدەهێنا، تەنیا لەبەر ئەو قەرزە نەبوو کە لەسەری بوو، بەڵکو لەبەر دڵسۆزی و ڕێزلێگرتنی مارفا پتروڤنا بوو. چونکە لەوانە بوو مارفا کتوپڕ گومان بکات و لە ئەنجامدا ببێتە هۆی جیابوونەوە یان کێشەی نێوانیان. بێجگە لەمانە بۆ دونیایش ئەمەندە کارێکی ئاسان نەبوو. بێگومان شتی تری لێدەکەوتەوە. گەلێک هۆی تر هەبوون، کە وایان لە دونیا کرد نەتوانێت پێش شەش هەفتەی تر لەو ماڵە نەگریسە خۆی ڕزگار بکات، دیارە تۆ خۆت دونیا دەناسیت و دەزانیت چەندە وریا و خاوەن کەسایەتیی خۆیەتی، دونیا لە توانایدایە بەرگەی زۆر شت بگرێت و لە شوێنی خۆیدا ئەمەندە جوامێرانە بێتە دەست، کە توانا و خۆگرییەکەی لەدەست نەدات، تەنانەت بۆ ئەوەی نارەحەت نەبم، هەموو شتێکی بۆ نەدەنووسیم.. هەرچەندە گەلێکجار نامەمان بۆ یەکدی دەنارد و لەبارەی هەواڵ و حاڵی یەکترەوە دەدواین. لە ناکاوێکدا و یەکسەر گرێی کار کرایەوە، بەڕێکەوت مارفا پتروڤنا گوێی لە قسەکانی مێردەکەی دەبێت، کە لە باخەکەدا بۆ دونیای دەکات و چۆن لێی دەپاڕێتەوە. وەلێ ئەو بە پێچەوانەوە تێدەگات و تاوانەکە دەخاتە سەر دونیا، گوایا ئەو ئەم پێشهاتەی دروست کردووە. هەر لە ناو باخەکەدا نمایشێکی سامناک ڕووی دا: مارفا پتروڤنا لە دونیای دا و بڕوای بە قسەکانی نەکرد، خۆیشی سەعاتێکی تەواو کەوتە هاوار و گریان، پاشان فەرمانی دا لە عەرەبانەیەکی نابووتی گوندیدا دونیایان بەپەلە هێنایەوە شار بۆ لای

خۆم. هەرچی جلوبەرگی هەبوو، وەک خۆی، بەبێ ئەوەی بیپێچنەوە، فڕێیان دابووە ناو عەرەبانەکەوە. ڕێکەوت لەو کاتەیشدا بارانێکی بەخوڕ دایکردبوو، دونیا بە دڵشکاوی و سووکایەتیپێکردنەوە، بە ناچاری حەڤدە فرسەخی تەواوی، لەگەڵ دێهاتییەک و لە عەرەبانەیەکی سەردانەپۆشراودا بڕی. ئێستا بیری لێبکەرەوە، من لە وەڵامی نامەکەی تۆدا کە دوو مانگ لەمەوپێش بە دەستم گەیشت، دەمتوانی چی بنووسم؟ خۆم زۆر پەرێشان بووم، نەمدەوێرا ڕاستییەکەت بۆ بنووسم، چونکە بێگومان بووم تۆ شپرزە و غەمگین دەبوویت، تازە دەتتوانی چی بکەیت؟ لەوانە بوو خۆت بکوژیت. بێجگە لەوەیش، دونیا نەیدەهێشت. نامەپڕکردنەوەیش بە قسەی هیچوپووچ، لە کاتێکدا کە دڵم لێوانلێوی غەم و پەژارە بوو، بۆ من نەدەکرا.

مانگێکی تەواو، لە هەموو شارەکەماندا، لەبارەی ئەم ڕووداوەوە قسە دەکرا، وای لێهاتبوو من و دونیا لەتاو چرپەچرپ و تەماشای نەفرەتئامێزی خەڵکی تەنانەت نەماندەتوانی ڕوو لە کەنیسەیش بکەین. هەندێکجاریش خەڵکانێک بە دەنگی بەرز و ڕووبەڕووی خۆمان پلاریان دەوەشاند، هەموو دۆستەکانمان لێمان تەکینەوە، هەموویان، تەنانەت بە سەریش سڵاویان لێنەدەکردین. لەو باوەڕەدابووم هەندێک لە شاگرد دووکان و کارمەندە بچووکەکان دەیانویست قەتران بە دەرگای ماڵەوەماندا بکەن تا سووک و ڕسوا بین، وای لێهاتبوو خاوەن ماڵەکەمان جەختی لێدەکردین خانووەکە چۆڵ بکەین، هۆی گشت ئەمانە مارفا پتروڤنا بوو، کە لە هەموو ماڵەکاندا تاوانەکەی خستبووە سەر دونیا و ئابڕووی بردبوو. ئەو لێرە هەموو کەس دەناسێت و لە ماوەی ئەو مانگەدا بەردەوام هاتوچۆی شاری دەکرد، لەبەر ئەوەیش کە کەمێک چەنەبازە و حەزی بە قسەی ناوماڵ و

خێزانە و بەتایبەتی دەردەدڵیی لەبارەی مێردەکەیەوە، کە کارێکی باش نییە. بۆیە لە ماوەیەکی کورتا نەک تەنیا لەناو شارەکەماندا، بەڵکو لە گشت هەرێمەکەدا ڕووداوەکەی بڵاو کردەوە، من نەخۆش کەوتم، وەلێ دونیا لە من خۆگرتر بوو، خۆزگا دەتبینی چۆن بەرگەی هەموو ئەو شتانەی دەگرت و تەنانەت دڵخۆشی منی دەدایەوە، ئەو فریشتەیە. خوا بەزەیی پیاماندا هاتەوە و کارێکی کرد کۆتایی بە ئازارەکانمان هات، چونکە جەنابی سڤیدریگالوف ئەقڵی بەسەردا هاتەوە و پەشیمان بووەوە. دیارە بەزەیی بە دونیادا هاتۆتەوە و گەلێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و ئاشکرای لەبارەی بێتاوانیی دونیاوە بە مارفا پتروڤنا داوە. واتا هەمان نامەی دونیا کە بە ناچاری و بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی ئەو پێشنیازانەی سفیدریگالوڤ بۆ بینینی بە نهێنی و قسەکردن لەگەڵیا کردبووی و لێی پاڕابووەوە، پێش ئەوەی مارفا پتروڤنا لە باخەکەدا بیانبینێت، دونیا نامەکەی دابووە سڤیدریگایلوف و دوای ڕۆیشتنی هەر لای ئەو مابووەوە.

لە نامەکەدا دونیا بە ڕاشکاوی و تووڕەییەکی زۆرەوە دەربارەی ڕەفتاری نامەردانەی سفیدریگایلوڤ بە تایبەت بەرانبەر مارفا پتروڤنا قسە دەکات و سەرزەنشتی دەکات و ئەوەی وەبیر دێنێتەوە کە ئەو باوکی خێزان و سەرۆکی ماڵە. لە دواییشدا پێی دەڵێت کە ئازارپێگەیاندن و بەدبەختکردنی کچێکی نەگبەت و چارەڕەشی بێپشتوپەنا لە لایەن ئەوەوە ئەوپەڕی نامەردییە. بە کورتی، ڕودیای ئازیزم، نامەکە ئەمەندە نەجیبانە و کاریگەر نووسرابوو، کە دەمخوێندەوە، بەکوڵ دەگریام و ئێستایش بەبێ فرمێسکڕشتن ناتوانم بیخوێنمەوە. بێ لەوەیش، شایەتیدانی خزمەتکارەکانیش کە لە حاڵەتی لەم جۆرەدا زیاتر لەوەی سڤیدریگایلوف بە خەیاڵیدا بێت، بینیبوویان

و بیستبوویان، بوو به هۆی ئەوەی دونیا بێتاوان دەربچێت. مارفا پتروڤنا تەواو سەراسیمە و – وەک خۆی لای ئێمە دانی پیادانا – "دووبارە کەوتبووەوە حاڵەتی مردن" بەڵام بە تەواوی لەوە گەیشت کە دونیا بێگوناهە. ڕۆژی یەکشەمەی دوایی، هەر لەگەڵ گەیشتە کەنیسە، کەوتە سەر ئەژنۆ، گریا و لە حەزرەتی مریەم پاڕایەوە و داوای لێکرد لەو ئەزموونە تازەیەدا تێنەشکێ و ئەو توانایەی بداتێ کە ئەرکەکانی بە چاکی ئەنجام بدات. پاشان ڕاستەوخۆ، بەبێ ئەوەی سەر لە کەس بدات، هاتە لامان و هەموو شتێکی بۆ باس کردین. بەکوڵ گریا و بە پەشیمانییەکی زۆرەوە، دونیای لە باوەش گرت و داوای لێبوردن و لێخۆشبوونی لێکرد. هەر ئەو بەیانییە، بەبێ کات بەفیڕۆدان، یەکسەر لای ئێمەوە چووە سەردانی هەموو ماڵەکانی تری شار، لە گشت شوێنەکاندا بەخوڕ فرمێسکی دەڕشت، زۆر لەبارەی دونیاوە قسەی باشی دەکرد، باسی بێتاوانی و جوامێری و هەستی بەرزی دونیای بۆ هەموو کەسێک دەگێڕایەوە، لەمانەیش زیاتر، ئەو نامەیەی کە دونیا خۆی بۆ جەنابی سڤیدریگایلوڤی نووسیبوو، پیشانی هەموو کەسێکی دا و بە دەنگی بەرز بۆی خوێندنەوە، تەنانەت مۆڵەتی ئەوەیشی دانێ کە وێنەی لەبەر بگرنەوە (بە ڕای من ئیتر ئەم کارەیان زیاد بوو و پێویستی نەدەکرد). بەم جۆرە، بە ناچاری چەند ڕۆژێک لەسەر یەک چووە ماڵی هەموو ئاشنا و دۆستەکانی شاری، چونکە هەندێک لەوانە لەوە دڵگیر بوون، کە بایەخ بە هەندێکی تر دراوە، بۆیە سەرەی بۆ گرتن و ئیدی هەموو دەیانزانی کە فلانە ڕۆژ مارفا پتروڤنا لە فلانە شوێن نامەکە دەخوێنێتەوە، بۆ بیستنی، تەنانەت ئەوانەیش کە چەند جارێک دەقی نامەکەیان لە ماڵی خۆیان و کەسانی ناسیاوی تریشدا بیستبوو، کۆ

دەبوونەوە، بە لای منەوە گەلێک لەم کارانە زیاد بوون، بەڵام ئەمە ڕەوشی مارفا پتروڤنایە. لایەنی کەم، هەموو ئابڕوویەکی بۆ دونیا گێڕایەوە و هەموو عەیبە و خەوشەکانی لە ئەستۆی مێردەکەی نا، کە لە ڕاستیدا هەر ئەویش تاوانباری سەرەکی بوو، تەنانەت وای لێکردبوو کە بەزەییم پیایدا بێتەوە، ئەو کارەی بەو پیاوە داماوەیان کرد، زۆر لەوە سەختتر بوو کە چاوەڕێ دەکرا، هەر دوای ئەوە، گەلێک خێزان داوایان لە دونیا کرد کە وانە بە منداڵەکانیان بڵێتەوە، بەڵام ئەو داوای بەخشینی لێکردن. بەگشتی، لەناکاوێکدا هەموو ڕووی ڕێزیان تێکرد و بەتایبەتی ڕەفتاری باشیان لەگەڵیا نواند. گشت ئەم ڕووداوانە پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراوی وایان هێنایە گۆڕێ، کە دەتوانین بڵێین بە تەواوی چارەنووسی ئێمەی گۆڕی، ئەوە بزانە، ڕودیای ئازیز، پیاوێک داوای دونیای کردووە و ئەویش قایل بووە، ئەمەوێت ئەم مەسەلەیەت زوو پێبگەیەنم، هەرچەندە لەم کارەدا ڕاوێژ بە تۆ نەکراوە، بەڵام هەرگیز لە هەڵوێستی من و خوشکت دڵگران نابیت، چونکە وەک خۆت دەزانیت، دواخستنی ئەو کارە تا گەیشتنی وەڵامی تۆ، بۆ ئێمە نەدەگونجا، بێجگە لەمە، تۆ هەروا دووربەدوور نەتدەتوانی بە وردی بڕیار لەسەر هەموو شتێک بدەیت. ئەمەیش درێژەی باسەکەیە:

ئەو پیاوە، واتا پیتەر پیتروڤیچ لۆژین[1] کارمەندێکی پایەبەرزە، لەگەڵ مارفا پتروڤنادا کە لەم کارەدا دەستی باڵای هەبوو، خزمایەتییەکی دووریان هەیە، کارەکە وا دەستی پێکرد، کە لە پێشدا بە هۆی ئەم خانمەوە لۆژین حەزی بە ئاشنایەتی ئێمە کردبوو. پێشوازیی چاکی

---

[1] *Pyotre pettovich lougina*

لێکرا، قاوەی خواردەوە و ڕۆژی دوایی نامەیەکی بۆ ناردین، لە نامەکەیدا زۆر بە ڕێزەوە پێشنیازەکەی خستە ڕوو، داخوازییەکەیشی ئەوەبوو کە بە زووترین کات وەڵامی تەواوی بدەینەوە، ئەو پیاوێکی کارایە، گەلێک سەری قاڵە و ئێستا دەیەوێت بەپەلە بڕواتە پتروزبورگ، بۆیە هەموو دەقیقەیەکی لا بەنرخە. بێگومان ئێمە لە سەرەتاوە ئەمەمان زۆر لا سەیر بوو، چونکە کارەکە زۆر بەپەلە و بەبێ چاوەڕوانیکردن ئەنجام درا، ئەو ڕۆژە هەمووی ئێمە بە جووتە بیرمان کردەوە و گشت لایەکیمان هەڵسەنگاند. ئەو کەسێکە بڕوای پێدەکرێت، هەبووە، لە دوو شوێن کار دەکات و سەرمایەیەکی باشی پاشەکەوت کردووە، ڕاستە تەمەنی چل و پێنج ساڵە، بەڵام هێشتا بەدیمەنە و جێی سەرنجی ژنە، بەگشتی، مرۆڤێکی دروست و لایەقە، تەنیا ئەوەی هەیە کەمێک ڕووتاڵ و لووتبەرزە، ڕەنگە ئەمەیش تەنیا لە یەکەم بینینیدا ئەو هەستەت تێبگەڕێنێ.

ڕودیای ئازیز، وا لە پێشەوە پێت دەڵێم، هەر کاتێک لە پتروزبورگدا یەکترتان بینی –ئەمە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا ڕوو دەدات– ئەگەر لە یەکەمین بینینتا خەوشێکت تیا بەدی کرد، لەبارەیەوە –وەک ڕەوش و نەریتی تایبەتیت کە زوو هەڵدەچیت– بڕیاری بەسەرا مەدە، ئەمەت هەر بۆ ئاگاداری پێدەڵێم، ئەگینا لەوە دڵنیام کە ڕات بەرانبەری چاک دەبێت، بێ لەمەیش، بۆ ناسینی هەر کەسێک دەبێت لەگەڵیدا وردەوردە هەڵسوکەوت بکەیت و لەوە ئاگادار بیت کە تووشی هەڵەیەکی وا نەبیت پاشان نەتوانیت ڕاستی بکەیتەوە، بەڵام گەلێک بەڵگە لەسەر ئەوە هەیە، کە پیتەر پیتروڤیچ کەسێکی تەواو بەڕێزە. لە یەکەم دیداریدا لەگەڵماندا ئەوەی دەرخست، کە کەسێکە خاوەن بڕیاری خۆیەتی، وەلێ لە گەلێک بواردا وەک خۆی دەیوت (هاوبیری

نەوەی نوێیە) و دوژمنی هەموو شتێکی خەیاڵییە، گەلێک شتی تریشی وت، وەک ئەوەی هەندێک حەزی لە ناوبانگە و زۆری پێخۆشە گوێ بۆ قسەی ڕادێرن، ئەمەیش تاوان نییە، دیارە من شتی لەوە زیاتر تێنەگەیشتم، وەلێ دونیا پێی وتم کە هەرچەندە زانیاریی زۆری نییە، بەڵام ئاقڵ و قسەزان و میهرەبانە، ڕودیا، تۆ ڕەوشی خوشکت دەناسیت، کچێکی ڕەند و بەئاوەز، خۆگر و پڕ شکۆ، ئەگەرچی دڵێکی ئاگرینی هەیە و من ئەوەم بە چاکی تیا هەست پێکردووە، هەڵبەتە هیچ کامێکیان عەشقێکی زۆر گەورەیان بۆ یەکتری نییە، بەڵام دونیا بێجگە لە ئاقڵییەکەی، کچێکی گەلێک مەردە، فریشتەیەکە بۆ خۆی، ئەرکی خۆی لە بەختەوەرکردنی مێردەکەیدا دەبینێت، کە ئەویش لای خۆیەوە هەوڵی بەختەوەری ئەمیەتی. هەرچەندە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە تا ڕادەیەک ئەم کارە زوو ئەنجام درا، وەلێ لە ڕاستیدا لەبارەی نیەتپاکیی پیتەر پیتروڤیچەوە هیچ بەڵگەیەکی گوماناویمان نییە، هەر لەم بارەیەوە دەبێت ئەوەیش بڵێم کە پیاوێکی زۆر ئاقڵ و بەڕا و تەگبیرە، بێگومان خۆی ئەوە دەبینێت، کە دابینکردنی بەختەوەریی خودی ئەو، لەبارەی هاوسەریەتییەوە، بەستراوەتەوە بە بەختەوەریی دونیاوە و ئەو ژیانەی لەگەڵ ئەودا بەسەری دەبات. سەبارەت هەندێک ناهەمواریی لە ئاکار و هەندێک دابونەریتی کۆن و تەنانەت بەشێک لە جیاوازیی بیروباوەڕ کە شادمانترین هاوسەریش ناتوانێت خۆی لێ ببوێرێت، دونیا پێی وتم کە بڕوای بە خۆی هەیە و هیچ جۆرە ترسێکی لێ بەدی ناکرێت و دەتوانێت زۆر خۆگر بێت، بە مەرجێک پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و یەکسانی دامەزرابێت. لە ڕووی دەرەوەیدا بە پیاوێکی زۆر بەزەبروزەنگ دەچێت، بۆ نموونە، لەو سەرەتایەوە من هەندێک بە ڕکن هاتە

بەرچاوم، وەلێ دەشێت ئەمە لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت، کە پیاوێکی ڕێکوڕاستە، لەو باوەڕەیشدام کەوایە. هەروەها لە دیدەنیی دوەمدا دوای ئەوەی زانیی دونیا قایلە، لە بێنەوبەردەی قسەکانیدا ئەوەی دەرخست، کە پێشتر، واتا پێش ئاشنایەتیی لەگەڵ دونیادا، مەرجی لەگەڵ خۆیدا کردووە کە کچێکی ڕەسەن و بێجیازی بهێنێت، کە سەختی زەمانەی چەشتبێت، بە ڕای ئەو، نابێت مێرد بە هیچ جۆرێک قەرزاری ژنەکەی بێت، بەڵکو چاکتر وایە ژن مێردەکەی بە گەورەی خۆی بزانێت. دەبێت لێرەدا ئەوە بڵێم کە ئەم مەبەستەی هەندێک هێور و میهرەبانانەتر لەوە وت کە ئێستا من بۆ تۆم نووسی. وەلێ من ڕستەکانیم لە یاد کردووە و تەنیا ماناکانم لە بیرە، بێجگە لەوەیش، هیچ مەبەستێکی لە دوای ئەم قسەیەوە نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی گەرمی قسە ببوو، لە دەمی دەرپەڕی، بە جۆرێک کە پاشان دەیویست هەر چۆنێک بووە وتەکەی پینە بکات و سووکتر بیخاتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەیشدا من قسەکەم زبر هاتە پێشچاو، پاشان ئەمەم بە دونیا وت، بەڵام دونیا بە تووڕەییەوە وەڵامی دامەوە کە "قسە شتێکە و کردەوە شتێکی تر" بێگومان ڕاست دەکات، دونیا پێش ئەوەی بڕیار بدات، بە درێژایی شەو نەنووست، ئەو وایدەزانی من خەوتووم، بۆیە لە جێگاکەی هاتەدەرێ و هەموو شەوەکە لە ژوورەکەدا کەوتە پیاسەکردن، تا لە ئەنجامدا بەرانبەر پەیکەرەکەی عیسا بەچۆکدا هات، بۆ ماوەیەک دووعا و نزای کرد و بەیانیی پێی وتم بڕیاری شووکردنەکەی داوە.

پێشتر ئاماژەم بەوە دا، کە پیتەر پیتروڤیچ دێت بۆ پتروزبورگ. لەوێ کاری گرنگی هەیە و دەیەوێت لە پتروزبورگ نووسینگەی ڕاوێژکاری پارێزەری بکاتەوە، ماوەیەکە بە دوای کاری ماف و دادگاییەوەیە،

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا دادگاییەکی گرنگی بردەوە، لەم بارەیەوە پێویستە بچێت بۆ پتروزبورگ، چونکە لە ئەنجومەنی نمایندەکاندا کارێکی بایەخداری هەیە، بەم جۆرە، ڕودیای ئازیزم، ڕەنگە ئەمە بۆ تۆیش سوودی هەبێت و من و دونیا وامان بیر لێ کردەوە کە تۆ هەر لە ئێستاوە بتوانیت بەبێ سێودووکردن بکەویتە دوای کاری ئایندەی خۆت و چارەنووست دەستەبەر بکەیت، خوا بکەم ئەم کارە بێتە دی، چونکە دەسکەوتێکی گەورەیە، دەبێت ئەمە تەنیا بە دلۆڤانییەکی خوداوەند لە قەڵەم بدەین بەرانبەر بە ئێمە. دونیا بێجگە لەمە چ ئاواتێکی تری نییە، تەنانەت قیروسیامان لێکرد و لەم بارەیەوە چەند شتێکمان بە پیتەر پیتروڤیچ وت، ئەویش دوای ڕامان و سێودوویەکی خۆی وەڵامەکەی وا بوو کە کاری ئەوێی بەبێ سکرتێر بەڕێوە ناچێت ، چاکتریش ئەوەیە مافی کارەکە خزمێک وەریبگرێت نەک بێگانەیەک. بەو مەرجەی خزمەکە ئامادەی کارکردن بێت و نکۆڵیی لێنەکات (دەشێت تۆ نەتوانیت ئەو کارە بکەیت!) بەڵام ئەو زوو دوودڵییەکی بە خەرج دا، کە ڕەنگە خوێندنی زانکۆت بواری ئەوەت نەداتێ کاری نووسینگەکەی ئەنجام بدەیت، قسەکان لێرەدا کۆتاییان هات، بەڵام ئێستا دونیا بێجگە لەمە بیر لە هیچی تر ناکاتەوە، چەند ڕۆژێکە ئەم بیرە تای لێهێناوە، پلانێکی وردی بۆ داڕشتووە، کە پاشان بتوانیت لە کاروباری دادگادا هاوکاری یان ببیتە هاوبەشی پیتەر پیتروڤیچ، بەتایبەتی کە خۆیشت لە کۆلێژی مافیت. ڕودیا، من بە تەواوی لەگەڵیام و لە هەموو نەخشە و ئاواتێکیدا هاوبەشم. چونکە بەدیهاتنی بە گران نازانم، هەرچەندە پیتەر پیتروڤیچ کەمێک لە ئێستادا ڕاڕایە (چونکە هێشتا تۆ ناناسێت) بەڵام دونیا تەواو لەوە دڵنیایە، کە

دەتوانێت کاریگەرییەکی باش لە مێردی ئایندەی خۆی بکات و بە ئاوات بگات. لەم لایەنەوە بڕوای تەواوی هەیە.
بێگومان ئێمە خۆمان لەوە نەبان کرد، کە بەرانبەر بە پیتەر پیتروڤیچ لەبارەی ئەم حەزە دورودرێژانەمانەوە هیچ بڵێین، بەتایبەتی کە تۆ ببیتە هاوبەشی کارەکەی، چونکە ئەو پیاوێکی کردە و بەبڕیارەو لەوانە بوو قسەکانی ئێمە بە وشکی وەربگرێت، لەوانەبوو تەنیا بە خەیاڵاتی بزانێت، هەروەها نە من و نە دونیا لەبارەی ئاواتی خۆمانەوە، کە ڕەنگە بتوانێت تا تۆ لە زانکۆیت، هاوکاریی ئەوەمان بکات پارەت بۆ بنێرین، تا ئێستا وشەیەکمان نەدرکاندووە، یەکەم لەبەر ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە لە دواییدا خۆبەخۆ دەڕواتە پێشێ و بەبێ ئەملاولا خودی پیتەر خۆی پێشنیازی دەکات (بۆ دەبێت قسەی دونیا ڕەت بکاتەوە!) بە تایبەتی کە تۆ دەتوانیت لە نووسینگەکەیدا ببیتە دەستەڕاستی و ئەو هاوکارییە وەک مافی تەواوی خۆت وەربگریت نەک پێبەخشین، دونیا هیوادارە بە باشی ئەم کارە ئەنجام بدات و من بە تەواویی لەگەڵیدام. دووەم، لەبەر ئەوە هیچم نەوت، چونکە من زۆرم پێخۆشبوو لەو بەیەکگەیشتنەتاندا هەردووکتان هاوشان و یەکسان بەیەکدی بن.
کە دونیا بە چاکی لەبارەی تۆوە دوا، پیتەر وای وەڵام دایەوە کە بۆ بڕیاردان لەسەر هەر کەسێک دەبێت بە شەخسی و لە نزیکەوە ببینی و بیناسی، ئەو مافەی بۆ خۆی بەجێ هێشتووە کە لە دوای ناسینت ئینجا لەبارەتەوە ڕای خۆی دەرببڕێت. دەزانیت ڕودیای ئازیزم، بەپێی بۆچوونی من، لەسەر هەندێک وێنای خۆم (بێگومان ئەمە بە هیچ جۆرێک پەیوەندیی بە پیتەر پیتروڤیچەوە نییە و تەنیا بیانوویەکی تایبەتی و پیرێژنانەی خۆمە) بە ڕای من وا چاکترە کە دوای

زەماوەندی ئەوان، وەک چۆن ئێستا دەژیم، هەر ئاوا بە تەنیا بژیم، نەک لەگەڵ ئەواندا، من تەواو لەوە دڵنیام ئەو هێند خانەدانە، خۆی ڕووم لێدەنێت کە لە کچەکەم جیا نەبمەوە، کە تا ئێستا هیچی نەوتووە، تەنیا لەبەر ئەوەیە ئەم مەسەلەیە قسەی ناوێت و هەر لە خۆیدا ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام من ئەوە ڕەت دەکەمەوە.

لە ژیانما گەلێک جار سەرنجی ئەوەم داوە کە زاوا زۆر خەسووی خۆش ناوێت، منیش نەک نامەوێت ببم بە بار بەسەر کەسێکەوە، بەڵکو تا تیکەیەک نان و منداڵێکی وەک تۆ و دونیا گیانم هەبێت، دەمەوێت تەواو بە ئازادی بژیم. ئەگەر بکرێت، ماڵەکەم نزیک بە هەردووکتان بێت، چونکە ڕودیا، من جوانترین شتم بۆ کۆتایی نامەکەم هێشتۆتەوە: ئەوە بزانە، کوڕی خۆشەویستم، ڕەنگە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا هەموومان جارێکی تر لە دەوری یەکدی کۆ ببینەوە و دوای سێ ساڵ لە لەیەکتردابڕان، هەرسێکمان بکەوینە ئامێزی یەکترەوە، ئەمە بڕیارێکی بنەبڕە، کە من و دونیا دەچین بۆ پتروزبورگ، کەی؟ ئەوەیان بە تەواویی نازانم، وەلێ بەهەرحاڵ، زۆرزۆر زوو، ڕەنگە تا هەفتەیەکی تر بکەوینە ڕێ، هەموو شتەکان بە پیتەر پیتروڤیچەوە بەستراونەتەوە، کە لەگەڵ یەکەم دەرفەتدا لە پتروزبورگەوە هەواڵمان پێبگەیەنێت، ئەو لەبەر چەند هۆیەک دەیەوێت بە زووترین کات زەماوەندەکە بسازێت و تەنانەت ئەگەر بشێت، پێش هەفتەی "گۆشتخۆری" بکرێت، ئەگەر بە هۆی کەمیی کاتەوە ساز نەبوو، ئەوسا یەکسەر لە دوای ڕۆژانی ڕۆژووەوە ئەنجام بدرێت، ئای! بە چ شادمانییەکەوە بە سنگمەوەت دەنووسێنم. دونیا لە خۆشیی ئەو دیدارەت لە گەشکەدایە و جارێک بە گاڵتەوە وتی هەر تەنیا لەبەر ئەمە بوو کە ویستم ببمە ژنی پیتەر پیتروڤیچ. دونیا فریشتەیە، ئێستا

خۆی هیچ نانووسێت و تەنیا پێی وتم ئەوەت بۆ بنووسم کە ئەمەندە قسەی بۆ تۆ هەیە، ئەمەندە قسەی هەیە، ناتوانێت دەست بۆ قەڵەم درێژ بکات، دەزانێت لە چەند دێڕێکدا هیچ ناوترێت، بەڵکو زیاتر دەبێتە هۆی نارەحەتی. دەیەوێت توند لە ئامێزت بگرم و ماچی بێئەندازەت بۆ بنێرم، ئەگەرچی ڕەنگە بەم زووانە هەموو لە دەوری یەکتر کۆوە بین، لەگەڵ ئەوەیشدا لەم ڕۆژانەدا چەند بتوانم، پارەت بۆ دەنێرم، ئێستا کە هەموو زانیویانە دونیا دەبێتە ژنی پیتەر پیتروڤیچ، لەپڕا ئیعتیباری منیش زیادی کردووە، بۆیە دەتوانم لە جاران زیاتر قەرز بکەم و ڕەنگە بیستوپێنج یان سی ڕۆبڵت بۆ ڕەوانە بکەم، لە خەرجیی ڕێگەمان دەترسم، ئەگینا زیاترم بۆ دەناردیت، هەرچەندە پیتەر پیتروڤیچ هێند میهرەبان بوو، کە بەشێکی خەرجیی هاتنمان بۆ پایتەختی لە ئەستۆ گرت. یەعنی خۆی پێشنیازی کرد کە بار و سنووقی گەورەمان لەسەر گیرفانی خۆی بۆ بار بکات، (گوایا بە هۆی ناسیاوەکانییەوە سازاندوویەتی) لەگەڵ ئەمانەیشدا دەبێت حسابی گەیشتنە پتروزبورگیش بکرێت، چونکە لەوێ، لایەنی کەم لە ڕۆژەکانی بەراییدا نابێت تەواو بێپارە بین، ئێمە بە وردی لەگەڵ دونیادا حسابی تەواومان کردووە و زانیمان ڕێگە ئەوەندە خەرجیی ناوێت، لە ماڵەوە تا وێزگەی شەمەندەفەر تەنیا نەوەد فەرسەخە، ئێمەیش هەر لە ئێستاوە لەگەڵ گالیسکەوانێکی دیهاتیدا ڕێک کەوتووین، لەوێوە، بە شەمەندەفەری پلە سێ سەفەرێکی زۆر خۆش دەکەین، بۆیە دەشێت و ڕەنگە هەروایش بێت، کە بتوانم زرنگی بکەم و لەباتیی بیستوپێنج ڕۆبڵ، سی ڕۆبڵت بۆ بنێرم، باشە، ئیتر بەسە، دوو پەڕەی تەواوم پڕ کردۆتەوە و ئیدی جێگای خاڵی نەماوەتەوە، هەموو چیرۆکەکانم نووسی، چی ڕووی دا بوو چی

گوترابوو. ئێستایش، ڕودیای بێوێنەم، تا بەیەکگەیشتنێکی نزیک، لە ئامێزت دەگرم و درووودی پاکی دایکانەت بۆ دەنێرم، ڕودیا، دونیای خوشکت خۆش بوێت، چەند ئەوتۆی خۆش دەوێت، تۆیش ئەوەندە، ئەوەیش بزانە کە ئەو بێئەندازە تۆی خۆش دەوێت، تەنانەت لە بوونی خۆی زیاتر تۆی خۆش دەوێت، فریشتەیە و تۆیش ڕودیا، تۆ هەموو شتێکی بۆ ئێمە، گشت ئومێد و ئارەزووەکانی ئێمەیت. ئەگەر تۆ بەختیار بیت، ئێمەیش بەختەوەر دەبین، ئایا تۆ وەک جاران لە خوا دەپاڕێیتەوە و بڕوات بە چاکیی پەروەردگار و فریادڕەسەکەمان هەیە؟ لە ناخی دڵمەوە دەترسم نەکا تۆیش ئەم بێباوەڕییە تازەیە کاری لێکردبیت؟ ئەگەر وا بێت من لەباتیی تۆ لە خوا دەپاڕێمەوە، ئازیزم، لە بیرت نەچێت چۆن کە منداڵ بوویت، هێشتا باوکت نەمردبوو، تۆ لەسەر ئەژنۆم دادەنیشتیت و درووودەکانت بە زمانی منداڵانە لەبەر خۆتەوە دەوت و چۆن ئێمە هەموومان بەختەوەر بووین. خوات لەگەڵ، بەڵکو و بە ئومێدی دیدار، توند توند لە باوەشت دەگرم و ماچی بێئەژمارت دەکەم، تا مردن بە قوربانتم".

"پولخێریا ڕاسکۆلنیکۆڤا"

لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە ڕاسکۆلنیکۆڤ نامەکەی دەخوێندەوە، واتا لە دەستپێکردنیەوە تا کۆتایی، فرمێسک دەموچاوی تەڕ کردبوو، بەڵام کە لە خوێندنەوەی بووەوە، ڕەنگی ڕووی پەڕیبوو، لە ڕکا گرژ ببوو، زەردەخەنەیەکی تاڵ و ناخۆش و زەردباوی وەک ماری کەوتبووە سەر لێو، سەری نایە بان سەرینە کۆنەکەی و کەوتە بیرکردنەوە، ماوەیەک بیری کردەوە، دڵی توند لێی دەدا و هۆشی زۆر پەرێشان بوو، سەرەنجام ئەو ژوورە بچووکە زەردهەڵگەڕاوەی زیاتر لە دۆلاب یان سندووق دەچوو، لێی بە تەنگ هات و هەناسەی

گیرا. ڕوانین و بیری داوای کرانەوەیان لێکرد، کڵاوەکەی هەڵگرت و لە ژوورەکە بەدەر کەوت، ئەمجارەیان باکی لە هیچ کەسێک نەبوو، کە لە ڕێگەی پلیکانەکاندا بیبینێت و بە تەواوی ئەو بابەتەی فەرامۆش کرد، بۆ ڕۆیشتن بۆ دوورگەی (ڤاسیلیڤسکی)[1] شەقامی "ڤ..."ی هەڵبژارد، دەتوت پەلەی بەئەنجامگەیاندنی کارێکی هەیە، ئاسایی لە کاتی ڕۆیشتندا، بەبێ ئەوەی ئاگاداری شەقامەکە بێت، لەژێر لێوەوە شتێکی دەوت، تەنانەت هەندێکجار بە دەنگی بەرز لەگەڵ خۆیدا دەدوا و ئەمەیش ڕێبوارەکانی سەرسام کردبوو، گەلێک لەو ڕێبوارانە بە سەرخۆشیان دەزانی.

٤

نامەکەی دایکی تەواو بێحەوسەڵەی کردبوو، بەڵام لەبارەی گرنگترین و سەرەکیترین مەسەلەوە، بۆ چرکەیەکیش، تەنانەت کە هێشتا لە خوێندنەوەی نامەکەیش نەبووبووەوە، بە دوودڵی بڕیارێکی زۆر قورس و بنبەستی لەسەر مەسەلەکە دا: "تا من مابم، ئەم شووکردن و ژنهێنانە سەرناگرێت، جەنابی لوژنییش قیر بە قەرەس!" بە تەوسەوە، لەگەڵ هەستکردن بە سەرکەوتنی بڕیارەکەی خۆشحاڵی و تووڕەییەکیشی تێگەڕا، لەبەر خۆیەوە کەوتە ورتەورت: "بەڵێ، مەسەلەکە زۆر ڕوونە.. نا، دایکە، نا، دونیا، ئێوە ناتوانن فریووم بدەن! تازەبەتازەیش داوای لێبوردن دەکەن، کە پرسیان بە من نەکردووە و خۆیان بڕیاریان داوە! بێگومان لەو باوەڕەیشدان، کە ئیتر ناکرێت ئەو پلانە هەڵوەشێتەوە، وەلێ دەبینن کە ئەوە دەکرێت یان نا! چ

[1] *Vasilievsky*

پاساوێکی گرنگیش دەهێننەوە! دەڵێن پیتەر پیتروڤیچ هێند دەربەست و ئەوەندە سەرقاڵە، کە تەنانەت دەبێت زەماوەندەکەی لە دەرفەتێکی زۆر کەم یان لە وێزگەی شەمەندەفەردا بکات. نەخێر، دونێچکا، چاک دەزانم دەتەوێت لەبارەی چ مەبەستێکەوە بە درێژی لەگەڵمدا بدوێیت، ئەوەیش دەزانم کە هەموو ئەو شەوە لە ژوورەکەدا پیاسەت کردووە، بیرت لە چی کردۆتەوە و بەرانبەر وێنەکەی مریەمی پاکیزە، کە دەستکردی مامۆستایانی "غازان"ە و لە ژووری خەوتنی دایکمدایە، بۆچی دووعا و نزات کردووە. سەرکەوتن بە چیای "جولجوتا"[1]دا سەختە: ئا.. کەواتە بڕیارەکە بە سەختی دراوە، تۆ ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا[2]، دەتەوێت ببیتە ژنی پیاوێکی کارا و ئاقڵ کە خاوەنی سەرمایەیە (دیارە لەبەر ئەوەی خاوەن سەرمایەیە، ئیتر ئەوە شتی سەرەکی و ڕەزایەتبەخشە) بە قسەی دایکم لە دوو جێگا کار دەکات و هاوبیری نەوەی نوێیە و بە لای دونیایشەوە گوایا پیاوێکی میهرەبانە. وشەی "گوایا" لە هەموو شت سەرنجڕاکێشترە! دونێچکایش هەر لەبەر خاتری ئەو "گوایە" شووی پێدەکات.. زۆر باشە! زۆر باشە! بەڵام دەبێت تۆ بە دوای ئەوەدا بگەڕێیت، کە چۆن دایکم دەربارەی "نەوەی نوێ" بۆی نووسیووم؟ تەنیا لەبەر ئەوەی تایبەتمەندیی ئەو پیاوە دیاری بکات یان لەبەر دووربینیی خۆی، تا خۆشەویستیی من بۆ جەنابی لۆژین بجوڵێنێت، ئای فێڵبازەکان!

---

[1] گولگوتا یان جولجوتا Golgotha چیایەکی نزیک بە ئۆرشەلیمە، لەوێ مەسیح لە خاچ دراوە.

[2] *Avdotia Romunovna*

پێویستە لایەنێکی تریش ڕوون بکرێتەوە: تا چەند ئەم دووژنە لەو ڕۆژە و لەو شەوە و تەنانەت دوای ئەوەیش لەگەڵ یەکتریدا ڕاستوڕەوان بوون؟ ئایا هەموو قسەکانی نێوان ئەو دووانە هاتۆتە سەر زمانیان یان خۆیان وایان داناوە لە دڵ و بیری هەردووکیاندا یەک شت هەیە و ئەو شتەیش پێویست ناکات بە وشە بوترێت، چونکە وتنەکەی بێهودە و زیادەیە، بێگومان، تا ڕادەیەک هەر ئەمەیان بووە.. لە نامەکەدا دیارە. بە لای دایکمەوە پیاوەکە کەمێک توندە و بە سادەیی خۆی ئەمەی بە دونیا وتووە. بێگومان ئەویش هەڵچووە و بە تووڕەیی وەڵامی داوەتەوە. هەڵبەتە! کێ تووڕە نابێت کاتێک مەبەستێکی لا تەواو ڕوون و ئاشکرا بێت، کەچی پرسیاری ساف و سادەی لێبکرێت، بە تایبەتی ئەگەر پێشتر بڕیاری تەواوی ئەوە درابێت و قابیلی چەندوچوون نەبێت! ئیتر ئەمە چییە کە بۆی نووسیوم: "رودیا، دونیات خۆش بوێت، ئەو لە خۆی زیاتر تۆی خۆش دەوێت" ئایا ئەمە پەشیمانییەک نییە، کە لە ناوەوەیدا ئازاری دەدات بەوەی قایل بووە کچەکەی ببێتە قوربانی بۆ کوڕەکەی؟ "تۆ ئومێدمانیت، تۆ هەموو شتێکمانیت!" ئای دایکە!

ڕقێکی ئەستوور لە دڵیا ئاگری دەسەند و ئەگەر لەو کاتەدا جەنابی لۆژینی بدیایە، دەیکوشت. ڕاسکۆلنیکۆڤ کەوتە دوای باهۆزەکانی نێو سەری و بەردەوام بوو لەسەر بیرکردنەوە: "ئا، ئەمە ڕاستە، بەڵێ، ڕاستە کە لەگەڵ مرۆڤدا دەبێت وردەوردە و بە پارێز نزیک بکەویتەوە بۆ ئەوەی بکرێت باشی بناسیت"، بەڵام جەنابی لۆژین دیارە، شتی سەرەکی ئەوەیە کە ئەو "کەسێکی بەکار و گوایا میهرەبانە" بۆ گاڵتەیە، بار و سندووق لەسەر گیرفانی خۆی بار دەکات، جا چۆن میهرەبان نەبێت؟ لەگەڵ ئەمانەیشدا هەردووکیان،

واتا بووک و دایک، لەگەڵ کابرای دێهاتیا بڕیویانەتەوە بە گالیسکەکەی ئەو سەفەر بکەن کە حەسیری تیا داخراوە (ئاخر من خۆم سەفەری ئەو ناوەم کردووە) باشە، نەوەد فەرسەخە، دوای ئەویش هەزار فەرسەخی تر "بە چاکی و خۆشی بە شەمەندەفەری پلە سێ سەفەر دەکەین"، ماقووڵیشە چونکە دەبێت پێ بە قەدەر بەڕەکەت ڕابکێشیت، کەواتە تۆ، جەنابی لۆژین، چ کارەیت؟ ئاخر ئەمە بووکی تۆیە.. بۆ دەبێت نەزانیت کە دایکی کچەکە بۆ خەرجیی ڕێگە قەرزی کردووە؟ هەڵبەت، تۆ لەم ڕووەوە حسابێکی بازرگانییانە دەکەیت: مامەڵەکە یەکسان و لە سوودی هەردوولادایە، کەواتە دەبێت خەرجییەکەیشی نیوەبەنیوە بێت، تەواو وەک ئەو پەندەی دەڵێت: "برامان برایی و کیسەمان جیایی" وەلێ لێرەیشدا ئەم پیاوە کارامەیە دەشێت کڵاوی لەسەر نابن: ئاخر، کرێی بار لە کرێی خۆیان کەمترە، لەوانەیە هەر بە بەلاش بێت. ئایا ئەم دوو ژنە هەموو ئەم شتانەیان نەبینیووە، یان نەیانویستووە ببینن؟ چەندە دڵخۆش و قایلن؟ جا ئەمە هێشتا گوڵەکانە و میوەکان لە دواوەن. بەڵام ئەوەی گرنگە، چروکی و ڕژدی نییە، بەڵکو ئەو شێوازەیە کە هەموو ئەمانەی تەگبیر کردووە، ئاخر، ئەمە قسەی دوای هاوسەریەتیی و بۆ ئێستا جۆرە پێشبینییەکی پەیامبەرانەیە! بەڵام دایە، تۆ بە چ بۆنەیەکەوە کەوتوویتە دوای ئەم بیرە؟ بە چی ڕێگەی پتروزبورگ لەبەر دەگریت؟ بە سێ ڕۆبل یان وەک پیرێژنەکە دەڵێت، بە دوو "گەڵای چرووک" هوم! ئەی لە پتروزبورگدا چۆن دەژی؟ ئەو کە بە چەند بەڵگەیەک لەوە گەیشتووە تەنانەت لە سەرەتای کارەکەشدا ناتوانێت دوای زەماوەند لەگەڵ دونیادا بژی، گوایا پیاوە ئازیزەکە لەم بارەیەوە شتێکی لەدەم دەرپەڕیووە و وا خۆی نیشان داوە. هەرچەندە دایکم تەواو حاشا لەم

مەسەلەیە دەکات و دەڵێت "خۆم قبووڵی ناکەم" کەواتە بەتەمای کێیە؟ بە تەمای ئەو سەدوبیست ڕۆبڵەی کە دەبێت قەرزەکەی ئافاناس ئیڤانۆڤیچیش لەو بدرێتەوە؟ سەرپۆشی زستانە دەچنێت؟ دەستکێشی جوان دروست دەکات، چاوە کزەکانی لەکیس دەچێت، بەڵام سەرپۆشەکان لە ساڵێکدا بیست ڕۆبڵ دەخەنە سەر سەدوبیست ڕۆبڵەکە، من ئەمە دەزانم. دیارە هەموو ئومێدێکی ئەو بەزەیی جەنابی لۆژینی خانەدانە: "بێگومان خۆیشی پێشنیاز و جەختیش لە من دەکات" بەڵێ، هەروایە، چاوەڕێ بە! ئای لەو دڵە پاکە شیلەرئاسایانەی[1] بەردەوام ئاوا خۆشباوەڕن: تا دواچرکە یەکێک وەک پەڕی تاوس دەڕازێننەوە، تا کۆتایی بڕوایان بە چاکە هەیە نەک خراپە، ئەگەرچی هەست بە هەموو شتێک دەکەن، بەڵام بە هیچ جۆرێک پێشەکی قسەیەکی ڕاست ناکەن، تەنانەت بیریشی لێناکەنەوە و بە هەردوو دەستیان هەقیقەت دەدەنە دواوە، تا ئەو کاتەی کەسێکی لێزان بە دەستی خۆی کڵاویان دەکاتە سەر. بەڕاست: دەبێت ئەم جەنابی لۆژینە میدالی شانازی هەبێت یان نا؟ گرەو دەکەم کە میدالی "ئانای پاکیزە"ی هەیە و لە کاتی میوانداریکردنی لە لایەن کاربەدەست و بازرگانەکانەوە، دەیکات بە خۆیدا، ڕەنگە لە ڕۆژی زەماوەندەکەیشیدا هەروا بکات: ئاه.. خوا بکەم نینۆکی سەرخوراندنی نەبێت ".. باشە، ئەوە دایکم وایە، خوا تەمەنی درێژ بکات وا دروست بووە، ئەی دونیا تۆ بۆ؟ دونیچکای ئازیزم، من تۆ دەناسم، دوابینینی یەکتریمان تەمەنت بیست ساڵان بوو، من ڕەوشتی تۆم ناسیووە، تەنانەت کە دایە دەڵێت: "دونیا بەرانبەر زۆر شت خۆڕاگرە" من ئەمە

---

[1] Schiller شاعیری ڕۆمانتیکی ئەڵمانی، کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا ژیاوە.

دەزانم، من دوو ساڵ و نیو پێش ئێستا ئەوەم زانیووە و لەو کاتەوە کە دوو ساڵ و نیو تێپەڕیووە، بیرم لەوە کردۆتەوە. بەڵێ، دەربارەی ئەوەی کە "دونیا دەتوانێت بەرگەی زۆر شت بگرێت". ئەگەر ئەو بتوانێت بەرگەی جەنابی سڤیدریگایلوف بە هەموو ناتەواویەکانییەوە بگرێت، ئەوە گومان لەوەدا نامێنێت کە بە ڕاستی دەتوانێت بەرگەی گەلێک ناخۆشیی تر بگرێت، ئێستا ئەو و دایە وا دەزانن دەتوانن لەگەڵ جەنابی لۆژیندا هەڵبکەن، ئەو کەسەی خاوەنی ئەو گریمانەیەیە، کە دەبێت ژن لە نێو هەژاران بێنێت بۆ ئەوەی ژن هەمیشە چاولەبەری چاکەی مێردیان بن. هەر ئەو کەسەی کە تا ڕادەیەک لە یەکەم پێکگەیشتندا ئەم بیروباوەڕەی دەربڕیووە! باشە، با بڵێین ئەم قسەیەی لەدەم دەرچووە، هەرچەندە پیاوێکی بە ئاوەز و خاوەن لۆژیکە (زۆر لەوانەیشە کە ئەم مەبەستەی هەرگیز لەدەم دەرنەپەڕیبێت، بەڵکو بەتایبەتی ویستبێتی زووتر دەریببڕێت) بەڵام دونیا، دونیا بۆ؟ لای ئەو ئەم پیاوە ڕوون و ئاشکرایە و دەیەوێت ژیان لەگەڵ ئەودا بەسەر بەرێت! دونیا بە نان و ئاوی وشک قەناعەت دەکات، بەڵام ڕۆحی خۆی نافرۆشێت و ئازادیی خۆیشی هەرگیز بە ژیانی ڕابواردن ناگۆڕێتەوە، تەنانەت بە هەموو ناوچەی شلزویگ هولشتاینیشی[1] ناگۆڕێتەوە تا دەگاتە جەنابی لۆژین. نەخێر، ئەو دونیایەی من ناسیم، ئەمە نەبوو.. هەڵبەتە ئێستایش هەر نەگۆڕاوە!.. بێگومان وایە، نموونەی سڤیدریگایلوف دژوارن و هەڵکردن لەگەڵیاندا

---

[1] Schleswig- Holstein سالی ١٨٦٤ پروسیا و نەمسا لەسەر هەرێمی شلزویگ هولشتاین شەڕیان لەگەڵ دانیمارکدا کرد و پاشان بەو ناوەوە چووە سەر وڵاتی پروسیا.

زەحمەتە! دیارە ئەوەیش زەحمەتە کە هەموو تەمەنت بە شاراندا بگەڕێیت و بە دووسەد ڕۆبڵ لە ساڵێکدا مامۆستایی بکەیت. لەگەڵ ئەمانەیشدا من ئەوە دەزانم کە خوشکەکەم ئەوەی پێ باشترە وەک زنجییەکان ببێتە کۆیلەی موڵکداران یان وەک لیتوانییەکان ببێتە بەندەی ئەڵمانەکان، نەک ڕۆح و هەستی خۆی بداتە یەکێک کە تاهەتاهەتایە حەزی لێنەکات و بە هیچ پێیەوە نەبەسترێت، بەڵکو تەنیا و تەنیا لەبەر سوودی شەخسی، سوودێکی سووک و ڕسوا.

گریمان جەنابی لۆژین زێڕێکی بێگەرد یان پارچە ئەڵماسیش بێت، هێشتا ئەو هەر بەوە قایل نییە ببێت بە ژنی شەرعیی جەنابی لۆژین. ئەی چۆن قایل بووە، نهێنیی ئەم کارە لە چیدایە؟ گرێکوێرەکە لە کوێدایە؟ مەبەستەکە ڕوونە: بۆ خۆی و ئاسوودەیی خۆی و تەنانەت بۆ ئەوەیش کە لە مەرگ ڕزگاری بێت، ئەو بە هیچ جۆرێک هەر خۆی نافرۆشێت، بەڵام دەیەوێت لەبەر خاتری یەکێکی تر ئەمە بکات، بۆ کەسێکی ئازیز و خۆشەویست خۆی دەفرۆشێت. هەموو مەبەستەکە لێرەدایە: لەبەر خاتری برا و دایک خۆی دەفرۆشێت. هەموو شتێک دەفرۆشێت! بەڵێ، چۆن پێویست بکات لەم لایەنەوە بیروباوەڕە ئاکارییەکانی خۆیشمان دەکوژین! ئازادی، ئاسودەیی، تەنانەت ویژدانیش، هەر هەمووی دەبەینە بازاڕ و مامەڵەیان پێدەکەین، چی دەبێت با ببێت، بەو مەرجەی ئەو کەسانەی خۆشمان دەوێن، بەختەوەر بن. بێ لەمانەیش، پاساوی تایبەت دادەهێنین، لە یەسوعییەکانەوە شت وەردەگرین و دەشێت بۆ ماوەیەک ئارامی بدەینە خۆمان و بڕوا بە خۆمان بهێنین، کە بۆ کاری چاکە، دەبێت ئەمە بکەین و هەر دەبێت بیشیکەین. بەڵێ، ئێمە واین و هەموو شتێکیش وەک ڕۆژی ڕوون وایە، ئەوە ئاشکرایە، کە هیچ کەس

بێجگە لە ڕادیون ڕومانوڤیچ[1] لەئارادا نییە، هەر ئەوە پلەی یەکەمی ئەو بڕیارەی بۆ دراوە، باشە، بێگومان دەبێت بەختەوەری بۆ ئەو دەستەبەر بکرێت، خەرجیی زانکۆی فەراهەم بهێنرێت، بکرێتە هاوبەشی نووسینگەکەی و هەموو ئایینده‌ی بۆ دابین بکرێت. دوور نییە ئەویش لە داهاتوودا دەوڵەمەند و بەڕێز بێت و ڕەنگە ناو و ناوبانگیشی لە کۆتایی تەمەنیدا بگاتە دواپلە. ئەی دایکە؟ چۆن کچەکەی دەکاتە قوربانی؟ بەڵام مەسەلەکە ڕودیایە، ڕودیای بێوێنە، ئازیز و ناوازە، ئاخر چۆن دەبێت بۆ کوڕێکی ئاوا بێوێنە تەنانەت کچێکی وایش نەکرێتە قوربانی؟ ئای لەو دڵە خۆشەویست و زاڵمە! وەلێ ئەمە هیچ نییە: هەر لەمەوە دەبێت ئێمە ئاگاداری چارەنووسی سۆنیایش بین، سۆنیا، سونێچکا مارمیلادۆڤ، سونێچکا کە تا دنیا بمێنێت، ئەویش نەمرە. ئایا ئێوە هەردووکتان بە تەواوی لە مەودای ئەم قوربانییە تێگەیشتوون و هەڵتان سەنگاندووە؟ دڵنیان؟ لە دەرەوەی تواناتاندا نییە؟ ئایا قوربانییەکی بەکەڵکە؟ ئاقڵانەیە؟ دونیا گیان، ئاخۆ دەزانیت کە چارەنووسی سۆنیای ئازیز لەوە خراپتر نییە کە ژیان لەگەڵ جەنابی لۆژیندا بەسەر بەریت؟ دایکم دەنووسێت: "چ خۆشەویستییەک لەئارادا نییە" جا چی مایەوە! ئەگەر خۆشەویستی تیا نەبێت و ڕێزیشی هەر تیا نەبێت، ئیتر چی هەیە؟ ئەی ئەگەر بە پێچەوانەوە نەفرەت و بێزاری و سووکایەتیی تیا بێت، ئەوسا چۆن؟ کەواتە ئەو کاتە وا دەردەچێت کە دەبێت بە ناچاری ئاگاداری "پاکیزەیی" بیت، وانییە؟ تێدەگەین؟ دەزانن مانای "پاکیزەیی" چییە؟ دەزانن "پاکیزەیی" لۆژین لەگەڵ "پاکیزەیی" سۆنیادا یەکێکە، تۆ بڵێ

---

[1] *Radion Romanovich*

ئەویان خراپتر و قێزەونتر و نەگریسترە؟ چونکە تۆ، دونێچکا، لێرەدا تەنیا باس لە ئاسوودەیی و خۆش گوزەرانیی زیاتر دەکەیت، لە کاتێکدا لەوێ تەنیا و تەنیا ترسی لەبرسانامردن هەیە، دونێچکا، ئەم "پاکیزەیی"یە بە نرخێکی گران، زۆرزۆر گران کۆتایی دێت.
چاکە، ئەی ئەگەر پاشان دەرکەوت کە توانای هەڵگرتنی ئەو بارە گرانەت نییە، تۆبە دەکەیت؟ چەند خەم و خەفەت دەچێژیت! نەفرەت دەکەیت. بەخوڕ فرمێسکی نهێنی دەڕێژیت، چونکە تۆ مارفا بتروڤنا نیت؟ ئەی ئەوسا لەگەڵ دایکماندا چۆن؟ ئەو لە ئێستاوە ئازار دەکێشێت و بێتاقەتە، ئەی ئەو کاتەی کە هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەبێتەوە؟ ئەی من؟ بەڕاستِ هیچ بیرت لە من کردۆتەوە؟ من، دونێچکا، قوربانیدانی تۆم ناوێت و پێویست ناکات، نا، دایکە، نامەوێت، مەحاڵە، تا من مابم، مەحاڵە بهێڵم ئەو کارە سەربگرێت. هەرگیز قبووڵی ناکەم".
لەناکاوێکدا ڕاسکۆلنیکۆڤ هاتەوە سەر خۆی و بێدەنگ بوو.
"مەحاڵە ئەو زەماوەندە سەربگرێت؟ باشە تۆ چی دەکەیت بۆ ئەوەی کە سەرنەگرێت؟ ناهێڵیت؟ بە چ هەقێک؟ دەتوانیت لای خۆتەوە بە چ بەڵێنێک قایلیان بکەیت تا ئەو هەقەت بدەنێ؟ کە خوێندنت تەواو کرد و چوویتە سەر کار، هەموو چارەنووس و ئاییندەی خۆت بۆ ئەوان تەرخان دەکەیت؟ ئەم قسانەمان زۆر بیستووە، قسەی بێناوەرۆکن! ئێستا چۆن؟ دەبێت هەر ئێستا کارێک بکەیت، تێدەگەیت؟ بەڵام تۆ دەتوانیت چی بکەیت؟ تۆ باری بەسەریانەوە و گیرفانیان هەڵدەتەکێنیت. ئەوان ئەم پارەیە لەسەر سەد ڕۆبڵی خانەنشینییەکەیان وەردەگرن یان لە سفیدریگایلوفی قەرز دەکەن، تۆیش! ئەی ملیونێری ئاییندە و ئەی ئەو خودایەی کە چارەنووسی ئەوانت لە نێو مشتدایە،

چۆن ئەمانە لە دەست سڤیدریگایلوڤەکان و ئافاناسی ئیڤانۆڤیچ فاخروشینەکان دەپارێزیت؟

دە ساڵی تر؟ تا دە ساڵی تر دایک لەدەست دەستماڵ دروستکردن و ڕەنگە ئەمەندەیش فرمێسک بڕێژێت، کوێر بێت.. یان بە هۆی نەخواردنەوە تووشی سیل بێت. ئەی خوشکت؟ چاک بیر بکەوە، تا دەساڵی دی یان هەر لەم دە ساڵەدا خوشکت چی لێدێت؟ ها تێگەیشتیت؟"

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەم پرسیارانە ئازاری خۆی دەدا و وەک چێژیشی لێوەربگرێت وابوو، وەلێ هەموو ئەم پرسیارانە تازە و کتوپڕ نەبوون، بەڵکو کۆن و بێزارکەر و دێرینە بوون، ماوەیەک بوو ئەمانە ئازاریان دەدایە و بە تەواوی دڵیان دەپرواند، دەمێک بوو ئەو خەمانە لە دەروونیدا ڕیشەیان داکوتابوو، گەورە دەبوون، بەسەر یەکدا کەڵەکە دەبوون و لەم دواییەشدا ئیدی پێگەیشتبوون و خەست ببوونەوە، بە جۆرێکی ترسناک ببوونە پرسیارگەلێکی سەیر و دڵ و ئەقڵی ئەویان ئازار دەدا و سەرسەختانە داوای وەڵامیان دەکرد. وا ئێستایش نامەکەی دایکی وەک هەورەبروسکە بەسەریدا کێشا، ئەوە دەرکەوت کە ئێستا تەنیا خەم و خەفەت خواردن بێسوودە و دەردی بێدەرمانە و چەندوچوونی تەنیا دەربارەی پرسیارە بێوەڵامەکان ئیدی بەدەرد ناخوات، دەبێت کارێکی بۆ بکرێت. هەرچەندە زووتریش بکرێت، چاکترە. بە هەر نرخێک بووە، پێویستە بڕیارێک بدرێت، هەر جۆرە بڕیارێک بێت و یان.. لەپڕا بە تووڕەییەوە هاواری کرد:

- یان بەیەکجاری پشت لە ژیان دەکەم! وەک خۆی گوێڕایەڵی چارەنووس دەبم و بۆ هەمیشە قبووڵی دەکەم، هەموو جۆرە هەقێکی هەوڵدان و ژیان و خۆشەویستی لە خۆمدا دەکوژم.

لەپڕێکدا پرسیارەکەی مارمیلادوڤی هاتەوە یاد:
.."تێدەگەیت، بەڕێز گیان. یانی چی ئەگەر نەتوانیت ڕوو لە شوێنێک بکەیت؟ چونکە پێویستە هەموو کەسێک بتوانێت، هیچ نەبێت ڕوو لە شوێنێک بکات.."
لەپڕێکدا ڕاسکۆلنیکۆڤ تەزوویەکی پیادا هات، بیرۆکەیەک، هەمان بیرۆکەی دوێنێ، دیسان لەسەری دایەوە، وەلێ بە لایەوە ئەوە سەیر نەبوو، چونکە دەیزانی، پێشتریش هەستی بەوە کردبوو کە ئەم بیرۆکەیە جارێکی تر سەری لێدەداتەوە، خۆیشی هەر چاوەڕێ بوو، بێجگە لەوە، بیرۆکەکە هیچ پەیوەندییەکی بە دوێنێوە نییە، وەلێ جیاوازییەکە ئەوەیە کە مانگێک پێشتر و تەنانەت تا دوێنێش بیرۆکەکە بێجگە لە ئارەزوویەک زیاتر هیچی تر نەبوو، کەچی ئێستا.. ئێستا وەک ئارەزوویەک دەرنەکەوت، بەڵکو بە شێوەیەکی تازە و ترسناک و تەواو نادیار خۆی نیشاندا، خۆیشی ئەمەی باش دەزانی.. لەپڕا شەپۆلی خوێن لەسەریدا جۆشی خوارد و بەرچاوی ڕەش بوو. بەپەلە ڕووی وەرگێڕا، بەدوای شتێکدا دەگەڕا، حەزی کرد دابنیشێت، بەدوای سەکۆیەکدا وێڵ بوو، لەو کاتەدا بە شەقامی (ک..)دا تێدەپەڕی، لە دووری سەد مەترێکەوە سەکۆیەکی بینی، تا توانیی، هەنگاوەکانی فراوانتر کرد، بەڵام لە ڕێگەکەیدا پێشهاتێکی بچووک بۆ چەند چرکەساتێک تێکڕای سەرنجی بۆ خۆی ڕاکێشا.
کە بەدوای سەکۆکەدا دەگەڕا، لە بەرانبەریدا، نزیکەی بیست هەنگاوێک لەوبەریەوە، ژنێکی ڕێبواری بینی، لە سەرەتادا هیچ سەرنجی ڕانەکێشا، هەروەک شتەکانی تری بەرانبەری کە دیار بوون و ئەم سەرنجی نەدەدان، زۆرجار ئەوەی بەسەر هاتبوو کە لە گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە، هەرگیز ئەوەی لە یاد نەمابێت کە لە کام لاوە

هاتۆتەوە، لەسەر ئەم ڕەوشە ڕاهاتبوو، وەلێ لە ژنە ڕێبوارەکەدا شتێکی سەرسوڕهێن و تایبەت خۆی حەشاردابوو، کە لە یەکەم بینیندا بەرچاو دەکەوت و وردەوردە بە سەختی سەرنجی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، لە پێشدا بێدەربەست و تەنانەت بێمەیلانە تەماشای کرد و پاشان زیاتر و زیاتر بەرەو لای کشا، لەپڕا ویستی بزانێت چی لەو ژنەدایە، کە هێندە سەرسووڕهێنە! وا دەردەکەوت کچێکی زۆر جوان بێت، لەم گەرمایەدا بە قژی پەخشانەوە بێچەتر و دەستکێش لە حاڵێکدا بە جۆرێکی پێکەنینهێنەر دەستی ڕادەتەکاند و بەڕێدا دەڕۆیشت، کراسێکی ئاوریشمینی ناسکی وای لەبەردابوو، کە ئەویش بۆ خۆی وەک شتێکی سەیر دەهاتە بەرچاو، دوگمەی کراسەکەی بە حاڵەحاڵ داخرابوون و لە پشتەوە، لە دەوری کەمەریدا، لەو جێگایەوە کە داوێن دەست پێدەکات، قڵیشێکی تیابوو، یەکێک لە دوگمەکان تەواو شل ببووەوە و تەکانی دەخوارد، دەسماڵێکی بچووکی بە گەردنە ڕووتەکەیەوە ئاڵاندبوو، کە بە لاروگەوێڕی بەستبووی، زیاد لە هەموو ئەمانە، کیژەکە هەنگاوی ناجۆری دەنا و پێی هەڵدەکەوت و سەرسمی دەدا، ئەم پێکگەیشتنە سەرئەنجام هەموو هەست و کونپشکنی ڕاسکۆلنیکۆڤی بزواند، ڕێک لە پاڵ سەکۆکەدا بە کچەکە گەیشت، وەلێ کچەکە هەر ئەوەندەی لە سەکۆکە نزیک کەوتەوە، بەبێ سێودوو خۆی دایە سەر لایەکیدا و سەری بە پشتەکەیەوە تا، گوایا لەبەر ئەوەی زۆر ماندوو بووە، چاوی نووقاند.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە بە جوانی لێی ڕاما، زوو زانیی تەواو مەستە، بینینی ئەم دیمەنە زۆر سەیروسەمەرە دەهاتە بەرچاو، تەنانەت ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری کردەوە نەوەک بە هەڵەدا چووبێت: لە بەرانبەریدا دەموچاوێکی سپی، قژ زەرد، ورد و قەشەنگ و بێنیهایەت جوان،

تەمەنی شانزە ساڵ، یان پانزە ساڵ دەینواند و کەمەکێک ڕووی خوێنتێزاو و تا ڕادەیەک ئاوساوی پێوە دیاربوو، وەک ئەوەی کچە ئاگای لە هیچ نەمابێت، قاچی نایە سەر قاچی و لەڕادەبەدەر ئەندامی لەشی دەرکەوتن، هەموو جووڵە و بزاوتێکی ئەوەیان دەردەخست، کە هیچ ئاگای لەوە نەماوە لەسەر شەقامێکدایە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ دانەنیشت، بەڵام خەیاڵی ڕۆشتنیشی نەبوو، بە سەرسووڕماوییەوە بەرانبەری وەستا، هەمیشە ئەم شەقامە لە دەشتێکی چۆڵ چووە، بە تایبەتی ئێستا، لەم سەعات دووی پاش نیوەڕۆگەرمەدا کەسی تیا نەبوو، لەگەڵ ئەمەیشدا کەمێک دوورتر لەمان بە پانزە هەنگاوێک، پیاوێک لە کەناری شەقامەکەدا وەستابوو، لە هەڵسوکەوتیدا بە چاکی هەست بەوە دەکرا، کە ئەویش دەیەوێت بۆ مەبەستێک لە کچەکە نزیک بێتەوە، زۆر لەوە دەچوو ئەویش کچەکەی لە دوورەوە دیبێت و کەوتبێتە دوای، وەلێ ڕاسکۆلنیکۆڤ لێی تێک دا، پیاوەکە بە تووڕەییەوە تەماشای ڕاسکۆلنیکۆڤی دەکرد، ئەگەرچی دەیویست ئەم پێی نەزانێت، کێچ کەوتبووە کەوڵی و هەر چاوەڕێی ئەوە بوو ئەم شرەپۆشە بەڵایە دوور بکەوێتەوە و نۆرە بگاتە سەر ئەو، مەبەستەکە ڕوون و ئاشکرابوو، تەمەنی پیاوەکە لە دەوری سی ساڵاندا بوو، لەشپڕ، قەڵەو، سوروسپی بوو: تەواو وەک ئەوەی شیرت لەگەڵ خوێندا تێکەڵ کردبێت، لێوی سوور و سمێڵێکی باریک و بەرگیشی تا بڵێی شیک بوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕق بە تەواوی ئەوکی گرت و لەپڕێکدا ویستی هەر چۆنێک بووە، سووکایەتیەک بەم هەرزە چەورونەرمە بکات، کەمێک کچەکەی بەجێ هێشت و بەرەو پیاوەکە چوو، مستەکۆڵەی ئامادە و لە ڕقا دەمی کەفی کرد بوو، پێکەنی و هاواری لێکرد:

- ها سفیدریگایلوڤ لێرە چی دەکەیت؟
پیاوەکە ناوچاوی دا بەیەکدا و بەسەر سووڕماوییەکی لووتبەرزانە و دەنگێکی زبرەوە پرسی:
- یەعنی چی؟
- یەعنی بڕۆ و وێڵ بە.
- چەند لە خۆت ڕادەبینیت، سەگ..
ئەمەی وت و قامچیەکەی بەرز کردەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە پیاوەکە بە ئاسانی دەرەقەتی دوانی وەک ئەم دێت، دایە بەر مشتەکۆڵە و خۆی دا بەسەریدا، لەو کاتەدا یەکێک لە پشتەوە توند گرتی: پاسەوانێک کەوتە بەینیانەوە:
- بەسە بەڕێزان، لە شوێنی گشتیدا پێکدا هەڵمەپرژێن، چیتان دەوێت؟
کە لە بەرگە شڕەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤی ڕوانی، بە ئاوازێکی جیدی وتی:
- تۆ کێیت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ باش لێی ڕاما، لە بەرانبەریدا ڕووی سەربازێکی ئازای بینی، کە سمێڵ و ڕیشی بە لای لاجانگیدا سپی بوون و ڕوانینێکی لێزانی هەبوو، زوو دەستی گرت و بە دەنگی بەرز وتی:
- من پێویستم بە تۆیە، من ڕاسکۆلنیکۆڤم، کۆنە خوێندکاری زانکۆم..
پاشان ڕووی تێکرد و وتی:
- دەبێت تۆیش بیزانیت، وەرە با شتێکت پیشان بدەم..
بەدەم قسەکانەوە دەستی پاسەوانەکەی گرت و بەرەو لای سەکۆکەی هێنا.
- وەرە، تەماشای بکە، تەواو سەرخۆشە، ئێستا بەم شەقامەدا تێدەپەڕی، کێ چووزانێت کێیە؟ بەڵام لەوە ناچێت کە ئەوە پیشەی بێت، زیاتر شیمانەی ئەوەی هەیە، کە سەرخۆشیان کردبێت و

فریوویان دابێت.. یەکەمجارە.. تێدەگەیت؟ هەر بەم حاڵەوە بەرەڵایان کردۆتە ناو کووچە و کۆڵان، بڕوانە، چۆن کراسەکەی دڕاوە، بڕوانە چۆنیان لەبەر کردووە: ئاخر خۆی لەبەری نەکردووە و ئەوان جلیان لەبەر کردووە، بێ لەوە دەستێکی نەشارەزا، دەستی پیاو لەبەری کردووە، ئەوە دیارە، ئێستا لەوێ بڕوانە، ئەو پیاوەی خۆی بە کەشخە دەزانێت و ویستم بیکوتم، من نایناسم و یەکەمجارە بیبینم، وەلێ ئەو کە ئەم کچە مەست و بێهۆشوگۆشەی لە ڕێگەدا بینی، حەزی لێکرد و زۆری ئارەزوو لێیە لێی نزیک بکەوێتەوە، چونکە لەو حاڵەیشدایە، بیفڕێنێ و بۆ لایەکی بەرێت.. بێگومان وایە، باوەڕ بکە من هەڵەنیم، من خۆم بینیم چۆن چاودێریی کچەکەی دەکرد و چاوی لێ کەلا نەدەخست، بەڵام من ڕێم لێگرت و ئێستا هەر چاوەڕێی ئەوەیە من بڕۆم، بڕوانە، کەمێک دوور کەوتەوە، وەک ئەوەی خۆی بە پێچانەوەی جگەرەیەکەوە سەرقاڵ بکات.. چی بکەین تا کچەکەی نەدەینێ؟ چۆن کچەکە ببەینەوە ماڵەکەی؟ بیری لێبکەرەوە!

پاسەوانەکە زوو لە هەموو شتەکان گەیشت، هەڵبەتە لە وەستانی کابرای قەڵەویش، ئەی کچەکە؟ پاسەوانەکە بەسەر کچەکەدا چەمایەوە و لە نزیکەوە لێی ڕوانی، سۆزێکی ڕاستگۆیانە لە ڕوویدا دەرکەوت و بەدەم سەرڕاوەشاندنەوە وتی:

- ئاخ، حەیف، هێشتا زۆر منداڵە، ڕاستە فریوویان داوە.

پاشان بانگی کچەکەی کرد:

-خانم، گوێ بگرە، ماڵتان لە کوێیە؟

کچەکە چاوە ماندوو مەستەکانی کردەوە و لەسەرخۆ لەوانەی ڕوانی، کە پرسیاریان لێدەکرد. بە دەست دەریکردن.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:

- گوێ بگرە، وەرە (لەو کاتەدا گیرفانی خۆی گەڕا و بیست کوپێکی دۆزیەوە و دەریهێنا) وەرە، بیگرە، سواری گالیسکەیەکی بکە و پێی بڵێ بیگەیەنێتە ماڵەوەیان، وەلێ دەبێت ناونیشانی ماڵەکە بزانین.
پاسەوانەکە پارەکەی وەرگرت و دیسان دەستی پێکردەوە:
- کچی باش، ها، کچی باش، هەر ئێستا گالیسکەیەکت بۆ دەگرم و خۆم دەتگەیەنم، بۆ کوێ دەفەرموویت؟ ها؟ ماڵتان لە کوێیە؟
کچە دیسان دەستی ڕاوەشاند و وتی:
- بڕۆ.. وازم لێ بێنە.
- ئای، ئای، ئەمە باش نییە! کچی باش، شەرمەزارییە، چ شەرمەزارییەک!
دیسان لە ڕووی سەرزەنشت و سۆزەوە بە تووڕەییەوە سەری ڕاوەشاند:
- بە ڕاستی کێشەیەکە بۆ خۆی!
لەگەڵ قسەکانیدا ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و خێرا بە سەرتاپای لەشیدا هەڵیڕوانی، زۆری بە لاوە سەیر بوو کە بەم جلە شڕوکۆنانەوە ئاوا پارە ببەخشێتەوە.
پاسەوانەکە پرسی:
- ئەم کچەت لە شوێنێکی لێرە دووڕتر دیووە؟
- پێم وتیت، هەر لێرە، بە شەقامەکەدا تێدەپەڕی، لارەلارەی بوو، هەر کە گەیشتە سەکۆکە، بەسەریدا کەوت.
- چ بێشەرمییەک لەم ڕۆژانەدا ڕووی لە دنیا کردووە، خودایا! بەم منداڵییە و لەم کاتەدا و سەرخۆشی! هەڵیان خەڵەتاندووە، بێگومان وایە، جلەکانیشی دڕاوە.. ئای چ بێڕەوشتییەک بڵاو بۆتەوە.. پێدەچێت

خانەدانییش بێت و هەژار کەوتبن، لەم بابەتانە ئێستا زۆرن، دیارە خانومانە، وەک کچە خانەدانەکان.
دیسان بەسەریدا نوشتایەوە، ڕەنگە خۆیشی کچی هاوتەمەنی وای هەبێت کە وەک (کچە خانەدان و نازەنینەکان) بن و پەیڕەویی لە هەموو ئاداب و ڕەفتارێکی ڕەوشتباشەکان بکەن و لە ڕێوڕەسمی باو دەرنەچن.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە نیگەرانییەوە وتی:
- گرنگ ئەوەیە نەیدەین بە دەست ئەم بێڕەوشت و داوێنپیسەوە، بێگومان ڕسوای دەکات، دیارە دەیەوێت چی بکات! بێڕەوشتە نایشرواتە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگی بەرز دەدوا و بە دەستیشی ئاماژەی بۆ لای پیاوەکە دەکرد. ئەویش گوێی لە هەمووی بوو، لەوەدا بوو تووڕە بێت، بەڵام پەشیمان بووەوە و بە نیگایەکی نەفرەتلێکردنەوە وازی هێنا، ئینجا لەسەرخۆ، دە هەنگاو دوور کەوتەوە و دیسان وەستا.
پاسەوانەکە بەدەم بیرکردنەوەوە وتی:
- دەتوانین نەیدەینێ، بەڵام خۆزگا بمانزانیایە بۆ کوێی دەبەین! ئەگەر نا.. کچی باش، ئاها، کچی باش!
هەر بەدەم ئەم قسانەوە دیسان بەسەر کچەکەدا چەمایەوە.
کچەکە کتوپڕ بە تەواوی چاوی کردەوە و بە وردیی ڕوانی، وەک ئەوەی شتێکی دەستگیر بووبێت، لەسەر سەکۆکە هەستا و بەرەو ئەو شوێنە گەڕایەوە، کە لێی هاتبوو، بەدەم دەستڕاوەشاندنەوە وتی:
-ئاه.. بێشەرمەکان هێشتا دەستبەردارم نابن!
پاشان خێرا کەوتە ڕێ، بەڵام لەبەر ئەوەی لارەلارەی بوو، پیاوەکە لە ڕێگەیەکی ترەوە کەوتەوە دوای و چاوی لێنەدەتروکاند.

پاسەوانە سمێڵبابڕەکە بە جەختلێکردنەوە بە ڕاسکۆلنیکۆڤی وت:
- مەترسە، ناهێڵم.
کەوتە دوایان، پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە دەنگی بەرز وتییەوە:
- ئاه .. چ بێڕەوشتیەک بڵاو بۆتەوە!
لەو کاتەدا وەک شتێک بە ڕاسکۆلنیکۆڤدا چزابێت، بە تەواوی هەموو شتێکی لێ چەواشە بوو، لە دواوە هاواری لە پاسەوانەکە کرد:
- ئاها.. گوێ بگرە.
پاسەوانەکە ئاوڕی دایەوە. ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:
-وازی لێبهێنە، تۆ هەقت چییە؟ وێڵی بکە، لێی گەڕێ با ڕابوێرێت. (بە دەست ئاماژەی بۆ لای پیاوەکە کرد) ئاخر، تۆ چ هەقت بەسەرییەوە هەیە؟ پاسەوانەکە لە مەبەستی نەگەیشت، بە سەرسامییەوە چاوی لە لاوەکە بڕی، ڕاسکۆلنیکۆڤ پێکەنی، پاسەوان هەناسەی هەڵکێشا و کەوتە دوای پیاو و کچەکە، زۆر لەوە دڵنیا بوو کە ڕاسکۆلنیکۆڤ یان شێتە یان لە شێت خراپترە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ کە بە تەنیا مایەوە، بە تووڕەییەوە وتی: "بیست کۆپیکەکەی بردم، باشە، لەویش پارە وەردەگرێت و کچەکەی لە چنگ دەنێت و ئیدی کار لێرەدا بە کۆتایی دەگات.. باشە، ئەسڵەن من بۆ بیرم لە هاوکارییکردن کردەوە! ئاخر من بۆ یارمەتیی بدەم؟ ئایا من مافی ئەوەم هەیە یارمەتی خەڵکی بدەم؟ خوای دەکرد بە زیندوویی یەکیان دەخوارد، بە من چی؟ کەی من مافی ئەوەم پێدراوە بیست کوپیک ببەخشم، بۆ پارەی من بوو؟"
لەگەڵ ئەم قسە سەیرانەدا باری ڕاسکۆلنیکۆڤ نادروست بوو، لەسەر سەکۆ خاڵییەکە دانیشت، بیری ئاڵۆز بوو، تێکڕا هەموو

بیرکردنەوەیەکی ئەو چرکەساتەی دژوار دەهاتە بەرچاو، حەزی دەکرد بە تەواوی خۆی فەرامۆش بکات، هەموو شتێکی لەبیر بچێتەوە. پاشان بێتەوە سەر خۆی و لە نووکەوە دەست پێبکاتەوە، کە تەماشای گۆشە خاڵییەکەی سەکۆکەی کرد، وتی:

- کچی بێچارە، دێتەوە هۆشی خۆی، دەگری، پاشان دایکیشی دەزانێت.. لە پێشا لێی دەدات و پاشان بە قامچی دەکەوێتە وێزەی. ڕەنگە دوای ئەوە سووکایەتیی پێبکات و دەریبکات، ئەگەر دەرییشی نەکات، یەکێکی وەک داریا فرانتسوڤنا بۆن دەکات و ئەوسا کچە دەکەوێتە هاتوچۆی ئەملاوئەولا، دوای ئەوەیش نۆرەی خەستەخانەیە (هەمیشە ئەمە لەو کەسانە ڕوو دەدات، کە لەگەڵ دایکیاندا زۆر پاک دەژین و بە دزیی ئەوانەوە بێڕەوشتی دەکەن) دوای ئەوەیش.. دیسانەوە بۆ خەستەخانە، شەراب.. چایخانە و دیسان خەستەخانە.. دوای دوو سێ ساڵییش لە کار دەکەوێت، بەم جۆرە تێکڕا نۆزدە یان هەژدە ساڵ تەمەن بەسەر دەبات.. بۆ من لە مانەم نەبینیووە؟

ئەمانە چۆن بەم ڕۆژە گەیشتن؟ تەواو بەم شێوەیە.. ئاه. جا بە من چی؟ دەڵێن دەبێت وابێت، دەڵێن هەر ساڵەی ژمارەیەکی وا، یان ڕێژەیەکی سەدی هەیە کە وای لێبێت.. گۆڕبەگۆڕ چن، دیارە ئەمە بۆ ئەوەیە کە کەسانی تر ئاسوودە بژین و خەڵکی دی تەنگیان پێهەڵنەچنن، (ڕێژەی سەدی) بە ڕاستی ئەمانە وشەگەلێکی بەتامن، وشەی ئاسوودەبەخشن و زانستی! هەرکەوتیان لەسەدا چەند، دیارە ئیتر ترسی تیا نامێنێت، بەڵام ئەگەر وشەیەکی تری ئاسایی بێت، ئەوسا بێگومان جێی مەترسییە.. چۆنە ئەگەر دونیای ئازیزیش بکەوێتە ناو ئەو "لەسەدا چەند"ەوە! ئەگەر نەبوو بە یەکێک لەوانە، دەڕواتە نێو دەستەیەکی ترەوە.

لەپڕا ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری کردەوە: "بەڵام من بۆ کوێ دەچم؟ سەیرە! ئاخر من بە مەبەستێک کەوتمە ڕێ، هەر کە نامەکەم خوێندەوە، بەبێ وەستان کەوتمەڕێ.. بەرەو دوورگەی ڤاسیلیڤسکی بۆ لای ڕازومیخین[1]، ڕاستە.. ئێستا بیرم کەوتەوە، بەڵام بۆچی؟ بۆ بیری ڕۆیشتن بۆ لای ڕازومیخین ئێستا لە سەری داوم؟ سەیرە!

سەری لە خۆی سووڕمابوو، ڕازومیخین هاوڕێیەکی کۆنی زانکۆی بوو، سەیرە ڕاسکۆلنیکۆڤ تا لە زانکۆ بوو، هاوڕێیەکی نەبوو، تێکەڵ بە کەس نەدەبوو، نەدەچووە لای کەس و ئەگەر یەکێک بهاتایە بۆ لای، بە زەحمەت پێشوازیی لێدەکرد، سەر ئەنجام زوو هەموو پشتیان تێکرد، نە لە دانیشتنی گشتیدا، نە لە گفتوگۆدا، نە لە ڕابواردندا و نە لە کاروباری تردا بەشداریی نەدەکردن. بە هەموو توانایەوە خەریکی خوێندن بوو، بیری لە خۆی نەدەکردەوە، بۆیە ڕێزیان لێدەگرت، بەڵام کەس خۆشی نەدەویست، زۆر هەژار و زۆریش لەخۆبایی بوو، گەلێک کەمدوو بوو، دەتوت نهێنییەکی لە خۆیدا حەشارداوە، هەندێک لە هاوڕێکانی وایاندەزانی وەک منداڵ تەماشای هەموویان دەکات، کە شایانی چاودێریکردن بن، وەک ئەوەی لە باری زیرەکی و زانست و بیروباوەڕەوە لە هەموویان لە پێشتر بێت و بە سووکی لە ڕا و ئارەزووەکانیان بڕوانێت.

بەڵام کەس نازانێت چۆن ئەوەندە لە ڕازومیخینەوە نزیکە! نەک تەنیا نزیکیی، بەڵکو لەگەڵ ئەودا ڕاستوڕەوان و هاودەمتریشە. هەرچەندە لەگەڵ ڕازومیخیندا هەر دەبوو وابێت.

---

[1] *Razoumikhine*

راز و میخین لاوێکی گەلێک چاک، ڕەند و میهرەبان بوو، میهرەبانییەکەی گەیشتبووە ڕادەی سادەیی، بەڵام لە پشت ئەو سادەییەوە، هەست بە قووڵی و ویقار دەکرا، هاوڕێ هەرە باشەکانی دەرکیان بەم ڕاستییە کردبوو، بۆیە هەموویان خۆشیان دەویست. بە هیچ جۆرێک گەمژە نەبوو، ئەگەرچی هەندێکجار زۆر سادە دەردەکەوت، دیمەنی سەرنجڕاکێش بوو، باڵابەرز، لاواز و مووڕەش و کەمتر ڕیشی دەتاشی، هەندێکجار دەکەوتە شەڕ و ئاژاوەنانەوە، بە پاڵەوان ناودەبرا، شەوێکی درەنگ لە ناو کۆمەڵێک بێئەدەبدا، لە زەلامێکی کەتەی درێژی سرەواند و بە زەویەکەوە خپی کرد، دەیتوانی بێسنوور بخواتەوە، دەیشیتوانی هەر نەخواتەوە، هەندێکجار شەیتانبازاڕێکی ناڕەوای ساز دەدا، بەڵام توانای ئەوەیشی هەبوو خۆیی لێ دەرباز بکات، شتێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ڕازومیخین ئەوە بوو، کە هەرگیز شکست پەلوپۆی نەدەشکاند و هیچ پێشهاتێکی خراپ دەستەوستانی نەدەکرد. دەیتوانی لەسەر بەردی ڕەق بژی و بەرگەی برسیەتیی زۆر و سەرمای سەخت بگرێت، زۆر هەژار و بێکەس بوو، کاری هەمەچەشنەی دەکرد و خەرجیی خۆی بەدەست دەهێنا. گەلێک سەرچاوەی پێدەزانی، کە کاری تیا بکات و خۆی پێ بژێنێت. ساڵێکی ڕێک بە درێژایی زستانەکەی ژوورەکەی خۆی گەرم نەکرد و سوور بوو لەسەر ئەوەیش کە ئەمە باشتر و بەکەڵکترە، چونکە خەوتنی بەر سەرما خۆشترە. لەو کاتەدا، ئەویش ناچار بوو بۆ ماوەیەکی کەم واز لە زانکۆ بهێنێت، بەڵام بە هەموو توانای هەوڵی ئەوەی بوو دۆخەکە لەبارتر بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بە خوێندنەکەی بدات.

چوار مانگی تەواو بوو ڕاسکۆلنیکۆڤ سەردانی نەکردبوو، ڕازومیخینیش بە جێگای ئەوی هەر نەدەزانی، ڕۆژێک، دوو مانگ لەوەوپێش، جارێکیان نزیک بوو لە کۆڵانێکدا بەیەکتر بگەن، بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕووی وەرگێڕا و بۆ ئەوەی ڕازومیخین نەیبینێت، بەرەو شەقامێکی تر چوو، ڕازومیخینیش لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەستی پێکرد، چونکە نەیویست هاوڕێکەی دڵگیر بێت، ڕێی خۆی لەبەر گرت و ڕۆیشت.

٥

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەر بیرکردنەوەکانی خۆی هەر بەردەوام بوو: "بە ڕاستی من بەم دواییە دەمویست داوای کارێک لە ڕازومیخین بکەم، وانەوتنەوە یان کارێکی دی.. وەلێ ئێستا ئەو دەتوانێت چ هاوکارییەکم بکات؟ با بڵێین وا توانیی چەند وانەیەکم بۆ پەیدا بکات، با بڵێین وا دوافلسی خۆی لەگەڵ مندا بەش کرد، هەڵبەتە ئەگەر پارەی هەبێت، بۆ ئەوەی پێڵاو و جلکێک بکڕم تا بتوانم وانەیان پێوە بڵێمەوە.. باشە.. ئەی دوای ئەوە؟ بەم پارەکەمانە دەتوانم چی بکەم؟ من ئێستا چ پێویستیم بەم شتانەیە؟ بە ڕاستی ئەم چوونەی من بۆ لای ڕازومیخین پێکەنینی گەرەکە.."

پرسیاری ئەوەی کە ئێستا بۆچی دەڕواتە لای ڕازومیخین، زیاد لە زانینی خۆی ئازاری دەدا، بە نیگەرانییەوە، بۆ ئەم کارەی کە زۆر ئاسایی دەهاتە پێشچاو، چاوەڕێی پێشهاتێکی شوومی لێدەکرا، بە سەرسووڕمانەوە لە خۆی دەپرسی: "بەڕاست دەمویست تەنیا بە یارمەتیی ڕازومیخین هەموو کارەکانم بسازێنم، چارەی هەموو شتێکیشم لە ڕازومیخیندا بەرجەستە کردبوو؟"

بیری دەکردەوە و دەستی بە تەوێڵیدا دەهێنا، لەپڕا هەر خۆبەخۆ، دوای بیرکردنەوەی زۆر، بیرۆکەیەکی سەیری بۆ هات، زۆر بە هێوری، وەک ئەوەی بڕیاری تەواو بنەبڕی خۆی دابێت، لەسەرخۆ وتی: "ئا.. دەڕۆم بۆ لای ڕازومیخین، دەڕۆم بۆ لای ڕازومیخین و ئەمە بڕیاری تەواومە.. بەڵام نەک ئێستا، بۆ لای ئەو.. ڕۆژێک دوای "ئەوە" دەڕۆم، ئەو کاتەی کە کارەکە کۆتایی هاتبێت و هەموو شتێک ڕوو لە تازەبوونەوە بێت" وەلێ زوو هاتەوە سەر خۆی و بەدەم هەستانی کتوپڕی سەر سەکۆکەوە بە دەنگی بەرز وتی:

- دوای "ئەوە" بۆ دەبێت "ئەوە" ڕوو بدات؟ ئایا بە ڕاستی ڕوو دەدات؟.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە سەکۆکە دوور کەوتەوە، تا ڕادەیەک کەوتە ڕاکردن، دەیویست بگەڕێتەوە ماڵەوە، کەچی لەپڕا گەڕانەوەی ماڵەوە بێزارییەکی تیا گێڕا. چونکە لەوێ، لە سووچێکیدا، لەو قەفەزە ترسناکەدا، مانگ زیاتر بوو "ئەوە" تاووتوێ دەکرا. بۆیە بەبێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ، بەرەو ڕوانگەکەی کەوتە ڕێ.

ڕکە خرۆشاوەکەی جۆرە تاوولەرزێکی تیا دروست کرد، تەنانەت هەستی بە سەرما کرد، لەو ئاووهەوا گەرمەدا ئەو سەرمای بوو، دەتوت بە زۆر و تا ڕادەیەک دوور لە ویستی خۆی، یان لەبەر پێویستییەکی دەروونی، هەر شتێکی لەسەر ڕێگەکەیدا دەبینی، لێی ڕادەما، وەک بە دوای شتێکدا بگەڕێت، کە حەسانەوەیەکی پێببەخشێت و نەیدۆزێتەوە، بۆیە بە ناچاری هەر لە بیرکردنەوەدا بوو، بەڵام هەر ئەوەندەی ساتمەیەکی بکردایە، سەری بەرز دەکردەوە و تەماشای ئەملاوئەولای دەکرد، یەکسەر بیری لە هەرچییەک کردبووەوە، فەرامۆشی دەکرد و تەنانەت نەیشیدەزانی بە کوێدا دەڕوات، بەم

جۆرە تەواوی دوورگەی "ڤاسیلڤسکی" بڕی، گەیشتە "نیڤای[1] بچووک" لە پردەکە تێپەڕی و کەوتە نێو دوورگەکانەوە، چاوی ماندووی، کە لەسەر تەپوتۆز و گەچ و خانووی زەبەلاحی نزیک بەیەک و هەوای خنکێنەر ڕاهاتبوو، بە سەوزی و فێنکایی ئەو ناوە حەسایەوە: لێرەدا نە بۆگەن و نە شوێنی ئارەقفرۆشی ئاسەواری نەبوو، کەچی لەپڕا ئەو هەستە خۆش و تازەیە گۆڕا بە هەستێکی ناخۆش و بێزارکەر، جارێک بەرانبەر ڤێلایەک دەوەستا، کە لە سەوزە زارێکدا بوو، لە دیوارەکانەوە تەماشای ناوەوەی دەکرد، هەر لە دوورەوە لەو ژنە جوانانە ڕادەما، کە لە هەیوان و باڵکۆنەکاندا بوون و ئەو منداڵانەی لە باخەکەدا یارییان دەکرد. بەتایبەتی گوڵەکان وایان سەرنج ڕاکێشابوو، کە زیاد لە هەر شتێکی دی لەوانی دەڕوانی. جارێکی تریش لەو گالیسکە قەشەنگ و ژن و پیاوە سواربووانەی دەڕوانی، کە بە لایدا تێدەپەڕین و چاوی کونپشکنی ئەم بە ڕێی دەکردن و پێش ئەوەی بکەونە نەدیوی، لەبیری دەچوونەوە، جارێک وەستا و پارەکانی ژمارد، زانیی سی کوپیکی پێیە، لە خۆوە کەوتە ژماردن: "بیست کوپیک بۆ پاسەوانەکە، سیان بۆ نامەهێنانەکەی ناستاسیا، بەم حسابە دۆیشەو چل و حەوت یان پەنجا کۆپیکم داوەتە ماڵی مارمیلادوف" بەڵام خێرا تەنانەت ئەوەیشی لە یاد چوو کە بۆ پارەکەی لە گیرفانی دەرهێناوە.

کە بە بەردەم چێشتخانەکەدا تێپەڕی، کە زیاتر لە چایخانە دەچوو، دیسان کەوتەوە بیرکردنەوە، هەستی بە برسیەتی کرد، چووە ژوورێ، پێکێک ڤۆدکا و بابۆڵەیەک گۆشتی خوارد، بەڵام هەر بەدەم

---

[1] *Neva* ناوی ڕووبارێکە.

ڕۆیشتنەوە بابۆڵەکەی تەواو کرد، ماوەیەکی زۆر بوو ڤۆدکای نەخواردبووەوە، بۆیە هەرچەندە پێکێکی نۆشی بوو، کەچی زوو کاری لێکرد: هەنگاوی قورس و زۆری حەز بە خەو بوو، بەرەو ماڵەوە پێی هەڵگرت، وەلێ هەر ئەوەندەی گەیشتە دوورگەی "پتروڤسکی"[1] بە تەواویی ماندوو بوو و وەستا، لە ڕاستەڕێ لایدا و چووە ناو شەخەڵێکەوە، لەسەر سەوزە گیاکان کەوت و هەر لەوێدا زوو دایە پرخە.

لە کاتی نەخۆشیدا زوربەی خەونەکان بە ڕەونەق و بەرجەستە و ڕوونن و بێئەندازە لە واقیع دەچن. هەندێکجار دیمەنی هێند سەیر و سەرسووڕهێنەری تیا دەردەکەوێت، کە شوێن و ڕووداوەکانی ئەمەندە وردەکار و گونجاوو دڵگیر و بێوێنەن، تەنانەت ئەگەر خەونبینەکە هونەرمەندێکی شکۆمەندی وەک پوشکین و تورگنیڤیش بێت، ناتوانێت لە حاڵەتی بەئاگاییدا ئەو دیمەنانە دابهێنێت. خەون و خەوی بیماریی وا هەمیشە تا ماوەیەک لەبیر ناکرێن و ئاسەوارێکی قووڵ لە سروشتی مرۆڤی بێحاڵ و پەرێشاندا دروست دەکەن.

ڕاسکۆلنیکۆڤ خەونێکی سامناکی بینی: منداڵیی خۆی کاتێک کە هێشتا لە شارە چکۆڵەکەی خۆیاندا بوو، لە خەوندا بینی کە تەمەنی حەوت ساڵە و لە ڕۆژێکی پشوودا، لە کاتی خۆرئاوابووندا، لەگەڵ باوکیدا لە دەرەوەی شار دەگەڕێت، دنیا بەرەو تاریکی دەچێت و ناخۆشە، شوێنەکە هەر ئەوەیە کە لەبیری ماوە، ڕەنگە ئەو دیمەنەی لە یادی ماوە، لەوە کاڵتر بێت کە ئێستا لە خەونەکەیدا دەیبینێت، شارەکە وەک جاران بچووک، وەک لەسەر لەپی دەست دروست

---

[1] *petrovsky*

کرابێت، هەموو لایەکی دیارە، چەند بڕوانیت، درەختێک بەدی ناکەیت، گەلێک دوور، لە سووچێکی ئاسماندا خاڵێکی چکۆلە هەیە، چەند هەنگاوێک لە دامێنی دوابێستانی شارەوە، چایخانەیەک بەرچاو دەکەوێت، چایخانەیەکی گەورەیە، پێشتریش، کە لەگەڵ باوکیدا بە لایدا تێدەپەڕین، بە بینینی ناخۆشی و ترسێکی تێدەگەڕا، هەمیشە خەڵکانێکی زۆری تیابوو، هاواریان دەکرد، قاقایان لێدەدا، جوێنیان دەدا، بە دەنگی ناخۆش و گیراویانەوە گۆرانییان دەوت و بەردەوام لەگەڵ یەکتردا لە شەڕدا بوون. لە دەوری ئەو چایخانەیەدا هەمیشە خەڵکانی سەرخۆش و تۆقێنەر دەگەڕان.. هەرکات ڕاسکۆلنیکۆڤ تووشیان بهاتایە، هەموو گیانی دەلەرزی و خۆی بە باوکییەوە دەنووساند، پاڵ چایخانەکە شەقام یان باریکە ڕێگەیەکە، هەمیشە بەتۆزوخۆڵە و بەردەوام ئەو ناوە زۆر لێڵ و تاریکە. ڕێگەکە هەر دەڕوا و دوای سێ سەد هەنگاوێک بە لای ڕاستا و بە دەوری گۆڕستانی شاردا پێچ دەخوات. لە ناوەڕاستی گۆڕستانەکەدا کڵێسەیەکی بەبەرددروستکراوی گومەز سەوزە، ساڵی یەک دووجار لەگەڵ باوک و دایکیدا دەچووە ئەوێ تا لە ڕێوڕەسمی درووودخوێندن بۆ گیانی نەنکی کە ماوەیەکی زۆر پێشتر مردبوو و ئەم هەرگیز نەیدیبوو، بەشداری بکات. هەمیشە لەگەڵ خۆیاندا دەفرێکی سپییان دەبرد، کە لە ناو دەستماڵێکی پێچراوەدا حەڵوای "کوتیا"ی تیابوو، کوتیا لە برنج و شەکر دروست دەکرا و هەندێک مێوژیان لە شێوەی خاچدا بەسەردا دەکرد. ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەم کڵێسە و وێنە کۆنانەی کە زۆربەی بەبێ چوارچێوە بوون و قەشە پیرەکەی کڵێسە کە هەمیشە سەری دەلەرزی، خۆشی دەویستن. لە پاڵ گۆڕی نەنکییەوە کە بە تەختەبەردێک داپۆشرابوو، گۆڕێکی بچووکی تر هەبوو، کە گۆڕی برا

بچووکەکەی بوو. براکەی بە شەش مانگی مردبوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ نەدیبووی و نە لەبیری مابوو، هەر ئەوەندەیان پێوتبوو برایەکی بچووکی هەبووە، کە دەچووە گۆڕستان، بە درودخوێندن و نیشانەی خاچەوە لەسەر گۆڕە چکۆلەکەی دەوەستا، سڵاوی بۆ دادەخست و ماچی دەکرد، وا ئێستا لە خەودا دەیبینی کە لەگەڵ باوکیدا بە هەمان ڕێگەدا بۆ گۆڕستان دەچن و بە پاڵ چایخانەکەدا تێدەپەڕن، ئەو توند دەستی باوکی گرتووە، بە ترسەوە سەر بۆ لای چایخانەکە وەردەگێڕێ و لێی دەڕوانێت، شتێکی سەیر سەرنجی ڕادەکێشێت: دەڵێیت ئێستا ئەوێ سەیرانگایەکە و کۆمەڵێک ژنی ئوروستوکراتی جوان و ژنانی گوند لەگەڵ مێردیاندا و پیاوی تر کۆ بوونەتەوە، هەموو مەستن و تێکڕا گۆرانی دەڵێن. لە پێشی چایخانەکەدا گالیسکەیەکی سەیر وەستاوە، لەو گالیسکە گەورانەیە کە ئەسپیان لێدەبەستن و بار و چلیکانەی بادەیان پێدەبەن. بەردەوام حەزی لە تەماشاکردنی ئەو ئەسپە یاڵدرێژ و قاچئەستوورانە بوو، ئەوانە لەسەرخۆ دەڕۆن و هەنگاویان ڕەزمێکی تایبەتی هەیە، ئاسایی بە دوای خۆیاندا کێوبارێک کێش دەکەن و ماندوو نابن. وەک ئەوەی باریان پێ خۆشتر بێت لە حەسانەوە، وایە. وەلێ ئێستا شتەکە زۆر سەیرە! بە یەکێک لەو گالیسکانەوە ئەسپێکی چکۆلەی لاواز و بێهێزی گوندیان بەستبوو، لەو جۆرە ئەسپانەی کە هەندێکجار بە بارێکی باشی چڵوچێو یان کاوە لەوانەیە گیانیان دەربچێت، بە تایبەتی ئەگەر گالیسکەکە لە لیتە و چاڵوچۆڵییەک گیر بکات، ئەو هەمیشە لەو جۆرە دیمەنانەی بینیبوو، بە شێوەیەکی ئاسایی لەو ڕووداوانەدا جووتیار بە قامچی ئەمەندە بێبەزەییانە بەسەر و پۆتەڵاکی ئەو ئاژەڵە هەژارەدا دەکێشێت، کە جاران لە بینینی ئەو دیمەنانەدا دڵی ڕاسکۆلنیکۆڤ

دەکەوتە ژان و هێندەی نەدەما دەست بە گریان بکات. بەڵام زۆرجار دایکی لە پاڵ پەنجەرەکەی دوور دەخستەوە. لەپڕا هەراوزەنایەک هەڵایسا، جووتیارە چەتەوڵە سەرخۆشەکان بە کراسی سوور و سەوزەوە، چاکەت بەشان و دەم بە هەرا و گۆرانیی و "بالالایکا"[1]وە لە چایخانەکەوە ڕژانە دەرێ، لاوێکی ملئەستووری دەموچاو گۆشتن کە ڕەنگی لە گێزەری سوور دەچوو، هاواری دەکرد:

- دابنیشن، هەمووتان دابنیشن، هەمووتان دەگەیەنم، دابنیشن، بەڵام لەپڕا دەنگی پێکەنین و هاوارێک بەرز دەبێتەوە: "یەعنی بەم بارگیرە هەموومان دەگەیەنیت!"

- ئاخرمیکولکا[2] تۆ عەقڵت هەیە؟ چۆن بارگیرێکی بێگیانی وات لەم گالیسکەیە بەستووە؟

- کوڕینە، بێگومان تەمەنی ئەم بارگیرە بیست ساڵ دەبێت.

میکولکا بەدەم خۆفڕێدانە ناو گالیسکەکەوە لغاوەکە دەگرێتە دەست و بە باڵای بەرزیەوە لە پێشەوە دەوەستێت و هاوار دەکات:

- سوار بن، هەمووتان دەگەیەنم، "ماتڤی"[3] ئەسپەکە حیلەکەی بردم و ئەم بارگیرە بێچارەیە دڵم دەردێنێت، ئەوەندەی نەماوە بیکوژم، جۆی بەلاش دەخوات. دەڵێم سوار بن، دەیهاژووم، دەیفڕێنم.

---

[1] Balalaika ناوی سازێکە.

[2] *Mikolka*

[3] *Matvey*

بەم قسانەوە قامچییەکە ڕادەوەشێنێت و بە تاسووقەوە خۆی ئامادەی لێدانی ئەسپە داماوەکە دەکات، خەڵکەکە پێدەکەنن و ئەو دووبارەی دەکاتەوە:

- سوار بن، ئەسپەکە فڕکە دەکات.
- بەڵام دە ساڵ دەبێت ئەم بارگیرە غاری نەکردووە.
- ئێستا دەیکات.
- کوڕینە دڵتان پێی نەسووتێت، هەریەکەتان قامچییەک بگرێتە دەست و ئامادە بێت.
- ڕاست دەکات، لێی بدەن. هەموویان بە قاقای پێکەنین و قسەی بێسەروپێ پەلاماری گالیسکەی میکولکا دەدەن، شەش کەس دەچنە ژوورێ و کەچی هێشتا جێگا هەیە. ژنێکی قەڵەوی سوور و سپیش لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن، ژنە بەرگی چیتی سووری لەبەردایە، فێستێکی پوولەکەڕێژیشی لەسەردایە، کە تایبەتە بە ژنی مێرددارەوە، پێڵاوەکەی پێی لە پێستە دروست کراوە و درێژە، فستق دەشکێنێ و پێدەکەنێت، هەموو ئەوانەی کە لە دەوریدان، پێدەکەنن، بە ڕاستیپش چۆن دەتوانیت پێنەکەنیت: ئاخر بارگیرێکی ئەوەندە بێهێز، دەتوانێت بارێکی هێندە گران هەڵبگرێت و غار بدات! دوو لاوی ناو گالیسکەکە هەریەکەیان زوو قامچییەکی لەدەست گرت بۆ ئەوەی یارمەتی میکولکا بدەن، دەنگی "هێی" بەرز بووەوە. بارگیرەکە بە هەموو توانایەوە گالیسکەکەی ڕادەکێشا، بەڵام نەک تەنیا نەیدەتوانی غار بدات بەڵکو بە زەحمەت هەنگاوی بۆ دەنرا و هەر ئەمپێ و ئەوپێی دەکرد. کەوتبووە هەناسەبڕکێ و لەژێر لێدانی سێ قامچیدا کە وەک تەرزە بەسەریا دادەبارین، دەنووشتایەوە، پێکەنینی هەردوولای نێو گالیسکە و ئەوانەی دەرەوە تا دەهات لە زیادبووندا بوو، میکولکایش

تا دەهات زیاتر ڕقی هەڵدەستا و بە تووڕەییەوە بارگیری هەژاری بە قامچی داگرتبوو، ئەو وایدەزانی بە لێدان بارگیرەکە دەکەوێتە غاردان.
لاوێکی ناو خەڵکەکە هاواری کرد:
- کوڕینە جێی ئێمەیش وەکەن.
میکولکا بە دەنگی بەرز وەڵامی دایەوە:
- سوار بن، هەمووتان سوار بن، هەمووتان هەڵدەگرێت، ئەگینا تا نەیکوژم دەستی لێهەڵناگرم.
ئەمەندە بێبەزەییانە قامچیی پیا کێشا، کە ئیدی نەیدەزانی بە چی و چۆن لێی بدات.
ڕاسکۆلنیکۆڤی منداڵ بە باوکی دەڵێت:
- باوکە گیان، باوکە گیان، ئەمانە چی دەکەن؟ باوکە گیان، ئەسپە بێچارەکە دەکوژن.
باوکی دەڵێت:
- با بڕۆین، با بڕۆین، گەوجن، مەستن و هەرزە، بڕۆ و تەماشایان مەکە.
دەیەوێت لەگەڵ خۆیدا بیبات، بەڵام لە دەست باوکی ڕادەکات و بەبێ ئەوەی لەبیری خۆیدا بێت بەرەو لای بارگیرەکە بەڕاکردن دەچێت، بارگیرە داماوەکە ئیتر هیچی پێنەماوە، هەناسەی دەبڕێ، دەوەستێ و دیسان دەیەوێت شتێک بکات و گالیسکەکە ڕابکێشێت، ئەوەندەی نەماوە بکەوێت.
میکولکا هاوار دەکات:
- ئەوەندەی بکوتن تا دەمرێت، مادام وایە تا نەمرێت وازی لێناهێنم.
پیرەمێردێک لە ناو خەڵکەکەوە هاوار دەکات.
- شەیتان، تۆ خاچت پێنییە و خودا ناناسیت؟

یەکێکی تر هەڵیدایە:
- ئایا دیوتانە بارگیرێکی ئاوا بارێکی وا قورس ببات؟
سێیەم کەس بە دەنگی بەرز وتی:
- دەیکوژیت؟
میکولکا هەڵیدایە:
-جا تۆ هەقت چییە؟ماڵی خۆمە، چیم پێ خۆش بێت، دەیکەم، دەی سوار بنەوە، سوار بنەوە، هەمووتان سوار بن، هەر دەیخەمە غاردان.
لە پڕێکدا دەنگی قاقای پێکەنین بەرز دەبێتەوە و دەنگەکانی تر کپ دەبن. بارگیری نەگبەت توانای بەرگەگرتنی ئەو هەموو لێدانەی نەما و لەتاوا کەوتە جووتەوەشاندن. تەنانەت پیرەمێردەکەیش خۆی پێنەگیرا و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. بە ڕاستی بارگیرێک کە لە سەرەمەرگدا بێت، تازە چۆن جووتە دەهاوێت!
دوو کوڕی گەنجی ناو خەڵکەکە دوو قامچیان هێنا و بۆ لێدانی بەرەو لای بارگیرەکە کەوتنە ڕێ، هەریەکەیان لەلایەکەوە بە ڕاکردن هاتن.
میکولکا هاواری کرد:
- لە لمۆزی، لە چاوی بدەن، لە چاوی.
یەکێکی ناو گالیسکەکە دەنگی هەڵبڕی:
- کوڕینە گۆرانییەک.
هەموو ئەوانەی ناو گالیسکەکە بە دوایدا کەوتنە گۆرانی وتن. دەنگی گۆرانییەکی سەرخۆشانە بەرز بووەوە، دەنگی تەپڵ و هەندێکجارییش دەکەوتنە فیکەکێشان. ژنە لادێیەکەیش هەر خەریکی پێکەنین و فستقخواردنی خۆی بوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بەرەو لای بارگیرەکە ڕای کرد، ڕۆیشتە پێشێ و بینی چۆن بە چاوی ئاژەڵەکەدا، بە ناوچاویدا دەکێشن، کەوتە گریان، دڵی

تەنگ و فرمێسکی هاتە خوارێ، قامچی یەکێکیان بەر دەم و چاوی کەوت، وەلێ هەستی پێنەکرد، کەوتە هاوار، پەنای بەرەو پیرەمێردە سەروڕیش سپییەکە برد، پیرەمێردەکە هەر بە سەرڕاوەشاندن بێزاری و نەفرەتی خۆی بەرانبەر بە ڕووداوەکە دەربڕی، یەکێک لە ژنە لادێیەکان دەستی ڕاسکۆلنیکۆڤ دەگرێت و دەیەوێت لەگەڵ خۆیدا بیبات. بەڵام لە دەستی هەڵدێت و دەگەڕێتەوە لای بارگیرەکە، ئاژەڵەکە دواتوانای خۆی بەکار دێنێت، بەڵام دیسان دەکەوێتەوە جووتەوەشاندن.

میکولکا بەوپەڕی تووڕەییەوە هاواری کرد:

- بەرەو دۆزەخ.

قامچییەکەی دانا، چەمایەوە و لە ناو گالیسکەکەدا دارێکی درێژ و ئەستووری دەرهێنا، بە هەردوو دەستی ئەمسەر و ئەوسەری گرت و ویستی بە هەموو توانای بەسەر بارگیرە بێچارەکەیدا بکێشێت.

هەموو خەڵکەکە هاواریان لێهەستا:

- ئەیهارێت

- ئەیکوژێت.

وەلێ میکولکا هاوار دەکات:

- ماڵی خۆمە.

بە هەموو توانایەوە دارە ئەستوورەکەی بەرز کردەوە و بەسەر بارگیرەکەیدا کێشا، دەنگی لێدانەکە ئەوەندە پتەو و کاریگەر بوو، هەموو ئەو ناوەی پڕ کرد.

هاوار لە زۆر لاوە بەرز بووەوە:

- لێیدە، لێیدە، بۆ وەستاویت؟

میکولکا جارێکی تر دارەکەی هەڵبڕی و بە هەموو هێزیەوە بە پشتی بارگیرە بێچارەکەیدا کێشایەوە، ئاژەڵە بەستەزمانەکە وەک بنەوێت وا بوو، بەڵام دیسان خۆی گرتەوە و چەند هێزی تیامابوو بۆ ڕاکێشانی گالیسکەکە بەکاری برد تا لە هەر لایەکەوە بێت، بەڕێی بخاتەوە، بەڵام شەش قامچی لە هەموو لایەکەوە دایانگرتەوە. بۆ جاری سێیەم و چوارەمیش دارەکە بە توندی و بەردەوام داهاتەوە. میکولکا داخی ئەوە شێتی کردبوو، کە بە یەکەم لێدان ئاژەڵەکەی لەپێ نەخستبوو.

لەملاوئەولاوە هەندێک هاواریان لێهەستایەوە:

- گیان بەدەستەوە نادات!

لە ناو خەڵکەکەوە یەکێک لە تەماشاکەرەکان بانگی کرد:

- کوڕینە، هەر ئێستا دەکەوێت، مەرگ لە سەروەختیدایە.

سێیەم کەسیش هاواری کرد:

- بۆ وەستاون! بە تەورێک یەکلایی بکەنەوە.

میکولکا دێوانەئاسا هاواری کرد:

- دەک بەڵات لێ، خۆتان لادەن.

دارەکەی فڕێ دا و جارێکی تر ژێر گالیسکەکە گەڕا، لوولە ئاسنێکی دۆزییەوە و دەریهێنا، بە دەنگی بەرز بە بارگیرەکەی وت:

- ئەمجارەیان وەرە پێشێ.

دیسانەوە بە هەموو توانای و زۆر بە توندی ئاسنەکەی بە ئاژەڵە بەستەزمانەکەدا کێشایەوە، لێدانەکە دەنگێکی توند و پتەوی لێهەستا، بارگیرە لاواز و داماوەکە تەکانێکی خوارد و پاشووی داکەوت، جارێکی دی ویستی هەستێتەوە، وەلێ دیسان لوولەئاسنەکە گەلێک توند و بەهێز درایەوە لە پشتی، ئەمجارەیان وا کەوتە سەر زەوییەکە، دەتوت هەر چوار پەلیت بڕیوەتەوە.

میکولکا هاواری لێهەستا:
- هەموو شتێک تەواو.
بە شێوەیەک لەسەر گالیسکەکەوە پەڕییە سەر زەوی، دەتوت ئاگای لە خۆی بڕاوە. چەند کوڕوکاڵێکی مەست هەرچییەکیان بەردەست کەوت لە قامچی و دار و تەختە، هێنایان و بەرەو بارگیرەکە کە لە گیانەڵادا بوو، خێرا بەڕێکەوتن.
میکولکا لە پاڵ ئاژەڵەکەدا وەستا و بە لوولەئاسنەکە کەوتە وێزەی، بارگیرەکە لمۆزی درێژ کرد، هەناسەیەکی قووڵی دا و مرد.
خەڵکەکە هاواریان کرد:
- گیانی دەرچوو.
- ئەی بۆ غاری نەدا!
میکولکا ئاسنەکەی هەر بە دەستەوە بوو، ئاگری ڕق لە چاوی دەبووەوە، بە دەنگی بەرز وتی:
- ماڵی خۆمە!
وا بە پێوە وەستابوو، وەک داخ لەوە بخوات کە ئیدی هیچ نەماوە لێی بدات.
لەو کاتەدا چەند دەنگێک لە نێو خەڵکەکەوە بەرز بووەوە:
- ڕاستە کە تۆ خاچت لە ملدا نییە!
منداڵە داماوەکە، ئیتر تەواو ئاگای لە خۆی بڕابوو، بەدەم هاوارەوە بەرەو لای بارگیرەکە دڕی بە خەڵکەکە دەدا، کە گەیشتە لای، لمۆزە خوێناوییەکەی لە نێو هەردوو دەستی نا و چاوو لچ و لێوی ماچ کرد، پاشان، لەپڕا بەرزەپێ ڕاست بووەوە و بەوپەڕی ڕق و تووڕەییەوە بە مشتە چکۆڵەکانی پەلاماری میکولکای دا، لەو کاتەدا باوکی کە

ماوەیەک بوو دوای کەوتبوو، گەیشتە لای، گرتی و لە ناو خەڵکەکەی دەرکرد و وتی:

- وەرە، وەرە بچینەوە ماڵێ.

ڕاسکۆلنیکۆڤی منداڵ بەدەم هەنسکی گریانەوە وتی:

- باوکە گیان، بۆ ئەمانە.. بارگیرە بێچارەکەیان کوشت؟

بەڵام هەناسەی گیرا و وشەکانی وەک هاوارێکی لەگەروودا تاساو هاتنە دەرێ.

باوکی وتی:

-سەرخۆشن، گەمژەن، بە ئێمە چی؟ دەی با بڕۆین.

منداڵەکە باوەش بە باوکیدا دەکات، بەڵام هەناسەی دەگیرێت، دەیەوێت هەناسەیەکی تازە بدات، هاوارێک بکات و لەو کاتەدا لە خەو بەئاگا دێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە خەو ڕاپەڕی و شەڵاڵی ئارەقە بوو، هەناسەی بەگیر هاتبوو، بە ترسەوە خۆی ڕاست کردەوە، بەدەم خزانە ژێر درەختێکەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: "سوپاس بۆ خودا کە ئەمە تەنیا خەو بوو، بەڵام یانی چی؟ تۆ بڵێی ئەمە سەرەتای پەرکەم نەبێت؟ چ خەوێکی ترسناک!" دەتوت هەموو گیانی ورد و کوتراوە و دڵی گیراو و وەڕزە، ئانیشکی دادایە سەر ئەژنۆی و سەری نایە نێوان هەردوو دەستییەوە، بە سەرسووڕمانەوە وتی: "خودایا، ئاخۆ دەبێت، دەبێت من بە ڕاستی تەورێک هەڵبگرم و ئەمەندە بەسەریدا بکێشم، تا کاژەڵاکی وردوخاش بکەم.. لە خوێنە گەرم و لینجەکەیدا بگەوزێم، قفڵەکە بشکێنم، دزی بکەم، دزی بکەم و خۆم بشارمەوە.. لە خوێندا شەڵاڵ.. بە تەور.. خودایا ئەمە دەکرێت؟"

کە لەبەر خۆیەوە ئەم قسانەی دەکرد، وەک گەڵای درەخت دەلەرزی، پاشان جارێکی دی کەمێک جووڵا و وەک سەرساممییەکی قووڵ ئەوکی گرتبێت، لەگەڵ خۆیدا کەوتەوە دوان: "یانی چی؟ من دەمزانی بەرگەی شتی وا ناگرم، ئەی ئیتر بۆچی تا ئێستا خۆمی پێ ئازار دەدەم؟ ئاخر هەر دوێنێ، دوێنێ، کە ڕۆیشتم.. تاقیکردنەوەکە بکەم، هەر دوێنێ بە تەواویی لەوە گەیشتم کە بەرگەی ناگرم و ناتوانم بیکەم، کەواتە ئەی چی؟ بۆ تا ئێستا دوودڵم؟ ئاخر هەر دوێنێ کە لە پلیکانەکان دەهاتمە خوارێ، بە خۆم وت ئەمە کارێکی قێزەون و خراپ و دزێوە.. هەر ئەو بیرکردنەوە دڵی بەتێکەڵ هێنام و ترسم لێنیشت، نەخێر، من ناتوانم ئەوە بکەم، خۆم پێ ناگیرێت، گریمان بچووکترین گومان نەکرێت، گریمان هەموو ئەو شتانەی لەم مانگەدا بڕیاریان بۆ دراوە، وەک ڕۆژی ڕوناک و وەک بیرکاری ورد و بەجێ بن، خودایا! ئاخر من کە بەهەرحاڵ ناتوانم بڕیار لەسەر ئەو کارە بدەم، کە ناتوانم بیکەم. هەرگیز ناتوانم بیکەم.. کەواتە بۆ تا ئێستا.."

هەستایە سەر پێ و بە سەرسووڕماوییەوە لە چواردەوری خۆی ڕوانیی، وەک ئەوەی بە لایەوە سەیر بێت چۆن هاتۆتە ئێرە. ئەوسا بەرەو پردی "ت" بەڕێ کەوت، ڕەنگی پەڕیبوو، چاوی دەسووتایەوە، هەموو گیانی تێک شکابوو، کەچی لەپڕا هەناسەدانی ئاسان تربوو، هەستی کرد ئەو بارە قورسەی کە ماوەیەک بوو تەنگی پێهەڵچنیبوو، لەسەرشانی لاچوو، یەکسەر دڵی ئارام بووەوە و ئاسوودە بوو، لاڵایەوە و وتی: "خودایا، ڕێگەکەمم پیشان بدە و من لەم.. ئارەزووە نەفرەتلێکراوەی خۆم دەست هەڵدەگرم"

کە بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕی، هێور و لەسەرخۆ تەماشای ڕووباری "نیڤا" و خۆرە پڕ لە درەوشاوەکەی ڕۆژئاوابوونی دەکرد، هەرچەندە

زۆر بێهێز بوو، بەڵام هەستی بە ماندووبوون نەدەکرد، لەوە دەچوو ئەو دوومەڵەی مانگێکی ڕێک بوو لەسەر دڵی هاتبوو، لەپڕا تەقی بێت، ئازادی، ئازادی. وا ئێستا لەو سیحر و ئەفسوون و خەیاڵاتە ئازاد ببوو.

دوای ئەوە، کە ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری لەو کاتە و لە گشت ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە دەکردەوە کە بەسەریدا هاتبوون، دەقیقە بە دەقیقە، خاڵ بە خاڵ و بەند بە بەندی دەهاتەوە یاد، شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش سەرسامی دەکرد. شتێک کە لە ڕاستیدا بەو ئەندازەیەش سەیر نەبوو، وەلێ بۆ ئایندەی خۆی هەمیشە بە چارەنووسسازی دادەنا، بە هیچ جۆرێکیش نەیدەتوانی لەوە تێبگات، کە ئەو بەو هەموو شەکەتی و بێزارییەوە، کە دەبوو بە نزیکترین و کورتترین ڕێگەدا بگەڕایەتەوە ماڵەوە، کەچی لە مەیدانی "سننایا"[1]وە گەڕایەوە، گەڕانەوە لەوێوە هیچ پاساوێکی نەبوو، ئەو پێچەبەدەورەیە خۆی لە خۆیدا گەلێک زیاد بوو، هەرچەندە زۆریش دوور نەبوو، بەڵام شیاوی ئەوە بوو سەرنجت ڕابگرێت. هەڵبەتە دەیانجاری تر ئەوەی هاتبووە پێش کە بەبێ ئەوەی بزانێت ئەو شەقامانە کامانەن یان مەبەستی بووبێت بیانزانێت، پیایاندا گەڕابووەوە ماڵێ، وەلێ ئەمجارەیان بەردەوام لە خۆی دەپرسی کە ئەم ڕێکەوتە چی بوو ئەوی بە مەیدانی "سننایا"دا هێنا، کە هیچ پێویستی نەدەکرد و بۆ ئەویش ئەوەندە کاریگەر و گرنگ بوو، کە دەبوو هەر لە هەمان سەعات و دەقیقەدا، لە ژیانی ئەو و بەتایبەتی لەو بارە دەروونی و دۆخە ناهەموارەیدا ئەوە ڕووی بدایە تا بۆ ئایندە کاریگەرترین ئاسەوار لەسەر ژیان و چارەنووسی دابنێت؟ هەردەتوت ئەمە پلانێکە و بۆی چنراوە.

---

[1] Sennaya

کاتێک بە مەیدانی سننایادا تێپەڕی، سەعات لە دەوروبەری نۆدا بوو، هەموو فرۆشیارەکان کە لەسەر سەکۆ و مێز، یان لە دووکان و کۆگاکاندا شتومەکیان دەفرۆشت، سەرقاڵی کۆکردنەوەی دووکان و شتومەکەکانیان بوون، بۆ ئەوەی وەک مشتەرییەکان بەرەو ماڵ بچنەوە، لە پاڵ چایخانە و چێشتخانەکانی لاکۆڵان و بنبانەکان، لە حەوشەی پۆخڵ و بۆگەنی ماڵەکانی مەیدانی "سننایا" و لە هەموو زیاتر لە پاڵ مەیخانەکاندا، خەڵکێکی زۆر لە فرۆشیار و هەژاران کۆ ببوونەوە. هەر کاتێک ڕاسکۆلنیکۆف بەبێ مەبەست ڕێی دەکەوێتە سەر ئەو شەقامە، لە بینینی ئەو دیمەنانە و بە تایبەتی بینینی هەموو لاکۆڵانەکانی ئەو ناوە خۆشیی تێدەگەڕێت. لەوێدا هیچ کەسێک بە چاوی سووکەوە لە جلکە دڕاوەکانی ئەم ناڕوانێت، لەوێدا هەموو کەسێک دەیتوانی بە ئاسانی چۆنی بوێت، بەڕێدا بڕوات بەبێ ئەوەی سووکایەتیی پێبکرێت یان هەستی بریندار بکرێت.

کە ڕاسکۆلنیکۆف گەیشتە سەرسووچی کۆڵانی "ک"، پیاوێکی لەگەڵ ژنەکەیدا بینی، وردەواڵەکانیان کە بریتی بوو لە دەزووشریت و ڕەفتە و بۆ فرۆشتن لەسەر دوو مێز دایاننابوون، ئەوانیش کەوتبوونە کۆکردنەوەی شتەکانیان تا بەرەو ماڵ بگەڕێنەوە، بەڵام ژنێکی ئاشنایان، کە لەو کاتەدا لێیان نزیک کەوتبووەوە، کەمێک لە ڕۆیشتن دوایخستن.

ئەم ژنە ئاشنایە لیزاڤیتا ئیڤانۆڤنا[1] یان وەک پێی دەڵێن "لیزاڤێتا"ی خوشکە چکۆڵەی هەمان ئەلێنا ئیڤانۆڤنای پیر بوو، کە پارەی بە قازانج دەدایە خەڵکی و دوێنێ ڕاسکۆلنیکۆف بۆ بارمتە و

[1] *Lizaveta Ivanovna*

تاقیکردنەوەی کارەکەی سەعاتەکەی لا دانا. دەمێک بوو ڕاسکۆلنیکۆڤ زانیاریی زۆری لەبارەی ئەم لیزاڤێتایەوە بەدەست هێنابوو، تەنانەت ژنەکەیش کەمێک ئەوی دەناسی، لیزاڤێتا ژنێکی تەمەن سی و پێنج ساڵ بوو، باڵابەرز، بێنموود، شەرمن و لەسەرخۆ و تا ڕادەیەکیش گەلحۆ بوو، کۆیلەی تەواوی خوشکەکەی بوو، شەووڕۆژ کاری بۆ دەکرد و لە ڕوویا ترس دایدەگرت و دەلەرزی و تەنانەت تێهەڵدانیشی دەخوارد.

لیزاڤێتا بەرانبەر بەَ پیاوە فرۆشیار و ژنەکەی بە دوودڵی و بە بەستەکەیەوە وەستابوو، چاک گوێی بۆ گرتبوون، ئەوانیش زۆر بە گەرمی شتێکیان پێدەوت. کە ڕاسکۆلنیکۆڤ لە پڕێکدا ئەوی بینی، هەستێکی سەیر، لە شێوەی سەرسووڕمانێکی قووڵدا، هەموو گیانی داگرت، ئەگەرچی ئەو یەکدیبینینە لە خۆیدا هیچ جێگای سەرسووڕمان نەبوو.

پیاوە فرۆشیارەکە بە دەنگی بەرز دەیوت:

- لیزاڤێتا ئیڤانۆڤنا، واچاکە ئێوە خۆتان بڕیار بدەن، سبەینێ سەعات حەوت وەرە ئێرە، ئەوانیش دێن.

لیزاڤێتا بەدەم بیرکردنەوە و نووزەیەکەوە، وەک نەتوانێت بڕیار بدات، وتی:

- سبەینێ؟

ژنە فرۆشیارەکە کە زیتوزرنگ بوو، خێرا سەری قسەی لێگرت:

- ئەم ئەلێنا ئیڤانۆڤنایە عەجەب ترسێکی خستۆتە دڵتەوە، من کە تۆ دەبینم، وەک منداڵێکی چکۆڵەم دێیتە بەرچاو، خۆ ئەو خوشکی دایکی و باوکیشت نییە، زڕخوشکتە، بڕوانە چ دەستەڵاتێکی بەسەرتانەوە هەیە!

مێردەکەی قسەکەی پێبڕی:
- ئەمجارەیان هیچ بە ئەلێنائیڤانۆڤنا مەڵێ، گوێ لە من بگرە، بەبێ ئەوەی پێی بڵێیت، وەرە لامان، کارێکی زۆر سوودبەخشە، هاوشیرەکەت پاشان خۆی لەوە تێدەگات و قایلیش دەبێت.
- کەواتە بێم؟
- نزیک سەعات حەوت، سبەینێ. لای ئەوانیشەوە دێن و ئەوسا خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن.
ژنەکە قسەکەی تەواو کرد:
- سەماوەریش دەم دەکەین.
لیزاڤێتا کە هێشتا بیری دەکردەوە، وتی:
- باشە، دێم.
لەسەرخۆ هەستا و بەڕێ کەوت.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەوساتەدا بە لایاندا تێپەڕی و بێجگە لەوە گوێی لە هیچی تر نەبوو، لەسەرخۆ و بێدەنگ بە جۆرێک کەس گوێی لێی نەبێت، دەڕۆیشت و تێدەکۆشا وشەیەک لەوەی بیستبووی، لەبیری نەکات، وردەوردە سەرسووڕمانەکەی لێبوو بە ترس، پشتی لە سەرماندا تەزیبوو، تا لەپڕێکدا بە تەواوی لەوە گەیشت کە لیزاڤێتای خوشکی پیرێژنەکە و تاقە هاودەمی لە ماڵەکەدا، سبەینێ سەعات حەوتی سەر لە ئێوارە لە ماڵەوە نابێت، کەواتە پیرێژن سەعات حەوت بە تەنیا لە ماڵەوەیە.
چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە ماڵێ، ڕاسکۆلنیکۆڤ چون یەکێک فەرمانی مەرگی بەسەردا درابێت، چووە ژوورەکەی خۆیەوە، بیری لە هیچ نەکردەوە و نەیشیدەتوانی بیر بکاتەوە، بەڵام بە تەواوی بوونیەوە لەپڕا هەستی کرد کە ئیدی ئەو نە ئازادە لە بیرکردنەوەدا و

نه ئازاده له کارکردندا، له پڕێکدا هەموو شتێک بڕاوەتەوە .و بڕیاری بنەبڕی لەسەر دراوە.
تەنانەت ئەگەر بۆ سەرگرتنی نەخشە و پلانەکەی، بەردەوام ساڵانێک چاوەڕێی دەرفەتێکی تر بکات، هەرگیز ناتوانێت وەک ئەمەی کە ئێستا و لەناکاوێکدا بۆی هاتۆتە پێش، دڵنیا بێت لە سەرکەوتنی.
بەهەرحاڵ، ئەو بە بڕوای تەواوەوە لەوە تێگەیشت، کە بەبێ ئەوەی بکەوێتە پرسیار و سووسەکردنێک، کە ڕەنگە مەترسیی زۆری لە دواوە بێت، سبەینێ، لە فلان سەعاتدا، ئەو پیرێژنەی کە ئەم دەیەوێت بیکوژێت، بە تاقوتەنیا لە ماڵەکەیدایە.

٦

لە دواییدا ڕاسکۆلنیکۆڤ لەو پێشهاتە تێگەیشت، کە بۆچی پیاوە فرۆشیارەکە و ژنەکەی لیزاڤێتایان بانگهێشتی لای خۆیان دەکرد، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر ئاسایی و چ مەبەستێکی گرنگی لە دواوە نەبوو: خێزانێکی هەژاری تازەهاتوو، جلوبەرگ و شتی دیکەی ژنانەیان دەفرۆشت، لەبەر ئەوەی لە بازاڕدا هیچی وای بۆ نەدەکردن، بەدوای کڕیار و دەڵاڵێکدا دەگەڕان، لیزاڤێتایش سەری لەو کارانە دەخورا: هەقدەستێکی وەردەگرت و دەکەوتە دوای کارەکە، بازاڕی لیزاڤێتا گەرم بوو، چونکە زۆر سەرڕاست بوو، هەمیشە نرخی ڕاستەقینەی بە کڕیار دەوت و هەر نرخێک کە دایدەنا، بێنەوبەردەی لەسەر نەدەکرد، ئاسایی کەم قسەی دەکرد و وەک وتمان، گەلێک لەسەرخۆ و بەپارێز بوو.
بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ لەم دواییەدا بڕوای بە خورافات هێنابوو، تا ماوەیەکی زۆریش ئاسەواری ئەو خورافاتەی لێنەدەبووەوە.

دەیویست هەمیشە ئەم ڕووداوانە ببەستێتەوە بە ڕێکەوتی سەیر و کاریگەرییە نهێنییە ئەفسوناوییەکانەوە.

پار زستان یەکێک لە خوێندکارەکانی هاوڕێی کە ناوی پوکوریف[1] و بە سەفەر دەچوو بۆ "خارکوف"، لە نێوان قسەکردندا ناونیشانی ئەلینا ئیڤانۆڤنای پیری دابوویە، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژێک پێویستی بە پارە بوو، بارمتەی لا دابنێت و بە قازانج پارەکەی لێ وەربگرێت. ڕاسکۆلنیکۆڤ تا ماوەیەک نەچووە لای پیرێژنەکە، چونکە وانەی دەوتەوە و هەرچۆنێک بوایە، کارەکانی خۆی ڕایی دەکرد، مانگ و نیوێک لەمەوبەر بیری ناونیشانەکەی کەوتەوە، دوو شتی هەبوو بۆ ئەوە دەشیان بە بارمتە دایانبنێت: سەعاتە زیوە کۆنەکەی باوکی و ئەو ئەنگوستیلە زێڕە چکۆڵەیەی کە سێ نقێمی سووری لەسەر بوو، کاتی خۆی خوشکی لە کاتی ماڵئاوایی لێکردنیدا بە یادگار دابوویە، ڕاسکۆلنیکۆڤ بڕیاری دا ئەنگوستیلەکەی بۆ بەرێت، کە پیرێژنەکەی دۆزییەوە، هەر لە یەکەم بینیندا، پێش ئەوەی هیچ شتێکی گرنگی لەبارەوە بزانێت، بەرانبەر بەو لە خۆیدا هەستی بە بێزارییەکی زۆر کرد، دوو گەڵاپارەی لێ وەرگرت و لەسەر ڕێگەکەیدا سەرێکی لە چایخانەیەکی گەنیلە دا، دانیشت و زۆری بیر کردەوە، بیرێکی سەیر، ڕاست وەک ئەو هێلکەیەی کە دەیەوێت ببێتە جووجەڵە، ئەم بیرە لە سەریدا تا دەهات، زیاتر پەرەی دەسەند و بە خۆیەوە سەرقاڵی دەکرد.

تا ڕادەیەک لە پاڵیدا، لە پشت مێزێکی ترەوە، خوێندکارێک کە هیچ نەیدەناسی و لە یادیشیدا نییە ناسیبێتی، لەگەڵ ئەفسەرێکی لاودا

---

[1] *Pokoref*

دانیشتبوو، دوای ئەوەی یاریی بلیاردیان کردبوو، دانیشتبوون بۆ چاخواردنەوە، لەپڕێکدا بەرگوێی کەوت کە خوێندکارەکە لەبارەی ئەلێنا ئیڤانۆڤنای سووخۆرەوە لەگەڵ ئەفسەرەکەدا دەدوێت و ناونیشانی دەداتێ، لە دیدی ڕاسکۆلنیکۆڤەوە ئەمە پێشهاتێکی سەیر بوو، چونکە ئەویش ئێستا لای ئەوەوە دەهاتەوە، وا لەوێشدا باس باسی ئەو ژنەیە! هەڵبەتە ئەمە تەنیا ڕێکەوتێک بوو، بەڵام ئەوێک کە بە هیچ جۆرێک ناتوانێت لەو کاریگەرییە سەیرە ڕزگاری بێت، وا ئێستا وەک یەکێک هەر بە دەستی ئانقەست ئەوە بکات، جارێکی دی هەمان بیری لا دروست دەکاتەوە، خوێندکارەکە کتوپڕ لەگەڵ هاوڕێکەیدا کەوتە باسی ئەلێنا ئیڤانۆڤنا:

- ژنێکی باشە، دەشێت هەمیشە پارەی لێ وەربگریت، لە جوولەکەی دەوڵەمەند دەچێت: دەتوانێت هەر لەوێدا پێنج هەزار ڕۆبڵت بداتێ، وەلێ بەسەر ڕۆبڵێکەوە ناچێت، لە بابەتی ئێمە زۆر کەس چوونەتە لای، وەلێ زۆر بەدڕەگەزە.

خوێندکارەکە کەوتە باسکردنی خراپی و شەڕئەنگێزیی پیرێژنەکە، وتی: ئەوەندە بەسە ڕۆژێک بەسەر بەڵێنەکەدا تێپەڕێت و بارمتەکەت تیا بچێت. چواریەکی قیمەتی بارمتەکەت دەداتێ، مانگی لەسەدا پێنج یان حەوت قازانج وەردەگرێت، هەروەها شتی تریش. خوێندکارەکە کە گەرمی قسە ببوو، زیاتر لەسەری ڕۆیشت، کە پیرێژنەکە خوشکێکی هەیە بە ناوی لیزاڤێتا، ئەگەرچی پیرێژن لاواز و بچووک دێتە بەرچاو، بەڵام لەو خوشکەی دەدات و وەک منداڵ بە تەواویی لەژێر چەپۆک و گوێڕایەڵیی ئەودایە، هەرچەندە باڵای لیزاڤێتا بە لایەنی کەمەوە مەترێک و شەست سانتیمە.

خوێندکارەکە بە دەنگی بەرز وتی:

- ئەمەیش دیاردەیەکە بۆ خۆی!
قاقایش دایە پێکەنین.
ئینجا هەردووکیان لەسەر لیزاڤێتا کەوتنە قسە، خوێندکارەکە بە تاموچێژێکی تایبەتییەوە باسی دەکرد و هەر پێدەکەنی. ئەفسەرەکەیش زۆری بایەخ بە گوێگرتنەکەی خۆی دابوو، داوای لە خوێندکارەکە کرد کە لیزاڤێتای بۆ پینەکردنی جلەکانی بۆ بنێرێت.
ڕاسکۆلنیکۆڤ یەک تاقە وشەیشی نەبوارد، یەکسەر لە هەموو شتێک گەیشت، لیزاڤێتا زرخوشکی بچووکی پیرێژنەکە بوو، (دایکیان جیا بوو) تەمەنی سیوپێنج ساڵ بوو، شەوورۆژ کاری بۆ خوشکەکەی دەکرد و چێشتکەر و جلشۆری بوو، بێ لەمانەیش شتی فرۆشتنی بۆ دەدوری، تەنانەت بەکرێ زەوی ماڵانیشی دەشت و هەموو دەستکەوتەکەی دەدایە خوشکی، نەیدەویرا هیچ کار و بەڵێنێک بەبێ مۆڵەتی پیرێژن ئەنجام بدات، وەلێ پیرێژن وەسیەتی خۆی کردبوو، لیزاڤێتایش لەوە ئاگادار بوو، دەیزانی بێجگە لە شتومەکی وەک کورسی و کەرەسەی تر هیچ پارەیەکی پێنابڕێت، هەموو سامانەکە بۆ گەیشتنە بەهەشتی گیانی پیرێژن کرابووە وەقفی یەکێک لە دێرەکانی ناوچەی "ن". لیزاڤێتا ژنی ماڵێ بوو، کارمەندی دەوڵەتی نەبوو، شووی نەکردبوو، لەشولاری گەلێک قەڵب و زۆریش درێژ بوو، پێی گەورە و چەماوە بوون و هەمیشە کەوشی کۆنەی لەپێ دەکرد، خۆی پاک ڕادەگرت، وەلێ ئەوەی خوێندکارەکە سەری لێ سووڕ دەما و پێکەنینی دەهێنایە، هەمیشە لیزاڤێتا سکی پڕ بوو.
ئەفسەرەکە وتی:
- تۆ نەتوت دزێوە؟

- بەڵێ، ڕەشپێستێکە، لە سەربازێکی دەمامککراو دەچێت، بەڵام دەزانیت، بە هیچ جۆرێک دزێو نییە، دەموچاوێکی زۆر میهرەبانی هەیە، بەتایبەتی دوو چاوی زۆر جوان، بۆیە بە لای زۆر کەسەوە مەقبووڵە، گەلێک هێور و شەرمنە، هەمیشە لەسەر هەموو شتێک لەگەڵتایە، تەنانەت زەردەخەنەکەیشی زۆر قەشەنگە.

ئەفسەرەکە بە پێکەنینەوە وتی:

- باشە، دیارە تۆیش حەزی پێدەکەیت؟

- لەبەر نامۆییەکەی.

پاشان زۆر بە گەرمییەوە وتی:

- با پێت بڵێم، ئامادەم ئەو پیرێژنە نەگریسە بکوژم و ماڵەکەی تاڵان بکەم، دڵنیات دەکەم کە تووشی هیچ ئازارێکی ویژدانی نابم.

ئەفسەرەکە کەوتەوە پێکەنین، ڕاسکۆلنیکۆڤ تەزوویەکی تێگەڕا، بە ڕاستی شتێکی سەیر بوو.

خوێندکارەکە دیسان بوێرانە وتی:

- بمبوورە، دەمەوێت پرسیارێکی جیدیت لێبکەم، هەڵبەتە من ئەوەم بە گاڵتەوە وت، بەڵام بڕوانە، لەلایەکەوە پیرێژنێکی گەمژەی هیچوپووچی بەد و نەخۆش کە کەڵکی بۆ کەس نییە، بەڵکو و زیان لە خەڵکی ئەدا و خۆیشی نازانێت بۆ دەژی، ڕەنگە هەر بەیانیش بمرێ.. تێدەگەیت؟ تێدەگەیت؟

ئەفسەرەکە لە قوتابییە هەڵچووەکە ڕاما و وەڵامی دایەوە.

- چاک، بەڵێ، چاک تێدەگەم.

- کەواتە گوێ لە پاشماوەکەی بگرە، لەلاکەی ترەوە، توانا گەنج و تازەکان بێهودە و بێپشتیوان لەناو دەچن، ئەوانە بە هەزارانن و دنیایان پڕ کردووە، سەد، بەڵکو هەزار پڕۆژە و کاری چاکە هەیە، کە

دەتوانرێت بەو پارەیەی ئەو پیرێژنە وەقفی دێری کردووە، ئەنجام بدرێت، سەدان، تۆ بڵێ هەزاران کەس هەیە بەو پارەیە دەخرێنە سەر ڕاستەڕێگە، دەیان خێزان لە هەژاری و بەدڕەوشتی و نەدارایی و نەخۆشیی زائەندامی ڕزگار دەبێت، هەموو ئەمانە بەو پارەیە دەکرێن. ئەو بکوژە، پارەکەی هەڵبگرە، بەڵام بەو مەرجەی دوایی بەو پارەیە خۆت تەرخان بکەیت بۆ کاری چاکە و خزمەتی مرۆڤایەتی.. دەڵێی چی، تاوانێکی ناچیزی بچووک هەزاران کاری باش نایشواتەوە؟ لەباتیی ژیانی تاقەکەسێک، هەزاران ژیانی تر لە بەدی و خراپی ڕزگار دەبێت، مەرگێک و لەباتیی ئەو سەدان گیان. ئاخر ئەم ژمارەیە تەواو ئاشکرا و ڕوونە، بێجگە لەوەی کە لە پێوانەی گشتیدا ژیانی پیرێژنێکی سیلاویی دەبەنگی خراپ چ ئاسەوارێکی هەیە، لە ژیانی ئەسپێیەک و جاڵجاڵوکەیەک زیاتر نییە! ئەسڵەن ئەو نرخەیشی نییە، چونکە پیرێژنەکە زیانبەخشە، گیانی کەسانی تر لەناو دەبات، بەدکردارە.. کەمێک لەمەوبەر لە ڕقا گازی لە پەنجەی لیزاڤێتا گرت و ئەوەندەی نەمابوو بیقرتێنێت.

ئەفسەرەکە وتی:

- بێگومان شایانی ئەوە نییە بژی، وەلێ ئەمە کاری سروشتە..

- هاوڕێ، سروشت چاک ئاڕاستە و ڕابەری دەکرێت. ئەگەر وا نەبووایە، ناچار نوقمی وەهم و کاری پڕوپووچ دەبووین. ئەگەر ئەمە نەکرایە، هەرگیز مرۆڤە مەزنەکان دروست نەدەبوون، دەڵێن: "ئەرک" و "ویژدان" من نامەوێت شتێک لەسەر "ئەرک" و "ویژدان" بڵێم، بەڵام ئاخر ئێمە چۆن لەم وشانە تێگەیشتووین؟ گوێ بگرە، پرسیارێکی ترت لێدەکەم، گوێ بگرە.

- باشە.

- تۆ ئێستا قسەوباس دەکەیت، بەڵام پێم بڵێ بزانم خۆت پیرێژنەکە دەکوژیت یان نا؟
- بێگومان نا، من باسی دادپەروەریم دەکرد.. مەسەلەکە من نیم.
- وەلێ بە بڕوای من، ئەگەر تۆ خۆت ناتوانیت بڕیار بدەیت، ئەم کارە هیچ پەیوەندییەکی بە دادپەروەریەوە نییە، وەرە، با دەستێکی تر یاری بکەین.
ڕاسکۆلنیکۆڤ زۆر شپرزە بوو، هەڵبەتە هەموو ئەم قسانە ئاساییترین قسەی گەنجانێک بوون کە جارەهای جار، بە شێوەی تر و لە بابەتگەلی تردا گوێبیستیان بووە، بەڵام بۆ بەتایبەتی ئێستا کە خۆیشی لە سەروبنی ئەو مەسەلەیەدا بوو، ئەمە ڕووی دا، دەبێت ڕووداوەکە وابێت کە ئەم ناچار بێت گوێبیستی ئەم جۆرە گفتوگۆ و بیرانە بێت؟ ئەی بۆ دەبێت هەر لەم کاتەدا کە بیرۆکەیەکی لەبارەی پیرێژنەکەوە لەژێر سەردایە، دەبێت گوێی لە قسەگەلێک بێت، کە پەیوەندیی بە پیرێژنەکەوە هەبێت؟ ئەم ڕێکەوتەی سەیر دەهاتە بەرچاو، گفتوگۆ بێنرخەکەی ئەو دوو کەسەی ناو چایخانەکەیش کاریگەرییەکی نائاسایی کردە سەر بیرکردنەوەی لەوەودوای، وەک ئەوەی بە ڕاستی جۆرە پێشهاتێکی سەیر بەڕێوە بێت.
کە ڕاسکۆلنیکۆڤ لە بازاڕی "سننایا"وە گەڕایەوە ماڵەوە، خۆی بەسەر قەنەفەکەدا دا و سەعاتێکی تەواو بەبێ جووڵە دانیشت، دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ مۆمی نەبوو، هەر بیری لەوەیش نەکردبووەوە کە دەبێت مۆمێک دابگیرسێنێت، هەرگیز نەیتوانی ئەوە بێنێتەوە یادی خۆی، کە ئایا لەو ماوەیەدا بیری لە شتێک کردۆتەوە یان نا. پاشان هەستی بە لەرزوتاکە کردەوە و بە چاکی زانی لەسەر قەنەفەکە ڕاکشێت، چاوی لێک نا و زوو خەوێکی قورس ئەوکی گرت.

ماوەیەکی زۆر خەوت، بەبێ ئەوەی خەون ببینێت، تەنانەت ناستاسیاش کە سەعات دەی بەیانی هاتە ژوورەکەی، بە هەزار حاڵ لە خەو هەڵیساند. نانوچای بۆ هێنا، ئەو چایەی مابووەوە و جارێکی تر ناستاسیا کردبوویە قۆرییەکەی خۆیەوە، ناستاسیا بە تووڕەییەوە وتی:

- خەوێکی سەیرە! دەڵێی بۆ خەو دروست بووە!

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە بێزارییەوە کەمێک جووڵا، سەری دەیەشا، کە هەستایە سەر پێ، لە ژوورەکەیدا سووڕێکی خوارد و دیسان کەوتەوە سەر قەنەفەکە.

ناستاسیا هاواری کرد:

- دیسان خەو؟ باشە تۆ نەخۆشیت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی نەدایەوە.

- باشە، ئێستا چات دەوێت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە کاتێکدا چاوی دەنایەوە سەر یەک، ڕووی لە دیوارەکە کرد و بە زەحمەت وتی:

- جارێ.

ناستاسیا بەسەریەوە وەستا و وتی:

- ڕەنگە وابێت، نەخۆش بێت.

پاشان گەڕایەوە و ڕۆیشت.

سەعات دووی پاش نیوەڕۆ دیسان ناستاسیا بە شۆرباوە گەڕایەوە. ڕاسکۆلنیکۆڤ هەروا خەوتبوو، دەستی لە چایەکەش نەدابوو، تەنانەت ناستاسیا بە ڕکەوە ڕایتەکاند، لە کاتێکدا بە بێزارییەوە لێی دەڕوانی، هاواری لێکرد:

- تۆ چەند دەنوویت!

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستا و دانیشت، وەلێ هیچی نەوت و چاوی لە زەوییەکە بڕی.
ناستاسیا پرسی:
- نەخۆشیت یان نا؟
وەلێ جارێکی تریش وەڵامی نەبیست و دوای کەمێک بێدەنگی وتی:
- هەر هیچ نەبێت بچۆرە سەر شەقامەکە، بایەکی باڵت بدە، هیچ دەخۆیت یان نا؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە زەبوونییەوە وەڵامی دایەوە:
- دوایی، بڕۆ.
دەستیشی وا ڕاتەکاند، کە نیشانەی بێزاری بوو.
ناستاسیا ئیستێکی تری کردەوە، بە سۆزەوە لێی ڕوانی و چووە دەرێ. دوای چەند چرکەیەک ڕاسکۆلنیکۆڤ چاوی کردەوە و ماوەیەک لە شۆرباکە ڕاما، نانەکەی هەڵگرت، بە کەوچکەکەی دەستی کەوتە نانخواردن.
بە نابەدڵی چەند تیکەیەکی خوارد، تەنیا دووسێ کەوچک و ئەویش وەک بەزۆر بێت، وابوو، سەریشی ئیدی ئەوەندە نەدەیشا، کە لە خواردنەکە بووەوە، دیسان لەسەر قەنەفەکە ڕاکشایەوە، وەلێ ئیتر خەوی لێنەکەوت، بەڵکو بەبێ جووڵە، لە کاتێکدا کە دەموچاوی نوقمی سەرینەکە کردبوو، دەتوت بەردەوام خەون دەبینێت، خەونەکانی زۆر سەیروسەمەرە بوون، پێش هەر شتێک وای دەهاتە بەرچاو، کە لە شوێنێکی ئەفریقادایە، لە میسر یان لە مێرگێکی نادیاردا، کاروان دەحەسێتەوە و حوشترەکان بە هێوری نووستوون، لە دەوروبەریدا گەلێک دارخورما هەن، هەموو خەڵکەکە سەرگەرمی نانخواردنن، وەلێ ئەو هەر ئاو دەخواتەوە، ڕاست لە کانییەک کە لە پاڵیدایە و

خوڕەی دێت، هەوا فێنک و ئاوی شیرین و سارد.. ئاو بەسەر بەردی ڕەنگاوڕەنگ و لمی ئاڵتونیدا دەڕوات و دەدرەوشێتەوە. لەپڕا ئاشکرا گوێی لە دەنگی زەنگی سەعات بوو، ڕاپەڕی، هاتەوە سەر خۆی، سەری بەرز کردەوە، لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی کرد، کاتی لەبەرچاو گرت و زوو، لە کاتێکدا کە تەواو هاتبووەوە سەر خۆی، هەستا، وەک ئەوەی یەکێک بە زۆر لە قەنەفەکەی کردبێتەوە، وابوو. لەسەر نووکی پەنجەی لە دەرگاکە نزیک کەوتەوە، لەسەرخۆ کەمێکی ترازاند، گوێقوڵاغی بیستنی دەنگی خوار پلیکانەکان بوو، دڵی توند لێی دەدا، بەڵام هەموو شتێکی لای پلیکانەکان ئارام و هەموویش نوستبوون. زۆری بە لاوە سەیر بوو، کە توانیبووی لەو بێدەنگییەدا، لە دوێنێشەوەوە تا ئێستا بخەوێت و نە کارێکی ئەنجام دابێت و نە شتێکی ئامادە کردبێت.. سەعاتیش گەیشتبێتە شەش.. لەپڕا لەبری خەو و بێهۆشی، شپرزەیی و بیماریەکی نائاسایی چۆکییان لەسەر دانا، پێشەکیی کارەکە هێند زۆر نەبوو، هەموو توانای خستە گەڕ تا بیر لە هەموو شتەکان بکاتەوە و هیچی لەبیر نەچێت، وەلێ دڵی وا لێی دەدا و دەنگی دەهات، کە بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا، دەبوو لە پێشدا بەرەزوانەیەک پەیدا بکات و بیدورێت بە پاڵتۆکەیدا، ئەمە کارێکی کەمخایەن بوو، دەستی وەردایە ژێر سەرینەکەی و لە نێو جلەکانیدا کە لەوێدا لەسەریەک نرابوون، کراسێکی کۆن و دڕاوی خۆی دەرهێنا، لە پارچەکانی تیلماسکێکی بڕی، کە پانی پێنج و درێژیی سیوپێنج سانتیمەتر بوو، تیلماسکەکەی دوولا کرد، پاشان پاڵتاوە هاوینییە هەراووتۆکمەکەی کە لە قوماشی ئەستوور دروست کرابوو (تاقە بەرگێکی بوو کە بەسەر جلەکانی تریدا لەبەری دەکرد) لەبەری خۆی داکەند و هەردوو سەری بەرەزوانەکەی لەژێرەوە بە

بنبالی چەپییەوە بەست، لە کاتی درووونەکەدا دەستی دەلەرزی، بەڵام توانیی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و کارەکە بە باشی ئەنجام بدات، بە جۆرێک، کە پاڵتاوەکەی لەبەر کردەوە، لە دەرەوە هیچ نەدەبینرا، دەمێک بوو ڕاسکۆلنیکۆڤ دەرزی و دەزووی ئامادە کردبوو، لە پارچە کاغەزێکدا خستبوویە ناو مێزە چکۆلەکەوە. وەلێ لەبارەی بەرەزوانەکەوە، دەبێت ئەوە بوترێت کە داهێنانێکی زۆر وردی خودی ئەو بوو، بەرەزوانەکە پەیوەندیی بە تەورەکەوە هەبوو: چونکە هەرگیز ناکرێت تەورێکت بەدەستەوە بێت و بە کۆڵاندا بڕۆیت، ئەگەر لەژێر پاڵتاوەکەیشیدا بیشاردایەتەوە، هێشتا هەر دەبوو بە دەستییەوە بوایە و ئەمەیش بێگومان سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا. ئێستا بە هۆی بەرەزوانەکەوە تەنیا ئەوەندە بەس بوو دەمی تەورەکەی لێوە ڕەت بکات تا تەورەکە لەژێر بنبالیدا، لە ناوەوە، بە درێژایی ڕێگەکە بە بەرەزوانەکەوە و لەسەرخۆ ئاوێزان بێت، ئێستا دەیتوانی دەستی بخاتە گیرفانی دەرەوەی پاڵتاوەکەی و لەوێوە دەسکی تەورەکە لە ناوەوە بگرێت بۆ ئەوەی ئەملاوئەولا نەکات. لەبەر ئەوەی پاڵتاوەکەی گەلێک هەراو بوو، هەر تەواو لە کیسەیەک دەچوو، بۆیە لە دەرەوە ئەوە دەرنەدەکەوت کە لە ناوەوەدا، لە ناو گیرفانەکەوە شتێک بەدەست گیرابێت. بیرۆکەی ئەم بەرەزوانەیەی لە پێش دوو هەفتەوە لە سەردا بوو.

کە ڕاسکۆلنیکۆڤ لە کارەکەی بووەوە، پەنجەی خستە ناو ئەو درزە بچووکەوە، کە کەوتبووە نێوان قەنەفەکە یان وەک پێی دەڵێن "دیوانی تورکی" و زەوییەکەوە، لە سووچی لای چەپییەوە کەمێک گەڕا و ئەو ئەمانەتەی کە دەمێک بوو لەوێدا شاردبوویەوە، هێنایە دەرەوە. دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین کە ئەو ئەمانەتە بە هیچ جۆرێک ئەمانەتێکی

ڕاستەقینە نەبوو، بەڵکو پارچە تەختەیەکی ڕێک و سافکراو بوو، هەر بە قەدەر قوتوویەکی جگەرەی زیو دەبوو. ئەو هەروا بە ڕێکەوت، لە کاتی گەڕانێکیدا، لە حەوشەی ماڵێکدا کە کارگەیەکی دارتاشیی لە لایەکیدا بوو، ئەو قوتوەی دۆزیبووەوە، دوایی پارچەئاسنێکی باریک، کە بێگومان لە شتێکی تر ببووەوە و هەر ئەو ساتە لە شەقامێکدا دۆزیبوویەوە، خستبوویە سەر پارچەتەختەکە، دوای ئەوەی هەردوو پارچەکەی نابوونە سەر یەک (پارچە ئاسنەکە لە تەختەکە بچووکتر بوو) توند بە دەزوویەک پێکیەوەی بەستبوون و بە پارچەکاغەزێکی سپی و پاک پێچابوویەوە، ئەوەندەیش دەزووی تێئاڵاندبوو، کە بە ئاسانی نەدەکرایەوە. ئەم کارە بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام درابوو، کە پیرێژنەکە بۆ ماوەیەکی باش سەرگەرمی کردنەوەی بێت و ڕاسکۆلنیکۆڤیش دەرفەتی چەند چرکەیەکی لێبێنێت. پارچەئاسنە چکۆڵەکە بۆ ئەوەبوو کە لە سەرەتاوە پیرێژن وا نەزانێت شتەکە تەنیا پارچەتەختەیەکە. هەموو ئەمانە ماوەیەک بوو لەژێر قەنەفەکەدا ئامادە کرابوون.

هەر ئەوەندەی ئەمانەتەکەی خۆی دۆزییەوە، لەپڕێکدا هاواری یەکێکی لە حەوشەکەوە کەوتە بەرگوێ:

- دەمێکە سەعات شەش لێی داوە.

- دەمێکە؟ خودایە!

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەپەلە بەرەو دەرگاکە چوو، گوێی ڕاگرت، کڵاوەکەی هەڵگرت و لە سیانزە پلیکانەکەوە، زۆر لەسەرخۆ، بە بێدەنگی، وەک پشیلەیەک هاتە خوارێ، گرنگترین کاری ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەوەبوو تەورەکە لە موبەقەکە بدزێت، لەبەر ئەوەی کارەکەی بە تەور ئەنجام دەدرا، زۆر دەمێک بوو بڕیاری خۆی دابوو. هەرچەندە ئەو

چەقۆیەکی باخ هەڵپاچینی هەبوو، بەڵام نە بڕوای بە چەقۆ هەبوو نە بە توانای خۆی، بۆیە بڕیاری دابوو بە تەور کارەکەی ئەنجام بدات. دەبێت هەر لەم لایەنەوە باس لەوەیش بکرێت کە بۆ ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەم بڕیارەی دابوو! هەموو ئەم بڕیارانە بە جۆرێکی سەیر هاتنە کایە: واتا چەندە ئەم بڕیارانە توندتر بدرانایە، هەر بەو ئەندازەیە لە دیدی ڕاسکۆلنیکۆڤەوە بڕیارگەلێکی بێماناتر و شوومتر دەردەکەوتن. لەگەڵ هەموو ئەو کێشە دەروونییە ناخۆشانەی تووشی ڕاسکۆلنیکۆڤ هاتبوون، بەدرێژایی ئەو ماوەیە هەرگیز بۆ تاوێکیش نەیدەتوانی بڕوا بە سەرکەوتنی کارەکەی بهێنێت. ئەگەر ڕێکەوت وا بکەوتایەتەوە کە هەموو وردەکارییەکانی نەخشەکە تا دواهەنگاو جێبەجێ بکرانایە و دوابڕیاریان لەسەر بدرایە، بە شێوەیەک کە ئیتر جێگای دوودڵیی تیا نەبوایەتەوە، ئەوسا زۆر ئەگەری ئەوە هەبوو کە لە بڕیارەکەی، وەک کارێکی زۆر ترسناک و نابەجێ. بە تەواویی پەشیمان بێتەوە، بەڵێ هێشتا گومان و دڵەڕاوکێ و مەسەلەی ئاڵۆز زۆر لە زیادیدا بوو، وەلێ بەدەستهێنانی تەور مەسەلەیەکی زۆر بچووک بوو، کە هەرگیز ئەوی ناڕەحەت نەدەکرد، چونکە کارێکی لەوە ئاسانتر نەبوو. لەبەر ئەوەی ناستاسیا گەلێکجار، بەتایبەتی لە ئێواراندا لە ماڵ دەچووە دەرێ، یان سەری لە دراوسێکان دەدا یان دەڕۆیشتە دوکان و هەمیشە دەرگاکەی بە کراوەیی جێ دەهێڵا. خاوەن ماڵەکە هەمیشە لەسەر ئەمە شەڕی لەگەڵدا دەکرد. لەم لایەنەوە ئەوەندە بەس بوو ڕاسکۆلنیکۆڤ لەو کاتەدا لەسەرخۆ بڕواتە چێشتخانەکە، تەورەکە هەڵبگرێت و دوای سەعاتێک کە هەموو شتێک کۆتایی پێدێت، بگەڕێتەوە چێشتخانەکە و تەورەکە لە جێی خۆی دابنێتەوە.

وەلێ هێشتا گومانگەلێک لەئارادا بوون: ئەگەر دوای سەعاتێک بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تەورەکە بخاتەوە جێی خۆی و بەڕێکەوت ناستاسیایش هاتبێتەوە ئەوێ، لەم حاڵەتەدا دەبێت تێپەڕێت و چاوەڕێ بکات بۆ ئەوەی جارێکی تر بڕواتەوە دەرەوە. بەڵام ئەگەر هەر لەو کاتەدا ناستاسیا تەورەکەی بێتەوە بیر و بە دوایدا بگەڕێ و بیکاتە هەراوزەنا، ئەوسا بەدگومانییەک دروست دەبێت، یان هەر هیچ نەبێت، بوارێکی بۆ دەرەخسێنێت.

هەموو ئەمانە وردەکارییەک بوون هێشتا ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری لێنەکردبوونەوە یان دەرفەتی ئەوەی نەبوو بیریان لێبکاتەوە. بیری لە کارە سەرەکییەکە دەکردەوە و وردەکارییەکانی دەنایە لاوە. تا ئەو کاتەی کە بە تەواوی لە هەموو شتێک دڵنیا دەبێت، بەڵام هەمیشە دەگەیشتە ئەوەی کە هەرگیز کارەکە نایەتە دی، هیچ نەبێت بە لای خۆیەوە وا دەشکایەوە. بۆ نموونە بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی پێشبینیی ئەوە بکات کە ڕۆژێک دەستبەرداری بیرکردنەوە بێت، هەستێت و بەوپەڕی سادەییەوە بڕوات بۆ ئەوێ. تەنانەت دواسەردانی پیرێژنەکەیش (کە زیاتر بۆ پشکنینی شوێنەکە بوو) هەر ئاوا ڕەوتەنی ئەنجام درا، نەک بە شێوەیەکی سووربوون و جەخت لەسەرکردن. دەشێت بە خۆی وتبێت: "لێگەڕێ بڕۆم و تاقیی بکەمەوە، ئەوەندە لێکدانەوەی ناوێت" بەڵام یەکسەر تێک چوو، تفی لەسەر زەوی کرد، بێزی لە خۆی هاتەوە و هەڵات، لە کاتێکدا وا دەهاتە بەرچاو کە دەمێکە ئەو زۆر بە وردی لێکۆڵینەوەی پێویستی دەربارەی چارەسەرکردنی گرفتە ئەخلاقییەکەی ئەم مەسەلەیە کردووە. گریمانەکەی لە چەقۆی تیژ دەچوو، تەنانەت لە خۆیشیدا ئیدی هیچ پاساوێکی ماقووڵی نەدەدۆزیەوە. کەچی هێشتا هەر لە

خۆی دڵنیا نەبوو، سەرسەختانە خۆی کردبووە وابەستە و بە دوای بەڵگەیەکدا دەگەڕا، وەک ئەوەی یەکێک ناچاری کردبێت ئەم کارە بکات. وەلێ دوێنێ کە چاوەڕواننەکراو و هەموو شتێکی یەکلایی کردبووەوە، لە خۆیەوە کاریگەرییەکی زۆر قووڵی لێکردبوو: وەک کەسێک دەستی گرتبێت و بە توانایەکی سەیرەوە، هەردوو چاوی بەستبێتەوە و بەبێ هیچ بەرەنگارییەک بەدوای خۆیدا کێشی بکات، وابوو. دەتوت چمکێکی کراسەکەی لە تایەی ماشێنێک گیر بووە و، ماشێنەکە وردەوردە بەرەو لای خۆی کێشی دەکات.

لە سەرەتادا، کە بێگومان ماوەیەکی دووروودرێژ بوو، پرسیارێک لە چوارچێوەی پرسیارەکانی تردا زۆر بە خەستی ئەمی سەرقاڵ کردبوو: بە لایەوە سەیر بوو کە بۆچی تا ڕادەیەک هەموو تاوانەکان بە ئاسانی ئاشکرا دەبن، هەروەها بۆ تا ڕادەیەک شوێنپێی گشت تاوانکاران ئەوەندە ئاسان دەدۆزرێنەوە. وردەوردە گەیشتە ئەنجامی جۆراوجۆر و سەرنجڕاکێش، وای هاتە بەرچاو کە هۆی سەرەکیی شاردنەوەی تاوان ئەوەندە پەیوەندیی بە هۆکاری مادییەوە نییە، بەڵکو زیاتر بە خودی تاوانکارەوە بەستراوەتەوە، هەر تاوانکارێک، تا ڕادەیەک هەموو تاوانکارێک، لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا تووشی جۆرێک لە بێئیرادەیی و بیری خراپ دەبنەوە. واتا لەو کاتەدا کە زیاد لە هەر کاتێکی دی پێویستی بە ئەقڵ و دانایی هەیە، کەچی ئیرادە و بیری ڕووناک جێگاکەی دەداتە جۆرێک لە منالبازاڕی. بە ڕای ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەم تاریکیی ئەقڵ و لاوازیی ئیرادەیە وەک نەخۆشی تووشی مرۆڤ دێت، لەسەرخۆ پێدەگات و کەمێک پێش ڕوودانی تاوانەکە، دەگاتە ئەوپەڕی گەشەسەندن، ئەم حاڵەتە کاتی ڕوودانی تاوان و ماوەیەکیش دوای ئەوە، بە کەسەکانەوە بەستراوەتەوە.

هەروەها وەک خۆی دەمێنێتەوە و پاشان وەک هەر نەخۆشییەکی دی لەناو دەچێت. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، کە ئایا نەخۆشی تاوان دروست دەکات، یان خودی تاوان بەپێی سروشتی خۆی، هەمیشە هاوڕێی حاڵەتێکە، کە لە نەخۆشی دەچێت؟ هێشتا ڕاسکۆلنیکۆڤ لە خۆی ڕانابینێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.

دوای ئەوەی گەیشتە ئەم ئەنجامانە، هێشتا ڕاسکۆلنیکۆڤ باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە ئەو دوورە لەو جۆرە نەخۆشییانە، ئەقڵ و ئیرادەیشی بەردەوام لە کاتی ئەنجامدانی بەرنامەیەکی وادا لەگەڵیدان، ئەم بڕوایەی تەنیا لەوەوە هاتبوو، کە ئەو نەخشەکەی خۆی بە "تاوان" ناداتە قەڵەم، ئێمە لە لێکدانەوەی تەواوی بەسەرهاتەکەدا کە ئەم بەرئەنجامەی لێکەوتەوە، چاو دەپۆشین. چونکە بەبێ ئەوەیش ئێمە هەنگاوێکمان بۆ پێشەوە ناوە، تەنیا ئەوەی لێ زیاد دەکەین، کە کێشەی مادیی ڕووت لای ئەو بە پلەی دووەم دێت. ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری دەکردەوە: "ئەوەندە بەسە دەسەڵاتت بەسەر ئەقڵ و ئیرادەتدا هەبێت تا بتوانیت لە کاتی خۆیدا، واتا کە تەواوی وردەکارییەکانت زانی، بەسەر کێشەکاندا زاڵ بیت" بەڵام هێشتا کارەکە دەستی پێنەکردبوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ کەمتر بڕوای بە دوابڕیارەکانی خۆی هەبوو، تەنانەت لە کاتی ئەنجامدانیشدا، هەموو شتێک بە جۆرێکی دی، واتا بەڕێکەوت و کتوپڕ ڕوویان دەدا.

شتێکی زۆر بچووک، پێش ئەوەی لە پلیکانەکان بێتە خوارێ، ئەوی وەستاند. کە گەیشتە چێشتخانەی خاوەن ماڵەکە، کە بەردەوام دەرگاکەی کرابووەوە، بە گومان و پارێزەوە لە ناوەوەی ڕوانی، بۆ ئەوەی بزانێت ئەگەر ناستاسیا لەوێ نەبێت/ خاوەن ماڵەکە لەوێیە یان نا، ئەگەر لەوێ نەبێت، ئەم دڵنیا بێت کە دەرگای ژوورەکەی باش

داخراوە، نەوەکا لەو ساتەدا کە دەڕواتە چێشتخانەکە بۆ ئەوەی تەورەکە بێنێت، خاوەن ماڵەکە لە ژوورەکەیەوە سەربێنێتە دەرێ و چاوی بکات، کە بینی ناستاسیا ئەمجارەیان نەک هەر لە چێشتخانەکەدایە، بەڵکو سەرقاڵی کارێکیشە، یەعنی جلە شۆراوەکان لە سەبەتەیەک دەردێنێ و لەسەر تەناف هەڵیان دەخات، یەکجار سەری سووڕما. هەر کە ناستاسیا ڕاسکۆلنیکۆڤی بینی، وازی لە جلە شۆراوەکان هێنا، لێی ڕاما تا تێپەڕی و لەچاو ونبوو، بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ تەماشای ئەوی نەکرد و وا تێپەڕی، وەک ئەوەی هیچی نەدیبێت، وەلێ کارەکەی سەری نەگرت. چونکە تەوری لێنەبوو: ڕاسکۆلنیکۆڤ کەوتە سەرسامییەکی قووڵەوە.

کاتێ بەرەو دەرگای دەرەوە دەچوو، لەگەڵ خۆیدا بیری کردەوە: "ئاخر چۆن و لەسەر چ بنەمایەک من وام بیر کردۆتەوە کە حەتمەن نابێت لەم ساتەدا ناستاسیا لە ماڵ بێت؟ چۆن، چۆن لەم بارەیەوە ئەوەندە دڵنیا بووم؟" ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستی بە دارمان و تەنانەت زەلیلیی خۆی کرد. دەیویست لە داخا بە خۆی پێبکەنێت.. ڕقێکی خەستی ئاژەڵییانە لە ناوەوەیدا دەکوڵا.

لەبەر دەرگاکەدا کەوتەوە بیرکردنەوە. چوونە سەرشەقام بە بیانووی پیاسەکردنەوە کارێکی دزێو بوو، گەڕانەوەیش بۆ ماڵەوە لەو دزێوتر بوو. کاتێک لە بەردەم دەرگاکەدا و ڕێک بەرانبەر ژووری کراوەی پاسەوانەکە وەستا بوو، لەژێر لێوەوە بە خۆی وت: "چ دەرفەتێکی چاکم بۆ هەمیشە لەدەست دا" لەپڕا مووچرکێک بە هەموو لەشیدا گەڕا، لە ژوورە چکۆلەکەی پاسەواندا کە دوو هەنگاوێک لێیەوە دوور بوو، لەژێر کورسییەکی داردا، شتێکی بینی دەبریسکایەوە.. تەماشای ئەملاوئەولای کرد، کەس دیار نەبوو، بە سەری پەنجە لە ژوورەکە

نزیک کەوتەوە. بە دوو پلیکانەی بچووکدا چووە خوارێ، بە دەنگێکی نزم بانگی لە پاسەوانەکە کرد و وەڵام نەبوو، "دیارە کەوایە، لە ماڵ نییە، وەلێ دەبێت لەم دەوروبەرەدا، لە حەوشە بێت، چونکە دەرگای ژوورەکەی تەواو لەسەر پشتە" زۆر بەپەلە خۆی گەیاندە تەورەکە (ئەوەی دەبریسکایەوە، تەور بوو) لەژێر کورسییەکە، لە بەینی دوو بڕە داردا هێنایە دەرێ. هەر لەوێ، پێش ئەوەی لە ژوورەکە بێتە دەرەوە، بەو بەرەزوانەوە کە بۆی ئامادە کردبوو، توند بەستی. هەردوو دەستی خستە گیرفانی و لە ژووری پاسەوانەکە هاتە دەرێ. کەس نەیبینی، بەدەم بزەیەکی سەیرەوە کە کەوتبووە سەرلێوی، بیری کردەوە: "ئەمەیان بە یارمەتیی ئەقڵ نەبوو، هی شەیتان بوو" ئەم ڕێکەوتە بوێرییەکی زۆری پێبەخشی.

ڕێگەکەی لەسەرخۆ و بەویقارەوە دەبڕی، پەلەی نەدەکرد نەوەک گومانی لێبکرێت، کەمتر تەماشای ڕێبواری دەکرد، دەیویست هەر لێیان نەڕوانێت و چەندە بتوانێت سەرنجیان بۆ خۆی ڕانەکێشێت.

لەوێدا کڵاوەکەی هاتەوە بیر: "خودایا، سێ ڕۆژ لەمەوبەر پارەیشم هەبوو کەچی نەمتوانی کڵاوێک بکڕم" چەند وشەیەکی ناشیرینی بە دڵدا هات. کە چاوێکی بە ناو دوکانێکدا گێڕا، لە سەعاتی دیوارەکەیەوە زانی سەعات حەوت و دە دەقیقەیە. دەبێت پەلە بکات و بە دەوری ماڵەکەیشیدا بگەڕێت، پاشان لە لایەکی ترەوە بڕواتە ژوورێ.

جاران ئەگەر بە ڕێکەوت بیری لەم بەسەرهاتە بکردایەتەوە، بێگومان بوو کە ترسی لێدەنیشت، کەچی ئێستا زۆر نەدەترسا، تەنانەت بیری بۆ هەندێک شتی تر دەچوو، کە هیچ پەیوەندییەکی بەو باسەوە نییە. بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم، ئەو کاتەی بە پاڵ باخی "یوسوپف"دا تێدەپەڕی، بیری لەوە کردەوە، کە دەبێت لەوێدا فوارەی زۆر دروست

بکرێت، چونکە بە ئاسانی ئاووهەوای ئەو ناوە پاک و فێنک دەکات. کەم کەم بیری لەوە کردەوە، کە ئەگەر "باخە هاوینییەکان" هەموو "گۆڕەپانی مارس" بگرنەوە و تەنانەت ببەسترێنەوە بە "کۆشکی میخایلوسکی"یەوە، ئەوسا شار چەندە کەڵکی لێوەردەگرت و چەندیش ڕازاوەتر دەبوو. لە پڕێکدا بیرۆکەیەکی تری بەسەردا هات، کە بۆچی لە هەموو شارە گەورەکاندا مرۆڤ نەک بە زۆر، بەڵکو هەر بە خوایشت، حەزی بەوەیە لەو گەڕەکانەدا بژی، کە نە باخی تیایە و نە فوارە، لەو شوێنانەدا کە پڕن لە پیسی و بۆن و بەرامەی ناخۆش . لێرەدا بیری گەڕانەکانی خۆی کەوتەوە لە گۆڕەپانی "سننایا"دا، بۆ چرکەساتێک هاتەوە سەر خۆی و کەوتەوە بیرکردنەوە: "ئەم شتە هەلەقومەلەقانە چییە، نا، چاکتر وایە هەر بیری لێنەکەمەوە" پاشان بیرۆکەیەکی تری بەسەردا هات: "دیارە ئەو کەسانەیش کە بەرەو سێدارە دەبرێن، بیر لە هەموو ئەو شتانە دەکەنەوە، کە لەسەر ڕێگەیاندا دەیانبینن" وەلێ ئەم بیرۆکەیە بۆ چرکەساتێک وەک بروسکە هات و تێپەڕی و خۆیشی زۆر زوو لە خۆیدا کوژاندییەوە. ئیتر چ ڕێگەیەک نەمابوو، ئەمە ماڵەکە، ئەمە دەرگا گەورەکەی دەرەوە. کتوپڕ لە شوێنێکی نادیارەوە سەعاتێک لێیدا "مانای چی، ناشێ سەعات حەوت و نیو بێت؟ نابێت، هەرگیز، بێگومان سەعاتەکە لە پێشە" بەختی یار بوو، لە بەردەم دەرگا گەورەکەی دەرەوەدا هەموو شتێک بەخێر گەڕا.

هەر لەو کاتەدا وەک بەتایبەتی بۆ ئەم ڕەخسابێت، لە بەردەمیدا، بارێک کای گەورە لە دەرگاکەوە چووە ژوورێ و ئەمی بە تەواوی شاردەوە، هەر ئەوەندەی بارەکایەکە گەیشتە حەوشەی ناوەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤیش خێرا بە لای ڕاستا وەرگەڕا، لەوێدا، لەولای

عەرەبانەی کاکەوە گوێی لە دەنگوهەرای چەند کەسێک بوو، وەلێ کەس گوێی بەو نەدا و کەسیشی نەبینی. لەو کاتەدا زۆر لەو پەنجەرانەی کە بەسەر حەوشە گەورەکەدا دەیانڕوانی، کرابوونەوە. بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ سەری هەڵنەبڕی، توانای سەرهەڵبڕینی نەبوو، ئەو پلیکانانەی بەرەو ژووری پیرێژنەکە دەچوون، هەر ڕاست لە دوای دەرگاکەوە و کەوتبوونە لای ڕاستەوە. ڕاسکۆلنیکۆڤ دوای چرکەساتێک خۆی لەوێدا بینییەوە، هەناسەی تازەی دا، دڵی کە توند کەوتبووە لێدان، دەستی نایە سەری و گوشی. تەورەکەی بەسەر کردەوە و دڵنیا بوو، لەسەرخۆ و بەپارێزەوە، لە کاتێکدا کە تەواو گوێی هەڵخستبوو، لە پلیکانەکان بەسەرکەوت. بەڕێکەوت لەو کاتەدا سەر پلیکانەکانیش چۆڵوهۆڵ بوون. هەموو دەرگاکان داخرابوون و ڕووبەڕووی کەس نەبووەوە، تەنیا لە قاتی دووەمدا، دەرگای ئاپارتمانێکی چۆڵ کرابووەوە و کۆمەڵێک بۆیەچی کاریان تیا دەکرد. تەنانەت ئەوانیش نەیانبینی.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەستا، بیرێکی کردەوە و کەوتەوە ڕێ، بە خۆی وت: "بێگومان زۆر چاکتر دەبوو ئەگەر ئەمانیش لێرە نەبوونایە، وەلێ.. هێشتا دووقاتی تری ماوە".

باشە، ئەمەیش قاتی چوارەم، ئەوە دەرگاکە، ئەوەیش ئاپارتمانەکەی بەرانبەر، ئەوەیش کەسی تیا نییە، قاتی سێیەمیش، زۆر لەوە دەچێت ئەو ئاپارتمانەی کەوتۆتە ژێر ئاپارتمانی پیرێژنەکەوە، چۆڵ بێت. ئەو کارتە تایبەتییانەی بە بزماری بچووک بە دەرگاکەوە داکوتراون، نەماون. کەواتە ماڵەکەیان چۆڵ کردووە.. ڕاسکۆلنیکۆڤ تەواو هەناسەی گیرا، لە چرکەساتێکدا بیرۆکەیەکی بەسەردا هات "چۆنە بگەڕێمەوە؟" بەڵام وەڵامی خۆی نەدایەوە و گوێی بەرەو لای ماڵی

پیرێژنەکە هەڵخستبوو. بێدەنگییەکی مەرگئاسا چۆکی بەسەر ژوورەکەدا دادابوو. پاشان، جارێکی تر گوێڕادێری لای پلیکانەکان بووەوە و ماوەیەک بە وردی گوێی هەڵخست. ئینجا، بۆ دواجار تەماشای ئەملاوئەولای خۆی کرد، خۆی کۆک و تەیار کرد و دیسان تەورەکەی بەسەر کردەوە، کە بە بەرەزوانەکەوە هەڵواسرابوو، بەخۆی وت: "ئایا ڕەنگم زۆر پەڕیووە؟ زۆر پەشۆکاوم؟ پیرێژنەکە بەدگومانە.. چۆنە کەمێکی تر چاوەڕێ بم.. بۆ ئەوەی دڵم بێتەوە سەر خۆی..؟"

بەڵام دڵی نەهاتەوە سەر خۆی، بە پێچەوانەوە، دەتوت بە دەستی ئانقەست توندتر و توندتر لێی دەدا، ڕاسکۆلنیکۆڤ خۆی نەگرت. لەسەرخۆ دەستی درێژ کرد و زەنگی لێدا، دوای نیو دەقیقە جارێکی دی لە زەنگەکەی دایەوە، ئەمجارەیان کەمێک توندتر، وەڵام نەبوو، بێهودە زەنگکوتان نە کەڵکی هەبوو نە بۆ ئەو دەشیا. بێگومان پیرێژنەکە لە ماڵ بوو، بەدگومان و تەنیا بوو، تا ڕادەیەک ڕاسکۆلنیکۆڤ شارەزای ڕەفتاری بوو.

جارێکی تر گوێی بە دەرگاکەوە قرساند، نەیزانی هەستی تا ئەو ڕادەیە شپرزەیە (کە ئەمەیش کێشەیەک بوو بۆ خۆی) یان بە ڕاستی دەنگەکە چاک دەبیسترا. بەڵام بەهەرحاڵ، کتوپڕ گوێی لە دەنگی هێوری دەستێک بوو بە دەستگیری دەرگاکەوە لەگەڵ خشەخشی کراسێکدا کە بەری دەکەوت. بێگومان یەکێک لەودیوەوە وەک ئەو لە پاڵ دەرگاکەدا وەستابوو، لە ناوەوە گوێی گرتبوو، ئەویش هەناسەی لەخۆ بڕیبوو، دەبوو وەک ئەمیش گوێی بە دەرگاکەوە قرساندبێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ئانقەست جووڵەیەکی کرد و کەمەکێک دەنگی هەڵبڕی تا پیرێژن گومانی ئەوە نەبات کە ئەم لە پارێزیدایە. ئینجا بۆ

سێیەمین جار زەنگەکەی لێدایەوە، بەڵام لەسەرخۆ، بەڕێز و بەبێ ئەوەی هیچ خۆی تێک بدات.
پاشان کە یادی ئەو چرکەساتەی دەکردەوە و بە ڕوونی دەیهێنایەوە بەرچاوی خۆی، هەستی دەکرد تا هەتاهەتایە شوێنەواری ئەو چرکەساتە لە بیریدا دەمێنێت. نەیدەزانی لەو ساتەدا ئەو هەموو فڕوفێڵەی لە کوێوە هێنابوو، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە تاریکایی ئەوەندە هزری داگیر کردبوو، کە هەرگیز هەستی بە جەستەی خۆی نەدەکرد. دوای چرکەساتێک گوێی لە دەنگی کرانەوەی دەرگاکە بوو.

٧

دەرگاکە وەک جاری پێشتر درزێکی تێکەوت، دیسان دووچاوی تیژ لە نێو دڵی تاریکییەکەوە لێی ڕامان. لەو ساتەدا ڕاسکۆلنیکۆڤ تەواو پەشۆکا و لەوەدابوو هەڵەیەکی گەورە هەموو شتەکانی لێ تێک بدات. لە ترسی ئەوەی نەکا پیرێژن لە تەنیاییەکەی خۆی بترسێت و، ئومێدی ئەوەیشی نەبوو دیمەنی ئەم دڵنیاییەک بەو ببەخشێت، ڕاسکۆلنیکۆڤ دەستی بە دەرگاکەوە گرت و بۆ ئەوەی پیرێژن بیر لە داخستنەوەی نەکاتەوە بەرەو لای خۆی ڕایکێشا، پیرێژنەکە کە ئەمەی بینی، دەرگاکەی بەرەو لای خۆی ڕانەکێشایەوە، بەڵام دەستگیرەکەی بەرەلا نەکرد. بە جۆرێک، کە خەریک بوو ڕاسکۆلنیکۆڤ دەرگا و پیرێژنەکە بەرەو پلیکانەکان بەکێش بکات. کە بینی پیرێژن بەر دەرگاکەی گرتووە و ناهێڵێت بڕواتە ژوورێ، ڕاست بەرەو ڕووی ڕۆیشت، پیرێژن لە ترسا خۆی لادا، ویستی شتێک بڵێت. بەڵام پێدەچوو نەتوانێت و هەردوو چاوی تێبڕی.

ڕاسکۆلنیکۆڤ چەند توانی، بە ڕەهایی و لەسەرخۆ لەگەڵیدا کەوتە قسە:

- سڵاو ئەلێنا ئیڤانۆڤنا

بەڵام نەیتوانی کۆنترۆڵی دەنگی بکات، دەیبڕی و لەرزینی تێدەکەوت:

- من بۆ تۆ.. شتێکم هێناوە.. چاکترە بڕۆیتە ئەولاوە، لای ڕوناکییەکە..

بەبێ ئەوەی چاوەڕێی مۆڵەتی لێبکات، بە لایدا تێپەڕی و چووە ناو ژوورەکەوە.

پیرێژنەکە کەوتە دوای، زمانی کرایەوە و پێی وت:

- سەیرە، ئاخر چیت گەرەکە؟ کێیت؟ بۆ هاتوویت؟

- ئەلێنا ئیڤانۆڤنا، هەرئاوا! من ڕاسکۆلنیکۆڤم، دەمێکە ناسیاوتانم.. ئەمەیش ئەو بارمتانەیە کە جاری پێشوو بۆم باس کردی، بۆم هێناویت.

بەدەم قسەکردنەوە بارمتەکەی بۆ ڕاگرت، پیرێژن تەماشای بارمتەکەی کرد و دیسانەوە لە میوانە ناوەختەکە ڕامایەوە، ڕامانێکی قووڵ و تووڕە و بێباوەڕی. چرکەساتێکی خایاند، ڕاسکۆلنیکۆڤ وای بۆ چوو کە لە چاوی پیرێژندا نیمچە گاڵتەجاڕییەک هەیە، وەک ئەوەی لە هەموو شتێک گەیشتبێت، لاوەکە وای هەست دەکرد کە خۆی لەدەست داوە، ترس دایگرتووە، ترسەکە هێند زۆرە، ئەگەر پیرێژنەکە نیو دەقیقەی تر هەر ئاوا بێدەنگ لێی بڕوانیت، بێگومان لە بەردەمی هەڵدێت.

کەچی لەپڕا بە تووڕەییەوە وتی:

- تۆ بۆ وا لێم دەڕوانیت، دەڵێی نامناسیت؟ ئەگەر بارمتەکەت ناوێت، دەچمە لای خەڵکی تر، کاتی زۆرم نییە.

هەرگیز ڕاسکۆلنیکۆڤ خەیاڵی لای ڕستەیەکی وا نەبوو، بەڵام ڕستەکە لە خۆیەوە لە دەمی دەرپەڕی. پیریژن هاتەوە سەر خۆی، بڕوای بە توانایی دەنگی میوانەکە کرد، بەدەم تەماشاکردنی بارمتەکەوە پرسی:

- کوڕی باش، ئاخر تۆ چیم بۆ دێنیت، ئەمە چییە؟

- قوتووی جگەرەیە و لە زیو دروست کراوە، من جاری پێشوو پێم وتیت. پیریژن دەستی درێژ کرد.

- بۆ وا ڕەنگت پەڕیوە؟ دەستیشت دەلەرزێت، ترساویت، ها؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگێکی پچڕ پچڕەوە وەڵامی دایەوە:

- لەرزوتامە، بێگومان کاتێک کە مرۆڤ هیچی نەبێت بیخوات، ڕەنگی پێوە نامێنێت.

دواڕستەی بە زەحمەت بۆ وترا، هێزی تیا نەمابوو، بەڵام پیریژنەکە بڕوای بە وەڵامەکە کرد و بارمتەکەی لێ وەرگرت، لەگەڵ تێڕامانێکی تری ڕاسکۆلنیکۆڤدا بارمتەکەی لە ناو دەستیا هەڵسەنگاند و پرسی:

- چییە؟

- چییە؟ قوتووی جگەرەیە.. زیوە.. تەماشای بکە.

- نا، پێناچێت زیو بێت.. زۆرت پێوە پێچاوە.

پیریژن بەدەم کردنەوەی دەزووەکانەوە ڕووی لە ڕووناکیی پەنجەرەکە کردبوو (لەگەڵ ئەوەیشدا کە گەرما ژوورەکەی تەواو خەفە کردبوو، هەموو پەنجەرەکان داخرابوون) بۆ چەند چرکەساتێک وازی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ هێنا و پشتی تێکرد، لاوەکە دوگمەی پاڵتاوەکەی کردەوە و تەورەکەی لە بەرزوانەکە ڕزگار کرد. بەڵام هەمووی دەرنەهێنا و تەنیا بە دەستی ڕاست لەژێر پاڵتاوەکەیەوە گرتی. دەستی زۆر لاواز بوو، خۆی هەستی پێدەکرد چۆن بەردەوام

دەستی زیاد لە جاران بێتوانایی تێدەگەڕا و سست دەبوو. لەوە ترسا تەورەکەی لە دەست بەر ببێتەوە.. لەپڕێکا – وەک ئەوەی سەری گێژ بخوات، وا بوو.

پیرێژن بە تووڕەییەوە هاواری لێکرد:

– ئاخر بۆ ئەم هەمووەت پێوە پێچاوە!

ویستی لەسەرخۆ بۆ لای بگەڕێتەوە.. ئیدی لەوەدا نەمابوو چرکەساتێک چییە بە فیڕۆی بدات. ڕاسکۆلنیکۆڤ تەورەکەی دەرهێنا، بە هەردوو دەستی بەرزی کردەوە و بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، بەبێ هیچ زەحمەتێک، تا ڕادەیەک وەک لە خۆیەوە ڕوو بدات، تەورەکەی بۆ داهێنایەوە. لەو کاتەدا هەستی بە توانای خۆی کرد.

پیرێژن وەک هەمیشە سەری ڕووت بوو، قژی سپی، وەک هەمیشە بە ڕۆن چەور و وەک کلکی مشک هۆنرابووەوە، بە شانە دەرپەڕیووەکەیەوە کە لە پشتی سەریەوە دەبینرا، دیار بوو، لەبەر ئەوەی پیرێژنەکە کورتەباڵا بوو، ڕاست تەورەکە بەر تەوقی سەری کەوت: ژنە هاوارێکی کرد. وەلێ هاوارێکی لاواز و لە پڕێکدا کەوتە سەر زەوییەکە، تەنیا ئەوەندە فریا کەوت کە هەردوو دەستی بەرەو لای سەری بەرێت، هێشتا بارمتەکە لە ناو دەستێکیدا بوو. ئەوسا ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هەموو هێزیەوە چەند جارێکی دی بە پشتی تەورەکە بەربووە تەوقی سەری، خوێن وەک دەفرێکی قڵپکراوە دەردەپەڕی، لاشەکە کەوتە سەر پشت. ڕاسکۆلنیکۆڤ چووە دواوە تا ڕێگە لە کەوتنەکە نەگرێت. پاشان زۆر خێرا بەسەر دەموچاویا چەمایەوە، پیرێژن مردبوو. دەتوت چاوی دەیەوێت لە گلێنەوە بێتە دەرێ، تەوێڵی و هەموو دەموچاوی هاتبوونەوە یەک و چرچولۆچ ببوون.

ڕاسکۆلنیکۆڤ تەورەکەی لە نزیک مردووەکەوە لەسەر زەوی دانا، لە کاتێکدا کە دەیویست خوێنەکە پیسی نەکات. ڕاست دەستی بە گیرفانی پیرێژندا کرد. هەمان گیرفانی لای ڕاست کە جاری پێشوو پیرێژن کلیلەکانی لێ دەرهێنابوو. ئەقڵی ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تەواویی لەسەر خۆی بوو، ئیتر نە هەستی بە ماندووبوون دەکرد و نە بە سەرگێژخواردن. وەلێ هێشتا دەستی دەلەرزی، لە ئایینەدا ئەوەی لەبیر ناچێت کە لەو کارەدا زۆر ورد و بەئاگا بووە. هەر هەوڵی ئەوەیشی بوو کە خوێناوی نەبێت.. زوو کلیلەکانی دەرهێنا. هەموو کلیلەکان وەک جاری پێشوو لە ئەڵقەیەکی ئاسندا بوون، بە کلیلەکانەوە و بەپەلە بەرەو ژووری نووستن بەڕێ کەوت، ژوورەکە بچووک و دۆڵابێکی پڕ لە پەیکەری چکۆڵەی تیابوو، نزیک بە دیوارەکەی بەرانبەر، تەختەخەوێکی گەورەی تا ڕادەیەک پاک هەبوو، لەگەڵ لێفەیەکی لۆکەی ڕووئاوریشم، کە چەند پارچە قوماشێکی هەمەڕەنگی پێوە دوورابوو، لە پاڵ دیواری سێیەمدا دۆڵابێکی جل هەبوو، شتێکی سەیر. هەر ئەوەندەی کلیلی لە دۆڵابەکە نا و گوێی لە دەنگی بوو، ئیتر هەموو گیانی کەوتە لەرزین.. دیسانەوە لەپڕا ویستی هەموو شتەکان وەک خۆی واز لێبێنێت و بڕوات، بەڵام ئەم حاڵەتە چرکەیەک زیاتری نەبرد، تازە بۆ ڕۆیشتن درەنگ بوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ گاڵتەی بەخۆ هات، کاتێک لەپڕێکدا بیرێکی ناخۆشی تر وەک بروسکە بەسەریدا کێشا: لەناکاوێکدا وای بۆچوو کە ڕەنگە پیرێژنەکە هێشتا زیندووبێت، ڕەنگە بێتەوە هۆش خۆی. بۆیە کلیل و دۆڵابی وەک خۆی بەجێ هێشت و بەرەو لای لاشەکە تێی تەقاند، تەورەکەی هەڵگرتەوە و بەرزی کردەوە، بەڵام داینەهێنایەوە، چونکە جێی گومان نەبوو، پیرێژن مردبوو، کە بەسەریدا نووشتایەوە و لە

نزیکەوە تێڕوانی، بە چاکی بینی کاسەسەری پیرێژن وردوخاش بووە و کەمێکی کەوتبووە خوارێ، ویستی پەنجەی لێبدات، بەڵام دەستی کێشایەوە: بەبێ ئەوەیش هەموو شتێک بە چاکی دیار بوو، لەوانە خوێن بە ئەندازەی چاڵێک کۆ ببووەوە. لەپڕا ڕاسکۆلنیکۆڤ لە ملی پیرێژنەکەدا چاوی بە شریتێکی بچووک کەوت. ڕایکێشا. بەڵام شریتەکە قایم بوو نەپچڕا، بە تایبەتی کە خوێنەکە تەڕی کردبوو، هەوڵیدا هەرچۆنێک بووە، لەژێر باڵی پیرێژنەکەوە بیهێنێتە دەرەوە. بەڵام شتێک نەیدەهێشت و گیری کردبوو. ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەمەندە قەڵس ببوو، لەوەدابوو دیسان بەبێ سێودووکردن تەورەکە لە بەشی سەرەوەی لاشەکە و لە شریتەکە بدات، بەڵام نەیوێرا، بە زەحمەت و دوای دوو دەقیقە هێنانوبردن و بە دەست و تەوری خوێناوییەوە، توانیی بەبێ ئەوەی تەورەکە بوەشێنێت، شریتەکە ببڕێت و لێی بکاتەوە، بەهەڵەدا نەچووبوو، ئەوە کیسەی پارە بوو، دوو خاچ، یەکێکیان لە دار و ئەویتریان لە مس، مینایەکی بچووک و کەناری کیسەکە بە تیلماسکێک پێستەی پیس کە قفڵێکی ئاسنی لێدرابوو، بە شریتەکەوە بەسترابوو. پێدەچوو کیسەکە پڕ بێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەبێ لێوردبوونەوە نایە گیرفانی. خاچەکانی فڕێدایە سەر سنگی پیرێژنەکە، دیسان بە تەورەکەوە خۆی گەیاندەوە ژووری نووستنەکە.

زۆر بەپەلە ڕستە کلیلەکەی لە دەست گرتەوە و کەوتەوە هێنانوبردنی. کارەکەی باش نەدەچەرخا، کلیلەکان قفڵەکانیان نەدەکردەوە. نەک لەبەر ئەوەی دەستی دەلەرزی، نا، بەڵکو بەردەوام هەڵەی تێدا دەکرد، بۆ نموونە دەیبینی کلیلەکە بۆ قفڵەکە دەست نادات و بۆی ناگونجێت، بەڵام وازی لێنەدەهێنا. لەپڕێکا ئەوەی وەبیر

هاتەوە و زانیی کە کلیلە گەورە ددانداره‌کە کە لە پاڵ کلیلە بچووکەکانی ترەوە بە شریتەکەوەیە، بێگومان هی دۆڵابەکە نییە، (جاری پێشوویش هەر ئەمەی بە بیردا هاتبوو) بەڵکو کلیلی ئەو سندوقەیە، کە دەشێت هەموو شتەکان لەوێدا شارابنەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ وازی لە دۆڵابەکە هێنا و زوو خزایە ژێر قەرەوێڵەکەوە. چونکە دەیزانی کە سندوقی پیرێژنان ئاسایی لەژێر قەرەوێڵە دادەنرێن. وایشبوو: سندووقەکە تا ڕادەیەک گەورە و بە درێژیی کەمتر لە مەترێک، بە دەرگایەکی دیارەوە کە بەردەمەکەی بە پێستەیەکی نەرمی سوور داپۆشرابوو، بزماری بچووکی پۆڵای پیادا کوترابوو، خرابووە ژێر تەختەی نووستنەکەوە. کلیلە دداندارەکە ڕێک بۆ سندووقەکە گونجا و دەرگاکەی کردەوە. هەر لەوێدا و لەژێر متیلێکی سپیدا پاڵتاوێک لە کەوڵی کەرویشک کە بە پارچەیەکی سوور داپۆشرابوو، بەرچاو دەکەوت، لەژێر کراسێکی ئاوریشمەوە، پاشان دەسماڵێک و دوای ئەوەیش تا بنی سندووقەکە هەر قوماش بوو. پێش هەر شتێک ڕاسکۆلنیکۆڤ ویستی دەستە خوێناوییەکانی بە پارچەیەک لەو قوماشە سوورانەی کە بە پاڵتاوەکەوە بوو، پاک بکاتەوە، بیری کردەوە: "سوورە و لەسەر ڕەنگی سوور خوێن کەمتر دەردەکەوێت" کەچی لەپڕێکا هاتەوە سەرخۆی و بە ترسەوە بیری کردەوە: "خودایا، ئەرێ شێت بووم؟" هەر ئەوەندەی ڕاسکۆلنیکۆڤ پارچە قوماشەکانی ڕاوەشاند، لەپڕا لەژێر پاڵتۆکەوە سەعاتێکی ئاڵتوون کەوتە خوارێ. ڕاسکۆلنیکۆڤ بەپەلە سەرقاڵی پشکنینی ناو سندووقەکە بوو، لە ڕاستیشدا لە نێو پارچەکاندا شتگەلێک هەبوون، لە زێڕ دروست کرابوون – بێگومان هەموو ئەمانە ئەو بارمتانە بوون، کە خاوەنەکانیان دایاننابوو و هێشتا وەریاننەگرتبووەوە – جۆرەها

بازنگ، زنجیر، گواره، دەرزی بۆینباخ و شتی تر دەکەوتنە بەرچاو. هەندێکیان لە پاکەتی خۆیاندا و هەیشیان بوو لە کاغەز و ڕۆژنامەوە پێچرابوون، بەڵام زۆر بە ڕێکوپێکی و پاکژی لە کاغەزەکانەوە پێچرابوون و بە شریت بەسرابوون. بەبێ ئەوەی دەقیقەیەک بەفیڕۆ بدات، بەبێ ئەوەی جیایان بکاتەوە یان لە پاکەتەکانیان دەربهێنێت، گیرفانی پانتۆڵ و پاڵتۆکەی لێ پڕ کردن. بەڵام نەیتوانی زۆر کۆ بکاتەوە.

لەناکاوێکدا لەو ژوورەی پیرێژنەکەی تیابوو، گوێی لە دەنگی پێی یەکێک بوو. زوو وەستا، وەک مردوو بێدەنگ بوو. وەلێ بێدەنگیی هەموو شوێنێکی گرتبووەوە، نەکا ئەمە تەنیا خەیاڵی خۆی بێت! وەلێ لەپڕێکا بە چاکی گوێی لە ناڵەیەکی سووک بوو، وەک ئەوەی کەسێک بە هێوری و ناوبەناو بناڵێنێ و بێدەنگ بێت، پاشان جارێکی دی بۆ ماوەی یەک دوو دەقیقە بێدەنگیەکی مەرگئاسا هەموو ئەو ناوەی داگرتەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ لە پاڵ سندووقەکەدا کرووشکەی کردبوو و چاوەڕێی دەکرد. بە زەحمەت هەناسەی دەدا، لەپڕا هەستا، تەورەکەی هەڵگرت و لە ژووری خەوتنەکە بەدەرکەوت.

لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا لیزاڤێتا وەستابوو، بەستەیەکی گەورەی بەدەستەوە بوو، بەسەرسامییەوە لە خوشکە کوژراوەکەی خۆی دەڕوانی، ڕەنگی ببووە گەچی دیوار و پێدەچوو توانای هاوارکردنی نەبێت. ژنە هەر ئەوەندەی بەو جۆرە ڕاسکۆلنیکۆڤی بینی، وەک گەڵای درەخت لەرزی، تەزوویەک بە لەشیا گەڕا و دەموچاوی گۆڕا. دەستی بڵند و دەمی کردەوە. وەلێ هاواری نەکرد، لەسەرخۆ پشتاوپشت ڕۆیشت و خزایە سووچێکەوە، چاوی بڕیبووە ڕاسکۆلنیکۆڤ و زمانی هەر بەسرابوو، وەک هەناسەی هاوارکردنی

نەبێت. ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تەورەکەوە پەلاماری دا. لێوی ژنەکە وەک لێوی زارۆکان کاتێک لە شتێک بترسن و چاویان پێوەی ئەبڵەق بووبێت و بیانەوێت هاوار بکەن، لار ببووەوە، لیزاڤێتای نەگبەت هێند سادەو بێبەرگری و ترساو بوو، تەنانەت بۆ داپۆشینی دەموچاویشی دەستی بەرز نەکردەوە. لە کاتێکدا کە ئەم جووڵەیە بۆ ئەو چرکەساتە تاقەبزاوتێکی ئاساییە، کە ئەو بیکات. چونکە تەورەکە ڕاست بەرانبەر سەروچاوی ئەو ڕاگیرابوو. تەنیا دەستی چەپی کە هیچی پێ هەڵنەگرتبوو، کەمێک بڵند کرد – هێشتا زۆری مابوو بگاتە دەموچاوی – و بەرەو لای ڕاسکۆلنیکۆڤی درێژ کرد. وەک ئەوەی بیەوێت لە خۆی دوور بخاتەوە. ڕیک دەمی تەورەکەی بە کاژەڵاکی سەریدا کێشا و لە ناوچاوانییەوە تا پشتی سەری شەق کرد. ژنە لەسەر زەوییەکە تەخت بوو. خەریک بوو ڕاسکۆلنیکۆڤ تەواو خۆی لەدەست بدات، بەستەکەی هەڵگرت. دیسان فڕێی دایەوە سەرزەوی و بەرەو ڕاڕەوەکە دەرپەڕی.

تا دەهات ترسی لەسەر زیاتر و زیاتر دەبوو، بە تایبەتی دوای تاوانی کوشتنی دووەم، کە هەرگیز چاوەڕێی نەبوو. دەیویست زووتر لەوێ هەڵبێت. ئەگەر لەو کاتەدا توانای ڕوانینێکی ڕاست و بیرکردنەوەیەکی دروستی هەبووایە، ئەگەر توانای ئەوەی هەبووایە وێنای تەواوی قورسیی کارەکەی و هەموو نائومێدی و ناشیرینی و بێمانایی ئەو کارەی بکردایە، یان درکی ئەوەی هەبووایە، کە تووشی چ گاشە و دژواری و ڕەنگە زوڵم و گرفتێک دەبێتەوە، تا لێرە دەرباز بێت و بگاتەوە ماڵەوە، زۆر ڕێی تێدەچوو ئەگەر ئەمانەی بزانیایە، هەموو شتێکی واز لێبهێنایە و ڕێکوڕەوان بڕۆیشتایە و خۆی بەدەستەوە بدایە. ئەمەی لەبەر ئەوە نەدەکرد، کە ترسی لە ئایندە بێت. بەڵکو

تەنیا لەبەر قێزەونی و ناخۆشیی ئەو کارەی کە ئەنجامی دابوو. هەستکردن بەو قێزەونییە بەردەوام تیایدا زیادی دەکرد.. بۆیە هەرگیز ئامادەی ئەوە نەبوو کە لەو کاتەدا بەرەو لای سندووقەکە یان بەرەو ژوورەکە هەنگاو هەڵبنێت.

بەڵام وردەوردە جۆرێک لە پەرتیی هەست، یان ڕەنگە بیر، دەستی بەسەردا دەکێشا. دەتوت هەندێکجار خۆی لەبیر دەکرد، یان با بڵێین ئەسڵی کارەکەی لەبیر دەکرد و دەکەوتە نێو وردەکارییەکانەوە. پاشان کە چووە چێشتخانەکەوە، لەسەر سەکۆکە سەتڵێکی پڕ لە ئاوی بینی، بیری لە شتنی تەور و دەستی خۆی کردەوە. دەستی هەڵکێشرابوو لە خوێن و پێشییەوە چەسپیبوو. ڕاست تەورەکەی بۆ ناو ئاوەکە ڕاهێشت، پارچەسابوونێک کە لەژێر پیاڵەیەکی شکاودا و لە پاڵ پەنجەرەکە دانرابوو، هەڵیگرت و کەوتە دەستشۆردن. دوای دەستشتن تەورەکەی دەرهێنا و ئاسنەکەی شت، بۆ ماوەی نزیک بە سێ دەقیقە، دەسکەدارینەکەیشی کە لە خوێن هەڵکشابوو، شوشت. تەنانەت سابوونیشی بۆ بەکار هێنا. دوای ئەوە بە پارچەپەڕۆیەک کە لە چێشتخانەکەدا بەسەر تەنافێکەوە بوو، هەمووی وشک کردەوە، ئەوسا لە پاڵ پەنجەرەکەدا بە وردی سەروبنی تەورەکەی کرد، هیچ ئاسەوارێکی خوێنی پێوە نەمابوو، بەڵام هێشتا دارەکەی تەڕ بوو، وردەکارانە تەورەکەی بە بەرزوانەی ژێر پاڵتاوەکەیدا کردەوە. پاشان، ئەوەندەی ڕووناکاییە کەمەکەی ناو چێشتخانەکە یارمەتی دەدا، پاڵتاو و پانتۆڵ و چەکمەکانی بەسەر کردەوە. لە چاوپیاخشاندنێکدا پێدەچوو هیچیان پێوە دیار نەبێت. بەڵام چەند پەڵەیەک بەسەر چەکمەکانییەوە مابوو. ڕاسکۆلنیکۆڤ پارچەپەڕۆیەکی تەڕ کرد و چەکمەکانی پێ پاک کردەوە. وای هەست دەکرد کە

بەسەرکردنەوەکانی چاک ئەنجام نەداوە و ڕەنگە هێشتا شتێکی دیار مابێت کە ئەو نایبینێت. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستاو کەوتە بیرکردنەوە، بیرێکی بەئازار و تاریک تیایدا چەکەرەی دەکرد: بیری ڕەفتاری شێتانەی خۆی کە لەم چرکەساتەدا نەدەتوانێت بڕیارێک بدات و نە بەرگری لە خۆی بکات، ڕەنگە ئەوەی ئێستا کردوویەتی، هەرگیز نەدەبوو بیکردایە.. "خودایا، دەبێت بڕۆم و هەڵبێم" ئەم وشانەی لەبەر خۆیەوە لە ڕاڕەوەکەدا وت. وەلێ لەوێدا ترسێک چاوەڕێی دەکرد، کە هەرگیز لەوەوبەر هەستی پێنەکردبوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەستابوو، تەماشای دەکرد و ئەوەی دەیبینی، بڕوای پێنەدەکرد. دەرگاکە، دەرگای چوونە دەرەوە، واتا هەمان ئەو دەرگایەی کە لە دالانەکەوە بەرەو پلیکانەکان دەچوو، ئەوەی ماوەیەکی کەم لەوەوبەر خۆی زەنگەکەی لێدابوو، بە تەواوی کرابووەوە، لە هەموو ئەو ماوەیەدا نە داخرابوو نە کڵۆم کرابوو. ڕەنگە پیرێژنەکە هەر بۆ خۆپارێزی دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە دانەخستبێت، بەڵام ئای خودایا! ئەو کە دوایی لیزاڤێتای دیبوو! چۆن نەیزانیبوو، ئاخر چۆن بیری لەوە نەکردبووەوە کە دەبێت ئەم ژنە لە شوێنێکەوە هاتبێتە ژوورێ، خۆ دیوارەکەی کون نەکردووە!

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەپەلە بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و کڵۆمی کرد.

– بەڵام نا، ئەم کارەیش گونجاو نییە! دەبێت بڕۆم، بڕۆم..

کڵۆمی دەرگاکەی ڕەواندەوە و دەرگاکەی کردەوە، لەسەر پلیکانەکان وەستا و گوێی ڕادێرا و بۆ ماوەیەک هەر گوێقوڵاغ بوو. لە دوورەوە، لە خوارەوە و دەشێت لە نزیک دەرکی هاتنەوەژوورەوە بێت. دەنگی دوو پیاوی بەهەرا کە جوێنیان بەیەکتری دەدا، دەهاتە گوێ. "ئەمە چییە؟" لەبەر خۆیەوە ئەمەی وت، خۆی گرت و چاوەڕێ بوو. لە

پڕێکدا یەکسەر هەموو هەراوزەناکە کپ بوو. لەوە دەچوو لێک جیا بووبێتنەوە. هەر کە ویستی بڕواتە دەرەوە، کتوپڕ لە قاتی خوارەوەدا دەرگایەک بە ژاوەژاو بەرانبەر بە پلیکانەکان کرایەوە، یەکێک بەدەم ورینگەورینگی گۆرانیەوە لە پلیکانەکانەوە هاتە خوارێ، ڕاسکۆلنیکۆڤ لەگەڵ خۆیدا بیری کردەوە: "ئەمانە ئەم هەموو دەنگەدەنگەیان لەچییە!" دیسان دەرگاکەی داخست و کەوتەوە چاوەڕوانی. تا بێدەنگیی هەموو لایەکی گرتەوە، چ دەنگێک نەدەهاتە گوێ، وەلێ هەر ئەوەندەی هەنگاوێکی بەرەو پلیکانەکان نایەوە، هەنگاوی تازەی یەکێکی هاتەوە بەرگوێ.

دەنگی هەنگاوەکان لە دوورەوە دەهات، لە پلەبەراییەکانەوە، وەلێ ئەو لە دواییدا زۆر بە چاکی و ڕوونی ئەوەی بەبیری خۆی دەهێنایەوە، کە لەو کاتەدا، لە دەنگی بەرایی هەنگاوەکاندا بەبێ ئەوەی بزانێت چۆن، هەستی بەوە کرد کە بەرەو ئێرە، واتا بەرەو قاتی چوارەم بۆ لای پیرێژنەکە دێن. بۆ؟ ئایا دەنگەکە دەنگێکی تایبەتی بوو؟ هەنگاوەکان قورس و یەک ڕیتم و لەسەرخۆ بوون. ئەوەتا لە قاتی یەکەم تێپەڕی، ئێستا دێتە سەرەوە و دەنگی پێکەی بەرز و بەرزتر دەبێت. دەنگی هانکەهانکی هەناسەی دێتە گوێ. ئەمەیشیان قاتی سێیەم.. بۆ ئێرە دێت! لەپڕا ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستی کرد خەریکە لە شوێنی خۆیدا وشک بێت. تەواو وەک ئەو کەسەی کە خەون دەبینێت لە دواوە ڕاوی دەنێن و لێی نزیک کەوتوونەتەوە و دەیانەوێت بیکوژن. بەڵام ئەو وەک بزمار لە جێگاکەیدا چەقی بێت و تەنانەت توانای دەستجووڵاندنی نەبێت.

سەرئەنجام کاتێک میوانە ناوەختەکە بەتەمای هاتنە قاتی چوارەم بوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ کەوتە جووڵە، دەرفەتی هێنا، توند و خێرا لە

ڕارەوەکەوە خۆی خستەوە ناو ژوورەکە و لە دوای خۆیەوە دەرگاکەی پێوەدا، ئینجا لەسەرخۆ و بێدەنگ کڵۆمی کرد. ئێستا تەنیا غەریزە بوو کۆمەکی لێدەکرد. دوای ئەنجامدانی ئەم کارانە، هەناسەی لە خۆی بڕی و گوێی بە دەرگاکەوە نا، میوانە نەناسەکەیش گەیشتبووە بەردەم دەرگاکە. ئێستا ئەم دووانە ڕووبەڕووی یەکدی وەستابوون. ڕاست وەک ئەو کاتەی کەمێک لەمەوپێش کە ئەو و پیرێژنەکە بەرانبەر یەکتری وەستابوون و تەنیا دەرگاکە لێکی جیا کردبوونەوە و ئەو گوێقوڵاغ بوو.

میوانەکە چەند جارێک هەناسەی قووڵی هەڵکێشا، ڕاسکۆلنیکۆڤ لە کاتێکدا کە توند تەورەکەی لەناو دەستیدا گوشیبوو، بەخۆی وت: "دیارە زەلامێکی کەتەیە" دەتوت هەموو ئەمانە لە خەوندا دەبینێت، میوان زەنگەکەی گرت و توند لێی دا.

کە زەنگە بچووکە کانزاییەکە لێی دا، لەناکاودا میوانەکە وای هەست کرد یەکێک لە ژوورەکەدا دەجووڵێت. بۆ چەند چرکەساتێک بە چاکی گوێی گرت. نەناسراوەکە جارێکی تر زەنگی لێدایەوە و دیسان چاوەڕێی کردەوە، پاشان خۆی نەگرت و کەوتە ڕاکێشانی دەسکی دەرگاکە. ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ترس و لەرزەوە تەماشای میلەی کڵۆمەکەی دەکرد کە لە ئەڵقەکەدا دەهات و دەچوو، بە ترسێکی زۆرەوە چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە کڵۆمەکە لە جێی خۆی هەڵبکەنرێت. لە ڕاستیشدا وا دەرگاکەی بە توندی ڕادەکێشا، کە دەشیا ئەوە ڕوو بدات. ویستی بە دەست کڵۆمەکە بگرێت. بەڵام لەوە ترسا ئەوی تر هەستی پێبکات. ڕاسکۆلنیکۆڤ سەری لێشێوابوو، دەتوت سەرەگێژەی تووش بووەتەوە. بیری کردەوە: "هەر ئێستا دەکەوم" وەلێ نەناسەکە کەوتە قسە و ئەم هاتەوە سەرخۆی:

- چییە، نوستوون یان یەکێک خنکاندونی؟ نەفرەتتان لێبێت. ئای ئەلێنا ئیڤانۆڤنا. جادووکەری پیر، لیزاڤتا ئیڤانۆڤنا، جوانی بێوێنە، دەرگاکە بکەنەوە، بە لەعنەت بن، یەعنی خەوتوون! پاشان زۆر بە توورەییەوە. دە جار لەسەر یەک بە هەموو هێزییەوە زەنگەکەی لێدا، زۆر باش ئەوە دیاربوو، کە کەسە نەناسەکە لەم ماڵەدا دەسەڵاتی هەیە و دۆستییانە.

لەم کاتەدا کتوپڕ لە پلیکانە نزیکەکەوە دەنگی هەنگاوی کورت و خێرای یەکێک هاتە گوێ، یەکێکی دیش نزیک دەبووەوە، وەلێ ڕاسکۆلنیکۆڤ لە سەرەتاوە بە چاکیی گوێی پێنەدا.

تازەهاتووەکە بە دەنگێکی خۆشی پڕ لە ئاوازەوە ڕووی لە میوانی یەکەم کرد، کە هێشتا هەر زەنگی لێدەدا و پێی وت:

- بەڕاست کەسی لێنییە؟ سڵاو کوخ.

ڕاسکۆلنیکۆڤ زوو بە خۆی وت: "بە دەنگیا دیارە زۆر گەنجە"

کوخ وەڵامی دایەوە:

- هەر شەیتان دەزانێت، خەریکە قفڵەکە بشکێنم، ئەی تۆ چۆن من دەناسیت؟

- بەڕاستتە، سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە "گامبرینوس" سێ جار لەسەر یەک بلیاردم لێ نەبردیتەوە؟

- ئا..

- کەواتە لێرە نین؟ سەیرە، زۆریش گەوجانەیە، پیرێژن دەبێت بۆ کوێ چووبێت؟ من کارم پێیەتی.

- هاوڕێ، منیش هەرکارم پێیەتی.

لاوەکە دەنگی هەڵبڕی:

- ئەی چی بکەین؟ ئای لەم بەدبەختیە! هاتبووم بڕێ پارەم دەست کەوێت.
- چارنییە دەبێت بگەڕێینەوە، بەڵام ئەی بۆ بەڵێن دەدات؟ ئەو سیحربازە خۆی ئێستای بۆ دیاری کردم. ئاخر ڕێم دوورە، بۆ کوێ ملی شکاندووە، تێناگەم، بە درێژایی ساڵ ئەم سیحربازە دانیشتووە و ماندووە و قاچی دێشێت، کەچی وا ئێستا، لەپڕا چووە بۆ گەڕان.
- بۆ لە دەرگاوانەکە نەپرسین؟
- چی لێ بپرسین؟
- بۆ کوێ ڕۆیشتووە و کەی دێتەوە؟
- های، نەفرەت لە شەیتان.. بپرسین.. ئاخر ئەو بۆ هیچ جێگایەک ناچێت..
بەدەم ئەم قسانەوە جارێکی دی دەسکی دەرگاکەی ڕاکێشا.
- نەفرەت لە شەیتان، هیچ چار نییە، دەبێت بگەڕێینەوە.
لەپڕێکدا لاوەکە هاواری کرد:
- ڕاوەستە، بڕوانە، کە دەرگاکە ڕادەوەشێنیت، درزێکی تێدەکەوێت.
- جا چییە؟
- چۆن، تێناگەیت؟ ئەمە مانای وایە یەکێکیان لە ماڵە. ئەگەر هەموویان بڕۆیشتنایە، دەرگاکەیان لە دەرەوە بە کلیل دادەخست، نەک لە ناوەوە کڵۆمی بکەن. گوێت لێنییە کڵۆمەکە چۆن دەنگی دێت؟ لە کڵۆمکردنی دەرگایشدا دەبێت یەکێک لە ژوورەوە بێت، تێدەگەیت؟ کەواتە لە ژوورەوە دانیشتوون و دەرگاکە ناکەنەوە.
کوخ بە سەرسووڕمانەوە دەنگی هەڵبڕی.
- ڕاستە، ڕاستە، کەواتە ئەم دووانە خەریکی چین؟ پاشان زۆر بە توورەییەوە دەستی کردەوە بە ڕاکێشانی دەرگاکە.

لاوەکە کەوتەوە هاوار:
- ڕاوەستە. ڕایمەکێشە. دیارە شتێک لەئارادایە، تۆ زەنگت لێداوە، دەرگاکەت ڕاکێشاوە. کەس نەیکردۆتەوە. کەواتە یان هەردووکیان بێهۆشن یان..
- چی؟
- دەزانیت چی، بڕۆین بۆ لای دەرگاوانەکە، با ئەو خۆی بیاندۆزێتەوە.
- ڕاستە.
هەردووکیان هاتنە خوارێ.
- ڕاوەستە. تۆ لێرەبە و من دەچم بۆ لای دەرگاوانەکە.
- بۆ من لێرە بمێنمەوە؟
- هەروا. بزانین چی ڕوو دەدات.
- باشە..
لاوەکە بە گەرمییەوە وتی:
- ئاخر من خۆم بۆ کاری دادوەریی لێکۆڵینەوە ئامادە دەکەم، لێرەدا ئەوە ئاشکرایە. بەڵێ، ئاشکرایە شتێک لەئارادایە.
بەدەم قسەکردنەوە لاوەکە بەپەلە بە پلیکانەکاندا هاتە خوارێ.
کوخ مایەوە، جارێکی تر بە هێوری لە زەنگەکەی دا، دەنگی زەنگەکە بەرز بووەوە. پاشان لەسەرخۆ، وەک جارێکی دی تاقیی بکاتەوە، دەسکی دەرگاکەی ڕاوەشاند، جارێک بەرەو لای خۆی و جارێک بەرەو خوار تا بە تەواویی لەوە دڵنیا بێت کە دەرگاکە تەنیا جووت کراوە. پاشان بەدەم هەناسەهەڵکێشانەوە خۆی چەماندەوە و لە کونی کلیلەکەوە کەوتە تەماشاکردن، بەڵام ئەودیوی دەرگاکە کلیلی تیابوو، بۆیە نەیتوانی هیچ ببینێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاوەستا بوو، تەورەکەی هەر بەدەستەوە بوو، دەتوت لە حاڵەتی وڕێنەکردندایە، تەنانەت خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو هەر ئەوەندەی ئەوان بڕۆنە، ژوورەوە لەگەڵیاندا بەشەڕ بێت. لەو کاتەدا کە ئەو دوانە لە دەرگایان دەدا و تەگبیریان دەکرد، چەند جارێک ئەم بیرەی بە مێشکدا هات کە کارەکە ببڕێتەوە و لە پشت دەرگاکەوە هاواریان لێبکات.

هەندێکجار دەیویست پێش ئەوەی دەرگاکە بکەنەوە، سەر بنێتە سەریان، جوێنیان پێبدات و گاڵتەیان پێبکات. دوایی زۆر بە خێرایی ختوورەیەکی پێدا هات: "خۆزگا ئەم کارە زوو دەگەیشتە ئەنجام".

- بەڵام لەعنەت لە شەیتان.

کات تێپەڕی، دەقیقەیەک، دوو دەقیقە و کەس نەهات، کوخ کەوتە جووڵە و لەناکاوێکدا دەنگی هەڵبڕی:

- من هەقم بەسەرەوە چییە!

بە هەڵەداوان بەرەو خوار بووەوە، چەکمەکانی بە پلیکانەکاندا دەکێشا و لەپڕا دەنگی هەنگاوەکانی بڕا.

- خودایا، چی بکەم!

ڕاسکۆلنیکۆڤ کێلوونەکەی لادا، کەمێک دەرگاکەی کردەوە، دەنگی هیچ نەبوو، پاشان بەبێ ئەوەی بیری لێبکاتەوە، چووە دەرێ و چەند هێزی تیابوو، توند دەرگاکەی داخست و بەرەو خوار بووەوە.

سێ پلیکانەی بڕیبوو کتوپڕ لە خوارەوە بوو بە ژاوەژاو، ئەم بۆ کوێ بچێت! نەیزانی لە کوێدا خۆی وەشارێت. ئەوەندەی نەمابوو جارێکی دی بگەڕێتەوە هەمان ئاپارتمانی لای پیرێژنەکە.

- هێی، دێوودرنج، شەیتان، بیگرن.

یەکێک لە ئاپارتمانەکەی خوارەوە هاتبووە دەرێ و کەوتبووە ئەو دادوهاوارە. وەک بڵێی نەدەڕۆشت. بەڵکو لە پلیکانەکانەوە تلاوتل دەکەوتە خوارێ و هاواری دەکرد:

-متیکا، متیکا، متیکا[1]، لەعنەتی خوات لێبێت.

هاوارەکە بە نووزەیەک کۆتایی هات. دوا هەراوزەنا لە دەرەوە دەهاتە گوێ، پاشان هەموو شتێک کڕ بوو. بەڵام هەر لەو چرکەساتەدا چەند کەسێک کە بە دەنگی بەرز و بەپەلە قسەیان دەکرد، کردبوویانە هەرا و بە پلیکانەکاندا سەردەکەوتن، سێ یان چوار کەس بوون، ڕاسکۆلنیکۆڤ دەنگی زرنگاوەی لاوەکەی ناسییەوە، "خۆیانن!"

ڕاسکۆلنیکۆڤ زۆر بە نائومێدییەوە بەرەو ڕوویان چوو. "چی دەبێت با ببێت، ئەگەر ڕامگرن، کارێکی خراپ دەکەن، ئەگەر ڕێشم لێنەگرن، هەر کارێکی خراپ دەکەن. لە یادیاندا دەمێنێتەوە" لەوەدا بوو پێک بگەن، لە نێوانیاندا تەنیا پلیکانەی قاتێک مابوو کە لەپڕا ڕێی دەربازبوونی بۆ کرایەوە: لە دووری چەند پلیکانەیەک لەولای ڕاسکۆلنیکۆڤەوە، بە لای ڕاستا، ئاپارتمانێکی چۆڵی هاتە بەرچاو کە دەرگاکەی بە تەواویی کرابووەوە. هەمان ئاپارتمانی قاتی دوو بوو، کە کرێکاران تیایدا خەریکی بۆیەکردن بوون، دەتگوت لەو کاتەدا هەر بەدەستی ئانقەست لەوێ نەمابوون، دیارە هەر ئەوان بوون، کە بەو هەراوزەنایەوە پێشتر چوونە دەرەوە. زەمینەی ژوورەکە تازە بۆیە کرابوو، سەتڵێکی بچووک، قوتوویەکی بۆیە و فڵچەیەک لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بوو.

---

[1] "متیکا" بچووککراوەی دیمترییە.

لە چاوتروکانێکدا ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دەرگا کراوەکەوە خۆی فڕێدایە ژوورێ و بێدەنگ لە پشت دیوارەکەوە وەستا، ئەم کارەی تەواو لە جێگای خۆیدا بوو، چونکە ئەوانیش گەیشتبوونە ئەو قاتە و بەرەو سەرەوە سووڕابوون، بەدەم قسەوە بە لایدا تێپەڕین و چوونە قاتی چوارەوە. ڕاسکۆلنیکۆڤ سێودووی لێنەکرد. لەسەر پەنجەی پێی هاتە دەرێ و لە پلیکانەکانەوە بەپەلە هاتە خوارێ، پلیکانەکان کەسی تیا نەبوو، هەروەها دەرگای هاتنەژوورەوەیش. بەپەلە دەرگای ماڵەکەی بەجێ هێشت و لە شەقامەکەدا بە لای چەپدا سووڕایەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە چاکی دەیزانی. بەڵێ، زۆر بە چاکی دەیزانی کە لەم چرکەساتەدا ئەو چەند کەسە لە ئاپارتمانەکەدان و سەریان لەوە زۆر سووڕماوە کە دەرگاکە کراوەتەوە لە کاتێکدا کە تۆزێک پێش ئێستا داخرابوو. دەیزانی کە ئێستا ئەوان ئیدی سەرقاڵی تەماشاکردنی لاشەکانن و هەناسەیەک نابات، کە هەست دەکەن و باش پەی بەوە دەبەن کە پیاوکوژەکە تا ئێستا لەوێ بووە و دەرفەتی خۆشاردنەوەی هێناوە و بە بەردەمیاندا هەڵهاتووە و بۆی دەرچووە. ڕەنگە ڕملی ئەوەیش لێبدەن کە ئەو کاتەی ئەوان دەچوونە سەرێ، ئەو لە ئاپارتمانە چۆڵەکەدا دانیشتبێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هیچ جۆرێک نەیدەویرا هەنگاوی خێرا بنێت، هەرچەندە هێشتا سەد هەنگاوێکی مابوو بگاتە پێچی یەکەم، بە خۆی وت: "چۆنە لە پاڵ دەرگای ماڵێکدا خۆی وەشارێت یان لە پلیکانەی ماڵی نەناسێکدا ماوەیەک چاوەڕێ بێت؟ نا، ئەمە ترسناکە، ئەی چۆنە تەورەکەی فڕێ بداتە لایەکەوە؟ چۆنە عەرەبانەیەک بە کرێ بگرێت؟ نا، ترسناکە، ترسناکە! "

بۆچوونەکانی چەواشە بوون، بەڵام وا گەیشتە کۆڵانێکی باریک، نیوەگیان خۆی تێخزاند، تا ڕادەیەک ئیدی لەوێدا ڕزگار ببوو، خۆی ئەمەی دەزانی: دەشیا گومانی لەسەر کەمتر بێت، بێجگە لەوەی کە هاتوچۆی زۆری بەسەرەوە بوو، ئەو لە ناو خەڵکەکەدا دەبووە گەردیلەیەک، وەلێ ناڕەحەتی و ئازارەکانی ئەوەندە بێهێز و بێتوانایان کردبوو، لەوەدا بوو نەتوانێت بجووڵێت.

دڵۆپ دڵۆپ ئارەقەی لێدەتکا، سەروملی تەواو تەڕببوو، تەنانەت کە ڕاسکۆلنیکۆڤ گەیشتە لای ڕووبارێک، یەکێک لە هاتوچۆکەران هاواری لێهەستا و وتی: "چەند سەرخۆشە!"

ئیتر ڕاسکۆلنیکۆڤ ئاگای لە خۆی نەمابوو، چەند زیاتر بڕۆیشتایە، خراپتر دەبوو. لەگەڵ ئەمانەیشدا پاشان ئەوەی بیر هاتەوە کاتێ گەیشتە ڕووبارەکە، خەڵکەکە کەمتر بوون و وای هەست کرد ئەم بەرچاو دەکەوێت و ترسا. لەوەدا بوو دیسان بگەڕێتەوە ناو کۆڵانەکە و ئەوەندەیشی نەمابوو لەپێ بکەوێت، بەڵام سووڕێکی خوارد و لەلایەکی ترەوە ڕاست گەیشتەوە ماڵەکەی خۆی.

کە ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دەرگای دەرەوەی ماڵەکەیەوە چووە ژوورێ، هێشتا نەهاتبووەوە سەر خۆی، تەنانەت کاتێک تەورەکەی بیر کەوتەوە کە گەیشتە سەر پلیکانەکان. کێشەیەکی گەورەی لەپێش بوو: واتا دەبوو بە جۆرێک تەورەکە لە جێگای خۆی دابنێتەوە چەند بڕەخسێت، کەس پێی نەزانێت. هەڵبەت ئیدی توانای بیرکردنەوەی ئەوەی نەبوو، کە ڕەنگە بۆ ئەم ئەوە زۆر چاکتر بووایە تەورەکەی نەهێنایەتەوە بۆ جێگای خۆی، بەڵکو هەر کەمێک دوای کارەکە فڕێی بدایەتە دەرەوەی ساختمانێکەوە.

بەڵام هەموو شتێکی بۆ بەخێر گەڕا، چونکە دەرگای دەرگاوانەکە پێوە درابوو بەبێ ئەوەی قفڵ کرابێت. بۆیە دەبوو دەرگاوانەکە لە ژوورەکەیدا بێت. بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ ئیتر توانای ئەوەی نەمابوو بیر بکاتەوە، بۆیە ڕاست ڕووی لە ژووری دەرگاوانەکە کرد و دەرگاکەی کردەوە. ئەگەر دەرگاوانەکە لێی بپرسیایە: "چیت دەوێت؟" ڕەنگە یەکسەر تەورەکەی بدایەتە دەستی. وەلێ دەرگاوانەکە وەک جاری پێشوو لەوێ نەبوو، تەورەکەی لە جێگای خۆی، لەژێر کورسییەکەدا و وەک جاری پێشوو دانایەوە، تەنانەت دار و چەوێڵەکەیشی دایەوە بەسەریدا. دوایی تا ژوورەکەی خۆی کەسی نەبینی. دەرگای خاوەن ماڵەکە داخرابوو، کە گەیشتەوە ناو ژوورەکەی، بەبێ ئەوەی خۆی بگۆڕێت، خۆی فڕێ دایە سەر تەختی نووستنەکەی، خەوی لێنەکەوت، وەلێ وەک بێهۆش بێت وابوو، ئەگەر لەو کاتەدا یەکێک بهاتایەتە ژوورەکەیەوە، ڕاست لەسەر جێگاکەیەوە ڕادەپەڕی و هاواری دەکرد. بیری زۆر و سەیری بە مێشکدا دەهات و دەچوو، بەڵام بە هەموو توانایەکییەوە نەیدەتوانی لەسەر یەکێک لەو بیرانە بوەستێت و بڕیاری لەسەر بدات.

بەشی دووەم

١

ڕاسکۆلنیکۆڤ تا ماوەیەکی دوورودرێژ هەر ئاوا لەسەر جێگاکەی کەوتبوو، پێدەچوو هەندێکجار بە ئاگا بێتەوە، لەو چرکەساتانەدا دەیزانی دەمێکە شەوی بەسەردا هاتووە. بەڵام بیری لە هەستان نەدەکردەوە، سەرئەنجام هەستی کرد دنیا تەواو ڕووناکە. لەسەر پشت کەوتووە و هێشتا بێهۆش و گێژە. لە شەقامەکەوە بە چاکی گوێی لە هەمان ئەو دەنگی گریانە زەلیلانەیە بوو، کە هەموو شەوێک لە دوای سەعات دووەوە لەژێر پەنجەرەکەیەوە دەهات. وا ئێستا هەمان ئەو دەنگانە لە خەوی دەکەن. بیری کردەوە: "ئەمەیش دەنگی ئەو سەرخۆشانەی کە لە مەیخانەکان دێنە دەرێ، دیارە سەعات لە دووی نیوە شەویش تێپەڕیووە".

لەپڕا وا لەسەر جێگاکەی ڕاپەڕی، دەتوت یەکێک دەستی داوەتە پەلی، "چۆن! سەعات لە دوویش لایداوە!" لەسەر کورسییەکە دانیشت و هەموو شتێکی هێنایەوە بیر خۆی. بەڵێ، لەناکاوێکدا و لە چرکەساتێکدا هەموو شتێکی بەیاد هێنایەوە.

لە چرکەساتی یەکەمدا وای بیر کردەوە کە شێت دەبێت. زۆری سەرمابوو، بەڵام سەرماکە تا ڕادەیەک لە ئەنجامی ئەو لەرزوتایەوە بوو، کە لە خەودا لێی هاتبوو، ئێستایش کتوپڕ لەرزێکی وای تێگەڕا، کە چۆقەچۆقی دانی دەهات. هەموو گیانی کەوتبووە لەرزین. ڕاسکۆلنیکۆڤ دەرگاکەی کردەوە و گوێی هەڵخست: هەموو ماڵەکە لە خەوێکی قووڵدا بوو، بە سەرسامییەوە لە خۆی و ژوورەکەی دەڕوانی و نەیدەتوانی لەوە بگات، کە چۆن دوێنێشەو، دوای ئەوەی هاتۆتە ناو ژوورەکەیەوە، دەرگاکەی جووت نەکردووە و جلەکانیشی نەگۆڕیووە. بەڵکو هەر بە کڵاوەکەیشیەوە لەسەر تەختەکە ڕاکشاوە. کڵاوەکەیشی لەسەر زەوییەکە، لە پاڵ سەرینەکەیدا کەوتبوو "ئەگەر یەکێک بهاتایە، چی دەوت؟ ڕەنگە بە سەرخۆشی بزانیمایە، بەڵام.." خۆی گەیاندە پەنجەرەکە، دنیا ڕووناک بوو، بەپەلە جلوبەرگ و سەراپای خۆی بەسەر کردەوە تا بزانێت هیچ ئاسەوارێکی پێوەیە یان نا؟ بەڵام زانیی کە ئەوە بەس نییە، ڕاسکۆلنیکۆڤ کە لە سەرما هەڵدەلەرزی، جلەکانی داکەند و گشت لایەکی بەباشی تەماشا کرد، هەموو پارچەیەکی سەروبن کرد، لەبەر ئەوەی لە خۆی دڵنیا نەبوو، سێجار دووبارەی کردەوە، ئەوەی بەبەرچاوەوە بوو، بچووکترین ئاسەواریان پێوە دیار نەبوو، تەنیا داوێنی پانتۆڵەکەی، ئەو شوێنەی کە دڕاو و تاڵ تاڵ ببوو، خوێنێکی خەست و وشکی پێوە مابوو. ڕاسکۆلنیکۆڤ چەقۆیەکی دەستدایە و تاڵەکانی بڕی، ئیدی لەوە نەدەچوو شوێنەوارێک مابێتەوە. لەپڕێکا ئەوەی بیر کەوتەوە کە جانتای پارە و ئەو شتانەی لە دۆڵابی پیرێژنەکەی دەرهێنابوون، هێشتا لە گیرفانیدان، تا ئەو کاتە بیری لەوە نەکردبووەوە کە دەریانبێنێت و بیانشارێتەوە. تەنانەت کە لە سەروبنکردنی جلەکانی

بەریشیدا بوو، ئەوەی بە بیردا نەهات. یەعنی چی؟ لەپڕا، زۆر خێرا هەمووی لە گیرفانی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی بڵاوی کردنەوە، دوای ئەوەی هەموو شتێکی، تەنانەت هەستاڕی گیرفانەکانیشی بە هەڵگێڕاوەیی دەرهێنا تا لەوە دڵنیا بێت کە هیچیان تیا نەماوە. ڕاسکۆلنیکۆڤ هەموو شتەکانی لە سووچێکدا دانا، لەوێدا، لە گۆشەیەکی داوێنی دیوارەکەدا. بەشێک لە پاشماوەی کاغەزی دڕاو و هەڵواسراوی سەر دیوار هەبوو. خێرا هەموو شتەکانی تەپاندە ناو چاڵێکی ژێر کاغەزەکانەوە. ئەوسا بە خۆشحاڵییەوە، بەدەم هەستانەوە لەو گۆشە و چاڵە ورد بووەوە، کە بە شتەکان قۆقز ببوون. بیری کردەوە: "هەموو شتێک لەچاو ونبوو، تەنانەت جانتای پارەکەیش". لەپڕا لە ترسا هەموو گیانی لەرزی و نائومێدانە کەوتە پرتەپرت: "خودایە، من چیم لێهاتووە؟ ئەمە چۆن شاردنەوەیەکە؟ بۆ شت وا دەشارێتەوە؟"

لە ڕاستیا ڕاسکۆلنیکۆڤ حسابی بۆ ئەو شتانە نەکردبوو، ئەو تەنیا بیری لای پارەکان بوو، بۆیە لای خۆیەوە جێگایەکی تەرخان نەکردبوو بۆ شاردنەوەیان. لەگەڵ خۆیدا کەوتەوە بیرکردنەوە: "بەڵام من ئێستا لە چی خۆشحاڵم؟ ئایا شت ئاوا دەشارنەوە؟ بە ڕاستی ئەقڵم لەدەست داوە!" بە لەشی داهێزراویەوە لەسەر قەنەفەکە دانیشت و لەپڕا لەرزە بێوێنەکەی تێگەڕایەوە. بەبێ بیرکردنەوە پاڵتاوە زستانییەکەی سەردەمی خوێندکاریەتی، کە گەرم و دڕاو و لە پەنای کورسییەکەدا فڕێ درابوو، ڕاکێشا و بەسەر خۆیدا دا، دیسانەوە خەو و ڕێنە دایگرتەوە، لە هۆش خۆی چوو.

پێنج دەقیقەی نەبرد کە جارێکی تر هەستایەوە و وەک شێت خۆی گەیاندە جلەکانی "چۆن توانیم بنوومەوە لە کاتێکدا هیچ کارێکم

ئەنجام نەداوە؟ وایە. بەڵێ، وایە، هێشتا بەرەزوانەکەی بنهەنگڵم لێنەکردۆتەوە! بیرم چوو، چۆن شتی وا لەبیر دەچێت! چ شایەتێکی گەورەیە!" بەرەزوانەکەی لێکردەوە و پارچەپارچەی کرد، پارچەکانی لەژێر سەرینەکە و لە تەنیشت شتەکانی ترەوە دانا، پاشان لە کاتێکدا کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستابوو، زۆر بە وردی و ناخۆشییەوە لە هەموو لایەکی دەڕوانی تا بزانێت لەسەر زەوییەکە یان لە جێگایەکی تردا شتێکی لەبیر نەکردووە، بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەیوت: "قوماشی تیتوڵ تیتوڵکراو بە هیچ جۆرێک گومان دروست ناکات.. من وا دەزانم وا بێت، بەڵێ، هەروایە". ئەو بڕوای وابوو کە هەموو شتێک، تەنانەت یادوەری و بیری سادەیش دەستبەرداری ئەو بوون، ئەمەیش وردەوردە زۆریان ئازار دەدا: "یەعنی چی، نەکا لە ئێستاوە دەستی پێکردبێت، ناشێ سزا گەیشتبێت؟ بەڵێ، بەڵێ. خۆیەتی، تۆڵەیە".

لە ڕاستیا تاڵە بڕاوەکان کە لە پانتۆڵەکەی کردبوونەوە، لەسەر زەوییەکە، لە ناو ژوورەکەدا بە هەموو لایەکدا پەرشوبڵاو بوو، تا یەکەم کەس کە دەڕواتە ناو ژوورەکەوە، بیبینێت! لەپڕێکدا وەک مایەپووچێک هاواری لێهەستا: "بەڕاست من چیمە؟"

لەو کاتەدا بیرێکی سەیری بەسەردا هات، کە تۆ بڵێی هەموو جلەکانی خوێناوی بێت! ڕەنگە گەلێک پەڵەی خوێنی پێوەبێت و ئەو نەیانبینێت، چونکە ئەقڵی لاوازە و لەدەستی داوە و.. ئەقڵی تێک چووە. لەناکاوێکدا ئەوەیشی بیر کەوتەوە کە ڕەنگە خوێن بە جانتای پارەکەوە بێت. "..کەواتە دەبێت گیرفانیشم خوێناوی بێت، چونکە من جانتاکەم بە خوێنەوە خستە گیرفانم" لە چاوتروکانێکدا هەستاڕی گیرفانەکەی هێنایە دەرەوە و بە ڕاستیش وابوو: هەستاڕی گیرفانەکە ئاسەواری

خوێنی پێوه بوو، کەوتەوه بیرکردنەوه: "کەواته ئەقڵم تەواو لەکار نەکەوتووه. هێشتا بیر و لێکدانەوەم له کاردان، هەر خۆم ئێستا هەستم بەو شتانه کردو بیرم لێکردنەوه".

به خۆشییەوه هەناسەیەکی قووڵی دا و به خۆی وت: "ئەو لاوازییەی هەستم پێکرد، له ئەنجامی لەرز و تاکەوەیه و هیچی تر" هەستاڕی گیرفانی چەپی پانتۆڵەکەی به تەواوی دەرهێنا. لەو کاتەدا تیرێژێکی خۆر له پەنجەرەکەوه کەوته سەر جزمەکەی پێی چەپی: به گۆرەوییەکەیەوه که له جزمەکەی هاتبووه دەرێ، شتێک بەرچاو دەکەوت، جزمەکەی داکەند، هەمووی خوێن بوو، نووکی گۆرەوییەکەی تەواو خوێن بوو، دیاره لەو کاتەدا بەبێ پارێز، پێی نابووه ناو چاڵێک خوێنەوه.. "باشه، باشه ئێستا من دەتوانم چی بکەم؟ تاکێک گۆرەوی و ڕیشاڵی پانتۆڵ و هەستاڕی گیرفان له کوێ بشارمەوه؟"

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەموو ئەو شتانەی بەدەستەوه گرت و له ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستا "بیانخەمه ناو زۆپاکەوه؟ بەڵام یەکەمجار ناو زۆپاکه دەگەڕێن، بیانسووتێنم؟ بەڵام به چی بیانسووتێنم؟ تەنانەت شقارتەیەکیشم پێنییه، نا، چاکتر وایه بڕۆمه دەرێ و هەموویان فڕێ بدەمه شوێنێکەوه، وا چاکتره له شوێنێکی دوور فڕێیان بدەم" بەدەم دانیشتنی سەر قەنەفەکەوه دووبارەی کردەوه: "خێرا، هەر ئێستا، بەبێ دواکەوتن" کەچی دیسان سەری کەوتەوه سەر سەرینەکه، دیسان لەرزێکی زۆر بەهێز لەگۆی خست و پاڵتاوەکەی بەسەر خۆیدا کێشایەوه، ماوەیەک، چەند سەعاتێک، بەرودوا، وای دەهاته بەرچاو که "چەند باش بوو ئەگەر هەر ئێستا، بەبێ دواکەوتن، بڕۆیشتایەته شوێنێکی دوور و هەموو شتەکانی لەوێ فڕێ بدایه و لەم سەر

یشەیە ڕزگاری بووایە.. چەند زووتر.. چاکتر". چەند جارێک ویستی لەسەر تەختەکە هەستێت، وەلێ نەیتوانی، سەرئەنجام لە دەرگادانێکی توند بە تەواوی هێنایەوە سەر خۆی.

ناستاسیا بە مشتەکۆڵە لە دەرگاکەی دەدا و هاواری دەکرد:

- دە بیکەرەوە، ماویت یان مردووی، ئەم هەموو خەوە بوو بە چی! بە درێژایی ڕۆژ وەک سەگ دەخەوێت، بە ڕاستیش سەگە! دە بیکەرەوە. سەعات لە دەیش تێپەڕیووە..

گوێی لە دەنگی پیاوێک بوو دەیوت:

- ڕەنگە هەر لە ماڵەوە نەبێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئای.. ئەوە دەنگی دەرگاوانەکەیە، چی دەوێت؟"

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاست بووەوە و لەسەر تەختەی نووستنەکە دانیشت، دڵی لە پەلەپەلیدا کەوتبووە ئازار، ناستاسیا بەرپەرچی دەرگاوانەکەی دایەوە و وتی:

- کەواتە کێ دەرگاکەی کێلون کردووە؟ بڕوانە، دەرگاکەیش لەسەر خۆی دادەخات، دەترسێت نەک بیدزن! بیکەرەوە، خەوخۆش، بیکەرەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دڵی خۆیدا وتی: "ئەمانە چییان دەوێت؟ بۆ دەرگاوان؟ هەموو شتێک ئاشکرا بووە، بەرگری بکەم یان دەرگاکە بکەمەوە؟ هەموو شتێک تەواو.."

کەمێک ڕاست بووەوە، بەسەر دەرگاکەدا چەمایەوە و کێلۆنەکەی لادا، ژوورەکەی ئەوەندە تەنگەبەر بوو، کە دەیتوانی بەبێ ئەوەی هەستێت دەرگاکە بکاتەوە.

ڕاستی کردبوو. دەرگاوان و ناستاسیا ڕێک وەستابوون. ناستاسیا بە جۆرێکی زۆر تایبەتی لێی ڕاما، ڕاسکۆلنیکۆڤ بە شێوەیەکی نائومێدانە و بوێرییەوە لە دەرگاوانەکەی ڕوانی. دەرگاوانەکە بێدەنگ پەڕە کاغەزێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی پێچراوەی بە مۆم مۆرکراوی بۆ ڕاگرت و وتی:

- ئاگاداریەکە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە

- کام بەڕێوەبەرایەتی؟

- چەند بەڕێوەبەرایەتی هەیە؟ کێ نایزانێت! نووسینگەی پۆلیس.

- بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس، بۆ؟

- من چوزانم، ئاگادارکردنەوەیە و دەبێ بچیت.

دەرگاوانەکە زۆر بە وردی تەماشای لاوەکە و دەوروبەری خۆی کرد و گەڕایەوە کە بڕوات.

ناستاسیا کە چاوی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ نەدەتروکاند، وتی:

- لەوە دەچێت زۆر نەخۆش بیت؟

دەرگاوانەکە بۆ چرکەساتێک ئاوڕی دایەوە، ناستاسیا لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- لە دوێنێوە تای لێهاتووە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی نەدەدایەوە و بەبێ ئەوەی نامەکە بکاتەوە، هێشتا هەر لە ناو دەستیا ڕایگرتبوو.

ناستاسیا دڵی پێی دەسووتا، کە بینی قاچی لە تەختەکەوە شۆڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی هەستێت، لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- پێویست بە هەستان ناکات، نەخۆشیت، مەڕۆ، خۆ دنیا ناڕوخێت! ئەوە چییە بەدەستەوە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ تەماشای دەستی خۆی کرد، لە دەستی ڕاستیا تاڵە بڕاوەکانی ڕیشووی پانتۆڵ، تاکێک گۆرەوی و هەستاڕی گیرفانە تیتۆڵ تیتۆڵکراوەکەی بینی، هەر بەو شتانەوە نوستبوو، کە پاشان بیری ئەو ڕووداوەی دەکردەوە، ئەوەی بیر دەکەوتەوە کە تەنانەت لەو کاتەیشدا تای لێدەهات و نیوەخەوتوو بوو، هەموو ئەو شتانەی توند لە ناو دەستیا دەگوشی و هەر بەو جۆرە خەوی لێدەکەوتەوە.

- بڕوانە چۆن ئەم پڕوپیتاڵانەی کۆ کردۆتەوە و لەگەڵیاندا نووستووە، وەک گەنجی دۆزیبێتەوە وایە..

ناستاسیا بەدەم قسەکانییەوە قاقای پێکەنینێکی دەمارگیرانەی لێدەدا.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە چاوتروکانێکدا هەموو ئەو شتانەی نایە ژێر پاڵتاوەکەیەوە و چاوی لە ناستاسیا بڕی. هەرچەندە نەیدەتوانی لەو کاتەدا بە چاکی داوەرییەکی ئاقڵانە بکات. بەڵام زانی ئەگەر پۆلیس بیەوێت یەکێک بگرێت، بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا ناکات: "وەلێ پۆلیس منی بۆ چییە؟"

- چا ناخۆیت، بۆت بێنم؟ ئامادەیە..

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستایە سەر پێ و لەژێر لێوەوە وتی:

- نا.. من دەڕۆم، هەر ئێستا دەڕۆم بۆ لای پۆلیس.

- بزانە دەتوانیت لە پلیکانەکان دابەزیت؟

- دەڕۆم..

- ئارەزوو، ئارەزووی خۆتە.

ناستاسیا کەوتە دوای دەرگاوانەکە، ڕاسکۆلنیکۆڤ خێرا بەرەو لای پاڵتاوەکەی ڕۆیشت بۆ ئەوەی چاو بە گۆرەوی و ڕیشاڵەکاندا بگێڕێت "پەڵەیان پێوەیە، بەڵام هەرگیز دیار نین، هەموو پیس و ڕەنگبوردوو و پتورکاون، ئەوەی نەزانێت، هیچی لێ تێناگات، کەواتە ناستاسیاش

ناتوانێت لە دوورەوە بیبینێت، سوپاس بۆ خودا" پاشان بە نیگەرانییەوە ئاگاداریەکەی کردەوە و کەوتە خوێندنەوەی. ماوەیەکی زۆر خوێندیەوە تا تێگەیشت، ئاگاداریەکی ئاسایی گەڕەک بوو، کە دەبوو سەعات دوو و نیوی ئەو ڕۆژە بڕواتە نووسینگەی پۆلیس.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە سەرسامیەکی ناخۆشەوە بیری کردەوە.. "ئاخر چۆن دەبێت وابێت، من ئاسایی هیچ کارێکم بە پۆلیس نییە، پاشان ئەی بۆ ئەمڕۆ؟ خودایا، خۆزگا زوو تەواو بوایە".

وەخت بوو بکەوێتە سەرئەژنۆ و بلاڵێتەوە، کەچی لە خۆوە پێکەنینی لێپژا، بێگومان نەک بە دوعا و لاڵانەوەکەی، بەڵکو بە خودی خۆی. بەپەلە بەرگی لەبەر کرد و لەبەر خۆیەوە وتی: "ئەگەر تیا چووم قیروسیا، فەرقی چییە!" لەپڕا بیری کردەوە "وا چاکترە گۆرەوی لە پێبکەم، چونکە لە تۆزوخۆڵا زیاتر دەگۆڕێت، پەڵەکانی لەناو دەچن" بەڵام هەرکە لەپێی کرد، یەکسەر بە ترس و بێزارییەوە دایکەندەوە، وەلێ زوو ئەوەی بیر کەوتەوە کە گۆرەویی تری نییە، بۆیە بەپەلە لەپێی کردەوە و دیسان دایەوە پێکەنین، لەو کاتەدا کەوتەوە بیرکردنەوە: "هەموو ئەمانە ڕێژەیین، بابەتی ڕووکەشن و وابەستەی هەلومەرجن" بەڵام هەر دەلەرزی "ئیتر، وا لەپێم کرد، کار گەیشتە لەپێکردن!" پێکەنینەکەی ناخۆش گەڕا و لەبەر خۆیەوە وتی: "نا، لە توانای مندا نییە.." لاقی دەلەرزی، لەژێر لێوەوە دەیوت: "لە ترسایە".

سەری گێژ و لەتاوا تا گرتی. کە بەرەو قاڵدرمەکان چوو، هەر لەبەر خۆیەوە دەیوت: "ساختەیەکی تیایە، مەبەستیانە بە فڕوفێڵ لە داوم نێن، لە هەمووی خراوتر ئەوەیە کە من وڕێنەمە، ڕەنگە قسەیەکی نابەجێ بکەم".

لە ڕێی پلیکانەکاندا ئەوەی یاد هاتەوە، کە هەموو شتەکانی خستۆتە کونی دیوارەکەوە و هەروا داینناون. ئەوەی بیر کەوتەوە و وەستا "ڕەنگە بیانەوێت کە ئەم لەوێ نەبێت ژوورەکەی بپشکنن" وەلێ لەپڕا نائومێدانە، یان با بڵێین بێدەربەست لە مەرگ و ئەوەی ڕوو دەدات، شانی هەڵتەکاند و ڕێگەی لەبەر گرتەوە: "گرنگ ئەوەیە زوو تەواو بێت".

مرۆڤ لە بەردەم گەرمای سەرشەقامەکەدا خۆی پێنەدەگیرا، خۆزیا لە هەموو ئەو ڕۆژانەدا هیچ نەبێت چەند دڵۆپێک باران بباریایە، دیسان تۆز و خۆڵ و خشت و گەچ.. دیسانەوە بۆگەنی دووکان و مەیفرۆشەکان، دیسانەوە هەر هەمان خەڵکی سەرخۆش و کۆڵهەڵگر و گالیسکە نابووتەکان، هەتاوەکە وا لە نێوچاوی دەدا، کە ڕوانینیش ئازاری پێدەگەیاند، تەواو سەری گێژ بوو، ئەم هەستە بۆ کەسێک لەرزوتای لێهاتبێت و لەپڕا لە ڕۆژێکی هەتاودا بێتە سەرشەقام، کارێکی زۆر ئاسایی بوو.

کە گەیشتە پێچی شەقامەکەی دوێنێ، ڕاسکۆلنیکۆڤ بە نیگەرانییەکی زۆرەوە تەماشای ئاپارتمانەکەی کردەوە و زۆر زوو چاوی لێ کەلاخست. کە لە نووسینگەکە نزیک کەوتەوە، بیری کردەوە: "ئەگەر پرسیارم لێبکەن، ڕەنگە پێیان بڵێم".

نووسینگەی پۆلیس نزیکەی دووسەد و پەنجا مەترێک لە ماڵەکەیەوە دوور بوو. تازە گواستبوویانەوە بۆ بارەگایەکی نوێ لە قاتی چوارەمی ئاپارتمانێکی تازەدروستکراودا. ڕاسکۆلنیکۆڤ جارێکی دی، بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەک سەری لە بارەگا کۆنەکە دابوو. کە چووە ناو ئاپارتمانەکەوە، لەلای ڕاستەوە پلیکانەیەکی بینی، کە کابرایەکی لادێیی بە کۆنووسێکەوە کە بە دەستییەوە بوو دەهاتە خوارێ.

"بێگومان ئەمە دەرگاوانە، کەواتە نووسینگەکە لێرەدایە" هەر بەو هەستەوە بە پلیکانەکاندا سەرکەوت، نەیدەویست دەربارەی هیچ شتێک پرسیار لە کەس بکات.
کە گەیشتە قاتی چوارەم، لەگەڵ خۆیدا دوا: "دەڕۆمە ژوورێ، لەسەر ئەژنۆ دادەنیشم و هەموو شتێک دەدرکێنم".
ڕێی پلیکانەکان تەنگەبەرەو پڕە لە پاشماوە، هەموو چێشتخانەی ئاپارتمانەکانی هەر چوار قاتەکە بەسەر ئێرەدا دێن و بە درێژایی ڕۆژ هەر وا کراوەن، بۆیە هەواکەی تەواو تەنگەنەفەست دەکات.
دەرگاوانەکان بەو کۆنووسانەی لە بندەستیاندا بوو، ئەو ژن و پیاو و پۆلیسانەی کاریان هەبوو، بەردەوام لە سەرکەوتن و دابەزیندا بوون.
دەرگای نووسینگەکە هەمیشە کراوە بوو. ڕاسکۆلنیکۆف چووە ژوورێ و لە ڕاڕەوەکەدا وەستا، زیاتر گوندییەکان لەوێدا وەستابوون و چاوەڕێیان دەکرد، بێجگە لە تەنگەنەفەسییە زۆرەکەی ئەوێ، بۆیەی تازە کە لە ڕۆنێکی خراپ دروست کرابوو، تازە ژوورەکانیان پێ بۆیە کردبوو و هێشتا وشک نەببووەوە، بۆنێکی وای لێدەهات، مرۆڤی دەخستە هێڵنجدان. کە ماوەیەک وەستا، بیری کردەوە کەمێک بڕواتە پێشەوە و بچێتە ژوورێکی ترەوە. هەموو ژوورەکان بچووک و نزم بوون، هێند ئۆقرەی لێبڕابوو، کە هەر بۆ پێشەوە ملی دەنا، کەس گوێی پێنەدەدا، لە ژووری دووەمدا کارمەندەکان بەرگیان لەم کەمێک چاکتر و سەرقاڵی نووسین بوون.
هەموویان سەیر دەهاتنە بەرچاو.
یەکێکیان ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆف کرد و وتی:
- چیت دەوێت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ ئاگاداریی نووسینگەکەی پیشان دا، پیاوەکە تەماشای ئاگادارییەکەی کرد و پرسی:

- خوێندکاریت؟

- بەڵێ، کۆنە خوێندکارم.

کارمەندەکە تەماشایەکی سەرپێیی ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد، بەڕواڵەت کابرایەکی پەرێشان و شلوشاو بوو، کە هیچت لە بینینەکەیدا بۆ دەرنەدەکەوت. ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاما: "هیچ لەمە تێناگەیت، چونکە هەموو شتێک لای ئەو وەک یەک وایە".

کارمەندەکە بە پەنجەی ئاماژەی بۆ دواژوور کرد و وتی:

- بڕۆ بۆ لای سکرتێر.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەرەو ژووری چوارەم کە پیشانی درابوو، چوو، ژوورێکی تەنگ و ئاپووره. بەرگی ئەوانەی کە لەوێ بوون، کەمێک لەوانەی ژوورەکانی تر پاکتربوو، لە نێو ئەوانەدا کە بۆ کار هاتبوونە ئەوێ، دوو ژن دەبینران، یەکێکیان جلوبەرگێکی پرسە و هەژارانەی لەبەرابوو، کە بەرانبەر کارمەندێک دانیشتبوو، بەپێی ڕێنمایی ئەو شتی دەنووسی، ژنەکەی تر زۆر قەڵەو و دەموچاو بەپەڵە و لە سووریدا شین دەینواند، ژنەکە سەرنجی ڕادەکێشا. بەرگێکی زۆر جوانی لەبەردا بوو، قاپێکی ئاڵتوونیی بە سنگەوە بوو. لە گۆشەیەکدا وەستابوو و چاوەڕێی شتێکی دەکرد. ڕاسکۆلنیکۆڤ ئاگادارییەکەی لە پێشی سکرتێرەکە دانا، ئەوییش تەماشایەکی کرد و وتی:

- چاوەڕێ بە.

سکرتێرەکە دەستی بە کاری ژنە پرسەدارەکە کردەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەناسەیەکی حەسانەوەی دا: "بێگومان مەسەلەکە شتێکی ترە" وردەوردە وردەی هاتەوە سەر خۆی و بە هەموو توانای

هەوڵی ئەوەی بوو لەسەرخۆ و ئارام بێت: "تاقە تێکەوتن و هەڵەیەکی زۆر بچووک بەسە بۆ ئەوەی تیا بچم، ئم.. بە داخەوە ئێرە هەوای کەمە" پاشان لەسەری ڕۆشت "خەفەخانە، لە جاران زیاتر سەرم گێژ دەخوات.. ئەقڵیشم هەروا".

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستی کرد پەشێوییەکی سەیر هەموو لەشی داگرتووە. ترسا کە خۆی بۆ دابین نەکرێت، هەوڵیدا خۆی سەرقاڵی مەبەستێک بکات و بیری لێبکاتەوە، مەبەستێک چ پەیوەندییەکی بەو کارەیەوە نەبێت، بەڵام بێسوود بوو. سکرتێرەکە زۆری سەرنج ڕاکێشابوو، دەیویست لە سیمایەوە شتێک بخوێنێتەوە. چۆن کەسێکە، زۆر گەنج بوو، تەمەنی بیست و دوو ساڵ دەبوو، گەنمڕەنگێکی بە بزاڤ، کە لەو تەمەنە بچووکتری پیشان دەدا. جلەکانی بەپێی مۆدە گەلێک ڕێکوپێک دەهاتنە پێشچاو، قژی بە لایەکدا شانە و ڕۆنێکی زۆری لێدابوو، پەنجەی سپی و پاک و خاوێن، چەند ئەنگوستیلەیەکی لە پەنجەدا بوو، هێلەکەکەی بە زنجیری ئاڵتوون ڕازابووەوە. لەگەڵ یەکێک لەو بێگانانەدا کە کاریان کەوتبووە، ئەوێ چەند ڕستەیەکی باشی بە زمانی فەڕەنسی قسە کرد. بە ژنە قەڵەوە ڕەنگسوورە شینباوەکە کە جلێکی قەشەنگی لەبەردابوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە کورسییەکی لە پاڵدا بوو، کەچی وەک ئەوەی نەوێرێت دابنیشێت و هەر بە پێوە وەستابوو. وتی:

- لێزاڤیتا ئیڤانۆڤنا[1]، فەرموو دابنیشە.

خانمەکە لەسەرخۆ بە زمانی ئەڵمانی وەڵامی دایەوە:

- سوپاست دەکەم.

---

[1] *Louiza Ivanovna*

ژنەکە دانیشت، خشەخشێک کە لە بەرگە ئاوریشمینەکەیەوە بەرز بووەوە، کراسە شینە کاڵەکەی کە بە تۆڕی سپی ڕازابووەوە، وەک گۆیەکی زۆر جوان بە دەوری کورسییەکەدا هاتە خوارێ و تا ڕادەیەک نیوەی ژوورەکەی داگیر کرد، بۆنی عەتر بڵاو بووەوە، خانم بەوەی نیوەی ژوورەکەی داگیر کردبوو، وا دەهاتە بەرچاو ناڕەحەت بێت، هەرچەندە زەردەخەنەیەکی بەسەر لێوەوە بوو، بەڵام زەردەخەنەکەی تێکەڵ بوو لە ترس و ڕووهەڵمراوی کە بە ئاشکرا تووشی نیگەرانییان دەکرد:

خانمە پرسەدارەکە سەرئەنجام کارەکەی ڕێک کەوت و لە جێگاکەی هەستا. لەپڕێکدا ئەفسەرێکی بەهەراوزەنا و بێباک، کە لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا شانی هەڵدەتەکاند، هاتە ژوورەوە، کڵاوە قوتە جوانەکەی نایە سەر مێزەکە و لەسەر کورسییەک دانیشت. خانمە ڕێکپۆشەکە کە ئەوی بینی، لە جێگاکەی کەمێک جووڵا و بە خۆشییەوە و بۆ ڕێزگرتنی ئەفسەرەکە خۆی نووشتاندەوە، بەڵام ئەفسەرەکە بە هیچ جۆرێک بەسەر خۆیدا نەهێنا و گوێی پێنەدا. ژنەکەیش ئیدی ئەوەندەی بوێری بە خەرج نەدا، کە لەسەر کورسییەکە ڕووبەڕووی ئەفسەرەکە دابنیشێتەوە. ئەم پیاوە لەعنەتییە لێکۆڵەرەوەی بەشەکە بوو، ڕەنگی سمێڵی خەنەیی و بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە هەردوولای ڕوومەتیی تێپەڕی بوو، دەموچاوی لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر ورد بوو، بێچاووڕوویی لێدەتکا.

ئەفسەرەکە هەر لەژێرەوە و تا ڕادەیەک تووڕە چاوی بە ڕاسکۆلنیکۆڤدا گێڕا، جلەکانی ڕاسکۆلنیکۆڤ شڕ بوون، بە هەموو شێواوی و ناتەواویەکیی ئەو لاوەوە هێشتا حاڵ و ڕەفتاری لەگەڵ جلەکانیدا نەدەگونجا. ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەربەستانە بۆ ماوەیەکی زۆر

چاوی لە چاوی ئەفسەرەکە بڕی، بە جۆرێک کە لەگەڵیا بەرخوردی کرد، لەوەیش سەری ماسا کە شرۆڵەیەکی وا نایەوێت چاو لە چاوە بروسکە ئاساکانی ئەو لابدات، بۆیە بەسەر ڕاسکۆلنیکۆڤدا نەڕاندی.

- تۆ، چیت دەوێت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە پەشۆکاوییەوە وەڵامی دایەوە:

- لێرە داوایان کردووم.. ئاگاداریم بۆ هاتووە.

سکرتێرەکە سەری لەسەر کاغەزەکە لابرد و بەپەلە وتی:

- مەسەلەی پارەدانەکەیە، ئەمە خوێندکارەکەیە.

سکرتێرەکە بەدەم قسەکردنەوە دەفتەرێکی دایە ڕاسکۆلنیکۆڤ و ئاماژەی بە شوێنێکدا تیایدا و پێی وت:

- بیخوێنەرەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری کردەوە: "پارە؟ پارەی چی؟ کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە" لە خۆشیا تەزوویەکی تێگەڕا، لە پڕێکدا هەستی بە سوکەڵەییەکی نائاسایی کرد، دەتوت بارێکی گرانی لەسەرشان لاچووە.

ئەفسەرە لاوەکە کە نەتدەزانی زیاتر لە چی پەست دەبێت، هاواری کرد:

- پێیان وتوویت سەعات چەند بێیت؟ بۆیان نووسیویت سەعات نۆ و ئێستا لە سەعات یانزە لایداوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤیش لە پڕێکدا ڕقی سەرکەوت کە خۆیشی چاوەڕێی نەدەکرد، بەڵام تا ڕادەیەک چێژی دەدایە، بە دەنگی بەرز و بەبێ ئەوەی سەری بە لایدا وەربگێڕێت، وەڵامی دایەوە:

- پێش چارەکێک ئاگادارییەکەیان بۆ هێناوم، ئەوەندەیش بەسە، کە من بە لەرزوتاوە هاتوومەتە ئێرە.

- هاوار مەکە
- من هاوار ناکەم، لەسەرخۆ دەدوێم، وەلێ تۆ بەسەر مندا هاوار دەکەیت، من خوێندکارم، ڕێگەت نادەمێ هاوارم بەسەردا بکەیت.
ئەفسەرە پۆلیسەکە ئەمەندە پەشۆکا، کە لە سەرەتاوە تەنانەت نەیتوانی قسەیەک بکات و تەنیا کەوتە کەفچڕاندن، پاشان لە جێگاکەی هەستا و هاواری لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد:
- بێدەنگ بە، لە دەزگایەکی دەوڵەتیدایت، جەناب، سەرکێشی نەکەیت.
ڕاسکۆلنیکۆڤیش دەنگی لێ بەرز کردەوە:
- تۆیش لە دەزگای دەوڵەتیدایت، بێجگە لەمە هاوار دەکەیت و جگەرەیش دەکێشێت، ئەمانە هەموو ڕێزنەگرتنە لە ئێمە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بەم قسانە هەستی بە چێژێکی سەیر دەکرد.
سکرتێرەکە بە زەردەخەنەوە لە هەردووکیانی ڕوانی، ئەفسەرە تووڕەکە دابوویە بیرکردنەوە، لە دواییدا بە دەنگێکی بەرز و نائاسایی وتی:
- پەیوەندی بە تۆوە نییە. چاکترە ئەو پارەیەی داوایان لێکردووە، بیاندەیتێ، ئەلکساندەر ئیڤانۆڤیچ[1] پیشانی بدە، شکاتیان لێکردوویت، پارەکە نادەیت! چ هەڵوێیەکە!!
بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ ئیدی گوێی بۆ شل نەکرد، بە وردی کەوتە خوێندنەوەی کاغەزەکە تا زوو لە مەبەستەکە تێبگات. یەک دوو جار خوێندیەوە و هیچی لێ تێنەگەیشت، لە سکرتێرەکەی پرسی:
- ئەرێ ئەمە چییە؟

[1] Alexander Ivanovich

-ئەمە نامەیەکە داوای قەرزی خۆیانی لێکردوویت، دەبێت بیدەیت، هەموو ئەو خەرجی و پێبژاردنانەیش کە دێتە سەری، یان بە نووسین وەڵامیان بدەیتەوە و ئەو کاتە دیاری بکەیت کە دەتوانیت بیدەیتەوە، لەگەڵ ئەمانەیشدا دەبێت بچیتە ژێر ئەو بارەی کە تا قەرزەکە تەواو دەبێت، نابێت لە پایتەخت بڕۆیتە دەرەوە، ماڵ و سامانت نەفرۆشیت و نەیانشاریتەوە. بەڵام داواکار بۆی هەیە سامانت بفرۆشێت و بەپێی یاسا لەگەڵتاندا ڕەفتار بکات.

- ئاخر من.. قەرزاری کەس نیم.

- ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، ئێمە تەنیا نامەیەکی ڕەسمی و سەنەدێکمان بەدەست گەیشتووە، کە ماوەی قەرزدانەوەکە تێپەڕیووە، تۆ نۆ مانگ لەمەوبەر بەرانبەر بەسەدوپەنجا ڕۆبڵ کە داوتە بە خاتوو زارنیتسینا[1]، کە بێوەژنی کارمەندی وەزارەتێکە، ئەو خانمەیش سەنەدەکەی داوەتە چیبارۆف[2] کە کارمەندێکی ئیداریی ترە، ئێستا بۆ وەڵامی ئەمە تۆمان بانگ کردووە.

- بەڵام ئەم خانمە خاوەن ماڵەکەمە.

- جا چییە ئەگەر خاوەن ماڵت بێت؟

سکرتێرەکە بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە دڵسۆزی و لێبوردنەوە کە لە هەمان کاتیشدا مانای سەرکەوتنی خۆی دەگەیاند، تەماشای دەکرد، سەرکەوتن بەسەر لاوێکدا، کە لە هەموو لایەکەوە پەلامار بدرێت، وەک بیەوێ پێی بڵێت: "دەی، چۆنی، حاڵت چۆنە؟" بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ ئیدی چ کارێکی بە سەنەدی قەرزەوە هەیە؟ ئایا ئەو

---

[1] *Zarnitsina*

[2] *Chebarof*

مەسەلەیە ئیتر نرخی ئەوەی هەبوو کە نیگەرانی بکات یان هەر بایەخی بداتێ!
ڕاسکۆلنیکۆڤ هەر بە پێوە وەستابوو، دەیخوێندەوە، گوێی دەگرت، وەڵامی دەدایەوە و تەنانەت پرسیاریشی دەکرد، بەڵام هەموو ئەم کارانەی بەبێ ویستی خۆی بوو، هەستی ئەوەی کە گیانی پارێزراوە و لە مەترسییەکی هەنووکەیی ڕزگاری بووە، لەو چرکەساتەدا هەموو گیانی پڕ کردبوو لە خۆشی. بەبێ ئەوەی بیر لە ئایندە و ڕاڤەکردن و گریمانە و گومان و شتی تر بکاتەوە.. ئەوە چرکەساتێکی پڕ لە خۆشیی ڕاستەقینە بوو بە هەموو مانایەکی گرانبەهاوە. بەڵام هەر لەو کاتەدا لە نووسینگەکە ڕووداوێکی وەک هەورەبروسکە ڕووی دا. ئەفسەرە لاوەکە کە هێشتا بەرانبەر بەو سووکایەتییەی پێی کرابوو، دەلەرزی و ئاگری تووڕەییەکەی تا دەهات زیادی دەکرد و دەیویست بەرگری لەو تەشەرە بکات، کە لێی درابوو، بە هەموو توانایەوە هێرشی کردە سەر ئەو ژنە جوان و بەدبەختەی کە لە ڕاڕەوەکەی ئەوەوە بە بزە گەلۆرانەکەیەوە تەماشای ئەمی دەکرد، لەپڕا ئەفسەرەکە بە دەنگی بەرز بەسەر ژنەکەیدا نەڕاند:
- هەی وا و وا پێکراو، دیسانەوە دوێنێشەو لای تۆوە چی ڕووی دا؟ ها؟ دیسانەوە کۆڵانەکەت پڕ کردەوە لە بێئابڕۆیی و کاری ناشیرین؟ دیسانەوە هەراهەرا و سەرخۆشی؟ دیارە حەزت لە زیندانە، من پێم وتیت، دە جار ئاگادارم کردیت و یانزەهەمین جار ئیتر وازت لێناهێنم، کەچی دیسانەوە، دیسانەوە کاری خۆتت کرد. هەی وا.. وا پێکراو..
کاغەزەکەی دەستی ڕاسکۆلنیکۆڤ کەوت و بە سەرسووڕماویەوە سەیری خانمە جوانەکەی کرد، کە ئاوا بێپەردە ڕسوا دەکرا. بەڵام زۆر زوو لە مەسەلەکە گەیشت و چیرۆکەکەی خۆش هاتە بەرچاو،

هێند بە تاسەوە گوێی گرتبوو، کە حەزی دەکرد پێبکەنێت و قاقا لێبدات. تەواوی دەماری کەوتبووە جووڵە.
سکرتێرەکە بە سۆزێکی زۆرەوە وتی:
- ئیلیا پیتروڤیچ[1]، پاشان کەمێک وەستا و چاوەڕێی هەلێک بوو، چونکە ئەفسەرە لاوەکە ئەوەندە تووڕە بوو، بە هیچ جۆرێک ئارام نەدەبووەوە مەگەر دەستی بگیرایە، سکرتێرەکە ئەمەی لە ئەزموونی خۆیەوە دەزانی.
وەلێ خاتوونە جوانەکە لە سەرەتادا لەم هەورەبروسکەیە لەرزی لێهات، گەلێک سەیر بوو، چەندە جوێنەکان توند و بێئەژمار بوونایە، بەو ڕادەیە ژنەکە میهرەبانتر دەبوو، زەردەخەنەکەی بەرانبەر ئەفسەرە ڕقهەستاوەکە تا دەهات دەلالتر دەینواند، هەر لە شوێنەکەی خۆیدا بە هێوری قاچی بە زەویەکەدا دەکێشا و خۆی بۆ دەنووشتاندەوە، ئەویش پەرۆشی ئەوەبوو مۆڵەتی قسەیەکی بدرێتێ.. سەرئەنجام بە ئامانج گەیشت، هەر ئەوەندەی ئەفسەرەکە بێدەنگ بوو، ئیدی لە پڕێکدا بە دەنگێکی تەواو ئەڵمانی. بەڵام بە زمانی ڕووسییەکی شکستە وتی:
- بەزموڕەزم لە ماڵەکەی مندا نەبووە جەنابی کاپیتان: هیچ شەڕێکیش ڕووی نەداوە، ئەوان بە سەرخۆشی هاتن، من هەمووی باس دەکەم، جەنابی کاپیتان، من تاوانم نییە و ماڵەکەم ئابڕوومەندە جەنابی کاپیتان، ئەو کارەیش کە لەوێدا دەکرێت، ئابڕوومەندانەیە، جەنابی کاپیتان، هەرگیز حەزم لە شەڕ نەکردووە.. وەلێ ئەوان تەواو سەرخۆش بوون و سێ قاپی تریشیان داوا کرد، یەکێکیان پێی

---

[1] *Ilia petrovich*

هەڵبڕی و پیانووی پێ لێدا، ئەم کارەیش بە هیچ جۆرێک لە ماڵێکی بە حەیاوحورمەتدا باش نییە، پیانۆکە شکا، کە ئەمە ڕەفتارێکی خراپە. من ئەمەم بەو وت، ئینجا شووشەکەی هەڵگرت و گرتییە خەڵکەکە، ئیتر زوو هەستام و دەرگاوانەکەم بانگ کرد. کارل[1] هات و بە چاوی ئەویشیدا کێشا، لە هانریتیشی[2] دا. پێنج کەرەتیش بە دەموچاوی منیدا کێشا، ئەمە ئەوپەڕی ناشیرینییە لە ماڵێکی شەرافەتمەندا، جەنابی کاپیتان، من کەوتمە هاوار، ئەو، ئەو پەنجەرەیەی کردەوە کە بەسەر ڕووبارەکەدا دەڕوانێت، لەوێدا وەستا وەک بەراز کەوتە بۆڕەبۆڕ. ئەمە حەیاچوونە. چۆن دەبێت لە پاڵ پەنجەرەیەکدا کە بەسەر کۆڵاندا دەڕوانێت، وەک بێچووەبەراز بوەستیت و هاوار بکەیت؟ ئاه.. ئاه.. کارڵیش لە پشتەوە فراکەکەی گرت و لە پەنجەرەکەی دوور خستەوە، لەو کاتەدا ڕاستە جەنابی کاپیتان، جلەکەی دڕا، پاشان کەوتە هاوارهاوار کە دەبێت من پانزە ڕۆبڵی لەباتیی ئەوە بدەمێ. من خۆم جەنابی کاپیتان، پێنج ڕۆبڵم پێدا، جەنابی کاپیتان، میوانێکی بێتەربیەتە، هەمیشە دەیکاتە هەراوهوریا، دەیوت لەسەر تۆ داشۆرینێکی درێژ بڵاو دەکەمەوە، چونکە دەتوانم لە هەموو ڕۆژنامەکاندا لەبارەی ئێوەوە شت بنووسم.

- وا دیارە نووسەریشە؟

- بەڵێ. جەنابی کاپیتان، چ میوانێکی نانەجیبیشە، جەنابی کاپیتان. کاتێک لە ماڵێکی بەحورمەتدا..

- باشە، بەسە، من پێم وتبوویت، جاری تریش پێم وتبوویت..

---

[1] *Karl*

[2] *henriette*

سکرتێرەکە جارێکی دی بە ویقارەوە وتی:
- ئیلیا پیتروڤیچ!
ئەفسەرەکە نیگایەکی پەلەی کرد و سکرتێرەکە لەسەرخۆ سەری جووڵاند. ئەفسەرە لاوەکە کەوتەوە قسەکردن.
- بەڕێز لێزاڤیتا ئیڤانۆڤنا، بۆ دواجار پێت دەڵێم، ئەوەیش بزانە کە ئەمە دواجارە، ئەگەر جارێکی دی لە ماڵە ئابڕوومەندەکەی تۆدا شەڕوهەرا ڕوو بدات، بە ئەدەبەوە پێت دەڵێم، گوێت ڕادەکێشم، تێگەیشتی؟ وتت ئەدیب و نووسەر پێنج ڕۆبڵی زیوی لە "ماڵە ئابڕوومەندەکەتدا" لەبری بەرگە دڕاوەکەی وەرگرت؟ دە وەرە دەی! ئەمەیش نووسەر!
لەو کاتەدا تەماشایەکی سووکایەتیپێکردنی ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد.
- سێ ڕۆژ لەمەوبەریش لە چێشتخانەیەکی هەرزاندا چیرۆکێکی تری لەم بابەتە ڕووی داوە: یەکێک لەو جۆرە نووسەرانە نیوەڕۆژەی خواردووە و نەیویستوە پارەی خواردنەکە بدات، وتوویەتی "شتێک دەنووسم و داتاندەشۆم" یەکێکی تریش لە کەشتیدا، هەفتەی ڕابوردوو، خێزانی بەڕێزی کارمەندێکی ئیداری کە بریتی بوون لە ژن و کچەکەی، داوەتە بەر جوێن. هەر لەم ماوەیەدا نووسەرێکی تر لە پێشانگایەکی شیرینیفرۆشیدا بە تەکان کراوەتە دەرەوە. بەڵێ، ئەمانەن ئەدیب و نووسەر و خوێندکار و لەو بابەتانە.. تف! باشە، تۆ ئیدی بڕۆ، خۆم سەرت لێدەدەم.. بەڵام ئاگادار بە، گوێت لێمە؟
لێزاڤیتا ئیڤانۆڤنا بە میهرەبانی و ئەدەبەوە بە هەموو لایەکدا خۆی دەنوشتاندەوە تا هەر بە پشتاوپشت گەیشتە دەرگاکە. وەلێ لەبەر دەرگاکەدا لە پشتەوە بەر ئەفسەرێکی پایەدار کەوت، کە ڕوویەکی کراوەی گەش و سمێڵێکی پڕی زۆر جوان و ڕیشێکی زەردباوی

لەسەر ڕوومەتی هێشتبووەوە. ئەم ئەفسەرە نیکودیم فومیچ[1] بوو، سەرپەرشتی کاری بەشەکە. لێزاڤیتا ئیڤانۆڤنا بۆ ڕێزلێنانی ئەمەندە بەپەلە چەمایەوە، لەوەدابوو لەسەر زەویەکە دابنیشێت. بە هەنگاوی وردی، دەتوت خەریکە دەفڕێت، زوو لە نووسینگەکە چووە دەرەوە. نیکودیم فومیچ بە شێوازێکی لەوەندانە ڕووی لە ئیلیا پیتروڤیچ کرد و وتی:

- دیسانەوە هەراوزەنا، دیسانەوە هەورەبروسکە و تۆزوخۆڵ و گەرداو! جارێکی تریش پەستیان کردیت! من لە خوار پلیکانەکانەوە گوێم لە دەنگت بوو.

ئیلیا پیتروڤیچ کە چەند پەڕە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو، بەرەو مێزێکی تر دەڕۆیشت و لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا شانی دەجووڵاند، واتا هەنگاوی بۆ هەر لایەک بنایە، شانی بەرەو ئەوێ دەسووڕاند، بە بێدەربەستیبەکی ئەشرافانەوە وتی:

- چی بکەم. فەرموو تەماشاکە، جەنابی نووسەر، یەعنی خوێندکار، یان چاکتری بڵێم کۆنە خوێندکار، قەرزەکەی ناداتەوە، سەنەدی مۆر کردووە، خانووەکە چۆڵ ناکات و بەردەوام سکاڵای زۆری لەدەست دەکرێت، کەچی هێشتا گلەیی ئەوە دەکات کە بۆ لە خزمەتیاندا جگەرە دەکێشم، خۆیان پ.. پ.. پەست دەکەن. ئەمانە. فەرموو لەمانە بڕوانە. بەم حاڵەوە، ئەمە باشترین نموونەیە.

- هەژاری تاوان نییە هاوڕێ، وێڵیکە، دیارە پوشو خۆی لەبەر ئاگرا ناگرێت، دیارە تۆیش هێند لێیان نیگەران بوویت، ئیتر نەتتوانی جڵەوی خۆت بگریت.

---

[1] *Nikodim Fomich*

پاشان نیکودیم فومیچ به میهرەبانییەوە ڕووی قسەکانی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و وتی:
- وەلێ بەڕێز ، تۆ لە خۆتەوە تووڕە بوویت، دەبێت پێت بڵێم کە پیاوێکی زۆر پیاوانەیە، بەڵام وەک باروت وایە، باروت! تووڕە دەبێت، دەجۆشێت، دەتەقێت و دوای ئەوە تەواو دەبێت و دەبێتە ئاشی ئاولێکەوتوو، بێدەنگ دەبێت، بەڵام دڵی زێڕە و هەروەک خۆی دەمێنێتەوە. تەنانەت لە فەوجەکەیدا نازناوی "ئەفسەری باروت"یان داوەتێ.
ئیلیا پیتروڤیچ کە ئەم وشانەی پێخۆشبوو، بەڵام هێشتا ناڕازی بوو، بە دەنگی بەرز وتی:
- چ فە.. فە.. فەوجێکیش!
لە پڕێکدا ڕاسکۆلنیکۆڤ حەزی بەوە بوو وتەیەکی زۆر خۆشیان پێبڵێت: بە شێوازێکی ڕەندانە ڕووی لە نیکودیم فومیچ کرد و وتی:
- ڕێگە هەیە، کاپتن خۆت لە جێگای من دابنێیت.. من تەنانەت ئامادەم داوای لێبوردنیان لێبکەم، ئەگەر هەڵەیەکم بەرانبەریان کردووە، من خوێندکارێکی هەژار و نەخۆشم و لە هەژاریدا ئازار دەچێژم (هەر بەو شێوەیە وتی: ئازار) من خوێندکار بووم، لەبەر ئەوەی ئێستا ناتوانم کاروباری ژیانم ئەنجام بدەم، بۆیە وازم لە زانکۆ هێناوە، بەڵام بەم زووانە بڕێک پارەم بەدەست دەگات، دایکم و خوشکم لە هەرێمی (س)ن و پارەم بۆ دەنێرن و دەتوانم قەرزەکانم بدەمەوە. خاوەن خانووەکەم ژنێکی دڵسۆزە. لەبەر ئەوەی دەرسی تایبەتی ناڵێمەوە و چوار مانگە پارەم نەداوەتێ، بە جۆرێک پەست بووە، کە تەنانەت ئێستا خواردنیشم بۆ نانێرێت.. لە ڕاستیا من هەر نازانم ئەم

سەنەدە چییە! کە ئێستا بە نامەی ڕەسمی داوای پارەکەیم لێدەکەن.
ئێوە خۆتان وەکیل بن، لە کوێ دەتوانم پارەی بدەمێ!
سکرتێرەکە دیسانەوە وتیەوە:
- ئەوەیان پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ جارێکی دی جڵەوی قسەی لەدەست گرتەوە و بەبێ ئەوەی ڕوو لە سکرتێر بکات، ڕووی دەمی کردە نیکودیم فومیچ و لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو توانای خستە گەڕ کە ئیلیا پتروڤیچیش گوێی لێبێت، بەڵام ئەمیان خۆی بە پەڕە کاغەزەکانەوە سەرقاڵ کرد و بە بێزارییەوە پشتگوێی خست، ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:
- بوارم بدە. بوارم بدە. من تەواو لەگەڵ تۆدام. بەڵام لێگەڕێ منیش ڕووناکییەک بخەمە سەر مەسەلەکە و بڵێم کە من سێ ساڵە لە خانووی ئەودا دەژیم، واتا لەو کاتەوە کە لە دەرەوەی شارەوە هاتووم. تەنانەت پێش ئەوەیش، پێشتریش. وەلێ بۆ دان بەوەدا نەنێم کە من لە سەرەتاوە بەڵێنم دابوو کچەکەی بخوازم، ئەم قسەیە هەروا بەدەمی و دوور لە شتی ڕەسمی بوو.. ئەو کچ بوو.. بەهەرحاڵ، تەنانەت پێم خۆش بوو هەرچەندە عاشقیشی نەبووم.. بە کورتی ئەوەیش پەنی لاویەتیە، دەمەوێت بڵێم ئەوسا خاوەن ماڵەکەم گەلێک لەگەڵ مندا دلۆڤان بوو، زۆر شتی لێک نەدەدایەوە و تا ڕادەیەک ژیان.. بەڵێ ژیانێکی بێدەربەستانەم هەبوو.
ئیلیا پتروڤیچ بە زمانێکی زبر کە هەستی سەرکەوتنی تیا دەبینرا، وتی:
- جەناب ئێمە لەبارەی ژیانی تایبەتی خۆتەوە هیچمان داوا لێنەکردویت و ماوەی گوێگرتنیشمان نییە.

وەلێ ڕاسکۆلنیکۆڤ، لەگەڵ ئەوەیشدا قسەکردنی لەپڕی لا دژوار بوو، زۆر زوو لە قسەی خست و وتی:
- ئاخر ڕێگەم بدە، ڕێگەم بدە منیش هەندێک ڕوونکردنەوەم هەیە، مەسەلەکە چۆن بوو، هەر لە سەرەتاوە.. هەرچەندە من لەگەڵتام کە باسکردنی زیادەیە.. بەڵام ساڵێک لەمەوبەر کچەکە تووشی نەخۆشی تیفوییید بوو و مرد، منیش وەک کرێگرتەیەک، وەک جاران، لەوێ مامەوە و کە خاوەن ماڵ گوێزایەوە بۆ ئەم شوێنەی ئێستا، پێی وتم، بە دڵپاکییەوە پێی وتم، کە زۆر لە من پشتئەستور و دڵنیایە.. بەڵام هەر خراپ نییە سەنەدێکمان لە نێواندا بێت بە بڕی سەد و پەنجا ڕۆبڵ –ئەو بڕە پارەیەی کە لەسەر من بە قەرزی دەزانێت– کە بیدەمێ، گوێت لێمە.. بە تایبەتی وتی ئەگەر ئەو سەنەدەی بدەمێ، دوای ئەوە چەندم پارە پێویست بێت، بمداتێ و هەرگیز، بەڵێ هەرگیز –ئەمە قسەی خۆی بوو– ئەو سەنەدە بۆ قازانجی خۆی بەکار نەهێنێت، تا ئەو کاتەی من خۆم پارەکەی ئەدەمەوە.. وا ئێستایش کە دەرسەکانم لەدەست چوون و پارەی خۆراکیشم نییە، بە ڕەسمی داوای پارەم لێدەکات.. من چی بڵێم؟
ئیلیا پتروڤیچ بێشەرمانە قسەکەی پێبڕی و وتی:
- هەموو ئەم وردەکارییە سۆزبزوێنانە بایەخی لای ئێمە نییە، دەبێت تۆ وەڵام بدەیتەوە و خۆت بە بڕیارەکەوە ببەستیتەوە، ئیتر ئەوەی کە تۆ ڕۆژێک عاشق بوویت و لەم بابەتە ناخۆشانە.. ئەسڵەن پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە.
نیکودیم فومیچ لە پشت مێزەکەوە دانیشت و کەوتە ئیمزاکردن، لەبەر خۆیەوە وتی:
- تۆیش.. زۆر دڵڕەقیت.

لەوە دەچوو شەرمەزار بێت.
سکرتێرەکە بە ڕاسکۆلنیکۆڤی وت:
- باشە، بتووسە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگێکی تایبەتیەوە پرسی:
- چی بنووسم؟
- من ئێستا بۆت پڕدەکەمەوە.
لای ڕاسکۆلنیکۆڤ وا بوو کە دوای دانپیانانەکانی و سکرتێرەکە زیاتر بێشەرمی و گوێپێنەدانی بەخەرج دا، بەڵام سەیرەکە لەوەدا بوو کە کتوپڕ ڕاسکۆلنیکۆڤ تەواو لە ڕای خەڵکی، ڕای هەر کەسێک بێت، بە تەواویی بێدەربەست بوو، ئەم وەرچەرخانەیش لە ساتەوەختێکدا، لە چرکەیەکدا ڕووی دا. ئەگەر ئارەزووی بیرکردنەوەی ئەو مەسەلەیەی ببوایە، بە تەواوی سەری لەوە سوورڕ دەما کە چۆن توانیویەتی چەند چرکەساتێک پێشتر لەگەڵ ئەوانەدا قسە بکات و بە باس و سکاڵاکانی سەریان بیەشێنێت؟ باشە ئەم هەستە لە کوێوە هات؟ ئێستا بە پێچەوانەوە ئەگەر ژوورەکە لەپڕێکدا، نەک لە پاسەوان، بەڵکو پڕبێت لە هاوڕێکانیشی، ئەو کاتەیش ڕەنگە وشەیەکی گەرمی دەست نەکەوێت کە بەدڵ بیڵێت. چونکە لە پڕێکدا دڵی پڕ بوو لە بۆشاییەکی گەورە، هەستێکی نامۆ و تاریک. تەنیاییەکی پڕ لە ئازار و بێدەربەستانەی سەیر کەوتە دڵییەوە. نە دانپیانانە تایبەتییە لاوازەکانی بەرانبەر بە ئیلیا پیتروڤیچ، نە سەرکەوتنە نابووتەکەی ئەفسەرە لاوەکە، هیچێک لەمانە نەبوونە هۆکاری ئەو ئاڵوگۆڕەی کتوپڕ بەسەر دڵیدا هات، نا، ئەو ئێستا چ پەکی بە زەبوونی و کزی خۆی و ئەم فیزوهەوا و ئەم ئەفسەر و ژنانی ئەڵمانی و داواکاری و نووسینگە و شتی ترەوە کەوتووە! ئەگەر ئەم لەم چرکەساتەدا فەرمانی

سووتاندنیان بەسەردا بدایە، کەمەکێک بۆی نەدەجووڵا، تەنانەت بە وردی گوێدێری فەرمانەکەیش دەبوو. ئەم وەرچەرخانەی کە ئێستا لەودا پەیدا بوو، بۆ خۆیشی تەواو تازە و پێشبینینەکراو و کتوپڕ بوو. وا نەزانرێت کە ڕاسکۆلنیکۆڤ لە ڕێی ئەقڵەوە پەی بەمە بردبێت، بەڵکو بە تەواوی توانایەوە هەستی دەکرد کە نەک تەنیا لە باسکردنی ئەو شتە تایبەتی و هەستبزوێنانە بەڵکو بە هیچ جۆرێک، لەسەر هیچ مەسەلەیەک، ئیدی نابێت لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا، لە نووسینگەی پۆلیسدا قسە بکات. تەنانەت ئەگەر هەموو ئەوانە برا و خوشکی ڕاستەقینەی بن نەک ئەفسەری پۆلیس. بەتایبەتی باسکردنی بابەتێکی تایبەت بە ژیانەوە کە تەواو بێهودەیە. تا ئێستا هەستێکی ئەوەندە سەیری لە خۆیدا نەدیبوو، ئەوەی لە هەموو زیاتر ئازاری دەدایە، ئەو هەستە بوو، نەک تێگەیشتن و دەرکی مەبەست – هەستێکی هێند قووڵ، کە لە هەستەکانی پێشوتری زیاتر ئازاریان دەدا.

سکرتێرەکە خەریکی نووسینی مەبەستێک بوو، کە ئاسایی بۆ وەڵامدانەوە پێویستە، واتا وتنی ئەوەی: کە ناتوانم بیدەمەوە، بەڵێن دەدەم لە فڵانەوەختا (هەر وەختێک بێت) بیدەمەوە، لە شار ناچمە دەرەوە، کەلوپەلم نافرۆشم و نایبەخشم و لەم جۆرە شتانە.

سکرتێر لە ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاما و بە سەرسامییەوە وتی:

– تۆ توانای نووسینت نییە، خەریکە قەڵەمەکە لە دەستت دەکەوێتە خوارێ. نەخۆشیت؟

– بەڵێ سەرم گێژ دەخوات. چی ماوە بیڵێ.

– تەواو، مۆری بکە.

سکرتێرەکە نامەکەی هەڵگرت و کەوتە ناو نامەکانی ترەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ قەڵەمەکەی دایەوە، وەلێ لەباتیی ئەوەی هەستێت و بڕوات، هەردوو ئانیشکی نایە سەر مێزەکە و بە هەردوو دەستی کەوتە گوشینی سەری، دەتوت بزمار بە کاژەڵاکی سەریدا دادەکوتن. لەناکاوێکدا بیرێکی سەیری بەسەردا هات، وەک ئەوەی بڕواتە لای نیکودیم فومیچەوە و ئەوەی دوێنێشەو ڕووی داوە، بە هەموو وردەکارەکانییەوە، بۆی باس بکات، پاشان لەگەڵ هەموویاندا بڕواتەوە بۆ ماڵەکەی و ئەو شتانەی لە سووچەکەدا، لە کونەکەدا، داینـاون، پیشانیان بدات.

ئەم بیرە هێند بەهێز بوو، کە بۆ ئەنجامدانی لە جێگاکەی هەستا، بەڵام زوو بیری کردەوە: "چاکتر نییە باشتر بیری لێبکەمەوە؟ نا، باشترە زیاتر لێی ڕانەمێنم و ئەم کۆڵە لەسەرشانم لابدەم" وەلێ لەپڕا وەک لە جێگاکەیدا وشک بووبێت وابوو: نیکودیم فومیچ بە گەرمی لەگەڵ ئیلیا پیتروڤیچ سەرگەرمی ئەم قسانەبوو:

- نابێت، هەردووکیان ئازاد دەکەن! یەکەم: دزیەتی لە هەموو شتەکاندا هەیە، تۆ خۆت بڕیار بدە، ئەگەر ئەوان ئەو کارەیان کردبێت. بۆ بانگی دەرگاوانیان کردووە؟ بۆ ئەوەی خۆیان تاوانبار بکەن؟ یان فڕوفێڵێک بەخەرج بدەن؟ نا، ئەمەیان زێدەڕۆییە لە فێڵبازیدا! بێ لەمانەیش پستریاکوفی[1] خوێندکاریان دیووە کاتێک کە ویستوویەتی بڕواتە ناو ساختمانەکەوە، هەردوو دەرگاوان و ژنێکیش دیویانە: ئەو لەگەڵ سێ هاوڕێیدا بووە و لە بەردەم دەرگای چوونەژوورەوەدا لێیان جیابۆتەوە، پێش جیابوونەوەیش، لەبارەی دانیشتوانی ساختمانەکەوە، لە بەردەم هاوڕێکانیدا، پرسیاری لە دەرگاوانەکان

[1] pestriakof

کردووە.. باشە دەبێت یەکێک کە خەیاڵێکی وای لەژێر سەردا بێت، پرسیار لەسەر دانیشتوانی ساختمانەکە بکات؟ هەروەها "کوخ" پێش ئەوەی بچێتە لای پیرێژنەکە، نیوسەعات لە خوارەوە، لای زەرەنگەرەکە دانیشتووە و لە سەعات هەشت و چارەکی تەواودا لەوێوە ڕۆیشتۆتە سەرەوە بۆ لای پیرێژنەکە. فەرموو خۆت بیری لێ بخە گەڕ..

- مۆڵەتم بدە. ئاخر ئەم ئاڵۆزییە چۆن کەوتۆتە کارەکەیانەوە: خۆیان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە لە دەرگایان داوە و دەرگاکە داخراوە، دوای سێ دەقیقە، کە لەگەڵ دەرگاوانەکەدا گەڕاونەتەوە، سەیریان کردووە دەرگاکە کراوەتەوە. ئەم دژایەتییە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

- قسەکە لێرەدایە، بێگومان بکوژەکە لە ژوورەوە دانیشتووە و دەرگاکەی لەسەر خۆی کڵۆم کردووە، بێگومان هەر لەوێدا دەیانگرت، ئەگەر کوخ کەرایەتیی نەکردایە و نەچوایە بەدوای دەرگاوانەکەدا، بێگومان لەو ماوەیەدا بکوژەکە دەرفەتی دەست کەوتووە و لە پلیکانەکانەوە هاتۆتە خوارێ و هەر چۆنێک بووە، لەدەستیان هەڵاتووە. کوخ بە هەردوو دەستی خاچ بۆ خۆی دەکێشێت و سوێند دەخوات: "ئەگەر لەوێدا بمامایەتەوە، بکوژەکە بەدەردەکەوت و بە تەور دەیکوشتم" کوخ دەیەوێت لە کڵێسەدا بەپێی ڕێوڕەسمی ئاسایی درووودی بۆ بخوێنن، هە، هە، هە!

- کەواتە کەس بکوژەکەی نەبینیووە؟

سکرتێرەکە کە لە جێگای خۆی گوێقوڵاغ دانیشتبوو و وتی:

- چۆنی دەبینن؟ شوێنەکە لە کەشتیی نوح دەچێت.

نیکودیم فومیچ بە گەرمی کەوتەوە قسە:

- مەسەلەکە ئاشکرایە، هەر زۆر ئاشکرایە.

ئیلیا پیتروڤیچ بەرپەرچی دایەوە:
- نەخێر، بە هیچ جۆرێک ئاشکرا نییە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ کڵاوەکەی هەڵگرت و بەرەو لای دەرگاکە چوو. بەڵام نەگەیشتە دەرگاکە..
کە هاتەوە هۆش خۆی، بینی لەسەر کورسییەک دانیشتووە، لەلای ڕاستەوە یەکێک گرتوویەتی، لەلای چەپیشەوە یەکێکی دی وەستاوە و پەرداخێکی زەردی پێیە، کە پڕە لە ئاوێکی زەردباو. نیکودیم فومیچ بەرانبەری وەستاوە و چاوی تێبڕیووە، ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەر کورسییەکە هەستا.
نیکودیم فومیچ بە دەنگێکی زبرەوە پرسی:
- چیتە؟ نەخۆشیت؟
سکرتێرەکە کە لە شوێنەکەی خۆی دانیشتبوو، سەرگەرمی نامەکان بوو، وتی:
- ئەو کاتەی مۆری بڕیارەکەی دەکرد، بە زەحمەت قەڵەمەکەی گرتبوو.
ئیلیا پتروڤیچیش بەدەم ڕێکخستنی کاغەزەکانەوە لە جێگای خۆیەوە دەنگی هەڵبڕی:
- تۆ دەمێکە نەخۆشیت؟
ئیلیا پتروڤیچ نەخۆشەکەی لە کاتی بێهۆشکەوتنەکەیدا بینی، بەڵام کە هاتەوە هۆش خۆی، زوو لێی دوورکەوتەوە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەژێر لێوەوە وەڵامی دایەوە:
- لە دوێنێشەوەوە...
- ئایا دوێنێشەو لە ماڵ هاتبوویتە دەرەوە؟
- بەڵێ، لە دەرەوە بووم.

- بە نەخۆشی؟
- بە نەخۆشی.
- لە سەعات چەندا؟
- دوای سەعات حەوتی شەو.
- ببوورە لێت بپرسم، بۆ کوێ چوویت؟
- بۆ سەر شەقام
- وەڵامێکی کورت و ڕوون.
دەنگی ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕەق و ناوبەناو بوو، ڕەنگی ببووە کاغەزی سپی و چاوە سووورداگەڕاو و ڕەشەکانی بەرانبەر بە ڕوانینی ئیلیا پتروڤیچ نەوی بوون.
نیکودیم فیومیچ وتی:
- لەسەر پێ خۆی ناگرێت و تۆیش..
بەڵام ئیلیا پیتروڤیچ بە شێوازێکی تایبەتی وەڵامی دایەوە.
- قەیدی نییە.
نیکودیم فیومیچ ویستی شتێکی تر بڵێت، بەڵام کە چاوی بە سکرتێرەکە کەوت و بینی ئەویش لێی ڕاماوە، بێدەنگ بوو. لەپڕێکا هەموو بێدەنگ بوون، دۆخێکی سەیر بوو.
ئیلیا پیتروڤیچ سەرئەنجام وتی:
- زۆر چاکە، با دوا نەکەویت.
ڕاسکۆلنیکۆڤ چووە دەرەوە و تەنیا ئەوەندەی گوێ لێبوو کە لە کاتی چوونەدەرەوەیدا باسەکە گەرم بوو. دەنگی پرسیارکردنی نیکودیم فومیچ لە هەموویان دیارتر بوو.. ڕاسکۆلنیکۆڤ لە شەقامەکەدا تەواو هاتەوە هۆش خۆی، لە کاتێکدا کە دەیویست بەپەلە

بگاتەوە ماڵێ، لەگەڵ خۆیدا دەیوتەوە: "پشکنین، پشکنین، هەر ئێستا دەکەونە پشکنین، ئای ڕێگرانە! گومانیان لە منە!"
جارێکی دی ترس لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سەری داگرت.

٢

"ئەی ئەگەر پشکنیبێتیان چۆن؟ چۆنە ئێستا لە ژوورەکەمدا بن؟"
باشە، ئەمەیش ژوورەکەی، نە هەواڵێک و نەکەسێک هاتۆتە ناوی، تەنانەت ناستاسیایش دەستی لە هیچ نەداوە، وەلێ خودایا، چۆن توانیبووی ئەم هەموو شتانە لەو کونەدا دابنێت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ خۆی کوتایە سووچەکەوە، دەستی خستە ژێر کاغەزە دیوارییەکان و کەوتە دەرهێنانی شتەکان و پڕکردنی گیرفانەکانی، تێکڕا هەشت پارچە شت بوون: دوو قوتووی بچووک کە گوارەیان تیابوو یان شتێکی لەو بابەتە، کە چاک تەماشای نەکردن، چوار کیسەی بچووکی چەرمین، پاشان زنجیرێک کە بە کاغەزی ڕۆژنامەیەکەوە پێچرابوو. شتێکی تریش کە هەر بە کاغەزی ڕۆژنامەوە پێچرابوو و زیاتر لە میداڵ دەچوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ شتەکانی خستە گیرفانە جیاوازەکانییەوە: یەعنی گیرفانی پاڵتۆ و گیرفانی لای ڕاستی پانتۆڵەکەی، هەوڵیشیدا زۆر بەرچاو نەکەون، جانتا پارە بچووکەکەیشی لەگەڵ شتەکانی تردا هەڵگرت، ئینجا لە ژوورەکەی هاتە دەرێ و ئەمجارەیان بە تەواوی دەرگاکەی کردەوە.
هەنگاوی خێرا و پتەوی دەنا، هەرچەندە هەستی دەکرد تەواو ڕووخاوە. بەڵام بە چاکی دەیزانی چی دەکات، ئەو لەوە دەترسا لە دوایەوە بن، لەوە دەترسا دوای نیوسەعات یان چارەکێک فەرمانی

چاودێریکردنی دەربچێت، بۆیە دەبوو هەرچۆنێک بووە، پێش ئەو وادەیە ئاسەواری کارەکەی بە هیچ جۆرێک نەهێڵێت. دەبێت تا هێشتا هێز و توانای بیرکردنەوەی ماوە، کارەکانی ئەنجام بدات، بەڵام بۆ کوێ بچێت؟

کەمێک لەمەوبەر بڕیاری دابوو هەموو شتەکان فڕێ بداتە ڕووبارەکەوە بۆ ئەوەی نیشانەکانیان لە ئاودا نەمێنن و کارەکەی تەواو بێت. لە کاتی وڕێنەی شەو و لەو کاتانەدا کە چاک لەبیریەتی چەند جارێک دەیویست هەستێت و بکەوێتە ڕێ، ئەم بڕیارەی دابوو: کە "تا بکرێت، زووتر هەموو شتەکان لەناو ببرێن" بەڵام ڕزگاربوون لەو شتانە هەروا ئاسان نەبوو.

نزیکەی نیو سەعات یان ڕەنگە زیاتر بێت کە بە کەناری "یکاترینسکی"[1] دا دەڕۆیشت، کە دەگەیشتە ئەو پلیکانانەی کۆتایی ڕووبارەکەیان پێدەهات، بە چاکی هەڵیدەسەنگاند. وەلێ تەنانەت بیری ئەنجامدانی بڕیارەکە بە مەحاڵ دەهاتە بەرچاو، چونکە یان لەسەر تەختەی دارە پتەو و گەورەکان، کە نزیک بە پلیکانەکان بوون، ژنە جلشۆرەکان وەستابوون و جلیان دەشت، یان بەلەمەکان هەر لەو ناوەدا لەنگەریان خستبوو. بێجگە لەمانە خەڵکانێکی زۆر لە هەموو لاوە لە هاتوچۆدا بوون و دەشیا لە هەر لایەکی کەنارەکەوە ببینن و سەرنجیان بۆ خۆی ڕابکێشێت. بێگومان هەر کەسێک بەتایبەتی بەرەو داوێنی ڕووبارەکە بێت و بوەستێت و شتێک فڕێ بداتە ئاوەکەوە، گومانی لێدەکرێت. خۆ ئەگەر پێستە چەرمینەکان بکەونە سەرئاو و نقوم نەبن، ئیتر دەبێت چی ڕوو بدات؟ هەڵبەتە ئەمە وا دەردەچێت،

---

[1] *Ekatrinsky*

هەموو کەسێک دەیبینێت، ئێستا بێجگە لەوانەیش هەموو ئەوانەی بەوێدا تێدەپەڕن، کە بەم دەگەن، پیایدا هەڵدەڕوانن، وەک ئەوەی بێجگە لە چاودێریکردنی ئەم کاری تریان نەبێت، ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری دەکردەوە: "ئەمە بۆ وایە، ڕەنگە من لای خۆمەوە وام بێتە بەرچاو؟" سەرئەنجام ئەوەی بە بیردا هات کە ڕەنگە وا چاکتر بێت بڕوات بۆ دەوروبەری ڕووباری نیڤا: ئەوێ هەم خەڵکی کەمترە و هەم دوورترە لە بینین، بەهەرحاڵ، فڕێدانی شتەکان لەوێ ئاسانتر و دڵنیاترە و لە هەموویش گرنگتر ئەوەیە لەم شوێنەوە دوورە، کە کارەساتەکە تیایدا ڕووی داوە.

لەپڕێکدا سەری لەوە سووڕما کە چۆنە وا نیوسەعاتی تەواوە بە دەرد و نیگەرانییەکی زۆرەوە لەم جێگا پڕ لە مەترسییەدا وێڵ و سەرگەردان دەسووڕێتەوە و ئەم بیرەی ئێستای بۆ نەهاتووە.

هەروەها چۆن لەبەر ئەوەی جارێک لە خەودا یان لە کاتی وڕێنەدا بڕیارێکی داوە، وا ئێستا نیوسەعاتی تەواوە بە بێهودەیی دێت و دەچێت. ڕاسکۆلنیکۆڤ لەم دواییەدا خەیاڵی پەرت و گەلێک زوو شتی لەبیر دەکرد، خۆی هەستی بەمە کردبوو، بۆیە دەبوو هەنووکە زۆر پەلە بکات.

لە شەقامە بەرفراوانەکەی (ف..)ەوە بەرەو ڕووباری نیڤا بەڕێ کەوت، وەلێ لە ڕێگەدا بیرێکی تری بۆ هات: "بۆ نیڤا؟ بۆ ناو ئاو؟ ئایا وا باشتر نییە بڕوات بۆ شوێنێکی زۆر دوور، بۆ نموونە بۆ دوورگەکان، لەوێ لە شوێنێکی زۆر چەپەک، لە شەخەڵێکدا، لەژێر دەوەنێکدا، هەموو شتەکان بخاتە چاڵێکەوە و درەختێکیش بکات بە نیشانە؟" هەرچەندە وای هەست دەکرد، کە ناتوانێت لەو چرکەساتەدا

داوەرییەکی باش و ڕوون بکات، بەڵام ئەم بیرۆکەیەی لا بێخەوش بوو.

وەلێ نەیتوانی بگاتە دوورگەکانیش، پێشهاتێکی تری هاتە سەر ڕێ: هەر ئەوەندەی لە شەقامە فراوانەکەوە گەیشتە گۆڕەپانەکە، لەناکاو لەلای چەپی خۆیەوە ڕاڕەوی حەسارێکی بینی، کە دیوارەکانی بچووکترین کون و ڕۆچنەیان تیا نەبوو، لەناو حەسارەکەدا، هەر یەکسەر لە دوای دەرگای دەرەوە، بە لای ڕاستا، دیوارێکی قایمی بێسپیکاریی ماڵێکی چوارقاتی دراوسێ، زۆر درێژ ببووەوە، لەلای چەپیشەوە هەر بە ڕیزی دیوارەکەدا و ڕاست لە دوای ڕاڕەوەکەوە، دیوارێکی لەتەختەدروستکراو بە درێژایی بیست پێ لە ناوەوەی حەسارەکەدا درێژ بۆتەوە و بە لای چەپدا دادەگەڕێت. ئەوە شوێنێکی تەریکی بێڕۆچنە بوو، کە وردکەوپرتکەی ساختمانەکەیان تێ فڕێ دابوو. تۆزێک لەولاترەوە، لە کۆتایی دیوارەکەدا، لە پشت دیوارە تەختەکەوە، سووچی کەپرۆکەیەکی لەبەرددروستکراوی نزم و دووکەڵاویت بەرچاو دەکەوت، کە لە بەشێکی وەرشە دەچوو، ڕەنگە ئێرە شوێنی تایە و دارتاشی و شتی لەو بابەتە بێت، هەموو شوێنەکە، تا ڕادەیەک هەر لەبەر دەرگاکەوە تۆز و گەردی ڕەشی خەڵووزی گرتبوو. لەپڕا ڕاسکۆلنیکۆڤ وای بە بیردا هات: "چاکە شتەکان فڕێ بدەم و بۆی دەربچم".

لەبەر ئەوەی ڕاسکۆلنیکۆڤ کەسی لە حەسارەکەدا نەبینی، لە دەرگا گەورەکەی دەرەوە هاتە ژوورێ، هەر لەوێدا، لە نزیک دەرگاکەوە، ئاوەڕۆکەی بینی کە تەکی دابووە دیوارە تەختەکەوە، لەم دەزگایانەدا کە ئاسایی کرێکار، عەرەبانچی و لەو بابەتانەی تیا زۆر بن، ئەم شتانە هەن. لە سەرووی ئاوەڕۆکەوە، بە دیوارە تەختەکەوە، وەک

کارێکی ئاسایی، بە نووسینێکی تۆخ کە زیاتر بۆ گاڵتە بوو، نووسرابوو: "لێرەدا وەستان قەدەغەیە". ئێرە بە لایەنی کەمەوە ئەوەی باشە جێگای گومان نییە کە بۆ یەکێک هاتۆتە ژوورێ و وەستاوە، پاشان جارێکی دی بەخۆی وتەوە:

"وا چاکە هەمووی لێرەدا هەڵڕێژم و بڕۆم!"

کە ڕاسکۆلنیکۆڤ جارێکی تر تەماشای ئەملاوئەولای خۆی کرد و دەستی بۆ گیرفانی برد، لەپڕێکدا لە پاڵ دیوارەکەی دەرەوەدا، لە نێوان دەرگا و ئاوەڕۆکەدا کە مەترێک زیاتر نەبوو، چاوی بە بەردێکی گەورەی بیرازنەکراو کەوت، کە ڕەنگە بیستوپێنج کیلۆ کێشی بێت و ڕێک پاڵی دابووە دیوارە بەردینەکەی شەقامەکەوە. پشتی ئەم دیوارە شەقام و شۆستە بوو، دەنگی ئەو هاتوچۆکەرانە کە هەرگیز لەو شوێنانەدا کەم نابنەوە، بە چاکی دەبیسترا، بەڵام لە پشت دەرگاکەوە کەس ئەوی نەدەبینی، تەنیا مەگەر لە شەقامەکەوە بێتە ژوورەوە، دەشیا ئەمەیش ڕوو بدات، بۆیە پێویستی بە پەلەکردن بوو. ڕاسکۆلنیکۆڤ بەسەر بەردەکەدا چەمایەوە، بە هەردوو دەستی توند بەشی سەرەوەی گرت و هەموو هێزی دایە خۆی تا لە جێگاکەی جووڵاندی. بۆشاییەک کەوتە ژێر تاشە بەردەکە کە لە چاڵێکی بچووک دەچوو، بەپەلە هەرچییەکی لە گیرفاندا بوو، دەریهێنان و خستنیە چاڵەکەوە، جانتای پارەکە کەوتبووە سەر هەموو شتەکانی ترەوە، هێشتا چاڵەکە شتی تری دەگرت. پاشان بە بەردەکەدا نووسایەوە و بە تەکانێک وەک جارانی خۆی لێکردەوە، بەردەکە ڕێک وەک پێشووی لێهاتەوە. تەنیا ئەوە نەبێت کە کەمێک، زۆر کەم، بەرزتر لە جاران دەینواند، وەلێ ڕاسکۆلنیکۆڤ هەندێک خۆڵی بە دەوری بەردەکەدا کرد و بەپێ باش کوتایەوە، ئیدی هیچ دیار نەما.

ڕاسکۆلنیکۆڤ دوای ئەمە هاتە دەرەوە و ڕووی لە گۆڕەپانەکە کرد، جارێکی تر بەختەوەرییەکی یەکجار زۆر، وەک ئەو خۆشحاڵییەی لە نووسینگەی پۆلیسدا هەستی پێکرد، بۆ چرکەساتێک هەموو گیانی داگرت "ئاسەواری تاوانەکە هەمووی کەوتە ژێر خاکەوە، کێ ئەوەی بە بیردا دێت ژێر ئەو بەردە بگەڕێ؟ ڕەنگە بەردەکە لەو کاتەوە لەوێ بێت، کە ئەو ماڵە کراوە و ئەوەندەی ترییش هەر لەوێدا بمێنێتەوە، ئەگەر بیشیدۆزنەوە، کێ گومان لە من دەکات؟ هەموو شتێک تەواو، کەسیش شایەت نییە بەسەرمەوە!" و دایە پێکەنین، بەڵێ، پاشان لە ئایینەدا بیری لەوە دەکردەوە کە چەندە پێکەنینێکی پڕ لە تووڕەیی و بچووک و بێدەنگ و درێژخایەن بوو، تا ماوەیەک هەر پێکەنی: واتا بە درێژایی ئەو کاتەی بە گۆڕەپانەکەدا تێدەپەڕی، هەر پێدەکەنی. بەڵام کە گەیشتە شەقامی "ک"، ئەو شوێنەی سێ ڕۆژ لەوەوبەر تووشی کچەکە هاتبوو، لەپڕا پێکەنینەکەی بڕا، بیرۆکەی تر خزانە ناو مێشکییەوە، وای هاتە بەرچاو کە تێپەڕین بە لای ئەو سەکۆیەدا کە لەو کاتەدا، دوای ڕۆیشتنی کچە گەنجەکە لەسەری دانیشت و بیری کردەوە، زۆر قێزەونە، هەروەها زۆر ناخۆش دەبێت ئەگەر جارێکی تر تووشی ئەو سمێڵبابڕە ببێتەوە، کە لەو کاتەدا بیست کۆپیکی دایە، لەبەر خۆیەوە وتی: "نەفرەت لە شەیتان". -

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە کاتی بەڕێگەڕۆیشتندا تووڕە و بێدەربەستانە لەملاوئەولای دەڕوانی، ئێستا هەموو بیری بە دەوری مەبەستێکدا دەسووڕا، کە بە لایەوە "مەبەستێکی سەرەکی" بوو، ئێستا، بەتایبەتی هەر ئێستا، تاقوتەنیا ڕووبەرووی ئەو مەبەستە سەرەکییە ڕاوەستا، تەنانەت وای هەست دەکرد کە لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا ئەمە یەکەمجارە وای بەسەر هاتبێت، لەپڕا لە هێرشی تووڕەبونێکی توندا

بیری کردەوە: "نەفرەت لە هەموو ئەمانە: چاکە، ئەوەی ڕووی دا ڕووی دا، نەفرەت لەم ژیانە تازەیە: خودایا چ ژیانێکی دەبەنگانەیە.. ئەمڕۆ من چەندە درۆودەلەسەم کرد، بە چ ڕسواییەکەوە بەرانبەر ئیلیا پتروڤیچ ئەمڕۆ قسەی بێماناو ڕیاییم بەخەرج دا، بچووک بوومەوە، بەڵام ئەمەیش بێهودەییەکە بۆ خۆی، تف لە هەموو ئەوانە و لە ڕسوایی و دووڕوویی منیش! ئەمەیش گرنگ نییە، هیچ گرنگ نییە..!"

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەناکاوێکدا وەستا، پرسیارێکی تازە، چاوەڕواننەکراوو تا ئەوپەڕی سادە گێژوویژی کرد: "ئەگەر هەموو ئەم کارانە بە ڕاستی ئاقڵانە کراون نەک گەوجانە، ئەگەر تۆ ئامانجێکی دیاریکراو و داڕێژراوت لەم کارەدا هەبووە، ئەی چۆن تا ئەم چرکەساتە تەنانەت تەماشای ناو جانتاکەت نەکردووە و نازانیت چیت دەستکەوتووە، لەبەر چی ئەم هەموو ئازارەت قبووڵ کردووە و ئەم کارە پیس و ناقۆلا و سووکەت بۆ ئەنجام داوە؟ تۆ، هەر ئێستا دەتەویست ئەو جانتایە، بە هەموو ئەو شتانەوە کە تیایەتی و هێشتا نەتدیوون، فڕێ بدەیتە ئاوەوە، ئەم کارە چ مانایەکی هەیە؟"

بەڵێ، ئەمە وایە، هەمووی ڕاستە، پێشتریش هەر ئەمەی دەزانی و بە هیچ جۆرێک ئەم مەسەلەیە بۆ ئەو تازە نەبوو، ئەو کاتەی لە نیوەی شەودا بڕیاری دا شتەکان فڕێ بداتە ڕووبارەکەوە، بڕیارێکی تریشی دا: کە ڕێگە بە بچووکترین دوودڵی و بەرهەڵستی نەدا بۆ پەشیمانبوونەوە، بەڵکو تەواو ئاسایی و سروشتی، وەک ئەوەی دەبێت هەر بیکات و بێجگە لەمە چ ڕێگەیەکی تری نەبێت.. بەڵێ. ئەمانەی دەزانی و لەبیری بوو، ڕەنگە ئەم بڕیارەی دوێنێ دابێت، هەر

لەو دەقیقەیەدا کە لە پاڵ سندووقەکەدا دانیشتبوو قوتووەکانی لێ دەردەهێنا، بە ڕاستی هەروایە.
سەرئەنجام ڕاسکۆلنیکۆڤ جەختی لەسەر ئەوە کرد کە: "لەبەر ئەمەیە کە زۆر نەخۆشم، من خۆم ئازار و ئەشکەنجە داوە و خۆیشم نازانم چی دەکەم.. دوێنێ، سێ ڕۆژ لەمەوبەر.. هەموو ئەم ماوەیە ئازاری خۆمم دا و.. کە چاک ببمەوە، ئیتر.. ئازاری خۆم نادەم.. بەڵام ئەی ئەگەر هەر چاک نەبووم، ئەوسا چۆن؟ خودایا، چەندە لەم شتانە بێتاقەتم!"..
ڕاسکۆلنیکۆڤ بەبێ وەستان هەر دەڕۆیشت، زۆری حەز بەوە بوو هەر چۆنێک بێت، واز لەم بیر و لێکدانەوانەی بهێنێت، وەلێ نەیدەزانی چی بکات و چ بڕیارێک بدات، هەستی نوێ و نادیار بەردەوام بەرکی دەگرت، ئەم هەستە نەفرەتییە بێکۆتاییە، نەفرەتێکی سەخت و ڕقاوی بوو بەرانبەر بەو شتانەی کە دەیبینی و لە دەوروبەریدا بوون. هەموو ئەو کەسانەی بە بەردەمیدا تێدەپەڕین، لەبەرچاویدا پیس و ناپاک بوون. تەنانەت شێوەی ڕێڕۆیشتن و هەڵسوکەوتیان ناپاکانە دەهاتنە بەرچاو، بە جۆرێک، کە ئەگەر یەکێک لەوانە سەری قسەی لەگەڵدا بکردایەتەوە، ئەو یان تفی لە دەموچاوی دەکرد یان گازی لێدەگرت..
کە گەیشتە کەناری "نیڤای بچووک" و پاڵ ئەو پردەی کە لە دوورگەی "فاسیلوسکی"دا بوو، لەپڕێکدا وەستا و بیری کردەوە: "لێرەدا دەژی، لەم ماڵەدا، یەعنی چی؟ پێدەچێت بەپێی خۆم هاتبێتم بۆ لای ڕازومیخین، دیسانەوە قەوانەکەی جارانە.. بەڵام دەبێت لەم لایەنەوە ئەوە بزانم کە من خۆم بە دەستی ئانقەست هاتوومەتە ئێرە، یان هەر بەدەم ڕێوە ڕێکەوت هێناومی؟ جیاوازیی نییە، سێ ڕۆژ پێشتر

وتبووم دوای تەواوکردنی کارەکە دەڕۆم بۆ لای.. باشە چ خەوشی نییە، ئێستا دەڕۆم، وەک ئەوەی من ئێستا توانای سەردانیم نەبێت.."
ڕاسکۆلنیکۆڤ سەرکەوتە قاتی پێنجەم بۆ لای ڕازومیخین، ڕازومیخین لە ژوورە چکۆلەکەیدا بوو، لەو کاتەدا سەرقاڵی کار و نووسین بوو، خۆی دەرگاکەی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کردەوە، ئەوان چوار مانگ بوو یەکتریان نەدیبوو، ڕازومیخین بە بیجامەیەکی کۆنەوە، بە پێڵاوێکی بێگۆرەوی و سەروقژێکی بژ و دەست و دەموچاوی نەشۆراوەوە، لە ژوورەکەیدا دانیشتبوو، کە تەماشای سەرتاپای هاوڕێ تازەگەیشتووەکەی کرد، سەری سووڕما و هاواری لێهەستا:
-چیتە؟
پاشان بێدەنگبوو، فیکەیەکی لێدا و بەدەم تەماشاکردنی جلەکانی ڕاسکۆلنیکۆڤەوە لەسەر قسەکانی ڕۆشت:
- یەعنی حاڵ و بارت ئەوەندە خراپە؟ هاوڕێ، تۆ لە ئێمەیش دواکەوتووتری، دەی دابنیشە. بێگومان ماندوویت؟
کە ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەر قەنەفە لەمشەماگیراوەکە دانیشت، کە لە قەنەفەکەی خۆی خراپتربوو، لەناکاوا ڕازومیخین وتی:
- بەڕاستی تۆ نەخۆشیت، دەزانیت؟
بەدەم قسەکردنەوە نەبزی دەستی گرت.
ڕاسکۆلنیکۆڤ دەستی بەردا و وتی:
- پێویست ناکات، من هاتووم.. دەزانیت، من وازم لەوانەوتنەوە هێناوە.. دەمویست.. بەڵام نا، من پێویستم بە وانەوتنەوە نییە.
ڕازومیخین کە لێی ڕامابوو، وتی:
- دەزانیت؟ تۆ وڕێنە دەکەیت!
- نەخێر، وڕێنە ناکەم.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەر قەنەفەکە هەستا، ئەو کاتەی لە قاڵدرمەکان سەردەکەوت، هیچ لە بیری ئەوەدا نەبوو کە دەبێت ڕووبەڕووی هاوڕێکەی بێتەوە، ئێستا، لە چاوتروکانێکدا، بەپێی ئەزموون لەوە تێگەیشت کە لەم چرکەساتەدا، لە هەموو شت کەمتر حەزی لە ڕووبەڕووبوونەوەی کەسێکە. ڕقوکینەی سەرکەوت، هەر ئەو کاتەی هاتە ژوورەکەی ڕازومیخینەوە، خەریک بوو ئەو ڕقەی کە لە خۆی بووەوە/بیخنکێنێت، بەپەلە بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و وتی:

- خواحافیز.

- ڕاوەستە، مەڕۆ، تۆ کابرایەکی سەیریت!

ڕاسکۆلنیکۆڤ جارێکی دی دەستی دەرهێنا و وتی:

- نا، پێویست ناکات.

- باشە، ئەی بۆ هاتیت! تۆ شێت بوویت؟ ئاخر ئەمە لە سووکایەتیپێکردن دەچێت، من هەر ئاوا وازت لێناهێنم و ناهێڵم بڕۆیت.

- باشە، کەواتە گوێ بگرە، من هاتوومەتە لای تۆ، چونکە بێ لە تۆ کەسی تر ناناسم، کە بتوانێت.. هاوکاریم بکات.. چونکە تۆ لە هەموو ئەوانی دی میهرەبانتری، واتا ئاقڵتری و دەتوانیت داوەری بکەیت.. بەڵام ئێستا وا تێدەگەم پێویستم بە هیچ نەبێت، گوێت لێمە؟ هیچ شتێک.. هیچ دڵسۆزی و کۆمەکێک.. من خۆم.. بە تەنیا، کارەکانم.. چاکە، بەسە، لێم گەڕێ.

- یەک دەقیقە ڕاوەستە، ناپەسەند، تۆ تەواو شێت بوویت، من کارم بەوەوە نییە، وەلێ بڕوانە: من ئێستا وانەوتنەوەم نییە، قیروسیا کە نیمە، بەڵام لە بازاڕدا کتێبفرۆشێک هەیە بە ناوی خیروڤیموف[1] کە

[1] *Kherouvimof*

خۆی لە خۆیدا جۆرە وانەیەکی چاکە، من ئەوە نادەم بە پێنج وانەی ژووری بازرگانی، ئەو بڵاوکەرەوەیە، کتێبی بچووکی زانستە سروشتییەکان بڵاو دەکاتەوە، ئەو کتێبانە ئەوەندە دەفرۆشرێن، کە بەخەیاڵتا نایەت، تەنیا ناونیشانەکەیان دنیایەک نرخی هەیە. تۆ هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکەیت کە من کابرایەکی دەبەنگم، بەڵام هاوڕێ، بە خودا لە منیش دەبەنگتر هەیە، ئەو ئێستا کەوتۆتە دنیای ماقووڵ و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە، خۆی هیچ نازانێت، بەڵام من هانی دەدەم لەسەر کارەکە بەردەوام بێت، بۆ نموونە ئەم دوو پەڕە و نیوە دەقێکی ئەڵمانییە، کە بە باوەڕی من تا بڵێی باسێکی بێنرخە، بە کورتی، باسەکە لەبارەی ئەوەوەیە کە ئایا ژن مرۆڤە یان نا؟ بێگومان زۆر چاک دەیسەلمێنێت کە ژن مرۆڤە. خێروڤیموف بە بۆنەی کێشەی ژنانەوە ئەمە ئامادە دەکات و من وەریدەگێڕم، ئەم دوو دەفتەر و نیوە درێژ دەکاتەوە بۆ شەش دەفتەر، ناونیشانێکی گەورەی بۆ دادەنێین کە نیولاپەڕە داگیر بکات، هەر بەرگێکی دەفرۆشین بە نیورۆبڵ، دەفرۆشرێت هەر دەفتەرێک شەش ڕۆبڵ مافی. وەرگێڕان بە من دەدات واتا بە تەواوی پانزە ڕۆبڵم بەردەکەوێت، کە شەشیانم پێشەکی وەرگرتووە، کە ئەمەمان تەواو کرد، باسێک لەبارەی ئەسپی دەریاوە وەردەگێڕم، بێجگە لەمانە لە بەشی دووەمی "دانپیانان"دا هەندێک گفتوگۆ و قسەی بێتاموبۆ هەن، کە دەستنیشانمان کردووە و وەریاندەگێڕین، یەکێک بە خێروڤیموفی وتوە کە "ڕۆسۆ" لە هەندێک بۆچووندا "رادیشچیف"[1]ەکەی خۆمانە، منیش دیارە خۆم ناکەم بە خاوەنی و هیچی لەبارەوە ناڵێم، جیر بە

---

[1] Radishchef نووسەرێکی کۆتایی سەدەی هەژدەی ڕووسیایە.

جەهەنەم، باشە، دەتەوێت بەرگی دووەم کە بە ناوی "ئایا ژن مرۆڤە یان نا؟" وەربگێڕێت؟ ئەگەر دەتەوێت، هەر ئێستا دەقەکە و قەڵەم و کاغەزت لەبەردەستایە.. هەموو ئەمانە لەسەر ئەرکی ئەوە، سێ ڕۆبلێش هەڵگرە، چونکە من هەموو پارەی وەرگێڕانەکەم بۆ بەرگی یەک و دوو، پێشەکی وەرگرتووە، بەم جۆرە تۆ سێ ڕۆبلی تەواوت بەردەکەوێت، کە ئەم پەڕانەی تریشت تەواو کرد، سێ ڕۆبلی ترت بەردەکەوێت. داوایەکی تریشم هەیە، تکایە ئەم کارەی من بۆ تۆی دەکەم، بە خزمەتی مەزانە، بە پێچەوانەوە، تۆ کە هاتیتە ژوورەوە، من یەکسەر ئەوەم بە خەیاڵدا هات کە چۆن بتوانم کەڵکت لێ وەربگرم، یەکەم، من لە ڕێنووسدا لاوازم، دووەم لە زمانی ئەڵمانیدا هەندێکجار تەواو وێرانم، تا ئەو ڕادەیەی کە خۆم شت دروست دەکەم و وای دادەنێم ئەوەی خۆم لە دەقەکە چاکترە. وەلێ لە ڕاستیا کێ ئەوە بە چاکتر دەزانێت، ڕەنگە خراپتر بێت.. باشە، دەڵێی چی، قبووڵتە یان نا؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەنگ دەقی وتارە ئەڵمانییەکەی هەڵگرت، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، سێ ڕۆبلێشی هەڵگرت و دەرپەڕی. ڕازومیخین بە واقوڕماوییەوە لە دواوە تەماشای دەکرد. کە ڕاسکۆلنیکۆڤ گەیشتە قاتی یەکەم، کتوپڕ بۆ ژوورەکەی ڕازومیخین، گەڕایەوە، لە پلیکانەکان سەرکەوت، دەقە ئەڵمانییەکە و سێ ڕۆبلەکەی خستەوە سەر مێزەکە، دیسانەوە، بەبێ ئەوەی چرکەی لێوە بێت، چووە دەرەوە، ڕازومیخین لە تووڕەییدا ئاگای لە خۆی بڕا و هاواری لێکرد:
- ئەرێ تۆ سەرخۆشی یان تا گرتووتی؟ کردووتەتە گاڵتەجاڕ! خەریکە منیش شێت دەکەیت.. باشە، بۆ هاتیتەوە، شەیتان؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ کە لەو کاتەدا بە پلیکانەکاندا دەچووە خوارێ، لەسەرخۆ وتی:

- پێویستم بە وەرگێڕان نییە.
ڕازومیخین لە سەرەوە هاواری لێهەستا:
-ئەی چ بەڵایەکت گەرەکە؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بەبێ وەڵامدانەوە هەر دەڕۆشت.
- گوێ بگرە، ماڵەکەت لە کوێدایە؟
وەڵامی نەدایەوە.
- کەواتە، چاوت دەردەهات.
ڕاسکۆلنیکۆڤ ئیدی کەوتبووە سەر شەقامەکە، لەسەر پردی "نیکۆلافسکی" بە هۆی ڕووداوێکی ناخۆشەوە، جارێکی تر هاتەوە سەرخۆی: گالیسکەوانێک قامچییەکی قایمی بە پشتیدا کێشا، لەبەر ئەوەی گالیسکەوانەکە چەند جارێک هاواری لێکردبوو، خەریک بوو ڕاسکۆلنیکۆڤ بکەوێتە ژێر پێی ئەسپەکانەوە. قامچییەکە ئەوەندە بەزەبر بوو، کە ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تووڕەییەوە بەرەو لای پلیکانەکان تێی کێشا (لە ڕاستیا نەتدەزانی بۆ ناوەڕاستی پردەکەی گرتبوو، واتا ئەو شوێنەی کە بۆ هاتوچۆی هۆییەکانی گواستنەوە دانرابوو نەک بۆ پیادەڕەوی) هەر بەو ڕقەوە ددانی بەجیڕ هێنا. بێگومان لەملاوئەولایشیەوە هەرا و پێکەنین بەرز بووەوە.
- دەستی خۆش بێت..
- دیارە گیرفانبڕە.
- بێگومان، خۆی کردووە بە سەرخۆش و بە تایبەتی خۆی فڕێ دەداتە ژێر دەست و پێی ئەسپەکان بۆ ئەوەی شتێکی دەست بکەوێت، دە وەرە و قسەی لەگەڵدا بکە!
- ئەمانە هەر کاریان ئەمەیە جەناب، بازرگانییەکە بۆ خۆی!

بەڵام لەو کاتەدا کە لە پاڵ پلیکانەکاندا وەستابوو، هێشتا لە دواوە نیگایەکی بێمانا و پڕ لە کینەی گالیسکەکەی دەکرد کە وردەوردە دوور دەکەوتەوە، دەستی بۆ پشتی خۆی برد، لەپڕێکدا هەستی کرد یەکێک پارە دەنێتە مشتیەوە. بینی ژنێکی بازرگانی بەتەمەنە بە کڵاو و پێڵاوی تایبەتیەوە، کچێکی کڵاوبەسەری گەنجی لەگەڵدا بوو، چەترێکی سەوزی بە دەستەوە بوو، لەوە دەچوو کچی خۆی بێت، ژنەکە وتی:

- هاوڕێی بەڕێز، بیکە بە خاتری مەسیح لێم وەربگرە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ پارەکەی لێ وەرگرت و دوانەکەیش بە پاڵیا تێپەڕین.

پارچە دراوێکی زیویی بیست کوپیکی بوو، بە سیما و جلەکانیدا هەقیان بوو بە هەژاری بزانن، هەژارێک کە لەسەر شەقامەکان سواڵ دەکات. بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ زۆر باش لەوە گەیشت کە بیست کۆپیک لە تۆڵەی ئەو قامچییەدا بوو کە بەر پشتی کەوت و سۆزی ژنەکەی جووڵاند.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بیست کۆپیکەکەی لە ناو مشتیا توند گوشی. دە هەنگاوێک چووە پێشتر، پاشان ڕووی لە ڕووباری نیڤا و کۆشکی سەڵتەنەتی کرد. ئاسمان بەبێ گەواڵە هەور و ڕەنگی ئاوەکەیش تا ڕادەیەک شین بوو، ئەوەی بە دەگمەن لە ڕووباری نیڤا چاوەڕێ دەکرا، گومەزی کەنیسەکەش لە هیچ جێگایەکی ترەوە بەم جۆرەی ئێستای لای پردەکەوە بە باشی نەدەبینرا، واتا لەو جێگایەوە کە بیست هەنگاوێک لە پەرستگاکەوە بەرچاو دەکەوت و سەرنجڕاکێش بوو، هەروەها درەوشانەوەیەکی تایبەتی ئەوەندە بێگەردی هەبوو، کە بە چاکی جوانکارییەکانیت دەبینی. ئازاری قامچییەکە نەما و ڕاسکۆلنیکۆڤ لێدانەکەی فەرامۆش کرد. تەنیا بیرۆکەیەکی ناخۆش و

بزۆک سەری تێکردبوو. هەر بەو شێوە وەستانەوە ماوەیەک لە ئاسۆی دوور ڕاما: بە شوێنەکە ئاشنا بوو، ئەو کاتانەی دەچوو بۆ زانکۆ، ئەو کاتانەیش کە ئاسایی دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ڕەنگە سەد جار ئەوەی پێش هاتبێت کە هەر لە هەمان جێگادا بە تایبەتی وەستابێت و تەماشای ئەو دیمەنە جوانەی کردبێت. هەموو جارێکیش هەستێکی نادیار هەژاندبێتی، هەمیشە کە لەو دیمەنە ڕامابێت، هەستی بە سۆزێکی نامۆ کردبێت، ئەم دیمەنە شکۆدارە بۆ ئەو وەک ڕۆحێکی مردوو وایە، کە نەدەبیستێ و نەدەژنەوێ. هەموو جارێکیش سەیری بەو هەستە غەمگین و بە نهێنییەی خۆی دەهات، لەبەر ئەوەیش کە لە خۆی دڵنیا نەبوو، وای دادەنا کە لە داهاتوویەکی دووردا دەرکی پێدەکات. ئێستا، لەپڕێکدا زۆر بە ڕوونی ئەو پرسیار و سەرسووڕمانانەی ڕابووردووی خۆی هاتەوە یاد و زانیی بە یادهێنانەوەی ئەوانە ڕێکەوت نییە. هەر ئەو وەستانەی لە هەمان شوێنی پێشوودا، بۆ خۆی جێگای سەرسووڕمان بوو، تۆ بڵێی وا بزانێت کە ئێستایش دەتوانێت بە هەمان شێوازی جاران بیر لەو مەسەلە و دیمەنانە بکاتەوە، کە ئەوسا سەرقاڵیان دەکرد و سەرنجیان ڕادەکێشا. لەوەدابوو پێبکەنێت، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر ناخۆش دڵی گیرا. هەموو ڕابووردوو، واتا بیروبۆچوونی ڕابووردووی و ئەو کێشە و مەسەلانەی پێشووی و سۆز و هەستەکانی ئەو ڕۆژگارانە، هەموو ئەم دیمەنانە و تەنانەت خۆیشی، دەتوت هەر هەموو ئەمانە، هەنووکە لە بن چاڵێکی هەرە قووڵدا، لە خوارەوە، لەژێر پێیدا، بە زەحمەت دەردەکەوتن، وەک ئەوەی هەموو بەرەو ئاسمان باڵ بگرن و لەبەرچاوی ون بن.. کە لەناکاوێکدا و بەبێ مەبەست دەستی خۆی ڕاوەشاند، لە ناو مشتە نووقاوەکەیدا

هەستی بە بیست کوپیکیەک کرد، مشتی کردەوە و لە پارەکەی ڕوانی، پاشان دەستی بڵند کرد و پارەکەی فڕێ دایە ناو ئاوەکەوە، ئینجا گەڕایەوە و بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ، لەو کاتەدا وای هاتە بەرچاو کە بە مقەست هەموو پەیوەندییەکی نێوان خۆی و خەڵک و گشت دنیای بڕیووە.

کە گەیشتەوە ماڵەوە، شەو داهاتبوو، واتا شەش سەعاتی ڕێک ڕێگەی بڕیووە، چۆن و لە کوێوە گەڕاوەتەوە، هیچی لەبیر نەمابوو، جلەکانی داکەند، لە حاڵێکدا کە وەک ئەسپێکی توانالەبەربڕاو دەلەرزی، لەسەر قەنەفەکە ڕاکشا، پاڵتۆکەی بە خۆیدا دا و زۆر زوو ئاگای لە دنیا بڕا..

دنیا تەواو تاریک بوو کە لە دەنگێکی ناخۆش بەئاگا هات. خودایا، ئەم هاوارە چی بوو! دەنگ و ناڵەیەکی ئەوەندە ناسروشتی، زایەڵە و پاڕانەوە و گریان و لێدان و جوێنی لەو بابەتە، هەرگیز لە ژیانیدا نەبیستبووی و نەبینیبووی. تەنانەت نەیدەتوانی درندایەتی و شێتێتییەکی لەو جۆرە بهێنێتە بەرچاوی خۆی.. زۆر ترسناک. هەر بەدەم ڕەنج و هەراسی دڵییەوە لەسەر جێگاکەی هەستا. بەڵام تا دەهات بگرەوبەردەو ناڵە و جمێنەکان دەیاندایە زیادی. لەپڕێکدا زۆر بە سەرسووڕماوییەوە دەنگی خاوەن ماڵەکەیانی ناسی، کە چۆن وەک ئاژەڵێک دەیقروسکاند و هاواری دەکرد و خێرا خێرا ڕستەگەلێکی دووبارە دەکردەوە کە هەرگیز لە وشەکانی نەدەگەیشتی.

تەنیا ئەوەندەت دەزانی کە دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی دەست لە لێدانی هەڵگرن، چونکە زۆر بێبەزەییانە لای پلیکانەکانەوە لێی دەدرا. دەنگی ئەو کەسەی کە لێی دەدا، ئەوەندە تووڕە و ڕکاوی بوو، کە گڕوکرخ ببوو. لەگەڵ ئەمانەیشدا ئەویش هەر بەپەلە و بەدەم هەناسەبڕکێوە

شتگەلێکی بێمانای دەوت. لەپڕێکدا ڕاسکۆلنیکۆڤیش وەک گەڵای دار لەرزی، چونکە دەنگەکەی ناسی. ئەمە دەنگی ئیلیا پتروڤیچ بوو، ئیلیا پتروڤیچ لێرەیە و لە ژنە خاوەن ماڵەکە دەکوتێ، بە لەقە لێی دەدا و سەری بە پلیکانەکاندا دەکێشێت، ئەمە ئاشکرایە و لە دەنگی لێدان و گریانەوە هەموو شتێک دەردەکەوێت. یەعنی چی، بۆ دنیا سەروبن بووە؟

بە ئاسانی گوێت لێدەبوو کە لە هەموو نهۆمەکان و سەر پلیکانەکانەوە خەڵکی کۆ ببوونەوە، دەنگی جۆراوجۆر و سەیر دەکەوتە بەر گوێ، خەڵکەکە سەردەکەوتن، لە دەرکیان دەدا، دەرگاکانیان پێکدادەدا و خەڵکی تریان پێوە دەنیشت. ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تەواوی سەرسامییەوە دەیوتەوە: "ئاخر بۆ؟ چۆن دەبێت؟ شتی وا دەبێت؟" زۆر بە جیدی هاتبووە سەر ئەو ڕایەی کە بەتەواوی شێت بووە، بەڵام نا، زۆر بە ئاشکرا گوێی لێبوو.. بێگومان هەر دێنە سەر و سۆراغی ئەمیش "چونکە.. بێگومان هەموو ئەمانە بەڵگەن.. بۆ کارەساتەکەی دوێنێ.. خودایا!" ویستی دەرگاکە کلۆم بکات، بەڵام دەستی بەرز نەبووەوە.. ئەوەیش بێسوود بوو، ترس هەموو گیانی کردبووە سەهۆڵبەندان، ئازاری دەدا و سڕی کردبوو.. وەلێ وردەوردە هەراوزەناکە کە ماوەی دە دەقیقەی خایاند، هێور بووەوە. هێشتا خاوەن ماڵەکە دەلاڵایەوە، ئیلیا پیتروڤیچیش هەر هەڕەشەی دەکرد و جوێنی دەدا.. تا ئەویش کڕبوو، ئیدی گوێت لە دەنگی نەبوو "بەڕاست ڕۆشتووە! خودایا!" خاوەن ماڵەکەیش دوور کەوتۆتەوە، بەڵێ.. ئەگەرچی هێشتا دەگری و دەناڵێنێ.. ئا.. ئەوە دەرگای ژوورەکەیشی داخرا.. خەڵکەکە بە پلیکانەکاندا بەرەو ئاپارتمانەکانیان بڵاوەی لێدەکەن، ئاخ هەڵدەکێشن، لێک دەدەن، هاوار لە یەکتر دەکەن،

هەندێکجار دەنگیان دەبێتە هاوار و جاری دی دەکەونە ناڵەوزاری. پێدەچێت ژمارەیان زۆر بووبێت، ڕەنگە گشت دانیشتوانی ساختمانەکە بووبن، وەلێ خودایا، دەشێت شتی وا بێت! ئاخر لەبەرچی و ئەم کابرایە بۆ هاتۆتە ئێرە!"

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە بێزارییەوە خۆی دایەوە بەسەر قەنەفەکەدا، وەلێ ئێدی نەیتوانی چاوی لێک بنێت، نزیکەی نیوسەعاتی بە ئازار و هەستێکی ترسناکەوە، کە هەرگیز تا هەنووکە بە خۆیەوە نەدیبوو، بەسەر برد. لە پڕێکا پرشنگێک ژوورەکەی ڕووناک کردەوە: ناستاسیا بە مۆمێک و قاپێک شۆرباوە هاتە ژوورەوە، دوای ئەوەی بە وردی تەماشای ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد و زانی نەنوستووە، مۆمەکەی لەسەر مێزەکە دانا و دەستی کرد بە دانانی ئەو نان و خوێ و قاپ و کەوچکەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی.

- بێگومان لە دوێنێوە هیچت نەخواردووە، تەواوی ڕۆژەکە لە هاتوچۆدا بوویت و تایش سووتاندوویتی.

- ناستاسیا.. بۆ لە خاوەن ماڵەکەیان دەدا؟

ژنەکە چاوی تێبڕی و وتی:

- کێ لە خاوەن ماڵەکەی دەدا؟

- ئێستا، نزیکەی نیو سەعات لەمەوبەر، ئیلیا پتروڤیچی یارمەتیدەری لێکۆڵەرەوە، لەسەر پلیکانەکان.. بۆ بەو جۆرە لە ژنە خاوەن ماڵەکەی دا و.. بۆ هاتبووە ئێرە؟

ناستاسیا بێدەنگ و بۆ ماوەیەک ناوچاوی دا بەیەکدا و هەروا لێی ڕاما، ڕاسکۆلنیکۆڤ لەم ڕوانینە کونپشکنییە زۆر بێتاقەت بوو، تەنانەت ترسا، پاشان بە دەنگێکی لاواز و لەسەرخۆ وتی:

- ناستاسیا بۆ بێدەنگ بووی؟

ناستاسیا لەسەرخۆ، وەک ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێت، وەڵامی دایەوە:

- ئەمە خوێنە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕەنگی هەڵبزڕکا، خۆی بەرەو لای دیوارەکە بەکێش کرد و لەبەر خۆیەوە وتی:

- خوێن!.. خوێنی چی؟

ناستاسیا بێدەنگ، هەر تەماشای ئەوی دەکرد، تا دوایی دیسانەوە بە دەنگێکی توند و سەختەوە وتی:

- کەس لە خاوەن ماڵەکەی نەداوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ تەماشای دەکرد و بە زەحمەت هەناسەی دەدا، ئەوسا بە دەنگێکی لەسەرخۆتر لە پێشوو وتی:

- من خۆم گوێم لێبوو.. نەخەوتبووم، دانیشتبووم، ماوەیەک گوێم گرت.. یارمەتیدەری لێکۆڵەرەوەکە هاتبوو.. هەموو لەسەر پلیکانەکان کۆ ببوونەوە، لە هەموو ئاپارتمانەکانەوە..

- کەس نەهاتبوو، ئەوە خوێنی خۆتە هاوار دەکات، کاتێک خوێن ڕێی هاتنەدەرەوەی دەگیرێت و هێرش بۆ جگەر دەبات، ئەو کاتە دەداتە مێشک و خەون و خەیاڵاتی پێدەکات،.. چاکە، ئێستا دەخۆیت یان نا؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی نەدەدایەوە، ناستاسیا هەر بە سەریەوە وەستابوو، لێی ورد دەبووەوە و نەدەڕۆشت.

- ناستاسیا گیان.. ئاوم بدەرێ.

ناستاسیا چووە خوارێ و دوای دوو دەقیقە شەربەیەکی سپیی پڕ لە ئاوی هێنا و گەڕایەوە، وەلێ ڕاسکۆلنیکۆڤ ئیدی نەیزانی چی ڕووی دا، تەنیا ئەوەی لەبیر بوو کە قومێکی لە ئاوە ساردەکە نۆشی و

ئەوی تری ئاوی ناو شەربەکەی کرد بە سەر سنگی خۆیدا، پاشان بێهۆش کەوت.

٣

ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەوە نەبوو کە بە درێژایی نەخۆشییەکەی هۆشی لەدەست دابێت، نۆرەتایەکی توندی دەهاتێ لەگەڵ وڕێنە و نیمچەبێهۆشییەک. دوایی گەلێک لەو شتانەی بیر کەوتەوە، هەندێکجار وای دەهاتە پێشچاو کە خەڵکێکی زۆر دەوریان داوە و هەموو دەیانەوێت بیگرن و بۆ جێگایەکی بەرن، لە بارەیەوە لە گفتوگۆدان و مشتومڕیانە، جاری دی، لەپڕا تاقوتەنیا لە ژوورەکەدا دەمێنێتەوە، هەموویان دەڕۆنە دەرەوە، چونکە لێی دەترسن، جارجارە کەمێک دەرگاکە دەکەنەوە و لێی دەڕوانن، دەکەونە هەڕەشە لێی و لە نێوان خۆیاندا پلانی لێدەگێڕن، پێدەکەنن و گاڵتەی پێدەکەن.
ڕاسکۆلنیکۆڤ یاد لە ناستاسیا دەکات، کە زۆرجار لە پاڵ خۆیدا دەیبینێت، یەکێکی تریش هەروا، گوایا زۆر ئاشنای بووە، بەڵام ئەو کەسە کێیە؟ بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی ئەوە بزانێت، لەم لایەنەوە ئازاری دەچەشت و تەنانەت دەگریا، جار هەبوو وایدەزانی مانگێکی ڕێکە خەوتووە، جاری تر بە ڕۆژێکی دووروودرێژی ناودێر دەکرد. بەڵام "ڕووداوەکە"، ئەو ڕووداوەی بە تەواوی فەرامۆش کردبوو، هەمیشەیش لەبیری ئەوەدا بوو کە مەسەلەیەکی فەرامۆش کردووە، کە نابێت فەرامۆش بکرێت. بۆ بەیادهێنانەوەی ڕەنج و ئازاری دەکێشا، دەینالاند، تووشی ڕق و تووڕەیی و ترس و هەراسانی دەهات. لەو کاتانەدا دەیویست لە جێگاکەی هەستێت، دەیویست ڕابکات، وەلێ هەمیشە یەکێک بە زۆر ڕێی لێدەگرت و دووبارە

وەڕزی دایدەگرت و بێهۆش دەکەوتەوە، پاشان بە تەواوی دەهاتەوە هۆش خۆی.
سەعات دەی سەرلەبەیانییەک ئەمەی بەسەر هات، ئەو بەیانییە لە ڕۆژە بێگەردەکان بوو، بەردەوام هەتاوەکە بە شێوەی هێڵێکی پانودرێژ ڕاست دەکەوتە سەر دیوارەکە و سووچێکی لای دەرگاکەی ڕووناک دەکردەوە، ناستاسیا و یەکێکی تر، کە زۆر کونپشکنیانە لەمی دەڕوانی و کەسێکی نەناس بوو. لە پاڵ قەرەوێڵەکەیدا وەستابوون، ئەم کەسە لاوێکی چاکەتلەبەری ڕیش تەنک بوو، زیاتر لە کارگوزارێک دەچوو، لە دەرگا نیوەکراوەکەی خاوەن ماڵەکەوە تەماشای ناوەوەی دەکرد، ڕاسکۆلنیکۆڤ کەمێک جووڵا و بەدەم ئاماژەکردنەوە بۆ لاوەکە، پرسی:
- ناستاسیا، ئەوە کێیە؟
ناستاسیا وتی:
- ئاخری هاتەوە هۆش خۆی!
لاوە کارگوزارەکە قسەکەی پەسەند کرد:
- بەڵێ، هاتەوە هۆش خۆی.
خاوەن ماڵ کە لە درزی دەرگاکەوە دەیڕوانی، هەر ئەوەندەی کە زانی هاتۆتە هۆش خۆی، دەرگاکەی زوو داخست و ونبوو، هەمیشە کەمڕوو بوو، بە زەحمەت دەیتوانی گفتوگۆ یان شت ڕوون بکاتەوە، تەمەنی نزیکی چل ساڵ، قەڵەو، چاووبرۆ ڕەش و بە هۆی قەڵەوی و تەمبەڵییەوە، میهرەبان و تەنانەت زۆر ڕۆحسوک بوو، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر شەرمن بوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕووی لەلاوەکە کرد و پرسی:
- تۆ کێیت؟

وەلێ لەم کاتەدا جارێکی دی دەرگاکە بە تەواوی کرایەوە و ڕازومیخین کە کەمێک خۆی دانەواندبوو، لەبەر ئەوەی باڵای زۆر بەرز بوو، هاتە ژوورەوە و بەدەنگی بەرز وتی:

- هەر دەڵێی ژووری ناو کەشتییە، هەمیشە بەرتەوێڵم دەکەوێت، ئاخر بەمەیش دەڵێن ئاپارتمان! دەی، هاوڕێ، هاتوویتەتەوە سەر خۆت؟

پاشنکا[1] ئێستا پێی وتم

ناستاسیا وتی:

- هەر ئێستا هاتەوە سەر خۆی.

کارگوزارە لاوەکە بە زەردەخەنەیەکەوە وتییەوە:

- بەڵێ، هەر ئێستا هاتۆتەوە سەر خۆی.

ڕازومیخین لەپڕا ڕووی لە کارگوزارەکە کرد و وتی:

- بەڵام تۆ کێیت؟ من دەبینیت، من ناوم ڤراز و میخینە، نەک ڕازومیخین، کە هەمووتان بە هەڵە وام پێدەڵێن، بەڵێ ڤڕازومیخین، خوێندکار و کوڕە خانەدانم و ئەویش هاوڕێمە، باشە، ئەی جەنابتان کێن؟

- من لە نووسینگەی خۆماندا کار دەکەم، لە لایەن شلوپایفی[2] بازرگانەوە بۆ کارێک هاتوومەتە ئێرە.

- فەرموو لەسەر ئەو کورسییە دابنیشە.

---

[1] پاشنکا، یان (پاشا) ناوە چکۆلەی باراسکیفا، براسکوفیایە کە لەبەر ناز و خۆشەویستی پێی دەوترێت براسکوفیا. خاوەنی ئەو ماڵەیە کە ڕاسکۆلنیکۆفی تیا دەژی -و-

[2] *shelopayef*

خودی ڕازومیخینیش لەسەر کورسییەکی ئەودیوی مێزەکەوە دانیشت، ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- تۆیش هاوڕێ، چاکت کرد هاتیتەوە هۆش خۆت، ئەمە چوارەم ڕۆژە بە زەحمەت شتێک دەخۆی یان دەخۆیتەوە، باوەڕ بکە بە کەوچک چایان دەدایتێ، من دووجار زوسیموفم[1] هێناوەتە سەرت، لە بیرتە؟ زوسیموف زۆر بە وردی فەحسی کردیت و وتی هیچ نییە و ڕەنگە شتێک بەر سەرت کەوتبێت، بارێکی نالەباری دەمارگیرییە، تووشی بەدخۆراکی بوویت، دەڵێت بیرە و خەرتەلەیان کەم داویتێ، نەخۆشییەکەت هی ئەوەیە. وەلێ گرنگ نییە، زوو تێدەپەڕێت، ئافەرین زوسیموف، سەرەتایەکی باشی دەست پێکردووە بۆ چارەسەرکردن.

پاشان جارێکی تر تەماشای لاوەکەی کردەوە و وتی:

- نامەوێت لە کارەکەت دوا بکەویت، چیت هەیە بیڵێ.

ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و وتی:

- ڕودیا، ئەمە جاری دوەمە لە نووسینگەکەی ئەمانەوە دێن بۆ ئێرە، بەهەرحاڵ، جاری پێشوو، ئەم نەبوو، یەکێکی تر بوو، ئێمە قسەمان لەگەڵیدا کرد. ئەوەی پێش تۆ هاتبووە ئێرە کێ بوو؟

- بێگومان سێ ڕۆژ لەمەوبەر دەڵێیت، ڕاستە، ئەو ئەلکسی سیمونوڤیچ[2] بوو. ئەویش لە نووسینگەکەی ئێمەیە.

- وەلێ ئەو لە تۆ تێگەیشتوتر بوو، تۆ ئەڵێی چی؟

- وایە، بە ڕاستی ئەو بەهرەمەندترە.

- زۆر چاکە، بەردەوام بە.

---

[1] *Zosimof*

[2] *Alexey semyonovich*

لاوەکە ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و وتی:
- بە هۆی ئافاناسی ئیڤانۆڤیچ ڤاکروشینەوە[1]، وابزانم ناوتان زۆر ژنەوتوە، لەسەر داوای دایکت، حەواڵەیەک کە بۆ ئێوە هاتووە، گەیشتۆتە نووسینگەکەمان، ئەگەر تەواو هاتوویتەوە سەر خۆت، سیوپێنج ڕوبڵتان دەدەمێ، چونکە سیمیون سیمیونوڤیچ[2]، بە هۆی ئافاناسی ئیڤانۆڤیچەوە و لەسەر داوای دایکتە، وەک جاری پێشوو ڕاسپێری کراوە، ئاگاداریت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری کردەوە و وتی:
- بەڵێ.. لە بیرمە.. فاخروشین..
ڕازومیخین دەنگی هەڵبڕی و وتی:
- گوێت لێیە؟ فاخروشینی بازرگان دەناسێت، کەواتە چۆن ئاگای لە خۆی نییە؟
منیش وا ئێستا تێدەگەم کە تۆیش کەسێکی تێگەیشتوویت، کەواتە گوێگرتن لە کەسانی بەئاوەز کارێکی چاکە.
- وایە، فاخروشین هەمان ئافاناسی ئیڤانۆڤیچە، لەسەر داوای دایکت، کە هەر ئەوان و بە هەمان ئەم شێوەیەی ئێستا، جارێکی دی پارەی بۆ حەواڵە کردبوویت، ئەمجارەیش داواکەی ڕەت نەکردەوە و چەند ڕۆژێک لەمەوبەر هەر لەم شوێنەوە هەواڵیان بە سیمون سیمینویڤچ دا کە سیوپێنج ڕوبڵت بدەنێ، بە تەمای دەرفەتێکی باشتر.

---

[1] *Afanaci Ivanovich Vakhroushin*

[2] *semyon semyonovich*

- بڕیاری "بە تەمای دەرفەتی باشتر"ت بە چاکی وت، بە نیسبەت "دایکیشتەوە" هەر خراپ نەبوو، ئێستا چۆنتان دێتە بەرچاو، ئایا بە تەواوی هاتۆتە هۆشی خۆی، یان نا؟

- بە لای منەوە خەوشی نییە، تەنیا ئەوەی من بمەوێت، پسوولەی بەدەستگەیشتنیەتی.

- ئەو پسوولەکەت بۆ دەنووسێت، ئەوە چییە پێت، دەفتەرە؟

- بەڵێ دەفتەری بەدەستگەیشتنە، فەرموو.

- بمدەرێ، دەی ڕودیا، هەستە و من دەتگرم، ناوی ڕاسکۆلنیکۆڤی بۆ بنووسە، قەڵەمەکەت بگرە، چونکە ئێستا هاوڕێ، زیاد لە هەر شتێک پێویستمان بە پارەیە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ قەڵەمەکەی دایە دواوە و وتی:

- پێویست ناکات.

- چی پێویست ناکات؟

- مۆری ناکەم.

- ئای! لەعنەت لە شەیتان، ئاخر چۆن مۆری ناکەیت؟

- پارە.. پێویستم پێی نییە..

- چۆن پارەت پێویست نییە! نا، هاوڕێ درۆ دەکەیت، من خۆم دەزانم.

ڕازومیخین ڕووی لە لاوەکە کرد و وتی:

- تۆ نیگەران مەبە، تکایە، هەر ئاوا.. دیسانەوە وڕێنە دەکات، هەرچەندە لە کاتی بێداریشدا هەر تووشی دێت.. تۆ پیاوێکی ئاقڵیت، ئێمە ڕێنمایی دەکەین، یەعنی بە کورتی و پوختی دەستی دەگرین و مۆرەکەی پێدەکەین، دەی وەرە.

- بەڵام من دەتوانم جارێکی تر بێمەوە.

- نا، نا، بۆ زەحمەت بکێشیت، تۆ پیاوێکی ئاقڵیت.. دەی.. ڕودیا، میوانەکە دوا مەخە.. نابینی چاوەڕێتە؟

ڕازومیخین تەواو لە دڵەوە خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو کە دەستی ڕاسکۆلنیکۆڤ بگرێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:

-لێم گەڕێ، خۆم دەتوانم..

قەڵەمەکەی هەڵگرت و ئیمزای دەفتەرەکەی کرد، لاوەکە پارەکەی دایە و ڕۆشت.

- دەستخۆش. دەی هاوڕێ، ناتەوێت شتێک بخۆیت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی دایەوە:

- با، دەخۆم.

ڕازومیخین پرسی:

- شۆرباتان هەیە؟

ناستاسیا کە بە درێژایی ئەو ماوەیە لەوێ وەستابوو، وەڵامی دایەوە:

- شۆربای دوێنێشەومان هەیە.

- بە پەتاتە یان وردە برنج؟

- بە پەتاتە و وردە برنجیش.

- زۆر باشە، شۆرباکە بهێنە، چایش..

- هەر ئێستا دەیانهێنم.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە سەرسووڕماوی و ترسێکی زۆر و بە بیدەنگی لە هەموو شتێکی دەڕوانی، بڕیاریدا بێدەنگ بێ و چاوەڕێ بکات، بۆ ئەوەی بزانێت کۆتاییەکەی بە چی دەگات، بە خۆی وت: "دەڵێیت من لە حاڵەتی وڕێنەکردندا نیم.. پێدەچێت هەموو ئەمانە ڕاستی بن.."

دوای دوو دەقیقە ناستاسیا شۆرباکەی هێنا و وتی چایەکەیش وا پێدەگات، بە شۆربا و دوو کەوچک و دەفرێک و تەواوی شتەکانی دی: خوێدان، بیبەردان. خەرتەلە بۆ گۆشتەکە و شتی تریش. دەمێک بوو خوانێکی وا نەڕازابووەوە، سفرەکەیش پاکژ بوو.

ڕازومیخین وتی:

- ناستاسیا گیان، خراپ نییە ئەگەر پراسکوفیا پاڤلۆڤنا[1] دوو قاپی بچووک بیرەمان بۆ بنێرێت، تا بیخۆینەوە.

- بۆ ئەمانە زۆر زرنگیت!

بەدەم قسەکردنەوە ناستاسیا ڕۆیشت بۆ جێبەجێکردنی داواکە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ زۆر بە نیگەرانییەکی سەیرەوە چاو و گوێی کردبووەوە. هەر لەو کاتەدا ڕازومیخین لەسەر قەنەفەکەی ئەو دانیشت، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ڕاسکۆلنیکۆڤ خۆی توانای دانیشتنی هەبوو، کەچی ئەو وەک ورچێک، بەدەستی چەپی سەری لە باوەش گرت و بەدەستی ڕاست کەوچکی شۆرباکە کە چەند جارێک فووی لێکردبوو تا دەمی هاوڕێکەی نەسووتێت، لە دەمی نزیک کردەوە. بەڵام شۆرباکە خۆی گەرم نەبوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ئیشتیهاوە کەوچکێکی لە شۆرباکە خوارد. ئینجا کەوچکی دووەم و سێیەم، بەڵام دوای چەند کەوچکێک لەپڕێکدا ڕازومیخین وەستاو وتی دەبێت ئیدی پرس بە زوسیموف بکەین.

ناستاسیا بە دوو قاپ بیرەوە هاتە ژوورێ.

- چایت دەوێت؟

- بەڵێ.

---

[1] *Praskofia pavlovna*

- ناستاسیا، چایەکە زووتر بێنە، چونکە دەتوانین بەبێ گوێدانە وانەی کۆلێژی پزیشکیش چا بخۆینەوە، ئا.. ئەمەیش بیرە.
ڕازومیخین ئەمەی وت و لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشت، شۆربا و گۆشتەکەی لە خۆی نزیک خستەوە، ئەمەندە بە پەرۆشەوە دەستی بە خواردن کرد، دەتوت سێ ڕۆژە نانی نەخواردوە، پاشان ئەوەندەی کە تیکەکەی ناودەمی مۆڵەتی بدایە، وتی:
- هاورێ، ڕودیا، من ئێستا هەموو ڕۆژێک لای ئێوە بەم جۆرە نان دەخۆم، هەموو ئەم میوانداریيە پاشانکا، خاتوونەکەی خاوەن ماڵتان، خەرجیی دەکێشێت، لە ناخی دڵییەوە لە من تێدەگات، بێگومان منیش هیچ داوایەکم نییە، بەڵام هیچیش ڕەت ناکەمەوە، ئا، ئەوەیش ناستاسیا و چایەکەی، چەندە زرنگە! ناستاسیا گیان، بیرەت ناوێت؟
- بڕۆ، فێڵباز!
- ئەی چای؟
- چای؟ ئەوە قەیدی نییە.
- تێکە، وەلێ نا، من خۆم بۆت تێدەکەم، دابنیشە، لە پشت مێزەکەوە دابنیشە.
ڕازومیخین زۆر زوو کارەکەی ئەنجام دا، چای بۆ تێکرد، پاشان فنجانێکی تری پڕ کرد، دەستی لە خواردنەکەی کێشایەوە و لەسەر قەنەفەکە دانیشتەوە، وەک جاری پێشوو ورچئاسا بە دەستی چەپی سەری نەخۆشەکەی لە باوەش گرت، کەمێک هەڵیساند و بە کەوچکی چایەکە چای بە دەمیەوە دەکرد، بەردەوامییش زۆر بە بایەخەوە فووی لە کەوچکە چاکە دەکرد: وەک ئەوەی ئەو فوولێکردنە گرنگترین ئەنگێزەی ڕزگاربوونی نەخۆشەکە بێت. ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەنگ و هیچ بەرگرییەکی نەدەکرد، هەرچەندە لە خۆی ڕادەبینی، کە

هەستێت و لەسەر قەرەوێڵەکە دابنیشێت بەبێ ئەوەی کەس یارمەتیی بدات. نەک تەنیا توانای دەستبەکارهێنان، بەڵکو لەو باوەڕەدا بوو کە توانای بەڕێگەدارۆیشتنیشی هەیە. بەڵام بە جۆرە فێڵێکی سەیر، فێڵێک کە دەتوت غەریزەیە، لەپڕێکدا وای بە خەیاڵدا هات کە وا چاکە تا ماوەیەک هێز و تواناکەی بشارێتەوە. خۆ بکاتە نەخۆش و لە کاتی پێویستیشدا کەمێک خۆی بداتە گێلی، لە بۆسەدا بێ و گوێی بیستن و زانینی بە چاکی بخاتە گەڕ تا بزانێت لە دەوروبەریدا چی ڕوو دەدات. لەگەڵ ئەمانەیشدا نەیتوانی خۆی لەو هەستە نەفرەتییە ڕزگار بکات، کە تیایدا پەیدا ببوو. هەر ئەوەندەی پێنج کەوچکێکی خوارد، لەناکاوێکدا سەری خۆی ئازاد کرد و کەوچکەکەی وەک منداڵ دایە دواوە و کەوتەوە سەر سەرینەکە، ژێر سەرەکەی سەرینی پەڕ و بەرگەکەی پاکوخاوێن بوو. ئەمە سەرنجی ڕاسکۆلنیکۆڤی ڕاکێشا و لای سەیر بوو.

ڕازومیخین سەرلەنوێ هاتەوە جێگاکەی خۆی و کەوتەوە خواردنی شۆربا و بیرەکەی و وتی:

- پاشانکا دەبێت هەر ئەمڕۆ هەندێک مرەبای تووماں بۆ بنێرێت، بۆ ئەوەی بۆ ڕودیا شەربەتی لێ دروست بکەین.

ناستاسیا کە ژێرپیاڵەی چاکەی لەسەر هەر پێنج پەنجە کراوەکەی خۆی دانا بوو و چای دەخواردەوە، پرسی:

- لە کوێ تووت بۆ پەیدا بکات؟

- ئازیزەکەم، توو لای بەقاڵ دەست دەکەوێت. دەزانیت ڕودیا، لێرە بەبێ ئەوەی تۆ بیزانیت چیرۆکێک ڕووی داوە، ئەو کاتەی کە تۆ فێڵبازانە لە پێشی من هەڵاتی و ناونیشانی ماڵەکەیشت بەجێ نەهێشت، لەپڕا لە سەری دام و بڕیارم دا بتدۆزمەوە و سزات بدەم،

لەو ڕۆژەوە دەستبەکاربووم، هێند گەڕام و پرسیم مەپرسە، ئەم ماڵەی ئێستاتم لەبیر نەمابوو، هەرچەندە لە ڕاستیا هەرگیز ئێرەم هەر نەزانیووە، بەڵام ماڵەکەی پێشوتم دەزانی، کە نزیک بە "پێنجگۆشە" و لە ساختمانی "خارلاموف"[1] بوو. ئەمەندە بەدوای ئەو خانووەی خارلاموفدا گەڕام و گەڕام، تا لە دواییا دەرکەوت کە خانووەکە بەناوی خارمولاموفەوە نییە، بەڵکو بە ناوی "بوخا"وەیە، هەندێکجار مرۆڤ هەڵە لە ناودا دەکات. زۆرم ڕق هەستا، بە تووڕەییەوە بەرەو نووسینگەی تۆمارگەکە چووم. بڕوانە، بە دوو دەقیقە تۆیان بۆ دۆزیمەوە، ناوی تۆ لەوێ تۆمار کراوە.

- تۆمار کراوە!

- ئەی چۆن. بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووم، نەیانتوانی سەرتیپ "کوبلیف"[2] بدۆزنەوە، دەی، زۆری دەوێت، بەهەرحاڵ، هەر کە هاتمە ئێرە، هەموو شتەکانتم زانی، هەموو شتێک هاوڕێ، هەموویانم زانی، هەموو شتێک دەزانم، نیکودیم فومیچم ناسی، ئیلیا پتروڤیچیشیان نیشان دام، دەرگاوان و جەنابی زامیوتۆف[3] یەعنی ئەلکساندەر گریگوریڤیچ[4] کە سکرتێری بەڕێوەبەریەتی نووسینگەکەیە. پاشان لەگەڵ پاشانکایشدا کە گوڵی سەرمێزی هەموان بوو، هەموو ئەمانە و ناستاسیایش دەزانێت..

---

[1] *Kharlamof*

[2] *Kobelyof*

[3] *Zamyotof*

[4] *Alexandre Grigorievich*

ناستاسیا بە زەردەخەنەیەکی تەوساوییەوە وتی:
- زۆرت پیا هەڵدا!
- وا چاکترە چای شیرین بخۆیت، ناستاسیا نیکیفورڤنا[1].
ناستاسیا لەپڕا دایە پێکەنین و بە دەنگی بەرز وتی:
- تووله سەگ!
کە پێکەنینەکەی کۆتایی هات، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:
- وەلێ من ناستاسیا پتروڤام[2]، نەک نیکیفورڤنا.
- باش بوو ئەمەم زانی.
پاشان ڕازومیخین ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و وتی:
- دەی، هاوڕێ، بۆ ئەوەی زۆر نەڵێم، دەبێت ئەوە بدرکێنم کە من دەمویست هەر لە سەرەتاوە لێرەوە تەزوویەکی بەهێزی کارەبا بخەمە کار، بۆ ئەوەی لە ڕەگەوە، هەموو وەهمەکانی ئەم ناوە بە یەکجاری ڕێشەکێش بکەم. وەلێ پاشانکا سەرکەوت، لە ڕاستیا هاوڕێ، من هەرگیز چاوەڕێم نەدەکرد کە ئەو تا ئەو ڕادەیە.. دەستودڵ کراوە بێت، وایە؟ تۆ دەڵێی چی؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەنگ بوو، هەرچەندە بۆ کەمێکیش نیگا پڕ لە دوودڵییەکەی خۆی لەسەر ئەو لانەدا و تا دەهات زیاتر لێی ڕادەما.
ڕازومیخین کە لە بێدەنگییەکە هیچ ناڕەحەت نەبووبوو، وەک ئەوەی وەڵامێکی دەست کەوتبێت، کە دەیویست پاڵپشتیی لێبکات، وتی:
- دەتوانم بڵێم، زۆر خانەدانانە و لە هەموو ڕوویەکیشەوە!

---

[1] *nikiforovna*

[2] *petrova*

ناستاسیا که پێدەچوو قسەکانی لەبەردڵ خۆشبێت و لەزەتی لێببینێت، بە دەنگی بەرز وتی:

- ئەی حەیوان!

- کێشەکە لێرەدایە هاوڕێ، تۆ هەر لە سەرەتاوە نەتتوانی تەگبیری کاری خۆت بکەیت، نەدەبوو لەگەڵیدا وابیت، ئاخر وەک دەڵێن، ئەو ڕەوشتێکی زۆر سەیری هەیە. چاکە دوایی باس لە ڕەوشت و خووی دەکەین.. بەڵام چۆن دەبێت کار بگاتە ڕادەیەک کە ئەو بتوانێت خواردنت لێببڕێت؟ یان بۆ نموونە ئەو پسووڵەیە، بە ڕاست تۆ شێت بوویت کە پسووڵە مۆر دەکەیت؟ یان ئەو پڕۆژەی ژنهێنانە، ئەو کاتەی ناتالیا یگوروڤنا[1]ی کچی کە هێشتا نەمردبوو.. من هەموو شتێک دەزانم، بە ڕاستی دەزانم ئەمە نوختەیەکی گرنگە و منیش کەرم، بمبوورە، بەڵام دەربارەی دەبەنگی، تۆ چۆنی بیر لێدەکەیتەوە هاوڕێ، ئەم براسکوفیا پاڤلوڤنایە، لە یەکەم بینیندا وا نایەتە بەرچاو کە دەبەنگ بێت، وایە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە چاوی لەلایەکی تربوو، بەڵام دەیزانی وا چاکە گفتوگۆکە نەبڕێت، بە لالووتێکەوە وتی:

- وایە..

ڕازومیخین لەو وەڵامگیرییە خۆشیی هات و هاواری کرد:

- وایە؟ بەڵام ئاقڵیش نییە، بە تەواویی کەسایەتییەکی نائاسایی هەیە، بە ڕاستی برا گیان من چاک سەری لێدەرناکەم، باوەڕت هەبێت، بێگومان تەمەنی چل ساڵ دەبێت، خۆی دەڵێ سیوشەش ساڵم و هەقیشیەتی، سوێندت بۆ دەخۆم کە من دەربارەی ئەو زیاتر لە ڕووی

---

[1] natalia Egorovna

ئەقڵەوە داوەری دەکەم، لە باری سەرنجی میتافیزیکییەوە، نێوان ئێمە هاوڕێ، کۆمەڵە مەسەلەیەک هاتە گۆڕێ، کە زانستی جەبری تۆ هیچە! بە ڕاستی من هیچی لێتێناگەم. هەموو ئەمانە توڕەهاتن. وەلێ کاتێک ئەو تۆ دەبینێت، کە ئیتر خوێندکاری زانکۆ نیت و لە دەرس و جلوبەرگ بێبەش کراویت و کچەکەیشی مردووە، ئیتر هیچ پاساوێک نییە کە دەربەستیت بکات و ئاگای لێت بێت، لەپڕا ترسی لێنیشت. لەلایەکەوە تۆ خۆت گۆشەگیر کردووە و ناتەوێت پەیوەندییەکەی جارانت هەبێت، بۆیە ئەوییش بیری لەوە کردۆتەوە کە لێرە دەرت بکات، ماوەیەک بوو بیری لەمە دەکردەوە، بەڵام گرێبەستەکە ڕایگرتبوو، چونکە تۆ خۆت لەوە دڵنیات کردبوو کە دایکت پارەکە دەدات..

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگی بەرز و ڕوون وتی:

- من لە ڕووی نابووتی خۆمەوە ئەوەم وت. ئەگینا دایکم لەوەدایە بکەوێتە دەرۆزەکردن.. من درۆم دەکرد تا لە ئاپارتمانەکەدا داڵدەم بدەن و خواردنم بدەنێ.

- وایە، ئەمە کارێکی ژیرانە بوو، وەلێ قسە لەوەیە کە لەم نێوانەدا جەنابی چبارف کە کەسایەتییەکی گرنگ و ڕاوێژکاری دادگایە، هاتە ناوەوە. ئەگینا پاشانکا بەبێ ئەو هەرگیز بیری لە کاری وا نەدەکردەوە. چونکە زۆر شەرمنە، بەڵام پیاوی دەوڵەمەند و ڕاوێژکار نازانێت شەرم چییە. بێگومان، پێش هەر شتێک پرسیاری ئەوەی کردووە کە ئایا سەنەدەکانی دەست دەکەوێت یان نا؟ دیارە وەڵامی بە ئەرێ دراوەتەوە. چونکە دایکێک لەئارادایە کە لە سەد و بیستوپێنج ڕوبڵی مووچەی خۆی، ئەگەر نانیش نەخوات، ڕودیا هەر ڕزگار دەکات. خوشکێکیشی هەیە لەبەر خاتری براکەی ئامادەی

کۆیلایەتیکردنە، ئەم پشتی بەوان بەستووە، تۆ بۆ ئەوەندە پەشۆکاویت؟ هاوڕێ، ئێستا من هەموو نهێنییەکانت دەزانم، بێهوودە نەبوو لەگەڵ پاشانکادا، ئەو کاتەی پەیوەندیتان خۆش بوو، دەردەدڵت بۆ دەکرد. وەلێ ئێستا من لە ڕووی هاوڕێیەتیەوە پێت دەڵێم و ڕاستیش دەکەم: مرۆڤی خانەدان و بەهەست ڕاستوڕەوان دەردی دڵی خۆی دەکات و مرۆڤی زرنگ گوێی بۆ دەگرێ و خۆراکەکەی دەخوات و پاشانیش کەسەکە قووت دەدات، هەر بەم جۆرە پاشانکا سەنەدەکەی داوەتە چبارف، وەک ئەوەی ئەو پارەکەی دابێتێ، ئەمیش داوای دانەوەی قەرزەکەی کرد و ئەم کارەی لا ئاسان بوو. کە ئەمانەم هەموو زانی، ویستم بە ویژدانێکی ئاسوودەوە تەزووە کارەباکەمی بۆ بنێرم، وەلێ لەم کاتەدا لە نێوان من و پاشانکادا گونجانێک دروست بوو، بۆیە دەستورم دا هەموو کارەکە ڕابگرن. واتا هەر لە سەرەتاوە من چوومە ژێر ئەوەی کە تۆ پارەکە دەدەیتەوە. من، هاوڕێ بووم بە زامنی تۆ. گوێت لێمە؟ چبارفمان بانگ کرد، دە ڕۆبڵمان لە مشتی ناو سەنەدەکەمان لێسەندەوە. ئێستا بە شانازییەوە دەیدەمەوە دەستت. ئێستا بڕوایان بە قسەت هەیە، فەرموو بیگرە، من وەک پێویست دەبوو هەندێکی لێبدڕێنم.

ڕازومیخین سەنەدەکەی خستە سەر مێزەکە، ڕاسکۆلنیکۆڤ سەیرێکی کرد و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، ڕووی لە دیوارەکە کرد، بە جۆرێک کە ڕازومیخین تەنگە گرتی و دوای دەقیقەیەک وتی:

- هاوڕێ، پێدەچێت من جارێکی دی گەوج بووبێتم، من دەمویست لە بیرت بەرمەوە، بەم چەنەبازییەم ئاسوودەت بکەم، کەچی لەوە دەچێت ئاگری تووڕەبوونتم خۆشتر کردبێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ دوای دەقیقەیەک بێدەنگی، بەبێ ئەوەی ڕووی تێبکات، وتی:
- تۆ ئەو کەسەی کە لە کاتی وڕێنەکردنەکەمدا نەمدەناسیت؟
- من بووم، تەنانەت بەهاتنی من تۆ ئاگات لە خۆت نەمایەوە، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە زامیوتوفم لەگەڵدا بوو.
- زامیوتوف.. سکرتێرەکە؟ بۆ؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەپڕێکدا ڕووی وەرگێڕا و چاوی لە ڕازومیخین بڕی.
- چی بوو، بۆ ئەوەندە شپرزەبوویت؟ ئەو دەیویست بتناسێت، خۆی دەیویست، چونکە زۆرجار لەبارەی تۆوە قسەمان کردووە، ئاخر ئەگەر ئەمە نەبووایە، دەمتوانی لە کێوە ئەم هەموو شتە دەربارەی تۆ بزانم؟ لاوێکی چاکە هاوڕێ، زۆر چاکە.. هەڵبەتە لە بابەتی خۆی، ئێستا هاوڕێی یەکترین و تا ڕادەیەک هەموو ڕۆژێک یەکتر دەبینین، ئاخر من گوێزاومەتەوە بۆ ئێرە، نەتزانیووە؟
تازە گوێزاومەتەوە، لەگەڵ ئەودا یەک دوو جار لێزاڤیتامان بینی، لێزاڤیتات لە بیرە، لێزاڤیتا ئیڤانۆڤنا؟
- ئایا من وڕێنەم دەکرد؟
- ئەی چۆن، هەر ئاگات لە خۆت نەبوو.
- چیم دەوت؟
- چیت دەوت؟ مەعلوومە وڕێنەکەر چی دەڵێت.. دەی هاوڕێ، بۆ ئەوەی کاتمان بەفیڕۆ نەچێت، با دەستبەکار بین.
ڕازومیخین هەستاو کڵاوەکەی بەدەستەوە بوو.
- ئاخر، چیم دەوت؟
-واز ناهێنیت! ناشێ لە ئاشکراکردنی نهێنییەک بترسیت؟ مەترسە! لەبارەی کۆنتێسەوە هیچت نەوت، بەڵام لەبارەی سەگی پاس

"بولدوگ" و گواره و زنجیری ئاڵتون و دوورگەی "کریستوفسکی" و دەرگاوان و نیکودیم فومیچ و ئیلیا پیتروڤیچ و یارمەتیدەری لێکۆڵەرەوە، زۆرت وت. بێجگە لەمانە، زۆریش لەسەر گۆرەوییەکانت دوایت و بایەخت دانێ. دەپاڕایتەوە کە گۆرەوییەکانت بدەنەوە، تەنیا گۆرەوییەکانت بدەنەوە. زامیوتوف خۆی هەموو کونوکەلەبەرەکانی بە دوای گۆرەویەکانتا پشکنی، ئەم گۆرەوییە گەنیلانەیەی دۆزییەوە، بە دەستە بچووکەکانی خۆی کە بە گوڵاو شتبوونی و ئەنگوستیلەیان تیا بوو، پێشکەشی کردیت. ئەوسا لەسەرخۆ لێت وەرگرت و بیستوچوار سەعاتی تەواو ئەم گۆرەوییە پیسانەت لە ناو دەستی خۆتدا ڕاگرت. بە جۆرێک گرتبووت، کە کەس نەیدەتوانی لێتی بستێنێتەوە. بێگومان ئێستا لە سووچێکی ژێر لێفەکەتدایە. هەندێکجاریش ڕیشووی پانتۆڵەکەت دەویست، چۆنیش دەپاڕایتەوە! ئێمەیش دەمانویست لەوە تێبگەین کامە ڕیشووت دەویست؟ وەلێ هیچمان دەستگیر نەبوو. باشە، با ئێستا بچینە سەر کارەکە: ئەمە سیوپێنج ڕۆبڵە، دە ڕۆبڵی لێهەڵدەگرم و دوای دوو سەعاتی تر بۆت دەهێنمەوە، هەر لەم سەروبەندەیشدا هەواڵەکە بە زوسیموف دەگەیەنم، هەرچەند دەبوو ماوەیەک زۆر لەمەوپێشتر لێرە بووایە، چونکە لە سەعات یانزەیش لایداوە، تۆیش ناستاسیا گیان، کە من لێرە نەبم زیاتر سەر بدە، بەڵکو شتێک بخواتەوە بیدەیتێ، یان هەر شتێکی تر کە داوای بکات، باشنگایش، خۆم ئێستا هەموو شتێکی پێدەڵێم، بە ئومێدی دیدار.

ناستاسیا لە دوایەوە وتی:

- پێی دەڵێت باشنگا، ئای.. بێژوی فێڵباز!

ناستاسیا دەرگاکەی کردەوە و گوێقوڵاغ بوو. وەلێ خۆی نەگرت و چووە خوارێ، زۆری حەز لێبوو بزانێت ڕازومیخین چی بە ژنە

خاوەن ماڵەکە دەڵێت، چونکە دیار بوو کە ژنەکە تەواو شەیدای ڕازومیخین بووبوو.
کە دەرگاکەی لەسەر پێوەدا، نەخۆشەکە لێفەکەی لەسەر خۆی لادا و وەک شێت لە جێگاکە ڕاپەڕی. زۆر بە پەرۆش و بێئارامیەوە چاوەڕێی ڕۆیشتنی ئەو دووانە بوو تا یەکسەر دەست بداتە کارکردن، بەڵام بە چی، کام کار؟ وەک ئەوە وابوو کە بە دەستی ئانقەست کارەکەی لەبیر کردبێت.
"خودایا تەنیا شتێکم پێبڵێ، ئایا ئەمان ئاگاداری هەموو بەسەرهاتەکەن، یا نەکوو هێشتا نایزانن؟ خۆ ئەگەر هەموو دەیزانن و بەسەر خۆیاندا نایهێنن چۆن؟ ڕەنگە ئەو کاتەی دەخەوم سەر بکەنە سەرم و پاشان کتوپڕ هەموو بێنە قسە و بڵێن ئاگاداری هەموو شتێکین، بەڵام هەر بە ئارەزوو خۆمان لێ نەبان کردووە. باشە ئەو کاتە چی ڕوو دەدات؟ ئەی دەبێت ئێستا چی بکەم؟ لە بیرم چوو، پێدەچێ هەروا خۆم لەبیر خۆمم بردبێتەوە، لە پڕێکا فەرامۆشم کردبێت. کەچی کەمێک لەمەوبەر لە بیرم بوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاوەستا بوو، بە سەرسامییەکی ئازاراوییەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی، لە دەرگاکە نزیک کەوتەوە و کردییەوە، گوێی هەڵخست، بەڵام دوایی، ئەمە ئەو کارە نەبوو کە دەبوو بیکات، لەپڕێکدا، وەک ئەوەی بیری کەوتبێتەوە، خۆی گەیاندە ئەو گۆشەیەی ژوورەکە، کە کونی دیوارەکەی لێبوو، بە وردی کەوتە گەڕان، دەستی نایە ناو کونەکە و تیایدا گەڕا، بەڵام ئەمەیش کارە سەرەکییەکە نەبوو، بەرەو لای زۆپاکە چوو، دەرگاکەی کردەوە و بەناو خۆڵەمێشەکەی ناویدا کەوتە گەڕان، هەندێک لە ڕیشووی پانتۆڵەکەی و چەند لایەکی دڕاوی، وەک

چۆن لە پێشدا لەوێ داینابوو، هەر ئاوا مابوونەوە، کەواتە کەس نەیبینیون! ئەوسا کەوتە گەڕان بە دوای گۆرەوییەکانیدا کە پێشتر ڕازومیخین لە بارەیەوە دوا. ڕاستە لێرەدا، لەسەر قەنەفەکە، کەوتۆتە ژێر لێفەکەوە، بەڵام لەوساوە تا ئێستا ئەمەندە پیس و چڵکن بووە، کە زامیوتیف هیچ سەرنجی لێنەداوە.

"ئا، زامیوتوف! مەرکەزی پۆلیس! باشە بۆ دەبێت منیان بۆ مەرکەزی پۆلیس بانگ کردبێت! ئاگادارکردنەوەکەم کوا؟ ئا.. من هەموو شتێکم تێکەڵ کردووە، من پێشتر چووم بۆ مەرکەزەکە، ئەوسا لە گۆرەوییەکانم ڕادەمام، وەلێ ئێستا.. ئێستا من نەخۆشم، زامیوتوف بۆ هاتۆتە ئێرە؟ بۆ ڕازومیخین دەیهێنێتە ئێرە؟"

ڕاسکۆلنیکۆڤ دیسانەوە کەوتەوە ورتەورت و بە بێحاڵییەوە لەسەر قەنەفەکە دانیشتەوە، "ئەمەیان چییە؟ هەر وڕێنەکەی جارانە یان ڕاستییە؟ لەوە دەچێت ئەمەیان بە ڕاستی وا بێت.. ئا.. هاتەوە بیرم: هەڵاتن، دەبێت تا زووە هەڵێم، ڕاستە، ڕاستە، دەبێت هەڵێم، بەڵێ، بەڵام بۆ کوێ؟ جلەکانم کوان؟ چەکمەکانم نەماون، بردوویانە و شاردویانەتەوە، من دەزانم، ئەمە پاڵتاوەکەمە، گوێیان پێنەداوە، ئەمەیش پارەکە، لەسەر مێزەکەیە، سوپاس بۆ خودا، ئەمەیش سەنەدەکەیە.. پارەکە هەڵدەگرم و دەڕۆم، دەڕۆم خانوویەکی تر دەگرم، ئیتر نامدۆزنەوە، بەڵێ، بەڵام نووسینگەی ماڵ دۆزینەوە؟ ئەوان ئەمدۆزنەوە. ڕازومیخین بە گیردێنن، وا چاکترە ڕا بکەم.. بۆ شوێنێکی زۆر دوور، بۆ ئەمەریکا و بە گۆڕی باوکی هەموویانەوە! سەنەدەکەیش دەبەم، لەوێ بە دەردێکم دەخوات، چیتر هەڵبگرم؟ ئەوان وا دەزانن نەخۆشم، هەموو شتێک دەزانن! ئاخ بمتوانیایە بە پلیکانەکاندا بچومایەتە خوارێ. ئەی ئەگەر پاسەوانانی پۆلیس لەوێ

بن چی بکەم؟ ئەی ئەمەیان چییە؟ پاشماوەی بیرەیە، نیوقاپە و سارده". ڕاسکۆلنیکۆڤ قاپەکەی هەڵگرت کە هێشتا پەرداخێک بیرەی تیا مابوو، زۆر بە تاسووقەوە بە قومێک هەڵی دا، لەوەی دەکرد کە ئاگرەکەی سنگی پێبکوژێنێتەوە، وەلێ دەقیقەیەکی نەخایاند کە بیرەکە سەری گەرم کرد و تەزوویەکی سووکەڵە و خۆش بە پشتیا گەڕا، پاڵ کەوت و لێفەکەی بەسەر خۆیدا کێشا، بیرۆکە نەخۆش و شپرزەکەی، زیاتر لە جاران ئاڵۆزکاو، زۆری نەبرد کەوتە وەنەوزدان، زۆر بە خۆشییەوە، سەری خستە سەر سەرینەکە، توند لێفە نەرمە لۆکەییەکە، کە لەباتیی پاڵتاوە دڕاوەکەی جاران بەسەری خۆیدا دابوو، بە خۆیەوە پێچا، لەسەرخۆ هەناسەی دا و کەوتە خەونێکی قووڵ و ئارامەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دەنگی هاتنی یەکێک بۆ ژوورەکەی لە خەو هەستا. چاوی کردەوە و ڕازومیخینی بینی، کە بە تەواویی دەرگاکەی کردبووەوە و لەبەر دەرگاکە دوودڵ وەستابوو، کە ئایا بێتە ژوورەوە یان نا؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ خێرا لەسەر جێگاکەی هەستا، وا تەماشای ڕازومیخینی کرد دەتوت دەیەوێت شتێک بەبیر خۆی بێنێتەوە.

-ها.. نەنووستویت، باشە، منیش هاتمەوە.

ڕازومیخین ڕوو لە خوارەوە بانگی کرد:

- ناستاسیا، بوخچەکە بهێنە بۆ ئێرە.

ئینجا ڕووی لە هاوڕێکەی کرد و وتی:

- هەر ئێستا خەرجییەکەت بۆ یەکلایی دەکەمەوە..

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە نیگەرانییەوە سەیری ئەملاوئەولای خۆی کرد و پرسی:

- سەعات چەندە؟
- چاک خەوتیت هاوڕێ، لە دەرەوە شەوە، ڕەنگە سەعات شەش بێت، زیاد لە شەش سەعات نوستوویت..
- خودایا، چی دەکەم:
- دەی، ئیدی چی بووە؟ چاکت کرد، بۆ کوێت پەلەیە؟ بەڵێنی هیچ ژوانێکت هەیە؟ ئێستا هەموو کاتەکەمان بەدەستەوەیە، من سێ سەعاتە چاوەڕێی تۆم، دوو جار هاتم تۆ خەوتبوویت، دووجاریش چووم بۆ لای زوسیموف، لەوێ نەبوو، قەیدی نییە، هەر دێت، سەرەودەرەیەکی کارەکانی خۆیشم کرد، ئاخر ئەمڕۆ من ماڵم گوێزایەوە، بە تەواویی گوێزامەوە و ئێستا لەگەڵ مامەمدا دەژیم، بەڕاستمە، من ئێستا مامم هەیە.. لێگەڕێ، لەعنەت لە شەیتان، با بچینەوە سەر کار، ناستاسیا گیان، بوخچەکە بێنە، ئێستا دەیبینم.. دەی هاوڕێ، باری تەندروستیت چۆنە؟
- باشم، نەخۆش نیم.. ڕازومیخین، دەمێکە لێرەیت؟
- نەموت سێ سەعاتە چاوەڕێتم..
- نا، پێش ئەوە؟
- یەعنی چی پێش ئەوە؟
-لەکەیەوە هاتوچۆی ئێرە دەکەیت؟
- هەموویم بۆ باس کردوویت، لە بیرت چووە؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری پەرت بوو، وەک خەون ڕابووردووی هاتەوە بەرچاو، نەیدەتوانی بە تەنیا هیچ بێنێتەوە یادی خۆی، نیگایەکی بەپرسیاری لە ڕازومیخین گرت.
ڕازومیخینیش بە سەرسامییەوە وتی:

- ها، له بیرت چوەتەوە، من ئەوسایش دەمزانی کە هێشتا تۆ لەسەر خۆت نیت.. بەڵام ئێستا دوای خەوەکەت چاکتریت.. بە ڕاستی وا دەرئەکەوێت کە زۆر لە جاران باشتر بیت، چاکتر، با بچینەوە سەر کارەکە، هەر ئێستا دێتەوە بیرت، ئازیزی بەڕێز، تەماشای ئێرە بکە.
بەدەم قسەکردنەوە بوخچەکەی کردەوە کە پێدەچوو زۆری لا مەبەست بێت.
- باوەڕ بکە هاوڕێ، ئەم کارە دەڵێی بەردێکە بەسەر دڵمەوە، چونکە، دەبێت بۆ ئایینده ببیتە پیاو، دەی با لێرەوە دەست پێبکەین. ئینجا لە ناو بوخچەکەوە کڵاوێکی جوانی تا ڕادەیەک ئاسایی و هەرزانی دەرهێنا و وتی:
- ئەم کڵاوە دەبینیت؟ با تاقیی بکەینەوە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ناخۆشیەوە دەستی دایە دواوە و وتی:
- دوایی، دوایی..
- نا، هاوڕێ، ڕودیا، ئینکاری مەکە، دوایی دوور دەکەوێتەوە، بێجگە لەوە ئەمشەو خەوم لێناکەوێت، چونکە من هەر بە مەزەنە کڕیومە و نەمدەزانی ئەندازەت چەندە.
کە کڵاوەکەی کردە سەری، دەنگی سەرکەوتنی لێهەستا.
- ئەها.. هەردەڵێی بۆ خۆت کراوە، کڵاو، هاوڕێ، یەکەمین پێویستییە لە پۆشاکدا، هەر خۆی جۆرێکە لە ناسنامە، تولستیاکوفی[1] هاوڕێم، کە دەڕواتە شوێنێکی گشتییەوە، ناچارە کڵاوە کۆنەکەی دابگرێت، هەرچەندە هەموو ئەوانی دی کڵاویان لەسەردا بێت، خەڵکی وا دەزانن کڵاوداگرتنەکەی لە ڕووی ڕێزەوەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شەرم

[1] *Tolstiakof*

دایدەگرێت، چونکە کڵاوەکەی لە هێلانەی باڵندە دەچێت، ئەو مرۆڤێکی شەرمنە، دەی، ناستاسیا گیان، ئەم دوو کڵاوە بگرە و بڵێ بزانم کامیان چاکترە: ئەم "پالمرستون"ە "لە گۆشەیەکدا کڵاوێکی خڕی ڕەنگ کاڵەوەبووی ڕاسکۆلنیکۆڤ، کە نەتدەزانی بۆ ناوی "پالمرستون"ی لێنراوە، دەرهێنا" یان ئەم دانە گەوهەرە؟ بڵێ بزانم ڕودیا، چەندم پێدابێت باشە؟

کە بینی ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەنگە، ڕووی لە ناستاسیا کرد و وتی:

- تۆ ئەڵێی چی، ناستاسیا گیان؟

ناستاسیا وەڵامی دایەوە:

- بیست کوپیک باشە.

راوزمیخین بە نابەدڵییەوە هاواری کرد:

- بیست کوپیک! گەوجە، ئەمڕۆ تۆیش بە بیست کوپیک لە کڕین نایەیت.. هەشتا کوپیک، بەڵێ، ئەویش لەبەر ئەوەی کە بەکار هاتووە و ڕاستت دەوێت، من بەو مەرجەیش کڕیم، ئەگەر کۆنت کرد، بۆ ساڵی ئایندە کڵاوێکی ترت بە خۆڕایی دەداتێ، بە خوا. دەی ئێستا، وەک لە قوتابخانە دەمانوت، با چینە سەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەعنی بچینەوە سەر ئەسڵی کارەکە، بەڵام پێشەکی با ئەوە بڵێم کە من شانازی بەو پانتۆڵەوە دەکەم کە کڕیومە (ئەمەی وت و پانتۆڵێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی کە لە قوماشێکی ناسکی هاوینە دروست کرابوو، خستە بەردەمی ڕاسکۆلنیکۆڤ).

- نە کونێک، نە پەڵەیەک، ئەگەرچی بەکاریش هاتووە، بەڵام زۆر چاکە، هێلەکەکەیشی هەروایە و هاوڕەنگیە، تەواو مۆدەیەتی، بۆ بەکارهاتنەکەیشی، ڕاستت دەوێت وا چاکترە، چونکە نەرمتر و گونجاوتر بووە، بڕوانە ڕودیا، بۆ ئەوەی کارت بەرەو پێش بچێت، بە

لای منەوە ئەوەندە بەسە هەمیشە ئاگات لە وەرزەکان بێت: بۆ نموونە ئەگەر لە مانگی ڕێبەندااندا خۆراکی گیامارانەت نەوێت، ئەوا چەند ڕۆبڵێک لە جزدانەکەتدا دەمێنێتەوە، ئەمەیش هەروایە: ئێستا هاوینە و منیش شتی هاوینەم کڕی، چونکە لە پاییزدا دەبێت قوماشی ئەستوورتر بکڕیت، ئەوسایش ناچار دەبیت ئەوەی کڕیوتە تووڕی بدەیت.. بەتایبەتی تا ئەو کاتە ئەمانیش لەکەڵک دەکەون، ئیتر یان لەبەر زۆری و حەزکردن لە شتی تازە و جوان یان لەبەر گیرۆدەیی ناوەوە! دەی، تۆ چەندە نرخی بۆ دادەنێیت؟ دوو ڕۆبڵ و بیست و پێنج کوبیک: بڕوانە من ئەمەیشم هەر بە هەمان ئەو مەرجە کڕی، کە بۆ کڵاوەکەم دانابوو: واتا کە کۆن بوو، پوا ساڵی ئایندە بە بەلاش بۆت دەگۆڕێت، لە دوکانی "فادەیف"[1] هەر بەم شێوازە کڕین و فرۆشتن ئەنجام دەدرێت، جارێک پارە بدەیت بۆ هەموو تەمەنت بەسە، چونکە جاری تر سەر ناکەیتەوە بەوێدا، دەی، با بچینە سەر چەکمەکان، بەلاتەوە چۆنن؟ زۆر چاک دیارە کە بەکار هاتوون، بەڵام هێشتا کەڵکی دوومانگی تریان پێوە ماوە، چونکە بێگانە دروستی کردوون و جینسەکەیشی هەر هی ئەوانە. سکرتێری سەفارەتی ئینگلیز هەفتەیەک لەمەوبەر لە بازاڕ فرۆشتنی، بە هەموویەوە شەش ڕۆژ لەپێی کردن، وەلێ پێویستی بە پارە بوو، نرخی ئەم ڕۆبڵێک و پەنجا کوپیکە، نرخێکی گونجاوە.

ناستاسیا وتی:

- بەڵام ڕەنگە بۆ پێی نەبێت؟

- بۆ پێی نەبێت؟ ئەی ئەمە چییە.

---

[1] *Fadeyef*

بەدەم قسەکەیەوە ڕازومیخین تاکێک پێڵاوی کۆن، کون کون و چرچولۆچ و قوڕاوی ڕاسکۆلنیکۆڤی لە گیرفانی دەرهێناو وتی:
- من بە ئەندازەوە ڕۆیشتووم، لەبەر ئەم شتە سەیرەوە زانیومە ئەندازەی پێی چەندە، هەموو کارەکە بە وردەکارییەوە ئەنجام دراوە. بەڵام بۆ جلی ژێرەوە لەگەڵ ژنە خاوەن ماڵەکەدا ڕێک کەوتم. وەرە، ئەمە سێ کراسی دەزوو کە بەشی سەرەوەی بە تەواوی مۆدێلی ئێستایە.. بەم جۆرە: کڵاوەکە هەشتا کوپیک، دوو ڕۆبڵ و بیستوپێنج کوپیک باقی پۆشاکەکانی تر، هەمووی دەکاتە سێ ڕۆبڵ و پێنج کوپیک، ڕۆبڵێک و پێنج کوپیک پێڵاوەکە، لەبەر ئەوەی زۆر چاکن، هەمووی دەکاتە چوار ڕۆبڵ و پەنجا و پێنج کوپیک، پێنج ڕۆبڵیش جلەکانی ژێرەوە. بەم جۆرە هەمووی دەکاتە نۆ ڕۆبڵ و پەنجا کوپیک، چل کوپیکیشم هێناوەتەوە لەگەڵ پێنج کوپیکی مسیدا دەتدەمەوە، فەرموو وەریبگرە. بەم جۆرە ڕودیا، تۆ لەبارەی جلوبەرگەوە تەواو سازیت. چونکە بە لای منەوە پاڵتاوەکەت هێشتا باشە، بەڵکو زۆر ئابڕوومەندانەیە. هەموو ئەمانە لەبەر ئەوەی لە "شارمەر" کڕیومانە. گۆرەوی و شتەکانی دی خۆت هەڵیانبژێرە، بیستوپێنج ڕۆبڵمان بۆ ماوەتەوە، لەبارەی باشنکا و کرێی ژوورەکەتەوە نیگەران مەبە، من قسەم تێدا کردووە و تۆ ماوەی زۆرت لەبەردەستایە، دەی ئێستا هاوڕێ، مۆڵەتم پێبدە کراسەکەت بگۆڕم. چونکە گومانم لەوە نییە کە نەخۆشییەکەت تەنیا لە کراسەکەتەوە سەرچاوەی گرتووە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ کە بە بێزارییەوە گوێی لە هەواڵی کڕینی شتومەکەکانی ڕازومیخین گرتبوو، ئەوی دایە دواوە و وتی:
- لێم گەڕێ، نامەوێت.

ڕازومیخین پێی داگرت و وتی:
- ئەوە هەر نابێت هاوڕێ، ئەی من پێڵاوم بۆچی دڕاندووە! پاشان ڕووی لە ناستاسیا کرد و وتی:
- ناستاسیا گیان، شەرم مەکە، هاوکاریم بکە، ئا.. بەم جۆرە.
هەرچەندە ڕاسکۆلنیکۆڤ بەرگری کرد، بەڵام ڕازومیخین کراسەکەی گۆڕی. ڕاسکۆلنیکۆڤ خۆی دا بەسەر سەرینەکەدا و دوو دەقیقە هیچی نەوت، لەگەڵ خۆیدا بیری دەکردەوە: "ئەمە بەم زوانە دەست لەسەرم ناکاتەوە" پاشان چاوی لە دیوارەکە بڕی و وتی:
- بە کام پارە ئەم هەموو شتانەت کڕی؟
- کام پارە؟ سەیرە! بە پارەی خۆت، لە بیرتە کارمەندەکە لای فاخروشینەوە هاتبوو، دایکت ناردبووی، یان ئەمەیشت فەرامۆش کردووە؟
دوای ئەوەی ماوەیەک بیری کردەوە، بە ڕوویەکی ترشەوە ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:
- ئا.. ئێستا بیرم کەوتەوە..
ڕازومیخین بڕۆی هێنانەوە یەک و بە نیگەرانییەوە کەوتە سەیرکردنی.
دەرگا کرایەوە و پیاوێکی باڵابەرز و بەهەیکەل هاتە ژوورێ، پێدەچوو تا ڕادەیەک ڕاسکۆلنیکۆڤ بیناسێت.
ڕازومیخین بە خۆشییەوە هاواری لێهەستا:
- زوسیموف، ئاخری هاتی!

٤

زوسیمۆف پیاوێکی کەڵەگەتی بەخۆوەبوو، دەموچاوی پڕ و ڕەنگی پەڕیوو، ڕیشی تاشراو بوو، قژی گەلێک زەرد و پاکژ ، چاویلکەیەکی لە چاودا و ئەموستیلەیەکی گەورەی زێڕ لە پەنجە ئەستوور و هەڵاوساوەکەیدا بوو، تەمەنی دابوویە بیست و حەوت ساڵ. پاڵتاوەکەی هەراو و جوان و پانتۆڵێکی هاوینەی کاڵی لەپێدا بوو، بەگشتی هەرچییەکی لەبەردا بوو، دەلال و ڕێک و قەشەنگ بوو. کراسی سپیی بێگەرد، زنجیرێکی سەعاتی زۆر گەورە، لە ڕێڕۆیشتنیشدا هێند لەسەرخۆ، کە واتدەزانی نەخۆشە، لە هەمان کاتدا وا خۆی پیشان دەدا کە زۆر لە خۆی ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر هەوڵی دەدا لە بەرگپۆشیندا ئەوە بشارێتەوە، کەچی بەردەوام و لە هەر چرکەساتێکدا ڕواڵەتبازییەکەی بە ئاشکرا پێوە دیار بوو. هەموو ئەو کەسانەی دەیانناسی، بە کابرایەکی سەرسەخت و بەگرفتیان دادەنا، بەڵام لەسەر ئەوەیش کۆک بوون کە پیاوێکە پیشەکەی خۆی زۆر باش دەزانێت.

ڕازومیخین هاواری کرد:

- هاوڕێ، دووجار هاتووم بۆ لات.. بڕوانە هاتۆتەوە سەر خۆی.

زوسیمۆف کە بە وردی لە ڕاسکۆلنیکۆف ڕامابوو، لەسەر قەنەفەکە، لە خوار ئەوەوە دانیشت، زوو پاڵی دایەوە، ڕوو بە ڕاسکۆلنیکۆف وتی:

- دەیبینم، دەیبینم، دەی ئێستا حاڵتان چۆنە؟ ها؟

ڕازومیخین وتی:

- هێشتا هەر خەمۆکە، ئێستا کراسەکەیمان گۆڕی، زۆری نەمابوو بگری.

- ئاساییە، دەتانتوانی کراسگۆڕینەکەتان بخستایەتە دوایی. نەبزی باش لێدەدات، هێشتا سەرت دێشێت، ها؟
- نا، باشم، زۆر باشم.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەر قسەکانی سوور و بە تووڕەییەوە دەیکردن. لەپڕێکدا کەمێک هەستا، چاوی بروسکەی دا، وەلێ زۆر زوو کەوتەوە سەر سەرینەکە و ڕووی لە دیوارەکە کردەوە. زوسیموف کە زۆر بە وردی چاودێریی دەکرد، بێدەربەستانە وتی:
- زۆر باشە، هەموو شتێک لە جێی خۆیدایە، هیچی خواردووە؟
هەموو شتێکیان بۆ باس کرد و لێیان پرسی کە چی بدەنێ.
- هەموو شتێکی بدەنێ. شۆربا، چا، وەلێ قارچک و خەیاری مەدەنێ، گۆشتی گایش چاک نییە و.. باشە ئیدی قسەی ناوێت.
لەگەڵ ڕازومیخیندا سەیرێکی یەکتریان کرد و وتی:
- پێویستی بە دەرمان نییە، هیچی مەدەنێ، سبەی خۆم دێمەوە، ڕەنگە ئەمڕۆیش.. دەتوانین..
ڕازومیخین وەک لای خۆیەوە بڕیاری دابێت، وتی:
- سبەی شەو دەیبەم بۆ گەڕان، بۆ باخی "یوسوپڤ" و لەوێوە سەر لە "کۆشکی بلورین"یش دەدەین.
- من بم بەیانی هەر ئاوا وازی لێدێنم، ڕەنگە کەمێک خراپ نەبێت، دەی دوایی بزانین چۆن دەبێت.
ڕازومیخین لەپڕێکدا ڕووی لە زوسیموف کرد و وتی:
- بە داخەوە، ئەمڕۆ من بە هۆی ماڵگواستنەوەوە میوانداریم هەیە، ماڵەکە هەرچەند هەنگاوێک لێرەوە دوورە، خۆزگا ئەویش بهاتایە، هیچ نەبێت هەر لەسەر قەرەوێڵەکە لە ناوماندا ڕابکشێت، تۆیش دەبێ بێیت، لە بیرت نەچێت، خۆت بەڵێنت داوە.

- زۆر باشە، وەلێ تۆزێ درەنگ دێم، چیت ئامادە کردووە؟
- هیچ، چاو ڤۆدکا و ماسیی وشک و جۆرێک نانی خۆماڵیی تایبەت، هەمووی خۆمانەیە.
- کێن ئەو کەسانە؟
- هەموو ئێرەیین، هاوڕێی تازەن، بێجگە لە پیرە مامێکم، کە ئەوییش هەر تازەیە، چونکە دوێنێ بۆ هەندێک کار هاتۆتە پتروزبورگ، بە پێنج ساڵ جارێک یەکتر دەبینین.
- کێیە؟
- هەموو تەمەنی بە بەڕێوەبەری پۆستی ناوچەکە بەسەر بردووە.. مووچەی خانەنشینی وەردەگرێت، تەمەنی شەست و پێنج ساڵە، پێویست ناکات ئەوەندە قسەی لەسەر بکەم، بەڵام حەز دەکەم بڵێم کە خۆشم دەوێت، پۆرفیری سیمیونوڤیچ[1] لێکۆڵەری ناوچەیش دێت، مافناسە، تۆیش دەیناسیت.
- ئەویش خزمتە؟
- خزمێکی زۆر دوورمە، بۆ پێت ناخۆشە؟ چونکە جارێک شەڕتان بووە، ئێستا دەتەوێت نەیەیت؟
- من ئەوم لا مەبەست نییە.
- چاکتر، کەواتە هەندێک خوێندکار، مامۆستایەک، کارمەندێک، مۆسیقارێک، ئەفسەرێک کە زامیوتوفە..
- تکایە پێم بڵێ بزانم. نێوان تۆ یان با بڵێین ئەو (لێرەدا ئاماژەی بۆ ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و لەسەر قسەکەی ڕۆشت) لەگەڵ یەکێکی وەک زامیوتوفدا چی کۆی دەکاتەوە؟

---

[1] *porfiri semyonovitch*

- های لەو دوودڵییە! مەبەستت بیروباوەڕە! ئەو کەسانە بوونیان بەسەر سپرینگێکەوەیە، بەرنامەڕێژ کراوە و ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی ئەملاوئەولا بکات، بە ڕای من ئەو پیاوێکی باشە. ئەمە خۆی لە خۆیدا گرنگترین بیروباوەڕە، ئیدی نایشمەوێت شتی تر بزانم، زامیوتوف مرۆڤێکی زۆر چاکە.

- بەهەرحاڵ، باش دەزانێت لەسەر دوو پەت یاری بکات، مرۆیەکی بەرژەوەندیخوازە.

ڕازومیخین بە تووڕەبوونێکی نائاساییەوە هاواری کرد:

- چی لێبکەم؟ بەرژەوەندیخوازە یان نا قیروسیا: جا چییە ئەگەر وابێت! بۆ من لەو لایەنەوە پیامدا هەڵداوە، کە لەسەر دووپەت یاری دەکات و بەرژەوەندیخوازە؟ من تەنیا ئەوەم وتووە کە وەک خۆی مرۆڤێکی باشە. ئەگەر بمانەوێت بە چاکی لە هەموو لایەکەوە خەڵکی هەڵبسەنگێنین، زۆر کەس هەن بە پاکی نامێننەوە، من بڕوای تەواوم هەیە ئەگەر من خۆم بەو شێوەیە تاووتوێ بکرێم، نرخی سەلکەپیازێک و پولێکی قەڵبم نامێنێت". تەنانەت ئەگەر تۆیشم بخەنە سەر!

- ئەمەی کە وتت کەمە، تۆ لای من نرخی دوو سەلک پیازت هەیە.

- بەڵام من تەنیا بە سەلکەپیازێک تۆ دەکڕم، دەی، دانیشتنەکە خۆشتر بکە. زامیوتوف هێشتا مێردمناڵێکە، دەتوانم گوێی ڕابکێشم، دەبێت بە لای خۆمدا ڕایبکێشم نەک لە خۆمی تەرە بکەم، تۆ ناتوانیت یەکێک بەوە چاک بکەیت، کە لە خۆتی دوور بخەیتەوە، بە تایبەتی مێردمناڵێک، لەگەڵ تەمەنی وادا دەبێت دووقات هەوڵ بدەیت، وەلێ ئێوەی گەوجە پێشڕەوەکان لە هیچ ناگەن، ڕێزی مرۆڤتان لانییە، ئەو کەسەیش ڕێزی مرۆڤ نەزانێت، خراپەکاری لەگەڵ خۆیدا دەکات.

ئەگەر وەک ئەنجام حەزدەکەی بزانیت بە ڕاستی پێت بڵێم کە من و ئەو کاری هاوبەشمان هەیە.

- بێگومان دەمەوێت بیزانم.

- کێشەی بۆیەچییەکە، واتا نەقاشەکە.. بێگومان هەر ڕزگاری دەکەین، ئەوەیش بزانە کە تا ئێستا هیچی لەسەر نییە، کارەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەی لەسەر ئێمەیە، زوو گەیاندنیەتی بە کۆتایی.

- کامە بۆیەچی؟

- چۆن، بۆم باس نەکردوویت؟ وەلێ نا، من هەر سەرەتایەکم لێ باس کرد.. بەڵێ، دەربارەی کوشتنی پیرێژنە سووخۆرەکە یان ژنە کارمەندەکە، ئێستا بۆیەچییەکەیشی تێوە گلاوە.

- لەبارەی ئەو کوشتنەوە پێشتر شتێکم لێ بیستیت، بە لایشمەوە زۆر گرنگە.. تا ڕادەیەکیش.. لە ڕۆژنامەکانیشدا هەر شتێکم لەبارەی کوشتنەکەوە خوێندەوە، بەڵام..

ناستاسیا کە بە درێژایی ئەو ماوەیە لە ژوورەکەدا وەستابوو، پاڵی دابووە دەرگاکەوە و گوێی هەڵخستبوو، لەپڕێکدا ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و وتی:

- لیزاڤێتایشیان کوشتووە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگێکی زۆر نزمەوە کە بە زەحمەت دەبیسترا، وتی:

- لیزاڤێتا؟

- بەڵێ لیزاڤێتای دەڵاڵ، نایناسیت؟ دەهاتە ئێرە، بۆ خوارەوە، تەنانەت کراسەکەی بۆ پینە کردیت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕووی لە دیوارەکە کردەوە، چاوی بڕییە ئەو پەڕەکاغەزە پیس و زەردانەی کە پڕ بوون لە نەخشی گوڵی سپی،

گوڵێکی سپیی هەڵبژارد، کە وێنەکەی ناشیرین و خەتی قاوەیی تیابوو، کەوتە لێڕامانی کە چەندە پەڕەی تیایە و هەر پەڕەگوڵێکیش چەندە ددانە و هێڵی لەخۆ گرتووە، هەستی کرد دەستوپێی ئەوەندە سست بوون، وەک ئەوەی کە ئەو ئەندامانەی لێکرابووبنەوە وابوو، لەگەڵ ئەوەیشدا بەسەر خۆیدا نەهێنا و چاوی لەسەر گوڵە چکۆڵەکە لانەبرد.

- باشە، ئەی بۆیەچییەکە چۆن؟

ڕازومیخین بە گەرمییەوە لەسەری ڕۆشت:

- هیچ، ئەویشیان لە ڕیزی بکوژەکان داناوە.

- هیچ بەڵگەیەکی لەسەرە؟

- بەڵگە؟ هەرچەندە شتێکیان دەستگیر بووە! وەلێ دەبێت ئەوە بوترێت کە ئەو بەڵگانە بەڵگەی ڕاستی نین و دەبێت ئەمە بسەلمێنرێت. چیرۆکەکە ئەمەیە کە یەکەمجار گومانیان لە کوخ و پستریاکوف کرد و گرتیانن، ئای، چ کارێکی دەبەنگانە بوو! مرۆڤ لە کاری وا شەرم دەیگرێت، ڕەنگە ئەمڕۆ پستریاکوف سەرم لێبدات.. بەڕاست، ڕودیا، تۆ ئەم مەسەلەیە نازانیت، لە پێش نەخۆشیەکەتدا ڕووی دا، ڕێک لە شەوی ئەو ڕۆژەدا کە تۆ لە بەڕێوەبەریەتیی پۆلیس بێهۆش کەوتیت، یەعنی هەر ئەو کاتەی باسیان لەو کێشەیە دەکرد.

زوسیموف وردبینانە سەرنجی دایە ڕاسکۆلنیکۆڤ، بەڵام ئەو وەک نە بای دیبێ و نە باران وابوو. زوسیموف بە توانجەوە وتی:

- دەزانیت ڕازومیخین؟ چەندە لێت دەڕوانم، لەسەر ئەم مەسەلەیە تۆ گەلێک زۆربلێی دەکەیت.

ڕازومیخین مشتی بەسەر مێزەکەدا کێشا و وتی:

- وایە، وەلێ هەرچۆنێک بێت، هەر لەو بەڵایەی ڕزگار دەکەم، دەزانیت چ شتێک زۆر دڵی مرۆڤ دەهێنێتە جۆش؟ ئەوەی کە ئەوان درۆ دەکەن گرنگ نییە، چونکە دەکرێت هەمیشە لە هەڵە خۆش بیت، تەنانەت خودی هەڵە چاکەی ئەوەی هەیە، کە دەتگەیەنێتە ڕاستی، نا، من داخی ئەوەمە کە ئەوان هەڵە دەکەن و پاشان هەڵەکەیشیان بە گەورەیی دادەنێن. من ڕێزم بۆ پۆرفیری هەیە، بەڵام.. تۆ دەزانیت چی لە سەرەتاوە ئەمانەی بەهەڵەدا برد؟ ئەوەی کە دەرگاکە داخرابوو، کاتێکیش ئەو دووانە لەگەڵ دەرگاوانەکەدا گەڕانەوە، دەرگاکە کرابووەوە. لەوەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت کوخ و پستریاکوف بکوژەکە بن، ئاخر ئەمەیە لۆژیکی ئەوان!

- باشە، تۆیش ئەمەندە خۆت سەغڵەت مەکە، تەنیا گرتوویانن، ئاخر نابێت کە.. بەڕاست من ئەم کوخەم پێشتر دیووە، وا دیارە ئەو شتانەی لە پیرێژنەکە کڕیوەتەوە، کە ماوەی ڕەهنەکەیان بەسەر چووە. وایە؟

- بەڵێ، ساختەچییە، سەنەدەکانیش دەکڕێت، زۆڵ و دەستبڕێکە بۆ خۆی، بەڵام چاوی دەردەهات، دەزانیت من بۆ لە پێستی خۆم دەردەچم؟ لە ڕۆتینێکی کۆنی زۆر داڕزیوو کە کەڵکی نەماوە، لە کاتێکدا کە دەتوانرێت ڕێگەیەکی زۆر نوێ بۆ چارەسەرکردنی کارەکە لەبەر بگیرێت. تەنیا لە ڕێی نیشانەکانی دەروونزانییەوە دەتوانرێت بگەیتە ڕاستی، ئەوان دەڵێن ئێمە "بەڵگە و نیشانەمان" هەیە، ئاخر بەڵگە هەموو شتێک نییە، لایەنی کەم نیوەی کێشەکە لەوەدایە کە چۆن دەتوانن ئەو بەڵگانە لێک بدەنەوە.

- تۆ خۆت دەتوانیت بە چاکی لەو بەڵگانە کەڵک وەربگریت؟

- تۆیش سەیریت؟ ئاخر نابێت بێدەنگ بیت، کاتێک هەستت کرد کە.. بەڵێ، ئەو کاتە بە ڕاستی هەست دەکەیت کە توانای هاوکاریکردنت هەبێت، ئەگەر.. ئا.. ئایا تۆ باش ئاگاداری بەسەرهاتەکەیت؟

- باشی دەزانم، بەڵام چاوەڕێی ئەوەم بۆیەچییەکە خۆی بۆم بگێڕێتەوە.

- ڕاست دەکەیت، کەواتە گوێ لە چیرۆکەکە بگرە: هەر ڕۆژێک دوای کوشتنەکە، سەرلەبەیانی، کە ئەوان هێشتا سەرگەرمی کوخ و پستریاکوف بوون- ئەگەرچی ئەم دووانە چ هەنگاوێکیان نابێت وتوویانە و مەسەلەکە تەواو ڕوون و ئاشکرایە- لەناکاوێکدا شایەتێک هاتۆتە گۆڕێ، کە هەرگیز کەس چاوەڕێی ناکات. لادێییەک بەناوی دوشکین[1] - خاوەنی مەیفرۆشییەکە بەرانبەر ئەو ماڵەی تاوانەکەی تیا کراوە- دەڕوات بۆ بەڕێوەبەریەتیی پۆلیس و پاکەتێک گەوهەر و گوارەی ئاڵتوون لەگەڵ خۆیدا دەبات، چیرۆکێکی درێژیان لەسەری بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

"سێ ڕۆژ لەوەوبەر، سەرلەئێوارە، کەمێک دوای سەعات هەشت "ئاگات لە ڕۆژ و سەعاتەکە هەیە؟"بۆیەچییەک کە پێشتریش هاتۆتە لام، ناوی نیکۆلایە، ئەم پاکەتە و گوارەی زێڕ و بەردە بەنرخەکانی بۆ هێنام، دەیویست ئەوانە بەرانبەر بە دوو ڕۆبڵ بە بارمتە لای من دابنێت، کە پێم وت ئەمانەت لە کوێ هێناوە؟ وتی لە ڕارەوەکەدا دۆزیویەتەوە، ئیتر منیش پرسیاری ترم لێنەکرد" ئەمە دوشکین دەیڵێت "منیش گەڵایەکم دایە" مەبەستی ڕۆبڵێکە. "چونکە زانیم ئەگەر لای من داینەنێت، بە بارمتە لای یەکێکی تری دادەنێت، هەمووی

[1] Doushkin

یەکێکە، ئەو هەر دەیدات بە ئارەق، کەواتە وا چاکترە ئەم شتە لای من بمێنێتەوە، وەک دەڵێن: کارت باش بێ و ترست نەبێ. ئەگەر شتێکیش هاتە پێش و مقۆمقۆیەک پەیدا بوو، ئەوسا خۆم مەسەلەکە دەگەیەنمە لای پۆلیس" هەڵبەتە، قسەکانی بێسەرەوبەرەن، من دوشکین دەناسم کە وەک سەگ درۆ دەکات، ئەو خۆیشی پارە بە سوو دەدات، ماڵی دزی دەشارێتەوە، ئەو شتە سی ڕۆبڵەی بۆیە لە نیکۆلا وەرگرتووە، نەک لەبەر ئەوەی بێت و خەبەری لێبدات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ترساوە، وەلێ باوابێت، قیروسیا، گوێ بگرە. پاشان دوشکین بەردەوام بوو:

- من ئەو جوتیارە، یەعنی نیکۆلا دیمنتیف[1] لە منداڵییەوە دەناسم خەڵکی ناوچەی "زارایسک" و شاری خۆمانە، چونکە ئێمەیش خەڵکی "رزان"ین، نیکۆلا هەرچەندە لە ئارەقخۆرە قورسەکان نییە، بەڵام هەندێکجار دەخواتەوە، ئێمە دەمانزانی کە ئەو لەگەڵ دیمیتریدا[2] لەم ماڵەدا کاری بۆیە دەکەن، ئەو و دیمیتری خەڵکی شوێنێکن، بە کورتی هەر ئەوەندەی ڕۆبڵەکەی وەرگرت، زوو وردی کردەوە، یەکسەر دوو پێکی چکۆڵەی خواردەوە و باقی پارەکەی وەرگرتەوە و بۆی دەرچوو. بەڵام لەو کاتەدا من دیمیتریم لەگەڵیا نەبینی، بۆ ڕۆژی دوایی بیستمان کە ئەلێنا ئیڤانۆڤنا و لیزاڤێتا ئیڤانۆڤنای خوشکیان بە تەور کوشتووە، ئێمە ئەوانیشمان دەناسی، من هەر لە گوارەکانەوە گومانم هەبوو، چونکە دەمزانی کە ئەو خوالێخۆشبووە لە بارمتەی شتا پارەی بە سوو دەدا، بۆیە چووم بۆ ماڵەکەیان و هێدی هێدی

---

[1] *Nekolay dementyef*

[2] *dimitri*

لەوێ کەوتمە پرسوجۆکردن، لەسەرخۆ لە هەموویانم پرسی: نیکۆلا لێرەیە؟ دیمیتری وتی نیکۆلا چووە بۆ بەزموڕەزمی خۆی، بەیانی بە سەرخۆشی هاتبووەوە ماڵەوە، دە دەقیقەیەک مابووەوە و ڕۆشتبووەوە، دیمیتریش کە ئیتر ئەوی نەدیبوو، خۆی بە تەنیا کارەکەی ئەنجام دابوو، شوێنی کارەکەیان لە قاتی دووەم بوو، پلیکانەکانی ئەمان لەگەڵ پلیکانەکانی ماڵی ئەو داماوانەدا یەکێک بوو، کە هەموو ئەمانەم بیست، ئەوسا لای کەس هیچمان نەدرکاند "ئەمە دوشکین وا دەڵێت". بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە کوشتنەکەوە بێت، ئێمە چەند توانیمان تاووتوێمان کرد و گەڕاینەوە ماڵەوە، هەر لە گومان و سەرسووڕماندا بووین. ئەمڕۆ بەیانی سەعات هەشت.." یەعنی ڕۆژی سێیەم، تێدەگەیت؟ "بینیم نیکۆلا هاتە لام: هۆشیار نییە، بەڵام زۆریش سەرخۆش نییە، قسەی وەردەگرت. لەسەر سەکۆکە بێدەنگ دانیشت، لە مەیخانەکەدا بێجگە لەو تەنیا پیاوێکی غەریبە و ئاشنایەک کە لەسەر قەنەفەکە خەوتبوو، دوو منداڵی کارگوزاری خۆیشمان هەر لەوێ بوون، لێم پرسی: دیمیتریت دی؟ وتی "نا، نەمدی".

- نەیشهات بۆ ئێرە؟

- نا، لە سێ ڕۆژ لەمەوبەرەوە نەهاتووە.

- دوێنێشەو لە کوێ نووستیت؟

- لە شەقامی "پسکی[1] نزیک بە کالومنسک"[2].

- کەواتە ئەو ڕۆژە گوارەکانت لە کوێ هێنا؟

---

[1] peski

[2] kalomensk

- لەسەر شۆستەکەدا دۆزیمەوە.
ئەم قسەیەی بە شێوەیەک کرد، کە ڕووی لە من نەبوو.
- بیستووتە ئەو شەوە. لە فلان سەعاتدا، لەسەر پلیکانەکان، ئەوەو ئەوە ڕووی داوە؟
- نا، نەمبیستووە.
گوێی تیژ کرد و چاوی کرانەوە، لەپڕێکدا ڕەنگی وەک گەچیی سپی لێهات. منیش هەر بەو جۆرە باسم بۆ دەکرد، ئەو کلاوەکەی هەڵگرت بۆ ئەوەی بڕوات، ویستم ڕایگرم، پێم وت "نیکۆلا، ڕاوەستە، ناتەوێت شتێک بخۆیتەوە؟ خۆیشم ئاماژەیەکم بۆ بۆیەک کرد کە بەردەرگاکە بگرێت و خۆم لە پشتی سەکۆکەوە هاتمە دەرێ، لەو کاتەدا نیکۆلا هێند چالاکانە ڕاپەڕی و کەوتە سەرشەقامەکە و لە کۆڵانەکەوە هەڵات، کە تەنیا جێپێیم بەدی کرد. ئیتر من گومانم نەما کە ئەو تاوانەکەی کردووە".
زوسیموف وتی:
- بێگومان
ڕازومیخین وتی:
- ڕاوەستە، گوێ بۆ کۆتاییەکەی بگرە، بێگومان بۆ گرتنی نیکۆلا هەوڵێکی زۆریان دا: مەیخانەکەی دوشکینیان پشکنی و خۆیان گرت، هەروەها دیمیتری و دانیشتوانی کالومنسکیان ژێروبان کرد. نەیانتوانی بیگرن، تا سێ ڕۆژ لەمەوبەر کە لە پڕێکا نیکۆلایان هێنا، لە نزیک دەروازەی "س" لە کاروانسەرایەکدا گرتبوویان، وەک دەڵێن کە چووەتە ئەوێ، خاچە زیوینەکەی لە ملی کردۆتەوە و لەباتیی ئەوە داوای قاپێک قۆدکای کردووە، ئەوانیش داویانەتێ، دوای چەند دەقیقەیەک ژنێکی لادێیی دەڕوات بۆ گەورەکە و لە درزی دەرگاکەوە

نیکۆلا دەبینێت کە پشتێنەکەی بە دارێکەوە هەڵخستووە و ئەڵقەیەکی تێکردووە، چوەتە سەر تەختەدارێک و دەیەوێت ئەڵقەکە بکاتە ملی خۆی، ژنە لادێییەکە دەکەوێتە هاوار، خەڵکەکەی لێ کۆدەبنەوە و پێی دەڵێن:

- ها، ئەمە تۆی؟

نیکۆلا دەڵێت:

- بمبەن بۆ فلان شوێنی پۆلیس، دان بە هەموو شتێکدا دەنێم.

ئەوانیش بە ڕێزێکی زۆرەوە هێنایان بۆ ئێرە. ئێمەیش کەوتینە پرسینی کێیت، چۆنیت و بۆچی و تەمەنت چەند ساڵە؟ وەڵامی دایەوە: "تەمەنم بیستودوو ساڵە".

- کە لەگەڵ دیمتریدا کارت دەکرد لە فلان سەعاتدا، کەست لەسەر پلیکانەکان بینی؟

- بێگومان خەڵکم دیووە، ڕەنگە زۆریش بووبن، بەڵام گوێم پێنەداون.

- ئەی گوێت لە هیچ نەبووە، لە دەنگەدەنگ و هەرایەک؟

- هیچ شتێکی نائاسایم گوێ لێنەبووە.

- ئایا تۆ، نیکۆلا، لە هەمان ڕۆژدا دەتزانی کە فلانە پیرێژن لە فلان ڕۆژ و فلان سەعاتدا لەگەڵ خوشکەکەیدا کوژراون و هەرچییەکیان هەبووە براوە؟

- نە دەمزانی و نە ڕۆحم پێی وتووم، یەکەمجار، سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە مەیخانەیەکدا، لە ئاڤاناسی پاولوڤیچم بیست.

- ئەی گوارەکانت لە کوێ هێنا؟

- لەسەر شۆستەکە دۆزیمەوە.

- بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ دیمیتریدا نەهاتیتە سەر ئیش؟

- خەریکی ڕابواردن بووم.

- له کوێ؟
- له فلان شوێن و فلان شوێن.
- بۆ لەدەست دوشکین ڕات کرد؟
- چونکە لەو کاتەدا زۆر ترسام.
- له چی ترسایت؟
- لەوەی تاوانبارم بکەن.
- کە تۆ گومان لە خۆت ناکەیت، ئەی بۆ دەترسیت؟
ڕازومیخین وتی:
- زوسیموف باوەڕ دەکەیت یان نا، ئەم پرسیارانەیان وەک خۆی چۆنە، لێیان کردووە، من چاک دەزانم، بە ڕاستی پێم گەیشتووە باشە، چۆنە؟ ڕای تۆ چۆنە؟
- وەلێ نا، چونکە بەڵگە و دەلیل لەبەردەستایە.
- من ئێستا پەیوەندیم بە بەڵگە و مەڵگەوە نییە، بەڵکو مەبەستم ئەو لێپرسینەوەیەیە، کە لەگەڵیان کردووە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەمانە چۆن لە ئەرک و پیشەی خۆیان تێگەیشتوون! باوابێت، نەحلەتیان لێبێ. ئەوەندە تاویان دایە و فشاریان بۆ هێنا، کە لەدواییدا خۆی بە دەستەوەدا و وتی: "گوارەکانم لەسەر شۆستەکە نەدۆزییەوە، بەڵکو لەو ئاپارتمانەدا دۆزیمەوە، کە من و دیمیتری بۆیەمان دەکرد".
- ئاخر چۆن؟
- چۆن؟ بەم جۆرە: بە درێژایی ئەو ڕۆژە من و دیمیتری بۆیەمان دەکرد، نزیکی سەعات هەشت ویستمان بڕۆین، دیمیتری قەڵەمبۆیەکەی هەڵگرت و هێنای بەدەموچاوما، دەموچاومی بۆیە کرد و بۆی دەرچوو، منیش کەوتمە دوای، بە دوایدا ڕام دەکرد و هاوارهاوارم بوو، هەر کە ویستم لە پلیکانەکەوە بڕۆمە دالانەکەی

دەرەوە، بەر دەرگاوانەکە کەوتم، کە لەگەڵ چەند بەڕێزێکدا وەستابوو، نازانم ژمارەی ئەو بەڕێزانە چەند بوو، تەنیا ئەوەندە دەزانم کە دەرگاوانەکە کەوتە جوێنپێدانم، دەرگاوانێکی تری لێبوو ئەویش جوێنی پێدام، ژنی دەرگاوانەکەیش هاتە دەرێ و جوێنبارانی کردم، پیاوێکیش کە لەگەڵ خاتوونێکدا لە دەرگاکەوە دەهاتنە ژوورێ، ئەویش کەوتە جوێندان. چونکە من و دیمیتری بە جووتە لەبەر دەرگاکە کەوتبووین و ڕێگەمان لێگرتبوون، من قژی دیمیتریم گرتبوو و دابووم بە زەویدا، دابوومە بەر مستەکۆڵە، دیمیتریش لەژێرەوە قژی منی ڕادەکێشا و مستی پێدا دەکێشام. بەڵام ئێمە ئەم کارەمان بە ڕق و دوژمنایەتییەوە نەدەکرد، بەڵکو لە ڕووی خۆشەویستی و کاتبەسەربردنەوە بوو. پاشان دیمیتری خۆی ڕزگار کرد و بەرەو کۆڵانێک هەڵات، منیش بە ڕاکردن کەوتمە دوای و پێی نەگەیشتم، بە تەنیا گەڕامەوە ئاپارتمانەکە، چونکە دەبوو کەرەسەکان کۆ بکەمەوە، کۆم کردنەوە و چاوەڕێی دیمیتری بووم کە بگات، لەو کاتەدا، لە بەردەم دەرگاکە لە ڕاڕەوەکەدا لە سووچێکدا قاچم بەر بەستەیەک کەوت، کردمەوە و تەماشام کرد، بینیم لە کاغەزێکەوە پێچرابوو، کاغەزەکەم کردەوە، بینیم بەستەکە قولاپی بچووکی پێوەیە، قولاپەکانم کردەوە، ناو بەستەکە ئەم گوارانەی تیابوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەپڕێکدا کاتێک بە نیگایەکی لێڵ و سامناکەوە لە ڕازومیخینی، دەڕوانی هاواری کرد:

- لە پشت دەرگاکەوە؟ لە پشت دەرگاکەوە کەوتبوون؟ پشت دەرگاکە؟

پاشان لەسەرخۆ هەستا و هەردوو دەستی گرت بە قەنەفەکەوە و دانیشت، ڕازومیخینیش لە جێگاکەی هەستا و وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ.. ئەی چۆن؟ تۆ چیتە؟ بۆ وا تێک چوویت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگێکی زۆر نزمەوە کە بە زەحمەت دەبیسترا وەڵامی دایەوە:
- هیچ..
دیسانەوە لەسەرخۆ کەوتەوە بەسەر سەرینەکەیدا و ڕووی لە دیوارەکە کرد، هەموویان کەمێک بێدەنگ بوون.
ڕازومیخین بەدەم تەماشاکردنێکی سەیری زوسیموفەوە وتی:
- خەو دەیباتەوە، دیارە خەونەکەی بزڕکاندووە.
زوسیموف لەسەرخۆ سەری بە نیشانەی نەرێ ڕاوەشاند و وتی:
- دەی تەواوی بکە، پاشان چی ڕووی دا؟
- حەزت دەکرد چی ڕوو بدات؟ هەر کە گوارەکانی بینی، ڕاست ئاپارتمان و دیمیتریی فەرامۆش کرد، کڵاوەکەی هەڵگرت و بەرەولای دوشکین بۆی دەرچوو، وەک دەزانین، ڕۆبڵێکی لێسەند و درۆیەکی بۆ ساز کرد، کە بەستەکەی لەسەر شۆستەکە دۆزیوەتەوە و ئیتر کەوتە شەوقوزەوقی خۆیەوە، لەبارەی کوشتنەکەیشەوە هەر هەمان قسەکانی پێشووی دووبارە دەکاتەوە.
- ئاگام لە هیچ نییە، هیچ نازانم و تەنیا لە سێیەم ڕۆژدا زانیومە.
- ئەی بۆ تا ئێستا نەهاتبوویت؟
- لە ترسا.
- ئەی بۆ دەتویست خۆت بخنکێنیت؟
- لەبیرکردنەوە و خەیاڵی زۆردا.
- کام بیروخەیاڵ؟
- نەک تۆمەتم بدەنە پاڵ.
ڕازومیخین لە سیموفی پرسی:

- باشە، ئەمە هەموو چیرۆکەکە، ئێستا تۆ وەک بزانیت لەمەوە چ ئەنجامێک بەدەست دێنن؟
- چی بزانم؟ هەرچۆنێک بێت، بەڵگە لە ئارادایە، هەرچەندە بەڵگەکان بچووکیش بن، بەڵام هێشتا ڕووداو و شایەتن، نابێت بۆیەچییەکە بەرەڵا بکرێت.
- بەڵام ئەوان بەبێ سێودووکردن بە پیاوکوژیان داناوە، ئەوان هیچ گومانێکیان لای خۆیان نەهێشتۆتەوە.
- تۆ لە خۆتەوە ئەمە دەڵێیت و جەختی لەسەر دەکەیت. باشە ئەی گوارەکان؟ تۆ دەبێت ئەوە بزانیت کە ئەگەر لە هەمان ڕۆژ و هەمان سەعاتدا گوارەکان لە سنووقەکەی پیرێژنەوە گەیشتبێتە دەستی نیکۆلا.. کەواتە دەبێت ئەوە قبووڵ بکەیت، کە دەبێت لە ڕێگەیەکەوە کەوتبێتە دەستی، ئەمەیش لە خۆیدا بۆ لێکۆڵینەوە گرنگە.
ڕازومیخین هاواری کرد:
- چۆن کەوتۆتە دەستی! چۆن کەوتۆتە دەستی؟ ئایا بە ڕاستی تۆ کە پزیشکیت و دەبێت پێش هەر شتێک مرۆڤ بناسیت و بۆت ئاسانە لە هەموو کەس زووتر لە سروشتی مرۆڤ بگەیت، ئایا بە ڕاستی بەپێی ئەم هەموو بەڵگانە نابینیت کە ئەم نیکۆلایە چ جۆرە مرۆڤێکە؟ ئایا تۆ هەر لە سەرەتاوە نابینیت کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا هەرچییەکی وتووە، ڕاستییەکی ڕووتە؟ خۆی چۆنی وتووە، وا گوارەکانی دۆزیوەتەوە، واتا پێی لە بەستەکە هەڵکەوتووە و هەڵیگرتووە.
- ڕاستییەکی ڕووت! بەڵام لەگەڵ ئەمانەیشدا خۆی دانی بەوەدا نا کە قسەکانی سەرەتای درۆ بوون؟
- گوێ بگرە، باش گوێ بگرە. دەرگاوانەکە، کوخ، پستریاکوف، دەرگاوانەکەی تر، ژنی یەکەم دەرگاوان، ژنەکەی دی کە لەو کاتەدا

لای ژنی دەرگاوانەکە بوو، کرۆکوفیش[1] کە لەو کاتەدا لە گالیسکە دابەزیبوو و قۆڵ لە قۆڵی خانمێکدا دەچووە ژوورەوە، هەموو ئەمانە، واتا هەشت نۆ شایەت، هەموویان دەڵێن نیکۆلا کەوتبوو بەسەر دیمیتریدا و دابووی بە زەویدا و بە مشت لێی دەدا، ئەویش قژی نیکۆلا گرتبوو و بەر مشتەکۆڵەی دابوو، لەبەر دەرگاکە کەوتبوون و ڕێیان لە ڕێبوار بەستبوو، لە هەموو لایەکەوە جوێنیان پێدەدان، وەلێ ئەوان وەک منداڵەوردکە (ڕێک ئەمە قسەی شایەتەکانە) بەسەر یەکدا کەوتبوون، هاواریان دەکرد، زۆرانیان دەگرت و پێدەکەنین. هەردووکیان وا پێدەکەنین خەریک بوو لێک ببنەوە. بە سەروسیمایەکی زۆرر پێکەنیناوییەوە کەوتبوونە دوای یەک، وەک منداڵ بە کۆڵانەکاندا فڕکان فڕکانیان بوو، گوێت لێبوو؟ ئێستا ئەوەیشت لەبیر نەچێت کاتێک لاشەکانیان لەسەرەوە دۆزیەوە، هێشتا گەرم بوون، گوێت لێمە؟ هێشتا گەرم بوون، جا ئەگەر ئەمانە کوژەرەکان بووبن، یان هەر نیکۆلا بە تەنیا کردبێتی و ئەمانە قفڵی سنووقیان شکاندبێت و شتەکانی ناویان تاڵان کردبێت، یان بەشداریی تاڵانییەکەیان کردبێت، ئەوسا ڕێگەم بدە تەنیا پرسیارێک لە تۆ بکەم: ئایا ئەو حاڵەتە ڕۆحییە، یانی ئەو هاوارهاوار و پێکەنینە، ئەو دەمەدەمە منداڵانەیەی بەر دەرگا، لەگەڵ تەور و خوێن و پیلانی زۆردارانە و تاڵانکردندا ڕێک دەکەوێت؟ ئایا دەبێت لەو هەلومەرجەدا، واتا هەر پێنج یان دە دەقیقە پێش ئەو ڕوداوەی کە باسمان کرد، ئەوان تاوانی کوشتنەکەیان ئەنجام دابێت، چونکە وەک دەڵێن، لاشەکان هێشتا گەرم بوون، ئەوسا لەپڕێکدا واز لە لاشە و ئاپارتمان

---

[1] *Krukof*

و دەرگای کراوە بهێنن و بیشزانن لەو کاتەدا خەڵکیی لەوێدان، نێچیرەکەیان بەرەڵا بکەن؟ ئایا ڕێی تێدەچێت ئەوان تازە کوشتنەکەیان ئەنجام دابێت، پاشان لێیگەڕابن و لەسەر شەقامەکەدا وەک منداڵ کەوتبنە پێکدادان و قاقای پێکەنین و خەڵکیش تەماشایان بکات؟ ئەم ڕاستییە دە کەس بە یەک دەنگ دەیڵێت.

- بە ڕاستی شتێکی سەیرە، بێگومان هەر مەحاڵە، بەڵام، بەڵام.

- نا برادەر، "بەڵام"ی نەگەرەکە، ئەگەر ئەو گوارانەی لە هەمان ڕۆژ و سەعاتدا کەوتنە دەست نیکۆلا، بە ڕاستی بەڵگەیەکی گرنگ بن بەسەریەوە، کە خۆی ئەمەی وتووە و هەر ئەمەیش وا بکات کە زۆر بڕوا بە شایەتەکان نەکرێت، کەواتە دەبێت بەڵگە و شایەتی تر هەبن بۆ بێتاوانیی ئەو، بەتایبەتی کە ئەو بەڵگانە نکۆڵیان لێنەکرێت، بەڵام بۆ ئەو دۆخەی کە ئێستا دادگا و داوەریی ئێمەی تیایە، تۆ دەڵێی چی؟ ئایا ئەوان قایل دەبن، یان ئەو ئامادەگییەیان تیایە بەسەرهاتێک قبووڵ بکەن، کە گشت شایەت و بەڵگەکانی تەنیا و تەنیا لەسەر بنەمای سایکۆلۆژی یان لایەنێکی ڕۆحی تایبەت دامەزرابێت و چ شتێک نەتوانێت ڕەتی بکاتەوە و هەر بە خۆیشی توانای ئەوەی هەبێت هەموو بەڵگە مادییەکانی تر بداتە دواوە؟ نەخێر، دەزگا دادوەرییەکانی لای ئێمە ئەمە قبووڵ ناکەن و نایسەلمێنن، بە هیچ جۆرێک قبووڵی ناکەن، لەبەر ئەوەی دواجار بەستەیەکیان دۆزیوەتەوە، هەروەها ئەویش ویستوویەتی خۆی لەدار بدات "ئەگەر هەستی بە تاوانباری نەکردایە، دەستی بۆ کاری وا نەدەبرد" ئەمە کێشە سەرەکییەکەیە، ئەمەیە ئێمە تووشی هەڵچوون و خرۆشان دەکات، تێدەگەیت؟

- بەڵێ، دەبینم تۆ زۆر هەڵچوویت، ڕاوەستە، لە بیرم چوو پێت بڵێم چی دەیسەلمێنێت کە ئەو بەستەیەی گوارەکانی تیابووە، تەواو لە سندووقی پیرێژنەکە دەرهاتووە؟

ڕازومیخین بڕۆی وێک هێنان و بێدەربەستانە وەڵامی دایەوە:

- ئەمە سەلماوە، کوخ ناسیویەتەوە، خاوەن بارمتەکەیشی دەستنیشان کردووە، خاوەنی گوارەکەیش تەواو ئەوەی سەلماندووە کە ئەو شتانە هی ئەون.

- بە داخەوە، پرسیارێکی دی: ئایا کەس نیکۆلای لەوکاتەدا نەدیووە کە کوخ و پستریاکوف چوونەتە سەرەوە، ئایا ناتوانرێت بە هەر ڕێگەیەک بێت ئەمە بسەلمێنرێت؟

ڕازومیخین بە حەسرەتێکی ڕکاوییەوە وەڵامی دایەوە:

- نا، هەموو کێشەکە لەسەر ئەوە وەستاوە کە کەس ئەوی نەدیووە، هەر ئەمەیشە کارەکەی تێک داوە، تەنانەت کوخ و پستریاکوفیش کاتێک سەرکەوتوون، سەرنجی ئەوەیان نەداوە، ئەگەرچی شایەتییەکەیان ئێستا بایەخێکی نییە، ئەوان دەڵێن: "دەرگای ئاپارتمانەکەمان بە کراوەیی بینی، وامانزانی لە چاکسازیدایە، بەڵام کە تێپەڕیین، سەرنجی ئەوەمان نەدا، چاکیش لە بیرمان نییە کە لەو کاتەدا کرێکار کاری تیا کردووە یان نا؟"

- کەواتە بەڵگەی بێتاوانیی ئەوان تەنیا لەوەدایە، کە یەکتریان داوەتە بەر مشتەکۆڵە و پێکەنیوون، گریمان ئەمە بەڵگەیەکی بەهێز بێت، بەڵام.. باشە، تۆ یارمەتیم بدە: تۆ خۆت چۆن بەسەرهاتەکە لێک دەدەیتەوە؟ دۆزینەوەی گوارەکان بە چی دەزانیت؟ ئەگەر بە ڕاستی بەو شێوەیە دۆزرابێتەوە، کە ئەو باسی کردووە؟

- چۆنی لێک بدەمەوە؟ لێکدانەوەی ناوێت، مەسەلەکە زۆر ئاشکرایە. بە لایەنی کەمەوە ئەو ڕێگەیەی بۆ لێکۆڵینەوە لەبەر دەگیرێت، ڕێکوڕەوانە. واتا هەر ئەو بەستەیە خۆی سەلماندوویەتی بکوژی ڕاستەقینە گوارەکانی ون کردووە، ئەو کاتەی کوخ و پستریاکوف لە دەرگایان داوە بکوژەکە، لەسەرەوە و لە ناو ژوورەکەدا دەرگاکەی لەسەر خۆی کڵۆم کردووە، کوخ کەریەتیی بەخەرج داوە و چووەتە خوارێ، لەو کاتەدا پیاوکوژەکەیش هاتۆتە دەرێ و بەرەو خوارەوە تێی کێشاوە، چونکە هیچ ڕێگەچارەیەکی تری نەبووە، لەسەر پلیکانەکان لە دەست کوخ و پستریاکوف و دەرگاوانی ئاپارتمانە خاڵییەکە ون بووە. واتا ڕێک لەو چرکەساتەدا کە دیمیتری و نیکۆلا لەوێوە دەردەکەوتن و دەرگاوان و دوو کەسەکەی دی دەڕۆشتنە سەرەوە، ئەو هەر لەوێ، لە پشت دەرگاکەوە وەستاوە و ئەمەندە ماوەتەوە، تا دەنگی پێنەماوە، پاشان لەسەرخۆ کەوتۆتە ڕێ و چووەتە خوارەوە. ئەوە هەر ئەو کاتەیشە، کە دیمیتری و نیکۆلا لەسەر شەقامەکە یەکتر ڕاو دەنێن و هەموو پەرەوازە بوون و ئیدی کەس لە دەوری دەرگای دەرەوە نەماوەتەوە. ڕەنگە بکوژەکەیان دیبێت، بەڵام سەرنجیان لێنەداوە، ڕێبوار زۆرە وەلێ، بەستەکە لەو کاتەدا کە ئەو لە پشت دەرگاکەوە وەستاوە، لە گیرفانی کەوتۆتە خوارێ و ئەو پێی نەزانیووە کە شتێکی لێکەوتووە، لەبەر ئەوەی سەرقاڵ بووە و نەیپەرژاوە. بوونی بەستەکە بە تەواوی ئەوە دەردەخات کە لەوێدا وەستاوە، ئەمە تەواوی چیرۆکەکەیە.

زوسیموف وتی:

- سەیرە! نا! هاوڕێ ئەمە زۆر شتێکی سەیرە، زۆریش.

- بەڵام بۆ؟ بۆ؟

- چونکە هەموو شتێک زۆر بە چاکی ڕێک خراوە.. تەواو چنراوە، وەک ئەوەی لە شانۆگەرییەکدا دەیبینین.
- ئاه!!
هەرکە ڕازومیخین ئەو هەناسەیەی هەڵکێشا، دەرگاکە کرایەوە و پیاوێکی نەناس کە کەس نەیدەزانی کێیە، خۆی بەژووردا کرد.

٥

ئەو بەڕێزەی هاتە ژوورەوە، پێدەچوو لە تەمەنی لاویی تێپەڕاندبێت، پیاوێک بوو لە خۆبایی و بەفیز، بەدەبدەبە و خۆپارێز. هەر کە گەیشتە بەردەرکی ژوورەکە، وەستا، تەماشایەکی سەیر و نالەباری ئەملاوئەولای کرد، لە ڕوانینەکەیدا وا دەردەکەوت کە مەبەستی نەبوو هیچ نهێنییەکی تیا وەشارێت، وەک بپرسێت: "ئەمە کوێیە وا منی تێکەوتووم؟" بە گومان و جۆرە ترسێک کە زیاتر لە سووکایەتیپێکردن دەچوو، تەماشای "کوختە"کەی ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد. هەر بەو سەرسامییەیشییەوە لە ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاما، ڕاسکۆلنیکۆڤیش، کە هەر بە جلوبەرگی دەرەوە و بە ڕیشی نەتاشراو و سەروقژی ژاکاوەوە لەسەر قەنەفە نابووت و پۆخڵەکەی پاڵکەوتبوو، بەبێ ئەوەی بجوڵێت، ئەویش کەوتە تەماشای. تازەهاتووەکە بە هەمان لەسەرخۆییەوە کەوتە تەماشاکردنی ڕیشی نەتاشراو و سەری شانەنەکراوی ڕازومیخین، ئەویش لای خۆیەوە، بەبێ ئەوەی جووڵەی بۆ بکات، بە کونپشکنییەکی سووکایەتیپێکردنەوە چاوی لە ناوچاوی بڕی. بۆ ماوەی دەقیقەیەک بێدەنگییەکی سەخت ئەو ناوەی داگرت، لە ئەنجامدا وەک چاوەڕێ دەکرا، گۆڕانێکی چکۆڵە بەسەر دیمەنەکەدا هات، ڕەنگە گۆڕانەکە لەوەوە بووبێت کە جەنابی تازەهاتوو لە ڕێگەی

چەند ئاماژەیەکی دیارەوە هەستی بەوەکردبێت کە ئەم خۆبەقورسگرتنە زۆرەی ئەو لەم جێگایەدا، واتا لەو "کۆختە"دا بەرئەنجامێکی باشی بۆ ئەو نابێت، بۆیە هەندێک نەرمیی بەخەرج دا و بە ڕێزێکەوە کە خاڵی نەبوو لە جۆرە زبرییەک، ڕووی لە زوسیموف کرد، بە شێوەیەک کەوتە پرسیار، کە هەموو وشەیەکی دانار دانار لە جێگای خۆی دادەنا. پرسی:

- ڕادیون ڕومانوڤیچ ڕاسکۆلنیکۆڤ، خوێندکاری زانکۆی بەڕێز، یان کۆنە خوێندکار؟

زوسیموف لەسەرخۆ جووڵا، لەوەدا بوو کە وەڵام بداتەوە، کاتێک ڕازومیخین کە ڕووی پرسیاری لێنەکرابوو، هاتە دەست و وەڵامی دایەوە:

- ئەوەیە، ئەوەی لەسەر قەنەفەکە کەوتووە.. چیت دەوێت؟

دەستەواژەی "چیت دەوێت؟" کە ئاسایی و بێ پێچوپەنا ڕازومیخین کردی، خەریک بوو جەنابی کابرای بەلووتوپۆ لە پێستی خۆی دەربکات، تەنانەت خەریک بوو بەرەو لای ڕازومیخین وەرگەڕێت، بەڵام هەرچۆنێک بوو، توانی خۆی بگرێت و خێرا گەڕایەوە لای زوسیموف.

زوسیموف بێدەربەستانە و تەنیا بەسەر ئاماژەی بۆ لای نەخۆشەکە کرد و لەسەرخۆ وتی:

- ئەمە ڕاسکۆلنیکۆڤە.

زوسیموف باوێشکی دا، بە شێوەیەکی نائاسایی دەمی داپچڕی و هەروا هێشتییەوە، پاشان بە هێوریی دەستی بۆ گیرفانی هێلەکەکەی برد، سەعاتێکی زێڕی زۆر گەورەی داخراوی دەرهێنا، کردییەوە و لێیڕوانی، هەر بە هەمان هێوری و سستییەوە خستییەوە گیرفانی.

خودی ڕاسکۆلنیکۆڤ بە درێژایی ئەو ماوەیە بێدەنگ لەسەرپشت کەوتبوو، زۆر بە وردی لە تازەهاتووەکەی دەڕوانی بەبێ ئەوەی هیچ بیرێکی لێبکاتەوە، ڕووی کە ئیتر لەسەر ئەو گوڵە چکۆڵەیەی لادابوو کە بەسەر کاغەزی دیوارەکەوە بوو، ئەمەندە ڕەنگی هەڵبزرکابوو، کە پێدەچوو دەردوئازارێکی بەسوێی هەبێت، دەتوت هەر ئێستا نەشتەرگەرییەکی سەختی بۆ کراوە، یان لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا بووە. وەلێ جەنابی تازەهاتوو وردەوردە و زیاتر سەرنجی ئەوی ڕاکێشا، پاشان گومان و سەرسووڕمان، تەنانەت ترسێکیشی تیا دروست کرد، کە زوسیموف ئەوی پیشان دا و وتی: "ئەمە ڕاسکۆلنیکۆڤە" لەپڕێکدا خێرا ڕاپەڕی، لەسەر جێگاکەی دانیشت، بە دەنگێکی تا ڕادەیەک هەڕەشەئامێز، بەڵام سست و جارجار بڕاوەوە وتی:

- بەڵێ، من ڕاسکۆلنیکۆڤم، چیت دەوێت؟

میوانەکە بە وردی تەماشای کرد و بە دەنگێکی لەسەرخۆوە خۆی پێناساند:

- من پیتەر پتروڤیچ لۆژینم، هیوادارم ناوەکەمت لا نەناس نەبێت.

وەلێ ڕاسکۆلنیکۆڤ کە بە تەواوی چاوەڕێی شتێکی تر بوو، سست و لەسەرخۆ لێی ڕوانی و وەڵامی نەدایەوە، دەتوت بە ڕاستی ئەمە یەکەمین جارە ناوی پیتەر پیتروڤیچ دەبیستێت.

پیتەر پیتروڤیچ بە ناڕەحەتییەوە پرسی:

- چۆن؟ بۆ تۆ تا ئێستا هیچ هەواڵێکت پێنەگەیشتووە؟

لە وەڵامی ئەو قسانەدا ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەرخۆ شانی دادایە سەر سەرینەکە، هەردوو دەستی لە پشتسەرییەوە هەڵپێکا و کەوتە

تەماشاکردنی ژوورەکە، بەسەر دەموچاوی لۆژینەوە ئاسەواری دەردوخەمێک دەرکەوت.
زوسیموف و ڕازومیخین زیاتر کەوتنە سووسە و خۆتێهەڵقورتاندنی لۆژین، تا لە دواییدا هەستی نائارامیی تێگەڕا و بە ئەسپایی وتی:
- وامدەزانی، وامدەزانی ئەو نامەیەی کە دە ڕۆژ زیاترە، یان لە دوو هەفتە لەمەوبەرەوە پۆست کراوە..
لەپڕێکدا ڕازومیخین قسەکانی پێبڕی و وتی:
- گوێ بگرە، تۆ بۆ تا ئێستا لەبەر دەرگاکە وەستاویت؟ ئەگەر کارێکت هەیە، فەرموو دابنیشە، چونکە بۆ هەردووکتان تۆ و ناستاسیا، شوێنەکە تەنگە، ناستاسیا گیان، کەمێک ڕێگەی بۆ بکەرەوە با تێپەڕێت، فەرموو، ئەمەیش کورسییەکەت دەی تێپەڕە!
کورسییەکەی خۆی لە مێزەکە دوور خستەوە، مەودایەکی لە نێوان مێزەکە و ئەژنۆیدا هێشتەوە، بە دەمارێکی تا ڕادەیەک کرژەوە چاوەڕێی کرد بۆ ئەوەی میوانەکە لەو تۆزە بۆشاییەوە تێپەڕێت. ڕازومیخین وا ساتەکەی هەڵبژاردبوو، کە تازەهاتووەکە بواری ڕەتکردنەوەی نەما، بۆیە خێرا، هەرچەند بەردەوام پێی هەڵدەکەوت، بەڵام لەو بۆشاییە تەنگەوە ڕەت بوو، کە گەیشتە کورسییەکە، دانیشت و بە دوودڵیەوە لە ڕازومیخین ڕاما، ڕازومیخین وتی:
- تۆ ناڕەحەت مەبە، پێنج ڕۆژە ڕودیا نەخۆشە، چەند ڕۆژێک وڕێنەی دەکرد، وەلێ ئێستا هاتۆتەوە سەرخۆی و باش خواردن دەخوات. ئەمەی دانیشتووە، پزیشکییەتی، کەمێک لەمەوبەر سەیری کردەوە، منیش هاوڕێی ڕودیام و هەر وەک ئەویش پێشتر خوێندکاری زانکۆ بووم، هەنووکە وەک دەبینیت، پەرستاری ئەوم، لەبەر ئەمە، تۆ گوێ بە ئێمە مەدە و بێباک بە لێمان، چیت هەیە بیڵێ.

پیتەر پیترۆڤیچ ڕووی لە زوسیموف کرد و وتی:
- سوپاسگوزارم، وەلێ من بەهاتن و قسەکردنم نەخۆشەکە نارەحەت ناکەم؟
زوسیموف بە هێمنی وەڵامی دایەوە:
- نا، ڕەنگە بۆ ئەو کاتبەسەربردنێکیش بێت.
دیسانەوە باوێشکی دایەوە، ڕازومیخین وتی:
- ماوەیەکە هاتۆتەوە سەر خۆی، هەر لە بەیانی زووەوە.
ڕازومیخین ئەمەندە خۆمانە و سادە و بێ پێچوپەنا قسەکانی کرد، کە پیتەر پیتروڤیچ کەوتە بیرکردنەوە و بەخۆداچوونەوە. هەروەها زیاتر بوێریی تێگەڕا، ڕەنگە ئەم هەستە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە ئەولاوە لەوچە و ڕووتوڕەجاڵە بواری بۆ ڕەخسا وەک قوتابییەک خۆی پێبناسێنێت.
لۆژین دەستی بە قسە کرد:
- دایکت..
ڕازومیخین بە دەنگی بەرز وتی:
- هوم!
لۆژین نیگایەکی پڕ لە پرسیاری لێکرد و ڕازومیخین بەردەوام بوو:
- مەبەستم هیچ نەبوو، قسەکانت مەبڕە..
لۆژین شانی هەڵتەکاند و وتی:
- .. دایکت، ئەو کاتەی هێشتا من لایان بووم، نامەیەکی بۆ نووسیت. کە گەیشتمە ئێرە بەتایبەتی چەند ڕۆژێک وەستام و نەهاتمە لات، بۆ ئەوەی تەواو لەوە دڵنیا بم کە تۆ لە هەموو شتێک ئاگاداریت، کەچی ئێستا زۆرم پێ سەیرە..
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەپڕێکدا بە تووڕەیی و نائارامییەوە وتی:

- دەزانم، دەزانم، ئەمە تۆیت؟ زاوا؟ چاک دەزانم.. ئیتر بەسە.
پیتەر پتروڤیچ هەستی بە سووکایەتی کرد. بەڵام بێدەنگ بوو، دەیویست تا زووە لە مانای قسەکانی ڕاسکۆلنیکۆڤ بگات، بێدەنگیی ماوەیەکی خایاند.
هەر لەو کاتەدا کە ڕاسکۆلنیکۆڤ بۆ وەڵامدانەوەی ڕووی تێکردبوو، لەناکاودا دووبارە بە وردی کەوتەوە تەماشاکردنی، ئەمەندە سووسەکەرانە لێی ڕوانی، دەتوت کەمێک لەوەوبەر دەرفەتی ئەوەی نەبووبوو چاک سەروبەندی لێبگرێت و هەڵیسەنگێنێت، یان لەوانەیە شتێکی تازەی تیا دۆزیبێتەوە، بۆیە کەمێک سەری لەسەر سەرینەکە بەرز کردەوە، لە ڕاستییشدا لە تێکڕای سیمای پیتەر پتروڤیچدا شتێک بەتایبەتی سەرنجی ڕادەکێشا، هەر ئەم حاڵەتەیش بوو ئەو ڕاستییەی دەسەلماند کە بۆچی بەبێ سێودوو ڕاسکۆلنیکۆڤ بە "زاوا" ناودێری کرد. یەکەم ئەوە زۆر ئاشکرا بوو، تەنانەت لەڕادەبەدەر هەستی پێدەکرا کە پیتەر پتروڤیچ هەوڵی زۆری داوە سوود لەم چەند ڕۆژە کەمە وەربگرێت، کە لە پایتەختە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ماوەی چاوەڕوانیکردنی دەزگیرانەکەیدا خۆی قۆز و ڕێکوپێکتر بکات، دیارە ئەمە کارێکی ڕەوایە و نیازپاکیی ئەو دەردەخات. بۆیە دەبوو، بە هۆی ئەو پێشهاتانەوە کە دروست بوون، لە هەستی خۆبەزلزانیە زۆرەکەی ببووردنایە. لەبەر ئەوەی کە ئەو هەر بە ڕاستی زاوا بوو، دەشیا هەموو جلەکانی کە تازە لای بەرگدروو هاتبوونەوە و گەلێک شیک بوون، بە جوانترین بەرگ بدرانایەتە قەڵەم، تەنیا ئەوە نەبێت کە گەلێک زراف بوون و بۆ مەبەستێک و بۆنەیەکی تایبەتیش لەبەرکرابوون، کڵاوە خڕ و نوێ و ڕێکپۆشەکەیشی ئەم ڕاستییەی دەسەلماند: پیتەر پیتروڤیچ زۆر بە ڕێزەوە ڕەفتاری لەگەڵ کڵاوەکەیدا

دەکرد، لەڕادەبەدەر بە دەستییەوە دەگرت و ئاگاداری بوو. جووتە دەستکێشە گەلێک دەلال و وەنەوشەییەکەی کە لە پێشانگای "ژڤان" کڕیبووی بەڵگەی ئەو ئامانج و مەبەستە بوو، لەبەر ئەوەی هێشتا دەستکێشەکە تەواو تازەبوو، چونکە لەباتیی ئەوەی لە دەستیان بکات، هەر بۆ نواندن بە دەستییەوە دەگرتن..

بەرگی لۆژین زیاتر ڕەنگی کراوە و قەشەنگ و بەباقوبریق بوون، ڕەنگی چاکەتەکەی قاوەییەکی کاڵ و پانتۆڵەکەی ناسک و هێلەکەکەیشی لە قوماشێکی هەمان جۆری پانتۆڵەکەی بوو، کراسێکی تازەی زۆر ناسک و بۆینباخەکەیشی لە قوماشێکی شیرین و خەتی گوڵینی تیابوو، لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو، کە گشت ئەمانە لەگەڵ دیمەن و سیمای پیتەر پتروڤیچدا بە تەواوی دەگونجان. دەموچاوی تەڕوتازە و تەنانەت دەلالیش بوو، بێ ئەمانەیش تەمەنی لە چلوپێنج ساڵی کەمتر دەینواند، ڕیشێکی تەنک لە لاجانگییەوە لە شێوەی چوارچێوەیەکی ناسکدا تا سەر چەناگەی دەهات، چەناگەی تازەتاشراوی بریسکەی لێوە دەهات، لەوێدا ڕیشی پڕتر دەبوو، تەنانەت قژی کە کەمێک بە لای سپێتیدا دەینواند و لای سەرتاش بە باشی شانە و چاک کرابوو، نە جێگای پێکەنین و نە ڕوویەکی گەمژانەی پێدەبەخشی، چونکە ئاسایی لەو شێوازە قژچاککردنەدا ئاسەوارێکی وا جێ دەمێنێت و مرۆڤ بە ناچاری ئەو پیاوە ئەڵمانییەی دێتەوە بیر، کە خۆی دەگۆڕێ و بۆ خوازبێنی دەچێت، ئەگەر لەو ڕووە جوان و شکۆمەندەدا ئاسەوارێکی نابەجێ و ناپەسەند بەرچاو بکەوتایە، ئەوە هۆی تری هەبوو.

دوای ئەوەی ڕاسکۆلنیکۆڤ بێباکانە جەنابی لۆژینی هەڵسەنگاند، زەردەخەنەیەکی تەوساوی هاتە سەرلێو، دیسانەوە سەری لەسەر

سەرینەکە نایەوە و لە بنمیچەکەی ڕوانییەوە. وەلێ جەنابی لۆژین خۆی گرت، وەک ئەوەی بڕیاری دابێت ماوەیەک ئەو ڕەفتارە سەیرانە بەسەر خۆیدا نەهێنێت. پاشان بە ناچاری بێدەنگییەکەی شکاند و دەستی بە قسە کردەوە:

- زۆر بە داخەوەم کە تۆ بەم حاڵەوە دەبینم، ئەگەر بمزانیایە نەخۆشیت، زووتر دەهاتمە دیدەنیت، بەڵام دەزانیت چەند ئەرکم گرانە! بێجگە لەوەی کە وەک پارێزەرێک کار دەکەم، کاری تا ڕادەیەک گرنگی ئەنجومەنی پیرانیشم لەسەرشانە. ئەمە بێجگە لە سەرقاڵیی تر کە بێگومان خۆتان دەرکی دەکەن. هەر لە ئێستایشەوە چاوەڕێی دایک و خوشکتم.

ڕاسکۆلنیکۆڤ جووڵا و ویستی قسەیەک بکات، لە دەموچاویا جۆرە هەڵچوونێک بەدی دەکرا، پیتەر پتروڤیچ بێدەنگ بوو، چاوەڕێی کرد، کە زانیی دەنگ نەبوو، کەوتەوە قسە:

- .. بەڵێ لە ئێستاوە چاوەڕێم، وەک سەرەتا خانوویەکیشم بۆ گرتوون.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگی نزم وتی:

- لە کوێ؟

- تا ڕادەیەک نزیک بە ئێرەیە، لە ماڵی (باکالیڤ)[1].

ڕازومیخین قسەی پێبڕی:

- واتا لە "وازنسینسکی" تەلارەکە دوو نهۆمە بە هەموو کەرەسەکانی ناوماڵەوە "یوشین" بە کرێیان دەدات. من لەوێ بووم.

- بەڵێ بە هەموو کەرەسەکانەوە.

---

[1] *Bakaleyef*

ڕازومیخین وتی:
- شوێنێکی پیسوپۆخڵ، بۆگەن و ترسناکە، لەگەڵ ئەمانەیشدا گومانی لەسەرە، لەوێدا کارەساتی سەیر ڕووی داوە، خوا نەبێت کەس نازانێت کێ لەوێدا دەژی.. من خۆیشم بە بۆنەی بەسەرهاتێکی ئابڕووبەرەوە ڕێم لەوێ کەوتووە، بەڵام نرخەکەی هەرزانە.
پیتەر پتروڤیچ بە ئەدەبێکی دەستکردەوە وتی:
- هەڵبەت من نەمدەتوانی ئەم هەموو شتانەی لێوە بزانم، چونکە خۆیشم تازە بەوێم زانیووە، وەلێ دەبێت ئەوە بڵێم ئەو دوو ژوورەی کە لەوێ گرتوومە، زۆر پاک و خاوێنن، لەبەر ئەوەیش کە تا ڕادەیەک بۆ ماوەیەکی کورتە..
پاشان ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و بەردەوام بوو لە قسەکردن:
- من لە ئێستاوە ماڵی خۆمانم پەیدا کردووە، واتا ئەو شوێنەی کە دەبێتە ماڵی ڕاستەقینەمان وئێستا لە چاککردنیدام، تا ئەو کۆتایی دێت، ناچارم لە ژووری کرێدا بژیم، کە هەموو شتێکی تیا بێت. من خۆم لە ئێستادا دوو هەنگاوێک لێرەوە دوورم، لە ماڵی لیپێ ڤێخزێلا[1] لە ئاپارتمانی هاوڕێیەکی لاومدا ئاندری سیمونوڤیچ لێبزیاتینکۆف[2] دام، هەر ئەویش تەلارەکەی باکالیڤی پیشان دام.
ڕاسکۆلنیکۆڤ وەک شتێکی بیر کەوتبێتەوە، بە هێوری وتی:
- لای لێبزیاتینکۆف؟
- بەڵێ، ئاندرێ سیمونوڤیچ، کارمەندی وەزارەتێکە، دەیناسیت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی دایەوە:

---

[1] *Lippevekhzel*

[2] *Andrei semyonovich Lepezyatnikof*

- نا.. نەخێر.
- ببوورە، وا لە پرسیارەکەت تێگەیشتم، سەردەمانێک من خاوەنداری بووم، لاوێکی زۆر چاک و دروستە و.. منیش لای خۆمەوە مامەڵەی گەنجان و تێکەڵیانم پێخۆشە، لەوانەوە پیاو دەتوانێت فێری شتگەلێکی تازە بێت.
پیتەر پتروڤیچ تەماشای ئامادەبووانی کرد و بە تەمای ئافەرینکردنیان بوو.
ڕازومیخین پرسی:
- ئاخر لە چ بارەیەکەوە؟
پیتەر پتروڤیچ خۆشیی لە پرسیارەکە هات و وتی:
- بە تەواوی ڕاستییەوە ئەمە دەڵێم، لە باری ناوکی مەبەستەکەوە، ئاخر دەزانیت من دە ساڵە نەهاتوومەتە پترزبورگ، هەڵبەت هەموو ئەم شتە تازانە، گشت گۆڕانە فیکرییەکان گەیشتونەتە ناوچەکانی ئێمە، بەڵام بۆ ئەوەی شتەکان زیاتر بە چاکی و ڕوونی ببینیت، دەبێت لە پتروزبورگدا بیت. بە بڕوای من باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن سەرنجدانە لە بارودۆخی گەنجەکانی خۆمان و من دان بەمەدا دەنێم و خۆشحاڵیشم.
- لە چی خۆشحاڵیت؟
- پرسیارەکەتان فرەلایەنە، ڕەنگە هەڵە بم، بەڵام من وا دەزانم کە لە گەنجاندا، سەرنجی ورد و ڕوون، توانایەکی زۆری ڕەخنەگرتن، بیرکردنەوەیەکی فراوان هەیە.
زوسیموف بە لالووتێکەوە وتی:
- ئەمە ڕاستە.
ڕازومیخین هاتە ناوەوە و وتی:

- درۆ دەکەیت، چ بیرێک لە ئارادا نییە، بیری کۆک بە زەحمەت دێتە دەست و هەر لە خۆوە لە ئاسمانەوە داناکەوێت، ئێمە نزیکەی دوو سەد ساڵە دەستی کار و کردەوەمان لە بنی هەمانەکەوە دەرچووە.

ڕووی لە پیتەر پتروڤیچ کرد و وتی:

- دەشێت هزرێک لەئارادا بێت ئارەزووی چاکسازی هەبێت، هەرچەندە بە شێوەیەکی منداڵانەیش بێت، خانەدانی و جوامێریش لە نێو ئەم هەموو فێڵزان و تەڵەکەبازانەدا کە هێرشیان هێناوەتە ئێرە، بەرچاو دەکەوێت. وەلێ لەگەڵ ئەمانەیشدا کاروکردەوەی زۆر لەئارادا نییە. دەشێت چاوەڕێی کاری چاکە لە بازرگانێکی چەکمەڕەق بکرێت!

پیتەر پتروڤیچ بە هەستێکی ڕەزامەندانەوە وەڵامی ڕازومیخینی دایەوە:

- من لەگەڵ بۆچوونەکانی تۆدا نیم، بێگومان هەڵە و لەڕێدەرچوون هەیە، وەلێ دەبێت چاوپۆشیش هەبێت، لەڕێدەرچوون بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو کەسانە حەزیان بە کارە و ئێستا لە هەلومەرجێکدا دەژین، کە ئەو کارانەیان بۆ دەستەبەر ناکرێت. ئەگەر ئەوەی ئەنجام دراوە، کەمە، بەڵام کاتی تەواوییش لەبەردەستا نەبووە، هەروەها باس لە هۆکارەکانیش ناکەین، کە بەدی نەهاتوون. بە ڕای من گەڕ ڕاستت دەوێت، تەنانەت هەندێک کاریش هەر کراون، بۆ نموونە بیری نوێ و بەسوود بڵاو بوونەتەوە، هەروەها بەرهەمی تازەی بەکەڵک لە جێی بەرهەمی خەیاڵاوی و ڕۆمانسیی کۆن بڵاو بۆتەوە، ئەدەبیات ڕەنگی پوختەتر بووە، گەلێک لە وەهمە زیانبەخشەکان بوونەتە مایەی گاڵتەجاڕی و ڕیشەکێش کراون.. بە کورتی، ئێمە پەیوەندی خۆمانمان

به تەواوی لەگەڵ ڕابووردوودا بڕیووە، ئەمەیش بە ڕای من لە خۆیدا کارێکە..".

لەپڕێکدا ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:

- بەوەی لەبەری کردووە، خۆی دەنوێنێت.

پیتەر پتروڤیچ کە گوێی لە قسەکانی نەبوو، پرسی:

- چۆن؟

بەڵام وەڵامی نەبوو.

زوسیموف بەپەلە وتی:

- هەموو ئەمانە ڕاستن.

پیتەر پتروڤیچ بە خۆشییەوە تەماشای زوسیموفی کرد و وتی:

- وانییە؟

پاشان ڕووی لە ڕازومیخین کرد، وەک ئەوەی هەست بە سەرکەوتوویی و جۆرە گەورەییەک بکات، وتی:

- دەبێت بڕوا بەوە بکەیت..

لەوەدا بوو بڵێ "گەنجی بەڕێز"، بەڵام کەوتەوە سەر قسەکانی پێشوی:

- کە هەنگاو بەرەو پێشەوە نراوە. سەرکەوتن لە بواری زانستی و ئابووریدا بەدەست هاتووە..

- ئەمانە وتراون و دووبارە دەبنەوە.

پتروڤیچ زۆر بەپەلە هاتەوە سەر قسەکانی:

- نا، دووبارە نین، بۆ نموونە ئەگەر تا ئێستا منیان فێری ئەوە کردبێت کە خزمەکانمم خۆش بوێت و منیش خۆشم ویستبن، ئەنجامی ئەمە چۆن شکاوەتەوە؟ ئەنجامەکەی ئەوە بووە کە من پاڵتۆکەم کردۆتە دوو پارچە و یەکێکیانم داوەتە خزمەکەم و هەردووکمان بە نیوەڕووتی ماوینەتەوە، بەپێی ئەو پەندە ڕوسییەی

کە دەڵێت: "ئەگەر لەیەک کاتدا بکەویتە دوای چەند کەرویشکێک، هیچیانت دەستگیر نابێت" وەلێ زانست دەڵێت: لە پێش هەر کەسێکەوە تەنیا خۆتت خۆش بوێت، لەبەر ئەوەی هەموو شتێک لە دنیادا لەسەر سوودی تایبەتی دامەزراوە، ئەگەر خۆتت خۆشویست، ئەوسا کارەکانت وەک خۆیان بەڕێوە دەچن و پاڵتاوەکەیشت هەر بە تازەیی دەمێنێتەوە. هەقیقەتی ئابووری ئاماژە بەوە دەکات، کە چەند لە کۆمەڵگادا ژیانی تایبەتی تاکەکان دەستەبەر کرابێت و پاڵتۆکان زۆرتر و چاکتر بن، هەر بەو ئەندازەیە کۆمەڵگا پتەوتر دەبێت و کاروبارە گشتییەکان و سوودە گشتییەکان بەرەوپێشتر و سەرکەوتوتر دەچن. بەم پێیە ئەگەر من بۆ خۆشیی ژیانی تایبەتی خۆم تێبکۆشم، وەک ئەوە وایە کە بۆ خۆشیی ژیانی هەموان تێکۆشابێتم و وەک ئەنجامیش هەوڵی ئەوەم دابێت کە یەکێکی تریش لە دەستکەوتنی زیاتر بەهرەمەند بووبێت، ئەمەیش لە بەخششی چەند کەسێکەوە نایەتە دی، بەڵکو دەبێت هەموو لەو بەخشش و خۆشگوزەرانییەدا هاوبەش بن. بیرۆکەکە سادەیە، بەڵام بەداخەوە بۆ بەدیهاتنی ماوەیەکی زۆری دەوێت، چونکە تا ئێستا پەردەیەکی بەوەهم و خەیاڵی پیادراوە و شاراوەتەوە، هەرچەندە کەمەهۆشیارییەکی دەویست بۆ ئەوەی بتوانیت پەی پێبەریت.

ڕازومیخین بە ڕەقی دەمکوتی کرد:

- ببوورە، منیش هۆشیار نیم و ئەمەندەیش بەسە. ئاخر، من لە قسەکانمدا ئامانجێکم هەبوو، ئەگینا ئەم هەموو چەنەبازی و دڵی خۆخۆشکردنە، ئەم هەموو دووبارە و سێبارەیە، سێ ساڵە نەفرەتیان لێدەکەم، بە خودا، نەک خۆم، تەنانەت کە خەڵکی تریش لەو بارەیەوە قسە دەکات، من سوور دادەگەڕێم. تۆ زۆر پەلەت کرد لە دەربڕین و

باسکردنی بیرو بۆچوونەکانتدا، دەشێت لەمە خۆش بیت و من سەرکۆنەت ناکەم لەسەری، وەلێ من تەنیا ئەمەوێت بزانم کە تۆ کێیت؟ چۆن لەم دواییەدا بازرگانە نابووت و بچووکەکان دەستیان داوەتە ئەو کارانە کە سوودی گشتییان تیایە؟ لە کاتێکدا کە ئەوان لە پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیاندا، هەموو شتێکیان پۆخڵ کردووە! کەواتە ئیدی بەسە.

جەنابی لۆژین کە بە ویقارێکی یەکجار زۆرەوە خۆی تەیار کردبوو، دەستی بە قسان کرد:

- بەڕێز، ئایا بەم ڕاشکاوییەتان مەبەستتان لەوەیە کە منیش..

ڕازومیخین قسەی پێبڕی:

- ببوورە.. ببوورە. نازانم، وەلێ ئیتر بەسە.

ڕووی بەرەولای زوسیموف وەرگێرا و لەسەر قسەکانی پێشووی ڕۆشت.

پیتەر پتروڤیچ هێند ئاقڵ بوو کە وەڵام و ڕوونکردنەوەکان زوو بسەلمێنێت، بەڵام دوای دوو دەقیقە بڕیاری ڕۆیشتنی دا، بۆیە ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و وتی:

- هیوادارم ئەم دۆستایەتییەی کە ئەمڕۆ دەستمان پێکرد، دوای چاکبوونەوەتان و بەپێی ئەو هەلومەرجەی کە خۆت دەیزانی، توندوتۆڵتر بێت.. بەتایبەتی هیوای چاکبوونەوەت بۆ دەخوازم.

ڕاسکۆلنیکۆڤ تەنانەت سەریشی وەرنەگێڕا، پیتەر پتروڤیچ جووڵا بۆ ئەوەی هەستێت، زوسیموف ڕوو بە ڕازومیخین وەک پاڵپشتیی لێبکات، وتی:

- حەتمەن یەکێک لەوانە کوشتوویەتی کە بارمتەی لاداناوە.

ڕازومیخینیش هەر بەو زمانە وتی:

- حەتمەن کاری ئەوانە، پۆرڤێری بۆچوونی خۆی دەرناخات، بەڵام لە هەموو ئەو کەسانە دەکۆڵێتەوە، کە بارمتەیان لای ئەو ژنە داناوە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگی بەرز وتی:
- لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانەدا دەکات، کە بارمتەیان هەبووە؟
- بەڵێ، ئەی بۆ؟
- هیچ
زوسیموف پرسی:
- جا ئەوانە لە کوێ پەیدا دەکات؟
- هەندێکیان کوخ دەیزانێت، ناوی هەندێکی تریشیان لەسەر بەستەی بارمتەکانە، هەیشیانە هەر کە بیستیان، خۆیان هاتن..
- سەیرە! ئەوەی ئەو کارەی کردووە، زۆر زۆڵ و زرنگ و بەئەزموون بووە، چەند بوێر! چەند بە ورە!
ڕازومیخین قسەی پێبڕی:
- نا، کێشەکە لەمەدایە کەوا نییە، مەسەلەکە وانییە، کە ئێوە بۆی چوون. بە بڕوای من ئەو کەسە نە زرنگە و نە خاوەن ئەزموونە و ئەمەیش یەکەم کاری لەو جۆرەیە، کە کردوویەتی. ئەگەر وای دابنێیت کە ئەمە کاری کەسێکی زرنگ و کردەیە، کەواتە نەدەبوو وا بکرایە، بەڵام ئەگەر گریمانەکە وابێت کە کەسێکی بێئەزموون کردوویەتی، دەبینیت تەنیا ڕێکەوت لەو بەدبەختییە ڕزگاری کردووە. جا ڕێکەوت چی ناکات؟ ڕەنگە پێشبینیی ئەوەیشی نەکردبێت کە چی بەسەر دێت! ئەی کارەکەی چۆن ئەنجام داوە؟ بەم جۆرە: ئەو شتانەی هەڵگرتووە، کە قیمەتیان دە ڕۆبڵ یان بیست ڕۆبڵە و گیرفانی لێ پڕ کردوون. بە ناو بەستە و سنووقی پیرێژنەکەدا گەڕاوە. لە کاتێکدا کە لە چەکمەجەی سەرەوەی دۆڵابەکەدا، بێجگە لە پارەی وردە، هەزار و

پێنجسەد ڕۆبڵی کاشی تیا بووە. تەنانەت دزییشی نەزانیووە، تەنیا شتێک کە توانیوویەتی بیکات، کوشتنەکە بووە، ئەمە یەکەمجاری بووە، پێت دەڵێم ئەمە یەکەمجاری بووە و ئیتر سەری لێشێواوە، ڕزگاربوونیشی بێنەخشە و بەڕێکەوت بووە.

پیتەر پتروڤیچ کە هێشتا بە دەستکێش و کڵاوەکەی دەستییەوە ڕاوەســـتا بوو و دەیویست

پێش ئەوەی بڕوات قسەیەک لەو بارەیەوە بکات. ڕووی لە زوسیموف کرد و وتی:

- وا بزانم لەبارەی کوشتنی ئەو پیرێژنەوە قسە دەکەن، کە ژنی کارمەندێک بووە.

دیار بوو لۆژین زۆری لا خۆشبوو پێش ئەوەی بڕوات، ئاسەوارێکی باش لە دوای خۆیەوە بەجێ بهێڵێت. ئەمەیش بەشێک بوو لەو خۆدەرخستن و نەرجسیەتەی هزری تەنیبوو.

- بەڵێ، تۆیش بیستووتە؟

- ئەی چۆن! هەموو دراوسێکان..

- لە هەموو وردەکارییەکانی بەئاگایت؟

- بە تەواویی نا، بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە، شتی ترە، واتا مەسەلەیەکی فرەلایەنە، با لەوە گەڕێین کە لەم پێنج ساڵەی دواییدا، بە تایبەتی لە ناو چینەکانی خوارەوەدا تاوان زۆر بوە، با واز لە تاڵانکردن و ئاگربەربوونەوەی بەردەوامیش بهێنین، لە هەموو ئەمانە سەیرتر بە لای منەوە ئەوەیە، کە کێشەی تاوانکردن لە چینەکانی سەرەوەدا ڕوو لە زیادیە، هەر بە هەمان شێوەی کە لە چینەکانی خوارەوەدا هەیە. لەلایەکەوە دەبیستین کۆنە قوتابییەک لە شەقامێکی گشتیدا پەلاماری گالیسکەیەکی پۆست دەدات، لە شوێنێکی دی

دەبیستین کەسانێکی بەپلەوپایە دراوی ساختە دروست دەکەن، هەروەها دەبیستین لە موسکۆ، گروپێک بە تۆمەتی ئەوەی ساختەیان لە بلیتی بەخت کردووە، گیراون و پاشان دەردەکەوێت کە یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو گروپە مامۆستایەکی مێژووی گشتییە. دواجاریش، یەکێک لە کارمەندەکانی سەفارەتمان لە دەرەوە، لەسەر پارە یان کارێکی نهێنی دەکوژرێت! جا ئەگەر ئێستا ئەم پیرێژنە سووخۆرە بە دەستی یەکێک لەوانە کوژرابێت، کە لە چینی سەرەوەن و هەروایشە، چونکە وەک من بزانم چینی هەژاران زێڕیان نییە بیکەنە بارمتە و لای ئەو دایبنێن. کەواتە ئەم بێسەرەوبەرەییەی کۆمەڵگای ئێمە کە کۆمەڵگایەکی شارستانییە، چۆن لێک دەدرێتەوە؟

زوسیموف وتی:

- وەرچەرخانە ئابوورییەکان دەوری سەرەکیان هەیە لە بوونی ئەم دیاردەیەدا.

ڕازومیخین وتی:

- چۆن لێکی بدەینەوە؟ ئاسانە، بەوەی کە گیانی کارکردنمان تیا مردووە و بیریشمان نەزۆکە.

- یەعنی چۆن؟

- یەعنی ئەو مامۆستای مێژووەی کە بلیتی ساختەی دروست دەکرد، کاتێک لێیان پرسی بۆ ئەوە دەکات، وتی: "خەڵکیی بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بن، هەموو ڕێگەیەکی جیاواز لەبەر دەگرن، بۆیە منیش ویستم زوو دەوڵەمەندبم". وشەکانی ئەوم وەک خۆی لەبیر نییە، بەڵام پوختەی قسەکانی وا بووە، کە دەیەوێت زووتر و بەبێ ماندووبوون سامان بەدەست بهێنێت. ئێمە وا ڕاهاتووین هەموو شتێکمان بە ئاسانی بێتە دەست؟ بار بین بەسەر کەسانی ترەوە و

تیکەی جوراوی خەڵکی بخۆین، بەڵام لە کاتی خۆیشیدا هەموو کەسێک وەک هەقیقەتی خۆی دەردەکەوێت..
- ئەی ڕەوشت چۆن.. ئەی یاسا و بیروباوەڕ؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ خێرا هەڵیدایە:
- ئاخر، بۆ نیگەرانیت؟ ئەم ئەنجامە تەواو لەگەڵ تێزەکەی تۆدا ڕێک هاتۆتەوە.
- چۆن ڕێکە لەگەڵ تێزی مندا؟
- ئەوەی کەمێک لەمەوبەر ڕاتدەگەیاند، ئەگەر بیگەیەنیتە کۆتایی، دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤکوشتن ڕەوایە.
لۆژین هاواری لێهەستا:
- تکایە!..
زوسیموف وتی:
- نەخێر، وا نییە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ڕەنگی پەڕیوویەوە هێشتا پاڵکەوتبوو، لێوی سەرەوەی دەلەرزی، هەناسەیشی سوار بوو.
لۆژین بەردەوام بوو لەسەر لووتبەرزی و خۆبەزلزانینەکەی:
- هەموو شتێک سنووری خۆی هەیە، بیرۆکەی ئابووری بانگەشەی کوشتن نییە، ئەگەر وایش تێبگەین..
دیسانەوە ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگێکەوە کە ڕکەکەی دەیبڕی و هەستت دەکرد شادمانییەکی ناجۆری تیایە، قسەکانی پێبڕی و وتی:
- ڕاستە تۆ.. ڕاستە تۆ بە دەزگیرانەکەتت وتوە.. لەو ساتەدا کە ڕەزامەندیی خۆی دەرخستووە بۆ ئەوەی شووت پێبکات، کە زیاد لە هەموو شتێک تۆ بەوە دڵخۆشیت کە.. ئەو هەژار و نەدارایە، چونکە هەڵبژاردنی ژن لە ناو هەژاراندا سوودی زۆرە، لەبەر ئەوەی پیاو

دەتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت و ئەوەی بەچاودا بدات، کە بەختەوەری ئەو بە هۆی مێردەکەیەوەیە؟

ڕقی لۆژین ئەوەندە هەڵچوو، دەتوت دەیەوێت لە پێستی خۆی بچێتە دەرێ، هاواری کرد:

- گەورە و بەڕێز، گەورە و بەڕێز، چۆن بیرۆکەکەیان شێواندووە! بمبوورە، وەلێ دەبێ پێت بڵێم ئەو قسەیەی بەرگوێت کەوتوە، یان داویانە بە گوێتا، هیچ بنەمایەکی ڕاستیی تیا نییە.. منیش.. هەست دەکەم کێ.. بە کورتی.. ئەم تیرە دایکت.. ئەو لەمەیش بترازێت، لەگەڵ هەموو ئاکار و سیفەتە مەزنەکانیدا، بە بڕوای خۆم خاوەنی بیری فانتازیا و گیانی ڕومانسیەتە.. لەگەڵ ئەمانەیشدا من ئەو هەستەم لانەبوو ئەو بەو شێوە شێوێنراوە بیر لە بۆچوونی من بکاتەوە، کە من هەزاران فرسەخ لەو بیرکردنەوەیە دوورم، ئیتر.. ئیتر..

ڕاسکۆلنیکۆڤ کەمێک هەستا و پاڵی بە سەرینەکەوە دا، بە نیگایەکی تیژ و درەوشاوەوە چاوی تێبڕی و دەنگی بەرز کردەوە:

- دەزانیت؟ دەزانیت.

لۆژین پرسی:

- چی بزانم؟

لۆژین بێدەنگ بوو، لە ڕوویدا وەستا و کەوتە چاوەڕوانی، بێدەنگییەکە چەند چرکەساتێکی خایاند.

ڕاسکۆلنیکۆڤ پێی وت:

- دەزانیت، ئەگەر تۆ جارێکی دی.. پڕکێشی ئەوە بکەیت تەنانەت تاقەوشەیەک دەربارەی.. دایکم بڵێیت.. من لە قاڵدرمەکانەوە فڕێت دەدەمە خوارێ.

ڕازومیخین هاواری لێهەستا:

- ئەوە تۆ چیتە؟
- هەر ئەوەیە.
ڕەنگ بە ڕووی لۆژینەوە نەما، لێوی برد بەدەما و وتی:
- ئاوا..
پاشان بەزۆر بەری لە ڕقەکەی خۆی گرت، بەدەم هەناسەتوندییەکی زۆرەوە دەستی بە قسان کرد:
- گوێ بگرە جەناب، من هەر لە سەرەتاوە، کە هاتمە ئێرە، هەستم بە دوژمنایەتیی تۆ کرد، بۆیە زیاتریش مامەوە، تا زۆرتر تێبگەم، دەمتوانی زۆر شت بە نەخۆشێک و خزمێکی خۆم ببەخشم، وەلێ ئێستا.. بەرانبەر بە تۆ.. هەرگیز ناتبەخشم.
ڕاسکۆلنیکۆڤ هاواری کرد:
- من نەخۆش نیم.
- جا خراپتر..
- بڕۆ گوم بە لەبەرچاوم.
بەڵام لۆژین بەبێ ئەوەی کۆتایی بە قسەکانی خۆی بێنێت، لە چوونەدەرەوەدا بوو، دیسان بە نێوان کورسی و مێزەکەدا تێپەڕی، ئەمجارە ڕازومیخین هەستا تا ڕێگەی بکات. لۆژین بەبێ ئەوەی سەیری کەس بکات و تەنانەت سەرێک بۆ زوسیموف دانەوێنێت، کە ماوەیەک بوو ئاماژەی ئەوەی بۆ دەکرد دەست لەسەری نەخۆشەکە هەڵبگرێت و وازی لێبێنێت، لە ژوورەکە چووە دەرێ، کە خۆی دانەواند بۆ ئەوەی لە دەرگاکە ڕەت بێت، کڵاوەکەی هەر بۆ ئیحتیات تا ئاستی شانی بەرز کردەوە، تەنانەت لە دانەوینەکەیشیدا هەستت دەکرد باری سووکایەتیپێکردنێکی زۆری لەکۆڵ گرتووە و لەگەڵ خۆیدا دەیباتە دەرێ.

ڕازومیخین بەدەم ڕامان و سەر ڕاوەشاندنەوە بە ڕاسکۆلنیکۆڤی وت:
- ئایا ئەمە دەبێت، شتی وا دەشێت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ ئاگری گرت و نەڕاندی:
- لێم گەڕێن، هەمووتان وازم لێبێنن، خوێنخۆرەکان، بۆ دەست لەسەرم بەرنادەن؟ من لێتان ناترسم، من ئیدی ناترسم، لە هیچ کەس ناترسم، بڕۆن، حەز ئەکەم تەنیا بم، تەنیا، تەنیا، تەنیا.
زوسیموف بەسەر ئاماژەی بۆ ڕازومیخین کرد و وتی:
- با بڕۆین.
- باشە، دەبێت هەر ئاوا بەجێی بهێڵین؟
- با بڕۆین.
زوسیموف چووە دەرێ، ڕازومیخین وەستا و پاشان دوای کەوت.
زوسیموف لەسەر پلیکانەکان وتی:
- ئەگەر بە قسەمان نەکردایە خراپتر دەبوو، با لەوە زیاتر هەڵنەچێت..
- ئەمە چییەتی؟
- خۆزگا تەزوویەکی شادیی تێدەگەڕا، ئێستا پێویستی بەمەیە، کەمێک پێشتر هێزێکی تێگەڕابوو.. دەزانیت بیرێکی لەژێر سەردایە، بیرێکی کۆک و سەنگین.. من لەو بیرە دەترسم و حەتمەن هەروایشە.
- ڕەنگە ئەم جەنابی پیتەر پتروڤیچە بێت، لە قسەکانیانەوە وا دەردەکەوت کە دەیەوێت لەگەڵ خوشکی ڕودیادا زەماوەند بکات، ڕودیایش پێش ئەوەی نەخۆش بکەوێت، نامەیەکی لەو بارەیەوە پێگەیشتووە.
- دیارە، دەڵێی شەیتان ئەمڕۆ ئەم زەلامەی هێنایە ئێرە، ڕەنگە هەموو شتەکان تێک بدات. بەڵام دەزانیت ڕاسکۆلنیکۆڤ بەرانبەر بە هەموو

شتێک بێباک و خوێنساردە، لە هەموو شتێکدا بێدەنگە، تەنیا لە شتێکدا نەبێت کە ئاگر دەگرێت، ئەویش مەسەلەی کوشتنە..
ڕازومیخین قسەکانی بەڕاست وەرگرت:
- وایە، وایە، بە ئاشکرا هەستم پێکرد، تاوانی کوشتن زوو ڕای دەکێشێت و دەترسێت.. دەزانیت بۆ؟ چونکە ئەو ڕۆژەی کە نەخۆش کەوت، ترساندیان، لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس لە هۆش خۆی چوو.
- تۆ ئەمشەو بە درێژی ئەمەم بۆ باس بکە، منیش دوایی شتی ترت پێدەڵێم. من زۆرم مەبەستە، نیو سەعاتی تر سەرێکی لێدەدەم، بەڵام مەترسیی ئەوەی نییە کە تووشی نەخۆشیی مێشک بووبێت.
- سوپاست دەکەم، منیش هەر لای باشنکا چاوەڕێ دەبم، ناستاسیاش دەکەمە چاودێری.
کە ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تەنیا مایەوە، ئۆقرەی لێبڕا، لە ناستاسیای ڕوانی، ناستاسیا لە ڕۆشتن خۆی دواخست، بە ڕودیای وت:
- دەی، ئێستا چا دەخۆیت؟
- دوایی، دەمەوێت بنووم، لێم گەڕێ.
ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەمەی وت و بە تووڕەیی و خێرا بەرەو لای دیوارەکە گەڕایەوە، ناستاسیا چووە دەرەوە.

٦

هەر کە ناستاسیا چووە دەرەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستا، دەرگاکەی جووت کرد، ئەو بەستە جلەی ڕازومیخین هێنابووی و خۆیشی گرێی دابوو، کردیەوە و کەوتەوە لەبەرکردنی جلەکان.
شتێکی سەیر بوو، وەک ئەوەی لەپڕێکدا بە تەواوی هێور بووبێتەوە، ئیدی نە ئەو وڕێنەیەی جارانی ما کە شێتئاسا دەیگرت، نە ئەو ترس

و سامەی کە لەم دواییەدا ئازاری پێدەگەیاند، ئەمە یەکەمین چرکەساتی هێمنبوونەوە لەناکاوەکەی بوو، هەڵسوکەوتە ورد و لەسەرخۆ و ڕوونەکەی بەڵگەی بڕوایەکی تۆکمە و سەقامگیری بوو. لەبەر خۆیەوە دەیوت: "هەر ئەمڕۆ، هەر ئەمڕۆ" لەگەڵ ئەمانەیشدا دەیزانی کە هێشتا لاواز و بێتوانایە، بەڵام باری دەروونی و ئەو هێزەی دەیگەیاندە سنووری ئارامی و پتەوی باوەڕی، توانا و هێزی بڕوابەخۆکردنیان پێدەبەخشی، لەلایەکی تریشەوە هیوای ئەوە بوو کە لە کۆڵانێکدا نەکەوێت.

کە جلە تازەکانی بە تەواوی پۆشی، تەماشای ئەو پارانەی کرد، لەسەر مێزەکە دانرابوون و خستنیە گیرفانی، بیستوپێنج ڕۆبڵ بوو، پاشان هەموو ئەو پێنج کوپیکانەی کە لە دەڕۆبڵییەکە باقی مابووەوە و ڕازومیخین دوای کڕینی جلەکان، بۆی هێنابووەوە، خستنیە گیرفانی، ئینجا لەسەرخۆ دەرگاکەی کردەوە، لە ژوورەکە وەدەرکەوت، بە پلیکانەکاندا هاتە خوارێ، تەماشای ناو چێشتخانەکەی کرد، کە دەرگاکەی بە تەواویی کرابووەوە، ناستاسیا پشتی لێی بوو، نووشتابووەوە و فووی لە سەماوەری خاوەن ماڵەکە دەکرد، گوێی لە هیچ نەبوو، بۆ کەس بیری بۆ ئەوە دەچوو کە ڕاسکۆلنیکۆڤ بڕواتە دەرەوە؟ دوای دەقیقەیەک گەیشتە سەر شەقامەکە.

سەعات هەشت بوو، خۆر ڕوو لە ئاوابوون بوو، وەک دوێنێ کەشوهەواکەی خەفەخان بوو، وەلێ ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دڵپڕۆکییەوە هەوا پیس و پڕ لە تۆز و خۆڵەکەی شاری هەڵدەمژی، خەریک بوو سەری گێژ بخوات، لەپڕا هێزێکی ترسناک لە چاوە سووردداگەڕاو و ڕووە زەرد و لاواز و ڕەنگە پەڕیووەکەیەوە دەرکەوت، نەیزانی، یان

هەر لە بیری ئەوەدا نەبوو بۆ کوێ بچێت، تەنیا یەک شتی دەزانی: "دەبێت هەر ئەمڕۆ هەموو کارەکان ئەنجام بدات، یەکژەمی و خێرا، تا نەیکات، ناگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، لەبەر ئەوەی ناتوانێت وا بژی" وەلێ چۆن کارەکە تەواو بکات و کۆتایی پێبهێنێت؟ لەم لایەنەوە هیچی نەدەزانی، هەر نەیشیدەویست بیری لێبکاتەوە، هەموو بیرکردنەوەیەکی لە خۆی دوور دەخستەوە، بیرکردنەوە ئازاری پێدەگەیاند، تەنیا هەستی بەوە دەکرد و دەیزانی کە هەر چۆنێک بووە دەبێت هەموو شتەکان بگۆڕێن، زۆر بە دڵنیایی و بڕوایەکی تۆکمەوە ئەمەی دەوتەوە: "هەر چۆنێک بووە".

وەک خووی پێوە گرتبوو، بە هەمان ئەو ڕێگەیەدا کە جاران پیاسەی پیا دەکرد، ڕاست بەرەو مەیدانی "سننایا" ڕێگەی لەبەر گرت، هێشتا نەگەیشتبووە مەیدانەکە، لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا و بەرانبەر دوکانی وردەفرۆشێک، تارژەنێکی لاوی موورەش وەستابوو، گۆرانییەکی زۆر بە سۆزی دەوت، تارژەنەکە کچۆڵەیەکی پانزە ساڵەی گۆرانیبێژی لەگەڵدا بوو، کیژۆڵەکە لەسەر شۆستەکە لە بەردەم کوڕەکەدا وەستابوو، وەک کچی گەنج تەنوورەیەک و پاڵتاوێکی ناسکی لەبەردا بوو، دەستکێش لەدەستا و کڵاوێکی حەسیری کە ڕەنگی پەڕەکانی ئاگرین بوون، لەسەردا بوو. هەموو ئەمانە کۆن و پەڕپووت دەیاننواند. کیژۆڵەکە بە دەنگی گۆرانیبێژە میللیەکان دەیخوێند، دەنگێکی بەچریکە و خۆش و بەئاواز، گۆرانیی دەوت و چاوەڕێی ئەوە بوو دووکاندارەکە دوو کوپیکی بداتێ. ڕاسکۆلنیکۆڤ لە پاڵ دوو سێ گوێگری تردا وەستا و کەمێک گوێی گرت، پاشان پێنج کوپیکییەکی لە گیرفانی دەرهێنا و خستییە نێو دەستی کچۆڵەکەوە، کچۆڵەکە لەناکاوێکدا، لە گرنگترین شوێن و

بەرزترین خاڵی گۆرانییەکەدا وەستا، وەک ئەوەی دەنگی بڕیبێت، بە تووڕەییەوە بە سازژەنەکەی وت: "بەسە". ئەوسا بە جووتە ڕوویان لە دووکانداری دوای ئەو کرد.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەپڕێکدا بە یەکێک لەو گوێگرە بەتەمەنانەی کە لە پاڵ تارژەنەکەدا وەستابوو، لەوەیش نەدەچوو مەبەستێکی هەبێت، پرسی:

- تۆ حەزت بە گۆرانیی سەرشەقامەکانە؟

پیاوەکە تەماشایەکی سەیری کرد. ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەر قسەکانی ڕۆشت، بەڵام بە جۆرێک کە دەتوت هەرگیز قسە لەسەر گۆرانیی سەر شەقامەکان ناکات و وتی:

- پێم خۆشە، لە شەوێکی سارد و تاریک و تەڕی پاییزدا، گوێم لە دەنگی ساز بێت، شەوێکی تەواو تەڕ، ئەو کاتەی دەموچاوی ڕێبوار ئەوەندە شین دادەگەڕێت، کە بە لای سەوزیدا دەڕوانێت، لەمانەیش چاکتر، ئەگەر بەفر، بەبێ با، کلوکلو بێتە خوارێ و لەو ناوەندەدا چرا گازییەکان بدرەوشێنەوە..

پیاوەکە، کە لە لایەک پرسیارەکە و لەلایەکی ترەوە دیمەنە سەیرەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤ ترسیان تێگەڕاندبوو، لەبەر خۆیەوە وتی:

- نازانم، بمبوورە.

پیاوەکە بەرەو ئەوبەری شەقامەکە تێی کێشا.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاست کوتای، تا گەیشتە سەر مەیدانی "سننایا" ئەوە ئەو جێگایە بوو، کە چەند ڕۆژێک لەوەوبەر پیاو و ژنە دووکاندارەکە قسەیان لەگەڵ لیزاڤێتا دەکرد، وەلێ ئێستا لەوێ نەبوون.

ڕاسکۆلنیکۆڤ شوێنەکەی ناسییەوە، وەستا، تەماشای ئەملاوئەولای کرد، لە کوڕێکی گەنج، کە کراسێکی سوری لەبەردا بوو و لە پاڵ دەرگای دەرەوەی نانەوایەک باوێشکی دەدا، پرسی:

- لەم سەرسووچەدا، پیاو و ژنێک.. یان ژنەکەی کاسبیان دەکرد، ها؟
لاوەکە بە لووتبەرزیەوە تەماشای ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد و وتی:
- هەموو جۆرە فرۆشیارێک دێتە ئێرە و کاسبی دەکات.
- ناوی چییە؟
- هەر ناوێک کە لە کاتی تەعمیدا لێی نرابێت، هەر بەو ناوەیش بانگی دەکەن.
- ناشێ تۆ خەڵکی "زارایسک" بیت، لە کامە ناوچەیت؟
لاوەکە دیسان سەیرێکی ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد و وتی:
- گەورە و بەڕێز، ئێمە ناوچەمان نییە، هەرێممان هەیە، هەمیشە براکەم سەفەر دەکات و من لە ماڵەوە دەمێنمەوە، بۆیە هیچ نازانم، داوای لێبوردنت لێدەکەم، گەورە و بەڕێز.
- ئەو نهۆمەی سەرەوە چایخانەیە؟
- میوانخانەیە، بلیاردیشیان هەیە، شازادە خانمییشی تیایە بەە.. بەە..
ڕاسکۆلنیکۆڤ لە ناوەڕاستی مەیدانەکەوە تێپەڕی، لە سووچێکدا کۆمەڵێکی زۆری خەڵک، کە هەموو گوندنشین بوون، وەستابوون. ڕاسکۆلنیکۆڤ خۆی خزاندە ناویان و کەوتە سەیرکردنیان، نەتدەزانی بۆ حەز دەکات لەگەڵ هەریەکێکیاندا بکەوێتە گفتوگۆ، وەلێ جوتیارەکان گوێیان پێنەدا، هەموویان پێکدا دەهاتن و دەنگەدەنگیان بوو. ڕاسکۆلنیکۆڤ وەستا، بیری کردەوە و لە پیادەڕێکەوە بەرەو لای ڕاست و شەقامی "ف" چوو، کە لە گۆڕەپانەکە تێپەڕی، چووە کۆڵانەکەوە.. پێشتر زۆرجار لەم کۆڵانە کورتەوە، کە بە شێوەیەکی چەماوە لە گۆڕەپانەکەوە دەچووەوە سەر شەقامی "سادڤایا"[1]

---

[1] *Sadovaya*

تێپەڕیبوو. لەم دووایییەدا، کە لە هەموو شتێک وەرز ببوو، زۆر ئارەزووی دەکرد لەم جۆرە شوێنانەدا پیاسە بکات بۆ ئەوەی وەرزتر بێت. بەڵام ئێستا بیر لە هیچ ناکاتەوە، لەم شوێنەدا ساختمانێکی گەورە هەبوو، هەموو بەشەکانی مەیخانە و چێشتخانە و مەیفرۆشی بوو، لە ناوەوەیدا هەموو چرکەساتێک ژنانێک بە بەرگی ماڵەوە، کە بەو جلانەوە تەنیا بۆ لای دراوسێ دەتوانیت بچیت، بە سەری ڕووت و کراسێکەوە، دەهاتنە دەرەوە، لە دوو سێ شوێنی سەر شۆستەکاندا، بە تایبەتی لە نزیک دەرگای چوونە ژوورەوەی ژێر زەمینەکاندا کە دوای بڕینی دوو پلە دەشیا بڕۆیتە شوێنە خۆشەکەوە، لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە، لە یەکێک لەو شوێنانەدا، لەم کاتەدا، ژاوەژاوێک هەڵایسابوو تەواوی کۆڵانەکەی پڕ کردبوو، گیتاریان لێدەدا، گۆرانییان دەوت و شادمانییەکی تەواو ئەو ناوەی لە ئامێز گرتبوو، کۆمەڵێکی زۆر لەو ژنانە لەبەر دەرگاکە کۆببوونەوە، هەندێکیان لەسەر پلیکانەکان و هەیشیان بوو لەسەر شۆستەکە دانیشتبوون. دەستەیەکیش هەر بە پێوە دەپەیڤین. هەر لەوێدا، لەناوەڕاستی شەقامەکەدا سەربازێکی مەست جگەرەی دەکێشا، بەبێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەچێت، دەڕۆیشت و بە دەنگی بەرز جوێنی دەدا، پێ دەچوو بیەوێت بڕواتە یەکێک لە دووکانەکان ، بەڵام خۆیشی نەیدەزانی کامیانە. شڕۆڵەیەک جوێنی بە شڕۆڵەیەکی تر دەدا، بەدمەستێک لە ناوەڕاستی شەقامەکە کەوتبوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ لای ئاپۆرەی ژنانەوە وەستا، ژنەکان بە دەنگی کرخەوە لە ژاوەژاوی خۆیاندا بوون، هەموویان کراسی چیت لەبەردا و کەوش لەپێ و سەریان قۆتی بوو، هەیانبوو تەمەنی لە چل ساڵ تێپەڕیبوو، تیایشیاندا هەبوو تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو. زۆربەیان بەری چاویان

ئاوسابوو. ڕاسکۆلنیکۆڤ خۆیشی نەیدەزانی ئەو گۆرانی و هەراوزەنایەی لە ژێرزەمینەکەوە دێت، بۆ ئەمەندە سەرنجی ئەمی ڕاکێشاوە، لەوێدا، لە نێوان قاقای پێکەنین و هاوارهاوارەوە گوێت لە پیاوێک دەبوو کە بە دەنگێکی نەرم و ناسکەوە لەگەڵ گیتارلێداندا گۆرانیی دەوت، هەموو توانای دابووە سەما و بەپێی زەربی گیتارەکە پێی بە زەویدا دەکێشا، ڕاسکولینکۆف بە وردی، بە ڕوویەکی گرژ و بیرێکی ئاڵۆزەوە، لە بەردەم دەرگای چوونەژوورەوەدا خۆی لار کردبووەوە و گوێی گرتبوو، ماتیگرانە لە پیادەڕێکەوە چاوی بۆ ناو هۆڵەکە شۆڕ کردبووەوە، دەنگە ناسکەکە دەیوت: (تۆ ئەی پاسەوانە خۆشەویستەکەم بە ناهەق لێم مەدە).

ڕاسکۆلنیکۆڤ تامەزرۆی گوێلێگرتنی ئەو شیعرە بوو، وەک ئەوەی گشت مەبەستەکە لەوێدا کۆ بووبێتەوە، لە خۆی پرسی: (چۆن بچمە ژوورەوە؟ قاقا لێدەدەن، مەستن، چۆنە منیش سەرخۆش بم؟)

ژنێکیان بە دەنگێکەوە کە تا ڕادەیەک زرنگەی لێدەهات و هێشتا نەگیڕابوو، وتی:

- گەورە و بەڕێز، نایەیتە ژوورێ ؟ ژنەکە گەنج بوو، تەنانەت لە نێو هەموو ئەوانی تردا تاقە ژنێک بوو کە لێی نەدەبێزرایت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاست بووەوە و تەماشایەکی کرد و وتی:

- چ جوانی!

ژنە زەردەخەنەی هاتێ، پیاوتنەکەی زۆر لا خۆش بوو، ئینجا وتی:

- تۆیش زۆر جوانیت.

ژنێکی دی بە دەنگێکی گڕەوە وتی:

- چەندە لاوازیت! دەڵێی تازە لە نەخۆشخانە هاتوویتە دەرێ؟

لەپڕێکدا جوتیارێک نزیک کەوتەوە، کەمێک مەست بوو، دوگمەی کراسەکەی کراوە و ڕوویەکی خۆش و زۆرزانانەی هەبوو، قسەکانی بەوان بڕی:

- لەوە دەچێت هەموو کچە سەرتیپ بن، لووتیان کورت و قوتە. بڕوانە لە بەزمیان!

ژنێکیان پێی وت:

- وەرە ژوورێ، تۆ هەر هاتوویت.

- دێم! گیانەکەم!

جووتیارەکە بە ڕاکردن خۆی بە ژوورێدا کرد.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کەوتەوە ڕێ، ژنە گەنجەکە لە دواوە هاواری لێکرد:

- گوێ بگرە بەڕێز.

- چ دەڵێیت؟

ژنەکە پەشۆکا:

- من، گەورە و ئازیز، زۆر خۆشحاڵ دەبم چەند سەعاتێک لەگەڵتابم، بەڵام ئێستا، نازانم بۆ ناتوانم لە بەرانبەرتا هیچ بڵێم، کوڕی باش، شەش کوپیکم بدەرێ با شتێکی پێبخۆمەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ چی بە دەستەوە هات، لە گیرفانی دەریهێنا، سێ پارچە پێنج کوپیکی بوو.

- ئاه.. چ گەورەیەکی میهرەبانیت!

- ناوت چییە؟

- لە "دوکلید"! بپرسە.

یەکێک لە ژنەکان کە بەسەر ئاماژەی بۆ لای "دوکلید" دەکرد و وتی:

- بەسە ئیتر، ئەمە چ مانایەکی هەیە، هیچ لەمە تێناگەم چۆن پارە وا پەیدا دەکرێت؟ من ئەوەندە هەست بە سووکایەتی و ئازاری ویژدانی خۆم دەکەم، خەریکە بە زەویدا ڕۆدەچم.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە وردی بەو ژنەیدا هەڵڕوانی، کە قسەکەی کرد.
ژنێک بوو دەموچاو ئاوڵاوی، تەمەن سی ساڵ، ڕووی شین داگەڕاو و لێوی ئاوسابوو، ڕەخنە و ئاوازەکەی لەسەرخۆ و ئاغر بوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ هەر بەدەم ڕۆیشتنەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوا: "لە کوێ. لە کوێدا خوێندومەتەوە کە یەکێک لەوانەی فەرمانی مەرگی بەسەرا دراوە، سەعاتێک پێش لە سێدارەدانی دەڵێت یان وا بیر دەکاتەوە کە ئەگەر ناچار بکرێت لەسەر لووتکەیەک، یان تاوێرێک بژی، ئەوەندە شوێنەکە تەسک بێت کە تەنیا جێی هەردوو پێی بێتەوە، هەموو چواردەوریشی هەڵدێر، ئوقیانووس، تاریکستانێکی هەمیشەیی، تەنیاییەکی بەردەوام، زریانێکی هەتاهەتایی بێت و ناچارییش بێت هەموو تەمەنی، یان هەزار ساڵ، لەو شوێنەدا هەتاهەتایە بە پێوە بوەستێت، هێشتا هەر پێی خۆشە وا بژی نەک خێرا بمرێت. تەنیا ژیان، ژیان و ژیان، ئیتر هەر چۆنێک بێت، تەنیا مانەوە و ژیان، ئەمە هەقیقەتێکی سەیرە! خودایا چ هەقیقەتێکە! مرۆڤ چەندە هیچە!.." دوای کەمێکی تر وتی: "بەڵام ئەو کەسەیش کە لەبەر ئەو هۆیە بە مرۆڤ دەڵێ هیچ، خۆیشی هیچە".
ڕاسکۆلنیکۆڤ گەیشتە شەقامێکی دی "ها! کۆشکی بلورین! ڕازومیخین کەمێک لەمەوبەر باسی کۆشکی بلورینی کرد، وەلێ من چیم دەویست؟ بەڵێ، دەمویست ڕۆژنامە بخوێنمەوە، ئاخر، زوسیموف دەیوت کە لە ڕۆژنامەدا ئەوەی خوێندۆتەوە".

پاشان، کە ڕۆیشتە ناو ڕیستورانتێکی تا ڕادەیەک گەورە و پاکژەوە، پرسی:

- ڕۆژنامەتان هەیە؟

ژوورەکانی ڕیستورانتەکە تا ئەندازەیەک خاڵی بوون، دوو سێ مشتەری چایان دەخواردەوە، لە ژوورێکی دوورەوە چوار کەس دانیشتبوون و شامپانیایان دەنۆشی، ڕاسکۆلنیکۆڤ وای بۆ چوو کە دەبێت زامیوتفیان تیابێت، بەڵام نەیدەتوانی لەو دوورەوە بیناسێتەوە، بە خۆی وت:

"جا چی تیایە، با لەوێ بێت؟"

بۆیە کە پرسی:

- ڤۆدکات دەوێت؟

- چا دەخۆم، ڕۆژنامە کۆنەکانی پێنج ڕۆژ لەمەوبەرم بۆ بێنە، پارەی ڤۆدکاکەت دەدەمێ.

- بەسەرچاو، ئەمە ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ، ڤۆدکایش دەفەرموویت؟

چا و ڕۆژنامە کۆنەکانیان هێنا، ڕاسکۆلنیکۆڤ دانیشت و کەوتە گەڕان: "ئیزلەر – ئیزلەر- ئانسکی – ئانسکی –ئیزلەر –بارتولا – ماسیمو – ئیزلەر – ئای. نەحلەت لە شەیتان؟ ئەمەیش هەواڵی جۆربەجۆر: ژنێک لەسەر پلیکانەکان کەوتە خوارەوە – پیاوێکی سەرخۆش سووتا- ئاگرکەوتنەوە لە پسکی – ئاگرکەوتنەوە لە شەقامی پتروزبورگ – دیسانەوە ئاگربەربوونەوە لە پتروزبورگ – ئاگرکەوتنەوەیەکی دی لە پتروزبورگ – ئیزلەر – ئیزلەر – ئیزلەر – ماسیمو – ئا، ئەمانەیش..."

سەرئەنجام دەستی بە خوێندنەوەی ئەوە کرد کە خۆی دەیویست، لەبەرچاویدا دێڕەکان هەڵبەزودابەزیان بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا

هەواڵەکەی تا دووایی خوێندەوە و بە پەرۆشەوە کەوتە ناو ڕۆژنامەکانی ترەوە تا هەواڵی تازەتری تیا دەست بکەوێت. لە کاتی هەڵدانەوەی لاپەڕەکاندا لە بێتوانایيدا دەستی دەلەرزی، لەپڕا یەکێک هاتە سەر مێزەکەی و لە پاڵیا دانیشت. تەماشای کرد، زامیوتف! هەر بە هەمان شێوەی جارانییەوە، بە ئەموستیلە و زنجیرییەوە، بەو جیاوازییەوە کە لە نێوان قژە لوول و ڕەش و ڕۆنلێدراوەکەی، لەگەڵ هێلەکە جوانەکەی و چاکەتە کەمێک پواوەکەی و کراسە تا ڕادەیەک پیسەکەیدا هەبوو، ئەو پێی شاد بوو، لایەنی کەم زەردەخەنەیەکی میهرەبان و ڕەندانەی بەسەر لێوەوە بوو، دەموچاوە گەنم ڕەنگەکەی لە نۆشینی شامپانیاوە سوور داگەڕابوو. بە سەرسووڕماوی و بە دەنگێکەوە کە دەتوت سەدەیەکە ڕاسکۆلنیکۆڤ دەناسێت، وتی:

- چۆنە! تۆ لێرەیت؟ دوێنێ ڕازومیخین پێی وتم کە هێشتا بێهۆشیت. زۆر سەیرە؟ دەزانیت، من هاتم بۆ لات..

ڕاسکۆلنیکۆڤ دەیزانی زامیوتوف دێتە لای، ڕۆژنامەکانی لادا و ڕووی تێکرد، زەردەخەنەیەکی تەوساوی بەسەر لێویەوە بوو، کە تووڕەیی و بێزاریی پێوە دیار بوو، بە هێوری وەڵامی دایەوە:

- دەزانم هاتبوویت بۆ لام، بیستم، بە دوای گۆرەوییەکانمدا گەڕابووی، ئایا دەزانیت کە ڕازومیخین تۆی خۆش دەوێت و دەڵێت کە تۆ و ئەو چوونەتە لای لیزاڤیتا ئیڤانۆڤنا، ئەوە ئەو ژنەیە کە ئەو ڕۆژە لەسەرت دەکردەوە و لەبەرخاتری ئەو چاوت لە ستوان پوروخ[1] دادەگرت و ئەو نەیدەزانی مەسەلە چییە، لە بیرتە؟ چۆن دەبێت نەزانیت، خۆ مەسەلەکە ڕوون بوو، ها؟

---

[1] porokh

- چ بەڵایەکە؟
- کێ؟ پوروخ؟
- نا، ڕازومیخینی هاوڕێت..
- تۆ باش دەژیت جەنابی زامیوتوف، بەبێ پارەوپوول دەچیتە باشترین شوێن. کێ ئێستا لە شەمپانیا تێری کردیت؟
- ئەمە ئێمە.. دەماننۆشی.. ئەوەی تێری کردم؟
- هەقی خۆتە، کەڵک لە هەموو شتێک وەردەگریت!
پاشان دەستی دا بە پشتی زامیوتوفدا و وتی:
- گوێ مەدەرێ، تۆ کوڕێکی زۆر میهرەبانیت، چ خەوشێکی نییە، من ئەوەی کە وتم، بە خراپی نایڵێم، بەڵکو وەک دەڵێن "بەوپەڕی خۆشەویستی و گاڵتەوە" دەیڵێم، ئەمە ئەو قسەیەیە، کە کرێکارەکەی تۆ ئەو کاتەی میتکای بەر مستەکۆڵە دابوو دەیوت، لە بیرتە؟ لەبارەی کوژرانی پیرێژنەکەوە.
- تۆ چۆن دەزانیت؟
- ڕەنگە من لە تۆ زیاتری لێبزانم.
- کابرایەکی سەیریت.. دیارە هێشتا زۆر نەخۆشیت، نەدەبوو بێیتە دەرەوە.
- بە لای تۆوە شتێکی سەیرم؟
- بەڵێ، ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە؟
- بەڵێ، ڕۆژنامە.
- ڕۆژنامەکان زیاتر لەبارەی ئاگرکەوتنەوەوە دەنووسن.
- نەخێر من لەبارەی ئاگرکەوتنەوەوە ناخوێنمەوە.

لەو کاتەدا نیگایەکی نهێنیئامێزی لە زامیوتوف گرت، زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانە جارێکی دی لێوی پێ لار کردەوە و لە حاڵێکدا کە چاوی لە زامیوتوف داگرت، لەسەر قسەکانی ڕۆشت.

- نەخێر من دەربارەی ئاگرکەوتنەوە ناخوێنمەوە، وەلێ لاوی ئازیز، دەزانم زۆرت پێخۆشە بزانیت چی دەخوێنمەوە، بیلێ، دانی پێدا بنێ.

- هەرگیز ئەوەم مەبەست نییە. هەروا پرسیم، بۆ نابێت بپرسیت؟ تۆ بۆ دەیگەینیتە..

- گوێ بگرە، تۆ پیاوێکی خوێندەوار و ڕوناکبیریت، وایە؟

زامیوتوف بە ویقارەوە وەڵامی دایەوە:

- من لە پۆلی شەشی پەیمانگام.

- پۆلی شەش! ئەی پاساریيە جوانەکەم، بەم سەروقژەوە، بەم ئەنگوستیلانەی دەستتەوە لە پیاوێکی دەوڵەمەند دەچیت! ئای چ کوڕێکی چاکیت!

لێرەدا ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕووبەڕووی زامیوتوف قاقای پێکەنینێکی بێزارکەرانەی لێدا، زامیوتوف سڵەمییەوە، نەڕەنجا، بەڵام سەیری پێهات، زۆر بە جیدی بە ڕاسکۆلنیکۆڤی وتەوە:

- ئای کە سەیریت! من وا دەزانم تۆ هێشتا وڕێنە دەکەیت.

- وڕێنە دەکەم؟ تۆ درۆ دەکەیت پاساری.. باش، من کابرایەکی سەیرم، بەلاتانەوە سەیرم، ها؟ شایانی ئەوەم کە سەیر بم، نا؟

- بەڵێ، وایت.

- کەواتە پێت بڵێم چیم دەخوێندەوە و بە دوای چیدا دەگەڕام؟ بڕوانە پێم وتن چەند ڕۆژنامەیەکم بۆ بێنن، هەقتە گومان بکەیت، وایە؟

- باشە، بیلێ.

- باش گوێت گرت؟

- بۆ گوێ بگرم؟
- دوایی پێت دەڵێم، وەلێ ئێستا، ئازیزەکەم، پێتی ڕادەگەیەنم، نا، چاکتر وایە بڵێم دانی پێدا دەنێم... نا ئەمەیش ڕاست نییە، من دەیڵێم و تۆ یاداشتی بکە، باشە! من دان بەوەدا دەنێم کە دەمخوێندەوە و بەدوای شتیشدا دەگەڕام، دەگەڕام و دەمکۆڵییەوە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ چاوی کز کرد و لە قسە وەستا.
- دەمکۆڵییەوە و هەر لەبەر ئەمەیش هاتمە ئێرە.
پاشان زۆر دەموچاوی لە ڕووی زامیوتوف نزیک کردەوە. بە ئاهێکەوە وتی:
- بە دوای کوژرانی پیرێژنەکەدا دەگەڕام، ژنی کارمەندەکە.
زامیوتوف لێی ڕاما بوو، بەبێ ئەوەی بجووڵێت یان دەموچاوی خۆی لە ڕووی ئەو دوور بخاتەوە. ئەوەی لای زامیوتوف لە هەموو ئەم شتانە سەیرتر بوو، ئەوە بوو کە ئەم بێدەنگییە دەقیقەیەکی تەواوی خایاند، تەواوی یەک دەقیقە ئەم دووانە لە یەکتریان ڕوانیی.
لەپڕا زامیوتوف بە سەرسووڕماوی و بێئارامیەوە هاواری کرد:
- باشە، چیت دەخوێندەوە؟ بەڵام ئەمە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هەمان لەسەرخۆیی و بەبێ ئەوەی بەرانبەر بە هاوارەکەی زامیوتوف بسڵەمێتەوە، وتی:
- ئەمە ئەو پیرێژنەیە، ئەوەی کاتێک تۆ لە بەڕێوەبەریەتیی پۆلیس سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوویت لەسەری، لە بیرتە، من بێهۆش کەوتم، باشە، ئێستا تێگەیشتیت؟
زامیوتوف زۆر نائومێدانە وتی:
- لە چی بگەم، نازانم لە چی بگەم؟

ڕووی لەسەرخۆ و هێوری ڕاسکۆلنیکۆڤی لە چرکەساتێکدا گۆڕا و لە ناکاودا وەک پێشتر، بە هەمان قاقای دەمارگیرییەوە دەستی پێکردەوە، بە جۆرێک کە واتدەزانی توانای خۆگرتنی نییە، لە چرکەساتێکدا ئەو هەستەی بە ڕوونی هاتەوە یاد، کە زۆری بەسەردا تێنەپەڕیبوو، ئەو کاتەی هاتەوە یاد، کە بە تەورێکەوە لە پشت دەرگاکەوە وەستابوو، کێلوونەکە دەهات و دەچوو، دووانیش لە پشت دەرگاکەوە جوێنیان دەدا و پاڵیان بە دەرگاکەوە دەنا، ئەویش لەپڕێکدا ویستبووی هاواریان بەسەردا بکات و جوێنیان پێبدات، زمانیان لێدەربکێشێت و سەر بنێتە سەریان، پێبکەنێت، قاقا لێبدات و دیسان دووبارەی بکاتەوە.

زامیوتوف وتی:

- تۆ یان شێتیت یان...

قسەکەی بڕی، وەک کوتوپڕ بیرۆکەیەکی بۆ هاتبێت و سەرسامی کردبێت.

- یان؟ یان چی؟ دەی، دەی بیڵێ.

زامیوتوف بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە،

- هیچ، هەمووی قسەی قۆڕە.

هەردووکیان بێدەنگ بوون، لەپڕێکدا ڕاسکۆلنیکۆڤ دوای ئەو پێکەنینە بەلێشاو و پڕلەئازارانە کەوتە ناو دنیای بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە. بەسەر مێزەکەدا نووشتایەوە و سەری نایە ناو دەستی، بە جۆرێک واتدەزانی بە تەواویی بوونی زامیوتوفی لە بیر چووەتەوە، بێدەنگییەکە تا ڕادەیەک ماوەیەکی درێژی خایاند.

زامیوتوف وتی:

- تۆ بۆ چایەکەت ناخۆیت؟ سارد دەبێتەوە.

- چۆن؟ چیت وت؟ چا؟ بەڵێ؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ قومێکی لە چایەکە دا، تۆزێک نانی خستە دەمییەوە و نیگایەکی کتوپڕی لە زامیوتوف گرت، وەک ئەوەی هەموو شتێکی هێنابێتەوە بیر، هاتەوە سەر خۆی، جارێکی دی دەموچاوی شێوە گاڵتەجاڕییەکەی پێشوی لەخۆ گرتەوە و کەوتەوە چاخواردنەوە.
زامیوتوف وتی:
- ئەم دزی و کەڵەک و کڵۆکانە لەم ڕۆژانەدا زۆر بووە. ماوەیەک لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی "هەواڵی مۆسکۆ"دا خوێندمەوە کە لە مۆسکۆدا تاقمێک ساختەچییان گرتووە لەوانەی پارەی قەڵب لێدەدەن و گرتوویانن. گروپێکی تەواون، پارەی قەڵب دروست دەکەن.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هێمنی وتی:
- ئەمەی تۆ دەیڵێیت زۆر لەمەوپێش بوو، من مانگێ زیاترە ئەوەم خوێندۆتەوە.
پاشان بە زەردەخەنەیەکی تەوساوییەوە وتی:
- تۆ لەو باوەڕەدایت ئەوانە دز و ساختەچی بن؟
- ئەی چۆن نین؟
- ئەمانە ساختەچی بن؟ ئەمانە منداڵ و تازەکارن، نەک کەڵەکباز، پەنجا کەسی تەواو بۆ ئامانجێکی وا لە دەوری یەکدی کۆ دەگرن، باشە ئەمە دەبێت؟ بۆ کاری وا سێ کەسیش زۆرە، ئەمەیش بە مەرجێک کە هەر یەکێک لەوانە چەند لە خۆی دڵنیایە، ئەوەندەیش لەوی تر دڵنیا بێت، ئەوەندە بەسە یەکێکیان بە سەرخۆشی زمانی تەتەڵە بکات و شتێک بدرکێنێت، ئەوسا هەموو ڕیسەکەیان دەبێتەوە بە خوری، سادە و نەکردەن: ئەگەر نەزان نەبن، چۆن بڕوا بە کەسانێک دەکەن کە شیاوی ئەو کارە نین و هەر ئاوا بۆ بانکەکانیان

دەنێرن بۆ ئەوەی پارەکانیان بۆ ورد بکەنەوە! ئایا هەروا بەبێ سێودوو کاری وا دەکرێت؟ باشە، گریمان کارەکە لەگەڵ ئەو ناشییانەدا سەری گرت و سەرکەوت، با وایشی دابنێین کە هەریەکێک لەوانە ملیۆنێک ڕۆبڵی بۆ خۆی ورد کردەوە، باشە، دوای ئەوە چی؟ هەریەکێک لەوانە تا ماوە، ئەبەسترێتەوە بەوی ترەوە. بە ڕاستی مرۆڤ خۆی بکوژێت لەو حاڵەی چاکترە. خۆ ئەگەر ئەمانە هەر نەیانتوانی پارەکە ورد بکەنەوە، یەکێکیان ویستی لە نوسینگەیەک پارەکە ورد بکاتەوە. پێنج هەزار ڕۆبڵی وەرگرت و دەستی کەوتە لەرزین، چوار هەزاری ژمارد، بەڵام بەبێ ئەوەی پێنجەم بژمێرێت، هەر لەسەر بڕواپێبوون نەیژمارد و هەڵیگرت، تەنیا بۆ ئەوەی زووتر بیخاتە گیرفانی و بەپەلە بۆی دەربچێت، دیارە ئەمە گومان دروست دەکات، هەموو کارەکە بە هۆی نەزانی و دەبەنگییەوە دەشێوێنێت، ئاخر شتی وا دەبێت؟

زامیوتوف وتی:

- کە دەستیان بلەرزێت؟ بەڵێ، دەشێت.. من زۆر زۆر لەوە دڵنیام، چونکە هەندێکجار مرۆڤ ناتوانێت بەسەر خۆیدا زاڵ بێت.

- چۆن یەعنی؟

- بۆ نموونە تۆ دەتوانیت لە حاڵەتی وادا بەسەر خۆتدا زاڵ بیت؟ نا، مَن خۆم ناتوانم، بۆ سەد ڕۆبڵ دەستبردن بۆ شتێکی ئاوا پڕ لە مەترسی! بە پارەی قەڵبەوە بە ڕێگەدا ڕۆیشتن، ئەویش بۆ کوێ! بۆ بەڕێوبەرایەتیی بانک کە لەو مەسەلانەدا خوێنیان بووە بە ئاو، نا، نا، من لە حاڵی وادا ئارامم لێدەبڕێ، ئەی تۆ؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ دیسانەوە پڕ بە دڵ حەزی کرد زمانی دەربکێشێت و گاڵتەی پێبکات، هەندێکجار تەزوویەک بە پشتیا دەهات، پاشان وەک ئەوەی لە دوورەوە قسە بکات وتی:

- من وام نەدەکرد، بەم شێوەیە پارەکانم ورد دەکردەوە: هەزار ڕۆبڵی یەکەمم دەژمارد، ڕەنگە چوار جار بمژماردایە، لەسەر هەر یەکێکیشیان دەوەستام و لێی ڕادەمام، ئەوسا دەچوومە سەر هەزاری دووەم و دەستم بە ژماردنی دەکرد، لەبەر ئەوەی گەیشتبوومە ناوەڕاستی کارەکە، یەکێک لە پەنجا ڕۆبڵییەکانم دەردەهێنا، دەمدایە بەر ڕووناکاییەکە، پاشان هەڵمدەگێڕایەوە و دیسانەوە دەمدایەوە بەر ڕووناکییەکە نەکا قەڵب بێت، واتا دەترسم، دەموت "خزمێکم ماوەیەک لەمەوبەر بیست و پێنج ڕۆبڵی بەم جۆرە لەکیس چوو". پاشان حیکایەتێکم دەگێڕایەوە. ئەوسا هەر بەدەم ژماردنی هەزار ڕۆبڵی سێیەمەوە، دەموت "خێر، بمبوورە، وا ئەزانم لە دووەم هەزاردا حەوت سەد ڕۆبڵم بە هەڵە ژماردووە، گومانم هەیە"، ئەوسا هەزار ڕۆبڵی سێیەمم لا دەبرد و دەگەڕامەوە سەر دوو هەزارەکە، بەم جۆرە تا هەر پێنج هەزارەکەم تەواو دەکرد، کە تەواو دەبووم، لە سەفتەی پێنجەم و دووەم گەڵایەکم دەردەهێنا و دووبارە دەمدانە بەر ڕووناکی و دیسان گومانم دەکرد و دەمگوت: "تکایە ئەمانەم بۆ بگۆڕەوە" تاوام لێدەکرد ئارەقە لەسەرییەوە بێت و لە بنی پێیەوە دەربچێت، بۆ ئەوەی نەزانێت چۆن زووتر لەدەستم ڕزگاری بێت. کاتێکیش کارەکە دەگەیەنمە ئەنجام، دەڕۆم، دەرگاکە دەکەمەوە، بەڵام نا، ببوورە، سەرلەنوێ دەگەڕێمەوە و پرسیارێکی لێدەکەم، یان داوای ڕوونکردنەوەیەکی لێدەکەم، بەڵی من بوومایە وام دەکرد.

زامیوتوف پێکەنی و وتی:

- تۆ چ شتێکی سەیر دەڵێیت! ئەمانە هەموو هەر قسەن، بەڵام ئەگەر ئەمە بە کردەوە بکەیت، بێگومان سەرەنگرێ دەبیت، با پێت بڵێم، لە کاری وادا بە بڕوای من نەک کەسانی وەک من و تۆ، بەڵکو خەڵکانی بەئەزموون و بێباکیش ناتوانن لە خۆیان دڵنیا بن و بەسەرخۆیاندا زاڵ بن. بۆ دوور بڕۆین. با نموونەیەکت بۆ باس بکەم: پیرێژنێکیان لە گەڕەکی ئێمە کوشت، لەوە دەچوو بکوژەکەی زۆر خوێنڕێژ و کردەبێت، بەبێ سڵکردنەوە و بە ڕۆژی نیوەڕۆ کارەکەی ئەنجام دا، هەروەکو موجیزەیش ڕزگاری بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا دەستی لەرزی، خۆی نەگرت و نەیتوانی دزییەکە بە تەواوی بکات، لە کارەکەیەوە دیارە..

ڕاسکۆلنیکۆڤ پێی ناخۆش بوو، بە دەنگی بەرز وەک ئەوەی بیەوێت زامیوتوف بێنێتە قسە، هاواری لێکرد:

- چۆن دیارە! باشە، ئەگەر ڕاست دەکەیت بۆ بەگرتی نادەیت!

- جا چییە، بێگومان بەگرتی دەدەن.

- کێ؟ تۆ؟ تۆ بەگرتی دەدەیت؟ گیانتان دەردەچێت! ئاخر لای تۆ ئەوە گرنگە کە ئەو کەسە پارە خەرج دەکات یان نا؟ جاران پارەی نەبووە و ئێستا کتوپڕ کەوتۆتە پارەخەرجکردن، باشە، کەواتە هەر دەبێت ئەو بێت؟ کەواتە ئەگەر بیەوێت، منداڵێک دەتوانێت کڵاوت لەسەر بنێت.

زامیوتوف وەڵامی دایەوە:

- قسەکە لێرەدایە کە ئەوان هەموو هەروا دەکەن، ئاقڵانە دەکوژن، خۆیان دەخەنە مەترسییەوە، پاشان لەپڕێکدا لە قاوەخانەیەکدا بەگیر دەکەون، هەر لە کاتی ئەو پارەخەرجکردنەدا دەکەونە تەڵەکەوە،

هەموو ئەو کەسانە وەک تۆ قسەزان و دووربین نین، تۆ هەڵبەت نەدەچوویتە مەیخانە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بڕۆی هێنایەوە یەک و چاوی لە زامیوتوف بڕی، پاشان بێمەیلانە وتی:

- تۆ لیک بە دەمتا دێتە خوارێ بۆ ئەوەی بزانیت ئەگەر من لە حاڵەتێکی وادابم چی دەکەم؟

زامیوتوف بە جیدی و دڵنیاییەوە وتی:

- وایە، حەز دەکەم بیزانم.

قسە و ڕوانینەکەیشی لەڕادەبەدەر زیاتر بوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لێی پرسی:

- زۆر حەز دەکەیت؟

- زۆر.

- زۆر باشە، من ئاوام دەکرد.

لەپڕا ڕاسکۆلنیکۆڤ دیسانەوە ڕووی لە ڕووی زامیوتوف نزیک کردەوە، لێی ڕاما، زۆر لەسەرخۆ، بە جۆرێک کە ئەمجارەیان زامیوتوف تەزوویەکی تێگەڕا، دەستی بە قسە کردەوە:

- ئەگەر من بکوژەکە بوومایە، ئاوام دەکرد: پارە و شتەکانم هەڵدەگرت، هەر کە لە ماڵەکە بهاتمایەتە دەرێ، یەکسەر بەبێ ئەوەی بچمە شوێنێکی تر، دەڕۆشتم بۆ جێگایەکی دوور، شوێنێکی تەواو تەریک کە کەس نەمبینێت، بۆ نموونە بۆ بێستانێک یان شتێکی لەو بابەتە، لەوێ، لەو بێستانە یان لەو حەسارەدا بە دوای بەردێک یان تاوێرە بەردێکدا کە کێشەکەی بیست یان بیست و پێنج کیلۆ بێت و دەشێت لە ساختمانێکەوە مابێتەوە، دەگەڕام، کەمێک بەرزم دەکردەوە، بێگومان ژێر بەردەکە چاڵۆکەیەکە، هەموو پارە و شتەکانم

دەخستە ئەو چاڵەوە و ڕێکم دەخست، بەردەکەم وەک جارانی خۆی دادەنایەوە. پێم دەنایە سەری و پاشان لێی دوور دەکەوتمەوە، ساڵێک یان دوان، تۆ بڵێ سێ ساڵیش هەر نەدەچووم بە لایدا، ئیدی با هەر بگەڕێن و سووڕ بخۆن و زوڕنا لێدەن.

زامیوتوف دیسان بەبێ ئەوەی بزانێت بۆ، تا ڕادەیەک زۆر بە هێوری وتی:

- تۆ شێتیت.

پاشان کتوپڕ خۆی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ دوور خستەوە. لەپڕێکدا چاوی ڕاسکۆلنیکۆڤ پریشکێکی تێکەوت، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما و لێوی چەند جارێک لەرزی، پاشان چەند توانی، لە زامیوتوف نزیک کەوتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت لچولێوی کەوتنە جووڵە، ئەمە نیو دەقیقەی خایاند، دەیزانی چی دەکات، بەڵام نەیدەتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت، وشەی ترسناک، وەک کڵۆمی دەرگاکە، بەسەر لێویەوە دەهات و دەچوو، زۆری نەمابوو دەرپەڕێت، ئەوەندەی بەس بوو لێی بگەڕێت تا بکەوێتە سەر زمان.

- چۆنە ئەگەر من پیرێژنەکە و لیزاڤێتام کوشتبێت؟

لەگەڵ تەواوکردنی قسەکەدا ڕاسکۆلنیکۆڤ هاتەوە سەر خۆی.

زامیوتوف زۆر بە سەرسامییەوە لێی ڕوانی و ڕەنگی وەک گەچ سپی بوو، کە چەند زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و بە دەنگێکی تەواو نزمەوە کە بە زەحمەت دەبیسترا، وتی:

- جا شتی وا دەبێت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ڕقەوە لێی ڕوانی و پاشان بە ساردی و گاڵتەپێکردنەوە وتی:

- دانی پێدا بنێ کە باوەڕت کرد، وایە؟ وایە؟

زامیوتوف بەپەلە وتی:
- هەرگیز باوەڕم نەکرد، ئێستایش لە هەر کاتێکی لەمەوبەر زیاتر باوەڕ ناکەم.
- بەڵام کەوتیتە تەڵەکەوە، چۆلەکەی ناو داو، کەواتە لەمەوبەر باوەڕت کردووە. ئەگەر وەک خۆت دەڵێیت: "ئێستا لە هەر کاتێکی لەمەوبەر زیاتر باوەڕ ناکەم؟"
زامیوتوف کە دیار بوو شڵەژابوو، وتی:
- نا.. هەرگیز وانییە، تۆیش بۆیە ئاوا ترساندمت، کە کار بگەیەنیتە ئەم ئەنجامە؟
- کەواتە باوەڕ ناکەیت؟ ئەی ئەو ڕۆژەی کە من لە ئیدارە هاتمە دەرەوە، لە دوای من تۆ چیت وت؟ ئەی بۆ کە هاتمەوە سەرخۆم، ستوان پورخ کەوتە لێکۆڵینەوە لەگەڵما؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ کڵاوەکەی بەدەستەوە گرت و هاواری لە پێش خزمەتەکە کرد:
- های، حسابەکەم بۆ بێنە؟
پێش خزمەت خێرا چوو بۆ لای و وەڵامی دایەوە:
- هەمووی دەکاتە سی کوپیک.
- ئەمەیش بیست کوپیکی تر بۆ ڤۆدکاکەت.
پاشان لە حاڵێکدا دەستی بە پارەکانەوە دەلەرزی، بۆ زامیوتوفی درێژکرد و وتی:
- بڕوانە ئەم هەموو پارەیە؟ سوور و شین. هەمووی بیست و پێنج ڕۆبڵە، ئەمە لە کوێوە هاتووە؟ ئەم جلو بەرگە نوێیەم لە کوێ هێناوە؟ تۆ خۆت دەزانیت کە من یەک کوپیکم نەبووە، بێگومان لەبارەی منەوە پرسیارت لە خاوەن ماڵەکەم کردووە.. دەی بەسە ئیدی.

به زمانی فەڕەنسی قسەکانی تەواو کرد و وتی:
- زۆرم وت، بە ئومێدی دیدار.. هەر خۆش بیت!
ڕاسکۆلنیکۆڤ چووە دەرەوە، هەستێکی بێزراو و سەیری وا گیانی داگرتبوو، کە هەموو لەشی دەلەرزی، بەڵام هەستەکە چێژوتامێکی زۆر خۆشیشی تیابوو، هەرچەندە مرومۆچ و تەواو ماندوو بوو، دەموچاوی وا تێک چووبوو دەتوت تازە هاتۆتەوە هۆش خۆی، ماندویەتییەکەی تا دەهات زیادی دەکرد، ئەو، توانای تێدەهاتەوە، لەگەڵ یەکەمین هەستی ئەو توانا تێهاتنەوەیەدا، لەپڕێکدا هەڵدەچوو دیسان بە هەمان خێراییەوە دەنیشتەوە.
زامیوتوف کە بە تەنیا مایەوە، بۆ ماوەیەک هەر لە جێگاکەی خۆیدا بیری دەکردەوە. ڕاسکۆلنیکۆڤ هەموو بیروبۆچوونەکانی لەبارەی مەسەلەیەکەوە ئاوەژوو کرد و بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت، ڕایەکی سەقامگیری پێبەخشی، ڕایەک هەرگیز بەر هەڵبەزودابەزی پەشیمان بوونەوە ناکەوێت. دوای کەمێک زامیوتوف بە دەنگێکی تەواو بڕیاردەرانەوە وتی: "بە ڕاستیی ئیلیا پتروڤیچ دەبەنگە".
کە ڕاسکۆلنیکۆڤ دەرگای ڕیستورانتەکەی بە ڕووی شەقامەکەدا کردەوە، لەپڕێکدا لە بەردەم دەرگاکەدا تووشی ڕازومیخین بوو، هەردووکیان لە دووری هەنگاوێکەوە یەکتریان نەبینی، تەنانەت لەوەدا بوو کە سەریان بەریەکتر بکەوێت، ماوەیەک لەیەک ڕامان، ڕازومیخین تەواو سەری سووڕمابوو، وەلێ لەپڕێکدا تووڕە بوو، تووڕەبوونێکی ڕاستەقینە بە شێوەیەکی ترسناک لە چاوییەوە بریقەی دا و بە هەموو توانایەوە هاواری کرد:
- ئەوە تۆ لێرەی؟ لە ناو جێ هەڵاتویت! لە ماڵەوە تەنانەت ژێر قەنەفەکەیشت بۆ گەڕام، چوومە سەربان، بە هۆی تۆوە نزیک بوو لە

ناستاسیایش بدەم.. کەچی وا جەنابت لێرەیت! ڕودیا، ئەم کارانە مانای چی؟ ڕاست بڵێ، دانی پێدا بنێ، گوێت لێمە؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەر خۆ وەڵامی دایەوە:
- ڕاستییەکەی ئەوەیە لە دەست ئێوە تەواو بەتەنگ هاتووم و لەوەدایە بمرم، دەمەوێت تەنیا بم.
- تەنیا؟ تۆ هێشتا توانای بەڕێگەداڕۆیشتنت نییە و دەموچاوت زەرد و هەناسەبڕکێتە؟ کەرە.. تۆ لە "کۆشکی بلورین"دا چیت دەکرد؟ دەی بە ڕاستی بیڵێ.
- وازم لێبێنە.
ئەمەی وت و ویستی بە لای ڕازومیخیندا تێپەڕێ.
بەڵام ئەم هەڵوێستە ئەوەندە ڕازومیخینی تووڕە کرد، لەوەدابوو لە پێستی خۆی بێتە دەرێ، توند شانی ڕاسکۆلنیکۆڤی گرت و وتی:
- وازم لێبێنە؟ تۆ لەوەی کە کردووتە هێشتا ئەوەندە ڕووقایمی: دەڵێی "وازم لێبێنە؟" دەزانیت هەر ئێستا چیت لێدەکەم؟ باوەشت پیا دەکەم، وەک پریاسکە گرێت دەدەم، دەتخەمە بنهەنگڵم و دەتبەمەوە بۆ ماڵەوە، دەرگاکەیشت لەسەر دادەخەم!
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە نیمچەهێورییەکەوە وتی:
- گوێ بگرە ڕازومیخین، نابینیت کە من چاکەی تۆم ناوێت؟ چاکەکردن لەگەڵ کەسانێکدا کە پێی نەزانن بۆچییە؟ ئەوانەی بەرگەی چاکە ناگرن؟ باشە تۆ بۆ لە بەرایی نەخۆشییەکەمەوە بەدوامەوەیت و لێم ناگەڕێی؟ کێ ناڵێت من ئەو کاتە زۆر دڵخۆش دەبووم ئەگەر بمردمایە؟ باشە، ئایا ئەمڕۆ بە تەواوی ئەوەم تێنەگەیاندیت کە تۆ ئازارم دەدەیت، کە تۆ.. ئارامت لەبەر هەڵگرتووم! بەڕاست ئەم حەزی مرۆڤئازاردانە لە تۆدا چییە! من دڵنیات دەکەم هەموو ئەم شتانە دەبنە

هۆی ئەوەی کە من بە تەواوی چاک نەبمەوە، چونکە بەردەوام دەمهەژێنن و بێزار دەبم، بینیت زوسیموفیش ئەو جارە ڕۆیشتە دەرەوە تا نارەحەت نەبم! توبی و خودا تۆیش لێمبگەڕێ و وازم لێبێنە، پاشان تۆ بە چ هەقێکەوە دەتەوێت بەزۆر ئاگاداریم بکەیت؟ بۆ نابینیت من کە ئێستا قسە لەگەڵ تۆدا دەکەم لەوپەڕی هۆشیاریدام؟ چۆن.. پێم بڵێ، چۆن دەتوانم تۆ بەوە قایل بکەم، کە پێمەوە نەنووسێیت و چاکەم لەگەڵدا نەکەیت؟ بهێڵن با من بێوەفا بم، بهێڵن با من پیاوێکی ڕسوا بم، تەنیا بە خودا سوێندتان دەدەم هەمووتان دەست لەسەرم هەڵبگرن، وازم لێبێنن، وازم لێبێنن.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە دەستی بە قسان کرد، لەسەرخۆ بوو، بەوەیش شادمان بوو کە وردەوردە ژەهرەکەی دەڕشت، بەڵام کە گەیشتە کۆتایی قسەکانی، زۆر هەڵچوو، هەناسەی گیرا، تەواو وەک ئەو کاتەی کە لەگەڵ لۆژیندا بەسەری هات.

ڕازومیخین وەستا، بیری کردەوە، دەستی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ بەردا و بە هێوری و تا ڕادەیەک بە لێڕامانەوە وتی:

- بڕۆ بۆ دۆزەخ.

بەڵام کە ڕاسکۆلنیکۆڤ ویستی هەنگاو بنێ، لەپڕێکدا هاواری لێکرد:

- ڕاوەستە! گوێ بگرە! من پێت ڕادەگەیەنم کە هەمووتان بەبێ هەڵاوێردکردن، چەقەچناو و درۆزنن، هەر ئەوەندەی هەست بە ناخۆشییەکی خۆتان بکەن، ئیتر وەک مریشکێک کە لە کاتی هێلکەکردندا گارەگار دەکات، ئێوەیش گوێمان بە خەمی خۆتان دەئاخنن! تەنانەت لەم مەسەلەیەدا دزی لە نووسەری بێگانەیش دەکەن. بە ئەندازەی گەردیلەیەک ژیانێکی ئازاد و ڕەسەنتان تیا نییە، لە ڕۆنی حووت دروست بوون و لەباتیی خوێن ئاو بە دەمارتاندا

دەگەڕێت، بڕوام بە هیچتان نییە، لەهەر بارودۆخێکدا بن، تاقە مەبەستتان ئەوەیە چی بکەن تا لە مرۆڤ نەچن!
کە ڕاسکۆلنیکۆڤی بینی دیسانەوە کەوتە ڕێ، بە ڕکێکی زۆرترەوە هاواری لێکرد:
- ڕاوەستە! تا دوایی گوێ بگرە، دەزانیت ئەمڕۆ بە هۆی گوێزانەوەمەوە بۆ خانوویەکی تر، هاوڕێکانم دێنە لام، ڕەنگیشە ئێستا هاتبن؟ من مامەم لەوێ داناوە، ئێستا هات بۆ لام، دامنا پێشوازیی لە میوانەکان بکات، باشە، ئەگەر تۆ دەبەنگ نەبوویتایە، دەبەنگێکی تەواو گەوج، گەوجێکی ڕاستودروست نەبوویتایە، کۆپییەکی خەڵکی بێگانە نەبوویتایە.. بڕوانە ڕودیا، من دانی پێدا دەنێم کە تۆ لاوێکی ئاقڵیت، بەڵام دەبەنگیت! جا ئەگەر تۆ دەبەنگ نەبوویتایە.. چاکتر وابوو کە ئەمڕۆ واتا هەر لە ئێوارەوە، سەرێک لەمن بدەیت و پێکەوە دابنیشین، ئەوە چاکتر بوو لەوەی بێهودە شەقامەکان بپێویت. بەڵام ئێستاکە هاتوویتەتە دەرەوە، ئیدی چارەیەک نەماوە! من کورسییەکی هەراو و نەرمت بۆ پەیدا دەکەم، خاوەن ماڵەکە هەیەتی، چای و کۆڕی هەموو برادەران.. ئەگەریش بتەوێت، دەشێ لەسەر قەرەوێڵەیەک بتخەوێنم، هەر لە بەینماندا ڕابکشێ.. زوسیموفیش لەوێیە، دێیت؟
- نەخێر.
ڕازومیخین بە پەرۆشەوە هاواری کرد:
- درۆ دەکەیت، تۆ چی دەزانیت؟ تۆ ناتوانیت وەڵامی ڕەفتاری خۆت بدەیتەوە، ئەسڵەن هیچ لە ژیان نازانیت.. من هەزار جار شەڕم لەگەڵ خەڵکیدا کردووە و پاشان گەراومەتەوە لایان، خەجاڵەت بووی، هەر

دەگەڕێیتەوە لای مرۆڤ! کەواتە ناونیشانەکەمت لە بیر نەچێت:
خانووی پاچینکیف[1]، نهۆمی...
- بەم حسابە، تۆ جەنابی ڕازومیخین، ئامادەیت لەسەر چاکە تێهەڵدانیش بخۆیت.
- کێ، کێ لە من بدات؟ تەنانەت ئەگەر یەکێک بیریش لە لێدانی من بکاتەوە، لووتی دەشکێنم. ماڵی پاچینکوف ژمارە ٤٧، لە ئاپارتمانی پوشکین، کارمەندی دەوڵەت..
- نایەم، ڕازومیخین.
ئەوسا ڕاسکۆلنیکۆڤ سووڕا و پێی هەڵگرت.
ڕازومیخین لە دواوە هاواری لێکرد:
- گرەو دەکەم کە دێیت، ئەگینا تۆ.. ئیتر نامەوێت بتبینم، ئا بوەستە، زامیوتوف لە ژوورەوەیە؟
- لەوێیە.
- تۆ دیت؟
- دیم
- قسەتان کرد؟
- قسەمان کرد.
- دەربارەی چی؟ بەڵام بڕۆ و ون بە، نامەوێت بیڵێی. پاچینکوف ژمارە ٤٧، ناوی پوشکینیشت لەبیر نەچێت.
ڕاسکۆلنیکۆڤ گەیشتە شەقامی "سادوڤایا" و کەوتە نەدیوی، ڕازومیخین لە دواوە بۆی دەڕوانی و بیری دەکردەوە، لە دواییدا دەستێکی هەڵتەکاند و چووە ناو ساختمانەکەوە، بەڵام لە ناوەڕاستی

---

[1] *Pachinkof*

پلیکانەکاندا وەستا و تا ڕادەیەک بە دەنگی بەرز، لەسەر بیرکردنەوەکەی ڕۆشت:

"لەعنەت لە شەیتان، قسەکانی بەمانان، وەک ئەوەی.. منیش دەبەنگم! بەڵام بۆ شێتەکانیش قسەی بەمانا ناکەن؟ وەک بزانم زوسیموفیش لەم مەسەلەیە دەترسێت" پاشان بە ناوچاوی خۆیدا کێشا و بەردەوام بوو: "باشە، چی ئەبێت ئەگەر.. ئەگەر هەر ئاوا بە تەنیا وازی لێبێنم؟ بێگومان خۆی دەدات بەدەم ئاوەوە.. بەداخەوە من هەڵەم کرد، نابێت!" و بە تاو کەوتە دوای ڕاسکۆلنیکۆڤ، وەلێ ئیدی ئاسەواری دیار نەبوو، ڕازومیخین تفێکی هەڵدا و بە هەنگاوی فراوان بەرەو "کۆشکی بلورین" گەڕایەوە، بۆ ئەوەی تازووە زامیوتوف بخاتە ژێر گیروگازی پرسیارەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاست بەرەو پردی "س.." ڕۆشت، لە ناوەڕاستی پردەکەدا و لە کەنار تەیمانە ئاسنەکەدا وەستا، ئانیشکی نانە سەر و لە ئاسۆی دووری ڕوانی، دوای خواحافیزیکردن لە ڕازومیخین، هێند بێهێزی و ماندوویەتی دەستیان بەسەردا کێشا، کە زۆر بە زەحمەت خۆی بەوێ گەیاند، پێی خۆش بوو لەسەر شەقامەکە دابنیشێت یان ڕابکشێت. لە کاتێکدا کە بەرەو لای ئاوەکە چەمابووەوە، بەبێ ویستی خۆی، تەماشای دوازەردە گوڵڕەنگییەکەی خۆر و ئەو ڕیزە خانووەی کرد، کە لە تاریکاییە ئەنگوستەچاوەکەدا پەنجەرەکانیان شەوقی دەدایەوە.

یەکێک لە پەنجەرە دوورەکانی ژوورێکی خوارەوە، کە دەکەوتە کەناری چەپی ڕووبارەکەوە، لە دوازەردەی خۆر کە لەو چرکەساتەدا ڕاست لێی دەدا، وەک ئاگر دەدرەوشایەوە. ئاوە هەرە تاریکی ڕووبارەکەیش سەرنجی ڕاکێشابوو، وەک بڵێی زۆر بە قووڵی لێی

دەڕوانێت. سەرئەنجام بازنەی ڕەنگ سوور لەبەرچاوانیدا کەوتنە سووڕخواردن، ماڵەکان کەوتنە جووڵە، ڕێبوارەکان، کەنار دەریا، گالیسکەکان و هەموو شتەکانی دی کەوتنە جووڵە و سەما، لەپڕێکدا مووچرکێکی پێدا هات، وەک ئەوەی بە هۆی دیمەنێکی ترسناک و سامناکەوە لە بێهۆشییەکەی خەلەست بێت. هەستی بە یەکێک کرد لە پاڵیا، لەلای ڕاستیەوە، وەستاوە، تەماشای کرد، ژنێکی باڵابەرزی بینی دەسماڵێکی بەسەریدا دابوو، ڕەنگی زەرد و لاواز و چاوە سووردا‌گەڕاوەکانی لە مەستیدا بە قووڵدا چووبوون، ژنەکە ڕێک لەمی دەڕوانی، وەلێ دیاربوو کە هیچ نابینێ و کەس ناناسێت. لەناکاودا ژنەکە بە دەستی ڕاستی ئاسنی تەیمانەکەی گرت، قاچی ڕاستی بەرز کردەوە و بەپەلە خستییە ئەو دیوی تەیمانەکەوە، پاشان بەپێی چەپی هەمان ئەو کارەی کرد و خۆی فڕێدایە ڕووبارەکەوە. ئاوە پیسەکە بە ئەندازەی خۆی جێگای بۆ کردەوە و لە چاوتروکانێکدا قووتیدا، بەڵام دوای کەمێک خنکاوەکە سەرئاو کەوت، شەپۆلانی ئاو دەیبرد و سەروقاچی نقوم کردبوو، تەنیا پشتی بە دەرەوە مابوو، کراسەکەی وەک سەرینێک پڕ لە هەوا و بەسەر ئاوەکەوە تۆپەڵ بووبوو.

دەیان هاوار بەرز بوونەوە کە:

- خۆی خنکاند، خۆی خنکاند.

خەڵکەکە گەیشتن و هەردوو کەنارەکە پڕ بوون لە تەماشاکەر، لەسەر پردەکە و بە دەوری ڕاسکۆلنیکۆڤدا کەسانێکی زۆر خڕ بوونەوە. پاڵیان بە ڕاسکۆلنیکۆڤەوە نا و بە تەیمانەکەیانەوە نووساند.

لە شوێنێکی کەمێک نزیکەوە، دەنگی گریانی ژنێک دەبیسترا، کە بانگی هەڵدابوو:

- هاوار، ئەوە ئەفروسینوشکای[1] خۆمانە، خەڵکینە فریای بکەون، باوکانی ئازیز، ڕزگاری بکەن.
خەڵکەکە هاواریان لێهەستا:
- بەلەم، بەلەم.
وەلێ ئیدی پێویستی بە بەلەم نەدەکرد، پاسەوانێک بە پلیکانەکانی پاڵ پردەکەدا خێرا بەرەو ڕووبارەکە داکەوت، پاڵتاو و پێڵاوەکانی داکەند و خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە، زۆری نەویست تا بگاتە لای ژنەکە، چونکە ئاوەکە لە دووری دوو هەنگاوەوە ژنەکەی بەرەو لای پلیکانەکان دەبرد، پاسەوانەکە بە دەستی ڕاستی جلەکەی بەری گرت و بە دەستی چەپیشی ئەو دارەی گرت کە هاوڕێکەی بۆی درێژ کردبوو، ژنەکە زوو لە ئاوەکە دەرهێنرا. خستیانە سەر تەختەبەردەکانی پاڵ پردەکە، ژنەکە زوو هاتەوە سەرخۆی، کەمێک جووڵا، دانیشت و دایە پژمین و پرخەپرخ و بێهودە دەستی بەسەر جلە تەڕەکانیدا دەهێنا، هیچی نەدەوت.
هەمان دەنگی ژنەکەی پێشوو لە پاڵ ئەفروسینوشکادا کەوتە لاڵانەوە:
- خەڵکینە، دەزانن چەندە مەستە! مەست، ماوەیەک لەمەوبەر ویستی خۆی بخنکێنێت، بە هەڵواسراوی پەتمان لە ملی کردەوە، ئێستا چووم بۆ دووکان و بە کیژۆڵەکەم وت ئاگای لێبێت و وا ئەم کارەساتەی بەسەردا هات، دراوسێمانە، براکانم، دراوسێی خۆمان، ماڵمان لەم نزیکانەیە، ساختمانی دووەمی سەرسووچەکە، لەوێ..
خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد، بەڵام پاسەوانەکان هێشتا سەرقاڵی ژنەکە بوون، یەکێک لەبارەی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسەوە بە دەنگی بەرز

---

[1] *Afrocinoushka*

قسەی دەکرد.. ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هەستێکی سەیرەوە، بێبایەخانە و بەبێ گوێپێدان لە هەموو ئەو شتانەی دەڕوانی، هەستی بە نەفرەت و بێزاری دەکرد، لەبەر خۆیەوە دەدوا "نا، نا، کارێکی دزێوە.. ئاو.. ئەوە ناهێنێت" هەر لەسەری ڕۆشت "هیچ ڕوو نادات، چاوەڕوانی چ کەڵکێکی هەیە؟ ئەمە بەشی پۆلیسە، کەوایە بۆ زامیوتوف لەوێ نییە؟ کەواتە لە سەعات نۆوە ئەم بەشە کراوەیە".

پاشان پشتی دایە تەیمانەکەوە و سەیری ئەملاوئەولای خۆی کرد.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە جەخت لەسەرکردنەوە وتی:

- بۆ نا؟ چی دەبێت با ببێت.

بەسەر پردەکەدا بەرەو ئەو شوێنە ملی نا، کە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی لێبوو، دڵی خاڵی و گیرابوو، ئارەزووی لە بیرکردنەوە نەدەکرد، تەنانەت جۆرێک لە غەم و بێتاقەتی هاتە سەرینی، ئەو گوڕوتینەی کە پێشتر هەیبوو، ئەو کاتەی لە ماڵەوە بۆ "ئەنجامدانی کارەکە" هاتە دەرەوە، ئیدی ئاسەواری نەمابوو، بێحاڵی جێی ئەوانەی گرتبووەوە.

ئەو کاتەی لەسەرخۆ و بە بێزارییەوە بە کەنار ڕووبارەکەدا دەڕۆشت، بیری دەکردەوە: "وایە، ئەمەیش ڕێگەچارەیەکە، لەگەڵ ئەمەشدا کارەکە تەواو دەکەم، چونکە دەمەوێت.. ئەی بە ڕاست ئەمە ڕێگەچارەیە؟ ئاه.. چ جیاوازییەکی هەیە، شوێنپێیەکە و تیا دەوەستم، ها! کۆتاییەکی سەیرە، ئای چ کۆتاییەکە! پێیان بڵێم؟ ئاه.. نەفرەت لە شەیتان، چاک ماندوو بووم، وا چاکە ڕابکشێم، یان تا زووە دابنیشم، لە هەمووی خەجاڵەتتر ئەوەیە کە ئەمە کارێکی زۆر گەلۆرانەیە: ئەمەیش قیروسیا، ئاه.. ئەو گەمژەییانە زۆرن، کە بە بیری مرۆڤدا دێن..

بۆ گەیشتن بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس دەبوو هەر ڕاست بڕۆیت، پاشان لە پێچی دووەمدا بە لای چەپدا لابدەیت، هەردوو هەنگاو بەولاوە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس بوو، بەڵام کە گەیشتە پێچی یەکەم، وەستا، بیری کردەوە، بەبێ هیچ مەبەستێک، یان ڕەنگە تەنیا بۆ ئەوە بووبێت دەرفەتێکی کەمی دەست بکەوێت، لە دوو کۆڵانەکەی دی تێپەڕی، سووڕێکی خوارد و چووە ناو کۆڵانەکەوە. هەر دەڕۆیشت و چاوی لە زەوییەکە هەڵنەدەبڕی، لە پڕێکدا، وەک یەکێک بە گوێیدا بچرپێنێت، سەری بەرز کردەوە، بینی بەرانبەر هەمان ماڵ و لە پاڵ دەرگای دەرەوەیدا وەستاوە، ئەو لەو "شەوەوە" نەهاتبووەوە ئێرە و تەنانەت بە لایشیدا تێنەپەڕیبوو، ئارەزوویەکی بێمانا کە لە وەسفکردن نایەت، بەرەو ناوەوەی دەکێشا، چووە خانووەکەوە، لە ڕاڕەوەکە تێپەڕی، پاشان لە یەکەم دەرگاوە ڕۆشت و بەو پلیکانانەدا کە ئاشنایەتیی لەگەڵیاندا هەبوو. بەرەو قاتی چوارەم سەرکەوت، پلیکانەکان تەنگەبەر و پڕ لە ساتمە و زۆر تاریک بوون، لە هەموو قاتێکدا دەوەستا و بە هەموو لایەکدا ملەقوتێی بوو، لە ڕاڕەوی قاتی یەکەمدا شووشەی پەنجەرەیەک بە تەواوی دەرهاتبوو، بیری کردەوە کە ئەوسا ئەمە وانەبوو، ئەمەیش ئاپارتمانی قاتی دوو، کە نیکۆلا و میتکا لەوێ کاریان دەکرد "داخراوە و دەرگاکەی ڕەنگ کراوەتەوە، مانای وایە دەدرێتەوە بە کرێ" ئەمەیش قاتی سێ.. و چوار.. ئا، ئێرەیە! تەواو واقی وڕما: دەرگای دەرەوەی ئەم ئاپارتمانە بە تەواویی کرابووەوە، خەڵکیی تیا بوو کە دەنگیان دەبیسترا، هەرگیز چاوەڕێی شتی وای نەدەکرد.

دوای کەمێک دوودڵی لە دواپلە سەرکەوت و چووە ئاپارتمانەکەوە، ئەم ئاپارتمانەیشیان چاک دەکردەوە و کرێکاری تیابوو، ئەمە سەری

بەسوورڕ هێنا، لە خەیاڵی ئەودا نەبوو هەموو شتەکان وەک پێشوو ببینێتەوە، وەک ئەوسا چۆن دیبوونی، وای لێهات چاوەڕێی ئەوە بکات کە تەنانەت هەردوو لاشەکەیش لە هەمان جێگای خۆیاندا ببینێتەوە. بەڵام وا ئێستا دیوارەکان ڕووتن، ئاسەواری شتومەک نییە، سەیرە! ڕاسکۆلنیکۆڤ بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆشت و لە کەناریا دانیشت.

دوو کرێکار لەوێ بوون، هەردووکیان گەنج و یەکێکیان زۆر لەوی دی گەورەتر بوو، سەرقاڵی چەسپاندنی کاغەزی نوێ بوون بەسەر دیوارەکاندا، لەبری کاغەزی زەرد و کۆنەی دڕاو، کاغەزی سپیان پیا دەگرت، کە گوڵی وەنەوشەیی پێوە بوو. ڕاسکۆلنیکۆڤ هەر لە خۆیەوە خۆشیی بەو کارە نەهات و نیگایەکی ڕکاوی لە کاغەزی دیوارەکان گرت. وەک ئەوەی داخ بەوە بخوات کە هەموو شتەکانیان بۆ بەو ڕادەیە گۆڕیووە.

پێدەچوو کرێکارەکان لە کاتی خۆیان تێپەڕاندبێت و بیانەوێت خێرا کاغەزەکان بە دیوارەکاندا بچەسپێنن و بەرەو ماڵەوەیان بگەڕێنەوە.

دەرکەوتنی ڕاسکۆلنیکۆڤ هیچ سەرنجی ڕانەکێشان، ئەوان سەرگەرمی قسەی خۆیان بوون، ڕاسکۆلنیکۆڤ خاچئاسا دەستی لەسەر سنگی دانا و گوێی ڕادێرا.

کرێکارە بەتەمەنەکە بە بچووکترەکەی وت:

- ئەو ژنە ڕۆژێک پێشتر هاتە لای من، بەیانییەکی زوو بوو، تەواو خۆی ڕازاندبووەوە. پێم وت "بۆ بە لەنجە و نازەوە دێیتە لام؟ وتی: تیت ڤاسیلیچ[1]، دەمەوێت لەمەودوا بە تەواویی بۆ تۆ بم" ئاوا! ئەی

[1] tit vassilich

دەزانیت چ بەرگێکی لەبەر کردبوو، مۆدێل، مۆدێلێکی ڕاست و دروست!

کرێکارە منداڵکارەکە وتی:

- ئاپۆ گیان، مۆدێل چییە؟

دیار بوو کە دەیویست شت لە ئاپۆوە فێر بێت.

- مۆدێل، هاوڕێکەم، ئەو وێنە ڕەنگییانەن کە هەموو ڕۆژێکی شەموان بە پۆستا بۆ بەرگدرووەکانی ئێرە دەنێررێت، بە پۆستی دەرەوەدا، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بزانێت چی لەبەر دەکات و چۆنی لەبەر دەکات. چ ژن و چ پیاو، جیاوازیی نییە. کەواتە مودێل وێنەیە، بۆ پیاو زیاتر ڕدنکوتە، بەڵام بەرگی ژنانە، هاوڕێ، ئەوە هەر نەیکردبێت، ئەگەر هەموویانم بدەیتێ هێشتا هەر دەڵێم کوا!

لاوەکە وەک بەو قسانە مەست بووبێت، هاواری لێهەستا:

- جا چی لەم پتروزبورگەدا نییە! هەموو شتێکی تیا دەست دەکەوێت، بێجگە لە باوک و دایک!

ئەوی تریان وەک مامۆستایەک لەسەرخۆ وتی:

- ڕاستە، هاوڕێ، بێجگە لە داک و باب هەموو شتێکی تیایە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستا و چووە ئەو ژوورەوە، کە پێشتر سنووق و پێخەف و دۆڵابی تیابوو، ژوور هیچی تیا نەبوو، بۆیە تا بڵێی بچووک هاتە بەرچاوی، کاغەزی دیوارەکانی هەمان کاغەزی پێشوو بوو. لە سووچێکدا، بە چاکی جێگای مێزێک دەبینرا، کە لەژێر پەیکەرە چکۆلەکاندا بوو. تەماشایەکی کرد و دیسانەوە بۆ لای پەنجەرەکەی گەڕایەوە، کرێکارە گەورەکەیان لەژێرەوە خێسەی لێدەکرد، لەپڕا گەڕایەوە لای ڕاسکۆلنیکۆڤ و لێی پرسی:

- چیت دەوێت؟

لەباتیی ئەوەی وەڵامی بداتەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستا و چووە ڕاڕەوەکە، پەتی زەنگەکەی ڕاکێشا، هەمان زەنگ و هەمان دەنگ بوو، بۆ جاری دووەم و سێیەم ڕایکێشایەوە، گوێی لە دەنگەکە گرت و یادوەرییەکانی خۆی بەسەر کردەوە، هەستێکی ترسناک و ناخۆشی ڕابووردووی زیاتر وەبیر دەهاتەوە، لەگەڵ هەر لێدانێکی زەنگەکەدا ڕادەچڵەکی و زیاد لە جاران چێژی لێوەردەگرت.

کرێکارەکە کە لە ژوورەکەوە بەرەو لای دەهات، هاواری لێکرد:

- ئاخر پێم بڵێ چیت دەوێت؟ تۆ کێیت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ دیسانەوە لە دەرگاوە هاتەوە ژوورێ و وتی:

- دەمەوێت ئەم ماڵە بە کرێ بگرم، بۆیە پێویستە بە چاکی تەماشای بکەم.

- بە شەو ماڵ بە کرێ نادرێت، بێ لەوە، تۆ دەبێت دەرگاوانەکە ببینیت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەر قسەکانی ڕۆشت.

- زەوییەکە شۆراوە، بۆیەی دەکەنەوە؟ خوێنی پێوە نەماوە؟

- خوێنی چی؟

- ئاخر پیرێژن و خوشکەکەیان تازە کوشتووە، لێرەدا جۆگەلەیەک خوێن دروست ببوو.

کرێکارەکە حەوسەڵەی لێبڕا و وتی:

- ئاخر تۆ کێیت؟

- من؟

- بەڵێ؟

- حەز ئەکەی بیزانیت؟ وەرە با بچینە لای پۆلیس، لەوێ پێت دەڵێم.

کرێکارەکان بە سەرسامییەوە لێیان ڕوانی.

کرێکارە گەورەکەیان بە بچووکەکەی وت:
- دەبێت ئێمە بڕۆین، زۆر درەنگ کەوتین، با بڕۆین ئالشکا، دەبێت دەرگاکە کلیل بکەین.
ڕاسکۆلنیکۆڤ خوێنساردانە وتی:
- باشە با بڕۆین.
کەوتە پێشیان، هێدی هێدی لە پلیکانەکان هاتە خوارێ، کە گەیشتە بەر دەرگای دەرەوە، هاواری کرد:
- ها! پاسەوان.
چەند کەسێک ڕێک لە بەردەم دەرگای دەرەوە وەستابوون و تەماشای ڕێبوارەکانیان دەکرد. دوو دەرگاوان، ژنێکی گوندی و پیاوێکی بازرگان بە جلی ماڵەوە و چەند کەسێکی دی بوون.
ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاست بەرەو لایان چوو، دەرگاوانێکیان پرسی:
- چیت گەرەکە؟
- چوویت بۆ لای پۆلیس؟
- ئێستا چووم، چیت دەوێت؟
- هەموو لەوێن؟
- هەر لەوێن.
- ئەفسەری یارمەتیدەریش لەوێ بوو؟
- ئەویش بۆ ماوەیەک لەوێ بوو، ئەی تۆ چیت دەوێت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی نەدایەوە، وڕبوو، لە پاڵیاندا وەستا.
کرێکارە گەورەکەیان نزیک کەوتەوە و وتی:
- هاتوە ئاپارتمانەکە ببینێت.
- کامە ئاپارتمان؟

- ئەوەی کاری تیا دەکەین، دەڵێت "بۆ خوێنەکەتان پاک کردۆتەوە؟ لێرەدا کوژرانێک ڕووی داوە و من هاتووم ئێرە بە کرێ بگرم" زەنگەکەیشی ڕاکێشا، خەریک بوو لەبن دەریبکێشێت، دواییش وتی "وەرە با بڕۆین بۆ لای پۆلیس تا هەموو شتێکت پیشان بدەم" وازیشی نەدەهێنا.

دەرگاوانەکە بەسەر سووڕماوی و بڕۆی وێکهاتوویەوە کەوتە سەیرکردنی ڕاسکۆلنیکۆڤ، پاشان بە دەنگێکی جیدیتر هاواری کرد:

- ئاخر تۆ کێیت؟

- من ڕادیون ڕومانوڤیچ ڕاسکۆلنیکۆڤم، کۆنە خوێندکاری زانکۆم لە ماڵی شیل[1] لە کۆڵانێکی نزیک بە ئێرە، لە ئاپارتمانی ژمارە ١٤دام، لە دەرگاوانەکە بپرسە دەمناسێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەموو ئەم قسانەی لە حاڵەتێکی ڕاماندا، کە بە قووڵی لە شەقامە تاریکەکەی دەڕوانی، وت، تەنانەت بەبێ ئەوەی ئاوڕێک بداتەوە.

- باشە، بۆ هاتوویت بۆ ئەم ئاپارتمانە؟

- تا تەماشای بکەم.

- تەماشای چی بکەیت؟

بازرگانەکە لەپڕێکدا هاتە ناو قسەکانەوە و وتی:

- باشە، بیگرن و بیبەن بۆ پۆلیس.

لەپڕێکدا بێدەنگ بوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لاونیو تەماشایەکی کرد و ورد لێی ڕوانی، بە کاوەخۆ پێی وت.

---

[1] shill

- فەرموو با بڕۆین.
پیاوەکە غیرەتی بە خۆی دا و جەختی کردەوە:
- بیبەن! بۆ چووەتە ئەوێ، چی لەژێر سەردایە؟ ها؟
کرێکارەکە لەبەر خۆیەوە وتی:
- بڵێم سەرخۆشە، سەرخۆش نییە، خوا ئەزانێت چییە!
دەرگاوانەکە کە تەواو تووڕە ببوو، هاواری کرد:
- ئاخر چیت دەوێت؟ بۆ دەستمان لێهەڵناگریت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە گاڵتەپێکردنەوە پێی وت:
- دەترسیت بچیتە لای پۆلیس؟
- لە چی دەترسم؟ بەڵام بۆ هاتوویت ئەمەندە بێزارمان بکەیت؟
ژنە گوندییەکە دەنگی هەڵبڕی:
- ئەی فێڵباز!
دەرگاوانەکەی تر کە گوندییەکی زۆر بەخۆوە و پاڵتاوێکی هەراوی لەبەردا و دەستەیەک کلیلی بە پشتێنەکەیدا کردبوو، بە دەنگی بەرز وتی:
- بۆ لە خۆتانەوە قسەی لەگەڵدا دەکەن؟ بڕۆ ون بە، ڕاستە فێڵێکی لەژێر سەردایە، دەی بڕۆ..
پاشان شانی ڕاسکۆلنیکۆڤی گرت و بەرەو شەقامەکە پەرتی کرد.
خەریک بوو ڕاسکۆلنیکۆڤ سەرسم بدات و بکەوێت، بەڵام خۆی گرتەوە و ڕێک ڕاوەستایەوە، بێدەنگ لە هەموویانی ڕوانی و دوور کەوتەوە.
کرێکارەکە وتی:
- زەلامێکی سەیرە!
ژنە لادێییەکە وتی:

- لەم ڕۆژانەدا زەلامی سەیرسەیر دەردەکەوێت!
پیاوە بازرگانەکە وتی:
- بەڵام خۆزگا دەمانبردە لای پۆلیس
دەرگاوانە گەورەکە وەک ئەوەی بیەوێت قسەکان کۆتاییان پێبێت، وتی:
- چیمان بەسەریەوە هەیە، دیارە کابرایەکی فێڵبازە، کە پێوەت نووسا، مەحاڵە لێت بێتەوە.. ئیدی ئەوە دیارە و دەیانناسین.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لە حاڵێکدا کە لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا و لە چوارڕێیانێکدا وەستابوو، لە دەوروبەری دەڕوانی و بیری دەکردەوە: "باشە، بڕۆم یان نا" وەک ئەوەی چاوەڕێی یەکێک بێت، کە دواوشەی پێبڵێت، بەڵام دەنگ لە کەسەوە نەدەهات.
هەموو شتێک کەڕ و مردوو بوو، وەک ئەو بەردانەی هەنگاوی بەسەردا دەنان، تەنیا بۆ ئەو مردبوو، تەنیا بۆ ئەو.. لەپڕێکدا لە دوورەوە لە دووسەد هەنگاوی کۆتایی شەقامەکەوە، لە تاریکاییەکی خەستا، هەستی بە کۆمەڵێک و قسە و هاوارکرد. لە ناوەڕاستی کۆمەڵەکەدا گالیسکەیەک وەستا بوو- ڕوناکییەک لە شەقامەکەدا دەردەکەوت "دەبێت چی بێت؟"
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە لای ڕاستا پێچی دا و بەرەو لای خەڵکەکە چوو، دەتوت پێویستیی بە هەموو شتێکە. کە هەستی بەمە کرد، پێکەنی، پێکەنینێکی سارد، چونکە لەبارەی پۆلیسەوە بڕیاری تەواوی دابوو، تەواو لەوە بێگومان بوو کە هەر ئێستاکە هەموو شتێک کۆتایی پێدێت.

لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا گالیسکەیەکی دەلالی پیاوماقوڵێک، کە بە دوو ئەسپی سەرکێشی ڕەنگ خۆڵەمێشییەوە بەسترابووەوە، وەستابوو، گالیسکەکە کەسی تیا نەبوو، گالیسکەوانەکە لە شوێنەکەی هاتبووە خوارێ و لە پاڵ گالیسکەکەدا ڕاوەستابوو، لغاوی ئەسپەکانی بە دەستەوە بوو، خەڵکێکی زۆر لە چواردەوری کۆ ببوونەوە و پاسەوانەکانیش لە پێشیانەوە بوون، یەکێک لە پاسەوانەکان چرایەکی بچووکی بە دەستەوە بوو، لە ناوەڕاستی شەقامەکە و نزیک بە تایەی گالیسکەکە بە چراکە تەماشای شتێکی دەکرد، هەموو خەڵکەکە لە ملەقوتێدا بوون، هاوار و ژاوەژاوێکی سەیر و بەداخیان بوو، گالیسکەوانەکە شپرزە دەهاتە بەرچاو و جارناجارێک دەیوت:

- خودایە، چ گوناهێکە! چ گوناهێک!

ڕاسکۆلنیکۆڤ چەند توانی، خۆی ڕەپێش نا و سەرئەنجام هۆی هەراوزەنا و خۆتێهەڵقورتاندنی خەڵکەکەی بینی: لەسەر زەوییەکە پیاوێک بێهۆش کەوتبوو، ببوو بە ژێر گالیسکەکەوە، جلەکانی بەری بەڕواڵەت کۆن بوون، بەڵام بەرگی کەسانی خانەدان بوون و لە خوێن هەڵکشابوون. خوێن لە ڕووی دەتکا، دەمو چاوی بریندار و شێواو و تێکقوپاو بوو، دیاربوو گالیسکەکە چاک هاڕیبووی.

گالیسکەوانەکە هەر دووبارەی دەکردەوە: خودایا، چۆن دەبوو من ئاوا بێئاگابم! خۆ ئەگەر ئاژوبێتم، یان هاوارم نەکردبێت ئەوە قەیدی نییە، بەڵام هێور و لەسەرخۆ لێم دەخوڕی، هەموو ئەمانە دەزانن، ئەگەر خەڵکەکە درۆ بکات، وا منیش وەک ئەوان درۆزنم، بەڵام سەرخۆش ڕاست بە ڕێگەدا ناڕوات، ئەمە ئاشکرایە.. بینیم دەیویست لە شەقامەکە بپەڕێتەوە، لارەلارەی بوو، لەوەدابوو بکەوێت، جارێک هاوارم لێکرد، دوو جار و سێ جار، ئەسپەکانم وەستاند، کەچی

ڕاست خۆی، خۆی خسته بەر پێیان، نازانم، هەر بە دەستی ئانقەست ئەمەی کرد یان تەواو مەست بوو، ئەسپەکانیش جوانوون و سرکن، کەوتنە پڕمەوسمکۆڵان، ئەو هاواری دەکرد و ئەوانیش زیاتر بەهەوادا دەچوون و.. ئیتر ئەم بەدبەختییەی لێکەوتەوە.

یەکێک لەناو خەڵکەکەوە شایەتیی بۆدا:

- هەرچییەکی وت ڕاست وابوو.

دەنگێکی تر بەرز بووەوە:

- ڕاست دەکات، سێ جار هاواری لێکرد.

سێیەم کەسیش هاواری کرد:

- ڕاستە، سێ جار، هەموو گوێمان لێبوو.

بەگشتی گالیسکەوانەکە نە زۆر دەترسا و نە زۆریش غەم دایگرتبوو. دیاربوو گالیسکەکە هی کەسێکی دەوڵەمەند و گرنگ بوو، ئەم لێرە چاوەڕێی هاتنی ئەوی دەکرد، پاسەوانەکانیش دەیانویست هەرچۆنێک بێت، کێشەکە چارەسەر بکەن، دەبوو پیاوە زەرەرمەندەکە ببەنە پۆلیس و نەخۆشخانە، وەلێ کەس ناوی نەدەزانی.

ڕاسکۆلنیکۆف هەروا وردەوردە ڕێگەی بۆ خۆی کردەوە، چووە پێشێ و دانەویەوە، لەپڕێکدا چرا چکۆلەکە دەموچاوی کابرای نەگبەتی تەواو پیشاندا، ڕاسکۆلنیکۆف ناسی، هەربەدەم ڕێگەکردنەوە و چوونەپێشێی هاواری کرد:

- من دەیناسم، دەیناسم، کارمەندێکی خانەنشینە، ناوی مارمیلادۆڤە، ماڵیان لەم نزیکانەیە، لە خانووی کوزڵدایە، دەبێت زوو بگاتە لای پزیشک، من پارەکەی بۆ دەدەم، وەرن.

هەندێ پارەی لە گیرفانی دەرهێنا و پیشانی پۆلیسێکی دا، ڕاسکۆلنیکۆف شپرزەییەکی سەیری تێگەڕابوو.

پۆلیس لە ناسینی کەسە زەرەرمەندەکە خۆشحاڵ بوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ ناونیشانی خۆی دانێ و بەهەموو توانایەوە، وەک ئەوەی ئەو پیاوە کەوتوە باوکی بێت، حەزی کرد مارمیلادۆڤی بێهۆش زووتر بگەیەنرێتە ماڵەوە یان زۆر بە جەختەوە دەیوت:

- ماڵەکەی لێرەدایە، دوای سێ ماڵ، لە خانووی کوزل، ئەڵمانییە دەوڵەمەندەکە.. بێگومان بە سەرخۆشی بەرەو ماڵ بۆتەوە، دەیناسم، هەمیشە مەستە... خێزانەکەی لەوێدا دەژی، ژن و کوڕ و کچی هەیە، کەی دەگاتە خەستەخانە؟ هەر لە ماڵەکەی خۆیدا جەتمەن پزیشکێک بەدەست دێت. من پارەکەی دەدەم، خۆم دەیدەم، هەرچۆنێک بێت کەسوکارەکەی چاکتر ئاگاداری دەکەن، زوو بە فریای دەکەون، ئەگینا پێش ئەوەی بگاتە خەستەخانە دەمرێت..

ڕاسکۆلنیکۆڤ دەرفەتی هێنا و لەسەرخۆ پارەیەکی خستە چنگی پۆلیسێکەوە، وەلێ مەسەلەکە ڕوون و یاسایی بوو، بەهەرحاڵ، لە ماڵەکەی خۆیدا باشتر چارەسەر دەکرا و نزیکتریش بوو، کابرای بریندارەکە هەڵگرت و بردیان، خەڵکانێک هاوکاریان کرد، خانووی کوزل سی هەنگاوێک دوور بوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ کەوتبووە دوایان و بە پارێزەوە سەری بریندارەکەی گرتبوو، ڕێگەکەی پیشاندەدان و لەسەرخۆ دەیوت:

- لێرەوە، لێرەوە، کە چووینە سەر پلیکانەکان دەبێت سەری بەرز بکەینەوە، بسووڕێن.. ئاوا.. من هەقەکەی دەدەم.. سوپاستان دەکەم.

کاترینا ئیڤانۆڤنا، وەک کاری هەمیشەی، هەر ئەوەندەی دەقیقەیەک دەرفەتی بهێنایە، خێرا لە ژوورە بچووکەکەیدا دەکەوتە پیاسەکردن، لە پەنجەرەکەوە بۆ لای زۆپاکە یان بە پێچەوانەوە، دەستی لەسەر سنگی دەکردە خاچ و لەگەڵ خۆیدا دەکەوتە قسەکردن و کۆکین.

لەم دواییانەدا زیاد لە جاران قسەی لەگەڵ کچە گەورەکەیدا دەکرد، یولیای تەمەن دە ساڵ ئەگەرچی هێشتا گەلێک شت هەبوو کە نەیدەزانین، بەڵام زۆر چاک لەوە گەیشتبوو کە دایکیی پێویستی بەوە، بۆیە هەمیشە بە چاوە گەورە و زرنگەکانییەوە چاودێریی لێدەکرد و بە هەموو توانایەوە دەیویست ئەو چی لێ داوا بکات، ئەم بەجێی بهێنێت، ئەمجارەیان پولێچکا جلی برا بچووکەکەی دادەکەند تا بیخەوێنێت.

منداڵەکە بۆ گۆڕینی ئەو کراسەی کە دەبوو لە هەمان ئەو شەوەدا بیشۆن، هێور و ڕاست و بێدەنگ لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، قاچە چکۆڵەکانی توند بە یەکترەوە نووساندبوو، بەرەو پێشەوە، بەرەو لای خەڵکەکە درێژی کردبوون. منداڵەکە گوێی لەو قسانە گرتبوو، کە دایکی و خوشکە گەورەکەی لەگەڵ یەکدیدا دەیان کرد، دەمولێوی هێنابووە پێشێ و بەبێ جووڵە لێیان ڕامابوو، ڕێک وەک ئەو کوڕە ئاقڵانەی کە دادەنیشن بۆ ئەوەی ڕووتیان بکەنەوە تا بڕۆن بنوون. کچێکی لەو منداڵتریان لە جلکێکی تەواو دڕاودا لە پاڵ دیوارەکەدا وەستابوو، چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد سەرەی بێت. دەرگای لای پلیکانەکان بە تەواوی کرابووەوە، بۆ ئەوەی هەرچۆنێکە لەو شەپۆلی دووکەڵی جگەرەیەی کە لە ژوورەکانی ترەوە دێتە ناوەوە و ژنە نەگبەتە سیلاوییەکە دەخاتە کۆکەکۆک و ئازاردان، کەم بکاتەوە. لەوە دەچوو کاترینا ئیڤانۆڤنا لەم هەفتەیەی دواییدا لەڕولاوازتر بووبێت، پەڵە سوورەکانی سەر ڕوومەتی زیاد لە جاران سوور ببوونەوە. بەدەم هاتوچۆی ناو ژوورەکەوە بە کچەکەی دەوت:

- پۆلێچکا، تۆ بڕوا ناکەیت، تەنانەت توانای وێناکردنی ئەوەیشت نییە کە بزانیت ئێمە لە ماڵی باوەگیاندا چەندە شاد و هەبوو دەژیاین، چۆن

ئەم کابرا سەرخۆشە منی پەک خست و هەموو ئێوەیش هەر وا لێدەکات! باوکم کارمەندێکی گەورەی دەوڵەت و پلەکەی نزیک لە پارێزگار بوو، تەنیا هەنگاوێکی مابوو بگاتە ئاستی پارێزگاری، تەنانەت هەموو ئەوانەی دەهاتنە لای، دەیانوت: "ئیڤان میخائیلوڤیچ، ئێمە تۆ بە پارێزگاری خۆمان دەزانین" کاتێک کە من.. ئاه.. کاتێک کە من ئح، ئح، ئح.. تفت لێبێ ژیان (بەدەم تفکردن لە ژیانەوە هەرچی پیسییەکی سنگی هەبوو، تفی کردەوە و دەستی بە سنگییەوە گرت و کەوتەوە قسە).

- ئەو کاتەی کە من.. نا، کاتێک لە کۆتایی شەوی ئاهەنگەکەدا، نوێنەری خانەدانەکان، شازادەخانم بیززملنایا[1]، واتا ئەو خانمەی پیرۆزبایی لێ کردم کاتێک بووم بە ژنی باوکت، کاتێک کە بینیمی، یەکسەر پرسی: "ئەمە ئەو کچە دلۆڤانە نییە کە لە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابخانەیدا سەمای (شالی)ی کرد؟" دەبێت ئەم دڕاوییە پینە بکەین، خۆزگا دەرزی و دەزووت بهێنایە و هەر ئێستا وەک فێرم کردوویت بتدورایەتەوە، ئەگینا بەیانی.. ئاه، بەیانی ئح، ئح، ئح. دڕاوییەکەی زیاتر دەبێت.

ژنە داماوەکە وشەکانی کۆتایی زۆر بە زەحمەت و بەدەم کۆکەوە وت:

- لەو کاتەدا شازادە شچگلسکوی[2] کە ئەفسەرێکی لاو بوو و تازە هاتبووە پتروزبورگ، سەمای مازورکای لەگەڵدا کردم و بۆ ڕۆژی دوایی ویستی بێتە خوازبێنیم، بەڵام من بە قسەی خۆش سوپاسم

---

[1] *bezzemelnaya*

[2] *shtche gelskoy*

کرد و پێم وت ماوەیەکە دڵم لای یەکێکی ترە. پولێچکا، ئەو کەسە باوکت بوو، باوکت زۆر تووڕە بوو. بەڕاست ئاوەکە ئامادەیە؟ باشە، کراسەکە بێنە، گۆرەوییەکان لە کوێن؟ پاشان ڕووی لە کچە بچووکترەکە کرد و وتی:

- لیدا، ئەمشەو تۆ بەبێ کراس بنوو، تەگبیری بکە، گۆرەوییەکانت لە پاڵ خۆتا دابنێ.. ئەویش دەشۆم، ئەم سەرخۆشە شڕەوپڕەلەبەرە بۆ نەهاتەوە؟ کراسەکەی هێند لەبەر کردووە بوەتە سەختیان، هەموویشی دڕاندووە.. خۆزگا هەموویانم بەیەکجاری بشوردایە و دوو جار ئازارم نەچەشتایە، خودایا، ئح، ئح، ئح، دیسانەوە!

کە چاوی بەو خەڵکە کەوت لە ڕاڕەوەکەدا کۆ ببوونەوە و شتێکیان بۆ ژوورەکەی ئەم دەهێنا، هاواری لێهەستا:

- ئەمە چییە؟ چی ڕووی داوە؟ چی دەهێنن؟ خودایا!

کە مارمیلادۆڤی خوێناوی و لەسەرخۆچوویان هێنایە ژوورەوە، پۆلیسەکە بەملاوئەولادا هەڵیڕوانی و پرسی:

- ئاخر، لە کوێی دابنێین؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ قەنەفەیەکی نیشان دا و وتی:

- سەرقەنەفەکە، ڕاست لەسەر قەنەفەکەی دابنێن، سەریشی بخەنە ئێرەوە.

یەکێک لە ڕاڕەوەکەدا هاواری کرد:

- بووە بە ژێر گالیسکەوە، سەرخۆش بوو.

کاترینا ئیڤانۆڤنا بە ڕەنگی پەڕیووەوە وەستابوو، بە زەحمەت هەناسەی دەدا، منداڵەکان ترسان، لیدای چکۆڵە هاواری کرد و خۆی هەڵدایە باوەشی پولێچکاوە، هەموو گیانی دەلەرزی.

دوای ئەوەی ڕاسکۆلنیکۆڤ مارمیلادۆڤی خەواند، بەپەلە بەرەو کاترینا چوو، پێی وت:

- توو خوا هێور بە، مەترسە، بە شەقامەکەدا تێدەپەڕی کە بوو بە ژێر گالیسکەیەکەوە، نارەحەت مەبە، دێتەوە هۆش خۆی، من پێم وتن بۆ ئێرەی بێنن.. من جاری تر هاتوومەتە ئێرە، لە بیرتە؟ دێتەوە هۆش خۆی، من خەرجییەکەی لە ئەستۆ دەگرم.

کاترینا ئیڤانۆڤنا نائومێدانە چووە لای مێردەکەی و هاواری کرد:

- بە نیازی خۆت گەیشتیت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ زوو تێگەیشت ئەم ژنە لەوانە نییە کە یەکسەر لە هۆش خۆی بچێت، خێرا سەرینی نایە ژێر سەری پیاوە داماوەکە: کەس بیری بۆ ئەوە نەچووبوو. کاترینا ئیڤانۆڤنا کەوتە داکەندنی جلەکانی و بەوردی تەماشاکردنی. خۆی لەبیر چووبووەوە و گازی لە لێوی دەگرت، ئەو هاوارونالانەی دەیانویست لە سنگییەوە زوو بێنە دەرێ، خەفەی کردن.

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەر لەو سەروبەندەدا یەکێکی ڕاسپارد بڕوات و پزیشکێک بهێنێت. هەر خانوویەک لەولایانەوە پزیشکێک هەبوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ بە کاترینا ئیڤانۆڤنای وت:

- من ناردوومە بە دوای پزیشکا، بێتاقەت مەبە، پارەکەیش خۆم ئەیدەم، ئاوتان نییە؟ دەستەسڕێک یان خاولییەک یان هەر شتێکی ترم بدەنێ، هێشتا نازانین برینەکەی چۆنە، بەهەرحاڵ، زامدارە نەک کوژراو، دڵنیا بن.. با بزانین پزیشک چی دەڵێت!

کاترینا ئیڤانۆڤنا خۆی گەیاندە پەنجەرەکە، لەوێ لەسەر کورسییەکی قووڵ کە لە سووچێکدا دانرابوو، تەشتێکی گڵینی گەورەی پڕ لە ئاو دانرابوو. ئاوەکە بۆ ئەوە ئامادە کرابوو کە شەو کراسی مێردەکەی و

منداڵەکانی پێ بشوات. ئەم شەوانە جلشتنە لایەنی کەم هەفتەی دوو جار و هەندێکجار زیاتریش کاترینا بە دەستی خۆی دەیکرد، چونکە کار گەییشتبووە ئەوەی کە ئیتر لە قاتێک زیاتر جلی تریان نەبوو بیگۆڕن. هەر یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە تەنیا یەک دەست جلی هەبوو. کاترینا ئیڤانۆڤنایش بەرگەی پیسوپۆخڵی نەدەگرت، بەوە قایل بوو، ئەو شەوانە لە کاتی نووستندا، زیاد لە توانای خۆی ماندوو بکات، بەیانی بە پاکی جلەکانی کە بەسەر تەنافەوە بوون، وشکیان بکاتەوە و بیانداتێ، نەک ماڵەکەی بە پیسی ببینێت.

ویستی وەک ڕاسکۆلنیکۆڤ داوای لێکردبوو، تەشتەکە هەڵبگرێت، بەڵام زۆری نەمابوو بە تەشتەکەوە بکەوێت، ڕاسکۆلنیکۆڤیش خاولییەکی پەیدا کرد و بە ئاو تەڕی کرد و کەوتە پاککردنەوەی دەموچاوە خوێناوییەکەی مارمیلادۆڤ. کاترینا ئیڤانۆڤنا لە پاڵیا وەستا، دەستی بە سنگی خۆیەوە گرتبوو، بە زۆر هەناسەی هەڵدەکێشا، ئەو خۆی پێویستی بە کۆمەک و یارمەتیدان بوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ وردەوردە کەوتە بیری ئەوەی کە نەدەبوو جەخت لەسەر هێنانی زامدارەکە بکات بۆ ئێرە، پاسەوانەکەیش بە سەرسامییەوە هەروا وەستابوو.

کاترینا ئیڤانۆڤنا بانگی کچەکەی کرد:

- پولێچکا، خێرا بڕۆ بۆ لای سۆنیا، ئەگەر لە ماڵەوە نەتبینی، قەیدی نییە، بڵێ باوکی بووە بەژێر گالیسکەوە و هەر کە گەیشتەوە ماڵەوە، بێت بۆ ئێرە. زوو بە پولێچکا، وەرە، ئەم دەسماڵە بدە بەسەرتا.

منداڵە چکۆڵەکە کە لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو، لەپڕێکدا بە زمانی پتەوە وتی:

- زوو، لاکە (ڕاکە).

ئەمەی وت و دیسانەوە بێدەنگ، ڕاست لەسەر کورسییەکە مایەوە، چاوی هەروا ڕاماو، قاچی توند بەیەکەوە نووساندبوو، پێی بەرەو پێشەوە و نووکی پەنجەی بە شاشی دەرکەوتبوون.

ژوورەکە لەو ماوەیەدا ئەوەندە سیخناخ بوو، دەرزیت هەڵدایە نەدەکەوتە سەر زەوی. هەموو پاسەوانەکان ڕۆیشتن، بێجگە لە یەکێکیان کە هێشتا مابووەوە و دەیویست ئەو خەڵکانەی لە پلیکانەکانەوە هاتبوونە ژوورەوە، دیسان بەرەو ئەوێیان بکاتەوە، زۆربەی کرێگرتەکانی خاتوو لیپی ڤێخزێڵا هاتبوونە دەرەوە، یەکەمجار لەبەر دەرگاکانی خۆیاندا وەستان، بەڵام دوایی تێکڕا ڕژانە ناو ژوورەکەوە، کاترینا ئیڤانۆڤنا بە تووڕەییەوە هاواری لێکردن:

- خۆزگا لێگەڕانایە هیچ نەبێت مرۆڤ بە ڕەحەتی بمردایە، تەماشای چی دەکەن؟ بە فیشکەفیشکی جگەرەیشەوە! ئح، ئح، ئح، هەر ئەوە ماوە بە کڵاویشەوە بێنە ژوورێ!.. ئەمانە، یەکێکیان کڵاویشی لەسەردایە.. دەی بڕۆنە دەرێ، هیچ نەبێت ڕێزی مردوو بگرن!

کۆکە گەرووی گرت، بەڵام هەڕەشەکەیش کاریگەر بوو، دیار بوو قسەی کاترینایان بەهەند وەردەگرت، ئەوەتا، یەک بەدوای یەکدا لەو دەرگایەوە کە هاتبوونە ژوورێ، دیسانەوە چوونە دەرەوە، لە ناوەوەی خۆیاندا هەستیان بە جۆرە خۆشییەک کرد، ئەوە هەستی ڕاستەقینەی هاودەردییە، هەمیشە لە دڵی نزیکترین کەس بەیەکدی کە لێقەومان و داماوی ڕوزیان تێبکات، ئەو هەستە هەیە، ئەمە هەستی هەموو مرۆڤێکە و چ ئاوارتەیەکی تیا نییە.

لەو میانەدا و لە دەرەوە هەندێک قسە دەکەوتە بەرگوێ لەبارەی خەستەخانەوە، گوایا نابێت ئەم ناوە جەنجاڵ بکرێت و خەڵکیی ناڕەحەت بن، کاترینا ئیڤانۆڤنا هاواری لێکردن:

- چۆن؟ یەعنی نابێت بمرێت!
ویستی دەرگاکە بکاتەوە تا وەک هەورەتریشقە بەسەریاندا بکێشێت. بەڵام لەبەر دەرگاکەدا تووشی خاتوو لیپی ڤێخزێڵا بوو کە تازە هەواڵی کارەساتەکەی بیستبوو، هاتبوو چارەسەرێک بدۆزێتەوە. خاتوو لیپیۆ ڤێفزیل ژنێکی ئەڵمانی و تا بڵێی بێبیر و نارێکوپێک بوو، ئەو دەستی بەیەکدا دا و بە ڕووسییەکی شکست وتی:
- خودا هاوار! مێردەکەت بەسەر خۆشی بووە بە ژێر دەستوپێی ئەسپەوە، بیبەن بۆ خەستەخانە، من خاوەنی ئەم ماڵەم!
کاترینا ئیڤانۆڤنا بە فیز و دەعیەیەکی تایبەتیەوە وتی:
- ئامالیا لودڤیگوڤنا[1]، تکایە بزانە چی دەڵێیت!
هەمیشە لەگەڵ خاوەن ماڵدا هەر بەو لووتبەرزیەوە قسەی دەکرد. بۆ ئەوەی هەر کەسە و جێورێی خۆی بزانێت، ئێستایش، بەم حاڵەوە، ئەو وازی لەم نەریتە بەتامەی خۆی نەدەهێنا.
- ئامالیا لودڤیگوڤنا!
- من جارێک و بۆ هەمیشە ئەوەم پێ وتوویت کە تۆ هیچ کاتێک مافی ئەوەت نییە بە من بڵێی ئامالیا لودڤیگوڤنا، من ئامالیا ئیڤانۆڤنام.
- تۆ ئامالیا ئیڤانۆڤنا نیت، بەڵکو ئامالیا لودڤیگوڤنایت، لەبەر ئەوەی کە من لەو کەسە ڕیاباز و گرگنانەی لە بابەتی جەنابی لبزیاتنیکوف نیم، کە ئێستا لە پشت دەرگاکەوە پێدەکەنێت (لە ڕاستیا لە پشت دەرگاکەوە دەنگی قاقای پێکەنین دەهات کە دەیانوت: "وا دەستیان داوەتە قژی یەکتریی") بۆیە هەمیشە هەر پێت دەڵێم ئامالیا لودڤیگوڤنا، بەڵام من نازانم تۆ بۆ خۆشیت لەم ناوە نایەت، تۆ خۆت دیت چی

---

[1] *Amalia Ludvigovna*

بەسەر سمیون زاخارڤیچ هات. لە سەرەمەرگدایە، داوات لێدەکەم هەر ئێستا دەرگاکە دابخەیت و نەهێڵیت کەس بێتە ژوورەوە. هیچ نەبێت با بە ڕەحەتی بمرێت، ئەگینا بڕوا بکە کە هەر سبەینێ ئەم ڕەفتارەت دەگاتە گوێی پارێزگار. شازادە بە کچی منی ناسیووە، هەروەها خودی سمیون زاخارڤیچیش، کە زۆرجار بە سەری کردۆتەوە، بە چاکی دەیناسێت، هەموو کەس دەزانێت کە سمیون زاخارڤیچ دۆست و هاوڕێی زۆری هەیە، ئەو لەبەر ئەو لاوازییە هەرە ناخۆشەی لە خۆیدا هەستی پێدەکات و بە هۆی نەفسبەرزی و خانەدانیی خۆیەوە وازی لەو هەموو هاوڕێیانەی هێناوە، بەڵام ئێستا..

ئاماژەی بۆ ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد:

- لاوێکـــی گەورە و خانـــەدان یارمەتیمان دەدات کە لەلایەکەوە دەستی دەڕوا و لـــــەلایەکی تریشەوە هاوڕێ و ئاشنای زۆرە. سیمون زاخارڤیچ لە منداڵییەوە دەیناسێت، بڕوات هەبێت، ئامالیا لودڤیگوڤنا..

هەموو ئەم قسانە بەپەلە کران و چەندە بۆ پێشەوە بچوایە، قسە خێراتر دەکرا. بەڵام لەپڕێکدا کۆکە کاترینای لە وتە خست. لەو کاتەدا ئەوەی لە گیانەڵادا بوو، هاتەوە هۆش خۆی و نااڵاندی، کاترینا ڕایکرد بۆ لای، چاوی کردەوە و بەبێ ئەوەی هێشتا کەس بناسێت، یان بیری لێبکاتەوە، لە ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاما، کە لە پاڵیا وەستابوو، هەناسەی قورس و قووڵ و پچڕپچڕ بوو، خوێن بە لالێویا دەهاتە خوارێ و ئارەقە کەوتبوە نێو چاوی. کە ڕاسکۆلنیکۆڤی ناسی، بە زەحمەت چاوی گڕدا، کاترینا ئیڤانۆڤنا بە نیگایەکی غەمگین بەڵام دڵگیرانە تەماشای کرد، فرمێسک بە چاویا هاتە خوارێ، پاشان بە دەنگێکی پڕ لە نائومێدییەوە وتی:

- خوا گیان، هەموو سنگی بووە بە گۆشتی کوتراو، خوێن، تەماشای خوێنەکە، دەبێت گشت جلەکانی دابکەنین.
پاشان ڕووی تێکرد و وتی:
- سمیون زاخارڤیچ، ئەگەر دەتوانیت کەمێک بسووڕێ.
مارمیلادۆڤ ژنەکەی خۆی ناسی و بە دەنگێکی گیراوەوە وتی:
- قەشە!
کاترینا ئیڤانۆڤنا بەرەو لای پەنجەرەکە چوو، تەوێڵی بە چوارچێوەکەیەوە نا و نائومێدانە هاواری کرد:
- ژیان نەفرەتت لێبێت.
ئەوەی لە گیانەڵادا بوو دوای چرکەیەک بێدەنگی وتی:
- قەشە!
کاترینا بەسەریا قیژاندی:
- ناردوومانە بە دواییدا.
بریندارەکە گوێڕایەڵانە بێدەنگ بوو. دوایی بە نیگایەکی غەمگین و ترساوەوە بە دوای ژنەکەیدا گەڕا، کاترینا ئیڤانۆڤنا جارێکی تر گەڕایەوە سەری و وەستا، بریندارەکە تۆزێک ئارام بوو، بەڵام زۆری بڕ نەکرد، زوو چاوی بڕیە لیدای جوان و چکۆڵەی کە لە سووچێکدا وەک ئەوەی لە کاتی لەسەرخۆچووندا بێت دەلەرزی، بە ڕوانینە سەیر و نیگا منداڵانەکەیەوە لێی دەڕوانی، بە دوودڵی و بە ئاماژەوە بۆی، وتی:
- ئا.. ئا..
دەیویست شتێک بڵێت.
کاترینا ئیڤانۆڤنا هاواری لێکرد!
- ئیدی چیت دەوێت؟

زامدارەکە کە بە نیگایەکی شێتانەوە لە قاچە ڕووتەکانی کچۆڵەکەی خۆی دەڕوانی، بە زەحمەت لەبەر خۆیەوە وتی:

- پێی پەتییە، پێی پەتییە.

کاترینا ئیڤانۆڤنا بە تووڕەییەوە دەنگی لێ بەرز کردەوە:

- خۆت دەزانیت بۆ پێی پەتییە!

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەماخێکەوە وتی:

- سوپاس بۆ خودا، پزیشکەکە هات.

پزیشکەکە کە پیرەمێردێکی ڕێکوپێکی ئەڵمانی بوو، لە کاتێکدا لە بێمتمانەییدا چاوی بەملاوئەولادا دەگێڕا، هاتە ژوورەوە، چووە نزیک نەخۆشەکەوە، نەبزی گرت، بە وردی تەماشای سەری کرد و بە یارمەتی کاترینا ئیڤانۆڤنا قۆچچەی کراسەکەی کە تەواو شەڵاڵی خوێن بوو، کردەوە و سنگی ڕووت کرد، هەموو قەفەزەی سنگی کوتراو و پەرێشان و چەند پەراسوویەکی لای ڕاستی شکابوو، لای چەپی، ڕێک بەسەر دڵییەوە، پەڵەیەکی زەردی سامناکی گەورە کە شوێنپێی لێدانی توندی سمی ئەسپەکان بوو، دەبینرا، پزیشکەکە برۆی هێناوەیەک، پۆلیسەکە ئەوەی بۆ باس کردن کە چۆن بریندارەکە بە تایەی گالیسکەکەوە گیر بووە و کاتێک کە تایەکە سووڕاوەتەوە، چۆن نزیکەی سی هەنگاو بەسەر زەویی شەقامەکەدا ڕایکێشاوە.

پزیشکەکە لەسەرخۆ بە ڕاسکۆلنیکۆڤی وت:

- سەیرە چۆن وا هاتۆتەوە هۆش خۆی!

ڕاسکۆلنیکۆڤ پرسی:

- جا ئەڵێی چی؟

- هەر ئێستا دەمرێت.

- یەعنی هیچ ئومێدێک نییە؟

- هیچ، دواهەناسەکانی ژیانیەتی.. بێجگە لەوەی کە سەریشی زۆر بە سەختی بریندار بووە.. هەرچەندە دەشێت خوێنی لێبگرین.. بەڵام.. کەڵکی نییە.. دوای پێنج یان حەوت دەقیقەی دی حەتمەن دەمرێت.
- کەواتە با هیچ نەبێت خوێنی بگرین.
- باشە، بەڵام با پێت بڵێم کە ئەم کارەیش هەر بێسوودە.
لەو کاتەدا دیسانەوە دەنگی پێ هات، خەڵکەکە لە تارمەکەدا ڕێگەیان دەکردەوە، قەشەیەکی پیری سەرسپی، کە هەندێک شتی پێویستی پێبوو، دەرکەوت، پۆلیسێکی بە دواوە بوو، زوو پزیشکەکە جێگای خۆی دایە و تەماشایەکی بە مانای کرد. ڕاسکۆلنیکۆڤ پزیشکەکەی قایل کرد کە کەمێک بمێنێتەوە، ئەویش شانی هەڵتەکاند و مایەوە.
هەموویان چوونە دواوە، داننان بە گوناهەکاندا زۆری نەخایاند، بریندارەکە کە لە سەرەمەرگدابوو توانای قسەکردنی نەبوو، بێجگە لە دەنگێک کە دەبڕاو لێی تێنەدەگەیشتی، چ شتێکی تری بە زماندا نەدەهات.
کاترینا ئیڤانۆڤنا لیدای هەڵگرت و کوڕە منداڵەکەیشی لەسەر کورسییەکە هەستاند، بەرەو لای زۆپاکە کە لە سووچێکدا بوو، بردنی، لەسەر ئەژنۆ دانیشت و منداڵەکانیشی بەرانبەر بە خۆی هەر خستە سەر ئەژنۆ. کیژەکە هەر دەلەرزی، بەڵام کوڕە بچووکەکە کە لەسەر ئەژنۆ ڕووت و چکۆڵەکانی دانیشتبوو، بە هێوریی دەستە چکۆڵەکانی بەرز دەکردەوە و وێنەی خاچی دەکێشا، کرنووشی دەبرد تا ناوچاوی بەرزەوییەکە دەکەوت، دیار بوو هەستی بە چێژێکی تایبەتی دەکرد. کاترینا ئیڤانۆڤنا لێوی خۆی دەگەست و نەیدەتوانی ڕێ لە فرمێسکەکانی بگرێت، ئەویش هەر نزای دەکرد و بە دەگمەن کراسی منداڵەکەی چاک دەکرد. هەر لەو سەروبەندەدا دەرفەتی هێنا

و بەدەم نزاوە، بەبێ ئەوەی هەستێت، سەرپۆشەکەی لە دۆڵابەکە دەرهێنا و دای بەسەر شانە ڕووتەکانی کچەکەدا. لەم کاتەدا دەرگای ژوورەکانی ناوەوە، بە هۆی چەند کەسێکی ماتیگر (فزولی)ەوە کرانەوە، لە تارمەکەدا، هەموو دانیشتووانی سەروخواری ئاپارتمانەکە، بەبێ ئەوەی پێ بنێنە ئەم دیوی دەرگای ژوورەکە، کەوتبوونە تەماشا، تا دەهات زیاتر پاڵەپەستۆیان دەکرد، تەنیا تاقە مۆمێکیش ئەو دیمەنەی ڕوناک کردبووەوە.

لەو کاتەدا، لە تارمەکەوە، لە ناو خەڵکە ئاپۆرەکەوە، پولیچکای بچووک کە چووبوو بە دوای خوشکەکەیدا، بەپەلە گەیشت. کە هاتە ژوورێ (بە هۆی ئەوەوە کە بە ڕاکردن گەڕابووەوە، هەناسەی گیرابوو) سەرپۆشەکەی لابرد، چاوی بۆ دایکی گڕدا، لێی نزیک کەوتەوە و وتی:

- ئێستا دێت، لە شەقامەکە پێی گەیشتم.

دایکی ئەویشی لە پاڵ خۆیدا خستە سەر ئەژنۆ. لە ناو ئاپۆرەی تەماشاکەرانەوە کچێکی گەنج، لەسەرخۆ و بەپارێزەوە دەهات. قوتبوونەوەی ئەم کچە لەو ژوورەدا، لە نێو هەژاری، جلوبەرگی دڕاو، مەرگ و نائومێدیدا شتێکی سەیر بوو، جلەکانی بەری ئەو کچە هەرزان بەهابوو. بەڵام لەگەڵ زەوقی کۆڵان و شەقام و ئەو یاسا و ڕێسایەی لەگەڵ دنیا تایبەتیەکەی ئەودا دەگونجێ و ئەو ئامانجە ناپەسەندانەی دەستی بەسەر ئەو دنیایەدا گرتووە، تەواو دەگونجا. سۆنیا لە تارمەکەدا و ڕێک لە بەردەم دەرگای ژوورەکەدا وەستا، بەڵام هەنگاوی بۆ ژوورەوە نەنا، وەک یەکێک ون بووبێت، نیگای وێڵی دەگێڕا، بەبێ ئەوەی بزانێت چی هەیە و چی نییە. هەروەها ئاگای لەوەیش نەمابوو کە کراسە ڕەنگاوڕەنگە ئاوریشمینەکەی، بە

داوێنێکی هەراوی پێکەنینهێنەوە کە لە دەستی چوارەم کڕابوو، لەگەڵ ئەم شوێنەدا نەدەگونجا، هەروەها تەنوورە پان و پۆڕەکەی کە بە پانی و درێژیی دەرگاکەی داگرتبوو، لەگەڵ پێڵاوە بریقەدارو چەترە چکۆڵەکەی دەستی کە شەوانە پێویستیی پێی نەدەبوو، هەروەها کڵاوێکی حەسیری خڕی سەیری کردبووە سەری، کە پەڕێکی سووری پیا چەقاندبوو، لەژێر کڵاوە چکۆڵەکەوە، کە وەک منداڵان لار داینابوو، دەموچاوێکی وردی سارد و ڕەنگزەرد و لاواز، زارێکی داچەقاو و چاوانێکی پر لە ترس، دەبینرا، سۆنیا تەمەنی هەژدە ساڵان بوو، کچێکی کورتەباڵا و لاواز، بەڵام قژی زەرد و جوان بوو، چاوی شین و گەلێک سەرنجڕاکێش بوو، چاوی بڕییە قەنەفە و قەشەکە، ئەوەندە خێرا هاتبوو، بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا، سەرئەنجام گوێی لە هەندێک قسە و چرپەچرپی ناو خەڵکەکە بوو، چاوی داخست، لە دەرگاکە چووە ژوورێ و بەڵام هەر لە سووچێکدا وەستا. دانپیانان و ڕێوڕەسمە ئاینییەکە کۆتاییان پێهات، کاترینا ئیڤانۆڤنا چووەوە پاڵ جێگای مێردەکەی، قەشەکە لاکەوت و ڕۆیشتە پشتەوە، پێش ئەوەی بڕوات، گەڕایەوە لای کاترینا ئیڤانۆڤنا، بۆ ئەوەی دڵی بداتەوە و ئامۆژگاریی بکات.

کاترینا ئیڤانۆڤنا بە ڕەقی و توڕەییەوە قسەکانی پێبڕی، ئاماژەی بۆ لای منداڵەکانی کرد و پرسی:

- باشە ئەمانە تاوانیان چییە؟

قەشە وتی:

- خودا گەورەیە، لە بەزەیی خودا بێئومێد مەبە.

- هەی هەی! خوا میهرەبانە، بەڵام بۆ ئێمە نا.

قەشە بەدەم سەرڕاوەشاندنەوە پێی وت:

- خانمەکە، ئەمەی تۆ دەیڵێیت، گوناهە.
کاترینا ئیڤانۆڤنا ئاماژەی بۆ لای پیاوەکەی کرد کە لەگیانەڵادایە و هاواری کرد:
- ئەی ئەمە گوناه نییە؟
- بەڵکو ئەوانەی بەبێ ویستی خۆیان کارەساتەکەیان ناوەتەوە، هیچ نەبێت بەوە قایل بن کە لە بریداو بۆ دەستگێرویتان هەقتان بۆ بکەنەوە.
کاترینا ئیڤانۆڤنا بە تووڕەییەوە دەستی ڕاوەشاند و بە دەنگی بەرز وتی:
- تۆ لە من تێناگەیت؟ هەقی چیم بۆ بکەنەوە؟ ئاخر ئەو خۆی، بە سەرخۆشی چووەتە ژێر دەستوپێی ئەسپەکانەوە! ئیدی هەقی چی! لەوەوە هیچ هەقێکم بەدەست ناگات، بەڵکو هەمیشە مایەی سەرئێشە و ئازاری من بووە. ئاخر مەیخۆر بوو، هەرچییەکی دەست دەکەوت، دەیدا بە خواردنەوە، لە ئێمەی دەدزی و دەیبردە مەیخانە، ژیانی من و منداڵەکانی لە یانەکاندا نابووت کرد، سوپاس بۆ خودا کە مرد! زیانی کەمتر دەبێت.
- ئەمە کاتی بەخشین و لێبووردنە، ئەم ڕەفتارەتان گوناهە، خانم، ئەم هەستەتان گوناهێکی گەورەیە.
کاترینا ئیڤانۆڤنا لە پاڵ بریندارەکەدا هەر لە جووڵەدا بوو، ئاوی دەدایە، ئارەقە و خوێنی سەری پاک دەکردەوە، سەرینەکانی ڕاست دەکردەوە، لەگەڵ قەشەکەدا قسەی دەکرد و جارجارە هەر بەدەم کارکردنەوە ئاوڕی لێدەدایەوە، تا لەپڕێکدا تەواو گەیشتە تینی و شێتانە پەلاماری دا:

- باوکە! هەموو ئەمانەی تۆ دەیانڵێیت قسەی ڕووتن، بەخشین و لێبووردنی چی! ئەگەر ئەمشەو ئەمەی بەسەر نەهاتایە و هەر ئاوا بگەڕایەتەوە ماڵەوە.. ئەو تاقە کراسە پیس و دڕاوەی لەبەریدایە و هیچی تری نییە، پێوەی دەخەوت، ئەوسا من ناچار بووم تا بەیانی هەموو گیانم لەناو ئاودا بێت. خرتکەوپرتکەی ئەو و منداڵەکان بشۆم و لە پشت پەنجەرەکەوە وشکیان بکەمەوە، کە بەیانیش گزنگی دا، ئینجا دەست بکەم بە پینەوپەڕۆیان. ئەمەیە شەوی من!.. ئیتر قسەکردن لە بەخشین کارێکی بێهودەیە: تازە من هەر لێیشی خۆش بووم.

کۆکینێکی قووڵ و ترسناک قسەکانی پێبڕی. کاترینا ئیڤانۆڤنا بەڵغەمەکەی تف کردە دەستە سڕێکەوە، بۆ تەماشاکردنی بردییە پێشەوە بۆ بەرچاوی قەشەکە و دەستی توند بە سنگییەوە گرت. دەستەسڕەکە پڕ بوو لە خوێن..

قەشە سەری دانەواند و هیچی نەوت.

مارمیلادۆڤ تەواو لە سەرەمەرگدا بوو، بەڵام چاوی لەدەم و چاوی کاترینا ئیڤانۆڤنا هەڵنەدەگرت کە دیسان خۆی بەسەردا شۆڕ کردبۆوە. دەیویست شتێکی پێبڵێت، تەنانەت هەوڵیشی بۆ دا و بە زەحمەت زمانی جووڵاند و شتێکی وت کە کەس تێی نەگەیشت، وەلێ کاترینا ئیڤانۆڤنا کە زانی مێردەکەی دەیەوێت پۆزشی بۆ بهێنێتەوە، زوو فەرمانی دایە:

- بێدەنگ بە! پێویست ناکات! ئەزانم دەڵێی چی..

بریندارەکە بێدەنگ بوو، هەر لە هەمان کاتدا نیگا شلوێکەی بەر سۆنیا کەوت و بینی.. تا ئەوسا ئاگای لەو نەبوو، سۆنیا لە سووچێکی تاریکدا وەستابوو، لەپڕێکدا بریندارەکە بە دەنگێکی گیراو و هەناسەی

سوارەوە، بەوپەڕی نیگەرانییەوە، لە کاتێکدا کە بە چاوە گێژوویژەکانی لەو شوێنەی دەڕوانی، کە کچەکەی لێ وەستابوو، هەوڵیدا کەمێک هەستێت، وتی:

- ئەمە کێیە؟ ئەمە کێیە؟

کاترینا ئیڤانۆڤنا هاواری لێکرد:

- بنوو، بنوو.

بریندارەکە بە تەکانێکی زۆر نائاسایی توانی خۆی لەسەر دەست بگرێت، بە حاڵەتێکی ترسناک و بێجووڵە بۆ ماوەیەک سەیری کچەکەی خۆی کرد، وەک ئەوەی نەیناسێت، ئاخر، ئەو هەرگیز کچەکەی بەو جۆرە بەرگەوە نەبینیبوو، لەپڕێکدا ناسی، کچە داماو و زەلیل و غەمبارەکەی کە شەرمی بە جلەکانی خۆی دەهات و بە لارەملێ و سادەییەوە چاوەڕێی ئەوەی دەکرد سەرەی ئەوییش بێت تا دوامالئاوایی لە باوکی بکات. غەم و ئازارێکی لەڕادەبەدەر نیشتە سەر دەموچاوی پیاوە و لە کاتێکدا کە دەستی بۆ لای سۆنیا درێژ کردن هاواری لێ هەستا:

- سۆنیا، کچەکەم، بمبەخشە!

بەڵام لەبەر ئەوەی هاوسەنگیی نەما و دەستی ترازا، تەکانێکی خوارد و بەدەما لەسەر قەنەفەکەوە کەوتە خوارێ، هەڵیانساندەوە و پاڵیان خست، ئیدی لە دواهەناسەیدا بوو، سۆنیا بە دەنگی نزم هاواری کرد، چووە پێشێ و لە باوەشی گرت، هەر بەو حاڵەوە جووڵەی لێبڕا.

باوکی لە ئامێزی ئەودا گیانی دەرچوو.

کاترینا ئیڤانۆڤنا کە لاشەی بێگیانی مێردەکەی بینی، دەنگی هەڵبڕی:

- بە مرازی خۆی گەیشت، باشە. ئەی ئێستا چی بکەین؟ بە چی بەخاکی بسپێرم:

بە چی ئەمانە، بەڵێ ئەمانە، سبەینێ بە چی نانیان دەرخوارد بدەم؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ لە کاترینا ئیڤانۆڤنا نزیک بووەوە و پێی وت:
- کاترینا ئیڤانۆڤنا، هەفتەی پێشوو مێردە کۆچکردووەکەت هەموو شتێکی لەبارەی ژیانی خۆیەوە بە درێژی بۆ باس کردم.. بڕوات هەبێت بەرانبەر بە تۆ بەوپەڕی ڕێز و پێزانینەوە قسەی کرد، لەوشەوەوە، کە زانیم تا چ ڕادەیەک وەفای بۆ هەمووتان و بەتایبەتی بۆ تۆ کاترینا ئیڤانۆڤنا هەیە، لەگەڵ ئەو نەگبەتییەی داوێنگیری ببوو، چەندە ڕێز و دڵسۆزی بۆ تۆ هەبوو، ئیتر لەو شەوەوە بووین بە هاوڕێ، ئێستا ڕێگەم پێبدە من یارمەتیتان بدەم و ئەرکی هاوڕێیەتیم لەگەڵ ئەو خوالێخۆشبووەدا بەجێ بێنم. ئەمە.. کە وابزانم بیست ڕۆبڵە. ئەگەر ئەم بڕە پارەیە کۆمەکێکتان پێبکات، من.. من، جارێکی دی دێمەوە لاتان.. ڕەنگە هەر بەیانی بێمەوە.. خواتان لەگەڵ.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بەپەلە لە ژوورەکە چووە دەرێ و خێرا لە ناو خەڵکەکەوە خۆی گەیاندە پلیکانەکان. بەڵام لەپڕێکدا تووشی بوو بە تووشی نیکۆدیم فومیچەوە، کە دوای بیستنی هەواڵی ئەم نەهامەتییە هاتبوو خۆی سەروکاری پێویستییەکان بکات. لەوساوە کە کارەساتی کوژرانەکە ڕووی دابوو، کاتێ لە پۆلیسخانە یەکیانبینی، ئیتر ئەم دووانە چاویان بە یەکتری نەکەوتبوو. نیکۆدیم فومیچ لە یەکەم نیگادا ڕاسکۆلنیکۆڤی ناسییەوە و پرسی:
ها! ئەمە تۆیت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی دایەوە:
- مرد، پزیشک هات، قەشە هات و هەموو شتێک ئامادە کرا، ژنە بێچارەکە زۆر ناڕەحەت مەکە، نەخۆشیی سیلیەتی، ئەگەر دەتوانیت دڵی بدەرەوە..

پاشان لە کاتێکدا کە ڕاست چاوی لەدووی چاوی ئەو نابوو، بە گەپپێکردنەوە وتی:
- تۆ پیاوێکی دلۆڤانیت، دەزانم..
نیکودیم فومیچ کە لەبەر ڕووناکیی چراکەدا چەند پەڵەخوێنێکی تازەی بە هێلەکەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤەوە بینی، وتی:
- ئای! تۆ خوێنت پێوەیە؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە شێوازێکی زۆر تایبەتی وتی:
- بەڵێ، هەموو لەشم بووە بە خوێن.
پاشان زەردەخەنەیەکی هاتێ، سەری ڕاوەشاند و بە پلیکانەکاندا چووە خوارێ. لەسەرخۆ و بەبێ پەلەکردن دەچووە خوارێ، هەموو گیانی لەرزوتا دایگرتبوو، وەلێ خۆی بەوەی نەدەزانی کە خۆشی هەستێکی تازەی ژیان لەپڕێکدا و زۆر بە سەختی لەودا دروست ببوو. ئەو هەستە لە هەستی کەسێکی دەکرد، کە فەرمانی مەرگی بەسەردا درابێت و لەناکاوێکدا و بەبێ ئەوەی بەتەما بووبێت هەواڵی بەخشینی پێبگات. لە ناوەڕاستی پلیکانەکاندا تووشی قەشەکە بوو، کە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هێوری ڕێی بۆ کردەوە و بەبێ قسە سڵاوی لێکرد. بەڵام کە گەیشتە دواپلە، لە دوایەوە گوێی لە دەنگی پێیەک بوو، کە بەپەلە لە دوای دەهات، ئەمە پولیچکای منداڵ بوو، کە کەوتبوە دوای و بانگی لێدەکرد:
- گوێ بگرە، گوێ بگرە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕووی تێکرد، کچەکە لە دواپلەکانی کۆتاییدا پلەیەک لە سەرووی ئەوەوە بەرانبەری وەستا، کەمە ڕووناکاییەک لە حەوشەوە هاتبووە ناوەوە. ڕاسکۆلنیکۆڤ دەموچاوە لاوازی، بەڵام جوانی کچەکەی ناسییەوە کە زەردەخەنەی لەسەر لێو و سەرنجێکی

منداڵانەی لەم دابوو، پەیامێکی پێبوو پێدەچوو زۆری پێخۆش بێت، بە هانکەهانکەوە وتی:
- گوێ بگرە، ناوت چییە؟.. ئەی ماڵتان لە کوێیە؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ دەستی خستە سەرشانی و بە خۆشییەکی تایبەتیەوە لێی ڕوانی، بەو تەماشاکردنەی زۆر دڵی خۆشبوو، هەرچەندە خۆیشی نەیدەزانی هۆیەکەی چییە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لێی پرسی:
- کێ تۆی ناردووە؟
کچۆڵەکە زۆر بە شادییەوە زەردەی هاتێ و وتی:
- خوشکەکەم، سۆنیا ناردومی.
- خۆیشم دەمزانی کە سۆنیای خوشکت ناردوویتی.
- دایکیشم هەروا، چونکە کە سۆنیای خوشکم ویستی بمنێرێت، دایکیشم هاتە لامەوە و وتی:
- پۆلیا گیان، زوو بە ڕاکردن.
- سۆنیای خوشکت خۆش دەوێت؟
پۆلیا زۆر بە باوەڕەوە وتی:
- ئەوم لە هەموو دنیا خۆشتر دەوێت.
لەپڕێکدا زەردەخەنەکەی قووڵتر بوو.
- ئەی منیشت خۆش دەوێت؟
کچۆڵەکە وەڵامی نەدایەوە، بەڵام دەموچاوە وردیلەکەی بینی کە لە ڕووی ئەم نزیک بووەوە، لێوە گۆشتن و ناسکەکانی، بەوپەڕی سادەییەوە، بۆ ماچکردنی ڕاسکۆلنیکۆڤ هێنانە پێشێ، لەپڕێکدا دەستە باریکەکانی کە لە دەنکەشقارتە دەچوون، لە ملی وەرهێنا و توند باوەشی پێدا کرد، سەری کچۆڵەکە کەوتە سەر شانی، لە کاتێکدا

که به تەواوی ڕووی بە ڕوویەوە نووساندبوو، کچۆڵەکە دەستی بە گریان کرد. دوای دەقیقەیەک سەری بڵند کرد و فرمێسکەکانی بە پشتی دەستی سڕی و وتی:

- دڵم بۆ باوکم دەسووتێت.

لەپڕێکدا بە ڕوویەکی لێهاتوانەوە کە منداڵ لە خۆی دەگرێت تا وەک "گەورە" قسان بکات، وتی:

- چ بەڵا و نەگبەتییەک بەڕێوەیە!

- باوکت خۆشی دەویستیت؟

بە هەمان سیمای جیدی و زەردەخەنەوە، تەواو وەک گەورە وتی:

- لیدا گیانی لە هەموومان زیاتر خۆش دەویست، لەبەر ئەوەی منداڵە، چونکە نەخۆشە. هەمیشە لە دەرەوە شتێکی بۆ دەهێنایەوە، بەڵام ئێمەی فێری خوێندن دەکرد.

هەر بە ویقارەوە لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- منیشی فێری دەستووری زمان و شتی ئاینی دەکرد، دایە گیانیش هیچی نەدەوت، وەلێ ئێمە دەمانزانی کە دڵی بەم کارانە خۆش بوو، باوکیشم هەر دەیزانی.

دایکە گیان دەیەوێت فەڕەنسیم فێر بکات، چونکە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە من باش فێر ببم..

- دەزانیت لە خوا بپاڕێیتەوە؟

- بەڵێ، بێگومان دەیزانم، ماوەیەکە، چونکە من گەورەم، خۆم بە تەنیا و بە دەنگی نزم درود دەخوێنم، بەڵام کولیا و لیدا گیان بە دەنگی بەرز لەگەڵ دایکما لە پێشدا درودی حەزرەتی مریەم دەخوێنن و دوایی دەست بە هیی تر دەکەن کە دەڵێت:

"خودایا. له خوشکه سۆنیامان ببووره و خۆشەویستیی خۆتی پێببەخشە" پاشان دەڵێن "خودایا، له باوکەکەی تریشمان خۆش به و خۆشەویستیی خۆتی پێببەخشە" ئاخر باوکی یەکەممان مردووه و ئەمیان باوکی دوەممانه، ئێمه بۆ ئەمیش هەر درووود دەخوێنین.

- پۆلیا گیان، من ناوم ڕادوێنه، جارێکیش درووود بۆ من بخوێنن، بۆ ئەم "رادوێنه هەژار"ە.

کچۆڵەکه به گەرمی وتی:

- هەتا مابم، هەمیشه دووعای چاکەت بۆ دەکەم.

دیسانەوه، لەناکاودا دایەوه پێکەنین و بازرەقەی بەست، جارێکی تر توند له ئامێزی گرتەوه.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ناو و ناونیشانی خۆی دایه، بەڵێنیشی پێدا که حەتمەن سبەی دەگەڕێتەوه لایان، کچۆڵەکه به هەستێکی پڕ له پێزانینەوه لێی جیا بووەوه.

که ڕاسکۆلنیکۆڤ هاته سەر شەقامەکه، سەعات له دە تێپەڕی کردبوو، دوای پێنج دەقیقه لەسەر پردەکه وەستابوو، هەر لەو جێگایەدا که چەند ڕۆژێک لەوەوبەر ژنێک خۆی فڕێ دابووه ڕووبارەکەوه، به دەنگێکی پڕ له بڕوا و سەرکەوتووانەوه وتی:

- بەسه، گوم بن، ئەی بیری پووچ و ترسی درۆ و تارماییه خەیاڵییەکان، ژیان هەر بەردەوامه، بۆ من ئێستا ناژیم؟ ژیانی من نەبەستراوەتەوه به ژیانی ئەو پیرێژنەوه، خوا لێی خۆش بێت. بەسه، خانمەکه، ئیتر کاتی حەسانەوەت بوو، ئێستا سەردەمی دەسەڵاتی هزر و ڕوناکییه.. دەسەڵاتی.. ویست و هێزه.. با بزانین من و تۆ کاممان سەردەکەوین! ئێستا خۆم ئەمه تاقی دەکەمەوه!

به فیزێکی تایبەتییەوە، وەک بڵێی بانگی شەڕکردن لە هێزێکی تاریک بکات، لەگەڵ خۆیدا کەوتە قسە:

- پێم بڵێ چۆن قایل بووم لە شوێنێکی زۆر تەنگەبەردا بژیم! من ئێستا زۆر لاوازم، بەڵام.. لەوە دەکات نەخۆشییەکەم بە تەواویی چاک بووبێتەوە، کە لە مَاڵ هاتمە دەرێ، دەمزانی چاک دەبمەوە، بەڕاست، ماڵی پاچینکوف تەنیا دوو هەنگاو لێرەوە دوورە، هەر دەبێت سەرێک لە ڕازومیخین بدەم، تەنانەت ئەگەر ئەمەندەیش نزیک نەبووایە.. با گرەوەکە بەرێتەوە، لێگەڕێ با ئەویش دڵخۆش بێت، گرفتێک نییە، با وابێت!.. هێز.. هێز پێویستە. بەبێ هێز هیچ کارێک ناڕواتە پێشێ، بەڵام هێز و دەسەڵاتیش بەزۆر دەست دەکەوێت، ئەمەیە ئەو شتەی کە ئەوان نایزانن.

کە ئەم قسانەی بە لووتبەرزی و تەواوی بڕواوە خستە سەر پەیڤەکانی تری، ڕێگەی لەبەر گرت و بە شەکەتی هەنگاوی نا تا لە پردەکە تێپەڕی، تا دەهات فیز و دڵنیاییەکەی لە زیادی بوو، هەر دەقیقەیەک کە تێدەپەڕی، ئەم لە دەقیقەی داهاتوودا کەسێکی تر بوو. بەڵام چ شتێکی گرنگ بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم گۆڕانەی بەسەردا بێت؟ خۆیشی نەیدەزانی، وەلێ وەک یەکێک کە لەوەدا بێت لە دەریایەکدا بخنکێت، چۆن دەست بۆ پوشێک دەبات، ئەمیش لەپڕا لەوە گەیشت کە دەتوانێت بژی، کە هێشتا ژیان بە بەریەوە ماوە و ژیانی ئەم لەگەڵ ژیانی پیرێژنەکەدا نەهاتۆتە کۆتایی، ڕەنگە بۆ ئەم ئەنجامگیرییە زۆری پەلە کردبێت، بەڵام گوێی پێنەدا.

لەپڕێکدا بە بیریدا هات: "لەگەڵ ئەمانەیشدا داوام کرد درووود بۆ ئەم ڕادیۆنە هەژارە بنێرن.. باشە، ئەمە تەنیا لە دووربینییەوە بوو" بەم

ڕستەیەی دوایی زوو پێکەنینی بە ساکارییە منداڵانەکەی خۆی هات. لە بارێکی زۆر خۆش و دڵگەرمیدا بوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ئاسانی ڕازومیخینی دۆزیەوە. لە خانووەکەی پاچینکۆفدا کرێگرتە تازەکەیانی دەناسی و دەرگاوانەکە خێرا ڕێگەکەی پیشان دا، لە ناوەڕاستی پلیکانەکاندا گوێی لە ژاوەژاوی قسەی خەڵکێکی زۆر بوو، ئەو دەرگایەی بەسەر پلیکانەکاندا دەیڕوانی، لەسەر پشت بوو، هاوار و دەنگەدەنگ دەهات، ژوورەکەی ڕازومیخین تا ڕادەیەک گەورە بوو، دانیشتوانیش پانزە کەس بوون. ڕاسکۆلنیکۆڤ لە تارمەکەدا وەستا، لە پشتەوە، دوو کارەکەری خاوەن ماڵەکە، بە دەوری دوو سەماوەری گەورەدا و شووشە و دەوری و قاپی خواردن و مەزە، کە لە مووبەقی خاوەن ماڵەکە دەهاتنە دەرێ، سەر قاڵی کار بوون، ڕاسکۆلنیکۆڤ ناردی بە دوای ڕازومیخیندا، ئەویش زۆر بە خۆشی و تاسەوە هاتە لای، هەر لە یەکەم ڕوانیندا دیار بوو کە زۆری خواردۆتەوە، ئەگەرچی ڕازومیخین هەرگیز سەرخۆش نەدەبوو، بەڵام ئەمجارەیان پێوەی دیار بوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بەپەلە پێی وت:
- گوێ بگرە، هاتووم پێت بڵێم تۆ گرەوەکەت بردۆتەوە، لە ڕاستیدا کەسیش نازانێت لە ئایندەدا چ پێشهاتێکی دی دێتە ڕێ، وەلێ من ناتوانم بێمە ژوورەوە، ئەوەندە بێهێزم خەریکە بکەوم، بۆیە سڵاو و خوات لەگەڵ! بەڵام سبەی وەرە بۆ لام..
- با پێت بڵێم، من دەتگەیەنمە ماڵەوە، تۆ کە خۆت دەڵێی هێند بێهێزی.. ئیتر..

- ئەی میوانەکان چی لێدەکەیت؟ ئەو قژلووله کێیە کە ئێستا تەماشای کردین؟

- ئەمە؟ تەنیا خوا دەزانێت کێیە! دیارە هاوڕێی ماممە، یان دەشێت لە خۆیەوە هاتبێت.. ئەوان لای مامم جێ دەهێڵم. پیاوێکی زۆر بەڕێزە. بەداخەوە ناتوانیت ببیتە هاوڕێی، باشە، با هەموویان وێڵ بن، هەموویان، ئەوان ئێستا بیر لە من ناکەنەوە، دەبێت منیش هەناسەیەکی تازە وەربگرم، چونکە هاوڕێ، تۆ لە کاتی خۆیدا هاتی، ئەگەر دوو دەقیقە درەنگتر بگەیشتیایەتە ئێرە، خوا ئاگادارە ئەکەوتینە گیانی یەکدی، درۆی وا دەکەن.. هەر ناتوانیت بیری لێبکەیتەوە، مرۆڤ تا کوێ دەتوانێت درۆ بکات! بەڵام چۆن دەتوانیت بیری لێنەکەیتەوە؟ بۆ خۆمان درۆ ناکەین؟ دەی، لێگەڕێ با درۆ بکەن، ڕۆژێک هەر دێت نەیانەوێت درۆ بکەن.. دەقیقەیەک دابنیشە تا زوسیموف بهێنم.

زوسیموفیش بە جۆرە پەرۆشییەکەوە پێشوازی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد، سووسەکردنێکی تایبەتی پێوە دیار بوو، زوو دەموچاوی گەشایەوە، بە ڕادەیەک کە دوای تەماشاکردنی فەرمانیدایە:

- هەر ئێستا دەبێت بنوویت، شەویش یەکێک لەمانە دەخۆیت، دەیخۆیت؟ ماوەیەکە بۆم ئامادە کردوویت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی دایەوە:

- دوانیش بێت دەیخۆم.

هەر لەوێدا دەرمانەکەی خوارد.

زوسیموف بە ڕازومیخینی وت:

- زۆر چاک دەکەیت کە خۆت دەیبەیت، بزانین تا بەیانی چی ڕوو دەدات. ئەمڕۆ هیچ خراپ نییە، زۆر جیاوازی لەگەڵ ڕۆژانی پێشوودا هەیە، هەر ئەقڵە و لە خەساریێک..

کە گەیشتنە سەر شەقامەکە، ڕازومیخین بە ڕاسکۆلنیکۆڤی وت:

- دەزانیت، ئێستا زوسیموف کە هاتە دەرەوە، چی بە گوێمدا چرپاند؟ هاوڕێ. من هەموو شتەکان ڕێکوڕەوان بە تۆ دەڵێم، چونکە ئەمانە دەبەنگن، زوسیموف پێی وتم لە ڕێگە قسەت لەگەڵدا بکەم و بتدوێنم و دوایی هەمووی بۆ بگێڕمەوە. چونکە ئەو وا بیر دەکاتەوە.. تۆ.. یان شێتیت.. یان نزیکیت لە شێتبوون، ئینجا بزانە! یەکەم تۆ سێ ئەوەندە لەو ئاقڵتریت، دووەم ئەگەر شێت نەبیت، تۆ کەی دەربەستی ئەوەیت ئەو چی دەکات و چ کارێکی ناجۆری لە مێشکدایە. سێیەم ئەم پەڵخە گۆشتە کە پسپۆڕی نەشتەرگەرییە، ئێستا خووی داوەتە نەخۆشییە دەروونییەکان. وەلێ لەبارەی تۆوە، قسەکانی ئەمڕۆی تۆ لەگەڵ زامیوتوفدا تەواو ئەوی ئاوەژوو کرد.

- زامیوتوف هەموو شتێکی بۆ گێڕایتەوە؟

- هەموو شتێک و کارێکی چاکیشی کرد، من ئێستا لە تەواوی شتەکان تێگەیشتم و زامیوتوفیش هەروا. بەڵێ، بە کورتی ڕودیا.. قسە لەسەر ئەوەیە.. من هەنووکە کەمێک مەستم، بەڵام قەیدی نییە، قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەم بیرۆکەیە.. تێدەگەیت؟ ڕیشەی لەواندا داکوتاوە.. تێدەگەیت؟ واتا هیچ یەکێک لەوانە نەیدەوێرا بە ئاشکرا ئەوە بڵێت لەبەر ئەوەی زۆر هیچ و بێمانا بوو.. بە تایبەتی دوای ئەوەی بۆیەچییەکەیان گرت، ئیتر بۆ هەمیشە ئەو جۆرە بیرۆکانە نەمان و لەناو چوون، وەلێ ئەمانە بۆ گەمژە و دەبەنگن؟ من ئەوسایش کەمێک گوێی زامیوتوفم ڕاکێشا.. با لە بەینی خۆماندا بێت هاوڕێ،

تکات لێدەکەم ئەگەر شتێکیشی لێدەزانیت هەرگیز ئاماژەی پێنەکەیت. من لەم دواییەدا بەوەم زانیووە کە ئەو زۆر دڵی ناسکە، ئەوسا لای لێزاڤیتا بووین، بەڵام ئەمڕۆ هەموو شتێک دیار و ئاشکرایە، لە هەمووی گرنگتر و تاوانبارتر ئەم ئیلیا پتروڤیچەیە، ئەو بوورانەوەکەی تۆی لە پۆلیسخانە کردە پاساو، وەلێ خۆیشی لە دواییدا خەجاڵەت بوو. ئاخر، من هەموو شتێک دەزانم..

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە پەرۆشەوە گوێی گرتبوو، ڕازومیخین بە سەرخۆشی نهێنییەکانی دەدرکاند.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:

- من بۆیە ئەو کاتە بوورامەوە چونکە خەریک بوو دەخنکام، بۆنی بۆیە و ڕۆن هەموو ئەو ناوەی گرتبووەوە.

- سەیرە ئێستا پاساوی بۆ دەهێنێتەوە! مەسەلەکە هەر بۆنی بۆیە و ڕۆن نەبوو، سەرەتای نەخۆشییەکەت لە مانگێک لەوەوبەرەوە دەستی پێکرد، زوسیموف شایەتە، نازانیت چەندە زامیوتوف بێتاقەتە، هەر ناتوانیت بیری لێبکەیتەوە! ئەو دەڵێت "من ناکەمە پەنجەیەکی بچووکی ئەو پیاوە" واتا پەنجەیەکی بچووکی تۆ، هاوڕێ، هەندێکجار هەستێکی ناسک و بەسۆزی هەیە، وەلێ ئەو وانەیەی ئەمڕۆ لە "کۆشکی بلوورین" فێری بوو، هەرگیز تووشی نابێتەوە. ئاخر، تۆ لە سەرەتادا ترساندت و کەوتە لەرزین. تۆ تا ڕادەیەک ناچارت کرد کە دیسانەوە بڕوا بەو شتە هیچوپووچ و بێمانایە بێنێتەوە، کەچی لەناکاودا زمانی گاڵتەپێکردنت لێدەرهێنا! دەستخۆش، ئێستا هەر بە تەواوی تەپی، بە خودا تۆ مامۆستایت، لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا دەبێت وا ڕەفتار بکەیت، بەداخەوە کە لەوێ نەبووم، دەزانیت؟ ئێستایش زۆر چاوەڕێی کردیت، پۆرفیریش حەز لە ناسینت دەکات.

- بەڕاست.. ئەویش.. بەڵام بۆ بە شێتم دەزانن؟
- بەو مانایە نا کە بە شێتت بزانن، هاوڕێ، لەوە دەچێت زۆرم ڕێسا بێت. ئەوەی لەو کاتەدا ئەوی سەرسام کردبوو، تۆ لەڕادەبەدەر بایەخت تەنیا بەو شتە دابوو.. وەلێ ئیدی ئەوە ڕوونە کە تۆ بۆ ئەوەندە بە گرنگت گرتبوو، ئێستا لە بارودۆخەکە گەیشتوون.. دەزانن بۆ ئەو مەسەلەیە تۆی تەواو تێک داوە و چەندە پەیوەندیی بە نەخۆشییەکەتەوە هەیە.. من هاوڕێ، تۆزێک سەرخۆشم، بەڵام خودا خۆی دەیزانێت چی لەژێر سەردایە.. من حەز ئەکەم پێت بڵێم، ئەو هەموو توانای خۆی داوەتە بواری نەخۆشیی دەروونی، وەلێ تۆ گوێی پێمەدە..

بۆ ماوەی چرکەساتێک هەردووکیان بێدەنگ بوون، پاشان ڕاسکۆلنیکۆڤ کەوتەوە قسەکردن:

- گوێ بگرە ڕازومیخین، دەمەوێت بە ڕاستوڕەوانی پێت بڵێم، ئێستا من لە سەرینی مردوویەک بووم، کارمەندێک مرد.. هەرچی پارەیەکم پێبوو دامنا.. بێجگە لەوە، هەر ئێستا بوونەوەرێک ماچی کردم، ئەگەر کەسێکیشم بکوشتایە، ئەوسایش.. بە کورتی لەوێ من یەکێکی تریشم بینی.. پەڕێکی سوور بە کڵاوەکەیەوە بوو.. دیارە منیش خەریکم دەکەومە وڕێنەکردن، زۆر بێتینم، ئاگادارم بە.. پلیکانەکان لەوێندەرن.. ڕازومیخین بە نیگەرانییەوە پرسی:

- چیتە؟ چیتە؟
- سەرم کەمێک گێژ دەخوات، وەلێ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تا بڵێی من خەمبارم، زۆر خەمبارم، هەروەک ژنان، باوەڕ بکە، بڕوانە، ئەوە چییە؟ بڕوانە، بڕوانە!
- چی بووە؟

- بۆ نایبینیت؟ ڕووناکی لە ژوورەکەمدا هەیە، لای درزەکەوە..
بە جووتە بەرانبەر دوا پلەی پلیکانەکان و بە پاڵ دەرگای خاوەن ماڵەکەوە وەستابوون، بە ڕاستی لەوێوە دەبینرا کە ژوورەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕووناکی تیایە.
ڕازومیخین وتی:
- سەیرە! ڕەنگە ناستاسیا بێت.
- ئەو هەرگیز لە کاتی وادا نایەتە لام. هەر دەمێکیشە نووستووە، وەلێ.. چی تیایە! خوات لەگەڵ.
- تۆ ئەڵێی چی؟ من دەتگەیەنم و پێکەوە دەڕۆینە ژوورەوە.
- دەزانم پێکەوە دەچینە ژوورێ، بەڵام من حەز دەکەم هەر لێرە دەستت بگوشم و ماڵئاواییت لێبکەم، دەی دەستت بێنە، خوات لەگەڵ.
- ڕودیا، چیتە؟
- هیچ، با بڕۆین، تۆ دەبیتە شایەت..
بە پلیکانەکاندا سەرکەوتن، ڕازومیخین وای بە بیردا هات کە ڕەنگە زوسیموف ڕاست بکات، لەبەر خۆیەوە وتی: "ئاه، بە زۆربڵێی خۆم دۆخەکەم لێ تێک دا" لەپڕێکدا هەر کە گەیشتنە بەر دەرگاکە، لەناو ژوورەکەوە گوێیان لە گفتوگۆ بوو.
ڕازومیخین هاواری کرد:
- کێ لەوێیە؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ یەکەمجار دەسکی دەرگاکەی گرت و تەواو کردیەوە، لەبەر دەرگاکەوە سەرسام وەستا. دایک و خوشکی لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوون و سەعات و نیوێک بوو چاوەڕێیان دەکرد. بۆ لە هەموو شتێکی دی کەمتر چاوەڕێی دەکردن و لە هەر شتێکی دی کەمتریش بیری لایان بوو! لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەر ئەمڕۆ ئەوەی پێگەیشتبوو

کە ئەوان بەڕێوەن و ڕەنگە بگەنە پتروزبورگ؟ بە درێژایی ئەو سەعات و نیوە، یەک بەدوای یەکدا، ئەو دوانە ناستاسیایان بە پرسیار داگرتبووەوە، ناستاسیا هێشتا هەر بەرانبەریان وەستابوو، چی هەیە و چی نییە بۆی باس کردبوون. هەردوو ژنەکە، کە زانییان ئەمڕۆ ڕاسکۆلنیکۆڤ نەخۆش بووە و بەدەم وڕێنەکردنەوە لە ماڵ هەڵاتووە بە تەواوی ترسان "خودایا چی بەسەر هاتبێت!" هەردووکیان دەگریان و هەردووکیان لە ماوەی ئەم سەعات و نیوەدا گەلێک خەم و ئازاریان چێشت.

کە ڕاسکۆلنیکۆڤ دەرکەوت، هەرایان لێهەستا، بە خۆشی و شادییەکی زۆرەوە پێشوازییان لێکرد و بەرەو ڕووی چوون، وەلێ ئەو مردوویەکی ڕاوەستاو بوو، بیرێکی کتوپڕ، کە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەبەردا بگرێت، وەک هەورەبروسکە بەسەریا داباری، تەنانەت بۆ لە ئامێزگرتنیان دەستیشی بەرز نەبووەوە، چونکە هێزیان تیا نەمابوو، دایک و خوشکی باوەشیان پیا کرد و بە سنگی خۆیانەوە نووساند، ماچیان دەکرد، پێدەکەنین و دەگریان.. ڕاسکۆلنیکۆڤ هەنگاوێکی نا، لەترێکی دا و لەسەر زەوییەکە بوورایەوە.

نائومێدی و ترس، ناڵە و هاوار بەرپا بوو.. ڕازومیخین کە لە بەردەم دەرگاکەدا وەستابوو خۆی کوتایە ژوورێ، نەخۆشەکەی بە هەردوو دەستی بەهێزی گرت و لە چاوتروکانێکدا لەسەر قەنەفەکەی نا، بە دەنگی بەرز بە خوشک و دایکەی وت:

- هیچ نییە، هیچ نییە، لەهۆشخۆچوونێکی بێبەها و ناچیزە، هەر ئێستا پزیشک وتی باری تەندروستیی لە جاران چاکترە و تەواو ڕوو لە باشییە، ئاو، دەی، ئاو بێنن، وا دێتەوە هۆش خۆی، هەر ئێستا، وا هاتەوە..